



Raman

# ڕامان
# RAMAN

**148**

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ ئەیلوولی ٢٠٠٩

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **سەروتار**

- ئەنجوومەنێکی باڵای تایبەت بە هونەری گۆرانی و مۆسیقا زۆر پێویستە/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- تۆ لە ماڵی ئاگردا نەژیاویت، بەڵام وەک من ئاشنای سووتانیت/ فەرهاد شاکەلی/ 5
- ژمارەیەکی دی لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە/ نەژاد عەزیز سورمێ/ 7
- گوڵدانی ئاگر/ نەوزاد ڕەفعەت/ 10
- تابلۆیەکە ژ گری/ ئاخین وەلات/ 11
- پیشەی لێکدانەوە/ لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا/ 13
- کتێبی بەفر/ سەلام محەممەد/ 14
- ساتە تەسکەکانی سەدری/ سدیق ڕەسووڵی/ 17
- دەفاقتۆ/ ه. کۆڤان باقی/ 22
- سوور و سەوز/ کامەران حامیدیان/ 24
- ڕەگەزە بەرانبەرەکانی نێو چیرۆکی سوور و سەوز/ خەبات ڕەسووڵی/ 28
- سەمەدە شێت/ لە فارسییەوە: کەریم سۆفی/ 30

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ شاعیر و وەرگێڕ (د. ئەنوەر قادر محەمەد)/ ئا: عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 34
- دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکاری شاری کەرکووک (سەلاح حەمەئەمین)/ ئا: فەیسەڵ هەمەوەندی/ 50

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- مەعروف جیاووک و ڕۆڵی لە بواری ڕووناکبیریدا/ د. ئازاد عوبێد ساڵح/ 57
- «تازیانەی سلووک» لە ڕوخساری دەقەکانی (مەولانا خالید)دا/ عادڵ محەمەدپوور/ 70
- مەلەکوتێک لە جۆری سێیەم/ سەعید سلێمانی/ 79
- هەر بابەتەو ئاوڕێک/ سەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکر/ 95

● **بیرەوەری**

- هەندێ بیرەوەری ڕۆژنامەگەری و من و ڕامان/ د. مارف خەزنەدار/ 106

● **هزر و فەلسەفە**

- پیترۆس ئەبیلارد: ڕێبازی فەلسەفەی خۆیەتی/ د. حەمید عەزیز/ 114

● **وتار**

- گەڕانەوەی هێمن دەگەڵ سۆزیناڵەی جودایی/ ئەحمەدی قازی/ 127
- نێوان دەقی/ ئەحمەد چاک/ 130

● **ڕۆژنامەڤانی**

- چەند لایەنێکی سینتاکسی ڕۆژنامەڤانی/ کاوە عەبدولکەریم شێروانی/ 134

● **هونەر**

- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 143

● **خوێندنەوەی کتێب**

- شیکاگۆ: عیشق و کراک و سێکس و جینۆساید/ هاشم سەراج/ 148
- ڕەخنەی بنیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن/ باهۆز عەبدوڵڵا مستەفا/ 154

● **زاراوەسازی**

- هیومانیزم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

● **سووکە لەنگەر**

- مانشێت هونەر و پەیامە/ عەبدوڵڵا زەنگنە/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ئەنجوومەنێکی باڵای تایبەت بە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی زۆر پێویستە

**سەرنووسەر**

* لە هەر پێشنیار و بیروبۆچوونێکمدا کە دەیخەمە ڕوو، کاتێک پێشنیاری دروست کردنی لیژنەیەک، دەستەیەک، ئەنجوومەنێک، گرووپێک دەکەم بۆ مشتومالّ کردن و ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانی ڕووناکبیری و هونەری و ڕۆژنامەوانیمان لەرزم لێ دێ، چونکە دەزانم چەندە دروست بوونی ئەو لیژنەیە، ئەنجوومەنە، دەستەیە، گرووپە پێویستە، ئەوەندەش دەزانم ئێمە میللەتێکین ناتوانین بەبێ لایەنانە و پیشەگەرانە ئیش بکەین و کارەکانی خۆمان ڕێک بخەین، لەبەر ئەوەی هەر زوو دەکەوینە ژێر کارتێکردنی میزاج و سۆز و خاترانە و چاوپۆشین و خۆ نەبان کردن لە توانایە ڕاستەقینەکان و پاشان دەکەوینە ناو بازنەی دۆستایەتی و برادەرابەتی و خزمایەتی کردن، بۆیە لە کاری پرۆفیشناڵی و دیراسەتکراو دوور دەکەوینەوە و لەسەری لووتی خۆمان زیاتر نابینین. پێشتر کە کوردێکین ئاو لێڵ ناکەین و عەیار بیست و چوارین، لەو کاتانەدا کە خەڵک بۆ کاری وا هەڵدەبژێرین، تەنیا دەوروپشتی خۆمان و کوڕەکانی گەڕەکی خۆمان و یەک - دوو شار دەبینین و بە کوردستانیان دەزانین، لەباتی ئەوەی بۆ ئەو مەبەست و نیازەمان هەموو کوردستانی گەورە لەبەرچاو بگیرێ.

* پێش هەر شتێک پێویستە بپرسین: ئەنجوومەنێکی لەو جۆرە بۆ ئەمڕۆی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بۆچی و لەپای چی هەبێ؟ لە ڕاستیدا من ئەو ئەنجوومەنە بۆ ئەمڕۆ زۆر بە پێویست دەزانم، چونکە هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆکە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەو بەرفراوانی و لێشاوە کاری بۆ نەکراوە، ئەوەتا دەبینین لە هەموو لایەکەوە و لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لە ئەوروپاوە بەردەوام تیپی نوێ، موزیک ژەنی نوێ، گۆرانیبێژی نوێ سەرهەڵدەدەن و دامەزرانی گرووپ و تیپی تایبەت بەخۆیان ڕادەگەیەنن و بەرهەمەکانیان دەخەنە بازاڕەوە، ئێمەش وەک میللەتێک کە خاوەنی مێژوو و کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی ئەو بوارەین و لە هەمان کاتیشدا حەزمان لێیە لە پێشکەوتنەکانی سەردەم دانەبڕێین و دوا نەکەوین، بۆیە لەپێناوی بەرزڕاگرتنی ئاستی گۆرانی و موزیکەکەمان و کارکردنمان لەسەر بناغە و بنەڕەتێکی زانستی لەهەر هەنگاونان و نوێ بوونەوەیەکماندا و بۆ ئەوەی زیاتر نەبێتە پاشاگەردانی و بارودۆخی گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە گرێژەنە دەرنەچێ، ئەمڕۆکە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بەو ئەنجوومەنە دەبێ کە کەسانی داهێنەر و ڕۆشنبیر و شایستەی بوارەکەی لەخۆ گرتبێ، بە مەرجێک کۆدەنگییەک لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە هەبێ و کەسانێکی خاوەن توانایی ئەوتۆ بن کە بزانن ئاراستەکانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەرەو کوێ دەبەن و چارەنووسی بە کوێ دەگەیەنن، واتە ئەنجوومەنێکی زانا بن لە پسپۆڕی و کاروئیشی خۆیاندا و خەڵکی بە شانازییەوە بیروڕایەکانیان لێ قەبووڵ بکەن، یان هەر هیچ نەبێ لەلایەن هونەرمەندانی بوارەکەوە بیروڕایەکانیان بە هەند وەربگیرێن، تا بە وردی و بە شێنەیی لێی بدوێن و لێی بکۆڵنەوە و لەلایەن حکوومەتی هەرێمیشەوە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانیان وەک (بڕیار) لێ وەربگیرێ.

* پێویستە ئەو ئەنجوومەنە کەسانێک بگرێتە خۆی کە خەمخۆر و پەرۆشی ئەمڕۆ و ئایندەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بن، ئاگایان لە شێوازی کارکردنی هونەرمەندانی خۆمان و وڵاتانی دەوروبەر و ئەوروپایی هەبێ و کەسانی خاوەن ئەزموون و تاقیمانە بن. ئەو کەسانە بن کە لە ئاستی بەرپرسیاریی مێژوویی ئەرکەکەیان و ئاوات و خەونی ئێمە و مانان و هونەرمەندانیدا بن بۆ سەروکارکردن و پێشڕەوایەتی کردنی هونەری نەتەوەیەک، تا بەردەوام بتوانن ئاستی هونەری گۆرانی و مۆسیقاکەمان کە بەشێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەیە بەرەو ئاستێکی بەرزتر و باڵاتر ببەن و بیگەیەننە ئاستی خەون و خۆزگەی هەموو لایەکمان و لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر لە شیعرەوە تا میلۆدی و ئاوازەکان تا تەکنیکی ژەنین و جێبەجێ کردن و تۆمارکردنەوە تا کلیپ کردن و تاد، لە ئاستی پێداویستییە ڕوحییەکانی ئەمڕۆی ئێمە و ئەو سەردەمەدا بن.

* ئەو ئەنجوومەنە باڵایە هەر بۆ ئەوە دروست ناكرێ تا لە كاتی ساردی و گرژی نێوان هونەرمەندە ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و ژەنیارەكان ناوبژیوانی بكات و ناكۆكییە كەسییەكانیان چارەسەر بكا، چونكە ئەوەش دەبێتە بەشێك لە ئەركەكانی سەرشانیان، بگرە ئەركێكی سەرەكی و گرنگیان دەكەوێتە سەر نەرەی شان كە ئەركێكی هونەرییە پێش ئەوەی هەر شتێكی دی بێ، ئەمەش بۆ دیاری كردنی ئاراستە و ڕێڕەوەكانی گۆرانی و مۆسیقای كوردی و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی ڕەوت و چالاكی ئەو بزاڤە هونەرییە دەسبەكار بێ، چونكە بەرپرسی یەكەم دەبێ لە هەڵكشان، یان داكشان و دابەزینی ئاستی هونەری گۆرانی و مۆسیقا و هەنگاونانی گورجوگۆڵانە و دڵنیابەخش و دیراسەتكراو لە بووژانەوە و هەستانەوەی هونەرەكە و بەشداربوون لە چالاككردن و پوختەكردن و بژاركردنی لە هەر سستی و كەموكوڕی و ناسازییەك كە تووشی دەبێ و تێی دەكەوێ، چونكە لەو حاڵەتەدا ئەركی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەیە بەشێوەیەكی زانستی و ئەكادیمی و ورد باسی هەر دیاردەیەكی نالەبار بكەن كە یەخە و بەرۆكی هونەری گۆرانی و مۆسیقاكەمان دەگرێ، هەروەك چۆن دەبێ هەوڵ بدەن لایەنە گەش و تەندروستەكانی ئەو هونەرە زیاتر پەرە پێبدەن و بەرەو پێشەوەی ببەن، چونكە ئەو ئەنجوومەنە ئەنجوومەنی پلان دانانە و كاریان ئەوەیە پلان بۆ داهاتووی ئەو هونەرە دابنێن و بە بەردەوامی لەلایەنی ئەرێنی و نەرێنی بزاڤەكەی بكۆڵنەوە و ڕاسپاردە و پێشنیاریان بۆی هەبێ، بەڵام ناكرێ قسە و بیروڕایەكانیان تەنیا وەك ڕاسپاردە بمێنێتەوە و نەكرێنە (بڕیار) و جێبەجێ نەكرێن، چونكە ئەو ئەنجوومەنە دەبێتە باڵاترین دەسەڵاتی هونەری لە بواری بڕیاڕدان لە چارەنووسی هونەری گۆرانی و مۆسیقا، ئەوكاتە ڕۆڵی تاكەكەس و تێكەڵی و پێكەڵی كاری هەمە دەزگایی و فرە كوێخاییش لە بوارەكەدا نامێنێ كە بە میزاجی تاكەكەس، یان بەشێوازی چەند دامودەزگایەكی جۆراوجۆر و هەر كەس بۆ خۆی كار بكا و بیروبۆچوون و میزاجی تاكەكەسی خۆی تەعمیم - بەگشتی بكات، كە ئەمەش لە پاشاگەردانی و فەوزا و سەرلێشێواندن زیاتر هیچی دی لێ ناچنینەوە.

* كەواتە جارێكی دی دەپرسینەوە: بۆچی ئەو ئەنجوومەنە نوێنەرایەتی سەرجەم هونەرمەندانی بواری گۆرانی و مۆسیقا دەكات و ڕێگە نادرێ لەوان زیاتر دامودەزگای هونەری لەو چەشنە دەست لەكاروباریان وەربدات؟ چونكە بەڕای من ئەو ئەنجوومەنە باڵایە تەنیا هەیكەلێكی ئیداری نابێ كاری كارگێڕی ئەنجام بدات، بگرە دەبێ ئەنجوومەنێك بێ نوێنەرایەتی هەموو ڕێباز و قوتابخانە و چێژە جیاوازەكانی سەرجەم چین و توێژەكانی ناو هونەری گۆرانی و مۆسیقای كوردی بكات. دەبێ ئەم ئەنجوومەنە ئاوازدانەر و ژەنیار و باسكاری جۆرەكی گرتبێتە خۆی، كە ئەمانەش پێوەندی و تەماسی ڕاستەخۆیان بە گۆرانی و مۆسیقای كوردییەوە هەیە، هەر ئەم كەسانەش دیمەنەكانی گۆرانی و مۆسیقای كوردی دەنەخشێنن و ئامادەبوونێكی چالاكانەیان لە ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی سەرشانیان و پاراستنی چێژی گشتیدا دەبێ، بۆیە پێویستە ئەنجوومەنەكە شوێنی كۆكردنەوەی پیاو ماقووڵانی بواری هونەری نەبێ، تا بتوانن بە پەرۆشی و خەمخۆری و زۆر بوێرانە و ئازایانە لەلایەك ئاگایان لە هەر گۆڕانكارییەكی ناو پانتایی هونەریی هەبێ و لەلایەكی تریشەوە هەنگاو بە هەنگاو بەدوای گۆڕانكارییەكانی چەند ساڵ جارێكی ئەو هونەرە بكەون تا كاریگەرییەكانی لێك بدەنەوە و شرۆڤە بكەن و بزانن هەنگاو و پلانەكانیان چەند كاریگەریی بەسەر ڕێڕەوە هونەرییەكەدا هەبووە و خزمەتی كردووە و ئەنجامەكانی بەچی گەیشتووە، بۆیە دەبێ ئەو ئەنجوومەنە باڵایە بەردەوام هەڵوێستی خۆی ڕوون بكاتەوە و لە تایبەتمەندی و بارودۆخی هونەری گۆرانی و مۆسیقای كوردی بكۆڵێتەوە، بەردەوام كۆببێتەوە و دید و بۆچوون و هەڵوێستەكانیان یەك بخەن بۆ بەرگرتن لە هەندێ لەو تەوژم و ڕێباز و دیاردە و ڕێڕەوە هونەرییە دزێوانەی مۆرك و ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی و مۆسیقای كوردی لەناو دەبەن و دەسڕنەوە و لە جێگەكەیدا كار و پرۆژە و هونەری نامۆ لەخاكەكەیدا دەڕوێنن، كە ئەو هونەرە هاتووەش لەبەر ئەوەی (ژینگە)ی شیاو و لەباری خۆی نییە، كاتێ دەیانەوێ لەو ژینگەیەی ئێمەدا بە زۆر جێگەی بۆ بكەنەوە ئەوە ئەو بەهایەی نابێ.

* لەو جۆرە ئەنجوومەنەی ئێمە باسی لێوە دەكەین لەلای زۆر وڵات و نەتەوەدا بوونی هەیە و لەمێژە كاری بۆ كراوە و ئەوانیش كاری خۆیان دەكەن، ئەمڕۆكە بۆ ئێمەش زیاتر لە بیانوویەك هەیە بۆ دروست كردنی تا بتوانین لە ڕێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە گۆرانی و مۆسیقای كوردی لە پاشاگەردانی و بێ سەروبەری و ئاژاوە ڕزگار بكەین و بیخەینەوە سەر ڕاستە ڕێگەی كاركردنی ڕاستەقینەی خۆی و ئەو هونەرە گرنگە كە ڕووكاری شارستانیەت و پێشكەوتنی میللەتانە بەرەو لوتكە بەرزەكان ببەین و لە خڵتە و گیاكەڵە بە دووری بخەینەوە. لە كاتێكدا كە گەلانی دنیا لەپاش بایەخدانی زۆریان بەو لایەنە توانیویانە هەنگاوی زۆر گەورە ببڕن و هونەرەكەیان بگەیننە ئاستێكی بەرز، چونكە لەلای ئەوان بەدەیان ساڵە ئەگەر نەڵێین بە سەدان ساڵە كاری لەسەر دەكەن. ئەوەی كە ئەو متمانە و دڵنیابوونەشمان بۆ دەگێڕێتەوە و هاندەرە ئەو كارە بكەین ڕابردووی ئەو هونەرەیە كە سامانی فۆلكلۆرێكی دەوڵەمەندی لەپشتە و گەنجینەیەكی پڕ بەهای شێوازی مقاماتی ناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستان و هونەرمەندە گەورە و قوتابخانەكانمانن كە میلۆدی ناوازەی زۆریان بۆ بەجێ هێشتووین، كە ئەوانیش پێشتر لە گۆرانی میللی و بەند و بەیت و فۆلكلۆرەوە بۆیان ماوەتەوە و لێیان هەڵێنجاوە، ئەمڕۆكەش دەكرێ شاكاری زۆر گەورەیان لەسەر ڕۆ بنرێت، هەروەها دەتوانین بایەخێكی پێویستیان پێ بدەین و ڕەونەق و ئەفسوون و كاریگەرییان بەسەر چێژ و كەسایەتی بینەر و گوێگری كورد هەبێ، لە ڕێگەی ئەو ئاواز و میلۆدییە نوێ و هاوچەرخانەوە كە لە بیرەوەری و یادگەی گوێگر و بینەری كورد نەپچڕابێ، لە هەمان كاتیشدا بتوانێ چێژی لاوەكانیش تێر بكات، كە هەر ئەمەش بۆ خۆی هاوكێشە سەخت و قورسەكەی نێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتی پێكدەهێنێ و گرەنتی پاراستنی مۆركی تایبەتی هونەری كوردی و ئەو ژینگەیە دەبێ كە ئەو هونەرە لێیەوە چاوی هەڵێناوە، چونكە ئەنجوومەنەكە دەبێتە دەسەڵاتێكی باڵا بۆ پاراستنی چێژی گشتی لەلایەك و مافی هونەرمەندانی بوارەكەش لەلایەكی دیكەوە. كە دەڵێین چێژی گشتی مەبەست لێی بایەخدانە بە چالاكییە زیهنییەكانی تاكی كورد و پلان بۆ ئێستا و ئایندەی دادەنێ، چونكە ئەوەی ئەمڕۆكە دەیبینین لەخۆڕا پەیدا نەبووە، بگرە كار و شەونخوونی و دەسكەوتی ساڵەهای ساڵی هەموو هونەرمەندانی كوردە لە ڕابردوودا كە ڕەنجیان بۆ داوە و عەزیەتیان بۆ كێشاوە، هەرگیز ناكرێ نەوەی ئەمڕۆكە بەناوی (نوێ بوونەوە)وە بێت بە كەیف و مایەشای خۆی مەنزوومە و تەختی گۆرانی و مۆسیقای كوردی تێك بدات.

# تۆ لە ماڵی ئاگردا نەژیاویت، بەڵام وەک من ئاشنای سووتانیت

فەرهاد شاکەلی
(سوید)

هەورێ لە ئاسمانی ئەو شارەوە بێنە خوارێ،
بۆ منی بنێرە بە دیاری..
هەورێ بپێچە بە هەناسەکانتەوە و
بەرەبەیانێک ڕەوانەی ئەم سەهۆڵستانەی بکە!
هەورێکی سپی لە خەم و نزاکانت بئاڵێنە و
نیوەشەوێک
ناوی من و نیشانی منی بە گوێدا بچرپێنە...!
دێت و دەمدۆزێتەوە.
من هەناسەکانت دەناسمەوە؛
زۆرجار هاتوونەتە خەوم و
ڕۆژەکانیان پڕ کردووم لە بۆنوبەرامەی وڵاتێکی دوور.

خەمەکانت وەک خەمی گیا نماوین،
لەگەڵ خۆرهەڵاتا دەبن بە هەڵم،
دەبن بە یادی ئەستێرەیەک...
نزاکانت نوێژی پەلەوەری بیابانن
کە تاسەی کۆچ لە خەیاڵیاندا چرۆ دەکات.

تۆ زمانی هەور نازانیت،
کەچی وەکو باران دەمدوێنی.
تۆ لە ماڵی ئاگردا نەژیاویت،
بەڵام وەک من ئاشنای سووتانیت.
تۆ بنجێ شەوبۆیت، شەوانە خەونی بۆندار دەبینیت و
منیش زیندانییەکم
چاوەڕوانم ڕۆژ بمسپێرێتە دەستی شەو.

عەشقی تۆیە هەموو ڕۆژێ، بەیانیان و ئێواران،
بە کێشم دەکات لێرەوە هەتا ئەوێ.
هەموو شەوێ
خەونی شین و
پشکۆی خەم و ڕاسپێریی گوڵاوپڕژێنم لەوێوە بۆ دێنێ.
عەشقی تۆیە ئەم زیندانەم بۆ دەکاتە چراخان،
ئەم تەمەنەیشم لێ دەکاتە دیواری نووتەکی زیندان.

دەمەوێ شیلەی ڕۆژگار لە لەشولارت هەڵسووم،



بۆنوبەرامەی شەو بپرژێنم بەسەر تەمەنتا...
ڕۆژێ کە دەروازەی زیوینی ئاسمان دەکرێتەوە و
ئەستێرەکان دەکەونە سەما،
ڕۆحی ئێمەیش، ڕۆحی تۆ و ڕۆحی من،
دەبن بە دوو ستێری ورشەدار
هەرگیز لە یەک دانابڕێن.

تۆ نە پەردەی شەو دەبینیت و نە ئاگردانی ڕۆژ،
ئەوە منم شەوان دڵەکەت بەدەم خەونەوە
دەخەمە لەرینەوە،
ڕۆژان دەبم بە شنەبایەک زمانەی ئاگر دەدوێنم.

کە تۆ هەیت،
کە تۆ وەک ڕووناکایی باڵای ڕۆژ تیشکباران دەکەیت،
وەک خەون و وەک دڵداری ملوانکەیت لە گەردنی شەوا،
هەناسەی گوڵاوپڕژێنی گەردوون مەستم دەکات،
دەمەوێ ڕازی نێوانمان بۆ بەردیش ئاشکرا بکەم،
ڕوو بکەمە بەندەرێکی تازە،
سەفەر دەکەم بۆ شارێ تا هەموو مێژووەی پێ بسپێرم،
بۆ زەریایەک دەگەڕێم دوگمەی سینەی بترازێنێت و
سپێدەم لەنێوەشەودا پێشان بدات.


لە گوڵشەنی ئارەزوودا دەتبینم، گوڵاڵەسوورەیت،
پەڕەکانت هەڵدەوەرێنی و
بەسەر نەخشەی ڕۆژاندا پەخشیان دەکەیت.
دەمکەیتە پەرژینێک،
زەردەپەڕ دەکەمە سەرپۆشت و
گزنگ لە کەمەرت دەئاڵێنم.
هەرچی نەمامە بۆ بۆنی پەرچەمی تۆیە باڵا دەکەن.
وەرە وەک مانگ
کەلاوەکانی دڵ ڕۆشن کەوە،
لەگەڵ تاریکولێڵدا وەرە، وەک باران و ڕەهێڵە
ئەم شۆرەکاتە بشۆرەوە،
ناوی گوڵ و ناوی دارودەوەن و ناوی سەوزەڵانم فێر بکە!
وەرە، وەک بیرەوەری، کات و ناکات و وەرە و
دوورم بۆ بکە بە نزیک.
ببە بە هەور، پەیامی بارانم بۆ باس بکە،
ببە بە ئەسکڵ، ئاگر بنێ بە دوێنێ و سبەینێمەوە،
ئەم دڵەم، هەر ئێستاکە، بکە بە پەرستگا و بە نشیمەن!

**٢٠٠٩/٦/٢٠**

# ژمارەیەکی دی
# لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە

نەژاد عزیز سورمێ

**«تاریکترین شوێن ئەو شوێنەیە دەکەوێتە ژێر ڕوناهی چرا»**
**بە بیرم نەماوە لە کوێم**
**بیستووە یا خوێندۆتەوە**



**(١)**

شـەوقم لێ مـەترازێنـە
چاوم هێشـتا لـە ئاسـۆیە
هێشـتا هـەر شـەوە
ئەسـتێران گەش دەکاتەوە.

**(٢)**

زینـدەخەون نەبوو
بە چاوی خۆم، خۆمم بینـی
لـە خاچ دەدرێم
شـایەد بەو شـایەدییەی پاڵتۆیەکی لەنگەم
لەبەردا بوو.
سـوێندم لێ ناکەوێ ئەگەر بڵێم
لەوانەی کۆگایان جوانتر بوو.

**(٣)**

چیرۆکی شـانۆی مـاندووم
بەرێژنەی بارانێ تێگەیاندی،
خۆر لـەبەرابەر دڵە شـکاوەکانەوە هـەڵات و
لـە چاوی نووقاوەوە بەیانی دا.

**(٤)**

سـیمـام لـە دوورگەی زاراوان ون بـوو
گوێم لـە ئاوازی دنیایەکی دیکە بوو
بە پاییـزی دەسـپاردم.

**(٥)**

مـن لـە مێژە دانم پێدا ناوە

بە جوانی ئەو ناوەستم
ئەم جیهانە، تەنێ ئەوە نییە دەیبینین
خونکاری
سەرچڵی
پیاڵەی بەتاڵ
هەموومان عاشقکوژانە
لە بەرێ کردنی ڕۆژگاردا بەردەوامین.

(٦)

ئەم هۆزارە ڕەنگینە بۆ کێ دەخوێنێ؟
هەندێ پرچیان دەڕننەوە.
هەندێ پاڵیان بەو دیوارانەدا داوە
بە ئێستانان هەڵنراون
ئەوانی دی
بە شەقام و شۆستەو
کوچە بنبەستەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

(٧)

زۆرجاران لە خۆم دا ون دەبم
دەمبینی لە کۆڵانێکی
پێچاوپێچی «لەگەش»دا دەسووڕێمەوە.
لە ناکاو شەهلا بۆ یەکێک لە خەراباتەکان
ڕامدەکێشێ
سوبحانەڵڵا عەشقێک بۆ پەیمانە
لەسەرم دەدا.
دەخۆمەوە.
دەخۆمەوە. دەخۆمەوە
تا خۆم دەدۆزمەوە دەخۆمەوە

(٨)

ئەو گەڵایانە لەخۆڕا زەرد هەڵنەگەڕاون.
ئەو گەڵایانە لەخۆڕا نەوەریون.
چاوەکانت لەسپێدە سافترن،
دەمترسێنن
جودایی دەردێکی گرانە..
وشە مابوو، ئەویش ئێستا
دەزرینگێتەوە.
ئەرێ بەڕاست من چ دەڵێم؟
من چیم گوت؟

(٩)

شەوان بێرەدا تێدەپەڕن.
شەوان خۆیان لەبیر دەچێتەوە،
شەوان هەندێکیان بەچەند فڕێ
باڵ دەگرن
هەندێکی دیکەیان
ڕاپۆرتەکانی گیرفانیان
بە درەوشانەوەی گۆرانی چڕین
دەنوێنن.

(١٠)

دڵم نایێ، دەنا دەمگوت
چەند مەترێ هەناسە،
بەشی ژیانەوەی دارستان دەکا
دڵم نایێ دەنا دەمگوت
هەقە عەشق و جندەبازی
لەیەکدی جودابکرێنەوە
دڵم نایێ دەنا دەمگوت
بەس نەبێ؟!

(١١)

جلکەکان بەرستەوە هەڵدەلەرزین
داوام لە دیوار کرد داڵدەیان بدا،
بەگوێی نەکردم
لە باران پاڕامەوە، لە (با)یان بپارێزێ
بەگوێی نەکردم.
ئەوە چ زەمانێکە
کەس بەگوێی کەس ناکا؟

(١٢)

لەوکاتەی شەڕ دەستی پێکردووە
کەزی شارستانییەت و کێویایەتی
تێکئاڵاون
لەو کاتەی شەڕ چۆتە ناو قامووسانەوە
گەورەترین کارگەی ماسک دروستکردن
دامەزراون..

(١٣)

ئارەزوویەک لێوان لێو لە بیابان
بۆنی بارانی
بەخاکمانەوە نەهێشتووە.

نیشتمانم
تەنیا
تەنیا
تەنیا..

(١٤)
چ حیکمەتێکە ئەی دڵ
دواساتمان بەو خێراییە
لێ نزیک دەبێتەوە؟
ئەی تارمایی نامۆ!
شەقامی بە ئاواز و گۆرانییان شلۆغ!
تازە تەواو
من کە بەساردەکێڵێ ڕانەگەم
چیم لە ئافەرینی بێ ڕوومەتانە.

(١٥)
کتێبخانەکەم لەدەست چوو
شێتێتییەک تاوی بۆ هێناوم
لەوە بترسم نیشتمانیشم
لەدەست بچێ
ئەی خودای دڵڕوون!
تکایە هەموو دەرگاکانمان لێ دامەخە.

(١٦)
لە گۆڕستانی "ئوور" ڕا چیام خۆشەویستن
ئەگەر ئازای،
مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤ بوەستین
لەبیرت نەچێ،
هەور هەمیشە ڕوویان لەچیایە.

(١٧)
ڕووبارە دوورەکان
هاشەیان بەباڵی پەرییانەوە دەگاتە من
بەرگرێک نییە زەماوەندێکی لێرە،
لەم سارایەدا
لێدابوکتم.

(١٨)
ئینجانەیەکی تەنیا
چ لە نەزمی پۆشتەکردنی با دەگا
شەیدایی خەرامانێ
کژ و مەوسیمی نییە
من قاچم لە ڕۆژهەڵاتێ و
چاوم لە ڕۆژئاواییێدا لەسەر دانا.
ئینجا خەرامان کەی لەو مەتەڵانە
حاڵییە؟

(١٩)
دەستم بۆ دوا چڵ هەڵبڕیوە
چەند خۆشە بەدوای ژیاندا هەڵبێی
جاسووسێکی کلۆڵیشت بەدواوە بێ
چەند خۆشە
بەبۆمبا و مین و ئارپی جی جوانی
شەڕی ئامێردی کۆڵەواری وابکەی
ڤایرۆسی ناخیان نەهێڵێ
خۆیان فۆرمات بکەنەوە.

(٢٠)
سەعاتی ژوورەکەم
هەناسەی تێدا نەماوە
لەگەڵ ئەوەی
دوێنێ پیلم لێ گۆڕی بوو.
پێدەچێ پیلەکە ستۆک بووبێ.

(٢١)
گەڵاکانی پاییز
بە ڕەنگی خۆیانەوە جوانن
سواندەی ماڵان، کە ئێستا نەماون
بە هێڵلانەی پاساریيان.

(٢٢)
ئای نەژاد
جاران چەند لەمن نزیک بووی
ئای نەژاد جاران ساوی گوڵەگەنمان
چ هەواو حتووکەیەکیان هەبوو
ئای نەژاد
پێتێکوەرانی زستانان
چ سۆز و گەرمییەکیان دەبەخشی
ئای نەژاد
جاران چەند لەمن نزیک بووی.

**تەمووزی ٢٠٠٨**

# گوڵدانی ئاگر

**نەوزاد ڕەفعەت**



دەزدەموونەکەم(١) وەکو با...
شەقام بە شەقام... کونج بە کونج...
شار بگەڕێ و بە ڕێگاوە
هەر دیوارێک
هەر دەرگا و پەنجەرە و خۆرێک
هەر بنجەگوڵێک... هەر دارێک
هەر پەپوولە و پەلەوەرێک
چیت هاتە ڕێ
پشیلە و سەگی بەرەڵڵاش...
بێ پەروا لای بدرکێنە
بێ ڕاڕایی بچرپێنە:
«ئێستا نەوزاد
عوتەیلانە خۆشی دەوێم
ئێستا من تاقە ئاگرم
لە گوڵدانی کوورەی عیشقی ئەودا دەڕوێم!»

بەڵام دورجی(٢)...
دورجی پڕ دوڕ و مەرجانی ڕازونیازت
لەپێش دۆستی وەک بەردیشدا مەکەرەوە
دورجی پڕ مرواریی زارت
لەژێرزەمینی دڵتدا بشارەوە
دەترسم!! ماری ئیرەیی دەروون ڕەشێک
بەرەو دوافردۆسمان بخشێت
دەترسم!! ڕقی کوشندەی (ئیاگۆ)یەک
ژەهراوی لێک دابڕانمان پێ بنۆشیت

١٠-٢٠٠٩/٦/١٨

**(١) ژنی عوتەیل-ە، ئیاگۆ-ی پیلانگێڕی خەنیمی سەرسەختی عوتەیل، بەهۆی دەسماڵێکەوە، بەڕادەیەک (غیرە)ی ناوبراوی وروژاند، کە دەستی لە قوڕگی ئەم ژنە داوێن پاکە ناو خنکاندی. (شانۆنامەی عوتەیل-ی شەکسپیر).**
**(٢) سندووقێکی گچکەیە، شتی گرانبەهای تێدا دەپارێزرێت.**

# تابلۆیەکە ژ گری

**ئاخین وەلات**
**(عەفرین)**

د وێ دەمێ دە ب خوە
دەما تو بێتری مێرەکی
د تابلۆیا وێنەکێشەکی دین دە
ب بێتری رەنگەکی
د چاڤێن من دە نیگار دبوویی..
ئەز ژ بێتری ژنەکێ،
ب بێتری رەنگەکی د چاڤێن تە دە
گەه باژارێ تەیی دوور بووم
گەه دیا تە یا چاڤ ب هێستر...
گەه وەلاتەکی نەناس
گەه ژ یارا چاڤ ل رێ بووم...
❊ ❊ ❊
دڤێ تو ژ ڤێ تابلۆیا پاییزی دەرنەکەڤێ
ژ پاییزێ حەز دکم
تو ژی ژێ دترسێ...
دڤێ دەمێ دە ب خوە
دڤێ تو ژ رەنگان حەز نەکێ
دەما د دلێ من دە
بێتری مێرەکی تو جی دگرێ
ئەز بێتری ژنەکێ
ب بێتری رەنگەکی ژ تە حەز دکم
دڤێ تو ژ ڤێ تابلۆیا زڤستانی دەرنەکەڤێ...
تەنێ دوو هێستریێن من
ژ وێنەکێشێ دین رە
هەموو رەنگێن تابلۆیا چاڤێن تە نە
❊ ❊ ❊
بێتری مێرەکی
بێتری ژنەکێ
مە ل هەڤ گوهدار دکر...
بێتری حەزکرنەکێ د ڕەهێن مە دە دگەڕی
د هەمان دەمێ دە
تو رەنگێ من بوو
ئەز ژی نەینکا تە
❊ ❊ ❊
د وێ کێلیکێ دە
کێلیکا ب بێتری رەنگەکی



مـن ژ تە حـەز دکر
تە ژی ب بێـتری رەنگەکی،
هـەسـتـەکی...
ڕوویێ مـن د چاڤێن خوە دە نیگار دکر
ب چ رەنگی
وێنەکێشـێ دین تابلۆیا ڕوویێ مـن و تە چێدکر؟
گەلۆ تلییێن وی بوون ل سـەر خامـەیا سـپی
یان دل بوو دڕجفی؟
بێـتری مێرەکی د هوندرێ تە دە
ل مـن گوهـدار دکرن
دەمـا ل سـەر وان بەلکۆنان سـبـەهـی
مـن ژ تە رە
هـەموو کەڤنەبرینێن خوە ڤەدکرن.

* * *

ب بێـتری دەسـتێ باڤەکی تە هێـسـترێن مـن دمـالان..
ب بێـتری دلێ یارەکی شـەیدا
هـەمێز کرم...

مـن ژی ژ بێـتری دلێ یارەکێ
د گوهێن تە دە دگۆت:
ژ تە حـەز دکم

* * *

بێـتری ژنەکێ بووم
تو ژی بێـتری مێرەکی...
گەه سـوارێ خـەونێن مـن بوو
گەه باژارێ رۆژبوونا مـن
گەه باڤێ مـنی ژ رۆنیا کەسـک
گەه ژی تو یار بوو...

* * *

گەلۆ وێنەکێشـەکی دین هـەیە
د ڤێ دەمـێ دە
تابلۆیا تە با ب رەنگێ بێـتری حـەزکرنەکێ
ل سـەر خامـەیا بیرانینین مـن چێکە؟


**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە شیعرا (بایێ باکوور) رووپەلێن (٦٨-٧٠) هاتیە وەرگرتن. چاپا یەکەمینا ڤێ پەرتووکێ ژ وەشانێن- ئاڤەستا- بوویە و ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبۆل هاتیە چاپکرن. هەژییە بێژین کو ئاخین وەلات شاعرەکا گەنجا رۆژهەلاتا کوردستانێ یە و، ل سالا (١٩٧٠)ێ ل گوندێ کەفەرجەنێ ل دەڤەرا عەفرینێ ژ دایکبوویە. پشکا ئەدەبیاتا عەرەبی ل زانکۆیا حەلەبێ خوەندی یە و، بەرهەمێن خوە ب هەردوو زمانێن عەرەبی و کوردی دنڤیسینە و بەلاڤ دکە.**

**ژ دەستەکا نڤیسکارێن مالپەرا (حەجلنامە)یە کو ب زمانی عەرەبی و ل سویدێ دەردکەڤە.**

**(ڕامان)**

# پیشەی لێکدانەوە

ئێریش فرید
لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵلا
(ئەڵمانیا )



**بیست و هەشت پرسیار**
**(بە درەنگکەوتنی لە دایکبوونی شیعرێک)**

من حەفت پرسیارم هەیە:
چۆن دەتوانیت کامەران بیت؟
من شەش پرسیارم هەیە بۆ پرسیارکردن:
چۆن مرۆڤ بۆیان دەچیت؟
من پێنج پرسیارم هەیە:
(هەریەکەیان بۆ پەنجەیەک)
چۆن دەتوانم بەرگەی کات بگرم
تا ئەو ساتەی چاومان بە چاوی یەکتر دەکەوێتەوە؟
من چوار پرسیار هەیە:
(بۆ تۆ) دوای نووسینی ستایشێ لە چوار پەڕە
من سێ پرسیارم هەیە:
(کۆنەکان) دوای سێ ئاواتی تۆ
من دوو پرسیارم هەیە:
بۆم هەیە بۆ تۆ چ بم، یا چ نەبم؟
من پرسیارێکم هەیە:
چۆن دەکرێ من تۆ بە کامەرانی ببینم؟

**پیشەی لێکدانەوە**

ئەو دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت
کەوا بۆی هەیە ئەوە بکات
کە پێویستە بیکات

ئەوەی زێتر بیکات
ئەمێستا ئەوەتانێ
زۆر درەنگە
بۆی بکرێ بیکات.

**بەڵام**


سەرەتا
لە درەوشانەوەی چاوانتدا
لە پێکەنینتدا
لە هاوشادیم لەگەڵ تۆدا
خۆم خۆشویست.

ئەمێستا لە چاوانتدا
گریانەکەشتم خۆش دەوێت
مەترسیت
بێ هاریکاریت
بەڵام دژ بە مەترسی.

دەمەوێت یارمەتیت بدەم
چونکە کامەرانی من
هێشتا و هەمیشە
ماڵی درەوشانەوەی چاوانتە.

**سەرچاوە:**
**Gedichte ohne Vaterland, Erich Fried, Verlag Klaus 100, Wafenbach, Berlin, Germany, 1978.**
**Angist und Trost, Erich Fried, Frankfurt am Main, Ali Baba Verlag, 1983.**
**Gesamte Gedichte, Erich Fried, Verlag Klaus Wagenbach, Berlin.**

# کتێبی بەفر



**سەلام محەمەد**
**(سوید)**

پێشکەشە بە برای چیرۆکنووس ڕەئووف بێگەرد

مراد ناوەکەی (ئەفسانەی ڕێگای هاتونەهات)ی (ڕەئووف بێگەرد) ئێستا لە سوید دەژیت. بەلامەوە سەیر بوو پاش ساڵگارێکی درێژ ڕێگای کەوتۆتە ئەم وڵاتە سەهۆڵبەندانە. دیارە پاش ڕاگوێزان و تەختکردنی گوندەکان ئەویش سەری خۆی داوە بە کۆڵدا و کەوتۆتە ئەوروپاوە. لە چاو جارانەوە زۆر نەگۆڕاوە تەنیا ڕدێنە سپییەکەی نەبێت. ماوەیەکە بە ڕێکەوت بۆتە ئاشنام و هۆگری یەکدی بووین. هەفتەی جارێک بۆ یەک دوو سەعات لە کۆنترین قاوەخانەی ئەم شارەدا پێکەوە دادەنیشین. باسی دنیای هاتونەهات و مەتاهەی تونێلە تێکەڵاوەکانی ژێرزەمین و سەرزەمین و گوندە جوانەکانی زستانی ئەو سەردەمە و تەقینەوەکانی ئەم ڕۆژگارەی کەرکووک دەکەین. باسی پاشەڕۆژی کوردستانیش دەکەین کە لەساڵی بەفرە زۆرەکەوە سەرجەمی ڕێگاکان بوون بە بەفر و تا هەنووکەش نەتواوەتەوە. ئەوسا تەنیا تووڵەڕێی نێوان گوندەکان نەگیرابوون، بگرە جادە قیرتاوەکانی ناو شارەکانیش هەموو ببوون بە تابلۆی سپی. تاکو ئەمڕۆش ئاسەوارەکەی هەر ماوە و دەبێ بە مەزندە ئەم کۆڵان لەوەکەی تر جیا بکەیتەوە. ئەگەر نەگەیشتیتە ئەنجامیش ڕەنگە هەڵەق و مەلەقی بۆ بکەیت. بۆ ئەوەی جارێکی تریش گوندە دوور و گۆشەگیرەکان بێ ئازووقە و خواردەمەنی نەبن و گرفتی ڕێگاگیرانیش نەگاتەوە شار، مراد واتێدەگات کە دەبێ لە وڵاتێکی بەفراویدا بچێتە زانکۆی بەفر و زانستی بەفر بخوێنێت تا لە نهێنی بەفر تێبگەیت. ئەو ماوەیەک لە دوای هێرشی بەفر کوردستانی جێ هێشتووە و بەردەوام خەریکی خوپێگەیاندنە لەو بارودۆخانەی کە پێوەندییان بە بەفر بارینەوە هەیە. لە چەند زانکۆیەکی جیاجیادا بڕوانامەی ئەکادیمی وەرگرتووە و دوایەمینیان زانکۆی چاخە بەفرینەکانی سویدە، کە سەردەمانێک سەرتاسەری وڵاتەکە سێ کیلۆمەتر بەفری ئەستوور دایپۆشیبوو، وەلێ ئێستا بە

یەکێک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان دەژمێردرێت. لە داروودارستان بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری دیکەی نییە، بەتایبەتی نەوت کە دیارترین سووتەمەنییە لە تەنگانە و سەرماو سۆڵەدا.

ئەمڕۆ مراد لە زانستی بەفردا پرۆفیسۆرێکی بێ هاوتایە و لەزۆربەی زانکۆ ناسراوەکاندا وانەی بەفر و چۆنیەتی شکاندنی ڕچە و شاخی بەفر و جیاوازی نێوان ڕنووە بەفر و شەکرە بەفر لەگەڵ جیاوازی تامی بەفری سروشتی و دەستکرددا دەڵێتەوە، سەرەڕای خۆ ئامادەکردن بۆ بوون بە زیندەوەرێکی بەفرین، پێی وایە لە بەرانبەر قەقنەسدا باڵندەی بەفرینیش هەیە، بەڵام جێگە و ناوی ئاشکرا ناکات. چەندە پلەی گەرمی بکەوێتە خوارەوەی سفر، ئەوەندە زیاتر مراد گوڕوگوژمی پێدەکەوێت و چالاکتر دەبێت. هەر بە سووکە تەماشایەک دەزانێت ئەم بەفرە چۆن پەیدابووە و کەی دەتوێتەوە و دەبێتەوە بە ئاو. لەبیرم چوو ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە مراد هێندەی بەفر شارەزایی لە ئاویشدا هەیە. بە ئاسانی ئاوی پاک و لێخن لە یەکدی جیادەکاتەوە. گشت پێوەندییەکانی نێوان بەفر و ئاوی وەکو ناوی خۆی لەبەرە. هەر بە ئاستەم پەنجە بخاتە ناو ئاوەوە بە چرکە و خولەک بۆتی دەستنیشان دەکات کەی دەیبەستێت. بە هەمان شێوە ئەگەر دەست لە بەفر بدات پێت دەڵێ ئایا بەرەو ڕەقبوون و مەیینی قوولتره، یان بەرەو توانەوە دەچێت. بێ ئەندازە هۆشیارە لەوەی کە ئاوی لێخن مێشک و دڵیش لێخن دەکات و کاتێ ئەوانیش لێخن بوون تێکرای گوفتار و کردارەکانیش لێخن دەبن. مراد دەڵێ:

ئاوی لێخن وا لە مرۆڤ دەکات خاوەنی خۆی نەبێت. ویژدانی هەڵم دەکات و ناوەوە و دەرەوەی پێچەوانەی یەکتری دەبن. بە خواردنەوەی قومە ئاوێکی لێڵ ڤیرۆس خوێنی دەمارەکان دەکات بە ژەهر، ئیدی گشت ڕەسەنایەتییەک دەبێت بە ساختەکاری و شێوازی کارکردنی هەر پێنج هەستەکەش دەگۆڕێن و مرۆڤ هیچ توانایەکی خۆپاراستنی بەرانبەر بە بەفر نامێنێت.

سەرەتای ژیان لە بەفرەوە دەستی پێکردووە کە زانستێکی ئەوەندە فراوانە ئەگەر ژیرانە لێی حاڵی نەبیت و کۆدەکانی نەکەیتەوە هەرگیز بە وشکایی و ئاسوودەیی ناگەیت. وەک ئەوەیە بەسەر گۆمێکی بەستوودا پیاسە بکەیت و لە پڕێکدا گۆمەکە درزی تێکەوێت و نوقمی ژێر ئاو بیت.

مراد دەڵێ: بۆ جیاکردنەوەی ڕێگا تەنک و ئەستوورەکانی سەر ڕوومەتی بەستەڵەک لە ڕێگا ئاساییەکان دەبێ خۆت فێری هونەری هەڵخلیسکان بکەیت. دەبێ هەستی نزیکبوونەوەی مەترسی هەڵخلیسکانت ئەوەندە بەهێز بێت هەرگیز توخنی کەندەڵان و هەڵدێری هەرەس هێناو نەکەویتەوە. کورد خۆی دەمێکە وتوویەتی ئەگەر جارێک خەڵەتاندمت خودا بتگرێ، بەڵام ئەگەر جاری دووەم خەڵەتاندمت خودا خۆم بگرێت.

هەروەها مراد دەڵێ: کورد سەدان ساڵە ئەو ڕاستییە دەزانێت و دەیان جاریش بە پشتا کەوتووە و سەرمەقولاتی پێ کراوە و هەڵخلیسکاوە، کەچی دوای هەموو نوشوستییەک دەسبەجێ گەڕاوەتەوە سەر دۆخی جارانی. لە بیری دەچێتەوە چۆن بەربۆتەوە و سەرودەست و قاچی شکاوە و خوێنی لەبەر ڕژاوە. وەک ئەوەی نە بای دیبێت نە باران. جارێکی دیکەش کاتێ زامداری دەکەنەوە لەوە دەچێت یەکەم جاری بێت و بەسەر خۆی ناهێنێت. خوێندنەوەی کتێبی بەفر بە ڕای مراد نەفەسێکی درێژخایەنی دەوێت و کوردیش ئەو حەوسەڵەیەی نییە.

کاتێ دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەکات، هێدی هێدی تەزووی ساردی بە جۆمگە و ماسوولکەکانیدا تێدەپەڕێت. لەرز دەیگرێت و پێش ئەوەی سەرماکە بگاتە ناخی، واز لە خوێندنەوە دەهێنێت نەبادا کۆڵنج بکات و ڕەقیتە بێت، یان لەوە دەترسێت خوێنەکەی بیبەستێ و دڵی لە لێدان بکەوێت، بەڵام مراد دووپاتی دەکاتەوە کە سەرما هەرچەندە کوشندەش بێت ئەگەر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، ناگاتە ئاستی سڕبوون و مەیین و ڕەقبوونەوە. چی بکەم ئێمەش وا ڕاهاتووین بەرگەی هێڵی ئیستیوای ساردی ناگرین و بە زووترین کات دۆستایەتی لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاگر و کۆمپانیاکانی زۆپا دروستکردنی دەوروبەردا دەبەستین بۆ ئەوەی سەرلەنوێ قرچە قرچمان لێ هەڵسێنن و بمانبرژێنن. ئاخر چۆن گەرما هێڵی ئیستیوای هەیە، ساردیش خاوەنی هەمان هێڵە، بەڵام ناوێکی دیاری کراوی نییە. ئێمە بە سووتان و برژان و گەرمی

ڕاهاتووین، بەڵام بەلای مرادەوە تا هەنووکەش سنووری سەرمای ئاساییمان تێنەپەڕاندووە، بۆیە تاکە نەتەوەیەکی گەورەی ئەم جیهانەین کە خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ نین.

ئەگەر ئێمە لە نووکەوە بۆ نووک کتێبی بەفر نەخوێنینەوە و خەمی نەکەین هەرگیز وزەی بەرگریکردنی سروشتیمان لا دروست نابێت بەرانبەر بە کوڵکە و هەڵامەت و تەنانەت کۆلێراش.

تازە مرادیش وەک حەزرەتی نالی کەوتە هەندەران و بۆ کوردستان ناگەڕێتەوە. هەفتەی جارێک لە قاوەخانەیەکی کۆندا پێکەوە دادەنیشین و دەردە دڵ دەکەین. پێی دەڵێم برای ئازیزم من بەهۆی ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفۆنەوە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی هاتووم. هەرچی هەست و بیرم هەیە لە کوردستانە، بەڵام جەستەم لێرەکانە هەڵکورماوە. هەست بە ناهاوسەنگی دەکەم. ڕوح لەوێ پیاسە دەکات و جەستەش تا ئەو ڕادەیە لێرە ڕەگی ڕۆچووە، گەڕانەوەی یەکجارەکی تەواو مەحاڵە. ئەم دوو لەتبوونە بە جۆرێک ورووژاندوومی هەدادانم نییە.

مراد بە دەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە ئومێدەوە وتی: ئاسانە سەلامی برام زۆریش ئاسانە.

وتم: چۆن؟

وتی: ئاخر تۆش هێشتا لە نهێنی بەفر تێنەگەیشتووی. خۆگونجاندنی بێ بەرانبەر و بێ قازانج و بەرژەوەندی بەشێکی تەواوی کتێبی بەفرە کە لەوە دەچێت بە سەرتا تێپەڕی بێت، یان ڕاگوزاری خوێندووتەوە. چاک بزانە یەک لەتی هەنجن هەنجن و پڕ لە برین و غەم و ئازار گەلێ لەوە چاکترە ببیتە دوو لەتی سەربەخۆی گوشاد و بێ ناڵین و هاوار و سکاڵا کە ئەڵبەتە لە ناوەوەدا پێچەوانەکەی ڕاستە. دوو لەتە سەربەخۆکە تەواو لە یەکدی جیاوازن و هیچیان لەوەکەی تریان ناچێت، با هەستەکان لە یەک دڵیشەوە هەڵقوولێن، هەریەکەو عیشقی یارێکن کە ئەمەش سەرەتای دابڕان و جیابوونەوەیە، بەڵام لەتە هەنجن هەنجنەکە، بەو بەربڵاوی و ئازارە قووڵەشەوە، بەشێکە لە قەسیدەی یەکگرتووی بەفر، لەکتێبی بەفر. سەرەتایەکە بۆ قەتماغەبەستن و ساڕێژبوونەوە.

مراد لە (ڕێگای هاتونەهات) دوورکەوتۆتەوە. وازی لە کاری خۆبەخشانەی دەلیلی هێناوە، یان وا ڕاستترە بێژین وازیان پێی هێنا. گشت تەمەنی بۆ شیکردنەوەی ڕازەکانی بەفر و پاشەڕۆژی بەفر تەرخان کردووە. لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپاشدا تەنیا وانەی بەفر دەڵێتەوە. چەندین پاپۆڕی گەورەی لە بابەت (تایتانیک)ی لە نوقمبوون و خنکان ڕزگار کردووە. تەنانەت جارجار کە فڕۆکەیەک دەکەوێتە ناو دەریا و ئۆقیانووسەوە یەکسەر بانگ دەکرێت و دەبێتە ئەندامی تیمی فریاکەوتن و لێکۆڵینەوە. بۆتە سەرچاوەیەکی دەگمەن و بێ هاوتای بەفر و ئاو. ناویان لێ ناوە: پیاوی بەفر، یان پەیامبەری بەفر. هەندێ جاریش بە ئەندازیاری بەفر و شاعیری بەفر بانگی دەکەن.

هەفتەی جارێک لە قاوەخانەیەکی کۆن و بۆنخۆشی ئەم شارەدا لەگەڵ مراددا پێکەوە دادەنیشین و قاوەی بەفر دەخۆینەوە.

٢٠٠٩/٨/١٠

# ساتە تەسکەکانی سەدری

سەدیق ڕەسووڵی
(بۆکان)



(١)

لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینیدا باوە گەورە خواجە نەسیرەدین لە قاوەخانەیەک هاتە دەرێ و جگەرەیەکی ئاگر داو سەیری چۆڵیی شەقامی کرد.

*   *   *

سەبری خاتوون چارشێوێک بەسەرەوە بەشەقامێکی چۆڵدا دێتە خوارێ.

لەبەر گەرمای هاوین هەر دەگاتە حاندی خواجە نەسیرەدین، چارشێوەکەی دەکاتەوە.

لەو کردنەوە و ساتەدا دەنگی فڕۆکە دێ. خواجە نەسیرەدین چاوێک لە ئاسمان دەکا.

سەبری خاتوون بەترسەوە چارشێوەکەی بەخۆیدا دەداتەوە.

خواجە نەسیرەدین دەڵێ: مەترسە!

دەنگی تەقینەوەیەک دێ. خواجە نەسیرەدین گوێ ڕادەگرێ.

سەبری خاتوون دەڵێ: دەبێ بڕۆمەوە.

خواجە نەسیرەدین دەڵێ: مەترسە

دەنگی تەقینەوەیەکی دیکە و ویژەی فڕۆکەی دیکە دێ.

سەبری خاتوون لە ترسان چارشێوەکەی لێ دەکەوێتە خوارێ. شەقام هەروا چۆڵە. بۆیە سەبری خاتوون سووک دادێتەوە و چارشێوەکەی هەڵدەگرێتەوە.
خواجە نەسیرەدین جگەرەکەی فرێ دەدا و هەروا کە سەیری سەبری خاتوون دەکا، دڵێ: مەترسە، من بۆ خۆم لە نیزامدام و لەو تەقینەوانە باش دەگەم. دەزانم بەکوێدا ڕاکەم.
سەبری خاتوون دەپرسێ: پلەی تۆ چییە؟
خواجە نەسیرەدین بە بزەیەکەوە وڵام دەداتەوە: گرووبان.
سەبری خاتوون پێدەکەنێ و بەشەرمەوە چارشێوەکەی بە بەردەمیدا دەدا و خاڵی پەنا لێوی لە خواجە نەسیرەدین دەشارێتەوە.
بەدەنگی تەقینەوەیەکی نزیک و لەرینەوەی ژێر لاقیان چاوێک لە وڵات دەکەن و هەڵدێن.
سەبری خاتوون سواری پژۆیەکی فەرەنسی دەبێ و زاوا لەپشت فەرمان لاق لەسەر گاز دادەنێ و دوو سیگناڵ لێ دەدا و چاوێک لە سەبری خاتوون دەکا.
خواجە نەسیرەدین هەتا گەڕەکی کانی ئاسکان ڕاناوەستێ.
لەبەر درگای ماڵێکی دوو نهۆمی لە حەسارێکی چکۆلە تورمیز لێ دەدا و دێتە خوارێ.
بە بووک دەڵێ: ئێرە ماڵی منە، بەخێر هاتی بۆ ئەو کۆشک و سەرا چکۆلەی من.
لە گەرمای نیوەڕۆیەکی هاوینیدا خواجە نەسیرەدین حەمامی ئاوی سارد دەکا و سەبری خاتوون لە حەوزە چکۆلەکەی پەنا باخچە چکۆلەکە دێتە دەرێ و پاڵ بە دار گێلاسەکەوە دەدا. خواجە نەسیرەدین دوو لیوان شەربەت دێنێ.
سەبری خاتوون چاوێکی لێ دەکا و دەیهەوێ باسی بوونی باوکم بکات. خواجە نەسیرەدین هەڵدەستێ و چرپایەک دێنێ.
لای ئێوارێی ئەو ڕۆژەش سەبری خاتوون بەگوێی خواجە نەسیر هەڵدێنێ.
خواجە چاو لە کاتژمێرەکەی دەکا و دەڵێ: بۆ بوونی بارام ماوەمان ماوە.
ئەو شەوە لەسەر جێگا سەبری خاتوون باسی باوکمی لە وێنەیەکەوە دەست پێ کرد.. وێنەیەکی کۆن.
خواجە توورە دەبێ و وێنەکە دەدڕێ.
مەلا بانگ دانی بەیانی سەبری خاتوون خواجە نەسیر لەخەو هەڵدەستێنێ و دەڵێ: خەونم بەبارامەوە دیتووە.
لەبەربەیاندا سەبری خاتوون ناهێڵێ خواجە نەسیر لیباسەکانی لەبەر بکات. پۆتینەکانی لێ دەبات، دەمانچەکەی لێ دەشارێتەوە.
شەوێک دوای لەدایک بوونی باوکم، خواجە نەسیر هاواڵێکی خۆی بۆ شام بانگێشت دەکا.
چای، شەربەت، شیرینی، نان و چێشت، قلیان، گوێز، مێوژ
هاواڵە شاعیرەکەی باوە گەورە چەند شیعر دەخوێنێتەوە...
کات دە دەبوو، سەبری خاتوون دێتە ژوورێ. شاعیر خێرا شیعرێک بەسەر سەبری خاتووندا هەڵدەڵێ.
خواجە نەسیر خەڵاتێکی باشی بە شاعیر دا.
ڕۆژی دوایی کچێکی لاو دێت و شیعر بەسەر سەبری خاتووندا هەڵدەڵێ. خواجە نەسیر ئەویش خەڵات دەکا.
هەر شاعیر و گۆرانیبێژێک بێت و بەسەر سەبری خاتووندا هەڵبڵێ، خواجە نەسیر خەڵاتی دەکا.
دەفتەرێک شیعر و گۆرانییەکی زۆر لەسەر سەبری خاتوون خڕ دەکاتەوە.
لە بۆکاندا دەنگی داوەتەوە کەسێک لە گەڕەکی کانی ئاسکان خەڵات بە شاعیران و گۆرانیبێژان دەدا. حەسەن زیرەک تازە نێوبانگی دەرکردبوو.
نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینی لە دەرگای ماڵی خواجە نەسیر دەدا.
باوکم تازە پێی لە پێنج دەنا.
درگای کردەوە.
دوای هێندێک شەربەت و چای و شرینی دەست سازی سەبری خاتوون و چۆڕێک ئاوی فێنک، حەسەن زیرەک گۆرانییەک دەڵێ، چۆڕێک شەربەت دەخوا و گۆرانییەکی دیکە دەڵێ.
لای عەسر لەبەر فێنکی حەسارێ سەبری خاتوون بەباڵای بەرز و خاڵی پەنا لێو و چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ لەسەر کەشەفێک دوو چای لەبەردەم حەسەن زیرەک دادەنێ.
باوکم دەڵێ: گۆرانییەک بەسەر سەبری مندا هەڵبڵێ.
حەسەن زیرەک دەکۆخێ و چاوێک لە باوکم دەکا و

گۆرانییەک بەسەر باوکمدا هەڵدەڵێ.
باوکم گـۆرانـیـیـەکـەی لێ دەبڕێ و دەڵێ: بەسەر سەبریدا.
حەسەن زیرەک دەکۆخێ و چۆڕێک ئاو دەخواتەوە.
خواجە نەسیر دەڵێ: هەموو ژینی من خەڵاتی سەبرییە.
سەبری دەڕوا.. ڕوو لە ژوورێ دەکا.
زیرەک دەنگ هەڵدێنێ. بە سـۆزێکی زۆر سـەیر دەچریکێنێ. دەنگی هەتا ئەوسەری گەڕەک دەڕوا. بە بیستنی دەنگی، هاوسێکان بەسەربان و دیوار و درگادا سەر دەکێشن. سەبری خاتوون لە سیحری وشە و شیعر و دەنگی زیرەک وا توند دەردەپەڕێ. دەکـەوێتـە حـەوزە چکۆلەکەی بەردەمی خواجە نەسیر و حەسەن زیرەکەوە.
خواجە نەسیر لەپڕ دەمانچەکەی لەبەرپشتێن دەردێنێ و لەنێو چاوانی زیرەکی دەگرێ و دەڵێ: بیبڕەوە.
حەسەن زیرەک هەڵدەستێ و لای عەسرێکی درەنگ بە دڵێکی تەنگەوە لە ماڵی خواجە نەسیر لە گەڕەکی کانی ئاسکان دێتە دەرێ.
خواجە نەسیر هاوار دەکا: نەگەڕێیەوە، ئاوڕ نەدەیەوە.
باوکم سـەیری سـەبری خـاتوون دەکـا لەنێـو حـەوزی ئاوەکەدا.
خواجە نەسیر لە سیحری ئەو دەنگ و گۆرانییە هەتا پشت دەرگا دەمانچەکەی لەنێو چاوانی زیرەک لا نەبرد. دواییش دەرگا بەشەق پێوە دەدا.
ڕۆژ و دوانێک دوای ئەو ڕووداوە خـواجـە نەسـیـر ماڵەکەی لە کانی ئاسکان بۆ مەجیدبەگ دەگوێزێتەوە. بەنێـو ورتە ورتی خـەڵکدا سـواری مـاشـینێک دەبێ و دەستی باوکم دەگرێ و بانگی سەبری دەکا وا لە دیوارە ورد بۆتەوە حەسەن زیرەک پاڵی پێوەداوە.
تەنانەت ڕۆژێک لە خـــواجـــەی پرسی: ئەرێ ئەو گۆرانییەت تۆمار کرد؟
خواجە نەسیر چاوی لە چاوە کاڵەکانی سەبری خاتوون بری و هیچی نەگوت.
سـەبری خـاتوون سـاڵێک دوای ئەو ڕووداوە لەدوا نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوینیدا لە گۆڕستانەکەی ئەوبەری بۆکان ناشتیان و دنیا بۆ خواجە نەسیر تاڵ و بەتاڵ دەبێ. کز دەبێ، بێ دەنگ دەبێ، مات دەبێ، نایەتە دەرێ.
باوکم بەدیار خواجە نەسیرەوە زۆر بەوردی باڵا دەگرێ.
خـواجـە نەسـیـر هەتا مـا و هەناسـەی کـێـشـا، ئەو گـۆرانیـیـەی لەبیـر نەچوو، بە تەنیـا دادەنیـشت و بەسـەر گرامەکەی دەخست و گوێی دەدایە.
خـواجـە نەسـیـر شـریتی ئەو گـۆرانیـیـەی لەخـۆی دوور نەدەکردەوە.
لێـیـان دەپرسی گـۆرانی کـێـیـە؟ تەنیـا دەیگوت: گۆرانییە... گۆرانی پیاوێکی غەوارەیە.
خواجە نەسیر هەرگیز چاوی بەزیرەک نەکەوتەوە.. بەڵام زیرەک.. دەیزانی هەستێکی ئەو ڕۆژە چۆڵەکانی خواجە نەسیرەدین پڕ دەکاتەوە.

(٢)

بەیانـیـیـەکی زوو دایکم لەگـەڵ ژنێکی عـەبا بەسـەری تۆزێک گەڕاوە هاتە ژوورێ.
چارشێوەکەی بە جل هەڵواسەکەوە هەڵواسی و ڕووی لە باوکم کرد و گوتی: لەگەڵ ئاوارەکان هاتووە، لەبەردەرکی مزگەوت ڕاوەستابوو، نەدەچووە ژوورێ.
ژنە بەشەرمەوە سەری داخستووە و چاو لە بەرپێی خۆی و فەرشەکەی ژێر لاقی دەکا.
باوکم دەڵێ: وەرە سەرێ، نامۆیی مەکە.
ژنە لەلایەکـەوە دادەنیـشێ و دایکم چای بۆ دێنێ و باوکم تەلەفزیۆنەکەی بۆ هەڵدەکا و منیش بەخێـر هاتنی دەکەم.
دایکم دەڵێ: نێـوی سـەدرییـە. کـەسـوکـاری لەشـەڕ و بۆمبارانداندا لەدەست چوون.
دایکم سێوی بۆ دێنێ، هەرمێی بۆ دێنێ.
باوکم ڕوو لەمن دەکـا و دەڵێ: با لە دیوەکـەی هەردیدا بخەوێ.
دایکم دەڵێ: تۆ لێرە... لەو هۆڵە بخەوە.
دایکم لیباسی تازەی بۆ دێنێ، حەمامی بۆ هەڵدەکا. تەنانەت شووشەیەکی چکۆلەی عەتری دەداتێ.
سەدری دەڵێ: کـوڕەکـانم بەسـەر مین دەپەڕن، کچـەکـەم لەسەر سنوور تێدا دەچێ.
دایکم ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ.
ڕۆژێک باوکم لێی دەپرسێ: مێردەکەت چی؟
سـەدری مـاوەیەک بێ دەنگ دەبێ و چۆڕێک ئاو دەخواتەوە و چاوێک لەدەرێ دەکات.
باوکم پرسیارەکەی دووپات ناکاتەوە.
سەدری چل ساڵی دەبێ. خاڵێکی لە پەنا لێو کوتاوە و

دوو لینگ بازنی زیوی لە دەستدایە، جارجار پاوانە لە پێ دەکا. زۆریش حەز لە هەوری و شەدە دەکا. بەیانییەک داوای مێخەک لە دایکم دەکا.
لە دیوەکەی من وێنەیەکی باوە گەورەی لێیە بە لیباسی نیزامییەوە. دەمانچەیەکی بە قەدەوەیە. سەدری دەڵێ: ئەوە خواجە نەسیرە.
زۆرم لا سەیر دەبێ. چاوێکی لێ دەکەم و ئەویش دەست دەداتە وێنەکەی باوەگەورە و چاو لە دەمانچەکەی بەرقەدی دەکا. ئاخێکی زۆر سارد هەڵدەکێشێ. چاوێک بە وڵاتدا دەگێڕێ دەزانێ کەس لەماڵێ نییە دەڵێ: ئەرێ دایە گەورە وێنەی نییە.
زۆرم لا سەیرە، ژنێکی ئاوارەی نەدیو و نەناسیاو خواجە نەسیر چۆن دەناسێ؟ چ کاری بە وێنەی دایەگەورەیە،
بەسەر وەڵامی دەدەمەوە.
لامپەکە دەکوژێنمەوە. لە پەنا تەلەفزیۆنەکە لەژێر لێفە دەخزێم. تۆزێک چاوم گەرم دەبێ، هەست بە خشەخشێک دەکەم. سەرم لەژێر لێفەکە دێنمە دەرێ. سەدری دەبینم. ڕوو لە دەرێ دەکا. منیش هەڵدەستم و بەدوایدا دەڕۆمە دەرێ.
لە حەسارێ هەست بە من دەکا. ڕادەوەستێ دەڵێ: چ هەوایەکی خۆشە.
بە بزەیەکەوە دەگەڕێتەوە.
لەنیوەشەودا لەتینوویان خەبەرم دەبێتەوە. هەر لەسەر جێگا گوێ ڕادەگرم. دەنگی چۆڕە چۆڕی ئاوی حەمام دێ. بە ئەسپایی نزیک دەبمەوە. گوێ لەبن دەرگاکە ڕادەگرم. دەنگی کۆخەی باوکم دێ. دەنگی سرتە سرتی سەدری دێ. جوان دەنگی دەناسمەوە. حەتمەن لێوە ئاڵەکانی لەبن گوێی باوکم توند کردووە و لێی دەپرسێ.
نازانم ئەو هەموو پرسیارەی لەکوێ بووە. لەدایکم دەپرسێ ژێرزەمینتان هەیە؟ یان حەسارەکەتان بۆ حەوز و دار گێلاسی نییە؟
لەمەلا بانگداندا سەدری هەڵدەستێ دەست دەداتە بەرماڵەکە و لە پشت سەری منەوە دوو ڕکات نوێژ دەکا. لە کۆتاییدا دەست هەڵدێنێ و بەدەنگێکی زۆر نزم دەڵێ: خوایە، زیرەک بە بەهەشتی بەرین شادکەی.
ئەوکات بەرماڵەکەی خڕ دەکاتەوە و لە پەنجەرەی هۆڵەکە چاوێک لەدەرێ دەکا، کلوو بەفر دەبارێ، بە پەنای مندا دەگەڕێتەوە دیوەکەی خۆی. هەست دەکا لێفەکەم لێ بۆتەوە. سووکێک بەرماڵەکەم پێدا دەدا.
بەیانییەک لەدەرێ دێمەوە، بەهێندێک نانی تازەوە. دایکم لە چێشتخانە خەریکی قاپ و کەوچک شتنە و سەدری لەگەڵ باوکم لەحەسارێ پاڵ بەدیوارەکەوە دانیشتوون.
باوکم تەسبێحێکی دەنک شینی پێیە، نازانم سەدری چی لە باوکم دەپرسێ، باوکم قاقا پێدەکەنێ.
باوکم دەڕوا، سەدری ڕوو لە من دەکا دەڵێ: هەتا گۆڕستانە کۆنەکە لەگەڵم دێی.
لەگەڵی دەچم. سواری تاکسییەک دەبین. لە پێشدا سەردانی گۆڕەکەی زیرەک دەکا. دوایی ڕوو لە گۆڕستانە کۆنەکە دەکەین. دەگەینە گۆڕستانی کۆن دەڵێ: گۆڕەکەی خواجە نەسیر کامەیە؟
چاوێک بە گۆڕستاندا دەگێڕم و دەڵێم: ئەوکاتەی باوە گەورە سەری نایەوە، من حەوت ساڵ نەدەبووم.
نازانم بۆ نیشانم نەدا.
هێندێک بەنێو گۆڕەکاندا دەگەڕێ، دەڵێ: زیرەک باسی گۆڕەکەی سەبری خاتوونی زۆر دەکرد.. ئەگەر پێم بڵێی، خەڵاتێکی زۆر گەورەت دەکەم..
لەسەر گۆڕێکی چکۆلە دادەنیشێ، گۆرانی زیرەک دەڵێ. دەنگی خۆشە، زۆر باش گۆرانی زیرەک دەڵێتەوە.
دەڵێ: ئەی دەمانچەکەی خواجە نەسیر؟
پێدەکەنم و دەڵێم: بۆبە دیوەکەی منت هەڵکۆڵیوە!
قاقایەک دەکێشم و دەڵێم: لەو کاتەی وەبیرم دێ چەند گەڕەکمان گۆڕیوە.
چاوێکم لێ دەکا ودەڵێ: سێ مانگ ئەو ماڵەی گەڕەکی کانی ئاسکان کون بە کون گەڕام.
بەتاکسییەک گەڕاینەوە بەردەرکی سەرا. لەوێش ڕا بە تاکسییەک گەڕاینەوە زیلە سووتاوەکە. سەدری دەڵێ: بۆکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر دەبێ.
سەدری لەگیرفانی هێندێک کلیلی دەرهێنا و دەرگای کردەوە. هەر لە حەسارێ زانیم کەسمان لەماڵێ نییە.
تەلەفزیۆنەکەم هەڵکرد. سەدریش کە تازە ڕەنگی پیری و گەڕانەوە دەنیشتە دەموچاوی، بەتوێی کراسێکی ئاڵ و واڵەوە لە دیوەکەی من هاتە دەرێ. هەوری لە پشت بەستووە و شەدەی لەسەر ناوە. لەبن لێوەوە گۆرانی زیرەک دەڵێ. کولۆنجەیەکی ڕەشی لەبەر کردووە. زوڵفی

شۆڕ کردۆتەوە.

له پەنام دادەنیشێ و دەڵێ: چەندین ساڵ تار و دەفم بۆ زیرەک ژەنی. چەندین ساڵ زیرەک باسی چاوەکانی سەبری خاتوونی بۆ گێڕامەوە.

دەست لەملم دەکا و دەڵێ: ئەودەمانچەیە لەکوێیە؟

دەمەوێ بزانم بۆ زیرەک ئەو هەموو ساڵە باسی لوولەی ساردی ئەو دەمانچەیە لەنێو قسەکانی نەچووە دەرێ.

دەڵێ: زۆر بە دەوری بارامی باوکتدا هاتم. نەمتوانی لەژێر زاری دەرکێشم.

دەڵێم: ئەو ژێر زەمینە چکۆلە گەڕای؟

مات دەڵێ: سێ شەو هەتا بەیانی هەڵمکۆڵی و پڕم کردەوە.

دەڵێم: دەزانی باوکم گۆرانی زیرەکی زۆر لا خۆش نییە و گوێی ناداتێ.

پێدەکەنێ و دەڵێ: جار جار

دەڵێم: ئەو شەوە سەدری لە حەمام سەر هەڵدێنێ، ویژەی مووشەکێک دێ، چاو لە ئاسمان دەکەم. چەند مووشەک بەسەر شارەوەن. دەنگی ئاژیری سوور دێ. دەنگی هەلاّت هەلاّتی خەڵک دێ. دایکم خۆ بە ژووریدا دەکا.

دایکم دەڵێ: ڕاکەین بۆ ژێر زەمین.

دایکم دەڵێ: کوانێ باوکت؟

دەستی من دەگرێ و منیش دەستی نەرموشلی سەدری دەگرم.

بۆمبێک لەو نزیکانەوە دەتەقێتەوە، ولاّت دەلەرێتەوە.

هەر خۆمان بە ژێرزەمیندا دەکەین. هەرسێکمان بەدڵەکوتە و ترس بەسەر باوکمدا دەچین. دەمانچەیەکی بەدەستەوە، دوو گوللەی بە دەستەوە، سەدری بەدیتنی دەنەڕێنێ: کاری وا نەکەی!

خۆی فڕێ دەدا بۆ دەمانچەکە، باوکم گوللەکەی تێخستووە و ڕاست ڕوو لە سەدری دەکا. لەو کاتەدا بۆمبێکی زۆر نزیک دەتەقێتەوە. ژێرزەمین پڕ دەبێ لە تەپوتۆز، دایکم دەکۆخێ. دەترسێ. ولاّت تاریک دەبێ.

(۳)

**چەند تێبینی**

۱- لە قاوەخانەیەک لەگەڵ کەسێک کێشەمان دەبێ، کابرا هەڵدەستێ دەڵێ: دەستی حەسەن زیرەک خۆش بێ.

هیچ ناڵێم، دەڕۆمە دەرێ.

۲- باوکم واکمەنێکی لە گیرفاندایە. تەنیا دەکەوێ، گۆرانی زیرەکی پێ گوێ دەداتێ.

دایکم شەوانە هەست دەکا کەسێک لە کۆڵان گۆرانی زیرەک دەڵێ.

بازە شەوێکیش خەون بەدایە گەورەوە دەبینێ گۆرانی زیرەک دەڵێ.

۳- ئەو دەمانچەیە لەژێرزەمین لەبن میچەکە جوان لەتوێی پارچەیەک و لەتێک چەرم پێچراوە و ڕۆنکاری کراوە. دەیکەمەوە، هەموو گیانی چاو لێ دەکەم. دەڵێی هەرگیز گوللەی پێ نەتەقاوە. هەر دەڵێی هەرگیز گوللەی نەدیبێ. خشپەی پێی کەسێک دێ. خێرا دەیپێچمەوە و لە جێی خۆی دایدەنێمەوە.

# دەفاقتۆ



**ه. كۆڤان باقی**
**(چیایی مازی)**

بێژە ئەرێ و بەس.

– ببوورە، ژ غێندی «نا»یێ تشتەكی كو ئەز بدم وە ل جەم من نینە. چاڤێن وی ب پاچكەكی رەش یی قیر هاتبوو گرێدان، وەر كو پاچ ل جیێ خوە عەدلیببوو، رەنگێ پێچک و روویێ وی ژ هەڤ نەدهات كفشكرن. چۆیەكی قەلەو ل هەمبەری وی، ل سەر تەریا خوە راوەستیا. هینگی كو كێفا وی ژ روویێ شیێرێ گەماری و پاچێ رەش رە هات، پەرواز هاتێ، ژ عەردێ بلند بوو، بلند بوو و وەكی باشۆكەیەكی بەر ب روویێ وی ڤە سەرنشیڤ بوو. لێڤا وی یا ژۆرێ وەكی هنارەكە مێخوەش د ناڤێ دە قەلشی، كانییەكە دوچاڤ ژ دفنێن وی دەربوو.

زلامێ گرس جغارەیا خوە یا مارلبۆرۆ دبنێ خوەلیدانكا لێڤێن وی دە ڤەمراند:

– دۆلا قەحپكا كارخانەیێ، تو یێ ببینی كو ئەزێ چاوا هەموو گۆتنێن ژ غێندی «نا»یێ ژ تە دەرخم.

– چ تشتێن هوون دبێژن دناڤا سەرێ من دە نە، لێ عەجێبە كو هوون رابوونە جانێ من تازی دكن.

زلامێن د ئۆدەیێ دە بوون كوركورک، ب قاسی كێلیكەكێ سەوت ژ یەكی ژی چێنەبوو. چاڤێن وی نە گرێدایی بوونا، وێ د رووپەلێن روویێن وان یێن داوەرڤی دە گەلەک چیرۆک بخوەندا. (هنگی ژ خوەندنێ حەز دكر، چ جارا كو كەسەک دكەڤە سەر دلێ حەزكریا وی و گەودەیێ وێ دهەرمینە، ئەو ب دلۆڤانی سەرێ حەزكریا خوە ب چل و تاسەكە ئاڤا خوەندنێ دشۆ و وێ حەلال دكە.)

كندر ل ناڤا ئۆدەیێ، ل بەر زمەیا كەنێ وان ئێ نەلیهەڤ درەقسی. د گۆڤەندێ دە حێچ بوو بوو. سەریەكی خوە ب چەنگەلێ بەشتێ ئۆدەیێ ڤە ژ بیركربوو و سەریێ خوە یێ دن. ژ پاشیێ دە، ب خوەشكی ل قەڤدا دەستێن شیێر

بادابوو. تە دگۆت قەی ئەڤ کندر ژ سەدێ سالان ڤە، وەکی تلیەکێ، ل سەر هەر دو دەستێن وی درێژ بوویە و هندک مایە کو سەرێ وێ خوە بگهینە فلستینێ. (ژ خوە هنگی فلستین ژ کوردستانێ ڤە نێزیکە. کو زارۆکەکی فلستینی ژ قودسێ کەڤرەکی باڤێژە، وێ بگهیژە ئامەدێ.) ل ژێرێ کەن بەردەوام بوو. کندر کێلیکەکێ ژ کێلیکا دن بێتر سەرخوەش دکەت. هلۆری بوو، دزیزیکی، قەت پێ نەدحسیا کو خوە ل دو دەستێن تازی بادایە و هەردو دەستێن تازی ژ گەودەیەکی تازیتر ب خوە رە ژ عەردێ بلند کریە. کندر و هەر دو دەستێن تازی و گەودەیێ تازیتر، د ئۆدەیا تازی دە، ژ لیستکەکێ دەرباسی لیستکەکە دن دبوون، ب سایا کولک و چۆیێن قەلەو گۆڤەند هێ گەرم بوو بوو.

ئێشێ هەموو کونجال و دەشت و چۆلێن هشێ گیانێ وی داگرتبوو. (ب سالان بەرێ، ل زانکۆیێ ژی، کەچەکە دلرەڤین ژی، ئەو ل دیوانا چیرۆکەکە ولۆ کربوو مێڤان.) ئێش ب قلافەتێ خوە یێ مهینی تەنک دبوو، درێژ دبوو، ڤەدلەرزی، پەحن دبوو، دبوو ئەرەشکیگال. مارەکی نازەمین ژ ناڤا پێچەکا لێڤێن وێ دکشیا و هەموو شانەیێن جانێ وی د بەر هەڤ دە دجووت. نەددیت و نەدبهیست، (لەو رە ژ رۆژا رۆژ دە وەختا خوە ب قتووتی دنقوتینی پیستکا پیرکا دیرۆکێ یا پارسەک) کو ل ژێرا وی، مرۆڤنە گرس و قەلەو و چۆ کەتنە ملێن هەڤ و گۆڤەندێ فرەهـ دگەرین.

کێلیەکێ ب تەنێ ل خوە ڤالقلی، دەستوور ژ ئێشێ بخوەستا و تاقەت د خوە دە بدیتا کو پاچێ ل سەر چاڤێن خوە ژ هەڤ ڤەچرە. وێ بدیتا کو مۆزاییکەکە ژ هەموو رەنگێن نەیێنی ل ژێرا وی پێک هاتیە.

زلامێن قەلەو د گۆڤەندێ دە خوێدان ڤەدمالتن هەلبەت رەقس ژ بۆ مەهاندنا خوارنێن تۆق ئازینەیەکە ژێناگەر بوو و ژڤێ هێلێ ڤە تو پرۆبلەمێن وان تونەبوون. چۆیێن قەراسە ژ زلامێن قەلەو بێتر حێچ بوو بوون، گوو و خوین ژ ئەنیا وان بەر ب ژێرێ ڤە دادوەرڤی پانتۆر و دەرپیکێ شیێر د ناڤا دووخان و رملکا سمێن وان دە زیڤارزیڤاری بوو بوون. زلامەکی درێژ و زەعیف (تم ب پاقژکرنێ رە دلەبکی) پرتکێن درانێن شکەستی ژ بەر لنگێن گۆڤەندگەران بەرهەڤ دکر. ژ بۆ کو نەچەلێ وان ئێ وەکی گویزانێ د بنێ لنگێن وان دە دانەچکە. زلامێ بئاپۆلەت لێڤێن خوە یێن قەلەو خست گوهێ وی:

– تۆ بێژە ئەرێ، ئێشێ تە پێ تونە.

شیار ب لێڤێن خوە یێن چریایی مزمزی. کولەک فشەک ژ دەڤێ وی رژیان:

– (ئەرێ) بوون ژ بۆ من مرنا مەزنە و ئەز نەبێژم ئەرێ ژی. ئەزێ بمرم. ژ بۆ کو ریا سێیەم تونەیە. من هەموو ریێن ژ (غێندی ئەرێ) ب کێفخوەشی قەبوولە.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (چیرۆکا چیرۆکان) رووپەلێن (٣٩-٤٠) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن (باژار)ە و ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل چاپخانەیا شەنیلدز ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپ کرن.**
**(رامان)**



# سوور و سەوز

**کامەران حامیدیان**
**(مەهاباد)**

ئێواران پەڕەسێلکە دەستە دەستە بە ئاسمانی شارەوە لە هاتوچۆدا بوون، هەزاران هێڵی نادیاریان دەکێشا، توندوتیژ وەک بەردی لە قەپانچەلە دەرچوو بە سەرسەری مرۆڤدا تێپەڕین، نەوی نەوی دەبوون، لەپڕ تیژ بەرەو تەشقی ئاسمان هەڵدەکشانەوە، کووچە و کۆڵان ئاوپرژێن کرابوون، پۆلێک چۆلەکەی تووکن و قەڵەو لەسەر لکوپۆپی دارە بووزێکی گەورە هەڵبەز هەڵبەز و جریوە جریویان بوو، لەبەر دەرگای ماڵێکی لەسەر تاقە پلیکانی بەر دەرگا دوو ژن و بەرانبەریان سێ ژنی دیکە لە دەوری بەر هەڵبێنێکی کۆن کە پڕاوپڕی سەوزی بوو دانیشتبوون، بۆنی خۆڵی ئاوپرژێن کراو ئاوێتەی بۆنی گیاوگۆڵ دەهاتە بەر لووتیان، شەهلا گەسک و خاک ئەنداز بەدەستەوە چاوەڕێی ئەوە بوو سەیدزادە ئاوڕی لێبداتەوە ڕێگای بدات بچێتەوە ژوور، بەڵام سەیدزادە یەکبین قسەی دەکرد، دایکی گوتی:

– کچم تەواو بووی؟ وەرە بڕۆ ژووری.

سەیدزادە ئاوڕی لێدایەوە و دەم بە بزە ڕێگای بۆ کردەوە و شەهلا کە هەوڵی دەدا گۆڕینی ڕەنگی ڕوخساری بشارێتەوە، داوێنی کراسەکەی نەختێک هەڵکرد و بەپەلە بە پەنایدا ڕۆیی و خۆی دەحەوشە هاویشتەوە، سەیدزادە هەتا لەپشت دارە بووزەکە بزر بوو چاوی لە دووی بوو هەناسێکی هەڵکێشا و سەری داخست، تاقمێک مێردمنداڵ دوورتر لە وان سەرقاڵی کایەکردن بوون و هەراو هۆریایان جاروبار وەسەر دەنگی ژنەکان و جریوەی چۆلەکەکان دەبوو، بەر دەرگای کۆڵانەکە هەندێک شتومەک و کەلوپەلی ماڵ لە پەنا دیوار و بەر دەرگای ماڵێک دانرا بوون و هەر بەنێوان ماوەیەکیش یەک دوو ژن و کچ شمەکی دیکەیان دێنادەر و لە کۆڵانیان دادەنان، بە تەمای ڕۆیشتن لەو

گــەڕەکــە بوون، حــەوت هەشت منداڵی چکۆلە لە دەورووبەری شمەکان دەخولانەوە، هەرکات کە خانەخێ شتێکی بێ بایەخیان فڕێ دەدا ئامبازی دەبوون و هەڵیان دەگرتەوە و بێ ئەوەی بزانن بە چ کەڵکیان دێت لە بن کراس، یان گیرفانی پانتۆڵیان دەهاویشت و سەرلەنوێ چاوەنواڕی شتێکی دی دەمانەوە، ڕەحمان یەک دوو وێنەی کۆن و گەورەی گۆرانیبێژان و قودیلکەیەکی بەتاڵی دەرمانی وەگیر کەوتبوو، کیژێکی ئەو ماڵە لە دەلاقەی لە دوو نهۆمڕا سەری وەدەر ناو گوتی بڕۆن شتێکی بێنن ئەو ماسییە داوێمە خوارەوە، منداڵ تێکیان هاویشت و بە پەلە پرووزێ بەرەو ماڵ غاریان دا، ڕەحمان هەناسە بڕکە ببوو، دوورونزیکی ژنەکان وەبیر سەیدزادە کەوت، ئێجگار لێی دەترسا، هەندێک ڕاوەستا و تەماشای کردن، سەیدزادە لەوێ نەمابوو، بەهەڵاتن خۆی دەحەوشە هاویشت سەر لێ شێواو کەلێنوکولێنی حەوشەی پشکنی، هیچی وەبەر چاو نەهات، دیمەنی کیژەکە کە تونگەی ماسییە سوورەکەی بەدەستەوە گرتبوو یەکبێن لە پێش چاوی بوو، لەو سەر بۆ ئەو سەری حەوشە هەڵدەهات، تەنیشت و پشتەوەی کووپەی بەتاڵی ترشیات، ئەو بەرەو ئەوبەری دارە بووزەکە پشت گەسک و خاک ئەندازەکە، هەمووی گەڕا، بوغز ئەو کارێک دەکوشی، بیری ئەوەی کە کیژەکە ماسێکەی هاویشتبێ و یەکێک لە منداڵەکان گرتبێتەوە ئۆقری لێ هەڵگرتبوو، یەک بە خۆی هەرای کرد:

– دادە شەهلا، دادە شەهلا

شەهلا بە پەلە هاتە بەر هەیوانەکە و تەماشای کرد و دەوکاتەشدا بە دەرگای ئاوالەدا تەماشای سەیدزادەی کرد کە دانیشتەوە سەر جێی خۆی

– دەڵێی چی؟ چ بۆت؟ بۆ دەگری؟

– دادە شەهلا ئەوە ناهید ماسییەکەیان داوێتە خوار، هیچم پێ نێیە بیگرمەوە. شەهلا بە چاو پەناو پەسێوی حەوشەی پشکنی و سەرلەنوێ بەو بیانوویەی تەماشای سەیدزادەی کردەوە.

– باشە ڕاوەستە ئێستا شتێکت بۆ دێنم.

کات بۆ ڕەحمان ڕاوەستابوو، شەهلا چەلەنگێکی ژەنگاوی بەتاڵی ڕۆنی بۆ هێنا و بەرلەوەی لە پلیکانەکان بێتە خوار، ڕەحمان بە پەلە وەسەرکەوت و لە دەستی فڕاند و یەکسەر هەڵاتە بەر شێرەی ناوەڕاست حەوشەکە و هەتا نیوەی ئاو تێکرد و چەلەنگەکەی بەسینگییەوە گرت و لە حەوشە دەرپەڕی، لە ڕاست دەرگا ساتێک حەپەسا و ڕاوەستا، ئاوی چەلەنگەکە پڕیشکەی کرد و دوو سێ دڵۆپ وەسەر و گوێلاکی سەیدزادە کەوت، ڕەحمان ماوەلی نەدایە و وەسەر بەر هەڵبێنەکە پەڕی و بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە هەڵات، گوێی لە جوێنەکانی سەیدزادە و دایکی بوو، منداڵەکان هەرکامە شتێکیان بەدەستەوە گرتبوو هەتیان هێنابوو سەر دەست و دەوکاتەشدا پاڵیان بە یەکەوە دەنا، ڕەحمان خۆی گەیاندەوە نێوانیان و ئەویش چەلەنگەکەی بەرز کردەوە، دیسان چەلەنگەکە قلپەی کرد و چەند دڵۆپێک ئاو وەخۆی و ئەوانی دەورووبەری کەوت، تێکڕا دەیان قیژاند و بانگی کیژەکەیان دەکرد، چەشنێ کە تاقمێک لە مێرمنداڵەکانی ئەو سەری کۆڵانەکەش بۆ لایان هاتن، ماسییەکە بە پەلە لەناو تونگەدا دەگەڕا، لەبەر تیرێژی ئێوارەی هاوین دەدرەوشایەوە، ناهید سەری تونگەکەی لار کردەوە و ماسییەکەی هاویشتە خوارەوە، منداڵ بە توندی پاڵیان بەیەکەوە دەنا و هەتا ئەو جێیەی بۆیان ڕەخسابا دەستیان هەڵدێنا، دڵۆپی ئاویان وەدەموچاوی کەوت، ڕەحمان ساتێک ماسییەکەی دیت و بزەی سەرلێوی ناهیدی، گوێی لە شڵپەیەکی نزم بوو، منداڵ یەک جێ قروقپ بوون و دەستیان هێنا خوار و چاویان بۆ ماسییەکە گێڕا، ڕەحمان جووڵە جوولی ماسییەکەی دە چەلەنگەکەیدا دیت، لەپڕ زیقاندی و لە جوغزی منداڵەکان دەرپەڕی، چەلەنگەکەی بە سینگییەوە گرتبوو و بێ ئەوەی ئاوڕ لە دواوە بداتەوە هەتا نزیک ماڵی خۆیان هەڵات، دڵی بە گرمە دەیکوتا، لە نزیک ماڵیان لە پەنا دیوارێکی هەڵتەرووشکا و چەلەنگەکەی لەپێش خۆی دانا و ئەوسەر و ئەوسەری کۆڵانی چاو لێکرد، ژنەکان پێدەکەنین و هۆشیان لەوێ نەبوو، دەستی دە ئاوەکە نا، سەری قامکی وە پشتی ماسییەکە کەوت، ماسییەکە ترسا و خۆی بە کەنارەکانی چەلەنگەکەدا دا و شڵپە شڵپێکی نزمی ساز کرد، دەستی دەرکێشاوە، بزەیەک لێوی لەراندەوە، هەتاو دەهات ئاوا بێت و کۆڵان تەواو کەوتبۆ بەر سێبەری دیواران، تاریکی وەک پشیلەیەکی ڕەش بە سەری پەنجە هاتبووە پێش، هەتا تەواو وڵات تاریک داهات لەو شوێنە نەبزووت، بۆنی کەنگر و سپێناخ و کوولەکەی سوور کراوە لە تەواوی کۆڵاندا بڵاوبووەوە، ژنەکان دەمێک بوو چووبوونەوە ژوور و تاقولۆق پیاوەکان بۆ لای ماڵ دەگەڕانەوە و

منداڵ، یان مێردمنداڵیان وه پێشی خۆیان دەدا، ڕەحمان هاتەوه ماڵ و یەکسەر چووه بەر شێرەکە و چەلەنگەکەی پڕ له ئاو کرد، چرا هەڵکرابوون، له بن داره بووزەکە وەک شەوانی پێشوو ڕاخەریان ڕاخست و سەنیری گەورەیان بۆ بابیان به دارەکەوەنا و له دەوری دانیشتن، بابیان سەری بەسەر ڕادیۆیەکی گەورەدا گرتبوو کە خشە خشی جاروبارەی ئاوێتەی سرتە سرتی سریلان دەبوو، تاو ناتاوێک سەری هەڵدێنا و مژێکی له سیغارەکەی دەدا و دووکەڵەکەی به ئارامی دەردەداوه، ڕەحمان زوو زوو تەماشای چەلەنگەکەی دەکرد، دایکی له پەنا سەماوەر دانیشتبوو و سەرقاڵی سازکردنی دۆغرەمە بوو، شەهلا له هاتوچۆدا بوو، جاروبار دەنگە دەنگێ له ژووریڕا کە لەگەڵ برا گەورەکەی ڕەحمانی قسەی دەکرد دەهات، گۆرانییەکی ئارام له ڕادیۆیەکەوه بڵاودەبووەوه، دایکی هەرای کاکی کرد.

– سەعید وەره بڕۆ له ماڵه پوورت سەهۆڵی بێنه.

سەعید پێڵاوی بەسەر پێوه کردووه، ڕەحمانیش بەدوایدا ڕۆیی، ئاوڕی لێدایەوه.

– ئەتۆ بۆ کوێ دێی؟

– کاکه ئەمنیش دێم، بزانم ماڵه پوورم تونگەیان هەیە.

دەمێک دوایی گەڕانەوه، کاکی تونگەکەی بۆ پڕ له ئاو کرد و ماسییەکەیان تێ هاویشت و هێنایانه سەر ڕایەخەکە و ڕەحمان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوه، لەسەر چۆک دانیشتبوو و سەری تەواو بەسەر تونگەکەدا گرتبوو، بابی پێچی ڕادیۆکەی سووڕاند، خێزانی چایەکی خستە پێش و گوتی:

– ئەرێ باسی نییه بەری دەن؟

مێردەکەی دەستی لەسەر پێچی ڕادیۆکە ڕاگرت و گوتی:

– ئی کێ؟

– کوڕی سەیدزادەی دەڵێم ماڵته هۆشت لەکوێیه؟ له ئێوارەوه باست بۆ دەکەم.

شەهلا سەری بەر دابۆوه و بەسەری قامکی کایەی به تووکی ڕایەخەکە دەکرد، ڕەنگی دەموچاوی گۆڕدرابوو، ماوەیەک بوو لەگەڵ کوڕی سەیدزاده هۆگری یەک بوون، هەستی کردبوو سەیدزاده ئاگای له نهێنی وان هەیە، بۆیە هەوڵی دەدا چاوی بەچاوی نەکەوێ، بابی ڕادیۆکەی کووژاندەوه و هەناسەیەکی هەڵکێشا و پاڵی به سەنیرەکەوه دا و گوتی:

– ناوەڵڵا، بڕوا ناکەم بەری دەن، به چەکەوه گیرا بوو.

ئاسمان ساماڵ بوو و ئەستێره بڵاوببوونەوه، بەیانی زوو له جێگاکەی دەرپەڕی و هەڵاته سەر توونگەکە کە له گۆشەیەکی دیوەکەیان لەسەر تاقه دانرابوو و چاوی تێبڕی، ماسییەکە وەک له خەودا بێ ئارام و بێ تەکان بوو، هاڕە هاڕی ماتۆری له حەوشەڕا دەهات، گوێی له دەنگی دایکی بوو کە هەرای سەعیدی دەکرد.

– سەعید هەستە درەنگە، ڕەحمانیش هەستێنه ئەوه نوێژی نیوەڕۆیه.

سەعید قەڵس و خەواڵوو تەماشای مەنجەڵی گەورەی بەلالی دەکرد کە هەڵم و هاڵاوی بەسەر و گوێلاکیدا دەهاته دەر، دایکی سەرقاڵی سازکردنی خێواوک بوو و لەگەڵ شەهلا قسەی دەکرد کە لەبەر هەیوانەکە ڕاوەستابوو، سەعید هەرای ڕەحمانی کرد و ڕەحمان به پەلە هاته دەر، سەعید بنی مەنجەڵەکەی له شانی قایم کرد و ڕەحمان سەتڵه خێواوکەکەی هەڵگرت و بەدوایدا پێی له کۆڵان نا، کۆڵان به کۆڵان و گەڕەک به گەڕەک دەڕۆیشتن، هەتاو بەهێز و تابشت گەرمای دەپرژانده سەر زەوی، نیوەڕۆ بوو و سێبەر کورت ببوونەوه و گەرما هەشاوڵی هێنابوو، شان و ملی سەعیدی به سۆنگەی ئارەقه و گەرما دەزوورانەوه، ڕەحمان چەند هەنگاو لەو دواتر دەڕۆیی، نیوەی بەلالەکانیان فرۆشتبوو، سەتڵی خێواوکەکە دەنکە بەلالێکی زۆری تێ کەوتبوو و ڕەحمان جار جار دوور له چاوی کاکی دەستی تێ ڕۆ دەکرد و چەنگێکی دەگرتن و دەزاری دەهاوێشت، زاری سوێر بوو و کەناری لێوی دەزووراوه و توونی ببوو، له سێبەری کورتی دیوارێک ڕاوەستان، ئارەقه لەسەر نێوچاوانیان دیار بوو و مووی لاجانگ و پشتە سەریان تەڕ و پێکەوه نووسابوون، سەعید مەنجەڵی لەشان هێنایە خوارەوه و به قۆڵی کراسەکەی ئارەقەی سڕیوه و سەری مەنجەڵەکەی هەڵگرت و تێی گەڕا و دوو بەلالی دەرهێناو ده سەتڵەکەی هاویشتن، بەلالەکان دەخوێواوکەکەدا سووڕان، دەریانهێنانەوه و خەریکی خواردنیان بوون، وزه وزی مێشان له دەوروبەریان دەهات، لەسەر لێواری دیوارێکی بەرانبەریان پشیلەیەک به بێوازی دەڕۆیی و جاروبار ساتێک ڕادەوەستا و تەماشای دەکردن، سەعید بنه بەلالەکەی کە جێ ددانی لەسەر دیار بوو تێ هەڵکرد و جوێنێکی پێ دا، به بن سکی پشیلەکەدا ڕۆیی و خرمەی

شکانی شووشەی ماڵەکە هات، سەعید گورج مەنجەڵی بە شانیدا دا و ڕای کرد و ڕەحمانیش دەستێک سەتڵی خێـواوک و دەسـتـێک بەلالی نیـوە خـوراوی پێ بوو، بەدوایدا هەڵات، ترسێکی نادیار سەری لە دووی نابوو، بە گــــوڕە و هەرای پیــــاوێک لاقی تێک هاڵا و هەڵەنگووت و دەمە و ڕوو کەوتە سەر عەرد و خێواوکەکە نیوەی لەشی خووساند، ئێستا هەڵ نەستابۆوە زللەیەک وە پشتە ئەستۆی کەوت و بەری داوە و زیقە و گریانی خەوی لە چاوی ئەوانەی سـەر خـەویان دەشکاند زراند، دەمێک دوایی بە دەمـولووتی تەڕ و خوێناوی و کـراسی شڕ و تەڕ هەنیسکی لێ دەدا و دەگریا، سەعید لە سەری کۆڵانەکەڕا سەرەتاتکێی کرد و بانگی کرد.

– هەڵێ وەرە ئێرە زووکە.

گەیشتە بەرانبەری، سەعید هەڵتڕووشکا و بە بەری دەستی تف و خوێن و قوڕی بۆ سڕیوە و گوتی:

– گۆڕی بابی... دەزانم چی لێ دەکەم، دەیناسمەوە.

ڕەحـمـان چاوی لە بەلالە قـوڕاوییـەکـەی کـرد و بە گریانەوە گوتی:

– بەلالەکەم.

– هیچ نیـیـە دوایی یەکی دیکەت دەدەمێ، وەرە با بڕۆین مەبادا بێتەوە.

خـەڵک وردە وردە لە خـەو هەڵدەسـتـان، جـار جـار دەرگایەک دەکرایەوە، یەکێک بێواز و وەڕەز لە گەرمای پاش نیـوەڕۆ دەهاتەدەر و دەڕۆیی، گەیشـتنە کۆڵانێکی تەسک و باریک، پەنجـەرەی چکۆلەی مـاڵێک وەک چاوی خەواڵوو لە کووچە بڕابوو، سەعید مەنجەڵەکەی دانایە سـەر ئەرزی و چاوێکی لە پەنجـەرەکـە و چاوێکی لەوسەر و ئەوسەری کۆڵانەکە کرد و گوتی:

– ڕەحمان دەتوانی هەتا ئەو سەری کووچەی هەڵگری؟

چاو چاوی لێکە زۆر سـووکـە. سێ چوار جـاران بەرز و نەوی کرد، زوو زووش تەماشای پەنجەرەکەی دەکرد

– ئاخر ناتوانم

– بەدی دەتوانی، هەڵیگرە، جـا ئێـوارێ شـتـێکی خۆشت بۆ دەکرم

– چیم بۆ دەکڕی کاکە گیان؟

کـیـژێک سـاتێکی کـورت هاتە بەر پەنجـەرە، کـاکی هۆشی لەوێ نەما

– چیم بۆ دەکڕی، ها؟

– شتێکی خۆش، ئەتۆ هەڵیگرە دەی، چەلێ زووکە.

مەنجەڵەکەی هەڵگرت و لەشانی ڕەحمانی قایم کرد و سەتڵە خێواوکەکەی دا بەدەست و لەسەری ڕانەوەستا و بەجێی هێشت، دوور و نزیکی پەنجەرەکە بە پەلە دەستی بە مووی سەریدا هێنا و نەختێک بەرگەکانی ڕێکوپێک کرد، کیژەکە جارێکی دی هاتەوە سەر پەنجەرەکە و سەری نەختێک دەرکێشا و ڕوانییە ئەو سەری کۆڵان، سەعید هەنگاوی قـورس و قـایمی هەڵدەگـرت و جـار جـار سـەری هەڵدێنا، لە کـۆڵانەکـە هاتنە دەر، هەتا مـەودایەکی زۆر کاکی هەر ئاوڕی لە دواوەی دەدایەوە، بەرە بەری ئێواری بوو و شـەقامـەکان پڕاوپڕی حەشیـمـەت، سەر لکوپۆپی دارەکـان سەدان چۆلەکە جریوە جریویان بوو و بە فڕە فـڕ لەسەر لکەکان جێ گۆڕکێیان دەکرد، بەلالەکان چی وایان نەمــابوو تەواو بن و خـێــواوکــەکــەش تەواو ڕەش هەڵگەڕابوو و چۆڕێکی دەبنی سەتڵـەکـەدا مـابۆوە، لە چوار چرایە حـەشـیــمـەتێکی زۆر ڕاوەســتــابوون و جەمـاوەرێکی زۆریش لە چوارلایانڕا بەلەز و پەلە بەرەو وێ دەهاتن، سـەعـیـد باوی هەنگاوی خـۆشـتـر کـرد و ڕەحمان بەدوایدا هەڵدەهات

– کاکە ڕاوەستە ماندوو بووم، بەجێم مەهێڵە.

گەیشـتنە شوێنی قەرەباڵغەکە، خەڵک کـیپ و مووبڕ ڕاوەسـتـابوون، سـەعـید بە سمڕ سمڕ خۆی تێ ڕاکرد، ڕەحـمـان دەهاتە سـەر پەنجـان و سـەرە تاتکێی دەکـرد، غەیری شـان و پشـتی ئەوانەی دەوروبەری و بستێک لە ئاسمان هیچی دیکەی نەدیت، چاوی لە سەعیدی دەگێڕا و بانگی دەکـرد، بەڵام لێی دیار نەبوو، گـۆشـەیەک لە مـەنجـەڵـەکەی دیت و بەسـمڕ سـمڕ خۆی گـەیاندە لای، پیـاوێکی بەساڵداچوو ئاوڕی لێدانەوە و بە سەعـیـدی گوت:

– ڕۆڵە ئەو منداڵەت بۆ هێناوە، دەترسێ

سـەعـیـد مـەنجـەڵەکەی لە شـانی ڕەحـمـان توند کـرد و گوتی:

– هەڵێ ئەتۆ بڕۆوە ماڵێ.

بۆ خۆی زۆرتر چووە پێش و لەپێش چاوی ڕەحـمـان بزر بوو، نێــــو نێــــوە یەکــێک لە ئەوانەی دەوروبەری هەناسـەیەکی توندی هەڵدەکـێشـا و سـەری بەردەداوە و دەڕۆیی، ساتێکی کورت ڕەحمان بەکەلێنی خەڵکەکەدا چاوی بە مـرۆڤـێک کـەوت کـە پەتێکی بەملەوە شنداڵ بە ئاسـمــانەوە مــابووە و لەســەرخــۆ دەســووڕا، تەواوی کەواوپانتۆڵی بەری سوور هەڵگەڕابوو، تەنانەت پشتوێنە

سەوزەکەشی سوور هەڵگەڕابوو. بەرەبەری تاریک بوونی گەیشتەوە کوڵانەکەی خۆیان، دەنگی شین و گریان و هاوارێکی زۆر لە ماڵە سەیدزادە ڕا دەهات، بە پەلە چۆوە ماڵ و مەنجەڵ و سەتڵەکەی لە گۆشەیەکی داناو بە هەڵاتن بۆ لای تونگە ماسییەکە چوو، ماسییەکە کەوتبووە سەر پشت و لەسەرخۆ دەسووڕا، بوغز ئەوکی ڕێک گوشی، بەگریان هەڵاتەوە کوڵانەکەیان، جەماوەر هەر دەهات و زۆرتر دەبوون، چاوی بە شەهلای کەوت، لە گۆشەیەکی لە پەنا دیواری ماڵیان هەڵکوڕوشمابوو و سەری بەسەر چۆکیدا گرتبوو دەگریا، بەگریان بۆ لای چوو و گوتی:

– دادە، دادە، ماسییەکەم مردووە.

شەهلا لەگاپۆری دا و بە هەڵاتن خۆی دە حەوشەکەیان هاویشتەوە.

## ڕەگەزە بەرانبەرەکانی نێو چیرۆکی سوور و سەوز
**خەبات ڕەسوولی**
**(بۆکان)**

هەڵبژاردنی ناوی (سوور و سەوز) لەلایەن چیرۆکنووس (کامەران حامدیان) بۆ چیرۆکەکەی بە ڕێکەوت نەبووە و ئاماژەیە بە ناوەرۆکی چیرۆکەکەی. ڕەنگە ئەم ناوە بۆ چیرۆکێک ناوێکی خۆش نەبێ، بەڵام لەو چیرۆکەدا کلیل و ڕەمزی مانایە.

زمانی چیرۆک زمانێکی سادە و ساکارە و چیرۆکنووس هەوڵی نەداوە بە وشەی قورس و ڕستەی چەند مانا سەر لە خوێنەر بشێوێنێ، بۆیە زۆرتر خوێنەر هەست دەکات نووسەر مەبەستێتی بە سادەترین وشە مانا مسۆگەر بکات و خوێنەر لە مەبەستی خۆی ئاگادار بکات.

لە باری تەکنیکییەوە، چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ستوونی دارێژراوە و کەسایەتی ڕەحمان و سەعید ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. چیرۆکنووس هەوڵی داوە کارەکتەری ڕەحمان وەک منداڵێکی پاک و بێ ئاگا بکاتە هەوێنی دڵسافی و بێ گەردی مرۆڤی کورد. ڕەنگە ڕەحمان و ڕووداوەکانی ژیانی ڕەحمان تەنیا تابلۆیەک بن بۆ پڕ ڕەنگ کردنەوەی ڕووداوی لە سێدارەدرانی کوڕی سەیدزادە.

کوڕی سەیدزادە، کە تا کۆتایی چیرۆکەکەش ناوی ڕاستەقینەی هەر بە نەزانراوی دەمێنێتەوە وەک پێشمەرگەیەک کە بە چەکەوە گیراوە و لەناوەڕاستی شار و لە چوارچرا، واتە لە شوێنی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد بەشێوەیەکی نۆستالژیایی- تراژیدیایی لە سێدارە دەدرێ. عەشقی شەهلا بۆ کوڕی سەیدزادە وەک عەشقی کچێکی شەرمن و بێ دەنگی کۆمەڵگەی کوردی نمایش دەکرێ و تراژیدیای چیرۆک بێجگە لە مردنی ماسییە سوورەکە و شەهیدکرانی کوڕی سەیدزادە، مردنی عەشقێکی جوانەمەرگە لەو ناوە. چیرۆکنووس بە هۆنینەوەی کۆمەڵێک وردە ڕووداوی ئاسایی توانیویەتی جیهانێکی بچووک دروست بکات. هەرچەندە ڕەنگە چیرۆکەکە لەتوانایدا هەبێ وەک سکێچی ڕۆمانێک سەیر بکرێ، بەڵام لە ئەنجامدا وەک چیرۆکێکی کورت دەمێنێتەوە.

بە بڕوای زۆرکەس ڕەنگە ئەرک دەستنیشان کردن بۆ ئەدەبیات و دەقی ئەدەبی باوی نەمابێ، بەڵام تیۆری ئەدەبی لە پاش دەق لەدایک دەبێ، کەواتە ئێستا ئێمە لەپاش خوێندنەوەی چیرۆکی (سوور و سەوز) دەتوانین قسە لەسەر چیرۆکەکە بکەین و باس لەو ئامانج و ویستە شاراوەیە بکەین کە نووسەر لە پشت ڕووداوەکاندا خوازیاری گەیاندنیانە.

چەند وردە ڕووداوی لێک گرێدراو هەن کە ئەگەر بمانەوێ لێکیان جیابکەینەوە دەتوانین بڵێین:

١- عەشقی شەهلا و کوڕی سەیدزادە.

٢- ڕەحمان و ماسییەکەی.

٣- سەعید و قلەکەی.

٤- ڕووداوەکانی بەلال فرۆشتن و شکاندنی شووشەی خەڵکی.

٥- لە سێدارەدرانی کوڕی سەیدزادە.

٦- مردنی ماسییەکە

چیرۆکنووس هەروەک لە ناوونیشانی چیرۆکەکەوە کە دوو ڕەنگی سوور و سەوزی بەرانبەریەک داناوە، لە ڕووداوەکانیشدا دووان دووان پێکەوە بەرانبەریان دەکات واتە:

عەشقی شەهلا و کوڕی سەیدزادە= عەشقی ڕەحمان بۆ ماسییەکەی.

عەشقی سەعید بۆ قلەکەی= ڕووداوەکانی بەلال فرۆشتن و شکاندنی شووشەی خەڵکی.

له سێدارەدرانی کوڕی سەیدزادە= مردنی ماسییە سوورەکە.


دیارە ئەو بەرانبەر کردنە تەنیا لە خاڵی عەشقی سەعید بۆ قلەکەیدا بڕێک نارِوونە، بەهۆی ئەوەی کە سەعید بە کاڵی لە چیرۆکەکەدا وێنا کراوە و کارەکتەرێکی هاروهاجی هەیە، هەربۆیە عەشقەکەشی عەشقێکی سەرسەریانە و کۆڵانانە و ڕاگوزەرانەیە.

سەرجەم بەرانبەر کردنەکانی دیکە زۆر ڕوون و ئاشکران و نووسەر بە کەڵک وەرگرتن لە تێکەڵ کردنی ڕەنگی سووری ماسییەکە وەک هێمایەک بۆ شەهیدبوون و مردن و ڕەنگی سەوزی پشتێنی کوڕی سەیدزادە وەک هێمایەک بۆ پیرۆزی و سەرسەوزی ڕێگای شەهید لە دەرئەنجامی لە سێدارەداندا، دوو ڕەنگەکە لێک دەدا و ئامانجی خۆی دەپێکێ.

بەرانبەرکردنی سووروسەوز بە پێچەوانەی هەموو دووانە بەرانبەرەکانی وەکو شەووڕۆژ و ڕەش و سپی و خوداوشەیتان و پاڵەوان و خائین و جوانی و ناشیرینی، دووانەیەکی جیاوازە و چیرۆکنووس باری مانایەکی جیاوازی بەو دوو ڕەنگەداوە. واتە هاوکات یەکتر دەسڕنەوە. یەکتریش کامڵ دەکەن. لە کاتی شەهید کردنی کوڕی سەیدزادەدا ڕەنگی سوور بەسەر سەوزدا زاڵ دەبێ و نوقمی دەکات، بەڵام هەر لەو دەمەدا ئەو نوقمکردنە مانایەکی تر بە سەوزەکە دەدات، واتە شەهید بوون و بە پیرۆزکردنی شەهیدە.

ماسییەکەش لە کاتی شەهیدبوونی کوڕی سەیدزادە دا دەمرێ و عەشقی ڕەحمان لە کاتی ئاگاداربوون بە مردنی ماسییەکە بەرانبەر دەبێتەوە بە عەشقی شەهلا، بێ ئەوەی دەرکێکی هاوبەشیان لە خەمی یەکتری هەبێ و لە ڕاستیدا مردنی ماسییەکە و گریانی ڕەحمان و بەرانبەرکردنی لەگەڵ لە سێدارەدرانی کوڕی سەیدزادە دەبێتە خاڵی کۆمیدیای چیرۆک و دیسان سەرلەنوێ دووانەیەکی دیکە (تراژیدیا- کۆمیدیا) دروست دەکات.

نووسەر لەپاڵ گەیاندنی ئامانجەکەی لە چیرۆکەکەدا، کۆمەڵێک وێنەی ناتۆرالیستی و ڕیالیستی جوانی وەک نیشاندانی ئێوارەیەک، یاری پەڕەسێلکەکان لە ئاسمان و قەرەباڵغی کۆڵانێکی ڕۆژهەڵاتی بە دەنگە دەنگی منداڵان و ماڵو کۆچی دراوسێ و سەوزە چاکردنی ژنان لەبەر دەرکەی ماڵان، توانیویەتی تابلۆیەکی جوان و پڕ لە بیرەوەری و یادگاری بنەخشێنێ.



# سەمەدە شێت

**ڕوئیا مرادی بیرگانی**
**لە فارسییەوە: کەریم سۆفی**

لە گوندی هەمووان بە سەمەد بانگیان دەکرد. منداڵان تۆمترەقەیان لەپشت سەریەوە دەتەقاند، لە دەوری خڕ دەبوونەوە و چەپڵەیان لێ دەدا «سەمەدە شێت، سەمەدە شێت...» لەوانیش گەورەتر جوێنیان پێ دەدا، بەردیان تێ دەگرت و بۆ ئەوەی لە ماڵەکانیان، یان دوکانەکانیان دووری بخەنەوە، بەداران دەکەوتنە دوای! ئەوان دەیانوت: «بەدیۆمە، بینینی ئەو بەدبەختی دێنێت.»

پیرەژنانی گوندی، ڕەژوویان لەدوای فڕێ دەدا! بەڵام هیچ کەس زاتی ئەوەی نەبوو لێی نزیک بێتەوە. هەندێکیان دەیانوت: ئەجندە دەستیان لێ وەشاندووە! هەندێکیشیان دەیانوت: عاشق بووە! کاتی خۆرئاوابوونان ئیدی کەس ئیشی بەو نەبوو. ڕەنگە هۆیەکەشی هەر ئەوە بووبێت کە لە تاریکی شەو دەترسان! یان دەیانزانی کاتی خۆرئاوابوونان هێمن دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە چیای. هیچ ئیشیان پێی نەبوو. شوانکارەیەک دەیوت زۆر بەهێزە، ئەو هەتا سوێندی دەخوارد بەچاوی خۆی بینیویە کە سەمەد لەگەڵ ورچان بەشەڕ دێت و دەیانکوژێت! هەر چۆنێک بێت، تائێستا کەس نەیبینیبوو کە سەمەد ئازاری کەس بدات. هیچ کەس نەیدەزانی لەکوێ هاتووە و دایک و باوکی چ کەسانێکن؟ خەڵکی هەروەختێک دەیانبینی، دەستیان لە ئازاردان و گاڵتەپێکردنی هەڵنەدەگرت! لەگەڵ ئەوانەش هەموویدا، سەمەد هەر لەگوندی مابووەوە، بەڵام زیاتر لە چیا بوو. وەختێ کە دەهاتە ناو گوندی، بێ ئەوەی زەین بداتە هیچ شتێک لەناو گوندی دەگەڕا، دەنگێکی قەبەو کەرخی هەبوو! چاوەکانی سەوزێکی کاڵ و درێژووکانی بوون و سەر و ڕیش و سمێڵە درێژ و تێکەڵاوەکەی، ڕەنگێکی قاوەیی تاریان هەبوو.

جگە لە گوڵنار، هەموو خەڵکی ئازاریان دەدا! گوڵنار کیژی کوێخابوو، گوڵنار نەوەی ئەو ژنە ڕەوەندە بوو کە کوێخا بە ئاشقاتییەکی ئاگرین هێنابووی! دایکی گوڵنار چەند ساڵێک پێشتر کۆچی دوایی کردبوو، ئەویش بەتەنیا لەگەڵ باوکی دەژیا.. گوڵنار تەمەنی ١٥ ساڵ بوو، ئەگەرچی هێشتا بەژن و باڵاشی دەرنەکردبوو، بەڵام زۆر داخوازی

دەهاتن. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کەکیژی کوێخا بوو ئەم هەمـــوو داخــوازیکەرانەی هەبوو. ڕەنگە زۆریش لە داخوازیکەرەکان بەهۆی دڵڕفێنی چاوە گەورە و ڕەشەکانی و برژانگە درێژ و کـــــەپر ئاســـــایی و نیـکا ناسـک و نازدارەکانییەوە بووبێت.

هەندێ جار کاتی خۆرئاوابوون، ئەوکاتەی کە سەمەد بە بەردەم مـاڵی کـوێخـا ڕەت دەبوو، گـوڵنار لە پەنجـەرەوە نانی بۆ دەهاویشت. سەمەد لە هەمان شوێن دادەنیشت و نانەکەی دەخـوارد. گـوڵنار هەمـیـشـە لە پشت پەردەوە تەمـاشـای دەکرد. گـوڵنار لەو باوەڕەدا بوو کـە سـەمـەد شێتێکی ئازاد و بێ ئازاریشە. ئەو دڵی پێی دەسووتا.

ئێوارەیەکی ساردی پاییز کە هێشتا کوێخا لەناو باغ نەگەڕابووەوە! گوڵنار تەنیابوو، دڵی زۆر تەنگ بـوو: سـەمـەد لە دوورەوە دەهات و گـوڵناریش پەنجـەرەی کردبووەوە و تەماشای دەرەوەی دەکرد. یەکەمین جاری بوو کـە نانی بۆ سـەمـەد دەهاویشـتـە خـوارەوە! دیاربوو حەوسەڵەی هیچی نەبوو! دەستـەکانی خستبوونە ژێر چەناگەی و چاوی بڕیبووە دەرەوە. چاوی لەو درەختانەی بەرانبەری بوو کـە گـەڵاکـانیـان لەبەردەم تەوژمی بای پاییزدا دەلەرزین، لەهیکەوە سەمەدی بینی کە لەهەمان شوێن لەژێر پەنجەرەکەوە ڕاوەستاوە. وەک بڵێی لەسەر زەوی بەدوای ناندا بگەڕێت! وەختـێ کـە هیـچی نەدۆزیبیەوە، تەمـاشـای دەوروبەری خـۆی کـرد و پاشـان سەری هەڵبڕی، گوڵناری بینی و چاوی تێبڕی! گوڵنار کەمێک ترسا، بەڵام نەدەکرا هیچ شتێک لەچاوەکانی سەمەد بخوێنێتەوە! ئەو تەماشای دەکرد، بەڵام وەک بڵێی نەیدەبینی! گوڵنار کەمێک بۆ دواوە کشابووەوە و تەماشای ئەوی دەکرد، هەروەها سەمەدیش چاوی لەسەر ئەم هەڵنەدەگرت. گوڵنار پەردەکەی دادایەوە و ڕۆیشت.

لەو ڕۆژیەوە ئیدی گوڵنار نانی بۆ سەمەد نەدەهاویشتە خـوارێ، حـەزی دەکـرد ئەو بەدوای ناندا بگەڕێ و تا ئەوکـات سـەری هەڵبڕێ و تەمـاشـای ئەو بکات. ئەو لەهەمان شوێن دەوەستاو تاوێک تەماشای چاوە سەوز و درێژووکانی و کزەکانی سەمەدی دەکرد و ئینجا پەردەکەی دادەخست و دەڕۆیشت.

کـە خۆرئاوا دەبوو، دڵی گـوڵنار لەنێـو سـینەی پەڕ و باڵی لێک دەدا! تاسە و ئارەزوویەکی دڵڕفێن لەناخیـدا دەخـرۆشـا! وەختـێ سـەمـەد دوور دەکـەوتەوە و ئەویش دەچووە سەر جێگا و بالینگای خۆی، لێفـەکەی بەسەر سەری خۆی دادەدا و نقوومی نێو خەونەکانی خۆی دەبوو. کێ بڕوای دەکرد کە گوڵنار عـاشقی سەمەد بووە!؟ ئەگەر کوێخا بەمەی دەزانی، لە خەمان دیقی دەکرد! خەڵکیش گـاڵتـەیان پێ دەکرد. ئەو سەمـەدەی کـە لەهیچ شـتـێک نەدەگەیشت، بەڵام گوڵنار عـاشقی بوو! عاشق و شەیدای سەمەدە شێت ببوو!!

گـوڵنار ئەوی لەگـیـانی خـۆی زیاتر خـۆش دەویست. لەگەڵ تێپەڕینی هەر ڕۆژێکدا، ئاگری عیشقـەکەی زێتر دەبوو. کەسەمەد درەنگ دەهات، ئەو سەری بە دیوارەکە دەکـرد و دەگـریا، تا سـەمـەد نەهاتبـایە، گـوڵنار ئۆقـرەی نەبوو. کـوێخـا کەمـتر لە مـاڵێ بوو، بەڵام کـە لەمـاڵیش بووایە، لە بێ دەنگی و ماتییە سەر سەختانەکەی گوڵنار بێ تاقەت دەبوو. ئەوەندەی کوێخا لێی دەپرسی، کەمتری بۆ دەردەکەوت کـە کچەکەی بە چ شـتـێکەوە دەتلێـتـەوە! ئەگـەر زیاتریش پێی داگـرتبـا، ئەوکـات گـوڵنار قـەهری دەخوارد و دەگریا. بیـانووی بە هەمـوو شـتـێک دەگرت و لەتامی دەربردە دەر، بەڵام کــاتێ ســەمــەد لەچیــاوە دەگـەڕایەوە ناو گـوندی، ئەو بە بینینی ئەڤـیندارەکـەی دڵخـۆش دەبوو، وەخـتـی خـۆرئاوابوون بە کـۆڵانێ ڕەت دەبوو، لەو کـاتیـدا قـسـەی بۆ باوکی دەکـرد و چیـرۆکی دەگـێڕایەوە! ئا لەو کـاتیـدا گـوڵنار بە ڕادەیەک دڵسـۆز و مـیــهــرەبان دەبوو، باوکی لەبیــری دەچوو کــە ئەوە گوڵنارەکەی دوێنێیە!

سێ مـانگ بەسەر ئەو ڕۆژەدا ڕابرد، گـوڵنار شەوو ڕۆژ لە بیــری ســەمــەددا بوو. لەم بیــرکـردنەوەیدا ئازاری دەچێـشت کـە بۆچی خـەڵکی ئازاری سـەمـەد دەدەن و ئەوکــات دڵی تەنگتــر دەبوو! ئەو حــەزی دەکــرد کــە سـەمـەدیش وەکو هەمـوو خـەڵکی گوندی سـاغ و سـەلیم بووایە و کـەسـیش گـاڵتـەی پێ نەکـردبا، خـۆزیا شـێت نەبووایە! ئەوکـات شووی پێ دەکرد و سـاڵانێکی دوور و درێژ لەگــەڵی دەژیا. جلوبەرگــەکــانی پینە دەکــرد و دەیشـووشتن، خـواردنی بۆ لێ دەنا و مـاڵەکەی بۆ گێسک دەدا، دنیای عیشقی خۆی بۆ دەکردە قوربانی و نەوەی بۆ دەخستەوە، وەختێ بیری دەکەوتەوە کە سەمەدەکەی شێتە و هەرگـیز نازانێت کە ئەم بەم جۆرە بەگـیـان و دڵ خۆشی دەوێت، هەموو گیانی خەم دایدەگرت!

ئێـوارە بوو، گـوڵنار لە گـەرمـاو دەگـەڕایەوە، بوخـچـەی جلوبەرگـەکـانی خـۆی پێ بوو، قـژی خـۆی کـردبووە دوو کـەزی گەورە. کـە گـەیشـتـەوە مـاڵێ، سەمـەدی بینی کـە سەری خۆی هەڵبڕیوە و سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی ئەو دەکـات! یەکـەمین جـار بوو کـە بەو ڕادەیە نزیک، لە تەنیشت سەمەد دەوەستا، دەستەکانی دەلەرزین، هەنیەی ئارەقەی کردبوو، بوخچەی جلوبەرگەکانی لە دەست کەوتە خوارەوە، سەمەد لەگەڕایەوە و تەماشایەکی ئەوی کرد.

مــاڵی کــوێخــا، لەمــاڵەکــانی تر زۆر دوورتر بوو، کـەوتبووە نزیک داوێنی چیا. گوڵنار ئەگەرچی لەناخی دڵەوە سـەمـەدی خـۆش دەویست، بەڵام زۆر ترسـابوو، بە

زەحمەت تفی پێ قووت دەدرا، کەچی دڵی هەر لەلای دیداری ئەڤیندارەکەی خۆی بوو. سەمەد بە هەنگاوی لەسەرەخۆ هاتە پێش و لەبەرانبەری وەستا! چاوە مەنگەکانی سەمەد و جەستە بەتینەکەی و بەژن و باڵا بەرزەکەی، دڵی گوڵناریان دەرفاند، هەردووکیان بەسەرسامییەوە چاویان لە یەکتر بڕیبوو! سەمەد دەستی خۆی بۆ لای گوڵنار درێژکرد، گوڵناریش لە ترسان هەنگاوێک بۆ پاش کشایەوە، بەڵام سەمەد لە هەمان شوێن وەستا. دەستەکەشی هەروەکو خۆی بۆ لای گوڵنار درێژ کردبوو، وەک بڵێی دەرۆزە بکات. گوڵنار تێگەیشت کە دیارە وەک پێشتر نانی دەوێت. بەخێرایی بۆ ماڵەوە چوو، چەند لەتە نانێکی دەست دایە و بە ڕاکردن هاتە دەرەوە و لەناو دەستی سەمەدی نا. وەختێ سەمەد نانەکەی وەرگرت، پەنجە زبر و درەکانی پیاوانەی وەبەردەستی نەرم و ناسکی گوڵنار کەوت. سەمەد لە شوێنی خۆی دانیشت و بەهەشتاوی دەستی بەنانخواردن کرد! گوڵنار تەماشای دەکرد. دوای تەواوکردنی نانەکە، سەمەد بێ ئەوەی تەماشای گوڵنار بکات، هەڵساو ڕۆیشت. لە ڕۆژی پاشترەوە گوڵنار هەموو ڕۆژێک بۆ چاوەڕوانی کردنی سەمەد، لە دەرەوە دەوەستا. گوڵنار خواردن و ئاوی بۆ دادەنا و ئەویش ئەگەر برسی بووایە، دەیخوارد، دوای ماوەیەک ئیدی گوڵنار ترسی لە سەمەد شکا، هەر وەختێ سەمەد دەهات، گوڵنار لەبەر دەرگا ڕادەوەستاو تەماشای دەکرد. سەمەد هەندێ جار سەری قیت دەکردەوە و تەماشایەکی گوڵناری دەکرد. چاوە سەوز و کزەکانی سەمەدە شێت، ترسناک بوون، نیگای چاوە ڕەشەکانی گوڵناریش تژی لە عیشق و شەرم بوون!

ڕۆژەکان تێدەپەڕین، سەمەد هەندێ جار شتێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا، جارێکیان مله شەربەیەکی شکاو، یان خرپلەیەکی بەتاڵی دەدۆزییەوە و لەبەر پێی گوڵناری دادەنا! ڕۆژێکیان سەیرەیەکی(*) هێنا، باڵندەکەی بەرادەیەک لەناو دەستەکانیدا وا توند کوشیبوو، باڵندەی بێ چارە لە گیانەڵا دابوو، لەبەرپێی گوڵناری بەرەڵڵا کرد، باڵندەی بەستەزمان چەند جارێک پەڕ و باڵی لێک دا و پاشان مرد. گوڵنار خەفەتی خوارد و فرمێسک لەچاوانی ڕێچکەی بەست. سەمەد بە بینینی فرمێسکی گوڵنار، ترسی لێ نیشت، پاشان باڵندەکەی هەڵگرتەوە و بەخێرایی ڕۆیشت. لەو ڕۆژیەوە سەمەد ئیدی هیچ شتێکی بۆ گوڵنار نەهێنا.

ڕۆژێکیان سەرەتای زستان بوو کە سادقی خوارزای باغەوانی کوێخا، تازە لە سەربازی گەڕابووەوە، لەگەڵ خاڵۆی بۆ خوازبێنی گوڵنار هاتن، هەڵبەتە کوێخاش بەم پێوەندییە دڵخۆش و ڕازی نەبوو! ئەو ڕۆژەی کە ئەوان بۆ خوازبێنی هاتبوون، گوڵنار ملوانکە یادگارییەکەی دایکی لەملی خۆی کردبوو، تروسکەی درەوشانەوەی بێ وێنەی ئەو ملوانکە بەهادارە، لەچاوی سادقی چەقیبوو!

ڕۆژی پاشتر، دەوروبەری خۆرئاوابوون، سادق بەخۆو بە تفەنگە پێنج خۆرەکەی لەڕاو دەگەڕایەوە. کە تەماشای ماڵی کوێخای کرد، بینی گوڵنار لە دەرەوە ڕاوەستاوە. گوڵنار کراسێکی سووری گوڵداری لەبەردابوو، لێچەکە سەوزە بە پوولەکەکانیشی لەو کاتەی خۆرئاوابووندا، وەک ئەستێرە بچووکەکان دەترووسکانەوە، سادق وای زەن کرد کە گوڵنار لەچاوەڕوانی کوێخا دایە. تەنیا دەنگی حەپەحەپی سەگان دەهاتە بەرگوێ. هیچ کەسێک لەو دەوروبەرەدا نەبوو! سادق دەیویست بڕوات، بەڵام نەیدەتوانی دەست لە گوڵنار بەردات، پێیەکانی یارمەتیان نەدەدا. ملوانکە زێڕەکەی گوڵناری کەوتەوە بیر! لەبەر خۆیەوە لێکی دایەوە کە دوای دزینی ملوانکەکە، بەرەو کێو ڕابکات و شار بەجێ بهێڵێت!! بۆ کابرایەکی وەکو ئەو، هیچ شتێک نەبوو، نەکرێ! بەچەند هەنگاوێک خۆی گەیاندە گوڵنار.

گوڵنار قیژاندی و هەوڵی دەدا لەدەستی ڕزگار بێت. لە پرکێش پرکێشدا بوون، نائومێدانە هاواری دەکرد.. بابە.. بابە... لە هیکەوە دەستەکانی سادق شل بوون! کە سەری هەڵبڕی بەزەحمەت هەناسەیەکی هەڵکێشاو کەوت.

گوڵنار سەمەدی بینی کە تەماشای ئەودەکات، تفەنگە پێنج خۆرەکەی سادقیشی لەناودەستی بوو! گوڵنار تەماشایەکی سادقی کرد کە خوێنی لە زاری هاتبووە دەر و چاوەکانیشی بەکراوەیی لەمۆڵەق مابوون. گوڵنار دەیزانی ئەگەر کەسێک ئێستا بگاتە سەریان، سەمەدی دەکوژن... ئیدی بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی «سەمەد چیت کرد؟ برۆ، سەمەد ڕاکە!؟» بەڵام سەمەد جووڵەی نەکرد! گوڵنار هەڵسایەوە و تفەنگەکەی لێ وەرگرت، سەمەد بێ سێ و دوو تفەنگەکەی پێ دا. گوڵنار هاواری کرد: «برۆ... سەمەد برۆ دەتکوژن.. تێدەگەی، برۆ...!» ئەو ترسی دەدایە و بەسەریدا دەیقژاند، بەڵام سەمەد بە میهرەبانییەوە تەماشای گوڵناری دەکرد. گوڵنار دەیزانی کەوا خەریکە درەنگ دادێت و دەبووایە بەهەر شێوەیەک بێت سەمەد لەو ناوە دوور بخاتەوە، کەچی نەیدەزانی دەبێ چۆن دووری بخاتەوە!؟ لێی چووە پێش و بەتوندی شەپازللەیەکی لێ دا، سەمەد چاوەکانی خۆی قوچاند و دووبارە کردییەوە. گوڵنار سەمەدی دەترساند و ئەویش دەکشایەوە، بەڵام هەر بەسەرسامییەوە تەماشای گوڵناری دەکرد. گوڵنار پەلە بەردێکی دەست دایە و بەرەو ڕووی هاویشت «ون بە.. ون بە.. شێتە... سەمەد بۆ خاتری

خوا.. برۆ...؟» لە دوورەوە دەنگی تەقەقە دەهات، گوڵنار نەیدەزانی چی بکات، یەکسەر دەستی خستە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکە و لەبن دەست و پێی سەمەدی تەقاند... ئیدی سەمەد ڕۆیشت.. فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس ما! بڕوای نەدەکرد... تەماشای گوڵناری کرد.. ئێستا فرمێسکەکانی داباریبوون. ئیتر ماوەیەک بەسەر دەنگی تەقەقەکەدا ڕەت ببوو، شوانکارەکان لەگەڵ هەڵلاڵاکردن و هاوارکردن بەرەو ئەوێ ڕایان دەکرد. گوڵنار ناچار بوو بەتفەنگەکەی سادق، نیشانە لە سەمەد بگرێت! هەنگاوێک کشایەوە دواوە و گوللەیەک بەدەستی سەمەد کەوت، سەمەد لە حەژمەتان لەدەوری خۆی وەرسووڕا، شوانکارەکان بینییان پیاوێک خەریکە بەرەو چیا ڕا دەکات، بەڵام کەس نەیناسی، گوڵنار لەولاوە بێ هۆش کەوتبوو، لاشەی بێ گیانی سادقیش لەولاتر بوو.

سەرلەبەیانی خاڵۆی سادق و چەند کەسێکی تر بەدوای بکوژی سادق ڕوویان لەچیا کرد، هەموویان لەو بڕوایەدا بوون کە سادق بۆیە کوژراوە، چونکە هەوڵی داوە گوڵنار لەچنگی دز ڕزگار بکات!

هەفتەیەک ڕابرد، دوو هەفتە ڕابرد.. بەڵام سەمەد هیچ هەواڵێکی نەبوو! گوڵنار شەوان فرمێسکی بۆ دادەباراند و نەفرەتی لەخۆی دەکرد کە بۆچی ئەو گوللەیەی لەسەمەدی گرت؟ هەندێ جار فرمێسکەکەی سەمەدی بیردەکەوتەوە و لەپڕمەی گریانی دەدا! خەم و خەفەت هەموو ڕۆژەکانی گرتبوو، هەر کاتێ گوڵنار دەستە خوێناوی و نیگا پڕ لە میهرەکەی سەمەدی بیر دەکەوتەوە، فرمێسک لە چاوانی جۆگەی دەبەست. گوڵنار وای زەن دەکرد کە لەوانەیە هەرگیز نەیبینێتەوە! توانای بەرگە گرتن و ئارامی گوڵنار کۆتایی هاتبوو. کە گوڵنار ڕێی چیای گرتەبەر، کوێخا لەگەڵ کازیوەدا بۆ سەر زەوی خۆی چوو بوو، گوڵنار بێ پسانەوە بەرەو چیا دەڕۆیشت و هەر بانگی سەمەد، سەمەدیشی دەکرد... دنیا خەریک بوو تاریک دادەهات، بەڵام گوڵنار هەر دەڕۆیشت. جار جارە دەکەوت و هەڵدەستایەوە.. بەهۆی چڕی و پڕی ئەو پنچکە گیاو دڕک و داڵەی کە ڕێی سەرکەوتنەکەی گرتبوو، دەستەکانی بریندار ببوون، پێیەکانی ببوونە پۆرگە و خوێنیان لێ دەچۆڕا.

بۆ گوڵنارێکی بچکۆلەی ناسک، ئەو هەموو ڕێیە زەحمەت بوو، ئیتر ئەو خۆی گەیاندبووە ترۆپکی چیاکە، بەزەحمەت هەناسەی دەدا، توانای لەبەربڕابوو، بەڵام هێشتا بەردەوام هەر بانگی سەمەدی دەکرد، تەماشای هەموو لایەکی دەکرد، هەناسەی تەنگ ببوو، ئەم جارەیان بەدەنگێکی لەسەرەخۆ بانگی سەمەدی کرد. گوڵنار ترسی لێ نیشتبوو، چونکە خۆر لەو دیوی چیا ئاواببوو. تاریکی هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. سۆزێکی سارد جەستەی خستبووە لەرزین. ترس و لەرز دڵی بچووکی داگرتبوو، پێیەکانی ئیتر لەدوو نەدەهاتن.

چەند هەنگاوێک چووە پێشتر و بە نائومێدییەوە دیسان بانگی سەمەدی کرد! لەولای چیاکە، خەرەندێکی قووڵ هەبوو، هاشە هاشی ئەو ڕووبارەی دەهاتە بەرگوێ کە بەناویدا ڕەت دەبوو. سەری دەسووڕاو گێژ ببوو، ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام پێی لەبەردێک گیربوو، هەڵخلیسکاو خزی! هاواری کرد «بابە... بابە..» بەڵام چیا بەزەیی نەبوو!

* * *

مانگی کانوونی دووەم بوو، کە سەمەد گەڕایەوە گوندی، ئەو لەژێر پەنجەرەی ژووری کوێخا ڕادەوەستا، وەک بلێیت چاوی لەڕێی شتێک بێت! پێدەچێت چاوەڕوانی کەسێک بێت! ئێواران تەماشای پەنجەرەی دەکرد. چاوەکانی ئەو مەند و بێ قسە بوون، هەر وەختێ کوێخا بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، ئەوی دەبینی. کوێخا هێمنانە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕی، ئەویش غەمبار بوو، جلوبەرگێکی ڕەشی پۆشیبوو، توانای هیچ کارێکی نەبوو، ئەو شەوی بەفرێکی سەخت دەباری، بۆ بەیانی کە کوێخا لەماڵ هاتەدەر، ئەوی بینییەوە کە لە هەمان شوێن لەژێر پەنجەرەی ژوور دانیشتبووە، لەجێی خۆی بەستبووی، وەک بلێیت هێشتا ئومێدی کەسێک لە چاوەکانیدا دەبینرا. هەورێکی توند ئاسمانی گرتبووەوە، ئەوکاتەی کە بەخاکیان دەسپارد، باران دەباری، ئەویش هیچ کەسی نەبوو کە فرمێسکێکی بۆ بڕێژێت.

**سەرچاوە:**

**صمد دیوانە (مجموعە داستان)، رویا مرادی بیرگانی، چاپ اول، زمستان ١٣٧٧، چاپخانە محمد.**

**(*) سەیرە: باڵندەیەکی بچووکی دەنگ خۆشە، بە چۆلەکە و بلبل دەچێت.**



## ئەنوەر قادر محەمەد:
## کە قسە و کردەوە تەبا نەبوون، بانگەشەی بەر سێبەر بەهایەکی نییە.. چەندیش بچینە تەمەنەوە، یادەوەری منداڵی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە

**(١ – ٢)**

**هەڤپەیڤین: عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

ئەنوەر قادر محەمەد کە لە دوو قۆناغی جیاوازی دیکەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا، بە «ئەنوەر قەرەداغی» و «ئەنوەر جاف»یش ناسرابوو، لە بەرجەستەترین قۆناغی ناسراویدا، کە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستکارانەی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بوو، پارچە شیعری «چۆن کپ ئەبم» و هەموو کۆمەڵە شیعری «زریان» ببوونە ویردی سەر زمانی ڕۆشنبیرانی گەلێکی تا سەر ئێسقان بریندار، پاشان لە تاراوگەدا ئەو ئەزموونە لە کەفوکوڵی لاوێتییەوە، بەرەو ڕامان و قووڵبوونەوەی ژێر کاریگەریی نیمچە سۆفییانەی جیهانێکی چەند لایەنە لە «زایەڵە»دا، دوا ڕەنگڕێژیی ئەزموونێکی قووڵتر، بەڵام پەناگرتوو و گۆشەگیر لە «زەنوێر»دا هەنگاوی ناو تایبەتمەندییەکانی چڕتر کردەوە و بەمەش ئەرکی ڕەخنەگری سەختتر کردەوە.

لە وەرگێڕانیشدا، لە سەرەتاکانی وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە و بۆ عەرەبی و پاشتریش لە زمانی فارسییەوە و پاش ئەوەش لە هەردوو زمانی ڕووسی و سوێدییەوە، هەنبانەیەکی دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگی بۆ عاشقانی شیعری و ئەدەبی منداڵان و لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنە و بەپێز بەجێ هێشت و چاوەڕوانیش دەکرێ ئەو کەلێنەی لەلایەن ئەمەوە، لەو بوارەدا پڕ کراوەتەوە، زیاتر و قووڵتریش بێت.

ڕێڕەوی زانستی ئەمیش، لە هەردوو قۆناغی ماستەر و دوکتۆرادا، جگە لە فێربوونی باشی ئەو دوو زمانەی ئاماژەیان بۆ کرا، ئەو بوارانەی لەو دوو قۆناغەدا بواری لێکۆڵینەوەی بوون، جگە لەو بەرهەمە جیاواز و گرنگەی «لیریکای شیعری مەولەوی– دکتۆرانامەکەی»، ئاشناییەکی گەورە و قووڵی ئەویش لە کۆمەڵێک بواری گرنگی کوردۆلۆژی، بەرهەمی چەندین ساڵی ژیانی تاراوگەن لە ڕووسیا و سوێددا.

زۆر بە کورتی، ئەمە پوختەی پیاوێکە بۆ مەبەستێک ژیاوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە چەند وێستگەیەکی ئەو ژیانە.

* با لە منداڵییەوە دەست پێ بکەین، تۆ منداڵێک بووی، لە شێوەیەکی تایبەت و لە بوارێکی تایبەتدا، لەو بوارەدا باسی چەند هێمایەک و چەند کەسایەتییەک دەکەین لەوانە باوە گەورەت- مامۆستا مەلا قادری سۆفی، دەکرێ باسی باوە گەورە بکەیت و بزانین کێیە و چ کاریگەرییەکی بەسەر منداڵیتەوە هەبووە؟

- دیارە یادەوەریی منداڵی- یادەوەریی کۆن، چەندێ مرۆڤ بچێتە تەمەنیشەوە، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە، تەنانەت لە زۆر شتی ئانی و ئێستایش زیاتر... من لە «عەربەت» لە دایک بووم، ئەوەی کە لە منداڵی زۆر زوو دێتەوە یادم: باوکم لەوێ مەلا بوو، مەدرەسەی هەبوو، هەم موحازیریش بوو لە قوتابخانەکەی ئەوێدا. یەک دوو ماڵمان کرد تا خانووی خۆمان دروست کرد. ئەو دەوروبەرەم دێتەوە یاد.. ماڵەکەمان لە تەنیشت مزگەوتەکەوە بوو، دوو نهۆم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە عەربەت وشک و گەرمەسێر تەبییەت بوو، ئەو ناوە باخ و ساباتی بە دەورەوە بوو. ماڵی ئێمە وەکو پوورەی هەنگ وابوو، ماڵێکی میواندار و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێگە و ڕێگەدار بوو.. من کوڕە گەورە و نۆبەرەی ماڵی خۆمان بووم. بێ گومان جۆرە ناز و بایەخێکی بە گوێرەی توانایان پێداوم، ئەمەش هەستی جۆرە جیاوازییەکی لا دروست کردووم، دیارە نەک بە مانایەکی خراپ و نەرێنی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لام وابێ، کارێکی باشی کردبێتە سەر خەملاندنی منداڵیم. هەرچی کاریگەریی باوە گەورەشمە، ڕاستییەکەی من شێوازیم نایەتەوە یاد. ئەو منی بەناوی کوڕی یەکێک لە شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانەوە ناو ناوە کە زۆر ئاشنابوون، زیاتر لە ڕێگەی دایکم و باوکمەوە باسی کەسایەتی باوە گەورەمم بیستووە. دەتوانین بڵێین ئەو لای من (هالە)یەک بوو لە پیرۆزی و قودسییەت و تەنانەت لەو تەمەنەشدا هەستم بە جۆرە شانازییەکی سەر بە ئەو بوون، دەکرد. باوە گەورەم مرۆڤێک نەبوو، تەنیا زانا و ئاییندار بێ، بەڵکو لەناو کۆمەڵدا کەسایەتییەکی بەرز و کاریگەری هەبوو. هەمیشە لایەنی هەق و دادپەروەری و هەژارانی گرتووە... بەگزادە و دەسەڵاتداران ڕێزیان لێ گرتووە و سامی ئەمیان لە دڵدا هەبوو.. زۆر شتی تریشی لێ دەگێڕنەوە، کە دەچێتە جوغزی میتافیزیکاوە، هەروەها



**ئەنوەر قادر جاف و برایی برای**
**بەغدا، شەقامی کیفاح - ١٩٧٠**

ئەو بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوە و تەنانەت خەرجی فەقێکانیشی زۆرجار لە باخەڵی خۆی داوە. حکوومەت چەند جار مووچەیان بۆ بڕیوەتەوە، بەڵام ئەو ڕەتی کردۆتەوە.. ئەم شتانە هی دنیایەکی ئیدیاڵین.. شوێن هەڵکەوتی ماڵی باوە گەورەم لە گوێی چەمی خوڕی بانیخێلاندا و بە قەد کەژێکەوە بوو، لە پاڵ مزگەوتێکدا- کە خۆی هاتبووە ئەوێ بۆیان دروست کردبوو- هەر سەرت بەرز دەکردەوە، ڕووباری سیروانت دەدی چۆن بەسام و جوانییەوە بەرەو خوار دەڕۆیی، بەتایبەتی کەشوهەوای شەوانی ڕەمەزان و جەژن لەماڵی باوە گەورەم، جۆرە سیحر و خۆشییەکی سەیری دەدا بە دنیای بێگەردی منداڵیم، کە لە شیعر و شیعرییەتەوە زۆر نزیک بوون..

* ئەی زیاتر دەربارەی باوە گەورەت- مامۆستا مەلا قادری سۆفی چی دەڵێی؟

- باوە گەورەم، کەسێک بووە لەوانەی بە قەولی گۆران: «وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن...» کوڕی پیاوێکی فەللاح لە گوندێکی چەپدەستی وەک «ژاڵەناو»ی سەر سیروانەوە ڕووی کردۆتە «بیارە» کە یەکێک بووە لە مەڵبەندە زانستییەکانی ئەو سەردەمە و توانیویەتی ببێ بە زانا و کەسیەتییەکی پایەبەرز و ڕێز لێ گیراو.. هەمیشە لای من ئەم جۆرە سیما و باڵایانە خۆشەویستترن، کە بە «زەبری کۆششی زاڵ»یان دەگەنە لووتکەی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان.. لەو سەرەتایەدا و دوای خوێندن تەواو کردن، سلووکی سۆفییانەی کردووە و هەر نەیویستووە

ماڵ و خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام دوایی شێخەکانی هەورامان قەناعەتیان پێکردووە.. بەخزمەتی شێخی گەورەی بیارە- شێخ عومەر (ضیاءالدین) گەیشتووە و لەگەڵ شێخ عەلائەدین و بەتایبەتی شێخ نەجمەدیندا، پێوەندی بە هێز بووە.

باوە گەورەم کە دواتر گەڕاوەتەوە زێد و ناوچەکەی خۆی لای حوسێن بەگی جاف ڕێزی زۆری هەبووە، هەرچەندە دواتر جۆرێک لە ساردی کەوتۆتە نێوانەوە و باوە گەورەم چۆتە بانیخێلان، کە ئەوێش موڵکی حەسەن فەهمی بەگی جاف بووە، بەڵام هەمیشە ئەو ڕێز و دۆستایەتییە بەردەوام بووە، کوڕەکانی حوسێن بەگی جاف خالە عەلی بەگ و ئەوان خاڵی شیری منن..

مەلا قادری سۆفی، پیاوێک بووە، ئاسۆی بیرکراوە، پیاوێکی سەر ڕاست و قسە لەڕوو، دژی زوڵم و زۆر بووە لە هەر کەسێکەوە بێ.. بەهەشتی کاک فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس جارێک گێڕایەوە، وتی: مامۆستا لەماڵی ئێمە بوو لە بیارە، باسی زوڵم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ دەکرا، ئەمیش بە تەبیعەت بە پەلە قسەی دەکرد، وتی: مەلا کەریم! مەلا کەریم! ئەم دەرەبەگانە زۆردارن و دەبێ ڕیشەیان لەبن دەربێ..! ئێوە دەزانن، هەندێ لە مەلاکان هەڵوێستی پێچەوانەی ئەمەیان هەبووە و چاوپۆشییان کردووە و لایەنی دەسەڵاتدارانیان گرتووە. بێ گومان ئەم هەڵوێستەی باوە گەورەم، هەڵوێستێکی زادەی ئایینی ڕاستەقینە و بە تایبەتیش گیانە سۆفییەکەی بووە.

لە ڕووی زانستیشەوە، مەدرەسەیەکی ئاوەدانی هەبووە و فەقێ لە هەموو سووچ و قوژبنێکی هەردوو کوردستان: گەرمێن و کوێستانەوە ڕوویان تێکردووە، تەنانەت هەندێ فەقێ لە دوا پلەدا هەر بۆ مووبارەکی هاتوون لای ئەم ئیجازەی دوازدە عیلمیان وەرگرتووە.. گەلێ مەلای چاکی دوارۆژی خوێندەوار فەقێی باوە گەورەم بوون، لەوانە یەکێک لە هەرە (نالی) ناسە بەناوبانگەکان- مەلا فەتاحی کاگردەڵی، کە دەسنووسەکەی بەسەرچاوەیەکی هەرە گرنگ و بایەخدار دادەنرێ.. دیارە ئەم کەسایەتییە چ بۆ سەردەمی منداڵی و چ بۆ دواتریش و تا مردنیش، لای من هەر تیشکدانەوەی فەڕ و نوور و خێر دەبێ بۆ ژیان و کاروبارم.

**دوا ساڵی شۆڕش، ساڵێکی دەوڵەمەند بوو بە هەموو شین و شادییەکی خۆیەوە.**

* بەدەر لەو پەیوەستییەی کە زیاتر لە شانازییەوە سەرچاوە بگرێ، یان لە هەر شتێکی دیکەوە.. گیانێکی سۆفیگەری لە تۆدا هەیە، تەسەوری ئەوە ناکەی بەشێکی هەرە قووڵی ئەو سۆفیگەرییە لە ئەوەوە هاتبێ؟ هەرچەند ڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانە و هۆشیارانەتدا ئەو کاریگەرییەی نەبووە؟ ئاشکرایە بەشێکی ئەو هێزوشکۆی کاریگەرییەی ئەویش- وەک هەموو کەس دەزانێ- لە تەسەوفەکەیدا بووە. ئایا تۆ ئەو کاریگەرییە دەبینی؟

– بێ گومان، وەک پێشتر وتم، کەسایەتی ئەو کاریگەری هەبووە و هەیە لەسەرم. لە تەمەنی منداڵیدا، بەو هۆشیارییەوە من دەرکی مەزنی ئەوم نەکردووە، بەڵام دیسانەوە، جەنابت دەزانی، کە تەمەنی سەرەتای منداڵی دەوری زۆری لەسەر دروستکردنی کەسایەتی ئینسان هەیە.. من کە شانازی بە ئەوەوە دەکەم- باوە گەورەم نە موڵک و ماڵی وەها و نە کۆشک و تەلاری هەبووە- هێزی ئەو لەو ئاکار و ئایدیاڵە دایە کە جێی هێشتوون و منیش شانازی بەو شتە مەعنەوییانەوە دەکەم..

* با هەر لە چوارچێوەی ناوی مەلا قادردا بمێنینەوە، مەلا قادری عەربەت هەیە، ئەمیش دیارە تەمەنێکی زۆری هەبووە، (کۆچی دوایی ڕۆژی حەوتی تشرینی دووەم، ساڵی ١٩٨٦)ە خۆی لەدایکبووی ساڵی (١٩٠٩) بوو. تا چوونە دەرەوەت لە نزیکەوە ڕاستەوخۆ، کاریگەریی لەسەرت هەبوو، بەڵام کاریگەرییەکەی لەوەیە جۆرێکیتر بووبێ، ئەم ڕەنگە بە شێوەیەکیتر بەرەو تەسەوف ڕۆیشتبێ، ڕەنگە زۆر خۆشیی بە مەنتیق نەهاتبێ، چونکە لە جوغزی هەندێ ئایدیای مەلایانە دەردەچێ، خۆت لەم ڕووەوە چی دەڵێی؟

– ئەمە دوو وێنە و دوو حاڵەتی جیاوازن. یەکێکیان من دیومە، بەڵام ئەوەندە منداڵ بووم، شێوازیم نایەتەوە یاد.. ئینسانێکە زیاتر لە خەیاڵ و لەزەیندا، لە قسە و گێڕانەوەی خەڵکدا من پێی گەیشتووم.. ئەوی دیبیان باوکمە و لە منداڵییەوە لەگەڵیدا ژیاوم و تا چوومەتە بەغداش بۆ خوێندن، ڕۆژانە دیومە و تەنانەت گەلێ جار، لە قوتابخانەشدا مامۆستام بووە.. دیارە لێرەدا، باس لە منە و لە کاریگەری جیای ئەوان لەسەر من... دەتوانم

بێ پرینگانەوە بڵێم، ئەم دوو وێنەیە لای من یەکدی تەواو دەکەن.. باوکیشم پیاوێکی زۆر پاک و ڕاستگۆ بوو، قەت ساتێک نەمدیوە قسە و کرداری لێک جیاوازبن.. تۆ خۆت دەزانی، ئەمە بە نیسبەت منداڵەوە زۆر گرنگە و لە ژیانیدا کاریگەر دەبێ و لە زۆربەی حاڵەتیشدا دەوری لە خەملاندنی کەسایەتیدا دەبێ.. من وەک وتم، کــــــوڕ و منداڵی نۆبەرە بووم، لە خوێندنیشدا باش بووم.. ئەمیش بایەخێکی ڕەنگە زیاد لە پێویستیشی پێ دەدام.. دەشیویست چوارچێوە و ئاستێک بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتارم دانێ، بەڵام باوکم بە ڕوح پیاوێکی زۆر کراوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخی دڵ و دەروونییەوە باوەڕی بە ئایین و ئایدیاڵەکانی خۆی هەبوو، دیارە ئەمە زیاتر خۆی بەرەو داخران و وشکی مرۆڤ دەبا، بەڵام زۆربەی جار دەیویست ئێمە مافی هەڵوێست هەڵبژاردن و بڕیاردانمان هەبێ.

* سیفەتی وشکی و کرانەوە، لای ئەم دوو کەسایەتییە، باپیرت و باوکت چۆن دەبینی؟

– ئەگەر مەسەلە هەیبەت و سامی باوک بێ لای منداڵ، من لە کوڕێکی پوورم بیستووە، کاتێ باوە گەورەم ناوی خاڵەکانمی هێناوە، هەرسێکیان لە حوززوریدا یەکسەر ئامادەبوون.

* مەبەستم مەسەلە وجوودییەکان و کەوتنەوەیانە لە جوغزی مەنتیق و زانستی کەلامدا؟

– ڕووداوێک هەیە، کە زیاتر جەخت لەسەر پرسیارەکەی تۆ دەکاتەوە.. خاڵم دەیگوت: لە گوندی «فەقێ جنە» شێتێک هەبوو قسەی هەڵەج و بەڵەجی دەکرد و ناماقووڵی دەربارەی خودا دەکرد.. جارێکیان هاتە خزمەت باوکم و من و مەلا قادریش لەوێ بووین، مەلا قادر لە شێتەکە هاتە دەنگ و وتی: وەرە من بۆت دەسەلمێنم، کە تۆ بێچایی دەکەی!. خاڵم دەیگوت: باوکیشم ڕووی کردە مەلا قادری زاوامان و وتی:

– مەلا قادر لەوە دەچێ، تۆ خۆت لە.. پێ گەورەتربێ؟

لە ڕاستیدا ئەمە بەڵگەی کرانەوەی زیاتری باوە گەورەمە تا باوکم.. وەکو تریش براێمی برام لە سەردەمێکی ژیانیدا کە هەڵوێستێکی یاخییانەی لە ئایین هەبوو، لەگەڵ باوکمدا موناقەشەی گەلێ شتیان دەکرد، ئەگەر مەلایەک کراوە نەبێ، ئەو جۆرە گفتوگۆیە، لە کەس و بە تایبەتی لە کوڕی خۆی قبووڵ ناکات.

* هەست ناکەی ئەو پەیوەست بوونەی باوکت بە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر لەلایەک و مەسەلەی سۆزی دڵ و ڕێگای دڵ گرتنەبەر بۆ دۆزینەوەی ڕاستی ئایینی لەلایەکی ترەوە، کاریگەریی لەسەر کەسایەتی تۆ کردبێ؟

– من بە دووری نازانم، باوکم خۆیشی وەک مەلایەکی شارەزا و بەتوانا، ئەو ڕایەڵە و ململانێیە لە هزر و زەینیدا هەبووبێ، بەڵام ئەو بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر: «علیکم بعقیدة الجائز» و بەهەندێ وەڵامی وەک ئەوەی: کە بەدەیان زانا لەو دەریای بیرکردنەوە و گومانەدا غەرق بوون.. پاساوی بۆ هەڵوێستی خۆی دەهێنایەوە و نەیدەویست بە هەور و تەمی گومان، دنیای ڕوون و ڕۆشنی باوەڕی پتەوی خۆی لێڵ بکات.

هەر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کەسایەتی باوکم و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێمە، کە دڵنیام کاری باشی خۆی کردووە، ئەوەیە من قەت وەک (ترس) لە باوکم نەترساوم، بەڵام هەیبەت و سامی خۆیشی لای من و هەموومان هەبووە. من پێم وایە ئەمە باوکایەتییەکی ڕاست و سەرکەوتووە. هەر بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەم، من سەرەتا لە حوجرە دەمخوێند، خەریکی چوار جوزئەکە و خوێندنی «گولستان»ی شێخی سەعدی بووم، زۆریشم حەز دەکرد کە بچمە مەکتەب. لەبیرمە پاییز بوو، کاتی مەکتەب کرانەوە بوو، شەوێک بە باوکم وت: من حەز دەکەم بچمە مەکتەب، لەوە دەچوو باوکیشم هەر چاوەڕێی شتێکی وابووبێ، یان خۆیشی بڕیارێکی وای دابێ، باوکیشم وتی: منیش پێم وایە بچیتە مەکتەب باشە. بۆ مەلایەکی ئەو زەمانە و پەنجاکان و لە شوێنێکی وەک (عەربەت)دا و خۆشت مەلابی، ئەم بڕیارە جۆرە بوێرییەکی تێدا بوو، بە تایبەتیش جاران هەندێ لە مەلاکان دەیانویست «وەجاخیان کوێر نەبێتەوە!» و کوڕە گەورەیان، یان منداڵیان شوێنی خۆیان بگرێتەوە.

دواتریش کە عەربەتمان بەجێ هێشت و چووینە سلێمانی، جاری وا هەبوو باوکم لە مەکتەبەکەماندا دەبوو بە موحازیر و زیاتر دەرزی عەرەبی و دینی دەگوتەوە، دڵسۆزی ئەوم لەوێدا– لەکاردا– زیاتر بۆ دەردەکەوت، هەمیشە پێش لێدانی زەنگ ئەو لە پۆلەکەدا بوو، جاری واش هەبوو، زەنگی پشوو لێی دابوو، ئەو خەریکی شیکردنەوەی شتێک بوو بۆ قوتابییەکان.. من هەندێ جار ڕەخنەم لێ دەگرت کە بۆچی مامۆستاکانی تر

هەمـوویان واناکەن، یان کـەمیـان وەهان، ئەو دەیگوت: من هەقی کـەسم نییـە، بەڵام من ئەگـەر وا بە جـددی کارەکەم نەکەم، پارەکەم حەرام دەبێت..

لەو سـاڵانەی دواییـدا کـە لە ئەوروپا بـووم، زۆرجـار بەشێوەیەکی سەرجەمی و بێ مـانا لەسەر کـار، یان لە دەرفەتی تردا، هێرشیـان دەکردە سەر ئایینی ئیسـلام، هەموو دەزانین کە ئیسلام ئایینێکی کەونی گەورەیە و من هەمـیشـەش– بە ڕاستی– ڕێزم هەبووە بۆ ئیسـلام، بەڵام نازانم بۆ؟ هەمـیشـە لەو حـاڵەتانەدا ڕوخسـاری باوکم دەهاتە پێش چاو.. کـە چۆن مـرۆڤـێک بـوو! بەشێکی زۆری ئەو چاکی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەی لە دینەکەیەوە بوو، بۆیە لە موناقەشەدا باوکم بە نموونە دەهێنایەوە.. وەک وتم: ئیسـلام پێویستی نە بە من و نە بە کـەسـە، بەڵام بەشێک لەو ڕێزەی من بۆ ئیسـلام هەمە، زادەی هەڵسوکەوتی ڕاستەقینەی ئەوە.. کە قسە و کردەوە تەبا نەبوون، بانگەشەی بەر سێبەر لای من بەهایەکی نییە.. لای من باوکم هەرگیز نەمردووە، هەمیشە لەگەڵمایە.

* ئایدیاڵە؟

– بەڵێ!

* ئەوە ڕوون و دیارە؟

– هەمـوو کەس باوکی خـۆی خۆش دەوێ، ڕەنگە هەمـوو کـەس نا، بەڵام زۆربەی خـەڵک، بەڵام دڵنیـابە ئەگـەر باوکم ئەو شتانەی نەبوایە کە باسمکردن، قەت ئەمـانەم دەربارەی نەدەگوت.

* لە کەسایەتییـەکی تر، کە درێژەی مامۆستـا مەلا قـادری سۆفی باپیـرتە– ئەویش دایکتـە، دەربارەی ئەم دەڵێی چی؟

– دایک دەمانهێنێتـە دنیا، دایکم کـەسایەتییـەکی جـوان و خـاوەن شـەخسـیـیـەت و بوێر بوو، چونکە لە دەوروبەر و خـێـزانێکدا گـەورە ببـوو کـە قـەدری خـۆی دەزانی، هەمیشـەش جۆرە شانازییەکی یەکسانی خۆی لەگەڵ پیاودا، لەکۆمەڵێکی پیاو ساڵاریدا، لەلا هەبوو. دایکم زۆر سەیر بوو، لەلایەکەوە زۆر عـاتیفی و خەمی هەموو کەسی دەخوارد، کەچی وەکو تریش زۆر بە جەرگ و ڕادیکاڵ بوو، تەنانەت زۆرجـار حـەددیش بوو.. دیسـپلینی بۆ ئێمـە لە باوکم کەمـتر نەبوو، لەگـەڵ ئەو

**بەشـێـک لەو ڕێزەی مـن بۆ ئیـسـلام هەمـە، زادەی هەڵسـوکـەوتی ڕاسـتـەقـینەی باوکمە، کـە بەشێکی زۆری ئەو چـاکی و ڕاسـتگۆیـی و دڵسۆزییەی لە دینەکەیەوە بوو.**

هەموو خۆشەویستییەشیدا کە بۆ ئێمە هەیبوو، پێم وایە بەش بەحاڵی کۆمەڵی ئێمە: دایک و باوکێکی نموونەیی بوون.

* سەرەڕای ئەو شتانەی تۆ باست کردن، دایکت کچی پیاوێک بوو بەو تایبەتمەندییانەی کە باس کرا، هاوسەری پیـاوێک بوو، بەو تایبـەتمەندییـانەی تر، کـچێک بوو کـە لەجوانیـدا لەناوچەکـەدا بەنامێ و بەناوبانگ بوو.. دوو برای لە تێکۆشەرە دێرینەکانی ناوچەی «وارماوا» بوون، دواتریش ئەو هەموو ئازار و ڕاونان و دانە شاخ و زیندان و شەهیدبوونی کەسانی خێزانەکەتان، ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی دایکتـەوە کـاریان لە تۆش کـردووە و لە شیـعـرەکانتـدا ڕەنگیـان داوەتەوە، هەندێکیـان خـۆشت ڕاسـتـەوخـۆ باسی ناکـەیت، بەڵام لەشـیـعـرەکـانتـدا ئامادەبوونیان هەیە؟

– لە کـۆتایی چلەکـانەوە خـاڵەکـانم کەوتنە ناو دنیـای سیـاسـەت و بەتایبـەتی چوونە ڕیزی بزووتنەوەی چەپ و شـیـوعـیـیـەت و جێگەی دیاریشیان لەم جووڵانەوەیەدا هەبوو، دیارە کـەمیش تووشی گرتن و سزا و ڕاونان نەبوون.

لەبیـرمـە هاتن بە شـوێن دایکمـدا سـاڵی (١٩٥٣) بوو، بەدایکمـیـان وت، گـوایە باوە گـەورەم نەخـۆشـە، کـاتێ گـەیشـتـنە سـەر چەمـەکـە و بەردەمی مـاڵی باوە گـەورەم، کـە قـەرەباڵغـیـیـەکی زۆری لێ بوو، دایکم زانی باوە گـەورەم کۆچی دوایی کردووە، خۆی لە وڵاغەکە فڕێدایە خوارێ.. بۆ یەکەم جار خاڵۆ ئەحمەدم بینی کە مێزەرێکی سپی بەسەرەوە بوو و خەڵکیش پیرۆزباییان لێ دەکرد، گوایە ببێتە جێگری باوە گەورەم! بەس ئەم و خاڵۆ ئەسعەدیشم پێش ئەم چووبوونە ڕیز.. ئیـتـر زۆری نەبرد خـاڵۆم خـۆی شـاردەوە و دایە شـاخ.. هەر لەو کـاتەوە خـەمـیش باڵی بەسـەر مـاڵی ئێمـەدا کـێشـا و تەنانەت لەبەر گـریان و لاواندنەوەی دایکم، جـەژنەکـانیـشـمـان لەهی زۆربەی خـەڵک نەدەچوو.. دوای شـاخـیش، خـاڵم گـیـراو بۆ شـارۆچکەی «قلعة صـالح» لە پارێزگـای «عـەمارە» دوورخـرایەوە.. هەرچەندە باوکم سـەر بەهیچ حـزبێکی سـیـاسی نەبوو، بەڵام لە زۆر کـێـشـەدا هەڵوێسـتی ئازایانەی هەبوو، بۆ نموونە لە ڕاپەڕینی فـەللاحـەکـانی

عـەربەتدا، لە بەرەی ئەواندا بوو، تەنانـەت یەکێک بوو لەو سێ کەسەش کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرابوو.. هەر مـاڵی خـۆمـان نا، بەڵکو ئەو شـادی و خۆشـیـیـەی جاران و ماڵی باوە گەورەشم نەما.

* لەم چوارچێوە گشـتـیـیەی باسمان کرد، لە ڕوانگەی هەندێ کەسەوە تۆ پیاوێکی گۆشەگیری، لە خوێندنەوەی هەندێکی دیدا کـە نزیکتـر دەتناسن وا نالێن، ئەوانە دەڵێن: سنوورێکی بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەم سنوور بۆ پێـوەندی دانانـە، بڵـێـی پێـوەندی بەو موعـاناتەوە هەبێ، کە ئێوە وەکو خەڵکی تر نەدەژیان، یان بڵێی وەکو منداڵانی تر منداڵیـتـان بەسەر نەدەبرد. بۆ وێنە لە ڕووی سـۆز و نـازی بـاوک و دایکەوە کـە هەتان بووە، لەلایەکی ترەوە خەباتی خـاڵەکـانت و ئەو ئاڵۆزییەی شیرازەی ژیانی هێور و هێمنتانی تێک دا، ئایا ئەم سنووردانان، یان گۆشەگیرییە هیچ پێوەندییەکی بەو شتانەوە هەیە؟

– ڕاستییەکەی بەدەر لەو کێشانەش، من بە تەبیعەت منداڵێکی کەم دوو و تۆزێ خەیاڵاوی بووم و هەمـیـشـە داڵغـەم لێ دەدا، هەر لەو تەمـەنـەدا، بەینی خـۆمـان بێ، تۆزێکیش مـۆن و عـەبووس بووم، عـەربەتیـیـەکـان دەیانگوت: سەیر بکەن، دەڵێی پاپۆڕەکەی غەرق بووە.. بە پێچەوانەی برایمی برامەوە، کە هەم ڕووخۆش و هەم منداڵێکی ژیکەڵە و عەجوول و بزێو بوو.. ئێـسـتـاش یەکێ لە نزیکەوە نەمناسێ، هەر هەمان مۆڕ و تەمغـەم لێ دەدا، بەڵام تۆ خۆت دەزانی من وا نیم.

* من باسی پێوەندی کەسایەتی گۆشەگیرم نەکرد کە چەند پێوەندی بە دەوروبەرەوە هەیە، باسی سنوور دانانم بۆ پێوەندی کرد. پێم وایە ئەمیشیان هەیە؟

– هەمـوو ئەو شـتـانەی باسـیـان دەکـەی، دوور، یان نزیک، کـاریگەری خـۆیان هەبووە، لەسـەر جـۆری هەڵسـوکـەوت و پێـوەندی من، چ ئەوکـاتە و چ ئێـسـتـاش.. بۆ نموونە بە شوێن و جێگاش دەگۆڕا، لە عـەربەت من ئازادتربووم، تا لە سلێـمـانی، بەشـێکی خـەمبـاربوونم بۆ عـەربەت بەجـێـهـێـشتن، لەمـەو لە دوورکەوتنەوە بوو لە برادەرەکانی منداڵیم لەوێ.

* با جارێ نەچینە ناو سنووری جوگرافیـا و هەر لە نێـو کەسایەتییـەکـاندا بمێنینەوە، بابگەڕێینەوە بۆ لای دایکت، کە جوانی و شاژنی لە ئاستێکدا بوو، گۆرانی پێدا هەڵدەدرا.. ئەمە چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ژیانی تۆ و شیعرەکانت هەبوو؟

– لام وایە دایکم هەردوو جـوانیـیـەکـە: ڕواڵەتی و کەسێتی هەبوو. ئەمەش متمانەیەکی دەدا بە خودی خۆی و بە ئێمەش وەک منداڵی ئەو و کاریگەریی باشی لەسەر من و برا و خوشکەکانیشم هەبوو.

* لە شـیـعـرەکـانتـدا کـاریگەرییـەکـەی دیارە. ئەگـەر شتێک دەربارەی کەسایەتییەکان ماوە حەز دەکەم باسیان بکەی، ئەگینا بەنیازم بەرەو جوگرافیا هەنگاو بنێم؟

– ڕاستییەکەی مەسەلە هەر ئەوە نییە ئەوانە: باپیر و باوکم و دایکمن، من دەتوانم زیاتر دەربارەیان بدوێم، بەڵام پێم وایە بۆ ئێـــــرە بەس بێ و دیارە دواتریش بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگە هەر باسیان بێتەوە ناو.

* باشە، لە جوگرافیای منداڵیتدا، هەندێ شوێن هەن، لەوانە: «عـــەربەت»، «دێوانە»، «بانیـــخـــێـــڵان» و «دەربەندیخان» کە کاریگەرییان لە شیعرەکانتدا هەستی پێ دەکرێ، دەتوانن بەخێرایی دەربارەیان بدوێن؟

– پێم وایە، هەر یەکـێـک لەو شـوێنانە و لەکـاتی جیاوازی تەمەندا، دەوریان هەبووە. هەوەڵ جار کە ئێمە لەوێ بووین، «عەربەت» یەکەم ئێستگەی دەسپێکردنی ژیان بوو، زۆر لام خۆش نەبوو، کە بۆ سلێمانی بارمان کرد، من تێر تێر گریام و ئەم کۆچەم پێ خۆش نەبوو، لە وتارۆکـەیەکـدا بە عـەرەبی لەم هەسـتـەم دواوم، بەڵام جـارێکی تر لەبەر ئەوەی کـە لە «قـەڵادزە»وە گـەڕاینەوە سلێـمـانی خـانوومـان دەست نەکـەوت، هاوین چووینە ئەوێ، چونکە تا ئەوکـاتەش خـانووەکـەی خـۆمـانمان نەفرۆشتبوو، بەڵام ئەم جارەیان من گەیشتبوومە پۆلی سێی ناوەندی، ڕاستییەکەی عەربەتم زۆر لا ناخۆش بوو.

* جـوگـرافـیـای عـەربەتیش لە ڕووی کـەسـایەتی و پێـوەندییەکـانەوە گۆڕابوو، یانی تۆ ئەو منداڵە نەبووی– وەک منداڵێکی بزێو– بەدوای زەردیوەرییەکدا ڕاکەی؟

– من بۆ بزێوی، بزێو بووم و زۆر دەجـووڵام، بەڵام بێ دەنگ و کەمدوو بووم..

* مەبەستم ئەوەیە، ئەو منداڵەی جاران نەبوویت، تازە ئەو شـتـانە بوونەتە یادەوەری و جارێکی تر لەواقـیـعدا نادۆزینەوە، لەوەش بەولاوە پێـوەندییـەکـان بەو شـێـوەیە نەمـان کـە لە سلێـمـانییـەوە گـەڕابوویتـەوە، بیـرەوەری و پێوەندییە ئینسانییـەکانیشی کاڵ ببوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمـانەشدا عـەربەت لەکـەسایەتیـتدا جێی ببۆوە، ئەمـە مەسەلەکەیە؟

– عەربەتی جاران زێدم بوو، یەکەم هەنگاوی ژیانم تێدا هەڵهێنابووەوە، تێیدا چوومە قوتابخانە، بۆ ئەو کاتانە مەڵبەندێک «ناحیە» بوو جۆرە قەرەباڵغی و جموجوڵێکی تێدا بوو.. من ئەوکاتانە هەر زۆر شەرمن بووم، شەرمم تەنانەت لەو قوتابیانە دەکرد کە لە تەنیشتمەوە دادەنیشتن، یان لە پۆلەکەمدا بوون، ئەوە باسی مامۆستا هەر مەکە.. زۆر حەزم لەو سروود و گۆرانییانە دەکرد کە لە مەکتەب فێریان دەکردین، لەماڵەوە لەبەرخۆمەوە دەمووتنەوە، بەڵام جارێکیان مامۆستاکەم چەندێ هەوڵی دا، لە ڕووم نەهات لەبەردەم پۆلەکەدا بیڵێم،.. سووکە دارکارییەکیش کرام.. ئێستاکەش، حوجرە و مزگەوتەکەی باوکم، باخەکانی مزگەوت، ئەو دەشتە بەرینەی بەردەم ماڵمانم لە یادە، کە لەبەر باراندا بەدوای کڵاو کووڕە دەکەوتم و بە تەمای گرتنیان، بێهوودە!.. بە دوایاندا ڕام دەکرد.. «عەربەت» گەرمێن بوو، کەمتر بەفر دەیگرتەوە، بەڵام کە بەفری لێ دەباری، زۆر جوان دەبوو.. یان بەهاران پەڵە گەنم و جۆی ئەو دەشتە، لە شینایی و سەوزیدا شەپۆلیان دەدا و کەروێشکەیان دەکرد.. دنیای سەرفرازیی منداڵیش با لە وێ بوەستێ! ئەمانە هەموو ئەو کاتانە لێوانلێوی جوانی بوون، بەڵام لەو گەڕانەوەی هاوینەدا، ئەمانە «بەهەشتی لە دەستچوو» بوون..


* با بگەڕێینەوە بۆ سێینەی: (دیوانە، بانیخێلان، دەربەندیخان)

– بانیخێلان، هەر ئەوەبوو ماڵی باوە گەورەمی لێ بوو، ئەینا وەک «دێوانە» هەموو خزم و کەسم نەبوون، هەر ماڵێکی «دێوانە»، یان مام، یان پوورم بوو.. «دێوانە»ی مامم، [چونکە دوو دێوانە هەبوون]، هەموو ئامۆزاو پوورزاو کەسم بوون.. ئازادییەکی تەواو– ڕووس واتەنی: «لەوێ کازاکێکی بەڕەڵڵا و ئازاد» بووم.. ڕۆژ تا ئێوارەی خودا ئێمە، یان لەگوێی چەمی «دێوانە»دا خەریکی مەلە و خۆ لەملدا هەڵخستن بووین، یان بەو کەژ و کێوەدا بەدوای مەل و کەروێشک و چووزانم چیدا وێڵ دەبووین، جاروباریش دەچوومە بەر بەرغەل و لەگەڵ منداڵاندا دەبوومە بەرغەلەوان و شوان...تاد.

* ئەو ئازادییەی لەوێ هەتبوو، لە عەربەت هەتبوو؟

– تەنانەت لە عەربەتیش بەو شێوەیەی «دێوانە» نا..

* یەکەمین ناوی شیعریت: ئەنوەر قەرەداغی بوو،



**ئەنوەر قادر جاف**
**لینینگراد، ڕووسیا – ١٩٧٩**

لەدێوانەوە هاتبوو؟

– بەڵێ، لەدێوانەوە هاتبوو. خۆی ئێمە بە بنەچە خەڵکی گوندی «هۆمەرەقەڵاین» کە بە قەد کەژی سەرکەشی «زەردە»وەیە بەر قەرەداغ دەکەوێ.. من هەوەڵ جار کە وردە نووسینم هەبوو، دەمنارد بۆ ئێزگەی کوردیی بەغدا بەناوی ئەنوەر قەرەداغییەوە دەمنووسین.. مەلایەکی خزممان هەبوو، دواتر لە «مووسڵ» ڕژێمی بەعس لە سێدارەی دا (مەلا مەحموودی عەلی) مرۆڤێکی جوامێر و ئازابوو، پاڵەوانانەش مرد.. ئەو ڕۆژێک سەرکۆنەی کردم و وتی: قەرەداغی چی؟ تۆ: وەڵیت و جافیت! بەتەوسەوە پێی وتم: «من دخل قوم فهو منهم».. بەهەرحاڵ دواتر قەرەداغیم لابرد و بوو بە جاف و وازم لە جافەکەش هێنا..

* من وا هەست دەکەم چەمی دێوانە، بۆ نموونە ئەو ڕووبارە بێ کە زیاتر لە شیعری تۆدا ئامادەیی هەیە، بەبێ ئەوەی ناوی بهێنرێ، یان بشهێنرێ، تەنانەت کەژی «زەردە»، یان بەرزاییەکانی گۆڵان و بانیخێلان هەموو ئەم شوێنانە پێدەچێ کاریگەرییان لە شیعری تۆدا هەبێ؟

– وەک پێشتر وتم: هاوینان کە سلێمانییمان بەرەو دێوانە بەجێ دەهێشت، ئیتر لە هەموو سنوور و کۆت و پێوەندی شار و جموجوڵی کەمی شار، ئازاد دەبووین.. شار لەکوێ و «دێوانە» لەکوێ! کە بە ئارەزووی خۆمان بەو دەشت و کەژ و کێوانە دەکەوتین و خەریکی مەل و چۆلەکە ڕاوانان و گرتن بووین، خەریکی مەلە و گەمە بووین.. هەر شوانێک مەلێک، بێچووە کەروێشکی،

بێچووە هەرچییەکی دەگرت، دەیهێنایەوە بۆ ئێمە.. خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەرمان هەست پێ دەکرد..

* گۆڕانێکی چونایەتیش بوو لە ژیانتدا؟ وەکو شێوە سەیرانێک؟

– ڕاستە، سەیرانێکی بەردەوامی هاوینان. «دێوانە» هەندێ گۆمی تێدا بوو، وەک ئەوە وابوو، کە بۆ مەلە فێربوون کرابێ.. تەنک، تۆزێ قوولّ، قوولّتر و قوولّتر.. ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی زوو مەلە فێرببین و نەترسین.. «دێوانە» وەک هاوڕێمان وابوو، بەلاّم «سیروان» هەمیشە سام و هەیبەتی خۆی هەبوو، جاران، کە سەیری ئەو گێژگە و تافە خوڕانەیت دەکرد، دەبوایە حسابی تایبەتی بۆ بکەی.. ئەمانە جادوو و سیحرێکی جوانی سروشت بوون، کە یەزدان بە منداڵیەتی ئێمەی بەخشیبوو...

* جۆرە جادوویەکی تایبەت؟

– بەڵێ، بێ گومان.

* ئەی کەژ و هەردی ئەو دەوروبەرە؟

– هەمووی ئایەت بوون لە جوانیدا، بەتایبەتی کە پشووی نیوەی ساڵ، بەهاران دەچووینەوە، ئەو مێرگانە پڕ بوون لە گوڵ و شینایی، شنەی تۆزێ ساردی بەهارە، بەرامەی نێرگز و گوڵی بەو ناوەدا بلاّوەکردەوە، هەتاوێکی بەهارە و دنیایەکی شین.. دۆڵی قەرەداغ بەڕاستی بەهاران بێ وێنەیە لە جوانیدا، بە هەشتێکە بۆ خۆی! کوا لەناو ئەم سروشتە ئازادە بێ خەمەدا بژیت بۆ ماوەیەک و کوا چوونە قوتابخانە و ئەرک و کۆت و پێوەندەکانی؟

* دەکرێ باسی تایبەتمەندی «دەربەند» بکەی؟

– «دەربەند» دواترە..

* لە منداڵیدا ئەو کاریگەرییەی نییە؟

– دەربەند وەک ئێستگەیەک، یان ڕاڕەوێک وابوو بە ڕاگوزاری پێیدا دەڕۆیشتین، بەتایبەتی دوای دروستکردنی ئەو بەربەست و پرۆژەیە.. شەوێکی دەربەند کە من زۆر منداڵبووم و لە بانیخێلانەوە دەچووین بۆ هەڵەبجە و گوایە لەوێوە بە ئوتومبێل بچینەوە بۆ عەربەت.. زستان بوو، منیان بەلێفەیەکەوە بەسەر ولاّخێکدا بەستبوو، لەسەرماندا دەگریام، ئەمە لە شیعرێکی «زریان»دا ڕەنگی داوەتەوە.. کە من دەگریام باوکم دڵی دەدامەوە و لەبەرخۆشییەوە دەیگوت: منیش کەسێک هەبووایە، ئەوەندە ساردە– بەسەریدا دەگریم.. ئەم حاڵەتە– واتە بێ دەسەلاّتی باوکم یەکەم جار بوو لام ئاشکرا بوو، کە ئەویش دەسەلاّتی سنووردارە و چاری هەموو شتێکی بۆ ناکرێ! ئەمە «دەربەند»!.. دواتریش لەگەڵ منداڵەکانی خاڵمدا زۆرجار لە بانیخێلانەوە دەچووین، وەک ئەوان پێیان دەگوت بۆ (بانی دزیاییش) لەوێ دەکرێ.... (بێخود)ی شاعیریش لەشیعرەکانیدا باوە گەورەم– مەلا قادری سۆفی– بە (دزیاییشی) ناو دەبات، کە دیارە ئاشنای بووە. دەربەندیخان دواتر، کە ساڵی ١٩٦٨ گەڕاینەوە ئەوێ لە هەڵەبجەوە، کاریگەری لەسەر من زیادی کردووە.

* هیچ شتێک بەقەدەر قەبری عەنبەرخاتوون کاریگەری هەبووە؟ پێم وایە هیچ شتێک ئەوەندە دەسەلاّتی لێ نەسەندی ئەوەندەی قەبرەکەی ئەو، ئەمە لەکوێوە هات؟

– کاتێ دەڵێین عەنبەرخاتوون، دەبێ باس لە مەولەوی بکەین. وەک چەند جار باسم کردووە، من هەر لە منداڵییەوە گوێم لە شیعری مەولەوی بووە و ئاشنای بووم، بەلاّم کاتێ ساڵی ١٩٦٢ ماڵمان چووە هەڵەبجە، مەولەوی مەودایەکی بەرفراوانتری لە زەینی مندا پەیدا کرد. من لە وتارێکدا وێنەیەکم باس کردووە، کە دەڵێم: جاران کە بە کۆلاّنەکانی هەڵەبجەدا دەڕۆیشتم، بالاّ و ڕوخساری مەولەویم دەهاتە پێش چاو کە بەم ناوانەدا گوزەری کردووە و لەم مزگەوتانەدا ماوەتەوە.. دوایی بۆم دەرکەوت کە نووسەری ناسراوی فەلەستینی جەبرا ئیبراهیم جەبرا، وێنەیەکی وای بۆ (مەسیح) و (قودس) هەیە.. پێدەچێ کۆنتریش من ئەم وێنەیەی جەبرام دیبێ، بەلاّم ڕاستییەکەی بێ ئاگا نەک بە دزی ڕەنگە کاریگەری لەسەرم هەبووبێ.. لە هەڵەبجە بە مەولەوی دەڵێن (باوە مەولەوی)، خەڵک هەرچەندە زۆربەیان لە شیعرەکانی– وەک پێویست – ناگەن، بەلاّم دەیکەن بە گۆرانی و بەسۆز و خرۆشەوە دەیلێنەوە.. مەولەوی لای هەموو خەڵک خۆشەویست و ڕێزدارە.. ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ بەهەشتی مامۆستا شێخ محەمەدئەمینی کاردۆخیدا، کە کۆڕی زانیاری کورد ئەوسا خەڵکی دەنارد بۆ گەڕان بەدوای فۆلکلۆر و دەسنووسی کوردیدا– ئێمەیان ناردبوو بۆ ناوچەی «هەڵەبجە» و «پێنجوێن».. بڕیارمان دا سەردانی «سەرشاتە» بکەین.. لەو سەفەرەدا من چوومە سەر قەبری مەولەوی و عەنبەرخاتوون؛ کە لە شوێنێکی چەپدا لە «سەرشاتە» لەنزیک یەکەوە نێژراون، تەنانەت

مـامـۆسـتـا کـامـیـرای پێ بوو وێنەیەکی منی لەسـەر قـەبرەکـەیان گـرت و لە ڕۆژنامـەی «برایی»دا بڵاوی کردەوە.. شەوێک لەسەرشاتە میوانی ماڵی کاک سەید مـوحـسـینی نەوەی مـەولەوی بووین.. لە زۆر ڕووەوە سەفەرێکی گرنگ بوو بۆ من، شتێکت بۆ باس دەکەم، نازانم چۆن لای تۆ و لای خـوێنەریش دەکەوێتـەوە.. من لەخـوێندندا باش بووم، بەڵام کـە چووینە هەڵەبجـە، بەهۆی زرووفی شـۆڕش و سـەخـتی زرووفی شـار و قـوتابخـانەوە، لەدوا پلەی ئامـادەییـدا، دوو سێ سـاڵ مـامـەوە، هەرچەندە دوایی دەرچووم و چوومـە زانکۆ، بەڵام بارێکی دەروونی زۆر نالەبارم لا پەیدا بـوو.. هەمـوو بەیانییـەک کـە هەڵدەسـتـام، مـاتی و خـەمـێک دایدەگـرتم و بەردەوام وەهابوو.. باوەڕت هەبێ، دوای ئەو سـەفـەرە ئەو حـاڵەتەم لا نەمـاو ڕۆی، چۆنی لێک دەدەیتەوە ئارەزووی خۆتە، بەڵام وابوو.

* هەردەبێ مەسەلەکە ڕوحی بێ، ئەینا مەولەوی خۆی باسی هاوینی تاوەگۆز و ئاووهەوای ناخۆشی کردووە؟

– هەر بە چوونە سەر گۆڕیان شتێکی تریش سەرنجی ڕاکێشام، لە تەنیشت یەکەوە نێژراون و قسنێکیان بە دەوردا کرابوو ئەمەش لە هەندێ وشکە عورفی ئاییینەوە دوورە.

* پرسیـارەکەی من ئەوەیە، بۆ ئەمـیـان باس بکرێ و ئەویان نا؟

– خـۆی ئێـمـە باسی عـەنبـەرخـاتوونیش بەهۆی مەولەوییـەوە دەکەین، لەلایەکی ترەوە وەک ڕەمزێک بۆ جوانی و بەهای یەزدانی..

* با لەقـەبری عـەنبـەرخـاتوونەوە بگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە، هەڵەبجەش لە جوگرافیای کاریگەرییەکانی منداڵیتدا شوێنی دیارە؟

– مێردمنداڵی ڕاستییەکەی..

* بەدەر لەم کاریگەرییە ڕوحییەی قەبری مەولەوی و عـەنبـەرخـاتوون، چی دیکە زەمـینەکی باش بووە بۆ ئاشنایەتی پەیداکـردن لەگـەڵ مـەولەویدا، چیـتـر لە هەڵەبجەدا؟

– وەک باسم کرد، ئێـمـە مـاڵمـان لە سلێـمـانی بوو، باوکم بە یەکـجـاری وازی لە مـەلایەتی هێناو بوو بە مامۆستای سەرەتایی، باوکم حەزی نەدەکرد خۆی بڕوا بۆ شوێنێک و لە ئێمـە دوور کەوێتەوە، لەبەر ئەوەش ئەو هەر لە عـەربەت و سلێمانی لە قوتابخانەکاندا موحازیر بوو، دەیانناسی، باوکـمـیـان نارده قـەڵادزێ و دوای دوو سـاڵ بۆ هەڵەبجـە.. ڕاسـتـیـیـەکـەی ئێـمـە زۆرشت بە هەڵەبجـەوەی گـرێدابووین، خـزمـێکی زۆری دایکم لەوێ بوون و هەندێ شتی تریش، بۆیە لەوە دەچوو گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە، گەڕانەوە بێ بۆ زێدی خۆمان..

لە هەڵەبجە بێجگە لە خزموناسیاو من بووم بە هاوڕێی کـۆمـەڵێ خـەڵکی زۆر دڵسـۆز و خـۆشـەویست کـە تا ئێستاش هەم ئەوان لەناو خۆیاندا و هەم لەگەڵ ئێمەشدا برادەرن، دۆستـایەتی و برایەتی وام کەم دیوە، زۆربەیان لە گـەڕەکی «کـانی عـاشـقـان» کـە مـاڵی ئێـمـەش دوای مـاوەیەک چووە ئەوێ، دادەنیـشتن، هەروەها هەڵەبجـەش بۆ خۆی وەک شیعرێک وابوو.. باخی میر و ماڵی پاشاو گـوڵان و دەشـتـەکـانی دەوروبەری.. مـاڵی پاشـا دەبوایە بکرایەتە مۆزەخانە، کەچی بەعس وێرانی کرد، هەرچەندە من بەداخـەوە بەناویدا نـەگـەڕاوم، هونەری تەلارسـازی و ئاوێنە بەندی و کـۆشک و بالکۆنی بەشـێـک بوون لە ڕواڵەتی مێژووی سەروەری و دەسەڵاتی بەگزادەی جاف.. مـاڵی پاشـا وەک قـەڵایەک تا ئێـمـە لەوێ بووین و زۆر دوای ئێـمـەش بەسـەرکـەشی لەناو شاردا ڕاوەسـتـابوو، مـابوو.. بالکۆنێکی ڕووەو گـوندی «عـەبابەیلێ»ی لێ بوو، دەیانگوت: هەندێ جار، خانم لەوێدا دانیشتووە.. ئەمـانە هەمـوو پڕ بوون لە سیـحـر و جـوانی و لەدنیـای شیعرەوە نزیک بوون..

* ئەو کـاتە ئاشنایەتیت لەگـەڵ شـیـعـری گـۆراندا پەیداکردبوو؟

– لەو کـاتـانەدا شـیـعـری هەردی زیاتر لاوانی دەورووژاند، ئەڵبـەتە وردە وردەش ئاشنای شـیـعـری (گـۆران) دەبووم، چونکە شیـعـرەکـانی زۆر لەبەردەسـتـدا نەبوون..

* من مەبەستم لەوێیە، لە هەڵەبجەیە؟

– بەڵێ، لە هەڵەبجە.. برادەرێکم هەیە، لە شـوێنێکی تردا باسم کـردووە، کـاک شـێخ عـومـەر، مـرۆڤـێکی لەو قـۆناغـەی خـوێندندا کـتـێـبی باشی هەبوو، شـارەزای ئەدەبیش بـوو، بەیەکـەوە بڵاوکـراوەیەکی دەسـتـیـمـان دەکرد.. «ئاڤێستا»ی ناوبوو، ئەو نەتەوەییەکی زۆر تۆخ بوو، ئینسـانێکی وریا بـوو، بەداخـەوە! نەکـەوتنە ناو دنیـای ئەدەب.. ئەو هەندێ سـەرنج و تێـبـینی لەسـەر شـیـعـری (گـۆران) هەبوو، کـردبوونی بە وتارێک و ناردبووی بۆ ڕۆژنامـەی «بڕوا» کـە ڕەفـیـق چالاک و

کەمالی میرزا کەریم دەریان دەکرد، بۆیان بڵاونەکردبۆوە.. سەرنجی هەبوو، وەک ئەوەی دەیگوت: «مەمکی قووتی توند وەک بەرد» چواندنێکی سەرکەوتوو نییە و..تاد ئەم خۆی زۆر حەزی لە شیعری (گۆران) بوو، بەڵام ئیتر ئەو وردە سەرنجانەشی هەبوو، لەگەڵ ئەمدا زۆر بە سەرسامییەوە لە گەشتەکانی «هەورامان» و «قەرەداغ» دەدواین، هەروەها گەلێ شیعری تری گۆران.. ئەو برادەرانەی گەڕەکی «کانی عاشقان» ئەدەب دۆست بوون، کۆمەڵێ شیعری بڵاونەکراوەی ئەحمەد موختاریش هەبوو، لای ئێمە دەستاو دەستمان پێدەکرد و دەماننووسینەوە.. من بە گوێرەی دەرفەت دەمخوێندەوە، نازانم باسم کرد، یان نا،.. من هەر لەو تەمەنەدا زۆر حەزم لە کتێب دەکرد، هەر پێشتریش کە لە پێنجی سەرەتایی بووم، ئەوکاتە خاڵۆم لە بەندیخانەی سلێمانی گیرابوو، (٧٥٠) فلسی بۆ ئابوونەی ڕۆژنامەی «ژین» دامێ و تا ساڵێک بە ئابوونە بووم، ئەوکاتە ماڵمان هێشتا لە سلێمانی بوو، لە کتێبخانەکەی کاک ڕەئووف مەعرووف هەموو جارێ دەچووم وەرمدەگرت. لە هەڵەبجە عەرەبییەکەم باشتر دەبوو، جاروبار لەگەڵ کاک شێخ عومەری برادەرمدا لەکتێبخانە گشتییەکەی ئەوێ کتێبمان وەردەگرت. هەر لەوێش وردە وردە دڵم کردەوە و نامەم بۆ کچێک دەنووسی،کە چێژێکی ئەدەبی باشی هەبوو، هەر خۆشەویستییەکی ئەفلاتوونی و ڕۆمانسی بوو.. بیرمە جاری وا هەبوو لەگەڵ نامەکانیدا شیعری دیوانی «الرسم بالكلمات»ی نزار قبانی بۆ دەنووسیم. ئەگەر زەین بە هەڵەمدا نەبا، یەکێک لەو شیعرانە ناوی «ثلاث سنين» بوو.

* لەو شوێنانەی تر کە باست کردن، سنووری جوگرافی هەڵەبجە و تاوەگۆز بەرفراوان و هەراوترن، کەچی لە سلێمانیدا سنوورەکە زۆر بچووک و ماوەدارە، بۆ؟

– وەک دەڵێن: «ئێمە لە سلێمانی کالآی غەریبیمان لە گەڕەکی چوارباخ کرایەوە»، چونکە باوکم لەعەربەتەوە بۆ ئەوە هاتبوو ببێ بە مەلای مزگەوتی (عەبدوڵڵا لوتفی) کە تازە تەواو ببوو. ئەو یەکەم ئیمامی ئەو مزگەوتە بوو، ڕەنگە لە ڕووی بیناسازییەوە جوانترین و مۆدێرنترین مزگەوتی ئەوکاتەی سلێمانی بووبێ، تەنانەت بۆ دەسنوێژ و خۆشتن و..تاد بەشێوەیەکی تازە و تۆکمە دروست کرابوو، دوو باغچەی پڕ چیمەن و گوڵی هەبوو، لەگەڵ گڵۆپە نیۆنە شیرییەکانیدا، شەوان ڕەونەقێکی سەیریان دەدا بەو ناوە.. هەموو ئایەتی سەر دیوارەکانی بە خەتی هونەرمەندانە و جوانی (هاشم) کە خۆشنووسێکی ناسراوی بەغدابوو، نووسرابوون. لەگەڵ تەقس و کەشوهەوای خواپەرستی و نوێژ و دەنگی بە سۆزی باوکمدا، من ئەوکاتانە نوێژم دەکرد، هەموو ئەمانە دڵگیر و ڕوحی بوون، کە بەهۆی هاتنە شارەوە– هەندێ لەم جوانییانە– ڕەخسابوون. باوکم دواتر لە قوتابخانەی ئەیووبییە، کە هەر بەرانبەر مزگەوتەکەیە بوو بە موحازیر. خەڵکی ئەم ناوەش گەلێکیان لەبەری قەرەداغەوە هاتوونەتە سلێمانی و هەندێکی خزمو ناسیاوی باوکم بوون. تا لە سلێمانیش دەرچووین بەرەو قەڵادزێ، ئێمە هەر لە دەوروبەری مزگەوتەکە لە سێ خانوودا کرێچی بووین.. ڕێکەوت وابوو کەوتینە ئێرە.. دوایی من و هاوسەریشم هەرچەند بە ئەسڵ «سەرشەقامین»، بەڵام دەمێ ساڵە لە چوار باخ دەژین و منیش دوای گەڕانەوەم تا ئەم چەند مانگەی پێشوو هەر لەوێ دەژیام، بۆیە لات سەیر نەبێ، ئێستاکە دەچینەوە بۆ ماڵی خەسووم (سێوێ)ی کچم هەر دەگەینە چوار باخ بە ئینگلیزی دەڵێ: Home sweet home» ئەویش ئەوێ بە زێدی خۆی دەزانێ. جاروباریش دەچمە مزگەوتەکە و لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی ژوورەکەی باوکم دەکەم و سوکنایی و ئارامییەک هەموو گیانم دادەگرێ..

لەو ماوەیەی پێشوودا لەگەڵ برای خۆشەویست و کوڕی گەڕەک و نووسەر کاک م. ئارامدا کە ماوەیەک بوو لێی بێ ئاگابووم.، بە تەلەفۆن قسەمان کرد، ئەو ئێستا لە ئەڵمانیایە. یادی ئەو ڕۆژانەمان کردەوە، کێ ماوە؟! کێ نەماوە؟! دیارە ئەو کەسایەتی و شەخسییەتی دایکمی لەبیر مابوو، چۆن ژنانی گەڕەک لێی کۆدەبوونەوە و گوێیان بۆ قسە نەستەق و خۆشەکانی دەگرت. تۆ خۆت دەزانی سلێمانی شارێکە وەک ئەوروپا، دان بە هەموو کەسێکدا نانێن، دەبێ خەڵک هەوڵ بدا بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەن بێتە ڕیز و ببێ بە شاری، بەڵام ئێمە قەت ئەو هەستەمان لانەبوو، دیارە ئێمەش باوک و دایک ئەوەندەیان خۆشەویستی و باوەڕ بەخۆبوون دابووینێ، کە بەرگەی هەموو ساردوگەرمییەک بگرین..

* واتە هەست بە کەمی لەلای تۆ دروست نەبووە؟

– نەخێـر!.. بە پێـچـەوانەوە، چ لە قـوتابخـانە و خوێندن و دواتریش کە دەستم دایە نووسین.. هەرگیز.!

* باشـە بە گـەڕانەوە بۆ سـەردەمی سـەرەتای شـیـعـر نووسین، تۆ نازناوی قـەرەداغت هەڵبـژارد، قـەراغ بەدەر لە «دێوانە» و هەندێ ئیـعـتـیـبـاراتی تر، قـەرەداغ مـەڵبـەندێکی زانسـتی بەنامێ و گـەورە بـووە، هی ئەوە بووە کە ئینسان شانازی پێوە بکات و مایەی سەربەرزی بێ بۆی.. لات وانیـیـە، ئەو ناوە شـێـوە بەرگـرییـەکی سـایکۆلۆژی بێ، بەبێ ئەوەی خۆت پێی بزانی چییـە و داکـۆکـییـەک بێ لە مـرۆڤ خـۆی کـە لەو زەمـینەیەوە هاتووم، بەتایبەتی کە خاوەنی ڕووناکبیری و زانستی گەورە بێ؟

– من کـە لە هەڵەبجـە بووم دەمنووسی (قـەرەداغی)، مـاڵـی مـامم و ئەوانیش هەر لەسـەر حـسـێـبی بەری «زەردە» خۆیان بە قـەرەداغی دەزانی، هەرچەندە گوندی «دێوانە» لەسـەر «وارمـاوا» بـوو.. من لەو باوەڕەدام زیـاتر پێـوەند بووبێ بە خـەڵکی کـوێ بوونی کەسوکارمەوە.. نەک وەک ئەوەی تۆ دەڵێی، ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندی بە دنیای بە ئاگاییەوە هەبێ..

* هەر لە جـوگـرافـیـای منداڵیدا، دوو سـاڵیش لە «قـەڵادزێ» ژیاون، بەڵام هەست ناکـرێ کـە هیـچ کاریگەرییەکی لە کەسایەتی و یادەوەری تۆدا هەبێ؟

– بەو شێوەیە نا، بەڵام بۆ لە «قەڵادزێ» دەرچوونیش هەر خەمباربووم، چونکە بە جۆرێک پێی ڕاهاتبووم..

* بابگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی شیعر نووسین، کەی دەستت پێ کرد؟

– سـەرەتا من چیـرۆکـیـشم دەنووسی، چەند چیـرۆکـێکیـشم بڵاوکـردۆتەوە، بەڵام من هەر لە ئامادەییەوە بە خەیاڵی خۆم– شیعرم دەنووسی..

* ناکرێ ساڵەکەی بە وردی دەست نیشان بکرێ؟

– بەڕاستی و ئەوەی پێی بوترێ شیعر، دوای چوونە زانکۆ من دەستم کرد بە نووسین.

* لە سەرەتای حەفتاکانەوە؟

– بەڵێ.. بەڵام ئەگەر شایانی ئامـاژەبێ، بۆ سـەرەتا هەرە زووەکـان و چۆن من ڕووم کـردە دنیـای ئەدەب و نووسین.. من شـەیدای خـوێندنەوە بووم هەر لە یەکی ناوەندی و ڕەنگە پێش ئەوەش،.. بەهۆی باوکـمـەوە عـەرەبییـەکەم خـراپ نەبوو. دەمخوێندەوە و زەینم باش بوو، بۆ دەرخ و لەبەرکـردن،.. گـەلێ ڕسـتـە و دەربڕینم لەبەر دەکرد و لە کاتی نووسینی «ئینشا»ی قوتابخانەدا بەکـارم دەهێنان.. کـتـێـبێکی پێم وایە (مفلوطی) بوو، هی خاڵە ئەسعەدم بوو کەوتبووە لای ئێمە، گەلێ باسی وای وەک: «الحرية، حب الوطن، الأخلاص..تاد» تێدا بوو، هەرچەندە عـەرەبییـەکی قـورس بوو، بەڵام لێم لەبەر دەکرد و هەندێ شتم لێ بەکاردەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد بە عـەرەبییـەکەی خـۆمـدا «دوودان» دەردەچوو، بەڵام هەر سـوودی هەبـوو.. وەک هەمـوو مێـردمنداڵێک هەندێ لەو گۆڤارە بەناو هونەرییانەی وەک: «السينما و العجـائب و الرأی العـام و.. ئەم بابەتانەشم بەجۆشەوە دەخوێندەوە، ناوەڕۆکەکانیـان هیـچ نەبوون، بەڵام سوودی بۆ بەهێزکردنی عەرەبییەکەم هەبوو. جارێک لەهەڵەبجەوە نامەیەکم بۆ کاک سەڵاحی مامۆستا مەلا کەریم نارد کە هەندێکم لەو گۆڤارانە بۆ بنێرێ.. چەردەیەکی بۆ ناردبووم و نامـەیەکیشی بۆ نووسیبووم، ئەگـەر بنێرم بۆ گـۆڤـاری «الهـلال» و لەو شـێـوەیە باشـتـر بێ.. جـا بۆیە لە چاو هاوڕێ قـوتابییـەکانمدا عـەرەبییـەکەی من خـراپ نەبوو، هەرچی «ئینشـایەک»م دەنووسی، دەیانگوت: باوکی بۆی نووسیوە... جارێکیان یەکێک لە مامۆستاکانی عەرەبی، لە باوکمی پرسیبوو، ئاخۆ من خۆم ئەو شتانە دەنووسم، باوکم وەڵامی دابۆوە، ئەی گـوایە کێ دەینووسێ؟! ڕەنگە ئەمـانە هەوەڵ هێڵکارییەکانی ڕەشنووس کردنی کاغەز، یان چنگەکرێ بووبن بۆ هەڵزنان بەم مـاه و بەرزییـە بە– نووسین–دا...!! بەڵام بەشـێـوەیەکی تر نووسین هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە دەست پێ دەکات.

* دەرکـەوتنی تۆ بە شـیـعـری «چۆن کپ ئەبم؟» بوو کـە ناوونیـشـانەکـەی خـۆی «وەرە خـوارێ، ئەی خـواکـەی غـەریبـان لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خـوارێ»یە، کە پاشـان لە «زریان»دا بڵاوبووەوە.. لەم شـیـعـرەدا ڕەگی قـوولـی ڕووبەڕووبوونەوە هی خـۆناسین، یان خـۆ لە بەرانبەر ئەوی تردا دەبینرێ؟

– ڕاستییـەکەی من بۆ یەکەم جار بە شیـعری «وەرزی سـەرهەڵدانی فـەرهاد» کـە لە ڕۆژی نووسـەری کـورددا ساڵی ١٩٧٢، لە هۆڵی زانکۆی «مستنصرية» لە بەغدا خوێندمەوە، دەرکەوتم...

* ببـوورە! ئەم دەرکەوتنە زیاتر لەناو خەڵکانی شیـعر دۆسـتـدا.. ئاگـام لەوەش هەیە، کە باسی پییـەسـەکەی «شیرین و فەرهاد»ی نازم حیکمەتت کردووە.. من خۆم شـەخـسی نازانم ئەو کـاریگەرییـە چۆنە؟! ئەگـەر بکرێ

باسی بکەی! بەڵام ئەو دەرکەوتنەی من باسی دەکەم، جەماوەرییەتێکی زیاتری بە ئێوە دا؟

– «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد» وەک وتم ئەو کاتە خوێنرایەوە.. کاک حوسێن عارف و نوێنەرانی نووسەرانیش (کۆنەکان)، بۆ ئەم شیعر خوێندنەوەیە و وەک دان پێدانانێک بە ئێمە، ڕێک کەوتبوون.. سامی شۆڕش و منیان هەڵبژاردبوو. هەرچەندە برادەرانی تر زیز بوون، بەڵام کاک حوسێن ڕێک و ڕاست وتی: لای ئێمە خۆشمان و لای ئەوانیش ئەم دووانە لەپێشەوەن، ناشبێ هەموو بخوێنینەوە، لەبەر ئەوە چاکترە بەم چوونە پێشەوەیە ڕازی بین.. ئیتر ئەوە بوو دەنگێکی باشی دایەوە.. بەهەرحاڵ ئەم بێ، یان ئەو شیعر، هەریەکەیان شتێ بن بۆ خۆیان، بەرزادەی ئەزموونی جوگرافیای بەغدا دەکەون.. کە جوگرافیایەکی لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و..تاد فراوانە و دیارە جاران یەکێک بوو لە پایتەختەکانی کولتووری ڕۆژهەڵات بەگشتی..

* ئەگەر بکرێ باسێکی زیاتری شیعری «چۆن کپ ئەبم» بکەین! هەروەها لە ئەزموونی بەغدا و پێوەندییەکانت و کاریگەری ئەو شارە لەسەرت؟

– بەغدا یەکێکە لەو شارانەی کە من سوودی زۆرم لێ بینیوە و یەکێکە لە قۆناغە هەرە گرنگ و خۆشەکانی تەمەنیشم.. من کە چوومە زانکۆی بەغدا و بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب، ئیتر تا ئەوکاتەی چوومە دەرەوە نزیکەی هاوینی ساڵی [١٩٦٨– ١٩٧٨]. من لە بەغدا خوێندنم تەواو کرد و دواتریش لە «کۆڕی زانیاری کورد» دامەزرام و کارم دەکرد.. بەغدا بۆ من چەند مەودایەکی هەیە:

– لە لایەکەوە چوونە زانکۆ.

– دواتر چوومە ماڵی کاک فاتیحی مامۆستا مەلا کەریم [کە مێردی پوورمە] و نزیک بووم لە بنەماڵەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دوای کاک فاتیح، هەریەک لە کاکە حەمە و کاک سەلاحیش زۆر هانی منیان داوە و یارمەتییان داوم.. ئەوە فەڕ و نووری مامۆستا خۆیشی با هەر لەولا بوەستێ!

ئەگەر تۆزێ زیاتر لەسەر ژیانی زانکۆ و بە تایبەتی کتێبخانەی کۆلێژ و ناوەندی زانکۆ بدوێم، کە چەند کاریگەربوون و هەموو سەرچاوە و کتێب و گۆڤارێکیان تێدابوو.. ئێمە زۆر کاتمان لەوێ بەسەر دەبرد، تەنانەت دواتر هاوینانیش کاری «تەسحیح» بوایە، شتێکمان لەو ڕۆژنامە و شتانەدا دەدۆزییەوە، هەر بۆ ئەوەی هاوینیش لە بەغدا بین.. ڕاستییەکەشی ئێمە ئەو چەند کەسەی لەوێ دەمانخوێند، هەریەکە و بەشی خۆی جددییەت و توانایەکی هەبوو.. مەبەستم هاو نەوەکانی خۆمە لە نووسیندا.. ئەوەی پێوەندی بەخۆمەوە هەبێ، من باش سەرم کردبووە خوێندنەوە، وردە وردە دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوەش کرد.. بە کوردی و عەرەبی بێجگە لە شیعر، هەندێ وتار، یان (خواطر)م بە عەرەبی دەنووسی و بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی «التآخي»دا بڵاوم کردنەوە.. ئەوکاتانەش بەغدا زۆر خۆش بوو.. سەردەمی «بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠» و دامەزراندنی کۆمەڵێ دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بوو.. یەکەم هەنگاوەکانی «ڕێنیسانس»ی کوردی و بووژانەوەی ئەدەب و کولتوور و زمانی کوردی لەو ڕۆژانەوە دەست پێ دەکات.. ئێمەش کەوتبووینە ئەو دنیایە و بە هیممەت و بڕوای گەنجانەوە هەوڵمان دەدا.. ئەمانە هەمووی ڕەنگدانەوە و کێشی خۆیان لە نووسینی ئەو سەردەمەدا هەبوو.. مەبەست لە «نەوەی حەفتاکانە» بە هەموو کەسایەتی و ڕێباز و بۆچوونە جیاوازەکانییەوە..

* بەدەر لەو هەلومەرجە باشەی بەغدا و ئەو سەرچاوانەی هەبوون، خەڵکی جیاوازیش هەبوون کە بۆ خۆیان سەرچاوە «مرجع» بوون، لە ڕووی ئەکادیمییەوە مامۆستاکەت– دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ کاریگەری لەسەر تۆ زۆرە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کاک فاتیحی کوڕی، هەروەها کاکە حەمەی مەلا کەریم خۆشت باسی هاوتەمەنەکانت کرد، دەکرێ تۆزێ زیاتر پۆلێنێکی ئاستی کاریگەریی ئەمانە و چۆنیەتی کاریگەرییان بکەین؟

– با هەر بە گوێرەی پرسیارەکەت وەڵام بدەمەوە و باسی هەر یەکێک لەو زاتانە بکەم، وەک وەفایەک بۆ هەڵوێست و پشتگیری و یارمەتییان بۆ من..

دکتۆر عیزەدین مەسەلە هەر ئەوە نییە مامۆستام بووە، من هەمیشە حسێبی یەکێک لەخاڵەکانم بۆ کردووە و پێش ئەوەش ببم بە قوتابی بەڕێزیان هەر وابووە. کاتێ شیعری منی کردبوو بە عەرەبی یەکێک لە مامۆستاکان ڕەخنەی لێ گرتبوو، چۆن دەشێ مامۆستا شیعری قوتابی خۆی تەرجەمە بکات.. کە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری «بەیان»یشدا (د. عیزەدین)یان ڕاسپاردبوو، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعرەکانی ئێمە بنووسێ، چونکە

ژمارەیەکی تایبەت بوو بە شیعری نوێ یەکەم شیعر باسی «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد»ەکەی منی کردبوو، ئەمەش لەخۆیەوە نەبوو، تەنانەت من خۆم بەو تەبیعەتە شەرمنەمەوە و بۆ ئەو ساتە زووەی شیعر بڵاوکردنەوەم، لێت ناشارمەوە، هەستم بە جۆرە شانازی و لە هەمان کاتدا «ئیحراج»ی ئەوەش دەکرد، کە وای لێک بدرێتەوە، مەسەلەکە «خزمایەتییە!»..

ئەم دوو هەڵوێستە ڕەنگە باسی دوو ڕووداوی بچووک بن، بەڵام نیشانەی دووربینی و زانایین، دەرککردنن بەهەندێ شت کە ڕەنگە ئەو جۆرە مامۆستایانەی ڕەخنەیان لێ گرتبوو، توانای تێگەیشتنی ئەو مەسەلانەیان نەبێ.

لە ڕاستیشدا من حەزم لە دەرسەکانی دەکرد و زۆر سوودمەندبوون و جاروبار لە قسەکردندا زیادەڕۆییشم دەکرد، چونکە ڕێگەی بە قوتابی دەدا کە قسە بکات و بیروڕا و بۆچوونی خۆی بڵێ، بێجگە لەمانەش لە ڕۆژنامەی «التآخي»دا، بەڕێزیان سەرپەرشتی لاپەڕەی «الأدب الکردي» دەکرد، چەند جار وتاری بۆ بڵاودەکردمەوە.. بەڕاستی د. عیزەدین دیاردەیەکی تایبەتی ئەدەبی کوردییە، بەداخەوە! لەم کەسادەی بازاڕەی کولتووری کوردیدا هەقی شایانی نەدراوەتێ..

هەروەها کاک فاتیح، خوا لێی خۆشبێ، دەوری زۆر کاریگەرە لە ژیانمدا، من ساڵی یەکەم و دواتریش هەر لەماڵی ئەوان بووم.. کاک فاتیح- سەربازێکی ون-ی دنیای ئەدەبی کوردییە. پیاوێکی دانا و زانا و جوامێر بوو، شارەزاییەکی چاکی ئەدەبی کوردی و فارسی و عەرەبی بوو، پیاوێکی بەخشندە و میهرەبان، بەهیچ شێوەیەک لە یارمەتیدانی خەڵک ماندوو نەدەبوو.. مرۆڤێکی شارستانی و ڕەوشت بەرز.. ئەگەر ئەو نەبوایە دوور نەبوو، چارەنووسی من وانەکەوتایەتەوە.. هەرچیم نووسیوە، بەتایبەتی بە عەرەبی، کاک فاتیح خوێندوویەتییەوە و بیر و سەرنجی خۆی پێ وتووم.. مەنتیقی مەلایانی دەزانی و مرۆڤی فێر دەکرد، چۆن موناقەشە و چۆن چارەسەری دیاردە ئەدەبییەکان بکەی.. پەروەردەکارێکی گەورەش بوو، دڵێکی گەورە و کەسایەتییەکی گەورەی هەبوو. باسی فەڕ و نووری مامۆستا مەلا عەبدولکەریم- بابە گەورە-شم کرد، دواتر کاکە حەمە بە هەموو شێوەیەک چ لە مەیدانە ئەدەبییەکەدا، چ لە دۆزینەوەی کارێکی باش، چ هەوڵدانی بۆ ناردنە دەرەوەم، بە هەموو شێوەیەک پشتگیری دەکردم و یارمەتی دەدام، گەلێک لە شیعرەکانی دەکردم بە عەرەبی، کاکە حەمە پێویستی بەوە نییە من بە خوێنەر و خەڵکی بناسێنم، هەر بوونی ناوی ئەو لە هەر مەسەلەیەکی ئەدەبیدا، خۆی بۆ خۆی وەزن دانان بوو بۆ ئەو بەرهەمە.. کاک سەلاحیش کتێبخانەیەکی چاکی هەبوو. کاک سەلاح بەداخەوە نەکەوتە دنیای ئەدەب، ئەینا جێگە دەستی دیار دەبوو.. هەندێ لەو بۆچوون و دیدە ئەوروپاییانەی من لە کاتی خوێندندا لەدەرەوە دەهاتنە پێشم، لە کاک سەلاحم بیستبوون. ئەڵبەتە، مەبەستم دەربارەی جددی نووسین و ئەدەبە.. دیارە هەمووکەس وەک من- بەخت یاری نەبووە- کە بەم هەموو پشت و پەنایە دەورە بدرێ.. دواتریش کە چوومە کۆڕی زانیاری کورد، سوودم لە کەسایەتی مامۆستا مەسعوود محەمەد و بوێرییە فیکری و ڕۆشنبیرییەکەی، لە مامۆستا شوکور مستەفا و زانایییەکەی، لە د. کەمال مەزهەر و د. ئەوڕەحمان و هەموو ئەمانە وەرگرتووە، بەتایبەتی مامۆستا شوکور زۆر شتی فێر دەکردم، هەر ئەویش ئەلفبای سلاڤی فێر کردم،.. پیاوێکی گەلێک زاناو دانابوو.. بە کورتییەکەی بەغدا بۆ من ئێستگەیەکی هەرە گرنگ و چارەنووسساز بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان من لەو شارەدا وەڕس نەبووم.. هەر لەوێش چ لە کۆلێژی ئاداب و چ لە دنیای ڕۆشنبیری کوردیدا، ئاشنا و هاوڕێی باش هەبوون.. کە ئەو کاتانە دید و بۆچوونمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، بەرهەممان نیشانی یەک دەدا.. نووسین- وەک دەزانن- پرۆڤەی خۆی دەوێ و مەشق و بەردەوامی دەوێ.. ڕەنگە مرۆڤێک چەردەیەکی باشیشی خوێندبێتەوە و گەیشتبێتە ئاستێکی ڕۆشنبیری باشیش بۆ خۆی، بەڵام کە دێت و دەست دەکات بە نووسین، لەگەڵ ئەوەشدا بنەمایەکی فیکری باشی هەیە و ڕوانگەیەکی جیهان و ژیانبینی بۆ خۆی ساز داوە، بەڵام نووسینەکەی لەو ئاستەدا نابێ.. من مەبەستم لەم قسانە، بەرهەمە سەرەتاییەکانی خۆیشمە، هەرچەندە هەرگیز لێیان پەشیمان نیم.. من لە بەغدا، لە ساڵی ١٩٧١-وە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەستم کرد بە شیعر بڵاوکردنەوە، هەروەها وتار و خەواتیر بە عەرەبی.. وامان هەست دەکرد، خۆمان و دنیاکەمان دۆزیوەتەوە، بۆیە هەر خەریک بووین.

* ئەی تۆ جارێک نامەیەکت بۆ مامۆستا عەبدولمەجید

لوتفی ناردبوو، بڵاوکرایەوە، چۆن ئەوت دەناسی؟

– مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی ئاشنایەکی نزیکی کاکە حەمەی مەلا کەریم بوو، من لەگەڵ ئەودا سەردانیم دەکرد.. سەعدی کوڕیشی لە دەربەندیخان پزیشک بوو.. ئیتر خاڵم و ئەوان ببوونە ئاشنای.. جارێک هاوین بوو، مامۆستا خۆیشی هات بۆ دەربەندیخان، چەند جارێک بینیمان.. ئەو نامەیەش هی دوای ئەوەیە کە «زریان» دەرچوو، چونکە من دانەیەکم بۆ نارد.. ئەویش گەلێ ستایشی زمانە کوردییەکەی کردبوو.. دوای بڵاوبوونەوەی تەرجەمەی «چۆن کپ ئەبم»یش بە عەرەبی، کە کاکە حەمە کردبووی، سەردانێکمان کرد. هەر چووینە ژوورەوە مالی لە شاری «ئامۆن» بوو، لە باغچەی ماڵەکەیدا دانیشتبوو، پاییز بوو، یەکسەر منی دی، هەرچەندە پێشتریش دیبوومی.. بە گاڵتەوە وتی: «تسمع بالمعيد خير من أن تراه».. خۆی ئەم قسەیە لە کاتی دیتنی مرۆڤێکی ناشیریندا کە ناوبانگی باشەی هەبێ، دەوترێ.. کاکە حەمە سڵەمییەوە و وتی: خۆ ئەم ناشیرین نییە.. وتی: یەکێک شیعری «چۆن کپ ئەبم» دەڵێ، وەک: «غۆلەکانی حەزرەتی سولەیمان وابێ لە بەهێزی و کەتەییدا» مەبەستم ئەوەیە. دیارە شیعرەکەی پێ باش ببوو..

* لەو وێستگانەی کە دەکرێ باس بکرێ لە ژیانی جەنابتان و پاشان لە شیعرەکانیشتدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو ساڵەی ٩٧٤ – ٩٧٥ی پێشمەرگایەتییە، پاشان ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر کە بە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی هات، چ لە ڕووی دەروونی و چ بەرهەمی ئەدەبییەوە؟

– بێ گومان ئەو ساڵە هەرچەندە بە کارەسات کۆتایی هات، بەڵام لە ژیانی هەموو کوردێکدا ئاسەواری بەجێ هێشتووە. ڕەنگە لات سەیر بێ، ئەگەر بڵێم: من چەند وردە شتێکی ئەو ساڵەم تائێستاش وەک یادگار لا ماوە، بۆ نموونە مەقەستێکی بچووکی چینی سمێڵ، کە لەوێ کڕیومە، بردوومەتە ڕووسیا، دوایی بۆ سوید تا ئەم ساتەش هەر ماومە.. وەک ڕەمزێ، تەلیسمانێ، چووزانم! جاروبار خەوی سامناکی ئەو کارەساتە و کابووسەکانی دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵەش بەرم نادەن..

وەکو تریش لەوێ فارسییەکەم باش کردو خەریکی زمانی ئینگلیزی بووم.. بەداخەوە! هەندێ بەرهەمیشم لەناوچوون، چ شیعر و چ وەرگێڕان و چ یادەوەرییەکانی ئەو ساڵە کە ڕۆژانە دەمنووسین.. بۆ نموونە لەو بەرهەمانە شیعری «پۆل ڕۆپسن..» و «زریان».. دوو شیعری درێژ بوون، ئەوەی لە کۆمەڵە شیعری «زریان» دایە، ئەوەیە کە لەبیرم مابوو. لەکاتی گەڕانەوەدا لە شارۆچکەی «پاوە» ئەو شتانەم لەماڵی خزمێکدا دانا بیپارێزن، ئەوانیش لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ سلێمانی سووتاندبوویان: «نەک شووشە شکا وا ڕەز ئەسووتێ..» ساڵێکی دەوڵەمەند بوو بە هەموو شین و شادییەکییەوە.

* بە پێچەوانەی خەڵکانێک کە لە شۆڕش گەڕانەوە، هاتنەوە دەستییان کردە گلەیی و قسە وتن بە شۆڕش و هەموو کارەساتەکەیان یەک لایەنە سەیر دەکرد، جەنابت بەگیانی ڕووبەڕووبوونەوە گەڕایتەوە؟

– ئەوەی لەو ڕۆژانەدا لەوێ نەبووبێ، نازانێ چ ڕۆژی حەشرێک بوو! لەبەرچاومان بەقەولی مام هەژار: «قەڵای ئومێدمان دەڕما». لەو هەموو «نانخۆر و جێگرەی ئەمانەتەکەمان» دەوری شازدە کەسێ مابووینەوە لە ئێزگەکە.. ڕۆژێک سەگەلی دەوری ئێزگەکە پەلاماری (لەتیف هەڵمەت)یان دابوو.. دنیا چۆڵ بوو، فرکان فرکان و ڕاکە ڕاکەی هەڵاتن بوو بۆ ئەودیو.. من لێرەدا هیچ بە خەیاڵمدا نایە و مەبەستم نییە، بەڵام هەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە لە ئۆردۆگاکانی ئەودیو نازانم خەریکی چی بوون! هەموو سەری مانگێ دەهاتن مووچەکەیان وەردەگرت و ئاودیو دەبوونەوە– سەیرە! ئەوانە ئێستا پاڵەوانی بەسەر ئێمەدا لێ دەدەن، وەرە مەردم ئەوەندە چەرداوە ڕوو بێ و «چەرمی ڕووی ئەوەندە قایم بێ!» فارس واتەنی: «تر ترنباشدا» من لەبەر ئەوەی نەوەک ناوی هەندێکم لەبیر نەمابێ نایانانووسم، هەر ئەوەندە دەبووین، کە وتم.

لێرەدا دەمەوێ باسی هەڵوێستی جوامێرانەی نووسەری گەورەمان کاک (حوسین عارف) بکەم، کە هاتبوو بۆ لامان بۆ ئێزگەکە و هانی دەداین بۆ بەریگکردن و شەڕی پارتیزانی، تەنانەت بە گاڵتەیەکی پڕ تەوس و حەسرەتەوە وتی: «جارانیش بەدڵی خۆمان ڕێگەیان نەدەداین قسە بکەین، ئێمەشەو گۆرانی حەسەن زیرەکی تێدا لێ دەدەین..!»، بەڵام هەندێ لەو زانیارییانەی ورد نین، بۆ نموونە باسی هەندێ کەس دەکا، لەوێ نەمابوون. هەر کەسە و پلانی خۆی هەبوو، منیش هەروەها، هەرچەندە جێگەی باسکردنی ئێرە نییە و بۆ دەرفەتێکی

تر هەڵیان دەگرین.

* ئەگەر ئاماژەیەک بۆ ئەو کۆڕە شیعرە بکەین لە یەکێتی نووسەرانی عیراق کردتان، چیتان لەوێ خوێندەوە؟

– من شیعری «چۆن کپ ئەبم»م خوێندەوە. ئێمە چەند کۆپلەیەک، یان کۆپلەیەکمان دەخوێندەوە و کاک (عەباس بەدری) هەموو شیعرەکانی بە عەرەبی دەخوێندەوە. تەنیا برادەرێک کردی بەعینادی کە خۆی بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە، ڕاستییەکەی نە شیعرەکەی شتێکی وابوو، خوێندنەوەکەش پڕ هەڵە بوو.. قوتابیانی زانکۆ ئەو ناوەیان تەنیبوو، بێ گومان قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا، بێ دەنگ، وەک یەکێک لە ئەدیبە عەرەبەکان بەکاک عەباسی گوتبوو: ئەمە لە جەماوەری خۆ پیشاندان دەچێ.! کۆڕێکی سەرکەوتوو بوو.

* دوای ئەو کۆڕە و دوای بڵاوکردنەوەی شیعری «چۆن کپ ئەبم» دامودەزگاکانی بەعس، هەڵوێستیان چی بوو؟! ئەی لەناو خەڵکدا دەنگدانەوەی چۆن بوو؟

– ئەم شیعرە، دوای گەڕانەوەمان لە شاخ بەماوەیەک نووسیم، شەوێکی هاوینی بەغدا لەسەربانیماڵی کاک فاتیح وەک (ڕێلکە)، یان (هۆڵدرلین) دەڵێ: وەک لێزمە باران دەهات، دەترسام بچمە خوارەوە بۆ نووسین، حاڵەتەکە بڕەوێتەوە، بۆیە زۆریم لەبیر چووەوە، بەڵام هەوڵم دەدا لەبەریان بکەم، هەر بەیانی لەخەو هەستام چوومە خوارەوە و نووسیمەوە، دیارە دەبێ ئاماژە بە قسەیەک بکەم، کە وتیان کاک مەحموود زامدار کردوویەتی و وتبووی: «لەگەڵ نسکۆکەدا ئەویش.. تووشی نسکۆی شیعری بووە چ ڕاستییەکەی ئەم قسەیەی زامدار وەک: ئاگربەردان بوو لە بەنزینی پەنگخواردووی ئەو کارەساتە لەلای من، ئەڵبەتە سوپاسی دەکەم، چونکە بێ ئەوەش ئەگەر هەر بشبوایە بە شیعر ئەو خەم و تەمە، نازانم چۆن دەبوو؟ دڵنیام، ئەو هێزەی نەدەبوو.. من لە شوێنێکی تردا دەمەوێ دەربارەی کاک مەحموود زامدار بدوێم وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری دەگمەن.. هەر کە چووم بۆ کۆڕی زانیاری، یەکسەر بۆ کاکە حەمەی مەلا کەریم خوێندەوە، دیابوو بەدڵی بوو، چونکە وتی: داینێ تەرجەمەی دەکەم.. کەس نەیدەوێرا بڵاوی بکاتەوە، ماوەیەک لە گۆڤاری «الثقافة الجدیدة» کە کاکە حەمە خۆی بۆیانی بردبوو، کەوت و بیانوویان ئەوەبوو کە دێرێکی تێدایە دەڵێ: «لەسەر دوو شەپۆلی زۆر کورت بڵاو دەبمەوە».. گوایە ئەمە ئاماژەیە بۆ «ئێزگەی دەنگی کوردستان».. دواتر لە ڕۆژنامەی «العراق»دا کاک عەباس بەدری وتارێکی لەسەر نووسی و کۆپلەیەکیان بڵاوکردەوە، کاک ساڵح حەیدەری ڕەحمەتیش هەمووی بڵاوکردەوە.. ڕۆژنامەکەش «إنذار»ێکی وەرگرت، کە نابێ چیدی شیعری لەم بابەتە بڵاوبکاتەوە، بە نیازبوون کاکە حەمەو من بگرن، بەڵام دوایی دیاربوو نەیانویستبوو ببێتە هەڵایەک و لەبەر هەندێ ئیعتباراتی تر..، نازانم؟ خەڵکیش زۆر پێیان خۆشبوو، دواتر بە کوردیش لە گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان»دا، بڵاوبووەوە. تەنانەت هەندێ کەس بە یەکەم شیعری ڕاستەقینەی بەرگری ئەو قۆناغەی دادەنێن، چونکە ئەوە شیعری سەربۆردادان و «ڕەوزە خودن» و بە نەفرەتکردنی «خودی خود!» نین.. نەک هەر ئەوە، باوەڕ بکە، چ شیعر و چ ئەو تەرجەمانەی لە فارسییەوە دەمکردن، گێچەڵی زۆریان دەنایەوە. جارێکیان پێش نووسین و بڵاوبوونەوەی «چۆن کپ ئەبم»، کە تازە هاتبووینەوە، کاک مەحموود زامدار وتی: «کاکە، دەمێکە گوێم لە شیعری باران نەبووە...» شیعری «زریان»ی لێ وەرگرتم و بردی بۆ «ڕۆشنبیری نوێ»، کە هێشتا نەببووە گۆڤار.. ناردبوویان بۆ تایپکردن، دوای تایپکردنی ڕەقیبێکی نازانم چی سیفەت، کە هەر (عائد) بوو، لەگەڵ خۆماندا هاتبۆوە، هەندێ شتی لەسەر نووسیبوو، برادەرێک ئەوەی نیشاندام کە ڕەقیب لەسەری نووسیبوو، بە دەردی زامدار دەیگوت: ئەو غەددار بابە ناترسێ لەوەی لەدارت بدەن؟! هەر لێرەدا دەمەوێ باسی دەوری جوامێرانەی کاک مەحموود زامدار بکەم، کە زۆر پشتگیری لە کەسانی وەک (هەڵمەت) و (من) و...تاد دەکرد، بەرهەمەکانمانی لە ئێزگە دەخوێندەوە.. هەر ئەو شیعری «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد»ی بۆ یەکەم جار لە ئێزگە خوێندەوە، بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، هەندێ جاریش بە تۆبزی و «عەنتەریات»ی خۆی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ بڵاودەکردینەوە، مایەی پێزانین و سوپاسی زۆرە..

* پاش گەڕانەوەی ساڵی (١٩٧٥)ت، بە هەگبەیەکی تازەوە گەڕایتەوە، کۆمەڵێک وەرگێڕانی شیعری فارسیت هەبوو، شتێک هەیە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم: کە

خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن-ی شاعیر رای لە تەرجەمەکانت بوو. بۆ تۆ ئەو ئەزموونە تازەبوو، یان درێژەی ئەزموونێکی پێشووتر بوو، بەشێوەیەکی تازە؟

- ئێمە لە کۆلێژی ئاداب شتێک فارسیمان دەخوێند، بەڵام من ئەو ساڵە دوای سەفەرێکی ئێران و بینینی ئەو هەموو کتێبە بە فارسی، خئەیەکی باشم دایە فارسی و هەر خەریک بووم. جاران تاکە سەرچاوەمان عەرەبی بوو، هەندێ شتم بە زمانی فارسی دی، بە تایبەتی ئەدەبی بێگانەی وەرگێردراو، کە بە عەرەبی نەمدیبوون، ئەمەش زیاتر هانی دام بۆ فێربوونی فارسی. ڕاستە زمان فێربوون، ماندووبوون و تاقەتی دەوێ، بەڵام شیرینی کردنەوەی پەنجەرەیەکی ڕۆشنبیری تازەش بە رووی خۆتدا لای من لە هەموو شتێ شیرنترە، بەتایبەتی کە دەکەویتە چنینەوەی بەروبوومی.. ئیتر هەر لەوێوە، وەک بەشێک لە پلانی فێربوونی زمانی فارسی، جاری وا هەبوو وردە شتم تەرجەمە دەکرد.. ئیتر کە گەڕاشینەوە هەر بەردەوام بووم، هەندێ لەو شتانەی وەرم دەگێڕان پیشانی کاک فاتیح و کاکە حەمە و مامۆستا شوکور مستەفا و زۆرجار مامۆستا هێمنی شاعیرم دەدان.. ئەوان ورەیان دەخستە بەرم بۆ بڵاوکردنەوەیان.. بەتایبەتی ئەو پێشەکییەی فروغ فروخزاد بۆ هەڵبژاردەی شیعرەکانی خۆی دەربارەی ئەزموونی شیعری خۆی نووسیویەتی، ئەوەم کرد بە کوردی و لە گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان»دا بڵاوبووەوە. دەنگێکی باشی دایەوە و مامۆستا هێمن زۆر بەدڵی بوو، تەنانەت هەندێ پەسینی وای دا، کە من خۆم قەت باسم نەکردووە و ناشی کەم..!

تا سەفەری دەرەوەش، ناو بەناو لە فارسییەوە هەندێ شیعر و نووسینم دەکرد بە کوردی و عەرەبی و بڵاوم دەکردنەوە.. لەوانە شیعری شاملو، فەرەیدوونی موشیری، گولسورخی..تاد تەنانەت هەندێ شیعری کورت و بچکۆلەی فارسی کە لە «پاشکۆی کوردی» ڕۆژنامەی «العراق»دا کراون بە کوردی و بەبێ ناو بڵاوبوونەتەوە، زۆربەیان هی منن..

* خەسرەوی گولسورخی پێدەچێ بە دەر لە شیعرەکەی، کەسایەتیشی کاریگەری بووبێ؟


- من یەکەم جار گولسورخیم لە ڕێگەی نامیلکەیەکی فارسییەوە ناسی، کە پێم وایە ڕێکخراوی قوتابیانی سەر بەحزبی «توودە» دەربارەی ژیان و چارەنووسی کارەساتاوی گولسورخی دەریان کردبوو، هەندێ لە شیعرەکانیشی تێدابوو.. من هەموو ئەو بابەتەم کرد بە کوردی و عەرەبی، بڵاوکردنەوەی ئاسان نەبوو، تا خۆشم لەوڵات بووم بڵاونەبوویەوە،.. دوایی کاکە حەمە هەمووی لە ژمارەیەکی «ژ ٤» نووسەری کورددا بڵاوکردەوە، عەرەبییەکەشی لە ژمارەیەکی «الثقافة الجدیدة»دا کە دەزگاکانی ئەمنی بەعس لە چاپخانە دەستیان بەسەردا گرت بڵاوبووەوە، خۆشم دوایی کورتەیەکیم بە عەرەبی هەر لە هەمان گۆڤاردا کە پەنایان بۆ «سوریا» هێنابوو بڵاوکردەوە.. ڕەنگە شیعرەکانی بە بەراورد بە شاعیرانی نوێخوازی تری فارسدا ئەو برشتەیان نەبێ، بەڵام ژیان و مردنەکەی لە سەرتاسەری جیهاندا بەڕاستی دیاردەیەکی نەمرە لە مێژووی هەڵوێستی هونەرمەنداندا.

* بێجگە لە گولسورخی لە کۆمەڵە شیعری «زریان»دا هەندێ ناوی تری وەک، مایکۆفسکی، لینین، ئەو ڕەمزانە ئەوکاتانە لای تۆ چیبیان دەگەیاند؟

- با یەک یەک باسیان بکەین، بۆ نموونە پۆل ڕۆپسن- ئەو گۆرانیبێژە زنجییەی کە سیمبۆلی گۆرانی وتن بوو بە باڵای ئازادیدا و دژی ڕاونان و چەوسانەوە بوو.. دیارە بە کاریگەری شیعرەکەی (گۆران)ەوە زیاتر من ئاشنای بووم و دواتر هەندێ شتم دەربارەی خوێندۆتەوە.. هەرگیز - خوانەخواستە!- خۆ بەراورد کردن نییە لەگەڵ شاعیرێکی مەزنی وەک گۆراندا، بەڵام مامەڵەکەی ئەو جیایە لەوەی من، چونکە من وەک- ماسک- بەکارم هێناوە، بەڵام ئەو زیاتر پێیدا هەڵدەدا و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا..

* چەندە ئەوکات ئاشنایەتیت لەگەڵ گۆرانییەکانی پۆل ڕۆپسندا هەبوو؟

- هەر زۆر کەم..



# هونەرمەندی شێوەکار سەڵاح حەمەئەمین: هیچ کارێکی هونەری بەبێ بینەر و ڕەخنەگر کامڵ نابێ.. بۆ یەکەم جاریش من توانیم تەکنیکی فۆتۆگراف بخەمە خزمەتی هونەری شێوەکارییەوە

ئا: فەیسەڵ هەمەوەندی
(کەرکووک)

هونەری شێوەکاری جۆرە تەمومژێکی تێدایە، کە وامان لێ دەکات تەنیا ڕووکەشانە بڕوانینە ڕەنگەکان، یان ئەو ئاراستە هونەری و هزرییەی هونەرمەند بە دنیای خەیاڵەکانی خۆیدا دەمانگێڕێ، لە فەزای خەیاڵ و هزری ئێمەشدا ئەو پانتاییە بەرەو وێڵ بوونێک دەمانبات.

ئەگەر ئەمە شێوە پرسیارێک بێ بۆ نەخوێندنەوەی تەواومان بۆ هونەری شێوەکاری، دەبێ وەڵام چی بێ؟

پرۆسەی ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەری بە تایبەت هونەری شێوەکاری، بە چەند قۆناغێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، تا دێتە ڕسکان. یەکێ لەو فاکتەرانەی ڕۆڵی سەرەکی لەو داهێنانەدا دەبینێ، بوونی ئاگایی و نائاگاییە لای هونەرمەند. نائاگایی بە چەند فۆرم و ڕوخسار و وێنەیەک گەڵاڵە دەبێت، لە باری دووەمدا کە ئاگاییە لێکدانەوەی ئەو فۆرم و ڕوخسارانە لە فەزایەکی قووڵی هزری هونەرمەنددا بە پێوەرێکی تایبەت بەخۆی دادێ و ئەو تابلۆیە دێتە دنیاوە.

هونەرمەند لەو شوێنکاتە بەدەر نییە کە تێیدا دەژی، هەڵبەت لای هونەرمەندانی خۆشمان پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەی تێدا بێ، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە، بۆچی کارە هونەرییەکان لەلای هونەرمەندانی کورد نەگەیشووەتە ئاستی جیهانی، کە کورد بۆ خۆی ژینگەیەکی پڕ لە کارەسات ژیاوە، لەو هەموو نائاگایی و ئاگاییە چی بەرجەستە کراوە، کە جێی سەرنج و ڕامانی جیهانی بێت؟

ئەنفال و کیمیاباران و قڕکردنی چەندین

ملیۆنی میللەتێک تابلۆی ژینگەی کوردەوارین، کەچی هەر وێنە فۆتۆگرافەکان بوونەتە زمانی کارەساتەکان. هەڵوەرینی مرۆڤەکان تابلۆن، ترسەکان ڕەنگن، نزا کردنەکان دەنگن، مردنەکان جووڵەیەکی لەبیرکراون، منداڵەکان هەر پەپوولە نین، بە ئامێزەکاندا کوێر دەبنەوە. هەڵبەت ڕاڤەیەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەیە. قسە زۆرن، بۆیە لە نزیکەوە چاومان بە هونەرمەندی شێوەکاری شاری کەرکووک سەڵاح حەمەئەمین کەوت بۆ ئەوەی ئەم پرسیارانە ڕاڤە بکات.

* بەر لەهەر پرسیارێک دەمانەوێ بە کورتی باس لە ئەزموونی خۆتان بکەن؟

– لەسەردەمێکی تەمومژاویدا لەنێو کووچە و کۆڵانە بە ساڵداچووەکانی گەڕەکی ئازادی شاری کەرکووکدا و دواتر لە گەڕەکی (ثورة) لە شاری بەغدا وەک منداڵێکی هێمن و لەسەرخۆ لە ڕەفتار و لە هەمان کاتدا ناهاڵ لەگەڕان و پشکنیندا بەدوای پانتاییە پاک و چۆڵەکانی سەر دیوارەکاندا کە بە بەردەوامی سەرنجیان ڕادەکێشام هەنگاوم دەنا و لەدوای خۆمدا دیوارە کۆم و بە ساڵداچووەکانی ئەو دوو گەڕەکەم بە خەڵووز و گەچ ڕەنگ دەکرد. لە زۆر کاتیشدا دیواری ژوورەکەی خۆمانیش لە ناهاڵی ڕەنگەکانم ڕزگاری نەدەبوو.

لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا وەک زۆر لە منداڵە هاوتەمەنەکانم ئاشناییم لەگەڵ قەڵەم بۆیە و پاستیل و ڕەنگی ئاویدا پەیدا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای نزیکبوونەوەم لە جیهانی وێنەکێشان و هێڵکاری زیاتر خولیای کاری هێڵکاری بووم و لەو کاتەدا زیاتر قەڵەمی ڕەشی نووسینم لە کارەکانمدا بەکاردەهێنا.

لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا دیسانەوە ڕەنگ ئاوێتەی هێڵەکانم بووەوە و لەو دەمەدا دەستم بە بەشداریکردن لە پێشانگەکانی قوتابخانەکانی شاری کەرکووک کرد و چەند جارێک لەو پێشانگەیانەدا خەڵات کراوم، تا قۆناغی خوێندنی ناوەندی بەم شێوەیە بەردەوام بووم. لە ساڵی ١٩٧٦دا بۆ یەکەمین جار لەنێو چوار دیواری چالاکی خوێندگاکان چوومە دەرەوە و بەشداریم لە پێشانگەیەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کەرکووک کرد، تا ئەم دەمە لە یادەوەرییەکانمدا ماوەتەوە کە هونەرمەند (ئازاد مستەفا) ناسراو بە (ئازادە ڕەش) هاندەرم بوو بۆ بەشداریکردن لەو پێشانگایەدا. لەدوای ئەو مێژووەوە بەشداریم لە چەند پێشانگەیەکی هاوبەشدا کرد تا لە ساڵی ١٩٨٢دا بە هاندانی هونەرمەندی دوورە وڵات (سەڵاح محەمەد میرزا) و لە ئەزموونێکی نوێدا بۆ یەکەم جار لە (عیراق)دا توانیم تەکنیکی هونەری فۆتۆگراف بخەمە خزمەتی هونەری شێوەکارییەوە، ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەم ماوەی سێ ساڵی خایاند تا لە ساڵی ١٩٨٥دا ئەو ئەزموونە نوێیەم لە پێشانگەیەکی تایبەتدا خستە بەر دیدی شێوەکاران و هونەر دۆستانی شاری کەرکووک.

لەو سەردەمەوە بنەمای ڕووتەڵەکردن (تجريد) و دووانەی بینین لە هزرمدا جێگیر بووە. تا ئەم دەمەش لە کارکردن لەسەر ئەو ئەزموونەی خۆم بەردەوامم، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک کێشە و گرفت لەکاتی کارکردنمدا ڕووبەڕووم دەبنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاغەزانەی کاریان لەسەر دەکەم و وێنەکانیان لەسەر چاپ دەکەم ماوەی چەند ساڵێکە دەست ناکەون و دەرمانی (هایپو و دڤلۆب) لە بازاڕەکاندا نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بەردەوام بوون لە بواری هونەری شێوەکاریدا سوور و بەردەوامم.

ماوەیەکی زۆریشە لە بواری هونەری شێوەکاری و شانۆدا دەنووسم و بڵاودەکەمەوە و لە کۆتایی ساڵی



ڕابردوودا کتێبێکم لە بواری مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکووک چاپ کرد.

✱ بزاڤی هونەری شێوەکاری چ هێڵێکی تەریب لە ڕەخنە لە تەکیدا هەڵدەکشێ؟

– لە خوێندنەوەمان بۆ مێژووی کۆن و نوێی هونەری شێوەکاری لە جیهاندا بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری شێوەکاری لە هەر چ شوێن و ساتێکدا بوونی خۆی سەلماندبێت هاوتەریب لەگەڵیدا ڕەخنەی شێوەکاریش بوونی خۆی نواندووە و هاوشانی گەشەسەندن و بەرەو پێش چوونی هونەری شێوەکاری هونەری ڕەخنەی شێوەکاریش بە هەمان ئاست و بگرە زیاتریش بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە. لەو بوارەدا دەبینین هونەرە دانسقەکانی میکائیل ئانجیلۆ و لیۆناردۆ داڤینشی لەسەردەمی ڕینیسانسدا نووسینە ڕەخنەییەکانی هونەرمەند (ڤاساری) لێکەوتەوە. هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە (میسر)دا و لەگەڵ کارە شێوەکارییەکانی ئەو ماوەیەدا نووسینە ڕەخنەییە شێوەکارییەکانی ڕەخنەگر (ڕەمسیس یۆنان) هاوتەریب بوون، هەروەها لە عیراقدا لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا و لە دوای ئەوەش هونەرمەندان (جەواد سەلیم و جەبرا ئیبراهیم جەبرا و شەوکەت ئەلرۆبەیعی و شاکر حەسەن ئال سەعید و عادیل کامیل و نووری ئەلراوی و چەندینی دی) ڕۆڵیان لە بواری ڕەخنەی شێوەکاریدا هەبووە. بە پێچەوانەشەوە لە هەر چ سات و شوێنێکدا هونەری شێوەکاری ڕووی لەکزبوون و قەیران کردبێت، ئەوە بێ گومان ڕەخنە و ڕەخنەگری هونەری شێوەکاریش بە هەمان شێوە لە قەیراندا بووە و کزبوونی بەخووە بینیوە. ئەوەیشی لەو ساتەوەختانەدا هاتبێتە ئەنجام ئەوە ئاست نزمی و لاوازی هونەری ڕەخنەگرییان تێدا بەدی دەکرێت.

ئەدەبی ڕەخنەگری لە بواری هونەری شێوەکاریدا پێویستی بە کەسانێکی هونەرمەندی شێوەکاری ڕۆشنبیر و شارەزا لە بوارەکانی هونەری شێوەکاری و ئەدەب و نووسینەوەدا هەیە کە بتوانن بەشێوەیەکی هونەری و ئەکادیمی و بەهەمان شێوازی ئەدەب نووسینەوە لایەنە ڕاست و هەڵە و جوانکاری و ئەفراندنەکانی نێو تابلۆکان دەست نیشان بکەن و خوێندنەوەیەکی مێژوویی و زانستی و دەروونناسی و جوانکاری و ئەندازیارییان بۆ ئەو تابلۆیانە هەبێت کە توێژینەوە و ڕەخنە لە بارەیانەوە دەنووسنەوە. بەداخەوە



ئەو چەشنە ڕەخنەگرانە لە بواری هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا زۆر زۆر کەمن، بە ڕادەیەک کە بە چەند پەنجەیەکی یەک دەست دەژمێردرێن، بەڵام بەداخەوە لە کەرکووک لە بواری ڕەخنەی هونەری شێوەکاریدا هیچ ڕەخنەگرێکمان نییە و لەم ساتە تەموومژاوییەدا و لەم سەردەمی نەبوونی ئەزموونە سەختەکان و بزربوونی هزرە خۆڵقێنەرەکان ئەستەمە لە شاری کەرکووک ئەزموونێکی هونەری ڕەخنەگرانەی ڕاستەقینە بێتە ئاراوە. ئەوانەشی کراون و دەکرێن لە کاری (هەواڵی هونەری ڕۆژنامەنووسی) تێناپەڕێن، هەندێک نووسینەوەش هەن زیاتر دەچنە خانەی نووسینەوەی مێژووییەوە کە بە هیچ جۆرێک ناتوانین خوێندنەوە و ڕەخنەمان بۆ هونەری شێوەکاریی ئەمڕۆی شاری کەرکووک هەبێت بەبێ ئەوەی شارەزایی و خوێندنەوەمان بۆ مێژووی ئەم هونەرە لەم شارەدا هەبێت.

ئێمە تا دەست نەخەینە سەر کەموکوڕی و کەلێنەکان و هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدەین و بڕوامان بە بزاڤێکی (ڕەخنە) نەبێت، ئەوە بێ گومان دەگمەنە بتوانین بزاڤەکە بەرەو پێشەوە ببەین و ئەفراندن و خوڵقاندنی تێدا ئەنجام بدەین. بەشێوەیەکی گشتی ئەو حاڵەتانەی لەمەوبەر سەبارەت بە هونەری شێوەکاری و ڕەخنەگری لە شاری

کەرکووک باسمان لێیانەوە کرد بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە لە کەرکووک شێوەکاری نووسەرمان نییە، یان زۆر کەمن، زۆرینەی ئەوانەی لە بواری هونەری شێوەکاریدا کاردەکەن تەنیا وێنەکێشن نەک هونەرمەند کە ئەزموون و ئەفراندن و دیدی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت و هەوڵی ئەوە بدەن ئەسپی ڕۆشنبیری خۆیان لە گۆڕەپانە چۆڵەکەی جیهانی ڕەخنەگری لەم شارەدا تاو بدەن و پانتایی هزرییان بۆ بخەنە گەڕ.

دەگمەنە هیچ کەسێک بەرانبەر تابلۆیەکی هونەری ڕابوەستێت و هەوڵی ئەوە بدات خوێندنەوەیەکی بۆ ئەو تابلۆیە هەبێت و ڕەخنەی بنیادنەرانەی لێ بگرێ بەبێ ئەوەی ڕۆشنبیرییەکی بەربڵاوی لە بوارەکانی مێژوو، کۆمەڵناسی و ئابووری و جوگرافی و سیاسەت و زانستە مرۆییەکاندا هەبێت. ڕەخنە پێوەندییەکە هونەری شێوەکاری بەسەرجەم ئەوانەی باسمان لێیانەوە کرد دەبەستێتەوە، هەروەها گەڕان و پشکنینی هونەریی ڕەخنەگرە لەنێو ماهییەت و بینایی و تێڕامانەکانی هونەرمەند و کارە هونەرییەکەیدا.

دواجار دەڵێین هیچ کارێکی هونەری کامڵ نابێت بەبێ بینەر و ڕەخنەگر. هیچ هونەرمەندێکیش پێش ناکەوێت و بەرهەمی داهێنراو و ڕاستەقینەی نایەتە کایەوە بەبێ ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و ڕۆشنبیر و زانایانی بواری هونەری شێوەکاری خۆیەوە.

*** بەڕای ئێوە هونەری شێوەکاری کوردی چ تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە؟**

- وەک لای هەمووان ئاشکرایە هونەر زمان و ئاخاوتنێکی جیهانیی هەڵگرتووە، بۆ نموونە ئێمە کاتێک هەوڵی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی تابلۆی هونەرمەندێکی ئیتالی، یان فەرەنسی، یان ئیسپانی دەدەین، بەهیچ جۆرێک پێویستیمان بە زانینی زمانی نەتەوەیی ئەو هونەرمەندە نییە کە تابلۆکەی کێشاوە.

بە هەمان شێوە هیچ بینەرێکی غەیرە کورد پێویستی بە زانینی زمانی کوردی نییە تا لە تابلۆی هونەرمەندێکی کورد تێبگات و ڕاڤەی بکات. ئەم یاساو بنەمایە تەنیا بواری هونەری شێوەکاری ناگرێتەوە و لە بواری هونەری شانۆ و موزیکیشدا پەیڕەو دەکرێت کە زمانیان تێدا بەکاردەهێنرێت، ئێمە دەبینین ئەوانەی شارەزاییان لەبواری هونەری شانۆدا هەیە زۆر بە ئاسانی



چێژ و سوود لە شانۆگەرییەک وەردەگرن کە بە زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی نمایش کراوە، لەگەڵ ئەوەی زمانەکەشی نازانن. بە هەمان شێوە هونەرمەندانی بواری مۆزیک و ئەوانەی شارەزاییان لە بوارەکەدا هەیە چێژ و سوود لە گۆرانییەکی فەرەنسی، یان ئینگلیزی، یان ئیسپانی وەردەگرن، بەبێ ئەوەی زمانەکەی بزانن.

هونەری شێوەکاری دێرۆکێکی فرە دێرینی هەیە کە سەرەتاکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و کاتێک چاو بەو دیواربەند و ئاسەوارە دێرینانەدا دەگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەمیان بە هەمان شێواز دروست کراون و هەمان ماتریاڵیان تێدا بەکارهێنراوە، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لەکۆنیشدا شارستانییەکان لە بواری هونەری شێوەکاریدا کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە و ئەزموونەکانیان بۆ یەکتر گوێزراوەتەوە. بۆ نموونە هونەری بابلی کۆن و گریکی و فەرعەونی و ئەکەدی و ئاشووری بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەبووە. هەروەها دەبینین گواستنەوەی ئەو کاریگەرییە تاوەکو ئەمڕۆمان بەردەوامە، لەو بوارەدا دەبینین بۆ نموونە ڕێبازەکانی

(ئینتیباعی و تەکعیبی و تەجریدی و تەعبیری و سوریالی) زۆر بە سانایی بۆ نێو ئەزموونەکانی هونەری شێوەکاری لە هەموو جیهاندا گوێزراونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین هونەری شێوەکاری هونەرێکی جیهانییە و بەم شێوازەی ئیستایدا هونەرێکی ١٠٠٪ کوردەواری نییە و هاوردەیە. ئێمەش وەک زۆر لە نەتەوەکانی دی جیهان بۆمان گوێزراوەتەوە. مێژووی هونەری شێوەکاری، یان نوێگەرێتی لەنێو کورددا بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە وەک ئەو تابلۆ و پەیکەر و مێناتۆرانە دەیسەلمێنن کە بۆمان ماونەتەوە، یان وێنەکانیان بەردەستمان کەوتوون. لەگەڵ ئەوەشدا هونەری شێوەکاری کوردی تا ئەم دەمە بە ئەندازەیەکی کەم، یان زۆر هەوڵی داوە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەست نەدات، ئەوەش لە بینای هونەری و بنیادنانی تابلۆ و هەڵبژاردن و ئامێتەکردنی ڕەنگەکان (ڕەنگە کوردییەکان)دا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها لە وەدەرخستنی کەسایەتی و دیمەنەکان و گوزارشت کردن بە شێوازی جیاجیا لەو نەهامەتییانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون دەردەکەوێت، هەروەها لە وەدەرخستنی لایەنە کولتووری و ئەفسانەییەکانی گەلی کورد، لەو ڕووەوە هونەرمەندانی شێوەکاریی کوردستانی ئێران توانیویانە بە ئاستێکی بەرز و شێوازێکی نوێ سوود لە کەلەپوور و ئەفسانە و مێژووی نەتەوەییمان وەربگرن و لە تابلۆکانیاندا بەشێوەیەکی نوێگەرێتی بەرجەستەیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تایبەتمەندییانە لە ئەمڕۆماندا ڕەنگدانەوەیان کەم بووەتەوە. هەروەها لە جیهانیشدا هیچ تایبەتمەندییەک نییە هونەری شێوەکاری نوێی نەتەوەیەک، یان وڵاتێک لەوی دی جیابکاتەوە. ئێمە هەرگیز ناتوانین لەنێو کۆمەڵێ تابلۆی شێوازی نوێی هونەرمەندانی جیهاندا و لە ڕێی تایبەتمەندی نەتەوەیی، یان وڵاتەوە تابلۆی هونەرمەندێکی ئیسپانی، یان فەرەنسی، یان عەرەب و تەنانەت هی کوردیش جیا بکەینەوە، بە پێچەوانەشەوە لە حاڵەتێکدا ئەو تابلۆیانە لە فیگەرەکانیادا جلوبەرگ و هێما نەتەوەییەکانیان تێدا بەرجەستە کرابێ، ئەوە بێ گومان دەتوانین جیایان بکەینەوە. ئەو حاڵەتە تایبەتمەندییانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاڵ دەبنەوە و تابلۆکان سیمای جیهانگیری لەخۆ دەگرن و ڕەهەندەکانیان بەربڵاوتر دەبنەوە و هزر و ئەفراندنی هونەرمەندانی بواری هونەری شێوەکاری، تخووبەکان دەبەزێنن و دەڕژێنە ناخە داخراوەکانی مرۆڤەوە و گوزارشت لە هزر و لایەنە دەروونی و شاراوەکانی ناخی مرۆڤ دەکەن.

* پێتان وایە هونەری شێوەکاری ڕووکاری ئیستێتیکایە نەک گوزارشت، واتە پێڕەوی جوانکارییە نەک تەعبیرکردن؟

– نەخێر.. ئیستێتیکا و گوزارشت دوانەیەکی لە یەک جیانەبووەی هونەری شێوەکارین. تابلۆی کامڵ و جێی سەرنج لە ڕێی هیچ کام لەو دوانەوە بە تەنیا نایەتە ئەنجام. ئیستێتیکا لایەنە جوانکاری و ڕووکارییە بینییەکانی هونەری شێوەکارییە، کە لە ئێستاماندا و لە هەموو سەردەمێکدا ڕاکێشەری سەرنجی بینەران و شارەزایانی بواری هونەری شێوەکاری بووە و لە ڕێی جوانکارییەکانی نێو تابلۆدا جەستەی بینەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. لایەنە تەعبیری و گوزارشتییەکانی نێو تابلۆ هزر و لایەنە شاراوەکانی ناخی بینەر بە قووڵایی خۆیدا دەبات و لە وردەکارییەکانی نێو تابلۆکەی نزیک دەکاتەوە تا تەلیسمی هێماکانی شی بکاتەوە. تابلۆ گوزارشتێکی ناڕاستەوخۆی هزر و ناخی شاراوە و کەسایەتی هونەرمەندە کە لە ڕێی ئیستێتیکی بینییەکانی و



گوزارشته هونەرییەکانییەوە دەیانخاتە ڕوو.
ئیستێتیکا بەشێوە ئاسایی و بینراوەکەی سەرەتای شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕین و بەرجەستەکردن، کە بە چەندین شێـوازی جیـاجیـا بۆ هزرە تێگەیشـتـوو و خولقێنەرەکان خۆی دەخاتە ڕوو، لەکاتێکدا ئەو هزرە توانای تێگەیشتن و داڕشتنەوەی هونەری و خولقاندنی هەبێت و بتوانێت بە شێوەیەکی هونەری و بە بینینێکی نوێ دایبڕێژێتەوە و لە ناخی تابلۆیەکدا بەرجەستەی بکات. کاتێک شێوەکار توانی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دنیابینییە هونەرییەکانیدا بکات، ئەوسا دەتوانین بەشێوەیەکی هونەری بەرز ئیستێتیکاو گوزارشتە هونەرییەکانی ئاوێزانی یەکتر بکات.

* ئەگەر نوێخوازی، یان هونەرمەندی نوێخواز مەخزوونێکی فیکری و ڕۆشنبیری و زانیاری زۆر بێ، دەبێ هونەرمەندی پۆست مۆدێرنیزم چ پێناسەیەکی هەڵگرتبێ؟

– ڤاسیلی کاندنسکی ١٨٦٦– ١٩٤٤ توانای دەرک کردنێکی لە ڕادەبەدەری هەبووە، ئەو توانایە وای لێکردبوو لەو بڕوایەدا بێت کە ڕەنگەکان هاوشێوەی ئاوازە موزیکییەکان دەنگ لەخۆ دەگرن، لەو توانایەدایە کە موزیک بەنزیک کەرەوەیەکی ئینتیباعی ڕەنگی ببینێت.

مرۆڤ بەگشتی و هونەرمەند و نووسەر بە تایبەتی پێویستیان بە پانتاییەکی بەرفراوان لە ڕۆشنبیری و زانیارییە گشتییەکان هەیە. بەبێ ڕۆشنبیری و زانیاری هونەرمەند ناتوانێت هونەرەکەی بەرەو پێشەوە بەرێت و خولقاندن و ئەفراندنی تێدا ئەنجام بدات. ئەگەر ئێمە چاوێک بە مێژووی بزاڤی هونەری شێوەکاری و ڕێبازە هونەرییەکانیدا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت ئەو هونەرە هاوتەریب لەگەڵ ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی و لەگەڵ ڕۆشنبیریدا بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە و هیچ لایەنێکیان لە بەرەو پێشچوونی ئەوی تر بە دەرنەبووە. لەو بوارەدا بۆ نموونە دەبینین لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لەساڵی (١٩١٦)دا (بزووتنەوەی دادایی) لەسەر دەستی شاعیری ڕۆمانی (تریستان تزارا) و هەردوو ئەدیبی ئەڵمانی (هۆگۆ پۆل و ریتشارد هلسنبیک) و هونەرمەندی شێوەکاری و پەیکەرساز (هانز ئەرب) هاتە کایەوە. هونەرمەند (هانز ئەرب) لە یەکێک لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە ڕاوبۆچوونەکانی (بزووتنەوەی دادایی) لە مەڕ کێشە و گرفتەکانی مرۆڤ لەو سەردەمەدا و بۆچوونە سیاسی و فەلسەفییەکانیان کە لەدوای کۆتایی هاتنی یەکەمین جەنگی جیهانیدا ڕووبەڕووی مرۆڤ ببووەوە دەڵێت «لە گەڕان و پشکنینەکانماندا هەوڵی دۆزینەوەی شێوەیەکی پلەیەکمان بۆ هونەر دەدا، کە بەپێی بۆچوونەکانمان توانای ڕزگارکردنی مرۆڤی هەبێت لەو شێتییەی کە لە سەردەمەکەماندا تەشەنەی کردووە، ئارەزوومان دەکرد سیستمێک بێنینەکایەوە کە بتوانێت هاوسەنگی بۆ ئاسمان و دۆزەخ بگێڕێتەوە».

بەهەمان شێوە دەبینین (ڕێبازی سوریالیزم) لەسەر دەستی ژمارەیەک شاعیری فەرەنسی هاتە ئاراوە کە چەند هونەرمەندێکی شێوەکاریشیان لەگەڵدابووە. لە ساڵی (١٩٢٤)دا نووسەر و شاعیری بەناوبانگ (ئەندرێ بریتۆن) «ڕاگەیاندنی سوریالیزمی» نووسییەوە کە تێیدا جەختی لەسەر «تۆمارکردنی هزر کردبوو لەکاتی بزربوونی گشت شێوەکانی کۆنترۆڵ کردن کە عەقڵ پیادەی دەکات، بەدەر لە هەموو پێوەرە ئەخلاقی و جوانکارییەکان». سەرەڕای ئەمانەش هۆکارێکی گرنگی دی لەپاڵ سەرهەڵدانی زۆرینەی ئەو ڕێبازە هونەرییانەدا بووە، ئەوەش خۆی لەو بێهودەبییەدا دەبینێتەوە کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپای تەنیبووەوە و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەر بەگشتی و هونەری شێوەکاری بەتایبەتی بەجێ هێشتبوو، ئەوەش کاردانەوەیەکی ئاسایی بوو بەرانبەر بە شکستهێنانی هیوا و ئومێدەکانی مرۆڤ لە بەدەستهێنانی سیستمێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بە مەبەستی هاتنەدی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر بۆ مرۆڤ و بەدەستهێنانی پانتاییەکی زیاتر لە ئازادییەکانی تاک، هەروەها لە دوورخستنەوەی جەنگ بە هەموو شێوەکانییەوە لە مرۆڤ و بزربوونی بەهاکانی مرۆڤ لە سەردەمی بەهای ئامێر و چەکدا.

بەم شێوەیە مێژووی کۆن و نوێ بزاڤی هونەری شێوەکاری بۆمان دەسەلمێنێ کە ئەم هونەرە ڕێڕەوێکی بەردەوامی لە نوێخوازی و نوێکردنەوەی خۆیدا هەیە و هەموو نوێکردنەوەیەکیش زادەی ئاست و هزرێکی ڕۆشنبیر و فەلسەفی و دنیابینێکی پڕ زانیارییە گشتییەکانە کە هونەر بە گشتی و هونەری شێوەکاری بە تایبەتی بەبێ بوونیان نوێ نابێتەوە و بەرەو پێشەوە ناڕوات و هیچ جۆرە خولقاندنێکی تێدا ئەنجام نادرێت..
ئێمە هەتا کورتەیەک لە بارەی (مۆدێرنە)وە نەخەینە

ڕوو کە لە فـرانجـیـسکا گـۆیاوە تا ڕێبـازی سـوریالـیـزم بەردەوام بووە، ناتوانین باس لە پۆست مـــۆدێرنیـــزم بکەین. بۆ ئەم مـــەبەســـتـــەش لە ســـەرەتادا دوو وتە دێنینەوە.

ناپلیۆن بۆناپورت وتوویەتی:

«مـەبەسـتی من داگـیـرکـردنی ئەوروپا نەبووە، بەڵکو شکاندنی دابونەریت بوو». هەروەها ئەنتـــشـــافـــۆن گـریفـینیـتس وتوویەتی: «دیالێکتـیکی نوێکردنەوەی خود میراتێکی ڕۆژئاواییە».

مۆدێرن بەشێوە گشتییەکەی پرۆژەیەکە هەڵقولاوی نێو کـۆمـەڵگای مـەسـیـحی ڕۆژئاوایـیـە و دەرئەنجـامی مـێـژوویەکی درێژخـایانە لەخـۆ تازەکـردنەوە لەهەمـوو بوارەکـانی ژیاندا، بە هونەری شـێـوەکـاریشـەوە. کـە لەنێویدا یەکگرتنەوەی عەقڵ و ڕوح دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی، بە مەبەستی بە عەقڵانی کردنی ڕوح، ئەمەش بێ گـومـان ڕوح دەخـاتە ژێر کـۆنتـرۆڵەوە و سنوور بۆ ئازادییەکانی دادەنێ.

بەڵام ســەبارەت بە پۆست مـــۆدێرنیـــزم، لە بارەی پێناسـەکـردنیـیـەوە کـۆمـەڵێ ڕاوبۆچوونی هەمەچەشنە هەیە، کـە بە چەند ئاراسـتـەیەکدا دەڕۆن. دەتوانین چوار ئاراســتـــەی ســـەرەکی لەنێـــو گـــشـت ڕاوبۆچوونە جیـاوازەکـاندا جیـا بکەینەوە و ببـێـتـە بنەمـایەک بۆ هەڵسـەنگاندنی ئەو بەرهەمـانەی ناویان لێنراوە پۆست مۆدێرنیزم، ئەگەرچی ئاراستەکان بەگشتی جارێکی تر بەناویەکدا چڕ دەبنەوە بەو پێیەی هەمـوو ئاراسـتـەیەک دەکەوێتە بەر گۆڕانی سیاسی و پێشکەوتنخوازی، یان کۆنە پەرستی.

ئاراستەکانیش لەمانەدا کۆدەبنەوە:

١- دژایەتی کردنی مۆدێرنیزم.

٢- زاڵ بوونی عەقڵ و پاشەکشەکردنی ڕوح.

٣- کاریگەری بیروباوەڕی پۆست مۆدێرنیزمەکان.

٤- کـۆتایی: کـە تێـیـدا شـێـوەی ئـیـشـکردنەکـە هیچ گـرنگیـیـەکی نامـێنێت و گـرنگی دەدرێتـە شـێـوە و ئاراستەی بیرکردنەوەکە کە چۆن لەهزری هونەرمەندەکەوە بۆ نێـو کـارە هونەرییـەکـە دەگـوازرێتـەوە و لە کـۆتاییـدا ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە.

مـاوەتەوە بڵـێین هونەری پۆست مـۆدێرنیـزم لە زۆر کاتدا لە شێوە ئاسایی و ناسراوەکەی هونەری شێوەکاری دەچێـتـە دەرەوە و چوارچێـوەی تـابلۆ دەبەزێنێ و سنوورە ئاسـایی و ناسـراوەکـانی پەیکەریش دەشکێنێ. لە زۆرکاتیشدا کار لەسەر جەستەی مرۆڤ دەکات و دەبێتە هۆکـارێک بۆ ئەوەی بینەریش ببـێـتـە بەشێک لەو کـارە هونەرییە.

* هونەری شێوەکاری لە کەرکووک چۆن دەبینن؟

- ئەگـەر ئێـمـە وەڵامی پرسـیـارەکـانی ڕابردووی ئەم چاوپێکەوتنە بکەینە پێـوەرێک بۆ کـارە هونەرییـەکـانی ئەمـڕۆی نێـو شـاری کـەرکـووک و وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیــارە، بۆمـان دەردەکـەوێت کـە زۆر لەو کـارانە شێوەکارانی دانیشـتـووی کەرکـووک لە پێشـانگەکـاندا نمایشی دەکەن دووبارە و سێ بارە کردنەوەی هەمان تابلۆ و هەمان دیدە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و بەرەو پێشـەوە هەنگاوی نەناوە و خـۆی دووبارە دەکاتەوە و زۆربەی ئەو تابلۆ نمایشکراوانە خـولیـا و ئارەزووی وێنەکێشـانە، نەک هونەری شێوەکاری بە مانا فراوان و ناسراوەکەی. بەهۆی ئەوەی زۆر لە وێنەکـێشـەکانی نێـو شاری کەرکووک نەیانتوانیوە دنیـابینی تایبەت بە خۆیان لە بواری هونەری شێوەکاریدا بیننە کایەوە و خوڵقاندن و ئەفـراندن لە کارە هونەرییەکانیاندا ئەنجام بدەن و پەرە بە ئاستی ڕۆشنبیـریـیان لە بوارەکانی هونەری شێوەکاری و فەلسەفە و جوانکاری و زانیارییە گشتییەکاندا بدەن و ئاوێزانی هزرێکی کـراوە و بەربڵاوی بکەن و لە ڕێیـانەوە هونەرێکی ڕاسـتـــەقـیـنە و ئاست بەرز و خـولـقـێنەر بێننەکایەوە. هەروەها لەلایەکی ترەوە نەبوونی ڕەخنەگری بواری هونەری شـێـوەکـاری لەنێـو شـاری کـەرکـووک، هۆکـارێکی ترە لە پەرەپێنەدان و تارادەیەک نشـوسـتی بزاڤی هونەری شێوەکاری ئەمڕۆمان لە شاری کەرکووک کە چەندین ساڵە ئەم بزاڤە لەنێو ئەم شارەدا بەدەستییەوە دەناڵـێنێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـۆمـەڵێ توانای هونەری ئومـێـدبەخش لە ئارادایە، بە پێـچـەوانەی ئەو حـاڵەتەی باسـمـان لێـوە کـرد توانیـویانە ئاسـتێکی بەرز و جوانی هونەری شێـوەکاری شـاری کـەرکـووک لەڕێی دید و دنیـا بینیـیە هونەرییـەکـانیـان و هزرێکی ڕۆشنبـیـر و کـراوەوە پێشکەش بە بینەران و هونەردۆستانی ئەم بزاڤە لە شاری کـەرکـووک بکەن. ئەو توانایانە توانیـویانە بۆ سـەردەمی زێڕینی بزاڤی هونەری شێوەکاری ساڵەکانی شەستەکان و حەفـتـاکان و هەشتـاکـانی سەدەی ڕابردووی ئەم شارەمان بگێـڕنەوە، بەڵام بە دید و ئاسـتـێکی هونەری ئەم سـاتە وەختە و توانیـویانە لەڕێی تابلۆ و کارە هونەرییەکانیانەوە دنیایەکی پڕ ئومێدمان پێ ببەخشن.

# ڕۆڵی مەعروف جیاووک لەبواری ڕووناکبیریدا

ئازاد عوبێد ساڵح
(زانکۆی سەلاحەدین - بەشی مێژوو)

(١ - ٣)

تەوەری یەکەم: یانەی سەرکەوتنی کوردان ١٩٣٠
أ- دامەزراندنی یانە:

یەکێک لەو کارە دیار و بایەخدارانەی مەعروف جیاووک، دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردانە لە بەغدا. ئەویش دوا بە دوای نائومێدبوون لە کاری سیاسی ئاشکرا، ڕووی کار و خەباتی لە زانست و خوێندن و پەروەردەو فێر کردن کردووە، بۆ پێگەیاندنی میللەت و ڕزگارکردنی لە کوێرەوەری و کڵۆڵی، "بۆ ئەوەی لاوان لە پاش نەمێنن و بتوانن خزمەتی حکومەت و ملەت بکەن بڕیاریان دا (قـــەراریان دا) ڕێگای سیاسەت بەردەن و ڕێی زانست و دانش بگرن. لە پێش هەمووو کەسێ جەنابی مەعروف جیاووک کە ناردراوی هەولێر بوو ئەم بیرەی (فکرەی) خستە پێشەوەوە و لە مانگی ٩ی شوباتی ١٩٣٠ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی زانستی داخوازییەکی دا، هەر چەندەش نارراوەکانی تر لە مۆرکردنی ئەم داخوازییە خۆیان کێشایەوە، بەڵام مەرحوم محامی ئەحمەد موختار بەگی زەهاوی(١)و یوزباشی محەمەد عەلی بەگ عەبدولعەزیز، محامی عارف بەگی پشدەری، داخوازییەکەیان بە شەوق و هەوەسەوە مۆر کرد. وە تەقدیمی وەزارەتی داخلیە کرا کە لە پاش کەشمەکەش و ماندوویەتییەکی زۆر بە ژمارە ٦٨٩٥ وە مێژووی ١٩- ٢٠ی مایسی ١٩٣٠ مەئزونییەتی کرانەوەی یانەی سەرکەوتن بە جەنابی مەعروف جیاووک دراوە، هەر زوو لە ڕۆژی ٣٠ی مایسی ١٩٣٠ لە سینەمای ڕویال بە حەفلەیەکی زۆر موحتەشەم یانەی سەرکەوتن کرایەوە"(٢).

بەر لەکردنەوەی یانە مەعروف جیاووک کارتێکی بەزمانی کوردی نووسیوە بۆ بانگکراوانی ڕۆژی کردنەوەی یانە لەشاری بەغدا کە بەم جۆرەیە:

شگە(٣).

لەپاش احترام

سبەی ئی ڕۆژی جمعە کە مصادفی ٣٠ مایس ٩٣٠ ساعت ٩ پیش نیوەڕۆ ڕسمی گشادی یانەی کوملی سەرکەوتن (نادی) اکری، بناوی کوردایەتی فرمونتان لەحمیتان مسترحەمە میرم.

معروف جیاووک

جێگای کۆبوونەوە: ڕویال سینما(٤).

لە ئاهەنگی کردنەوەی یانە، وەزیری داد و مەعاریف و نەقیبی ئەشرافی بەغداو شاعیری بە ناوبانگ جەمیل سدقی زەهاوی (١٨٦٣-١٩٣٦) و کاربەدەست و ئەفسەران و کوردەکانی بەغدا ئامادە بوونە، پاش سروودێکی پاشایەتی بە عەرەبی و گۆرانییەکی کوردی،

مـەعـروف جـیـاووک، وتارێکی خـوێندۆتـەوەو تێـیـدا ئامانجی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەی ڕوون کردۆتەوە، کە خزمـەتکردنی زمـانی کـوردی و بڵاوکردنەوەی زانسـتـە لە کوردستـان. ئینجا نەریمان جیـاووک هۆنراوەیەکی کوردی خـــوێندۆتـەوەو لە (یـەک بـوون) دواوەو بـۆ عـــەرەبـیـش وەرگـــێـــڕدراوە. خـــەلەف شـــەوقـــیش وتـارێکی خـــوێندۆتەوە(٥). دوا بـەدوای تـەواوبـوونی ئاهەنگی ڕێوڕەسـمی کـردنـەوەی یانە، دەسـتـەی کـارگـێـڕی یانە هەڵبژێردراوە کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

| دەنگ | ناو | ز |
|---|---|---|
| ٥٢ | ئیبراهیم حەیدەری | ١ |
| ١٠٧ | ئەمین زەکی | ٢ |
| ١٦٠ | مارف جیاووک | ٣ |
| ١٠٢ | مەحموود جەودەت | ٤ |
| ٨٧ | عەبدوڵلا لوتفی | ٥ |
| ٩٤ | خەلەف شەوقی داودی | ٦ |
| ٨٦ | محەمەد عەلی | ٧ |
| ٦٣ | ئەحمەد ئاغای کەرکووکی زادە | ٨ |
| ٥٨ (٤) | عارف پشدەری | ٩ |

ئەمـانەش کـە ناویـان هاتووە مـیـرزا فـەرەج شـەریف و شێخ عەلی قەرەداغی و بشیر موشیر (١٨٩٣- ١٩٦٣) و بە ڕەزامەندی هەمـوو لایەک دەستـەی بـەڕێوەبەری یانە بەو شێوەیە داندراوە:

١- ئیبراهیم حەیدەری سەرۆکی یانە.

٢- مەعروف جیاووک باوەڕ پێکراوی یانە(٧).

لێـرەدا پێـویـسـتـە ئامـاژە بەوە بکەین کـە هەرچەندە مـەعـروف جیـاووک زۆرترین دەنگی هێناوەو ئیـبـراهیم حەیدەری کەمترین دەنگ، کەچی ئیبراهیم حەیدەری بۆتە سـەرۆک، بێ گـومـان ئەمـەش لـەلایەک بەهۆی پێگەی کـۆمـەڵایەتی و ڕووناکـبـیـری و سـیـاسی کـەسێکی وەک ئیبراهیم حەیدەری کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا پایەی (شـێخ الأسـلام)ی هەبـووە و لەلایەکی دیکەشـەوە هەسـتـی نەتەوەیی و دڵسـۆزی و لەخـۆبـووردوویی جیـاووکیش دەردەخات، کە ئەوەندە مەبەستی پلەو پایە نەبووە بە بـوونی کەسـانی وەک حەیدەری و ئەمین زەکی، ڕێزی پلەو پایەی گـرتوون. بۆیە دەبینین لە دوای کـۆچی دوایی حەیدەری، ئەمین زەکی دەبێتە سەرۆکی یانە(٨).

هەر لەو سـاڵەدا (١٩٣٠) یانە دەسـتـووری بناغـەیی- النظام الأساسي بە عەرەبی و کوردی دەرکردووە لە (٢٥) لاپەڕەدا، تێـیـدا لە مـادەی یەکـەمدا پێناسـەی یانەی وا کردووە: لە عـیـراقدا کۆمەڵێکی ئەدەبی بە ناوی (یانەی سـەرکـەوتن) دامـەزرا ناوچەی لە بەغـدایە"، لە مـادەی دووەمـیـشـدا "بە هیـچ کـڵـۆجـێک کـۆمـەڵ پەیوەسـتـی سیاسەت نییە"(٩).

یانەی سەرکەوتن، ئامانجەکانی خۆی لە مادەی (٣)دا ئاوا دیار کـردووە: "کـۆشـشـی زانسـتی و پەروەردەیی و ڕێنوێنی و گـەشـەکـردن و بووژاندنەوەی بە دانان و وەرگێڕان و پێگەیاندن و ڕووناکبیرکردنی کورد بە ڕێگای نوێ و فێـرکردنی زانست و هونەری نوێ و بڵاوکـردنەوەی زانیـاری دروست و فـێـرکـردنی نەخـوێندەواران و پەروەردەکردنی بێ دایک و باوکان، بە کردنەوەی فێرگەی تایبـەتی و ناردنی فـێـرخـوازان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاواو یارمـەتیـدانی هەژار و پەککەوتەو نەخـۆش و پاراستـنی تەندروستی و پێشخستـنی پیشـەسازی و کشتوکاڵ و دۆزینەوەیان و هاندان بۆ بەکارهێنانی چنراو و بەروبوومی خۆ وڵاتی"(١٠). هەر سەبارەت بە ئامانجەکانی یانە لە نامـیلکەی (باربوو)دا سـەرنجـێکی داوە، کـەوا لـەبەر ئەوەی ئەو ئامـانجـانەی کـە لە مـادەی (٣)دا باسـیـان کـراوە، بەبێ کـردنەوەی (ناوچە لە بەغـدا)، ئەمـانەی پێ ناکرێت، کە بە پێی مادەی (٥) کۆمەڵە دەتوانێ لک لە شـارو شـارۆچکە و شـارەدێـیـەکـان بکاتەوە، بە پێی ئەو دەسـتـــوورە، بۆیە ئامـــانجی یانەی لەو (٤) خـــاڵەدا کۆکردۆتەوە:

١- دابینکردنی شـوێنی حـەوانەوە بۆ قـوتابیـانی دەرەوەی بەغدا، تا خوێندن تەواو بکەن.

٢- ئەگـەر بکرێ ڕێکخـسـتـنی چەند ژوورێک بۆ سەرۆک و گەورە پیاوانی کورد، کاتێ دێنە بەغدا تێیدا بمێننەوە.

٣- دانانی چەند لێـژنەیەکی پسـپـۆڕ بۆ دانان و



**مەعروف جیاووک**

وەرگێڕانی کتێب: قامووس و دەستووری زمانی کوردی، بۆ ئەوەی کورد هەموو لە یەکدی بگەن.

٤- سازدانی ئاهەنگی مانگانە بۆ یەکتر ناسین و یەکتر خۆش ویستن(١١).

نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز لەسەر زاری باوکی (عەبە هەولێری ١٩٠٥-١٩٦٢) کە برادەری مەعروف جیاووک بووە، هەندێ زانیاری گرنگمان بۆ دەستنیشان دەکات کە (ئامانجی حەقیقی لەدامەزراندنی یانەی سەرکەوتن چ بووە؟ لەوەڵامدا دەڵێت: بەلای مەعروف جیاووک، لەبەر ئەوەی کورد پەرلەمانێکی تایبەتی خۆی نییە، ئەو قوتابییە کوردانەی لەبەغدا کە لە هەموو کوردستانەوە (عیراق) دێن گیانی کوردایەتییان بەهێز بکەن، کە گەڕانەوە شارەکانیان دەبنە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی، بەتایبەتی کە ئەو ماوەیە کوردایەتی لەسلێمانی و هەولێر و کەرکووک بەهێز بوو، بەڵام لەبادینان کەم کەس هەبوو کوردایەتی بکات، جگە لە هەندێ کەسی وەک: ساڵح یووسفی، ساڵح ئامێدی، عەبدولحەکیم زاخۆیی، عیزەت عەبدولعەزیز، چونکە بەلای مەعروف جیاووکەوە مەعقول نییە لەماڵێک دابنیشی (چونکە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ یانە لەماڵی جیاووک بووە)، هەموو ئەو قوتابییانە لەپێش چاوی حکومەت، هاموشۆی ماڵێک بکەن، بەڵام جێگایەکی ڕەسمی حکومەت خۆی ڕەزامەندی لەسەر کردبێت، دیارە ئەوکاتە کتێب گران بووە، یانە کتێبخانەیەکی جوانیان دامەزراندووەو زۆربەی کتێبی کوردی و مێژوویی تێدابوو، تا قوتابییە کوردەکان کەڵکی لێ وەربگرن.

پێشتر کۆمەڵەی لاوانی کوردیان لەبەغدا دانا کە لەساڵی ١٩٢٨ دوو گۆڤاری (یادگاری لاوان ١٩٣٣ و دیاری لاوان ١٩٣٤) یان دەرکردووە، ئەو دوو گۆڤار و کۆمەڵەیە مەعروف جیاووک ئەو بیرەی کردۆتە ڕاستی و ناوی یانەی سەرکەوتنی کوردانی لێنا، تەنانەت گۆڤاری "هیوا"ش لەپەنجاکان دەرچوو هەر بەردەوامی بەری ئەو بیرە بوو(١٢).

دەنگدانەوەی دامەزراندنی یانە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕووناکبیران و ڕۆژنامە و ناوچەکانی کوردستان بە بەرزی پێشوازی لێوە کراوە.

بەر لە هەموویان، بایەخدانی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەیە، کە هەواڵەکانی یانەیان بە وردی بڵاوکردۆتەوە، هەر لە وەرگرتنی مۆڵەتەوە تا هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی یانە و دەست خۆشی لەوانەی ئەو کارەیان بەڕێوە بردووە(١٣). دواتر ڕۆژنامەی (ژیان) ڕیپۆرتاژێکی تێروتەسەل لە بارەی (کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن)ی لە لاپەڕە (١)دا بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش بە ڕوونی بایەخی یانە دەردەخات، هەر لەو ژمارەیەدا بە ناوی (لاوانی کورد) لە سلێمانییەوە، برووسکەی پیرۆزبایی لە دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن کراوەو گوتوویانە: "بە دڵ و بە گیان بۆ هەموو یارمەتی و فیداکاری ئامادەین"(١٤).

هەروەها گۆڤاری (زاری کرمانجی)یش، بایەخێکی تەواوی پێداوە و ئەوەتە لە سەروبەندی کۆششی مەعروف جیاووک بۆ دامەزراندنی یانە بەسەر ناوی "ڕۆژنامەو نادی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا" ئاماژە بە ژمارە (١٠٩)ی ڕۆژنامەی (البلاد) دەکات، کەوا "جەنابی نایبی غەیور مەعروف بەگ جیاووک دەکۆشێ ڕۆژنامەیەکی کوردی دەرخاو نادیەکی بە ناوی (سەرکەوتن) دامەزرێنێت تەمەنای موفەقیەت و پێکهێنانی لە خودا دەکەین"(١٥) ئەمە ئەوەش دەسەلمێنێ کە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی بەغداش هەواڵی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنیان بە هەند وەرگرتووە.

دواتریش زاری کرمانجی ڕیپۆرتاژێکی ڕێکوپێک



**بارزانی نەمر و مەعروف جیاووک**

سەبارەت بە "دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کوردان لە بەغدا -یانەی سەرکەوتن"، لەگەڵ کورتەی پەیڕەوی یانەکەشی تێدا بڵاوکردۆتەوە(١٦).

ڕۆژنامەی (کەرکووک)یش برووسکەی پیرۆزبایی (لاوانی کورد) لە چەمچەماڵ و سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ و عەشیرەتی هەمەوەندی بڵاوکردۆتەوە(١٧).

بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی یانە، ئەوانەی کە دەبوونە ئەندام لە یانەدا دەبوا ڕەوشت و خوو بەرز بن و لە مافی مەدەنی بێبەش نەبن و تەمەنیان لە بیست ساڵ کەمتر نەبێت(١٨).

دیارە لە دوای بڵاوکردنەوەی دەستووری یانە، یانەی سەرکەوتن بەیاننامەیەکی لە هەموو کوردستان بڵاوکردۆتەوە، لەو بەیاننامەیەدا باسی میللەتانی دیکە دەکات، کە چۆن بۆ خۆیان لە هەوڵ و کۆششدان، بە کردنەوەی قوتابخانە و یارمەتیدانی یەکدی، بۆیە داوا دەکات تێ بکۆشن بە کردەوە کۆمەک بە یانە بکەن(١٩).

ئەوەی جێی سەرنجە ڕووناکبیرە بە تەمەنەکان، پاش ئەوەی هەرچی گفتو بەڵێن بوو نەهاتە دی و باشووری کوردستان بە عیراقەوە گرێدراو کورد وەک نەتەوەیەکی بێ پشت هیچ دەرفەتێکی ئومێدی سەربەخۆیی بۆ نەماوەتەوە، بیروڕایان هاتۆتە سەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و هاندانیان بۆ خوێندن و خوێندەواری و فێربوون، بۆیە دەبینین ئامانجی سەرەکی یانەی سەرکەوتن خۆی لە تێکۆشان بۆ خوێندن و زانست و پەروەردە و خۆ دوورگرتن لە سیاسەت، دەرخستووە. "تەنانەت بڕێک لە خوێندەواران و پیاوە کوردەکانی چەرخی عوسمانی، بڕوایان وا بوو کە چەک هەڵگرتن بۆ سەندنی مافی نەتەوەی کورد، ڕێگەیەکی دڕکاویی و سەخت و بێ ئامانجە، بەڵکو زیان بەخشەو بە لای ئەوانەوە نەتەوەی کورد تا ئەمڕۆ (ساڵی ١٩٣٠) تا بن گوێی نقومی زەریای نەزانینە، ناتوانێ ئەو کارە چەکدارییە ئەنجام بدات لەبەر ئەوە پێویستە بەر لە چەک هەڵگرتن نەتەوەی کورد خوو بداتە زانین و زانست و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری."(٢٠).

سەبارەت بە نەدانی مۆڵەتییانە، دیارە سیاسەتی ئەو ڕۆژەی بەریتانیا وا بووە کە وێڕای لکاندنی باشووری کوردستان بە عیراقەوە، خۆشی لەو بەڵێن و گفتانەی کە بە کورد درابوون بدزێتەوە، ئەویش بۆ ڕازیکردنی ئێران و تورکیا و نەورووژاندنی کوردی ئەو دوو وڵاتە. تەنانەت تۆفیق ئەلسوێدی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو یارمەتی و چاودێرییەی عیراق بۆ کورد مانای وا نییە هانیان دەدات بۆ حوکمی زاتی و سەربەخۆیی کورد، تەنانەت مەلیکیش ترس و نیگەرانی خۆی بۆ نوێنەری باڵای بەریتانیا دەربڕیبوو لە کاریگەری چالاکی کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق بۆ سەر پێوەندی عیراق لەگەڵ ئێران و تورکیا(٢١). هەر ئەو ترسەشە وای کردووە کە کاربەدەستانی عیراق مۆڵەت نەدەنە هیچ کۆمەڵەیەکی سیاسی، بۆیە دەبینین کە مادەی (٢)ی کۆمەڵە دەڵێت هیچ تێکەڵی لەگەڵ سیاسەتدا نییە(٢٢).

بەم حاڵەش زۆر بەزەحمەت جیاووک توانیویە مۆڵەتی دامەزراندنییانە وەربگرێت، ڕاستە مەعروف جیاووک چەندین جار سەردانی جەمیل مەدفەعی وەزیری ناوخۆی کردووە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتییانە، بەڵام وەزیر هەڵچووەو گوتوویە: "نابێ کوردان یانەیان هەبێ" تا سەرئەنجام جیاووک چۆتە لای باڵیۆزی بەریتانیا و مەسەلەکەی بە باڵیۆز ڕاگەیاندووە، باڵیۆزیش پێی دەڵێت: "ئێوە مەبەستانە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن، ئێمە ناتوانین دڵی هەر چوار دەوڵەتەکە لەبەر خاتری کوردان لە خۆمان بڕەنجێنین"، پاشان تەلەفۆن بۆ وەزیری ناوخۆ دەکات، کە ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتەکە بدات(٢٣). ماوەی چواردە ساڵ بارەگای لەماڵی مەعروف جیاووک بووە و کۆبوونەوەکانی هەر لەوێ بەڕێوە چووە، بە بێ

بەرانبەر(٢٤).

هەر ئەو بێ جێگاو ڕێگایی و بێ دەرامەتییە بووە، وای کردووە بارەگای تایبەت بە خۆی نەبێت و دەستووری بنەڕەتی بە تەواوی نەخرێتە کارو هیچی وا نەکراوە بۆ جیبەجێکردنی ئامانجەکانی یانەو یانە چالاکی وەک پێویست نەنواندووە(٢٥). (یانەی سەرکەوتنی کوردان - نادي الأرتقاء الكردي)، وەک ناویش مەبەست و مەغزایەکی دیاری هەبووە، خۆی لە خەبات و لە پێناو بەرزکردنەوەو سەرخستنی نەتەوەی کورد دەبینییەوە. هەر هەبوونی ناوی (کورد) وەک ناوی یانەکە سیمای تایبەت بە نەتەوەیەک، وەک نەتەوەیەکی جیاواز، مەبەستی خۆی دەگەیەنێ، هەر ئەوەشە کاربەدەستانی سەردەمی پاشایەتی و ئینگلیز وەک داگیرکەری وڵات دژی دامەزراندنی بوون وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا.

لێرەدا، بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو ترسەی کاربەدەستان لە کورد، "ئەو دەوروبەرە ڕووناکبیرانی کورد تەنیا (یانەی سەرکەوتن)یان هەبوو کە ئەویش بەر لە ڕاپەڕینی مایس بە ماوەیەک داخرا، تا نیسانی ١٩٤٢ ڕێگەی نەدرا بکەوێتەوە کار، کەچی بەرانبەر بەوە هێشتا لە سەرەتای سییەکاندا ئاشووری و ئەرمەن نزیکەی ١٠ یانەو کۆمەڵەی ڕووناکبیری تایبەتی خۆیان هەبوو کە هەمووشیان وەک (یانەی سەرکەوتن) لە بەغدا نەبوون"(٢٦).

یانەی سەرکەوتن مەکۆی کۆبوونەوەی کوردان بووە لە بەغدا، چ ئەوانەی دانیشتووی بەغداو چ ئەوانەی بۆ هەر مەبەستێک سەردانی بەغدایان دەکرد لە هەموو چین و توێژەکان.

هەر بۆ نموونە زۆر لە کەسایەتی کوردی وەک جەمیل سدقی زەهاوی سەردانی یانەی کردووە(٢٧). هەروەها لاوێکی وەک شاکیر فەتاح (١٩١٤- ١٩٨٨) لەسەر جارِدانی ڕۆژنامەکانی بەغدا، سەر لەبەیانی ڕۆژی ٣ی نیسانی ١٩٣١ سەردانی یانەی سەرکەوتنی کردووە، کە پڕ بووە لە خەڵک و نزیکەی (٧٠) حەفتا کوردی جۆراوجۆری لێ بووە، بۆ هەڵبژاردنی پەلی یانە(٢٨) بە پێی پەیڕەوی یانە کە هەر نۆ مانگ جارێک پەلی تازە هەڵبژێردرێتەوە. سەرەتا مەعروف جیاووک وتەیەکی جوانی خوێندۆتەوە ئەمین زەکیش هەندێ قسەی کردووە، ئینجا هەڵبژاردن دەستی پێ کردووە، دوو کۆمەڵە هەڵبژێردراوە، هەر یەکەی (٩) کەس، یەکیان ناوچە، دووەمیان بۆ بەڕێوەبردنی یانەو ڕاپەڕاندنی کارو فەرمانی. ئەمەش ناوەکانە:

أ- ناوچە:
١- ئەمین زەکی.
٢- مارف جیاووک.
٣- ئەحمەد ئەفەندی هەولێری.
٤- عەبدوڵڵا لوتفی عەلی ئاغا.
٥- ئەمین ڕەواندزی.
٦- محەمەد عەلی مستەفا.
٧- کەریم.
٨- دوختۆر شوکری محەمەد.
٩- غەیاسەددین، نێردراوی ئامێدی.

ب- پەلی بەڕێوەبردنی یانە:
١- تۆفیق وەهبی.
٢- جەمال بابان.
٣- میرزا فەرەج.
٤- شێخ عەلی قەرەداغی.
٥- سەبری عەلی ئاغا.
٦- مستەفا شەوقی، نووسەری ناودار.
٧- بەشیر موشیر.
٨- عارف پشدەری.
٩- داود حەیدەری(٢٩).

پاشان جیاووک لە وتەیەکدا باسی ئەوەی کردووە کە بە چ سەختییەک تا ئەو یانەیە دامەزراوەو سەرەتا خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێ کردووە، پاشان وردە وردە کەم بوونەتەوەو هەوڵی داوە کۆمەک کۆ بکاتەوە، بەڵام لێ نەگەڕاون بگاتە دەستی یانە. هەر ئەو بێ توانایییە داراییەیە وای کردووە ئامانجەکانی یانە، نەهێنرێنە دی و پەکی بکەوێ و خەڵکیشی لێ بتەکنەوە، هەر ئەوەیان پێ کراوە (بەرگی ئیملای کوردی) مەعروف جیاووک و مێژووەکەی ئەمین زەکی لە چاپ بدەن. گلەییش لەوە دەکات کە میللەتێکی وەک کورد نەتوانێ یانەیەکی وا بچووک بەڕێوە ببات(٣٠).

سەبارەت بەچۆنێتی خەرج کردنی ئەو برە پارەیەی کۆکراوەتەوە، مەعروف جیاووک لە وتەکەیدا زۆر دڵسۆزانەو ڕاشکاوانە دەڵێت: "بەندە زۆر حەز دەکەم یەکێ: لێم بپرسێتەوە کە چۆن بەخت کراوە؟ تاپێی بڵێم،

کەس هەیە؟!. نەبووە"(٣١).
قسـەکـانی مـارف جیـاووک لەبارەی یانەوە ڕەشـبـینی پێـوە دیاربوو، لەبەر ئەوە ئەمین زەکـیش، لە وتەیەکی کورتدا، ئاماژەی بەوە کردووە کە نابێ بەو جۆرە ڕەشبین و بێ هیـوا بین، بەڵکو پێـویسـتـە هەر لە کۆشـشـدا بین و کۆڵ نەدەین، کورد هەمیشە حەزی لە ئازادی بووە "دەشبێ هەتا تنۆکێک خـوێنمـان تیـا مـاوە بۆ بەرزی ئەم یـانەیە هەوڵدەین چونکی ڕەنج بۆ کورد دەدا" (٣٢).
هەرچەند لە ڕواڵـەتدا یـانەی سـەرکـەوتن یانەیەکی کـۆمـەڵایـەتی ڕووت بووە، بەڵام لەناوەڕۆک و ڕاسـتـیـدا نموونەی کـۆمـەڵـەیەکی سـیـاسی بووە، ئەرکی گـەورەی نیـشـتـمـان و پێـشکەوتن و سـەرکەوتنی گـەلی کـوردی خسـتـبـووە سـەرشـان و لەناوی بەشـدارانی ئەو گـەورە پیـاوانەی ئەو ڕۆژە ورد دەبیـەوە لەدامـەزراندنی ئەو یانەیە، بۆت دەردەکەوێت کە ڕووناکبیـرانی ئەو ڕۆژە بە گـوڕوتینێکەوە هاتوونەتە کـۆڕی خزمـەت و چەند هیـوای گەورەیان بەو یانەیە بووە(٣٣).
لە ڕۆژنامەی (الأحرار)ی بەیرووتیدا، کە باسی یانەی سەرکەوتنی کوردان دەکات نووسیویە ئەوانەی بۆ دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبـژێردراون لەو کەسانەن کە پشتگیری لە بزووتنەوەی کـــورد دەکـــەن، هەرچەند گـــوایە یـانە بـۆ بەرزکـردنەوەی ئاسـتـی زانسـتـی و ئەخلاقی لاوانی کـورد کـار دەکات، بەڵام ئامـانجی ڕاسـتـەقـینەی وەکـو ئەو یانە عـەرەبیـانەیە کـە عـەرەب بەر لە جـەنگی جـیـهـانی لەئەسـتـەنبـوڵ دروسـتـیـان کـردبوو، بۆ ئەوەی قـەوارەیەک پێک بهـێـنن ولاتی کـوردەواری ڕزگـار بـکەن و یـانەش ببـێـتـە مـەڵبـەندی بەڕێوەبردنی ڕاپەڕین و شـۆڕش لە تورکیاو ئێران و عیراق بۆ سەربەخۆیی کوردستان(٣٤).
وەک گـوتمان یانە مـەکـۆی ڕووناکـبـیـران و لاوان و سیـاسەتمەداران بووە، لەوێ یەکـتریان بینیـوە و ئاڵوگۆڕی هزریان کردووە و گوێیان بۆ گەورە پیاوان ڕاگرتووە. بەکر حەوێزی (١٩١٤- ؟) لە یادداشـتەکـانیـدا دەڵێت "کە دەچووینە بەغــداش، لەوێ دیدەنی کـــوردپەروەران و ڕۆشنبیرانی وەک ئەمین زەکی بەگ، مەعروف جیاووک و هی دیکەمـان دەکردو دەچووینە یانەی سەرکـەوتن (نادی الأرتقاء) گوێمان لە وتووێژەکانیان دەگرت و مێشکیان زێتـر بە کـوردایەتی و نیـشـتـمـانپـەروەرێتی ڕۆشن دەکـــردینەوە. هەروەها بۆ هەر مـــانگە ئابونەیان لێ وەردەگرتین و دەیان نارد بۆ (کۆمەڵەی خۆبیوون) کە ئەو دەمـە لە لبنان بـوو. لە یادمـە کـە ئابوونەکـەی من دوو ڕوپیـە بوو بۆ هەر مـانگێک"(٣٥). (مـسـتـەفـا نەریمان)یش لە یادداشتەکانیدا، نووسیوویە، ئەو و کەریم زەند و مـحـەمـەد تۆفـیـق وردی (١٩٢٣- ١٩٧٥) لە خانەی مامۆستایان هەمیشە بە یەکەوە بوونە و سەردانی پیـاوە ڕووناکـبـیـرەکـانی ئەو سـەردەمـەی وەک حـوسـێن حـوزنی مـوکـریـانی و عـەلائەدین سـەجـادی و (یـانەی سەرکەوتن)یان کردووە(٣٦).
مـەعـروف جیـاووک لە جـەژنەکـاندا کـارتی جـەژنە پیـرۆزەی بۆ ئەدیب و نووسـەر و ناوداران ناردووە و ئەم دێرە شیعرەی لەسەر نووسیووە:

**پیرۆز بێ جەژنەی گەورەتان**
**پارانەوەی بەرزی و یەکێتیمان(٣٧)**

لە وەڵامی یەکێ لەو کـارتانەی جـەژنانەدا، بێکەسی شاعـیـر، لە ڕۆژی ١٤/شـوباتی/١٩٣٣، نامـەیەکی بۆ ناردووە و نووسیویە: "گەورەم کـارتی جەژنە پیرۆزەکەتم پێ گـەیشت نامـە سـەر سـەرم نیـشـانەی دڵسـۆزی و گەورەیی - تانە، گلەییتان کردبوو بەڵێ ڕاستە حەقتانە. فـەرمـووبووتان لە دێری دووەمـدا - وەفـاشت نیـیـە کـە شەرمەسارت (شـەرمـەزارت) بکەم - باوەڕ بفـەرمـوون



ئێـجگار وەها نیم بەڵام بڵـێم چی، ڕووی زەمــانە ڕەش بێ، قـــــەم زۆر لە دڵدایە ناتوانم دەری بخـــەم، لێم ببوورن، من هەر بچووکەکەی جارانتم، پیاوەتی و چاکەی ئێوەم هەر لە بیرە مەگەر مردن لە بیرمی بباتەوە"(٣٨).

ئیـبـراهیم ئەحـمـەد یەکـێک لەوانە بووە، لە سـاڵانی سـیـیـەکـاندا لە هەرەتی لاوی لە ناو کـۆمـەڵانی خـەڵکدا چالاکی کـۆمـەڵایەتی و ئەدەبی و سـیـاسی نواندووە. لە چالاکی نـاو لاواندا دەسـتـەیەک بە ناوی (لاوانی کـورد) پێکهـاتـووە، سەردانـی (یانەی سـەرکـەوتن)یان کـردووە، دیارە یانەش هەلی بۆ ڕەخساندوون لە نزیکەوە چاویان بە کەسایەتی سیاسی و ڕووناکبیری گەورەی وەک مەعروف جیاووک و ڕەفیق حیلمی و محەممەد ئەمین زەکی و عەلی کــەمــال و تۆفـــیق وەهبی بکەوێت و ئەوانیش هانی لاوانیـان داوە و پشـتگیـرییـان کردوون بۆ چالاکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی(٣٩).

هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، وەک پێویست یانە نەیتوانییوە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ببات و کۆمەکی ئەوتۆ نەکراوە، کە بتوانێت پشت بە توانای خۆی ببەستێ، بۆیە دەبینین لە نیوەی دووەمی سییەکان بە هۆی گواستنەوەی باوەڕ پێکراوی یانـە، ناکـۆکی کـەوتە نێـوان ئەندامـانی بەڕێوەبەر(٤٠).


سـەبارەت بەوەسـتـانی چالاکی یانەی سـەرکـەوتن، د. جەمال نەبەز نووسیویە: "لێرەدا دەبێ بێژم کە (مەعروف جیـاووک) خـۆی دامـەزرێنەری (یانەی سـەرکەوتن) بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کـوردە دەسـتـڕۆیشـتـووەکـانی بەغـدا، نێوانیـان لەگەڵ مـەعروف جیـاووک خۆش نەبـوو، کرێی خـانـووەکـەی (یانـە)یان نەدابوو، لەمـەوە چالاکـی (یانە) چەند سـاڵێک بـوو، ڕاوەسـتـابوو، ڕەحـمـەتی مـەعـروف جـیـاووک، ناچار بوو بوو، هەر بۆ مـانـی نێـوی (یانە)، مـاڵەکـەی خـۆی بکاتە (یانە). بۆ ئەمـەش تابلۆیەکی بەکوردی و عـەرەبی بەسەر دەرگەی ماڵەکەیدا کە لەنزیک (باب المعظم)ەوە بوو، هەڵواسیبوو، لەسەری نووسرا بوو (یانەی ســـــەرکـــــەوتنی کـــــورد/ نـادي الأرتـقــــاء الكردي)"(٤١).

دوای مـاوەیەکی درێژی سـسـتی یانە، جـارێکی دیکە مـەعـروف جـیـاووک تێ هەڵدەچێـتـەوەو لە ڕۆژی یـەکی نیـــــســـــانی ١٩٤٣ دەســـــتـــــەی بەڕێـوەبەری یانە هەڵدەبژێردرێتەوە و ئەندامەکانی ئەمانە بوونە:

١- میرزا فەرەج شەریف.
٢- عەلی کەمال.
٣- حیکمەت زەهاوی.
٤- ناجی عەباس.
٥- هادی ڕەشید چاوشلی.(٤٢)
٦- مووسا سەمەد.
٧- بەشیر موشیر.
٨- حەمە ڕەش.
٩- عەبدولڕەحمان نورجان.

ئینجـا لەبەر ئەوەی ئەو دوو کـەسـەی دوایی وازیان هێناوەو حیکمەت زەهاویش لە بەغدا نەماوە، محەممەد (حەمـە پاشـا)ی ئەوڕەحمـان پاشـاو مـحەمـەد بابان و مـــەحـــمـــوود بەهائەددین بامــەڕنی هاتوونەتە جـێی ئەوان(٤٣).

ئەو یانەیە هەر لە سـەرەتاوە بارەگـای سـەربەخـۆی نەبووە، بەڵکو مـاوەی (١٣) سـاڵان لە مـاڵی مـەعـروف جیـاووک بووە، بۆیە ئەو جارە بڕیار دراوە، بارەگایەکی بۆ پەیدا بکەن، کـڕینی خانووش پارەیەکی زۆری ویسـتـووە، سەرەتا بڕیار دەدەن یارمەتی لە ئەندامانـی یانە وەرگرن، بەڵام ئەوەش شـتـێکی وا بە کـەڵکی لێ نەهاتۆتە دی،


نیـــــابتی
في
١٩٢٨ - ١٩٣٠
معروف جياووك

«ليس القصد من نشر هذا
الكتيب خطب ود القارئ» او
اعجابه فجل ما ارجوه ان ينتقدني
فيما اذا وجدني مخطئاً في خطتي..
معروف جياووك

طبع بمطبعة الزمان - بغداد
١٩٣٧

بۆیە بڕیار دەدرێ، باوەڕ پێکراوی یانە لەگەڵ عەبدولڕەحمان نورجان و یەکێکی دیکە بچنە شارەکانی کوردستان، باربوو کۆ بکەنەوە(٤٤).

لە گەشتەکەدا مەعروف جیاووک بەهاوڕێیەتی عەبدولڕەحمان نورجان و باران جیاووک شەوی ١٧ی تەمموزی ١٩٤٣ بەرەو خانەقین بەڕێ کەوتوون و گەشتێکی مانگ و نیوی بە چلەی هاوین و لە بارودۆخێکی تەندروستی خراپ و نەبوون و خراپی ئامرازی هاتوچۆو ڕێگاوبان و بە تەمەنی نزیک شەست ساڵییەوە، ئەگەر هەستی بەرزی کوردانەی جیاووک نەبا، زۆر زەحمەت بوو، ئەو گەشتە وا بە سەرکەوتوویی هەڵسوڕابا.

هەر دەست پێکردنی لە خانەقین، مەغزای خۆی هەیە، لەوێ وتارێکی یەک کاتژمێر و نیوی پێشکەش کردووە، مێژووی کوردو ئامانجەکانی یانەی بەسەرکردتەوە و کۆبوونەوەی ئەو خەڵکەو چڕینی گۆرانی کوردی و سەردانی گەورە پیاوان و بزواندنی هەستی نەتەوەیی لاوان، تا ئەوەی "لاوێکی شاگرد کەبابچی، دوای بەخشینی دینارێک کە هەموو سامانی بووە، هاواری کردووە، گیانم ئەبەخشم بە یانەی کوردان..."، پاشان سەردانی کەلار و کفری و هۆزی داودەو دواتر بۆ کەرکوک و دوای ئەوەی لەگەڵ کاربەدەستان ڕێک دەکەون، لاوان ڕێورەسمێک بۆ ئەو سەردانە ڕێک بخەن و لاوان داوەتنامەیان لەچاپداوە، بەڵام "لەو دەمە ڕەنگە ناکەسێک کە دوایی ناسراو پێی ناوێ دەری بخەین هەر بۆ خزمەتی حکومەتێکی ئەجنەبی بەقسەیەکی پووچ فکری مەئموورەکانی مەسئوولی تێک دا، لەسەر ئەوە وا بەچاک زانراو کە بێ کۆمەڵ و دەعوەت باربوو وەربگیرێ، موعتەمەدیش ئەوکارەی بۆ پاش گەڕانەوەی لە سولێمانی و هەولێر بەجێ هێشت،هەر چەندەش مومکین بوو کە فکر و ویستی لاوانی کەرکووک بەجێ بهێنرێ و ڕووی ئەو کەسە ڕەش بکرێ، بەڵام دووربینی موعتەمەد، هەموو لایەکی ڕازی کردو ئاگرەکەی کوژاندەوە"(٤٥).

لە شاری سلێمانیش بەئامادەبوونی موتەسەڕیف و کاربەدەستانی دەوڵەت و پیاو ماقوولان و ڕووناکبیران و خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر کۆبوونەوەیەکی ڕێکوپێک ڕێک خراوە و موتەسەڕیف و پیرەمێرد وتاریان داوەو پاشان باوەڕپێکراوی یانەش، وتارێکی ڕێک و پێکی داوە، تێیدا لەبایەخی ئەو یانەیە دواوە بۆ نەتەوەی کوردو هەروا بایەخدان بەلاوان وەک توێژێکی زیندووی خوێن گەرم، ئینجا ئامادەبووان باربووی خۆیان داوەتە یانەو تەنانەت جوولەکەو مەسیحییەکانیش بەشدار بوونەو باربووی خۆیان داوە. پاشان بەیاوەری پیرەمێرد لە ڕۆژی ٦ی ئاب چۆتە هەڵەبجە، لەوێش باربوویەکی باش کۆکراوەتەوە(٤٦).

پاشان خۆی چۆتە هەولێر سەردانی موتەسەڕیف و پیاوماقوولان و خەڵکی کردووەو دواتریش چۆتە هەندێ لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر و مەلاو فەقێکانی هێناوەتە سەر ئەوەی کە "خزمەتی کوردایەتی" بکەن. هەر لە هەولێر "پاڵەیەکی چاوتێر"ی تەمەن (١٣) ساڵە، هەستی کوردانەی بزواوەو باربووی یانەی کردووە. پاشان لە کۆیەش ئەو کۆبوونەوەیە کراوەو عەونی شاعیر (١٩١٤ - ١٩٩٢) شیعری خوێندۆتەوەو لاوک و گۆرانییان چڕیوەو دواتر بۆ تەق تەق و لە ٣٠ی ئابی ١٩٤٣ گەڕاونەتەوە بەغدا(٤٧). ئەو سەردانەی جیاووک بایەخی زۆر بووە، چونکە جۆشوخرۆشی خستۆتە نێو خەڵک و هەستی کوردانەی بزواندوون و لە وتارەکانیدا جگە لەبایەخی یانەو باربووی ئەوان کە بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد چەندە گرنگە، ئەوە مێژووی کورد


القضية الكردية
بقلم
جياووك الكردي
الطبعة الثانية
طبعت في مطبعة النجاح — بغداد
١٣٥٨ هـ — ١٩٣٩ م

و سەروەرییەکانی و پێشکەوتن و سەرفرازی نەتەوەیی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردۆتەوە.

کە گەڕاوەتەوەش نامیلکەیەکی تایبەتی دەربارەی ئەو (باربوو)ە نووسیوە، وێڕای کورتەیەک مێژووی کورد، یانەی سەرکەوتن چۆن کرایەوە؟ ئامانجی یانە چییە؟ "خلاصەی نظامی أساسي و داخلي"، حەرەکەتی موعتەمەدی عامی "باوەڕ پێکراوی گشتی" بۆ خانەقین، ناوی باربوو دەرەکان، زیافەتی ناسیاری "حفلە تعارف"، خوێندنی مەولوودی نەبەوی. شوعەرای کورد و یانەی سەرکەوتن، کۆتایی(٤٨).

لەو نامیلکەیەدا لەگەڵ ناوهێنانی ئەو شوێن و کەسانەی کە چۆتە لایان، لیستێکی ڕێکوپێکی بە ناوی هەموو ئەوانە کردووە کە باربوویان کردووە، لەگەڵ لیستی خەرجییەکان، ئەمەش بێ گومان دڵسۆزی و نیازپاکی و دەست پاکی مەعروف جیاووک دەردەخات و بەڵگەو تۆمارێکی زیندووی ڕاشکاوانەیە بۆ ئەوانەی کە لە ڕۆژگارێکدا بە هەستی کوردانەیان بە شانازییەوە کۆمەکی یانەی سەرکەوتنی کوردانیان کردووە، بەمەبەستی (سەرکەوتنی کوردان)، بۆیە ئەو نامیلکەیە مێژوونووسان بایەخیان پێ داوە، لەسەریان نووسیوە و ناوەرۆکیان خستۆتە ڕوو و چاپیان کردۆتەوە(٤٩).

دوا بە دوای ئەو گەشتەی مەعروف جیاووک و کۆکردنەوەی بڕە پارەیەک، یانەی سەرکەوتن، خۆی گرتۆتەوەو دەستی بە چالاکی کردۆتەوە. سەرەتا خانوویەکی بۆ بارەگای یانە بە کرێ گرتووەو کەلوپەلی پێویستی بۆ ئامادە کردووە، وەک جێگاو ڕێگایەکی شیاو بە یانەیەکی ڕووناکبیری بەرچاو و لە ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ بارەگای تازە ئامادە بووە(٥٠).

تێکۆشان بۆ بووژانەوەی یانەی سەرکەوتن، لەلای کوردانی دەرەوەی باشووری کوردستانیش مایەی دڵخۆشی و ڕێزلێنان و پشتگیری بووە، تا بەهاوکاری و کارکردن، لەهەر بوارێکدا کورد بگاتە ئامانج(٥١).

هەر لەمەڕ بووژاندنەوەی یانە، یەکێک بەناوی (سۆران) وەک وەڵام و پێناسەیەکی تێروپوختی یانەی سەرکەوتنی کوردانی لەو هەوارەدا کردووە و نووسیویە، ئەو یانەیە کە بە کۆششی مەعروف جیاووک دامەزراوە، چواردە ساڵ بە یارمەتی و هیممەتی ئەو "کوردە خۆشەویستەمان یانە ژیایەوە، ئەگەر وا نەبایە لەمێژبوو مردبوو. هەتا پارساڵ هەرمالی خۆی کردبووە یانە، خەڵک لەوێ کۆ دەبوونەوە، ڕۆژی پێنج شەممە بۆ ژنان لە ڕۆژی هەینی بۆ پیاوان، مەسرووفی ئەم کۆبوونەوانەش هەمووی لەکیسەی خۆی داوە، جەنابی مەعروف بەگ لە مەدرەسەی عالیە مەئزوونە، لەدارولفنوون شوعبەی ئەدەبیات، وە لە مەدرەسەی حقووق، ئەمە ٤٥ ساڵە بەئیشی کوردییەوە خەریکە"(٥٢).

پاشان باسی گەشتەکە دەکات کە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک چوونەتە کوردستان و(٦) هەزار دیناریان کۆکردۆتەوە و خانوویەکی ڕێکوپێک بەتەواوی کەلوپەلەوە ئامادەکراوە کە لەوێنەی لەشوێنی دیکە نییە. "دەرگەی کراوەتەوە بۆ هەموو لاوی تێگەیشتوو، پیاوی گەورە گەورە هاتوچۆی دەکەن" ڕۆژانی هەینی وتاری بەنرخ و گۆرانی کوردی نیشتمانی گوتراوە(٥٣).

یانە جێگای تایبەتی بۆ ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی بەغدا، بۆ تەواوکردنی خوێندن هاتبوون ڕێک خستووە، تا خانوو و جێگای لە باریان دەست دەکەوێت. چەند لیژنەیەک بۆ کتێب دانان و چاپکردن پێکهاتووە. بە مەبەستی یەکتر ناسین و ناساندنی کورد بە خەڵکی بیانی، بڕیار دراوە، ئاهەنگی یەکتر ناسینی مانگانە بکرێ، بۆ ئەمەش لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ ئاهەنگێکی گەورە ڕێکخراوەو باوەڕ پێکراوی یانە، دوانێکی گرنگی داوەو (تاهیر سکۆت) ڕاستەوخۆ کردوویە بە ئینگلیزی بۆ ئەوەی میوانە بیانییەکانیش تێبگەن. هەوڵی داوە سەرنجی ئینگلیزەکان بۆ ئەوە ڕابکێشێت کە کورد و ئینگلیز لە مێژە یەکدی دەناسن و ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ١٨٩٨، خۆی لەگەڵ ماجور (نیومارچ)ی باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا گفتوگۆی کردووەو داوای دۆستایەتی کورد و ئینگلیزی کردووە و کورد بەهیوای سەرکەوتنی ئینگلیزە لە جەنگی دووەمی جیهانی و ئاڵای دادپەروەری و ئازادی لە هەموو جێگایەکدا هەڵبکرێ و ژیان بگەشێتەوە و کوردیش پاداشتی خۆی لەو دۆستایەتی و خزمەتگوزارییە وەربگرێت و "کورد سوپاسی هەموو ئینگلیزێکی کورد خۆشەویست ئەکا". ئەوەی جێی سەرنجە ژمارەیەک ئینگلیزی کاربەدەست بانگهێشت کراون بۆ ئەو ئاهەنگە، یەکێ لەوانە ئەدمۆندس بووە، مەعروف جیاووک وەبیریان

دێنێتەوە کە کورد حەز بە دۆستایەتی دەکات، بەڵام ئەوانیش ئاگایان لە کورد بێ و پاداشتی ئەو دۆستایەتییە بدەنەوە(٥٤).

ئەوەی لێرەدا گرنگە، بڕوای جیاووک بووە، کە بێ لایەنێکی دەست ڕۆیشتووی ئەو سەردەمەی وەک ئینگلیز زۆر زەحمەتە کورد بگاتە مافەکانی، بۆیە دەبینین کۆتایی قسەکانی بە سڵاو ناردن بۆ پاشای عیراق و ئینگلیز دوایی دەهێنێ(٥٥).

هەر لەو بوارەدا بە بۆنەی سەردانی مەلا مستەفای بارزانی و ژمارەیەک سەرۆک هۆز و پیاو ماقووڵانی شارانی کوردستان بۆ بەغدا لە ٢٦ی شوباتی ١٩٤٤، میوانداربیەکی گەورە و شایان ڕێک خراوەو لەوێشدا مەعروف جیاووک، وتارێکی گرنگی داوەو بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕدراوە و باسی مێژووی کورد و ئاری بوونی کورد و سنووری کوردستان و ڕۆڵی کورد لە مێژوودا هەر لەکۆنەوە و نموونەکانی وەک ئاناباسیس(٥٦)، سەلاحەدینی ئەیوبی (١٢٣٠-١٢٦١ز) و میرنشینە کوردییەکان و خۆ پاراستنی کورد لە شاڵاوی داگیرکاران و پاراستنی زمان و بوونی خۆی وەک کورد و تا دەیگەیەنێتە ئەو سەردەمە کە کورد کەوتۆتە سەر عیراق بە هۆی ئینگلیزەوە و باسی نزیکی زمانی کوردی و ئینگلیزی و نزیکی خوو ڕەوشتی هەردوولا دەکات(٥٧)، ئەم شتانە سادە و ساکارن، بەڵام مەبەستی مەعروف جیاووک سەرنجڕاکێشانی ئینگلیزەکان بووە بۆ لای کورد، بێ گومان هەر ئەو جۆرە ڕەفتارانە وای لە بەرەی چەپ کردووە مەعروف جیاووک بە پیاوی ئینگلیز بزانن و لە بڵاوکراوەکانیاندا هێرشی بکەنە سەر(٥٨).

یانەی سەرکەوتن، لایەنی ئایینیشی فەرامۆش نەکردووە، ئەوەتا لە بیرەوەری لەدایکبوونی پێغەمبەردا "مەولوودی نەبەوی"، لە ڕۆژی ٢٤ی مارتی ١٩٤٤، مەولوودێکی کوردی بە ئامادەبوونی خەڵکی جۆراو جۆرو زۆر بەڕێوە چووە، لێرەشدا، وتارێکی گونجاو بەو پایەیە دەدات و وەک ڕووناکبیرێکی ئاگادار لە پێغەمبەری موسڵمانان محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) دەدوێ و ڕاو بۆچوونی هەندێ خەڵکی ڕۆژئاوای هێناوەتەوەو پاشان دوو زانای ناوداری کورد، مەلا محەممەدی قزڵجی (١٨٩٥- ١٩٥٩)(٥٩) وتارێکی بایەخداری خوێندۆتەوە کە چ وەک زمان، زمانێکی پاراوو ڕەوان و چ وەک ناوەرۆک، پڕ بایەخە، نەخوازە لە کات و سات و شوێنێکی تایبەتی و لەو سەردەمەدا. تێیدا باسی بایەخی یەکریزی و نیشتمان بۆ مرۆڤ و بە تایبەتیش بۆ کورد و تێکۆشان لە پێناو نیشتمان و دێرینی کورد وەک نەتەوە و خەڵکی خانەدان و ناودار کردووە، هەروەها باسی خزمەتی شاری (هەولێر)ی وەک شارێکی دیار و ناودار بە یادکردنەوەی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر کردووە، کە کورد ئەو بیرەوەرییە پیرۆزەی داهێناوەو موسڵمانانی دیکە لەکوردانیان وەرگرتووەو ناوی هەولێری پێ زۆر بەرزە. مەلا عەبدوڵڵای قزڵجیش وتارێکی ئایینی پێشکەش کردووە و دواتر ئەو شاعیرە : (محەمەد حوسێن، عەبدولسەلام حیلمی)(٦٠) شیعریان خوێندەوە(٦١).

ئامانج لە گرتنی ئەو کۆڕ و ئاهەنگ و بیرەوەریانە، کۆکردنەوەی ئەو کوردانەی بەغداو سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی دەوروبەر و بیانی و جموجووڵی کوردو یانەو کۆکردنەوەی خێزانە کوردەکانی بەغدا بۆ یەکتر ناسین و ئاڵوگۆڕی هزری و دەمەزەرد کردنەوەی هەستی کوردایەتییان بووە (٦٢).

ڕۆژنامەو گۆڤارە کەمەکان کە ئەو سەردەمە دەردەچوون لە بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی یانە دریغییان نەکردووە. گۆڤاری گەلاوێژ چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتنی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە بابەتێ لەژێر ناونیشانی "دوو کۆبوونەوەی تەئریخی لەیانەی سەرکەوتن"(٦٣).

بەبۆنەی هاتنی قوتابیانی کورد بۆ بەغدا لە ڕۆژی ١٦ی شوباتی ١٩٤٥ لەبارەگای یانە کۆبوونەوەیەک کراوە، تێیدا تۆفیق وەهبی و عەبدولقادر قەزاز وتاریان داوەو ئامۆژگاری قوتابیانیان کردووە کە پیاوەتی و خووڕەوشتی کوردانە نیشان بدەن، پاشان ئاهەنگی گۆرانی بەرێوەچووە(٦٤).

وەک بایەخدان بەتوێژی زیندووی قوتابیان مەعروف جیاووک قوتابییە کوردەکانی لە ڕۆژانی هەینی کۆ کردۆتەوە و چێشتی کوردەواری (ساوار) و ماستاوی بۆ ئامادە کردوون، بەو مەبەستەی هەستی کوردانەیان نەمرێ و لەکاتی پێشوازی کردنیان خۆی یەکە یەکەیانی ماچ کردووە(٦٥) .

وەک یەکێک لە خزمەمەکانی جیاووک دەیگێڕێتەوە،

مەعروف جیاووک داوای لەو کوردانەی کە لە چلەکان دەچوونە بەغدا کردووە، بچنە یانەو نەچنە میوانخانە، بۆیە ئێمە ناومان لەیانە نابوو (یانەی غەریبان)(٦٦).

بێ گومان لەو غەریبییە، هەست و سۆزی باوکانەو کوردانەی مەعروف جیاووک مایەی ڕێز و ستایشە، ئەگینا دەیتوانی وەک ئەو هەزاران کوردەی تری بەغدا دەژیان بۆ خۆی ژیانێکی ئاسوودە بباتە سەر و هەقی نەبێ بەسەر ئەم کارانەوە، ئەو هەموو ماندووبوونەی لەپای چی؟!.

هەر لە بواری ئەو چالاکییانە، پرسەی ئیبراهیم حەیدەری(٦٧) و چلەی ماتەمینی بۆ گەورە پیاوانی کوردی وەک پیرەمێرد(٦٨) و ئەمین ڕەواندزی، بەڕێوە بردووە(٦٩).

وێڕای ئەو ژیانە کولەمەرگییەی یانە، ئەوە یارمەتی و کۆمەگی بە هەژار و دەست کورتان کردووە، بەتایبەتیش قوتابییانی دەست کورت تا لە خوێندن دوانەکەون، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە لیژنەشی پێکهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی پارە بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ(٧٠). ئەمە وێڕای کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ لێقەوماوانی لافاوەکەی سلێمانی(٧١). هەروەها بە بۆنەی چل ڕۆژەی مەرگی زانای بەناوبانگی کورد مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە) (١٨٧٦ - ١٩٤٣)، کۆڕی ماتەمی گێڕاوە و مەعروف جیاووک لە جیاتی مەسعوود محەمەدی (کوڕی مەلای گەورە) قسەی کردووە. مەسعوود محەمەدیش پاش ئەو ئاهەنگە بۆتە ئەندامی لیژنەی ئیداری یانە(٧٢).

**سەرچاوە:**

**(١) ئەفسەر و پارێزەر بووە.**

**(٢) باربوو، ل٢٧ دەستکاری ڕێنووسەکەی کراوە بە مەبەستی بە ئاسان خوێندنەوە؛ تۆ بڵێی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ یانەی سەرکەوتن پێوەندی بەبارودۆخی ئەو دەمەی کێشەی پەیمانی نێوان عیراق و بەریتانیای ١٩٣٠ەوە نەبێت؟**

**(٣) شطە: واتە سلاو.**

**(٤) سدیق سالح،بیست بەڵگە نامە، "هەزار مێرد" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ(٢٢)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، ل١٤٩.**

**(٥) "ژیان"، ژ ٢٤٣، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠.**

**(٦) "ژیان"، ژ ٢٤٣، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠؛ مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل٧- ٨.**

**(٧) باربوو، ل٣١- ٣٢.**

**(٨) باربوو، ل٣١- ٣٢.**

**(٩) النظام الاساسي والداخلي لنادي الارتقاء الكردي- یانەی سەرکەوتن، طبعت ونشرت على حساب النادي، مطبعة الشعب، بغداد، ١٣٤٩هـ- ١٩٣٠م. ص١. نامیلکەکە لە کوردییەکەش بە لاپەڕە (١)ەوە دەست پێدەکاتەوە، واتە (١٢) لاپەڕەی عەرەبی و (١٣)ی کوردییە.**

**(١٠) ژیان"، ژ ٢٤٣، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠، ل١و٢ لەبەر ئەوەی دەقە کوردییەکەی زۆر ڕەوان نییە، بۆیە هەر عەرەبییەکەمان وەرگێڕا.**

**(١١) باربوو، ل٣٧- ٣٨.**

**(١٢) دیدار لەگەڵ نەژاد عەبدوڵلا عەزیز لە ٢٨/مایس/٢٠٠٦.**

**(١٣) "ژیان"، ژ ٢٤١، ٢٩ی /مایسی /١٩٣٠.**

**(١٤) "ژیان"، ژ٢٤٣، ٥ی /حوزەیرانی/ ١٩٣٠.**

**(١٥) "زاری کرمانجی"، ژ ٢١، ٦ی /نیسانی/ ١٩٣٠، ل٢٠.**

**(١٦) یانەی سەرکەوتنی کوردان، "زاری کرمانجی"، ژ ٢٣، ٤ی /حوزەیرانی/ ١٩٣٠، ل١٣- ١٤.**

**(١٧) کرکوک، ژ(٣٠٧)، ٩ی حوزەیران ,١٩٣٠ لە (گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژ(٩)ی زستانی ٢٠٠٦)، وەرگیراوە.**

**(١٨) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: النظام الاساسي والداخلي لنادي جمعية الارتقاء الكردي- یانەی سەرکەوتن، س.پ.**

**(١٩) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل١١- ١٣.**

**(٢٠) غفور ڕشید داراغا، یانەی سەرکەوتنی کوردان لە چەند دێڕێکدا، "دەنگی مامۆستا" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ (١)، حوزەیران و تەمووزی /١٩٧٢، ل١٦.**

**(٢١) عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، دار سپيريز، دهوک، ٢٠٠٢، ص٥٤- ٥٥.**

**(٢٢) النظام الأساسي والداخلي... ص١.**

**(٢٣) طارق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، ل١١٢- ١١٣. ئەوەی جێی سەرنجە، طارق جامباز دەڵێ دوای ١٣ ساڵ**

مـەعـروف جـیـاووک، مـۆڵەتی یانەی سـەرکـەوتنی وەرگـرتووە (١٩٣٠- ١٩٤٣)، بەڵام دروست ئەوەیە کـــە لە ســـەرەتاوە ئاماژەمان پێ کردووە، یانە بە ژمارە (٦٨٩٥)ی ڕۆژی ١٩- ٢٠ مـایس ١٩٣٠ مـۆڵەتی کرانەوەی بە مـەعـروف جـیـاووک دراوە. بڕوانە: باربوو، ل٢٧.

(٢٤) باربوو، ل٣.

(٢٥) هـ. س، ل٣٣- ٣٤.

(٢٦) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ل١١٩.

(٢٧ ) باربوو، ل٣٢.

(٢٨) پەل: بە مـانای لێـژنە هاتووە. بڕوانە: شـاکـر فـەتاح، خەباتی ڕۆشنبیران، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٤، ل٣٨.

(٢٩) شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم، ل١١٢- ١١٣.

(٣٠) س. پ، ل١١٣.

(٣١) هـ. س، ل١١٤.

(٣٢) شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم، ل١١٤.

(٣٣) غـەفـوور مـیـرزا کـەریم، یادگـاری لاوان و دیاری لاوان، چاوگێڕانێک بەباری ڕۆشنبیری کوردستانی عێراقدا لە ساڵەکانی (سی)دا، لەچاپکراوەکانی کوڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٨-٢٠.

(٣٤) "الأحـرار" (ڕۆژنامـە)، بیـروت، العـدد ١٤٨٧، آب ١٩٣٠، بەوەرگرتن لە: (کـۆنی ڕەش، جمعـیـة خـویبـوون ١٩٢٧ ووقائع ثورة آرارات ١٩٣٠، تقدیم وترجمة: الدکتور عبدالفتاح علي بوتاني، ص١٣١)؛ د.ئیـسـمـاعـیـل شـوکـر ڕەسـووڵ ، ڕۆڵی ڕامـیـاری و ڕۆشنبـیـری مـەعـروف چیـاووک ١٨٨٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، "زانکۆ" (گۆڤار) ،هەولێر، ژ(٢٢) ئابی ٢٠٠٤، ل١٤.

(٣٥) عـەقـیـد بەکـر عـەبدولکەریم حـەوێزی، گـەشـتـێـک بە کۆماری مەهاباددا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل٦- ٧.

(٣٦) مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، ل٦٧.

(٣٧) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل١٥- ١٦.

(٣٨) هـ. س، ل١٦.

(٣٩) ئەحـمـەد شـەریف، برایم ئەحـمـەد، ژیان و.. بەهرەو.. داهێنان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦،٦٩.

(٤٠) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل١٧- ١٨.

(٤١) د. جـەمـال نەبەز، کـۆبەرهەم ژمـارە-٧ زنجـیـرەی وتووێژ لەگەڵ دەزگەی ڕاگەیاندنی گـشـتی(٢)، چ١، چاپخـانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٠٠.

(٤٢) هادی چاوشلی وەک خـــۆی دەڵێت: نەچۆتە پاڵ هیچ پارتێکی سیاسی، بەڵام چۆتە یانەی سەرکەوتنی کوردان، لەساڵی (١٩٤١-١٩٤٢)، ئەو کـاتەی مـەعـروف جیـاووکی کـوردپەروەر سـەرۆکی بووە. لەسـاڵی ١٩٤٣ چاوشلی لەپۆلی چواری کـۆلێـژی مـــاف بووە لەبەغـــدا، بە ئەندامی دەســتـــەی بەڕێوەبەری یانە هەڵبـژێردراوە. بڕوانە: طارق جـمـباز، القانوني هادي الچـاوشلي مواقف ...، ص٦.

(٤٣) باربوو، ل٣٢- ,٣٣ لەســەرچاوەی دیکەدا مـــوکـــەرەم تاڵەبانیـــشی خـراوەتە سـەر. بڕوانە: مـــســتـــەفـا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان...، ل١٨.

(٤٤) باربوو، ل٣٣- ٣٦.

(٤٥) باربوو، ل٥٠-٥١.

(٤٦) هـ.س، ل٥١-٥٤.

(٤٧) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: هـ. س، ل٤٠- ٧٨.

(٤٨) باربوو، ل٧٩-٩٦.

(٤٩) بۆ زانیـاری پتر بڕوانە: باربوو؛ ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانەی تیشک، لە چاپکراوەکانی شارەوانی کەلار، کوردستان، ٢٠٠٤؛ مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان هەروەها زۆرانی دیکەش.

(٥٠) باربوو، ل٨٠.

(٥١) قـەدری جان، یانەی سەرکـەوتن دەنگێ ژینداری، " ڕۆژا نوو" (گـــۆڤـــار)، بەیروت، ســـاڵ(١)، هەژمـــار١٩، ٦ی ئیلۆن ١٩٤٣، ل٧٧.

(٥٢) سـۆران، یانەی سـەرکـەوتن، ڕۆژانوو، هژمـار ٣٨، سـاڵ (٢)، ١٤ شوبات، ١٩٤٤، ل٢. پێدەچێ ئەوە (سۆران)ی کوڕی جیاووک خۆی بێت.

(٥٣) هـ. س.

(٥٤) باربوو، ل٨٠- ,٨١

(٥٥) باربوو، ل٨١-٨٢.

(٥٦) ئاناباسـیـس: کـتـێـبـە مـێـژووییـە بەناوبانگەکـەی (زەینەفۆن)ە کە لە ٤٠١ پ.ز سەرکردایەتی دە هەزار سەربازەکەی کردووە کە بەکوردستاندا پاشەکشەیان کردووە. بڕوانە: کوردستان شـوێنی گـەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی، و/ حـەسـەن فـەهمی جاف، چاپخانەی مەعارف بەغدا، ١٩٦١؛ زینفون، مسیرة عشرة الآف عبر کردستان، ترجمة: صلاح سعدالله، منشورات دار التآخي،

بغداد ١٩٧٣، ص٣.
(٥٧) م. س، ص ٨٢- ٨٥.
(٥٨) بڕوانە: "ازادي"، ژ (٥)، تشـــرين ثاني ١٩٤٥؛ لە "ڕۆژنامەنووس"، ژ (٦)، ٥، ٢٠٠٥، ل١٣، وەرگیراوە.
(٥٩) مـحـەمـەد قـزڵجی، لەساڵی ١٨٩٥ لەسابلاخ لەدایک بووە، خــوێندنی ئایینی تەواو کــردووە، لە ئەزهەر بڕوانامـــەی وەرگـرتووە. لە ڕۆژگـاری سمکۆی شکاک لەسەرەتای بیستـەکان ڕۆژنامەیەکی بەناوی (کورد) وەک زمانحاڵی بزووتنەوەی ناوبراو دەرکـــــردووە، زانـایەکی ئـاییـنی بەنـاوبـانـگ و دیـاربـووە، لـە ١٤/ئەیلوولی/١٩٥٩ لەبەغـدا کـۆچی دوایی کـردووە. بڕوانە: ئازاد عـوبێـد سـاڵح، فـەرهەنگی ڕۆژنـامـەنووسـانی کـۆچکردووی کورد، "ڕۆژنامەڤانی"، ژ٣، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل٢٠٥.
(٦٠) عەبدولسلام حیملی: لەساڵی ١٩١٣ لەبەغدا لەدایک بووە، شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنووس بووە، چەند فەرمـانێکی مـیـری بینیـوە، ناخـۆشی زۆری لەژیاندا بینیـوە، لەسـاڵی ١٩٦٩ لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: محمد علي الصويركي، م. س، ص٤٢٩-٤٣٠.
(٦١) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: باربوو، ل٨٦- ٩٠.
(٦٢) هیـمـدادی حـوسـێن، ڕۆڵی هیـوا لە پێـشـخـسـتنی هونەرەکـانی ئەدەبی کـوردی، کـە لە ئەسـڵـدا نامـەی مـاسـتـەرەو لەزانکۆی سـەلاحـەددین وەرگـیـراوە، لەزەنجـیـرە بڵاوکـراوەکـانی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری- هەرێمی کـوردسـتـان- هەولێـر- بەبۆنەی سـەدساڵەی ڕۆژنـامـەگـەری کـوردی، ژ(٣٧)، چاپخـانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٩٨، ل٢٧. جێی ئاماژە پێکردنە لە پ (٣)دا، دەڵێت: "پاشان مەلا ئەحمەد باوەڕپێکراوی یانە..."، کە دیارە ئەمە هەڵەیە.
(٦٣) "گـەلاوێژ"، ژمـارە(٣) سـاڵی (٥)، مـارتی ١٩٤٤، ل٥٦.
(٦٤) "گەلاوێژ" ، ژمارە(٤)، ساڵی (٦)، نیسـانی ١٩٤٥، ل٦٤-٦٦.
(٦٥) دیدار لەگەڵ عـەلی جـوکڵ ،هەولێـر، ڕۆژی ٢ی مـایس ٢٠٠٦ (لەساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لەدایک بووە، مامۆستـایەکی خـانەنشینەو لە ڕۆژنـامـەی (هەولێـر)ی نەقـابەی مـامـۆسـتـایانی هەولێر لەپەنجاکاندا بەشدار بووە).
(٦٦) دیدار لەگەڵ سـەبرییـە حـەسـوون مـحـەمـەد ، لە ڕۆژی ٦/نیسـانی/٢٠٠٦ (لەدایک بووی١٩٢٩، کچی فـاتیـمە عـەلی ئەکبەر جیاووکی مامی مەعروف جیاووکە).
(٦٧) سەرجەم بەرهەمەکانی شاکر فەتاح، ب١، ل١١٤.
(٦٨) یادی پیرەمێرد، لەسەر حیسابی یانەی سەرکەوتن لەژێر چاودێری عـەلائەددین سجادی لەچاپ دراوە، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥١.
(٦٩) "هەتاو"، ژ ٤٧، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٥، ل١٥.
(٧٠) "ژین"، ژ ١٢٧١، ٣/تشـــرینی دووەمی/١٩٥٥، لە (هیمدادی حوسێن، س. پ، ل٢٧- ٢٨) وەرگیراوە.
(٧١) "هیوا" (گۆڤار)، بەغدا، ژ ٥، س ١، تشرینی دووەمی ١٩٥٧، ل٣- ٥.
(٧٢) مەسعوود محەمەد، س.پ، ل٢٦٠- ٢٦١.

# «تازیانەی سلووک» لە ڕوخساری دەقەکانی (مەولانا خالید)دا

عادڵ محەمەدپوور*
(مەریوان)

**هەڵوەستەیەکی مێژوویی**

شەبەنگی بیرۆکەی عارف و بیرمەندی مەزنی مەنهەجی ڕێگای حەقیقەت، مولانا خالید شارەزووری (١٢٤٢ -١١٩٣ ک، ١٨٤٠-١٧٨٩ز) ، هاوکات بووە لەگەڵ ئاوابوونی دەسەڵاتی کەریم خانی زەندی بە ڕەچەڵەک کورد (١٢٤٤-١١٩٣ ک) و «تێپەڕبوون لەو دۆخە لەرزۆکەی کە بە هۆی فەترەیەکی سیاسییەوە بەدیهاتبوو کە سەرکردە ملهوڕەکانی ئەو دەمە، وەک نادرشای ئەفشار و دەست و پێوەندەکانی دیکەی پێکیان هێنابوو، ئەنجا سەقامگیرکردنی ئۆقرەیی و ئاسایش لە ئێرانی ئاڵۆسکاو و پچڕپچڕدا، لەلایەن سەرکردەیەکی توکمە و ملهوڕی، وەک ئاغا محەمەدخانی قاجارەوە(١٢٦٠-١٢١٢ ک)(١)»، بەڵام بە زۆری داسەپاندنی شمشێر. ئەگەرچی لە دەرەوەی وڵاتی ئێران و کوردستانی ئەو دەمە کە بەشێکی هەرە زۆری سەر بە کاستی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی ئێران بووە- لە جیهاندا گۆڕانکاری ئەوتۆ سەری هەڵدابوو: هەڵایسانی شۆڕشی جەماوەری لە وڵاتی فەرەنسا، سەرکەوتنی(ناپلیۆن)، هاتنە گەڕی ناسیونالیزم و دەوڵەت-نەتەوەکان. بە واتا بزاڤێکی هەمەلایەنەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە وڵاتانی ئەوروپادا تەشەنەی کردبوو، بە پێی کاردانەوەی ئەم گۆڕانکارییە، بیری نۆژەنی و پێشکەوتنخوازی و ڕێنسانسی بیری و هزری و زانستی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا گۆپکەی کردبوو، کەچی هێشتا هوروژمی ئەو شەپۆلە هزری و پیشەیی و زانستی و ڕۆشنبیرییە، نەیتوانیبوو ڕوحی خەمۆکی ئێرانییەکان- چ چین و توێژەکانی خەڵک و چ دەسەڵاتداریێتی وەخت ـ لە خەوی چەندین ساڵە، ڕاچەنێ و بیانهەژێنێ. هەروەها ئەو شێوە گەندەڵکارییە سیاسی و پۆپۆلیزم و کۆیلەتییە لە ڕوح و هەناوی تاک و کۆمەڵدا بەردەوام دەبێ(٢). لەم سەروبەندەدا، بزاڤی سۆفیگەری لە فرەیی لە وڵاتاندا سەرهەڵدەدا یان گەشە دەسێنێ، بەتایبەت نەوەکانی شاه نیعمەتوڵڵا وەلی لە ویلایەتی «دەکەن»دا خەریکی پڕوپاگەندەی عیرفانی دەبن، ئەم مەڵبەندەش هەر لە مێژە -تەنانەت بەر لە ئیسلام - سەنتەرێک بووە بۆ نەشر و بڵاوکردنەوەی سۆفیگەری و کانزای بیرۆکەی ئیلهاماتی عیرفانی. ئەم ئاقارە عیرفان ئامێزە نە تەنیا بوو بە هۆی پاراستنی تەریقەتی «نیعمەتوڵڵاهی» لە سەروبەندی «سەفەوی»دا، بەڵکو بوو بە ناوەندێک بۆ تەشەنەی ڕەچەڵەکی «قادری» و پاشان «نەقشبەندی»یەکان لە کوردستان و باقی دەڤەرە «سوننە» نشینەکان لە «ماوراء النهر» و «خوراسان» و «ئەفغانستان» و باکووری

«ئەفریقا» و هەندێ لە وڵاتانی تر(٣). تەسەوفی ئێران و هیندستان هەر لە مێژە لە یەک بەنداوەوە سەرچاوەی گرتووە و هەمیشە لە ڕەوتی مێژووی عیرفاندا، پێکەوە تەبایی و هەماهەنگییان بووە. گرینگترین فیرقەی تەسەوفی ئێران و هیندستان سەرەتا فیرقەی «قادری» بووە کە لە ئێراندا کەمتر و لە وڵاتانی «هیندستان و ئەفغانستان» زۆرینەی مورید و مەنسووبیان بووە. دووەمین ڕەچەڵەک فیرقەی «نەقشبەندی» بووە کە پێش لە «بەهائەدین نەقشبەند» مەشایخی «خواجگان» بوون، بەڵام لە سەروبەندی «بەهائەدین نەقشبەند»دا ئەم ڕێچکە گۆڕاوە بە «نەقشبەندی». تەریقەتی نەقشبەندی لە سەدەی دەیەمی کۆچی مانگیدا لە «کوردستان و ئاسیای بچووک» پەرەدەسێنێ و لە سەدەی دوازدەی ک.م، لە لایەن «شێخ خالیدی شارەزووری»یەوە بە تەواوی لە کوردستان سەقامگیر دەبێ و بە «خالیدیە» ناو دەردەکات(٤). ئەوە بوو «مەولانا خالیدی شارەزووری» بۆ دەربازبوون لەو هەڵپە ئەستەمکاری- سیاسی- کۆمەڵایەتییەدا کە ڕوحی گلێرگەی کوردستانی هێنابوویە تەنگ هەڵچنین و تۆوی خەمۆکی لە تاکەکانی کۆمەڵدا چاندبوو، پاش چەند گەشتێک لە شارە گەورەکانی ئێران و وڵاتانی دراوسێ و بۆ وەدەستهێنانی ئەزموونی سلووکی نەزەری و عیرفانی پراکتیکی، بە ڕێنوێنی یەکێک لە موریدەکانی لە ساڵی ١٢٢٢ی ک.م، لە وڵات پەرەوازە دەبێ و پاش ماوەیەکی زۆر دەگاتە کێشوەری هیندستان و لە خزمەت قوتبی ڕەبانی (شاه عەبدوڵڵای دێهلەوی)دا، دەگیرسێتەوە. لە هیندستان پاش یەک ساڵ بە وەرگرتنی ئیجازەی تەریقەت و سلووک لە سەردەستی شا عەبدوڵڵادا، دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەس بە پڕوپاگەندەی سۆفیگەری و پەرەپێدانی مەنهەجی نەقشبەندییە دەکات، تا ئەم کاتە کە تەریقەتی ناوبراو لە کوردستان چەندان برەو و بایەخی مەنهەجی نەبووگە، لەم هەڵسوکەوتەدا، بە چەشنێک دەکەوێتە برەو و هەڵایسان کە تەنانەت سەرکردە سیاسی و زانایان و مامۆستایان، ڕوو دەکەنە ئاستانەی مەولانا بۆ وەرگرتنی ڕێگای تەریقەت بەم شێوە هزری عیرفانی «نەقشبەندی» لە کوردستان سەقامگیر دەبێ و ڕێگا ساز دەبێ بۆ بنەماڵەی شێخانی تەوێڵە(٥). کە پتر لە دوو سەد ساڵ خزمەت بە ژیار و باری مەعریفی کوردستان و ئێستاش هەر سەنتەرێکی ئەکتیڤ و بە پێزە بۆ قەڵەوکردنی هزر و مەعنەوییەت لە دەڤەرەکاندا.

## شیعر، یەکەی دەربڕین بۆ بزاڤی سۆفیگەری

بە پێی ئەو پۆلینبەندییە کە یۆنانییەکان بۆ ژانری شیعری دەکەن : شیعر بریتییە لە چوار جۆر: أ: شیعری Epic (حەماسی)، ب: شیعری دراماتیک (نمایشی، Dramatic)، ج: شیعری Etic (ئەخلاقی و ئاکاری و مۆچیاریئامێز) د: شیعری Lyric (غنایی)(٦). بەپێی پێویست ئێمە لەم وتارەدا، لە سەر ڕۆڵی ژانری شیعری غنایی(لیریک) کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە باسەکەمانەوە، دەدوێین. بە پەیلوای ڕەخنەڤانان و لێتوێژەرانی مەزنی ڕۆژاوا «لامارتین» و «موسە» و هەروەها شاعیرانی سەر بە قوتابخانەی ڕۆمانتیک، شیعری غنایی(لیریکا) بۆ دەربڕینی «هەستە تاکییەکانی شاعیرە»، لەم ڕوانگەیەوە شیعر، ژانرێکە کە لەگەڵ «خودی خۆی»دا دانوستاندن دەکات، واتە شاعیر، پانتایی ڕوحی خۆی، دەکاتە سوژە بۆ خورپەبەخشی و داهێنانی ژانری هونەری و ئیستێتیکی. ئەم ڕێچکە هونەرییە پێیان وابوو شیعری (لیریک و غنایی) شیعرێکی شەخسییە و تەنیا شاعیر خۆی دەلاوێنێتەوە(٧)، کەچی برێکیتر لە ڕەخنەڤانان پێیان وایە، شیعری لیریکی شیعرێکی سۆسیاییە و سەر بە پێکهاتەی گلێرگەیە، بەڵام دوو چەمکی «هەست» و «شەخسی» بوون، گرینگترین فاکتی هۆنینەوەن بۆ ژانری شیعر. دەڵێن: شاعیر بەشێکە لە گلێرگە، خۆی لە هەمبەر کۆمەڵگەکەی بە «دەروەست، متعهد» دەزانێ(٨). ئەو دەقە شیعرییە سۆفییانە کە لە ڕەوتی ئەدەبی فارسیدا لە سەرەتای سەدەی شەشی کۆچی مانگیدا هەن، ئەم بۆچوونەی ئێمە بەباشی دەسەلمێنێ. «سەنایی غەزنەوی» و «عەتاری نەیشاپووری» لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، دەبنە پێشئاهەنگی بزاڤی شیعری تیۆکراتیانەی سۆفیگەری بۆ بە گژداچوونەوەی نابەرابەری کۆمەڵایەتی. بەم جۆرە لە باکگراوندی گلێرگەدا، بزاڤێک سەرهەڵدەدا، کە توخمی «زوهد و مەسەل» دەبێتە گورزێکی کاریگەر بۆ پەرچدانەوەی ناتەبایی و نابەرابەری سامانی دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی ئێران. تا ئەو دەمە، «زوهد و تەسەوف» تەنیا ڕۆڵێکی

تاکی و تەجریدی و سەلبی و نێگەتیڤی بۆ جەماوەر هەبووە. نووسراوەکان تەنیا بۆ حەسانەوەی ڕوحی تاکی و وەرزشی نەفسی خۆیان بووە. «سۆفی و زاهید» بەشێک بوون لە کاستی دەسەڵات. بە لە دایکبوونی قەسیدەکانی «سەنایی غەزنەوی» بزاڤی کۆمەڵایەتی عیرفان دێتە ڕۆگەی هەبوون و سیمای زوهد و عیرفان ڕوخسارێکی ئیجابی و پۆزەتیڤ بە خۆیەوە دەگرێ، ئەم شاعیرە بەم شێوەیە دەبێتە یەکەمین ڕەخنەڤانی گلێرگە بە داهێنانی قەسیدەی کۆمەڵایەتی، سەرەتا ڕەخنە لە کەسایەتی نەفسانی خۆی دەگرێ و بە گژ خۆیدا دەچێتەوە، ئنجا قامچییەکانی ڕیازەت بە خۆیدا دەماڵێ و پاشان لە کۆیلەتی گلێرگە دەکۆڵێتەوە و بە «ڕەخنەڤانی کۆمەڵگە» دەناسرێ. سەنایی لە دەقە قەسیدەکانیدا توانی تەجروبە ڕوحانییەکانی عارفان و زاهیدانی سەدەی پێشوو (دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەم) کە لە ئاسەواری پەخشانی: «اللمع سراج و قوت القلوبی ابوتالبی مەکی و ڕیسالەی قوشەیرە و ئیحیا، علوم ئەلدینی غەزالی»دا ڕەنگی دابووەوە، لەگەڵ توخمی «زوهد و مەسەل» تێکەڵ بکات و شێوازێکی نوێ لە تەسەوف بخولقێنێ.

– مکن در جسم و جان منزل که این دون است و آن والا

«ملکەچی لەش و گیانت مەبە ئەمیان خراپە و ئەویان چاک»

قدم زین هردو بیرون نه نه اینجا باش نه آنجا (٩)

«لە هەر دووی ئەمانە دەرباز بەو نە ئەمی بە و نە ئەوی»

– بیت من، بیت نیست اقلیم است (١٠)

واتە: شیعرەکانی من، شیعر نین بەڵکو هەرێمێکن، لیپان لیپ لە واتا و دەلالەت، بە ئیهام بەیت واتە: ماڵ، دڵ، دڵی من ماڵێکی بچوک نییە، بەڵکو هەرێمی والا و پڕ دەرەتانە.

–بمیر ای حکیم از چنین زندگانی (١١)

کزین زندگانی چو مُردی بمانی

«ئەی حەکیم بمرە لەم ژیانەت

ئەگەر لەم ژینەت بمری، نەمر دەمێنیتەوە»

– برگ بی برگی نداری، لاف درویشی مزن

رُخ چو عیاران نداری، جان چو نامردان مکن (١٢)

واتە: «سامانی دەروێش بوونت نییە، لافی دەروێشی لێ مەدە

بە سەربەرزی ناتوانی بمری وەک ناجوامێران مەمرە»

پاشان ئەم بزاڤە هزری و فیکرییە بە ڕەچەڵەک دەگاتە «حافز» و قوتابخانەی «ڕیند و ڕندخوازی» لە پانتایی لیریکای فارسیدا، پێکدەهێنێ و «مەولەوی بەلخی» لیریکای عیرفانی فارسی دەباتە لووتکەیەکی بەرزە چڕ.

– حافظا می خور و «رندی» کن و خوش باش ولی

دامِ تزویر مکن چو دیگران قرآن را (١٣)

«حافز مەی بخۆرەوەو و ڕێندی (عاشقی) بکە و خۆش بیگوزەرێنە، بەڵام وەک زاهیدانی ڕیاکار قورئان مەکە بە داوی فێڵ و تەڵەکە»

«بە ڕاشکاوی دەڵێم و لەم وتەی خۆشمە خۆشحاڵم،

بەندەی عەشقم و لە هەر دوو دنیاش ئازادم»

– ما نه مرغان هوا نه خانگی

دانەی ما (دانەی بی دانگی)

هر کبوتر می پرد زی جانبی

وین کبوتر (جانب بی جانبی) (١٤)

«ئێمە نە باڵندەی ئاسمانین و نە دانەچنی ماڵی،

دانەی ئێمە بێ دانەگییە، هەر کۆترێک بەرەو ئاقارێک دەفڕێ،

کەچی ئەم کۆترە فڕینی بەرەو لامەکانە»

مەولەوی بە هاوردنی پارادۆکسی (دانەی بی دانگی) و (جانب بی جانبی) باس لە سەر ئینسانی نزمی (ناسووتی) و ئینسانی بەرزی (لاهووتی) کە وێنەیەکی بەرزە فرە، دەکات.

* پێوەندی هزری مەولانا خالید و ئەو چەمکە فیکرییانەی کە پێوەندی ناوەرۆکیان بە قوتابخانەی قەلەندەرانەی سەناییەوە هەیە وەک ئاماژەمان پێدا ساحەتی مەعنەوی و دەروونی ئیسلام بە گشتی و عیرفانی ئێرانی بە تایبەت بە «زوهد» و «پارێز»ەوە دەست پێدەکات و دەگاتە خاڵێک کە دەبێ پێی بوترێ «تەسەوف»، ئنجا لە کاتی تەشەنەی پرۆسەکەدا ئەو هەموو میتۆد و مەنهەج و تەریقەتگەلە سەرهەڵدەدەن، عارفی شاعیر بۆ دەبرینی سۆزی دەروون، پێویستی بە یەکەیەک دەبێ بە ناو ئەدەبی عیرفانی، یان بە شێوازیکیتر بڵێین، ئەدەبیاتی «موغانە، یان قەلەندەرییات». پرۆسەی ئەدەبیاتی تەسەوف بەگشتی

لەم دیاردە ڕوحانییەدا، بەم شێوەیە: زوهد – تەسەوف – قەلەندەرییات.(١٥)

ئەوانەی قۆناغەکانی سەیر و سلووکی عیرفانی بە شێوەی پراکتیکی تێدەپەڕێن، بە شێوەی خۆرسک و زاتی زۆربەیان دەبنە شاعیری هەست ناسک، چونکە لە کاتی دانوستاندنی موجاهەدە و ڕیازەت و وەرزشی نەفسدا، هەستی ناخەکییان دەبزوێ و لە نەست و ناخوداگایاندا، شەپۆلی خەیاڵ ورووشە دەکات و لە میکانیزمی خەلاقدا، بە شێوەی هونەری «شیعر و پەخشان و پەخشانە شیعر و چیرۆکە شیعر» و... دەری دەبڕن. دەقەکانی سەنایی، عەتار، مەولەوی و باقی عارفانی ناودار لەم موکاشەفە زەینییە کەڵکیان وەرگرتووە.

– من چه گویم یک رگم هشیار نیست
شرح آن یاری که او را یار نیست(١٦)

«من چی بڵێم، تەنانەت ڕەگێکیشم وشیار نییە (وام لە دنیای داهێنان و شهود و لاشعوردا)
باسەکەم باسی یارێکە کە خۆی پێویستی بە یار نییە»

* لەم پارچە لیریکایەدا، مەولانا خۆی لەگەڵ «پیرهرات»دا بەراورد دەکا و کاردانەوەی لێ وەردەگرێ و دەڵێ:

– هرگز ترحمی به من مبتلات نیست
«هەرگیز ڕوحمێک بە منی دەردەداری عەشقت نەکرد»
معلوم شد مرا که تو بیم خدات نیست
«بۆم دەرکەوت کە تۆ ترست لە خودا نییە»
– ما در قمار عشق تو جان باختیم لیک
«ئێمەی عاشقان لە پێناوی عەشقی تۆدا گیانمان لە دەست دا»
با ان دو رخ تو شاهی و پروای مات نیست
«بەم دوو گۆنا جوانەوە، تۆ سوڵتانیت و دەربایسی کوشتنی ئێمەت نییە. (ڕوخ و شا و مات لە مەلزوماتی شەترەنجن، دەتوانێ ئیهامیش بێ، شاعیر لێرەدا بە وشە کایەی کردووە. «مات» جیناسە، هەم بە مانای: «ما، و جێناوی ت=تو و هەمیش بە مانای «مات» لە ناو بردن زاراوەیەکە لە شەترەنجدا باوە).»
– بهر بلای جان سخنی جستم از لبت
«بۆ بەڵای گیانم وتەیەکم لە لێوت هەڵێنا»
خرسند کن بلا تو مرا گر بلات نیست
«گەر بەلات نییە، دەی من ڕازیکە»
–گفتم مگر حیات بود لعل جان فزات
«گوتم مەگەر لێوە سوورەکانت بۆ من ژیانبەخشن؟»
گفتا کلام بیهوده کم گو حیات نیست
«گوتی قسەی موفت کەم بکە، ژیانبەخش نین، یان حەیات نییە. (حەیات لێرەدا، ئیهامە بە دوو مانا هاتووە، یەکێ: ئابڕوو، دووەم: ژیان).»
–(خالد) ز کلکت این غزل دلگشا که ریخت
جز درخور بلاغت (پیرهرات) نیست(١٧)
«ئەی خالید، چۆڕاوەی ئەم چامە پاراو و دڵڕفێنە کە لە نووکی خامەکەتەوە دەتکێ تەنیا شیاوی ڕەوانبێژی پیری هەرات(ئەنساری) نەبێ هی دیکە نییە.(بە ئیهام و موفاخەرە و شانازی بە خۆ، واتە: تەنیا پیرهرات دەتوانێ وەک من چامەی ڕەوان دابنێ)».

### تیۆری وەحدەت وجوود و ئینسانی کامڵ

داهێنەری تیۆری سیستماتیکی وەحدەت وجوود لە عیرفانی نەزەریدا بە شێوەی عیلمی و تیۆریک، موحییەدین ئیبن عەرەبی(سەدەی ٧ ک.م، ١٣ ی ز) بووە، بێ گومان یەکەمین عارفێکیش کە لە بیرۆکەی ئیبن عەرەبی کەڵکی وەرگرت و وەک سیستمێکی مەعریفی هێنایە نێو ئەدەبی عیرفانی فارسییەوە، سەنایی غەزنەوی بووە. سێ بابەتی سەرەکی بیرۆکەی عیرفانی: واتە «خوا، جیهان و ئینسان»ی لە بەرهەمەکانیدا (بەتایبەت حدیقة الحقیقة و شیعرەکانی) تیۆریزە کرد، ئەم جیهانبینییە دوایی دەبێ بە سەرچەشن و نموونە بۆ عەتار و مەولەوی و دەقەکانیان بەم بیرۆکە دەگاتە لووتکەی ئەدەبی غنایی جیهان(١٨). پێناسەی ئینسانی کامڵ لە سیستمی فیکری-جیهان شناسی عیرفان و تەسەوفدا، بە شێوەیەکی سانا، واتە ئەو کەسەی بە وتەی چاکە و ڕەفتاری چاکە و ئاکاری چاکە دەگاتە لووتکە، ئەم مرۆڤە بەدیهاتووی (مەخلووق) خودایە، بەڵام هەموو شمەکێکی خوداییە و بۆ خودایە، ئەوەی سیفات و ئاکاری ڕبووبییە لەودا کۆ دەبێتەوە و بەم فاکتە ڕوحانیانە دەگاتە خاڵی یەکبوون (وەحدەت)، لە دیدی «ئیبن عەرەبی»دا، ئینسانی کامڵ هەمان «حەقیقەتی موحەمەدییە» کە ٢٧ «فص» لە «فص»ەکانی «فصوص الحکم» بەم تیۆرییەوە تایبەت

دەدات، بەم شێوازە «حەقیقەتی موحەمەدییە» هاوتایە لەگەڵ کەلیمەی وجوودییەی یا تەکوینییەی «کن» کە خوداوەند بەم واژەیە هەموو دنیا و خەلایق و ماسوی اللەی پێکهێناوە. لە ڕەوتی فیکری ئیبن عەرەبیدا، «اکمل» حەزرەتی محەمەدە (د.خ)، «کامل» پێغەمبەرەکانن، «خەلیفەی کامل» وەرەسەی پێغەمبەرانن، مرۆڤەکانی تر کە نین لە نیم دایرەی کەماڵدا، پێنەگەییو(ناقص) و ئینسان-ئاژەڵن(١٩). لە ڕاڤە و ڕەخنەی ئەم بۆچوونەدا دەبێ بوترێ، عارفانی ئازادە و ڕێندانی کامڵ، ڕێزی تایبەتییان هەیە بۆ ئینسان و ئیدە و بیروبڕواکانی. بە ڕای ئەوان زمانی عیرفان زمانی عەشقە، سەمفۆنیای فەغان و کڕنووشە، تایبەت بە من و تۆ و ئەوی دی نییە، هی هەموو ئینسان و مرۆڤێکە کە خاوەن هەرێمی تایبەتی خۆیەتی، جیاوازە لە ڕەنگ و ڕەچەڵەک، دەچێ بە ڕیشەی مەزهەب و دەمارگرژی و لوتبەرزی و خۆ بەزل زانیندا. مەولەوی ڕۆمی لەم دێڕەی خوارەوەدا، هەر چەشنە دەمارگرژی و سەختگیرییەک بەرانبەر بە «ئەوی»تردا، ڕەتدەکاتەوە، پێی وایە دەمارگرژی کاری ئینسانی ناتەواوە و دەیشوبهێنێ بە «جنین» لە زگی دایکدا:

- سخت گیری و تعصب خامی است
تا جنینی کار خون آشامی است(٢٠)

یان شێخ ئەبو سەعید ئەبولخەیر دەڵێ: «بە عدد هر زره موجودات راهی است بە حق(٢١)»

واتە: بە پێوانەی ئەژماری هەر زەڕەیەک لە کەوندا، ڕێگایەک هەیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. ئەمە واتە تەکسور و پلۆرالیزمی فیکری و ڕێگەدان بە هەرێمی ئازادی فیکری «ئەوی» دی. لێرەدایە پەیلواکەی ئیبن عەرەبی جێگای سەرنج و ڕەخنە و تێڕامانە. واتە: ئینسانەکانی تر مادام لە هەرێم و بازنەی دیاریکراوی ئەودا نەبن، ناقس و پێنەگەییون. ڕەنگە مەبەستی ئەوەش بووبێ کە ڕێگا بە ئینسانەکانی تر بدا، سەرومڕ بۆ دۆزینەوەی «حەقیقەت» لە هەوڵ و تێکۆشان و ئەندێشە وەرزیدا بن و لە یەک ڕادە و ئاستی فیکری و هزریدا نەمێننەوە.

-ای برادر تو خود همان اندیشەای
مابقی تو استخوان و ریشەای(٢٢)

واتە: «ئەی برام تۆ وجوودت هەمووی ئەندێشەیە، ماباقی لەشت ڕیشە و ئێسقانە».

-فاش میگویم و از گفتەی خود دلشادم
بندەی عشقم و از هر دو جهان آزادم...
- سرم بە دنیا و عقبی فرو نمی آید
تبارک الله فتنەهایی کە در سرماست (٢٣)

واتە: «بە ڕاشکاوی دەڵێم و لەم وتەشم خۆشحاڵم، بەندەی عەشقم و لە هەردوو جیهان (ئەم دنیاو ئەو دنیا)ئازادم. لە هەمبەر ئەم دنیا و ئەو دنیادا نابەزم، چەن مەزن و جوانن ئەو بیرۆکانەی وان لە مێشکمدا». ئەمەیە کە دەڵێن «حافز» گەورەیە و کەسایەتییەکی جیهانی هەیە. خۆی بە بەندەی عەشق دەزانێ، دەزانێ کە عەشق هەرێم و بازنە و بڤەکاری تێدا نییە، بۆیە بە ئاوەڵناوی «ڕێند و ڕێندباز»(٢٤) واتە ئینسانی سەربەست و ئازادە و ئەهلی عەشق، ناوی دەرکردووە.

حافز لە دەقەکانیدا هەمیشە بە گژ «ڕیا و ڕیاکاری و زاهیدانی ڕیاکار» و سووفی نماکاندا دەچێتەوە، پێی وایە زاهیدی ڕیاکار، چوون «ڕێند، ئازادە و عاشقی واقیعی» نییە شیاوی هیدایەت نییە، لەگەڵ خۆی و ئینسان و کەرامەتی ئینسانیدا درۆ دەکات:

زاهد ار راه بە رندی نبرد معذور است
عشق کاری است کە موقوف هدایت باشد (٢٥)

**پیاهەڵدانێک بۆ ئینسانی کامڵ**

-سرور عالم من دلدادە و حیران توام
والە و سرگشتەی سودای توام
شاه تخت قاب قوسینی تو، من کمتر گدا
کی بود یارای آن گویم کە مهمان توام
رحمت عام تو آب زندگی، من تشنەای
مردە بهر قطرەای از آب حیوان توام... (٢٦)

**وەسفی تەجەلی مەعشووق**

...
- زهی شاهی کە ناید غیر اندر رشتەی وصفش
زگنج عرش اعظم هر دری شهوار می آید(٢٧)..
- سرو و شمشاد و صنوبر، بید مشک و نارون
ایستادە صف بە صف چون دلبران نازنین(٢٨)..
- خوبی و عشق بود خاص تو کون و مکان
گاه در شیوه یوسف شوی ای دوست عیان

گاه در کسوت یعقوب به رویش نگران
میکنی جلوه نخست از رخ خوبان جهان
وانکه دیدەی عشاق درو مینگری(٢٩)..

**شەیدایی و لەخۆبایی بوون**

بە قەولی بیردۆزان شیعر، لیریکای عیرفانی، شیعری «حیکمەت»ە، حیکمەتی دینی نە عەقڵی(٣٠)، بە پێچەوانەی ڕای هەندێک کە ڕووکردی عیرفانی بە ڕووکردێکی سەرسپێردراو و دابڕاو لە جوغزی گلێرگە دەزانن، من پێم وایە ئەگەر باری نابەرابەری و کۆیلەتی کۆمەڵگە نەبوایە نە سناییەک و نە حافزێک و نە مەولەوی بەڵخییەک و نە مەولانا خالیدێک لە دایک دەبوون و نە دەبووینە خاوەن ئەم دەقە نەمرانە کە ناسراون بە «تازیانەی سلووک» و «ڕەخنەڤانانی گلێرگە»(٣١). شیعری «مەولانا» ئەو جۆرەی کە خۆی دەڵێت، شیعری دەرد و جنوون و لاشعوری و بێخودییە. شیعرێکە کە لەگەڵ عەقڵدا تەبایی نییە، بەڵکو شیعری عەشق و جنوونی سوکر و جەزەباتی ڕوحی و مەعنەوییە کە چوون زمانی قاموس و زارەکی توانستی دەربڕینی مەبەستەکان و چەمکەکانی عیرفانی نییە، بە زمانی خوازە و مەجاز دێنە گۆ کردن.

– هر آنکو مست صهبای جنون است
همه کارش زحیرت واژگون است(٣٢)..

«هەرکەس مەست و شەیدای شور و جەزبەی شەرابی لە خۆبایی بوون بێ
لە شیفتەگی و سەرگەشتەگیدا، هەموو کاروباری ئاوەژوو دەبێ»

– از بس که زصهبای هوس بیخود و مستم
بیرون شده سررشتەی ادراک زدستم(٣٣)

«ئەوەندە لە نەشئەی بادەی ئەوینی مەعشووق، مەست و لە خۆبایی بووم
کە سەرڕشتەی ئاوەز و شعووری زاتیم لە دەست داوە».

**ڕەخنەڤان و هاوارکەر و هۆشیارکەرەوەی نەفسانی**

تەسەوف و عیرفان وەک هەر سیستمێکی هزری، لە شوێن کات(زمان و مکان) و هەلومەرجی گلێرگە و ژیانی جەماوەر موتەئەسیر دەبێ، بە پێچەوانەوە بیرۆکەیەک کە بە شێوەی ڕادیکاڵ تەسەوف بە دابڕاو لە کۆمەڵ دەزانن، ئەڵبەت هەبوون تایفەیەکی عارف کە پێوەندییان بە عەقڵیەتی کۆمەڵگەوە نەبوو، بەڵام بە گشتی ناتوانین بڕە بۆچوونێکی عیرفانی و پەیوەستەگیان بە جەماوەرەوە ڕەت بکەینەوە. نموونەی ئەم یۆتۆپیا (Utopiya) عیرفانییە (نزامی ئەحسەنی عارفان) دەتوانین لە دەقەکانی «سەنایی، شێخ ئەبو سەعید ئەبولخەیر، مەولەوی و حافز و مەولانا»دا ببینین. وتمان «مەولانا»ش لە کەشوهەوای کۆمەڵگەی دواکەوتوو و پۆپۆلیستی و ئوتوریتەی سیاسی و ژیانی نالەباری جەماوەری ئەو دەمە، ڕسکا و (ئیلهام)ی وەرگرتووە، لۆژیکی نییە وەک ڕۆشنبیرێکی ئەمرۆیی لەگەڵ دید و بیروباوەڕیدا، دانوستاندنی لەگەڵدا بکرێت. وێڕای ئەمە مەولانا مرۆڤێکی توکمەی ئایینی سەر بە تەریقەت و بەرماڵ و خانەقا بووە، بەڵام بەم حاڵیشەوە توانیویەتی لەم دۆخە ڕزیو و لەرزۆکەدا، هەندێ هزری ئایینی و عیرفانی تەزریق بکات بە ڕوحی خەمۆکی کۆمەڵگە، لایەنی کەم تۆوی بیرکردنەوە و ڕێگای هەرەوەزی و ڕێز لە ئینسانیەت، بە دیدی عارفانە، بچێنێ. خانەقاکەی، دەرس و ئامۆژگارییەکانی، نامەکانی، سەفەرەکان و چامەکانی، سەرچەشنێکن بۆ قەڵەو کردنی فەرهەنگێکی ڕوحانی و ناوەکی و ئایینی کە بەشێکن لە پێکهاتی ئەوگلێرگەیە، تەعامول و تەزاروب و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون و دەرک بە هەندێ تەنگەژەی کۆمەڵایەتی و نابەرانبەری ژیان و ژیاری دەربەگایەتی و چینایەتی خەڵکی کوردستان، فۆرماسیۆنی دەقەکانی «مەولانا خالید»ن، هەمووی وێنەگەلێکی ڕەخنە ئامێزن بە زوانی «سیمبولیک و ڕەمز و هێما و خوازە».

–فریاد زدست فلک سنگین دل
بیداد ز بیداد مە مهر گسل(٣٤)

واتە: هاوارم لە دەست فەلەکی دڵڕەق و بێ ڕەحم!
هانام لەدەست مانگێ (خوازە بۆ مەحبووب) کە ڕانەگری ئەوین و خۆشەویستی عاشقە!

–ای گشتە چو مجنونم در عشق تو افسانە
از بهر خدا لوتفی با این دل دیوانە
پروانە صفت ماییم برگرد رخت دایر
وز سوز و گداز ما هیچت غم و پروا نە(٣٥)

واتە: «ئەی مەحبووبێک کە لە ڕادەی عەشقی تۆدا

وەک مەجنوونم
لە ڕەزای خوا لوتفێک لە دەرهەقی ئەو دڵە شەیدامە
ئێمەین وەک پەپوولە هەڵسووڕاوی دەوری سیمای ڕووناکت
کەچی تۆ لەم سووتان و کزە و بڕێژەی دڵی ئێمە ئاگات نییە(دەربایس نیت)».

– از شعبده های پس پرده غافل نباید بود. مدار کار خاتم است، و رەضای پیران در ترک وجود و بەزل مجهود و قناعت به موجود و نسیان ماسوی به مشاهده جمال بی همال رب ودود است.. (٣٦)

واتە: ئاگاداری ئەو فێڵانە بە کە لە پشت پەردەوە بەرانبەرت دەکرێ، هەڵسووڕێنەری کارەکان خاتەمە و ڕەزای پیرانی تەریقەت وا لە تەرکی وجوود و سەخا و بەخشش و قەناعەت بەو شتەی کە هەیە و فەرامۆشی ئەوەی جگە لە مەعبوودە و دیتنی جەماڵی بێ وێنەی مەعشووقی خۆشەویست.

**توانەوە، پوختەیی و گەیشتن بە لووتکەی حەقیقەت**

دەڵێن: «کەسێک عارفێکی دیت کە لە ڕووبارێکدا خەریکی خواردنی گەڵا داکەوتووەکانی بن درەختێک بوو، گوتی ئەگەر خزمەتی سوڵتانت بکردبایە، پێویستیت بەم گەڵادارە نەدەبوو. عارف وەڵام دەداتەوە کە: تۆش ئەگەر بە ئەم گەڵادارە قەناعەتت بکردایە نۆکەری سوڵتانت نەدەکرد» (٣٧). سەرتاسەر بەرهەمەکانی مەولانا تەژین لەگەڵ ئادابی تەعلیمی و فێرکاری مەعنەوی و دەرسی زوهد و تەنەسوک و دەربازبوون لە کۆتی کۆیلەتی دنیا و ڕزگاری بەرەو داهاتوویەکی نەبڕاوە و سەعادەت مەندی دنیای جاویدانە. ئەمانە هەمووی قسەی ڕووت نین، بەڵکو دەرسی مەقاماتی سالکان و ڕێڕەوانی ڕێگای حەقیقەتە.

حاصل عمرم سه سخن بیش نیست
خام بدم، پخته شدم، سوختم(٣٨)
خامی(تەخلیە)، علم الیقین و پوختەیی(تەحلیە)، عین الیقین و سووتانیش(تەجلیە)، حق الیقین

**عەشق و جنون و جەزبە**

قەلەندەرییەک بە شێوازی ڕێندانەی حافز:

– به معمار غمت نو ساختم ویرانەی خود را
به یادت کعبه کردم عاقبت بتخانەی خود را
فرو ماندند اتبای جهان از چارەام آخر
به دردی یافتم درمان دل دیوانەی خود را
زسودایت چنان بدنام گشتم در همه عالم
به گوش خود شنیدم هر گرف افسانەی خود را
به گرد شمع رویت بس که گشتم ماندم از پرواز
سرت گردم چه زیبا سوختی پروانەی خود را
ادیب من جلیس من شود در حلقه رندان
به گوشش گر رسانم نالەی مستانەی خود را
در اقلیم محبت از خرابی هاست معموری
به سیل اشک باید کند اساس خانەی خود را
سراپا نعمتم با این همه درماندگی (خالد)
نمی دانم چه سان آرم به جا شکرانەی خود را(٣٩)

**دنیا پارێزی و زوهد و تەنەسوک**

وە ئەوداڵ نەکەم، وە ئەوداڵ نەکەم
تاکەی چوون قەیس خۆم وە ئەوداڵ نەکەم
بازووی دەروێشیم پڕ خرخاڵ نەکەم
پۆشاکێ جە لونگ شا دەسماڵ نەکەم
چەنی دەیریان ماڵ بە چۆڵ نەکەم
تەحسیڵ ڕۆزی بە کەشکۆڵ نەکەم
فەناییم بە خاک سەحرای بەڕ نەکەم
بەو کانی و سێلاو دیدە تەڕ نەکەم
...
(خالید) بێ ڕەفیق ڕۆژ وەشەو نەکەم
چون تاف ئاوان تەرک خەو نەکەم(٤٠)

**بیرۆکەی «خەیام» و پەندگرتن لە دنیا**

– سایەی این خرگه نیلی که را مأمن بود
یا در این دنیا کجا آسایش یک تن بود...
چشم عبرت برگشا و تاق کسری را ببین
پردەدارش عنکبوت و جغد نوبت زن بود
شهریارانی که بر اورنگ زرین خفتەاند
نیک بنگر تا کجاشان منزل و مسکن بود
«پا به خاک آهسته نه (خالد) که این خاک سیاه
از غبار خەت مه رویان سیمین بود» (٤١)

## پێناسەی ڕێڕەوی کامڵ و شەرمزاری زاهیدی ڕیاکار و دەغەڵباز

– به اکسیر حیل هر خاک راهی زر نخواهد شد
همه بد اصل سنگی در بها گوهر نخواهد شد
سلیمانی نزیبد هرکه را خاتم بود در کف
هر آن کو آینه می سازد اسکندر نخواهد شد
همه کس خویش را عاشق تواند کرد چون بلبل
ولی پروانه‌اش جوبای ترک سر نخواهد شد
همه گلگون سواری خسرو پرویز نتوان گفت
همه زیبا رخی شیرین دلبر نخواهد شد
به عالم هر که بینی (خالد) بیچاره است اما
چو ابراهیم کس زیبندهِ افسر نخواهد شد(٤٢)

**پەراوێزەکان:**

**(١) راوندی مرتضی، تاریخ اجتماعی ایران، ج ٢، امیرکبیر، ٢٥٣٦**

**(٢) ازصبا تا نیما، د یحیی ارین پور، ج. ١ ، انتشارات فرانکلین، تهران، ٢٥٣٥**

**(٣) زرین کوب د. عبدالحسین، دنباله جستجو در تصوف ایران، امیرکبیر ١٣٦٦، ل ٢٠٦ و...**

**(٤) نفیسی سەعید، سرچشمه تصوف در ایران، چاپ مروی، ١٣٦٨ ل، ١٩٧ و ١٩٨**

**(٥) نقشبندی عشمان، بر پهنه یاد، چاپی اول انتشارات کردستان، ١٣٧٩**

**(٦) صفا زەبیح الله، حماسه سرایی در ایران، امیرکبیر ١٣٦٣، پیش گفتار**

**(٧) شمیسا د. سیروس، انواع ادبی، انتشارات فردوس، ١٣٧٤، ل١٢٠**

**(٨) شفیعی کدکنی، درآمدی بر ادبیات غنایی، مجله رشد آموزش زبان و ادبیات فارسی، شماره ٣٣ و ٣٤**

**(٩) شفیعی کدکنی د. محمد رضا، تازیانه‌های سلوک، انتشارات آگاه، ١٣٧٢، ل، ٧٢**

**(١٠) شفیعی کدکنی د. محمد رضا، تازیانه‌های سلوک، انتشارات آگاه، ١٣٧٢، ل، ٤٢**

**(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩**

**(١٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧**

**(١٣) دیوان حافظ، به کوشش د.خ. رهبر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل:١٤**

**(١٤) مثنوی مولوی مەولەوی، به نقل از موسیقی شعر، شفیعی کدکنی، ل: ٣٧**

**(١٥) شفیعی کدکنی د. محمد رضا، تازیانه‌های سلوک، انتشارات آگاه، ١٣٧٢، ل، ٤٣**

**(١٦) سجادی علی محمد، گزیده ابیات مثنوی، دانشگاه شهید بهشتی، ل٦٣**

**(١٧) مودەڕیس مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، نەشری کوردستان،١٣٨٥ل، ٤٨٨**

**(١٨) شفیعی کدکنی د. محمد رضا، تازیانه‌های سلوک،انتشارات آگاه، ١٣٧٢، ص، ٤٤**

**(١٩) دایرەالمعارف بزرگ اسلامی، جلد دهم، ص ٣٧٧ به نقل از "الانسان " ابن عربی**

**(٢٠) مثنوی مولوی بلخی**

**(٢١) محمد بن منور، اسرارالتوحید، تصحیح احمد بهمنیار، تهران، ل ٣٢**

**(٢٢) سجادی علی محمد، گزیده ابیات مثنوی، دانشگاه شهید بهشتی، ل، ٨**

**(٢٣) دیوانی حافظ، به کۆشش د خەطیب رهبر، ل، ٤٢٧**

**(٢٤) لە سەدەکانی چوار و پەنجی کۆچی مانگی لە ئەدەبی فارسیدا،(ڕێند) بە مانای «مرۆڤی بێ سەرو پێ، سپڵە، لات و ئۆباش و دزێو ...» هاتووە. لە سەدەی شەشی کۆچی بەملاوە لە لای (سەنایی غەزنوی، عەتار و حافز و ...)ەوە، ئەم زاراوە دەلالەتی دەگۆڕێ و دێتە نێو ئەدەبی عیرفانی ڕاستەکییەوە و مەدلوولی «ئینسانی کامڵ و حەقیقی» بۆ ساز دەبێ. پاشان لە دەقەکەی حافزدا مەدلوولێکی هەمە لایەنە و فرە واتا (مەنشووری و فرە ڕەهەند)، بە خۆیەوە دەگرێ. ئەم واتاگەلە بۆ «ڕێند» لە حافزدا بەکار براوە: «قەلەندەری یەک لاقەوبا، ئازادە، مەلامەتگەر (مونتەقێد)، ئەهلی زەرافەت و جوانی ژیان، ئیهام بێژ، دژ بە ڕیا و ڕیاکاری، ئانتی تێزێک بۆ زاهیدی ڕیاکاری، ئاسانکار و موسامێحەگەر و... لە کۆی ئەمانەدا واتە: ئەهلی ئەعشق». بڕواننە: خرم شاهی بهاالدین، حافظ نامه، بخش اول ل: ٤٠٣ تا ٤١٣**

**(٢٥) هەمان سەرچاوە پێشوو، ل، ٦١٥**

**(٢٦) مودەڕیس مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، ل، ٥٨٠**

**(٢٧) مودەڕیس مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، ل ٥٠٤**

**(٢٨) هەمان سەر چاوە، ل ٥٥٥**

**(٢٩) مودەڕیس مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، ل ، ص ٦٠٢**

(٣٠) زرین كوب عبدالحسین، صدای بال سیمرغ، انتشارات سخن، ١٣٧٩، ل، ١١٧

(٣١) شفیعی كدكنی د. محمد رضا، تازیانه‌های سلوک، انتشارات آگاه، ١٣٧٢، ل، ٤٠

(٣٢) مدرس عبدالكه‌ریم، یادی مردان، جلد دوم، كوردستان، ١٣٨٥، ل ٦١٥

(٣٣) هه‌مان سه‌رچاوه، ل، ٥٤٤

(٣٤) مدرس عبدالكه‌ریم، یادی مردان، جلد دوم، كوردستان، ١٣٨٥، ص٦١٧

(٣٥) هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو

(٣٦) هه‌مان سه‌رچاوه، نامه‌ی ١٧٦ بۆ یه‌كێ له‌ مه‌نسووبانی نووسیوه، ل، ٣٠٦

(٣٧) خرقانی ابوالحسن، ڕساله‌ی قشیریه، ل ١٥ به نقل از شناخت عرفان و عارفان ایران، علی اصغر حلبی، زوار، ١٣٥٤، ل، ٤٣

(٣٨) مه‌وله‌وی به‌لخی، مه‌سنه‌وی مه‌عنه‌وی

(٣٩) مدرس عبدالكریم، یادی مردان، جلد دوم، كوردستان، ١٣٨٥، ل،٤٧٠

(٤٠) هه‌مان سه‌رچاوه، ل، ٦٢٢

(٤١) موده‌ڕیس مه‌لا عه‌بدولكه‌ریم، یادی مه‌ردان، ل، ٥٠٠

(٤٢) موده‌ڕیس مه‌لا عه‌بدولكه‌ریم، یادی مه‌ردان، ل، ٤٩٧-٤٩٦

سه‌رچاوه‌كان:

١- راوندی مرتضی، تاریخ اجتماعی ایران، ج ٢، امیركبیر، ٢٥٣٦

٢- ازصبا تا نیما، د یحیی ارین پور، ج. ١ ، انتشارات فرانكلین، تهران، ٢٥٣٥

٣- زرین كوب د. عبدالحسین، دنباله جستجو در تصوف ایران، امیركبیر ١٣٦٦، صص ٢٠٦

٤- زرین كوب د. عبدالحسین، صدای بال سیمرغ، انتشارات سخن، ١٣٧٩، ل، ١١٧

٥- زرین كوب د. عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، امیركبیر ١٣٦٧

٦-نفیسی سه‌عید، سرچشمه تصوف در ایران، چاپ مروی، ١٣٦٨ ص، ١٩٧ و ١٩٨

٧- نقشبندی عثمان، بر پهنه یاد، چاپی اول انتشارات كردستان، ١٣٧٩

٨- صفا زه‌بیح الله، حماسه سرایی در ایران، امیركبیر ١٣٦٣، پیش گفتار

٩- شمیسا د. سیروس، انواع ادبی، انتشارات فردوس، ١٣٧٤، ص١٢٠

١٠- شفیعی كدكنی، درآمدی بر ادبیات غنایی، مجله رشد آموزش زبان و ادبیات فارسی، شماره ٣٣ و ٣٤

١١- شفیعی كدكنی د. محمد رضا، تازیانه‌های سلوک، انتشارات آگاه، ١٣٧٢، ل، ٧٢

١٢- دیوان حافظ، به كوشش د.خ. رهبر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل:١٤

١٣- مه‌سنه‌وی مه‌وله‌وی، به نقل از موسیقی شعر، شفیعی كدكنی، ل: ٣٧

١٤- موده‌ڕیس مه‌لا عه‌بدولكه‌ریم، یادی مه‌ردان، به‌رگی دووه‌م، نه‌شری كوردستان،١٣٨٥ل، ٤٨٨

١٥- دایره المعارف بزرگ اسلامی، جلد دهم، ص ٣٧٧ به نقل از "الانسان " ابن عربی

١٦- محمد بن منور، اسرار التوحید، تصحیح احمد بهمنیار، تهران، ل ٣٢

١٧- خرقانی ابوالحسن، رساله‌ی قشیریه، ، ل ١٥ به نقل از شناخت عرفان و عارفان ایران، علی اصغر حلبی، زوار، ١٣٥٤، ل، ٤٣

١٨- حافظ نامه، بهاالدین خرمشاهی، بخش اول ل: ٤٠٣ تا ٤١٣

* مامۆستا و ماسته‌ری زمان و ئه‌ده‌بی فارسی

* به‌رپرسی گۆڤاری فه‌رهه‌نگی، ئه‌ده‌بی و كۆمه‌لآیه‌تی زرێبار

# مەلەکوتێک لە جۆری سێیەم

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**

(ئەم وتارە پێشەکییەکە بۆ دەقی وەرگێڕدراوی کوردیی ڕۆمانی (مەلەکوت) لە نووسینی «بەهرام سادقی» نووسراوە).

مەلەکوت یەکێک لە ڕۆمانە (ئەگەر ناوی ڕۆمانی لێ بنێین) هەرە دەگمەنە فەلسەفییەکانی ئەدەبیاتی فارس کە نیگایەکی تاریک و ڕەشبینانەی لەبارەی جیهانەوە هەیە. بەهرام سادقی لەو ڕۆمانەدا، لە کەشوهەوایەکی کافکاییدا جیهانێکی جیاواز دەخوڵقێنێ. تەواو ترسێنەر و سەیر و پڕ کارەسات. هێنانی ئایەتێکی قورئان هەر لە سەرەتادا بەناوەرۆکێکی لەو شێوە، ئەم لایەنە پتەوتر دەکات. جیهانی مەلەکوت جیهانی خوێن ڕشتن، کوشتن، تەنیایی، دڵەخورپە و بەدگومانی، تاریکی و ڕەشاییە. جیهانی هەرەسهێنانی تەواوەتی مرۆڤە، هەموو شتێک بەرەو ڕووخان و نەمان دەچێت، هیچ شتێکی جاویدان لەوێدا بەدی ناکرێت.

تاریکییەکی ئەزەلی و هەمەگیر کون بەکونی ڕۆمانەکەی تەنیوە، کەسایەتییەکان ڕوو لە هەر لایەک و لە هەر شوێنێک دەکەن لەگەڵ ئەم ڕەشاییە داسەپاوەدا بەرەوڕوون. لەگەڵ ئەو قەدەرە ڕەشەدا دەستەویەخە دەبن. لە ڕاستیدا ڕزگاربوونێک نییە لەو دۆزەخەی کە تێی کەوتوون، دەربازبوون کارێکە مەحاڵ و ئەستەم... شەپۆلی تاریکی هەر شاڵاوی ئەو ڕەشەبایەیە کە لەشەوە زستانییەکەدا هەموو قوژبنێکی کۆشکی داگیر کردووە، یان ئەو وەڕەزییە نەگریسەیە کە لە تەواوی ساتەکانی دوانیوەڕۆیاندا شەپۆل دەدات و هەموو چرکەکانی خستوونە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

مەلەکوت ڕۆمانێکە بە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوەوە دەست پێدەکات، واتە دەسپێکێکی کارەساتاوی. هێنانی ئایەتێکی قورئان لەدەسپێکدا خۆی جەخت کردنێکی زیاترە لەسەر ئەم کارەساتە.

کارەسات بەشەو دەست پێدەکات و لەسپێدەدا، دوای لەناوچوونی کەسایەتییەکان کۆتایی پێدێت، ماوەیەکی زەمانی زۆر کورت کە هەر لەماوەی کورتی ژیانی مرۆڤەکان دەچێت.

لەکاتژمێر یازدەی شەوی چوارشەممەی ئەو هەفتەیەدا جنۆکە خۆ لەگیانی ئاغای مودەدت ڕادەکات. ئاغای مودەدت لەگەڵ سێ کەس لەهاوڕێکانی بۆ ڕابواردن و خواردنەوە دەچن بۆ ناو باخەکەی ئەو لە دەرەوەی شار.. سێ کەسەکەی تر پێکهاتوون لە فەرمانبەرێکی گەنج کە شتێکی ئەوتۆ لە ژیانیدا بەدی ناکرێت و تەنیا دڵخۆشی ئەو ژنەکەیەتی- مەلەکوت، کە زۆری خۆش دەوێت. سەرەڕای ئەوەش ئەو ژیان بە ساکاری و سادەیی دەبینێ و حەز دەکات یارمەتی هاوڕەگەزەکانی خۆی بدات. ئەوی

تریان پیاوێکی قەڵەوە کە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام تا حەز بکەیت گەوج و گەمژەیە، ئەو نموونەی دەقاودەقی کەسانی ڕەمەکی و ئاسایی ناو کۆمەڵگایە، ئەو زەلامانەی کە تەنیا لەبیری خۆیاندان و ئیتر هەر زیندوون و هیچی تر. تەواوی دەغدەغەی ئەو، ئەوەیە کە ڕوخساری زەرد هەڵنەگەڕێت و کێشی لەشی کەم نەکات و بەکورتی خۆش بژیت. کەسی سێیەم کەسێکی نەناسراوە کە ئێمە هیچ لە ژیان و بارودۆخ و کەسایەتی ئەو تێ ناگەین (هەر ئەمە خۆی جێگەی سەرنجە کە دواتر هۆکارەکەی ڕوون دەبێتەوە). ئاغای موەدەتیش خۆی کەسێکی مامناوەندییە کە ژیانێکی ئاسایی هەیە و تارادەیەکیش ڕۆشنبیر و ئەهلی کتێب و خوێندنەوەیە. ئەو سێ کەسە، ئاغای موەدەت بە ئۆتۆمۆبیلێکی جیپ بۆ چارەسەرکردن دەبەن بۆ ناو شار، نەناسراو پێشنیاری ئەوە دەکات کە بیبەن بۆ لای دکتۆر حاتەم کە تەنیا دکتۆری ئەو شارەیە کە تا بەیانی کار دەکات- وەک ئەوەی دەسەڵاتدار و خودای شار بێت- هەربۆیەش ئەو کارە دەکەن. دکتۆر حاتەم لەکاتی چارەسەرکردنی ئاغای موەدەتدا، لەگەڵ فەرمانبەرە گەنجەکە دەکەوێتە وتوویژ، کە لەو دیالۆگەدا کەسایەتی و بیروبۆچوون و بارودۆخی زۆربەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. دکتۆر حاتەم پیاوێکی چوارشانەی باڵابەرزە بە ئەندامێکی چالاک و لێهاتووەوە، بەڵام سەرێکی زۆر پیر و پەککەوتەی هەیە (ئەم ناکۆکی و دووبەرەکییە دواتر لە ڕوح و کەسایەتیشیدا دەردەکەوێت) هەروەک چۆن خۆی ئاماژەی پێدەکات. هەروەها دکتۆر حاتەم باسی زۆر لایەنی تری ژیانی خۆی دەکات و لە دەغدەغەکان و بیروڕای خۆی دەدوێت. هەر لە وتەکانی ئەودا بۆمان دەردەکەوێت کە کەسێک بەناوی«م.ل.» لەگەڵ نۆکەرەکەیدا «شکۆ» ڕوویان کردووەتە ماڵی دکتۆر حاتەم. «م.ل.» ماوەی چل ساڵە کە جەستە و ڕوحی خۆی ئازار دەدا و ئەندامەکانی خۆی لە ڕێی نەشتەرگەرییەوە دەقرتێنێ و ئێستاش تەنیا دەستی ڕاستی بۆ ماوەتەوە کە بۆ قرتاندن و بڕینەوەی ئەو تاکە دەستەی ڕووی کردووەتە لای دکتۆر حاتەم.

پاشان دکتۆر حاتەم جنۆکەکە لەناو گەدەی ئاغای موەدەت دەردەهێنێ کە پەیامێکی پێیە. ئەو هەواڵی تووشبوونی ئاغای موەدەت بە نەخۆشی شێرپەنجە، بە دکتۆر حاتەم ڕادەگەیەنێت.

دکتۆر حاتەم دواتر باسی ئەو دەرزییانە دەکات کە بەناوی تەمەن درێژی و زیادبوونی هەوەسەوە لە خەڵکیان دەدات، بەڵام لەڕاستیدا ژەهرێکی کوشندە زیاتر نین کە پاش ماوەی حەفتەیەک کاریگەری خۆیان دادەنێن. دکتۆر حاتەم دەچێتە هەر شوێنێک پاش ماوەیەک ئەم بەڵایە بەسەر تەواوی خەڵکی ئەو شوێنەدا دەسەپێنێت. هەربۆیەش ناهێڵێ فەرمانبەرە گەنجەکە و پیاوە قەڵەوەکەش لەو بەناو نیعمەتە بێ بەش بن. ئەوان دوای چارەسەرکردنی ئاغای موەدەت، چوارکەسی دیسان بۆ لای باخەکە دەگەڕێنەوە...

لە بەشی دووەم و سێیەمی ڕۆمانەکەدا گۆشەنیگا دەگۆڕێ و ئەم جارە (م.ل.) کە لە ماڵی دکتۆر حاتەمدایە، دەست دەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕابردووی و هەست و هەڵوێستی ئێستای خۆی و چۆنیەتی و هۆکاری هاتنی بۆ لای دکتۆر حاتەم کە بەشێوەی یاداشتن.

(م.ل.) کەسێکە خاوەنی جیهانبینییەکی وەک دکتۆر حاتەم، بەڵام بە کۆمەڵێک جیاوازی بنەڕەتی لە هەڵوێستیدا. ئەو سەردەمانێک خاوەن زەوی و زارێکی زۆر بووە، پاش مردنی دایک و باوک و ژنەکەی، تەنیا دڵخۆشییەک کە هەیەتی، کوڕەکەیەتی کە ئەویش لە ڕێی شاعیر و فەیلەسوفێکی نەناسراوەوە کە ڕووی کردووەتە شارەکەی ئەوان، کەسێکی خەمۆک و دوورەپەرێزی لێ دەردێت. (دواجار ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شاعیر و فەیلەسوفە کەسێک نەبووە جگە لە دکتۆر حاتەم).

(م.ل.) شاهیدی توانەوە و ڕۆچوونی کوڕەکەیەتی هەر بۆیەش ڕۆژێکیان بڕیار دەدات کە بیکوژێت و شەوێکیش ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات. شکۆ ئاگای لەم کارەساتە دەبێت، هەربۆیە (م.ل.) زمانی ئەو لە قورگەوە دەردەهێنێت... (م.ل.) کە گیرۆدەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی دەروونییە دەست دەداتە بڕینەوە و قرتاندنی ئەندامەکانی خۆی، پاشان دەست لە هەموو شتێک دەشواتەوە و لەگەڵ دارو دەستەکەیدا سەفەرێکی دوور و درێژ بەرەو ڕۆژئاوا دەست پێدەکات. تا ئەوەی کە بۆ قرتاندنی دوایین ئەندامی ڕوو دەکاتە لای دکتۆر حاتەم کە لەوێ دەیناسێتەوە و بڕیاری تۆڵە لێ سەندنەوەی دەدات.

(م.ل.) ماوەی سێزدە ڕۆژ لەماڵی دکتۆر حاتەم دەمێنێتەوە تا ئەوەی کە ڕۆژی دەیەم بەهۆی خەونێکەوە کە دەیبینێ، جۆرە لەدایک بوونەوە و هەستانەوەیەک لەودا پێک دێت کە لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێ ژیانێکی نوێ و ئاسایی دەست پێ بکاتەوە. لەم ماوەیەدا شکۆ لەگەڵ ژنەکەی دکتۆر حاتەمدا (ساقی) پێوەندی ئاشقانە و سێکسی دروست دەکات. لەشەوی ئاخردا کە بۆ بەیانی (م.ل.) و دکتۆر حاتەم

هەردووکیان دەیانەوێ بەجیاواز لەو شارە کۆچ بکەن، دکتۆر حاتەم بە کەین و بەینی نێوان شکۆ و ساقی دەزانێت و هەربۆیەش ساقی دەخنکێنێت (هەڵبەت ئەمە پیشەی هەمیشەیی دکتۆر حاتەم بووە و تەنانەت لەدوای خنکاندنی ساقی بەو پێوەندییە دەزانێت).

لەکۆتاییدا دکتۆر حاتەم لەگەڵ «م.ل.»دا بە ماشێنەکەی دکتۆر حاتەم کە شکۆ شۆفێریەتی دەچن بۆ لای چوار کەسەکەی پێشوو، بۆ لای باخەکە و لەوێ دکتۆر حاتەم پەردە لەسەر نهێنییەکان لادەبات.

چیرۆکەکە لە بەرەبەیاندا کۆتایی پێدێت.

*   *   *

مەلەکوت چیرۆکی لێکدران و ئاوێتەبوونی دوو جیهانی جیاوازە (باخ و شار). کەسایەتییەکانی ناو مەلەکوت دوو تاقمن لە دوو دنیا و دوو بازنەی جیاوازدا. ئاغای مودەدەت و پیاوە قەڵەوەکە و فەرمانبەرە گەنجەکە و نەناسراو تاقمێکی چوارکەسین لەناو یەک بازنەدا، لەم لاشەوە دکتۆر حاتەم و (م.ل.) و شکۆ و ساقی تاقمێکی چوارکەسی ترن لەناو بازنەیەکی تردا. ئەمە لە ڕواڵەتدایە، بەڵام بە دیوەکەی تردا نەناسراو لەناو هەردوو بازنەکەدا ئامادەیی هەیە، واتە دەتوانین بڵێین هۆکار و شوێنی لێکدران و ئاوێتەبوونی ئەو دوو بازنەیە کابرای نەناسراوە، ئەوە کە ئەو دوو تاقمە پێکەوە دەبەستێتەوە، هەربۆیەشە کە خاوەنی کەسایەتییەکی نەناسراوە. هەڵبەت لەم ناوەدا جنۆکەکە وەک ئامرازێک، یان یاریدەدەرێک یارمەتی نەناسراو دەدات (لەڕاستیدا یارمەتیدەری دکتۆر حاتەمە) بۆ بەیەک گەیشتنی ئەم دوو تاقمە.

لەشوێنی لێکدران و ئاوێتەبوونی ئەم دوو بازنەیەدا مەرگ دەسەڵاتدارێکی هەمیشەیی و موتڵەقە، ئەمە چارەنووسی سەرەکی هەردوو تاقمەکەیە، هەردوو تاقمەکە لێی دەترسن، بەڵام هەریەک بەشێوەیەک دەری دەبڕێت. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین سەرەکیترین تەوەری ناو مەلەکوت مەرگە! مەرگێکی داسەپاو، هیچ یەک لە کەسایەتییەکانی ناو مەلەکوت بە مەرگی سروشتی و ئاسایی نامرن، مەرگ ئامادەیی و پێگەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامی هەیە و ڕووبەڕووی هەموان دەبێتەوە، ئەوانەش کە لەمەرگ ڕزگاریان دەبێت چارەنووسێکی نادیارتر و دڵتەزێنتر چاوەڕێیان دەکات. هەروەک دڵەخورپە و نیگەرانی دکتۆر حاتەم ماهیەتێکی زۆر سامناکتری هەیە لە مەرگ، هەروەها چارەنووسێک کە چاوەڕێی شکۆ دەکات جۆرێک لە دیق مەرگی و زەجر کوژییە کە دکتۆر حاتەم وەک تۆڵەیەک بۆی دابین کردووە، نەناسراویش هەر لە سەرەتاوە چارەنووسێکی نادیاری هەیە و خۆی ئامرازێکە بۆ دواخستنی کەسەکان لەداوی مەرگ. لە ڕاستیدا مەرگ تەواوی کەسانی ناو ئەو دوو بازنەیە تاقی دەکاتەوە. کەسانی ناو بازنەی یەکەم بە مەرگێکی پڕسووکایەتی و شەرم ئامێزەوە کۆتاییان پێ دێت، بەڵام (م.ل.)و دکتۆر حاتەمیش کە خۆیان خوڵقێنەری مەرگن و بە ڕواڵەت لە مەرگ ناترسن، کەسانێکی جاویدان نین، ئەوانیش هەر پێخۆری مەرگن، درەنگ، یان زوو!

لەلایەکی ترەوە تەواوی کەسایەتییەکانی ناو مەلەکوت کەسانێکن دۆڕاو- دۆڕاوێکی فەلسەفی و دەروونی نەک دۆڕاوێکی کۆمەڵایەتی- تەنانەت ئەوانەی کە هەست بەو شکستەش ناکەن، یان هەر بە ڕواڵەتیش دۆڕاو نین، لە دواساتەکاندا تووشی دەبن. لەدواچرکەدا دەیدۆڕێنن، بۆ وێنە فەرمانبەرە گەنجەکە، ئەو کەسێکی گەشبینە و وەک دیاردەیەکی جوان و پۆزەتیڤ تەماشای ژیان دەکات، کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگایە کە هەتاو و عەشق و ژیان و چیاکانی بەلاوە دڵبزوێنن، خەم و کەسەرێکی تایبەت لە ژیانیدا نییە، بەڵام لەکۆتاییدا شکست دەخوات، بە پووچی و لەناوچوون مەحکوومە. هەربۆیەش دۆڕاندن و هەرەسهێنان چارەنووسی کەسانی ناو مەلەکوتە نەک شتێک، یان ڕێگایەک کە خۆیان هەڵیان بژاردبێت. تەنانەت قرتاندنی ئەندامەکانی (م.ل.) بە ویستی خۆی شێوەیەک دەربازبوونە لەو دۆڕاندنە ئەزەلییە.

بە دیوێکی تردا شک و بەدگومانی و دڕدۆنگی، دڵەخورپە و دڵەڕاوکێ، تایبەتمەندییەکی تری کەسانی ناو مەلەکوتە. دیاردەیەکە کە لەناو زەینیاندا تەشەنەی کردووە و کەسایەتی ئەوانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی. گەرچی پێگە و هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دڵەخورپەیە لە کەسایەتییەکاندا جیاوازە، بەڵام بەگشتی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێت، واتە نیگەرانی ئەوانیش لێک جیاوازە و دەکرێ بە دوو ڕەهەندی جیاواز سەیری بکەین. شک و دڕدۆنگی تاقمی یەکەم زۆرتر پێگە و هۆکارێکی دەرەکی هەیە، بۆ وێنە تەواوی دەغدەغەی پیاوە قەڵەوەکە ئەوەیە کە کێشی جەستەی کەم نەکات، یان دەست لە ڕەش و سپی نادات بۆ ئەوەی ڕوخساری زەرد هەڵنەگەڕێت، بەڵام ئەم دیاردەیە لەلای (م.ل.) و دکتۆر حاتەم ماهیەتێکی تری هەیە و ڕیشەی لەدەرووندایە. ئەوان ڕەنج و ئازار دەچێژن، چونکە هەڵگری ئەم شک و دڕدۆنگییەن. تەنانەت بەهرام سادقی خۆی لە یەکێک لە کورتە چیرۆکەکانیدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەم پێوەندییە دەکات: «شک و دڕدۆنگییە کە ڕەنج دێنێتە بەرهەم.»

نیگەرانی و دڵەخورپەی (م.ل.) و دکتۆر حاتەم گەرچی لەئاستێکی سەرتردایە و لەگەڵ ئەوانی تردا پێوانە ناکرێت، بەڵام کەسانی بازنەی یەکەمیش کەم تا زۆر لەو ئازارە دەروونییە بێ بەش نین، ئەوانیش هەریەک بەپێی بارودۆخی خۆیان هەڵگری جۆرێک لەو نائارامییەن.

کەسانی ناو باخ لە ڕواڵەتدا تیپ و کەسایەتییەکی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەروەک گوتمان تەواویان گیرۆدەی یەک چارەنووسن. فەرمانبەرە گەنجەکە کەسێکی ئاساییە و ژیانێکی خۆشی هەیە، ئاغای مووەدەت کەسێکی مامناوەندییە و ڕۆشنبیر، نەناسیاو کەسێکی پڕ نهێنییە و کەس سەر لە ژیانی دەرناهێنێت، پیاوە قەڵەوەکەش کەسێکە گەمژە و هەرەمەکی- لەو کەسانەی ناو کۆمەڵگا کە تەنیا لەبیری خواردن و خۆزل کردن دان و نموونەیەکی تەواوی گەوجییەتین، بەڵام چارەنووسێکی لەوەپێش دیاریکراو هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەوان هەریەک بەدەردێکی دەروونییەوە دەناڵن، تەنانەت ئەوانەش کە لەم دەردە بەو هۆیەوەیە بێبەرین کە لە حەقیقەتی مەرگ و ژیان بێ ئاگان، نازانن کە ژیان پووچ و بۆشە. بۆ نموونە فەرمانبەرە گەنجەکە، ئەو هەروەک ئاماژەمان پێکرد ژیانێکی ئاسایی دەژیت، حەز بە خۆشەویستی و هەتاو و چیا و شتی لەو جۆرە دەکات، بەڵام ئەمە ئاکامی بێ ئاگایی و تێنەگەیشتنی ئەوە، ئاکامی ئەوەیە کە خاوەن مەعریفە نییە، هەروەک خۆی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دانی پێدا دەنێت: «بۆ تاکو ئێستا هەستم پێ نەکردبوو کە مەرگ دێت؟ چەندین ساڵ بەچاکی تێکۆشام و قسەم کرد و ڕێگام بڕی، ژیانێکی مامناوەندی و پاکم هەبوو، ماڵی کەسێکم نەخوارد و یارمەتی هەموانیشم دا، بەڵام گەمژە بووم.»

کەسانی ناو بازنەی یەکەم کاری هەر ڕۆژەیان دووپات دەکەنەوە و ئەمڕۆیان دەبەستنەوە بە ڕۆژەکەی ترەوە بێ ئەوەی بزانن و بپرسن بۆچی؟ ئەمە چارەنووسی کەسانی ئاساییە، بەڵام ئەم پرسیارە ڕەنگ و بۆیەکی تری هەیە بۆ (م.ل.) و دکتۆر حاتەم. ئەوانیش گەرچی ڕۆژانیان یەکبین و بەردەوامە و کاریان بەستنەوەی چرکەکانە بە یەکتر، بەڵام ئەم «بۆچی»یە بەلای ئەوانەوە پرسیارێکی گەورە و گرنگە. تەواوی ژیانی ئەوان بە دەوری ئەم خاڵەدا دەخولێتەوە کە «بۆچی؟» چونکە ئەوان خاوەن مەعریفەن، مەعریفەیەک کە پووچی و بێ کەڵکی ژیانیان بۆ دەردەخات!

دکتۆر حاتەم سەرەکیترین کەسایەتی ناو مەلەکوتە، ئیش و پیشەی ئەو لە مەلەکوتدا، کوشتن و لەناوبردنە. ئەو ئەم کارە وەک ئەرکی خۆی دەزانێ، وەک ئەرکێکی ڕاسپێردراو.

بۆ دۆزینەوەی ئامانج و هۆکاری ئەم خولیایەی دکتۆر حاتەم دەتوانین لە دوو ڕوانگەوە بۆی بڕوانین:

یەکەمیان هۆکارێکی دەروونییە، واتە دەبێ لە ڕوانگەیەکی دەروونناسانەوە، یان باشتر بڵێین لە ڕوانگەی دەروونشیکارانەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین. دکتۆر حاتەم پیاوێکی یەختەیە و منداڵی نابێت و لەژن و لەزەت بێ بەشە و خۆی بە ڕاشکاوی ئاماژە بەمە دەکات، هەربۆیەش ئەو گیرۆدەی گرێیەکی فرۆیدییە. لە ناوەوە گرێیەک ئازاری دەدات و دەروونی بۆش کردووە. ئەو بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەست دەداتە کوشتن، قەرەبووی ئەم بێ بەشییە لە کوشتندا دەبینێتەوە، کوشتنی ئەوانەی کە لەبەرچاویەوە لەزەت وەردەگرن هەروەها ئەوانەش کە لە حەسرەتیاندا دەسووتێت. ئەو ناتوانێ ببینێ پیاوانی تر چێژ دەبینن و ئەویش هەر سەیر بکات، ئەو توانای دیتنی ئەو دیمەنەی نییە، توانایی دیتنی ئەو ژنانەی نییە کە لێیان بێ بەشە، بەرگەی ئەم ڕەهەندەی مەلەکوت ناگرێت، هەربۆیەش دەست دەداتە لەناوبردنی مەلەکوتی زەوی و هەرچی کە لەگەڵیدا لە پێوەندیدایە.

دووەمین هۆکار، هۆکار، یان ئامانجێکی فەلسەفییە واتە، چونکە دکتۆر حاتەم خاوەنی ڕوانگەیەکی فەلسەفی تایبەتە، هەربۆیەش دەبێ لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە سەیری ئەو کارەی ئەو بکەین. دکتۆر حاتەم کەسێکە کە ژیان بە پووچی و بۆشی دەبینێت. ئەو بۆ پڕکردنەوەی ئەم پووچی و بێهوودەییە دەست دەداتە هەر جۆرە کارێک، یان باشتر وایە بڵێین، چونکە ژیان و شتەکانی ناوی هەموویان بەلای ئەوەوە پووچن، لە ئەنجامدانی هیچ کارێک ناسڵەمێتەوە، چونکە ئەم کوشتن و بڕینەش هەروەک باقی دیاردەکانی تر بە پووچ و بێ بایەخ دادەنێت، پووچی و بێهوودەیی و بێ کەڵکی ژیانی خەڵکانی ئاسایی ئەو هان دەدات بۆ کوشتنیان، چونکە ئەو پێی وایە تەمەن درێژی و زیادکردنی شەهوەت و هەوەس شتێکی بێ بایەخە کە خەڵکان دڵی پێ خۆش دەکەن. بەلای ئەوەوە بیرکردنەوە لەو دوو حاڵەتە (تەمەن درێژی و ئارەزووی سێکس)، بیرکردنەوەیە لە مەرگ و ئەمەش خۆی جۆرە پێشوازییەکە لە مەرگ کە ئەو تەنیا لەم نێوەدا کارئاسانی دەکات، هەربۆیەشە ئەو کارە بە ئەرکی خۆی دادەنێت.

لەلایەکی ترەوە دکتۆر حاتەم کەسێکە ئیگزیستانسیالیست، ئیگزیستانسیالیستێکی توندڕەو

و ڕادیکاڵ، ئەو بە بۆچوونی خۆی لەو ڕێیەوە دەیەوێت یارمەتی مرۆڤ بدات، دەیەوێت خزمەتێکی بە مرۆڤەکان کردبێت. ئەو لە ڕێی مەرگەوە ، دەرد و ئازاری هەمیشەیی ئەوان بنبڕ دەکات و دەیانخاتە ئاسوودەییەوە، لە ڕەنج کێشانی بەردەوام ڕزگاریان دەکات. ئەم کارەی ئەو «ڕۆکانتێن» کەسایەتی ڕۆمانی «ڕشانەوە»ی سارترمان بە بیر دێنێتەوە کاتێک کە مێشوولەکە دەکوژێت دەڵێ: «بەنیازم خزمەتێکی پێ بکەم و پانی بکەمەوە... لە گێچەڵی بوون ڕزگارم کرد». دکتۆر حاتەمیش لەڕێی ئەو دەرزییانەی کە لە خەڵکانی دەدات خزمەتیان پێ دەکات، یان لەگێچەڵی بوون ڕزگاریان دەکات.

هەروەها ئەو کەسێکە «نیتشە»یی کە تەواوی ڕێباز و سیستەمە ئەخلاقییەکان لەلای بێ بایەخن و تەواوی بەهاکان بەلایەوە ڕێژەیین. هیچ شتێکی کۆنکرێت و موتڵەق بەلای ئەوەوە بوونی نییە، لە جیهانبینی ئەودا هەموو دیاردەیەکی ئەم جیهانە ڕێژەییە.

دیمەنێک کە دکتۆر حاتەم لە شاری پڕکەلاک و لاشە دەیکێشێتەوە، شاری «تاعوون» لێدراوی ئەلبێرکاموما‌ن بیر دەخاتەوە، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە «دکتۆر ڕیۆ»ی ئەلبێر کامو لە ڕێی چاک کردنەوە و چارەسەری نەخۆشەکانەوە ئەو ڕەنج و ئازارە بنبڕ دەکات، بەڵام دکتۆر حاتەم لەڕێی تووش کردنیان بەمەرگەوە. بە واتەیەکی تر گەرچی هەردووی ئەم دکتۆرانە کەسێکی ئێگزیستانسیالیستن، بەڵام هەڵوێست و کردەوەیان تەواو بەپێچەوانەی یەکە.

هەروەک گوتمان دکتۆر حاتەم ئەو کارە بەنەهێشتن و لابردنی ئازاری بەردەوامی مرۆڤەکان دەزانێت. هەروەک چۆن دەبینین کاتێک شکۆ لەگەڵ ساقیدا جووت دەبێت، دکتۆر حاتەم ڕقی لێ هەڵدەگرێ و بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەو لەمەرگ بێ بەش دەکات و دەیەوێ لەو ڕێیەوە شکۆ زۆرتر ئازار بچێژێ، یان بەواتایەکی تر دیق مەرگی بکات. جگە لەنەناسراو کە یاریدەدەری دکتۆر حاتەمە، شکۆ تەنیا کەسێکە کە لە پرۆژەی کوشتوبڕەکەی دکتۆر حاتەم ڕزگاری دێت، بەڵام چارەنووسێکی سامناکتر چاوەڕێی دەکات.

بەدیویکی تردا، بۆ دکتۆر حاتەم مەسەلە بوون، یان نەبوون نییە، ئەو لەوە دڵنیایە کە هەیە، بەڵام مەسەلەی ئەو دڕدۆنگی نێوان ئاسمان و زەمینە، ئەو هەمیشە بووە و دەشمێنێت، بەڵام دڕدۆنگی ئەو لە چۆنیەتی ئەو بوونەدایە، ئەو بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە لەناو گیانی قوربانییەکانی خۆیدا دەگەڕێت، بەکوشتنی ئەوان وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

لەڕاستیدا ئەرکی دکتۆر حاتەم لەکوشتن و مەرگدا وەک ئەرکی فریشتەی مەرگ دێتە بەرچاو، بەڵام بە ئامانجێکی شەیتانییەوە، چونکە جگە لەو ئەرکەی کە بۆ خۆی دستنیشان دەکات و دەیکاتە بیانوو، هۆکارێکی تاکەکەسییانەی ناو ناخی بۆ ئەم کارە هانی دەدات شێوەیەک تۆڵەی بەخیلانەی لەپشتە نەک ئەرکێکی ویژدانی کۆنکرێت، کە خۆشی تەنانەت نکۆڵی لەم ڕەهەندە شەیتانییەی خۆی ناکات، بەتایبەت لەمەرگی ساقی-دا، کە لەوێدا هۆکار و ئامانجی سەرەکی دکتۆر حاتەم لەو پرۆژەی مەرگە بەڕاشکاوی ڕوون دەبێتەوە.

دکتۆر حاتەم کەسێکە کە لەنێوان دوو جەمسەردا گیری کردووە، هەریەک لەم دوو هێزە بەلایەکدا دەیکێشن. ئەو لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا لەجوڵانێدایە. ئەگەر لە دیدێکی فرۆیدییانەوە سەیری ئەم لایەنەی کەسایەتی دکتۆر حاتەم بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە زەینی ئەو شوێنی ململانێی نێوان ئێرۆس و تاناتۆسە. واتە غەریزەی ژیان و غەریزەی مەرگ. ئەم ململانێیە تەنانەت لە ڕواڵەت و جەستەشیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەندامێکی گەنج و چالاک بەسەرێکی پیر و پەککەوتەوە، بەڵام ئاکار و کردەوەی دکتۆر حاتەم نیشاندەری زاڵبوونی تاناتۆس بەسەر ئێرۆس-دایە، واتە سەرکەوتنی غەریزەی مەرگ، کە دکتۆر حاتەم خۆی بە شەیتان ناوی دەبات.

دکتۆر حاتەم کەسێکە کە لەنێوان مەلەکوتی ئاسمان و زەویدا گیری کردووە. ئەو گیرۆدەی جۆرێک ناکۆکی و دووبەرەکییە کە ئەوی دووچاری دڕدۆنگییەکی هەمیشەیی کردووە، ئەو بەهەرلایەکدا بڕوات جۆرە پووچی و بۆشاییەک بەربینگی دەگرێت، ئەگەر مەلەکوتی زەوی هەڵبژێرێت تووشی خیانەت و بێ وەفایی دێت، ئەگەریش مەلەکوتی ئاسان هەڵبژێرێت دەگاتە کۆمەڵێک پرسیار کە وەڵامدانەوەیان دووچاری پەرێشانی و پەشۆکانی دەکات، چونکە مەلەکوتی ئاسمان شتێک نییە جگە لە وەهم و خەیاڵ نەبێت.

سەرەڕای ئەوە، ئەم شک و بەدگومانییە کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر ژیان و بارودۆخی کەسانی تر نییە، بۆ وێنە کەسانی ناو بازنەی یەکەمی مەلەکوت، هەروەک چۆن فەرمانبەرە گەنجەکە لەو نیگەرانییە دەروونییە بێبەرییە. ئەو مەلەکوتی زەوی هەڵبژاردووە و ئەم لایەنەشی بەلاوە دڵبزوێنە.

دکتۆر حاتەم لە هەمان کاتیشدا شاعیر و فەیلەسووفە و نموونەیەکی تەواوە لە مرۆڤی سۆپەرمان (لانی کەم

خۆی وا هەست پێ دەکات). ئەو مەعریفە دەبەخشێ بە ئەوکەسانەی کە توانای وەرگرتنیان هەیە، یان شیاوی ئەو مەعریفەیەن، بەڵام مەعریفەی ئەو مەعریفەی بێهوودەیی و بەتاڵی ژیانە... ئەو لەسەر دەرگای پانسیۆنەکەی خۆی نووسیویەتی: «هەرکەس دەیەوێت بێتە ژوورەوە دەبێ هیچ شتێک نەزانێ.» واتە نابێ خاوەن مەعریفە بێت، چونکە زانیاری و مەعریفە قودرەت و دەسەڵاتی بە شوێندا دێت (ئیرادەی زانست)، چونکە دکتۆر حاتەم دەزانێ کە هەر کەسێک خاوەن مەعریفە و زانیاری بێت، توانای بەربەرەکانێ و ململانێی لەگەڵدا نامێنێ و ئەوسا ئیتر ئەو بەرگەی ئەمەی پێ ناگیرێت، چونکە دکتۆر حاتەم هێمایەکە لە «ئیرادەی دەسەڵات». ئەو خۆی بە سۆپەرمانێکی تەواوەتی دەزانێ. هەروەک چۆن تەواوی ئەو کەسانەی کە ڕوو دەکەنە مەتەبەکەی ئەو زۆر بە ئاسانی دەست بەسەریان دەکات و لەناویان دەبات، بەڵام تەنیا یەک کەس هەیە کە ڕووی کردووەتە ئەوێ و دکتۆر حاتەمی بەچۆکدا هێناوە، ئەویش کەسێک نییە جگە لە م.ل... «م.ل.» بەپێچەوانەوە هیچ نەزان نییە، بەڵکو خاوەن مەعریفەیە. ئەو بە مەعریفەیەکی قووڵەوە ڕووی کردووەتە ئەوێ. ژێرخانێکی زانیاری پتەو ئەوی هان داوە ڕوو لە دکتۆر حاتەم بکات. هەر بۆیەش دکتۆر حاتەمی بەچۆکدا هێناوە. (م.ل.) تەنیا کەسێکە کە دکتۆر حاتەم لە ئاستیدا زەبوون و بێ دەسەڵاتە.

«م.ل.» هەروەک دکتۆر حاتەم کەسایەتییەکی بەرچاوی هەیە. کەسێکە خاوەنی دوو کەسایەتی جیاوازە، ململانێی نێوان ئەو دوو جەمسەرە لە دەروونی ئەویشدا لە ئارادایە: منداڵێکی پاک و بێ خەوش لەگەڵ ئەژدیهایەکی سامناک و ترسێنەر کە یەکەم جار بە مەرگی دایکی، لەهەناویدا بێدار دەبێتەوە و دواجاریش بە مەرگی باوکی دەبێتە فەرماندەر و دەسەڵاتدارێکی تەواوەتی ناو ناخ و ژیانی (م.ل.)

تەواوی ڕووداوەکان و تێفکرین و بیرکردنەوە لێیان، جۆرێک نیگەرانی و دڵەخورپە لەلای دروست دەکات کە بەشێوەیەکی سامناک و دڵتەزێن ئازاری دەدات. هەربۆیەش پەنا دەباتە بەر فەرامۆشی و تەنانەت بۆ دابین کردنی ئەو فەرامۆشییە دەستەوداوێنی مادە سڕکەرەکانیش دەبێت، بەڵام دادێکی نادەن. هەربۆیەش ڕێگایەکی تر هەڵدەبژێرێ کە ئەویش وێران کردن و کاولکارییە، بەڵام لەمەشدا بە ئەنجامێک ناگات تاکو ئەوەی کە خۆی بە سەروەر و ڕچەشکێنی تەواوی تاوانکاران دادەنێ و ئەوسا، دیسان هەستانەوە و بێداربوونەوەیەک لە ناخیدا سەر هەڵدەدات کە دەیەوێ ئەو بەرەو ژیانێکی ئاسایی ڕاکێش بکاتەوە، بەڵام مەرگ (مەرگی داسەپاو لەلایەن دکتۆر حاتەمەوە) مەودای پێ نادات.

یەکەمین قوربانی (م.ل) کابرای جووتیارە کە بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت لەگەڵ منداڵەکەیدا بەدەستی ئەو دەکوژرێن. تەنیا بەڵگەی ئەو کارەی (م.ل.) هەست کردن بە یەکەمین بۆشایی و پووچی ناو ناخیەتی کە دیمەنی مەرگ لەدەروونی ئەودا دروستی کردووە، ئەویش دیتنی دیمەنی مەرگی باوکیەتی. گەرچی مەرگی باوکی هیچ خەم و کەسەرێکی سەرنجڕاکێش لەلای دروست ناکات، بەڵام لەناوەوە دەیڕووخێنێ، هانی دەدات بیر لە مەرگ بکاتەوە. لە دیمەنەوە ماهیەتی مەرگی بۆ دەردەکەوێت. پاشان ئەم بۆشاییە تەشەنە دەکات و لەناوەوە ڕوو دەکاتە دەرەوە تا کار دەکێشێتە سووتاندنیماڵی ڕەعیەتەکانی و داپڵۆسینی شکۆ و دواتریش تەواوی کارەساتەکانی تری بەشوێندا دێن تاکو ئەوەی تەواوی کەسەکان و شتەکانی دەوروبەری خۆی لەناو دەبات و وێرانیان دەکات، بەڵام ئەمە کۆتایی هەڵچوونەکەی ئەو نییە، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ دەست پێکردنەوەی هەڵچوونێکی تر و بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ وێرانکارییەکی دیکە کە ئەویش زەجرکوژکردنی خۆیەتی. هەربۆیەشە سەفەرێکی درێژ دەست پێدەکات و بەدرێژایی سەفەر دەیەوێ خۆی لەناو ببات. لەو ماوەیەدا دەست دەداتە قرتاندنی ئەندامەکانی خۆی لە ڕێی نەشتەرگەرییەوە. مەبەستی سەرەکی (م.ل) لە نەشتەرگەری و قرتاندنی ئەندامەکانیدا، نەهێشتنی یەکێک لەو جەمسەرانەی ناخیەتی، چاکسازی و وەدەرنانی لایەنە پووچ و بێ ئاکامەکەی ژیانە. ئەو کۆشک بەجێ دێڵێ و سەفەر دەکات وەک ئەوەی بە شوێن شتێکدا بگەڕێت. شایەد ئەم شتە دۆزینەوەی وەڵامێک بێت بۆ کەڵەپرسیاری مەرگ!

ترس لە مەرگ و دڵەڕاوکێ لە (م.ل)دا نەک لە بیست ساڵ پێشەوە کە کوڕەکەی کوشتووە، هەروەها نەک لە چل ساڵ پێشەوە کە تا ئێستا ڕەنج و ئازاری بەسەر خۆیدا هەموار کردووە و دیسان نەک لە تەمەنی پازدە ساڵانەوە کە دایکی مردووە و هەستی بە لەدەستدانی ئەو کردووە (ئەو کە سەرچاوەی هەموو شتێکی بووە)، بەڵکو لەدوازدە ساڵانەوە کە ڕووداوێکی سەیری بۆ پێش هاتووە، ئەوکاتەی کە دایکی هێشتا زیندوو بووە. ئەو لەو کاتەوە پاکی و بێ خەوشی خۆی لە دەست دەدات، چونکە دوازدە ساڵان تەمەنێکە کە مرۆڤ هەست بە ڕەگەزی بەرانبەر دەکات. واتە هەست کردن بە ڕەگەزی

مێینه. ئەوکاتەی کە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا چوون بۆ ناو باخ و چقڵی گوڵێکی سوور لە دەستی ڕادەچێت- گوڵی سوور خۆی هێمای عەشق و خۆشەویستی، یان ڕەگەزی بەرانبەرە- ئەو لەو کاتەوە لە دەروونیدا هەست بەو ناکۆکی و ئاشووبە دەکات، هەربۆیەش هەستێکی نامۆ لە گیانی دەگەڕێت و لە ڕووشی نایەت ئەم هەستە لەلای دایکی بدرکێنێت. ئەمە خاڵی دەسپێک و سەرەتای گوناهە کە دواتر تەنیایی و دڵەخورپە و ترس لە مەرگ بەشوێنیدا دێت.

(م.ل) لەو تەمەنەدا (دوازدە ساڵان) خۆی بە گوڵە سوورەکانەوە خەریک کردووە، یان سوورایی گوڵەکان ئەویان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشاوە، واتە هەست کردن بە ڕەگەزی مێینە ئەو هەستەی تێدا خولقاندووە، هەر یەکەمین ئازاریش لەلایەن گوڵە سوورەکەوە دەگەڕێتە گیانی ئەو، واتە لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە. ئەو لەو کاتەدا هاوار دەکات: «دەسووتێتەوە!». ئەم سووتانە ئاگرێکە کە لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە بەردەبێتە گیانی ئەو. ڕەگەزی بەرانبەر مۆتەکەیەکی لەلا دروست دەکات و هەست دەکات کە هەموو شتێک زەرد هەڵگەڕاوە، واتە ڕەنگی مەرگ و نەخۆشی لێ نیشتووە. ئاخر مرۆڤ لەو کاتەوە کە هەست بە ڕەگەزی بەرانبەر دەکات مانای تەواوی شتەکان لەلای دەگۆڕێن. بەلای (م.ل)یشەوە ماناکان بەلای نێگەتیڤدا گۆڕاون (م.ل) خۆی بە ڕاشکاوی دان بەم مەسەلەیەدا دەنێت، چونکە کاتێک کە پەرستارەکە واتە ژنەکەی دکتۆر حاتەم دێ بۆ لای ئەو، دەڵێت: «من حەسرەتم خوارد گەنجیەتی و جوانی ئەو، چونکە تاڵترین ئەزموونی تەمەنی من هەر لەم خاڵەدایە.»

لێرەدا (کاتێک چقڵی گوڵە سوورەکە لە دەستی ڕادەچێت) هەستێکی ئۆدیپیانە ئەو هان دەدات کە خۆی بهاوێتە ناو داوێنی دایکییەوە (داوێن نەک باوەش) بۆ ئەوەی ئەو هەستە تازە بێداربووە دامرکێنێت، چونکە هێشتا منداڵە و ئۆدیپ لە ناویدایە. لە ڕاستیدا (م.ل) گیرۆدەی گرێی ئۆدیپە و بەردەوام ئەم هەستە ئازاری دەدات. ئەو دایکی خۆی تا سەر ئێسقان خۆش دەوێت، کەچی سەبارەت بە باوکی بێ تەفاوەتە و زۆر خۆشی لێی نایەت، بەتایبەت کە باوکی کەسێکی بێ بەزەیی و دڵڕەقە. تەنانەت کاتێک باوکی دەمرێ و ئەو لەڕێی گۆڕستاندا لە ناشتنی دەگەڕێتەوە، هیچ خەم و کەسەرێکی ئەوتۆ لەودا بەرچاو ناکەوێت کە مەرگی باوکی لەلای دروستی کردبێ، تەنیا کاریگەرییەک کە مەرگی باوکی لەسەر ڕوحی ئەو دایدەنێت بیرکردنەوەیە لە مەرگ (ئەم تایبەتمەندییانە لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا بە جوانی بەرچاو دەکەوێت).

(م.ل) دواتر بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بێداربوونەوەی هەست بە ڕەگەزی بەرانبەر بکات، دان بەوەدا دەنێت کە دیسان (دوای ئەوە خۆی دەهاوێتە داوێنی دایکی و خوێنەکەی دەستی بە دەسماڵێکی سپی بۆ پاک دەکاتەوە) چووەتەوە بەرەو لای گوڵەکان. هەرچەند کە ئازارێکی کوشندەی لە گوڵەکانەوە پێگەیشتووە، بەڵام هێزێکی توند ئەو بۆ لایان ڕادەکێشێتەوە و هەست بە بۆنی خۆشی گوڵاو دەکات، بۆنی خۆش و دەڵبزوێن لەو شوێنەوە کە ئازارێکی کوشندەی پێ گەیشتووە.

مەسەلەی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە (م.ل) گوڵە سوورەکە لەناو دەستیدا دەشەمزێنێ، واتە هەر لەو تەمەنەوە، هەر لە یەکەم ساتەوە کە هەست بە ڕەگەزی بەرانبەر دەکات، وەڵام و هەڵوێستێکی نێگەتیڤی لە ئاستیدا هەیە. بەواتایەکی تر هەر لە یەکەم ساتەوە بەژن دەڵێ: نا! چونکە هەر ئەو گوڵە سوورەیە کە یەکەم جار خوێن بەرپا دەکات و ئازاری دەدات.

(م.ل) لەکۆتاییدا، دوای هەستانەوە و بێداربوونەوەی، دەیەوێ تەواوی ئاسەوار و هۆکارەکانی ئازاری چەندین ساڵەی بسڕێتەوە. دەیەوێت دەسماڵەکانی دایکی فڕێ بدات، چونکە وەبیرهێنەرەوەی یەکەم خوێنی ڕژاو و یەکەم ئازارن، کە سەرچاوە و دەسپێکی هەموو ترس و ئازار و دڵەخورپە و چارەڕەشییەکی ژیانی ئەو بوون، هەروەها دەیەوێت ژیانێکی تازە دەست پێ بکاتەوە، بەڵام بەبێ سابات، چونکە لەو ساباتە بێزارە، ساباتی ناو باخەکە کەوەبیرهێنەرەوەی گوناه و خوێن ڕژانە- ئەو ساباتەی کە ژنەکەی بۆ کوڕەکەیانی دروست کردبوو- دیارە کە منداڵ ئاکام و بەرهەمی گوناهە. لەلایەکی ترەوە ساباتەکە لەلای گوڵە سوورەکانەوەیە کە بیرەوەرییەکی تاڵیان لە زەینی ئەودا هەیە. سەرەڕای ئەوەش لەژێر ئەو ساباتەدا زمانی شکۆی دەرهێناوە. ئەمانە هەموو هۆکاری ئەم بێزارییەن، هەروەک دکتۆر حاتەم بەهەمان شێوە قینی لە نارنجستانی ماڵەکە دێت، چونکە بۆنی گوناهی لێدەکات. ئەوان دەیانەوێت ئاسەواری گوناه لە ژیانی نوێیاندا نەمێنێتەوە.

سەرەڕای تەواوی ئەمانە، دەزانین کە ژیانێکی نوێ بەبێ سابات و نارنجستان ژیانێکی کامڵ نییە، بەڵام هۆی ڕاکردنی دکتۆر حاتەم و (م.ل) لە نارنجستان و ساباتی ناو باخەکە چییە؟.. تا ڕادەیەکی زۆر دیارە کە دکتۆر حاتەم هەر لەسەرەتاوە سەبارەت بە ساقی بەدگومانە و دواتریش بۆی دەردەکەوێت کە لەگەڵ

شکۆدا- هەر لەناو ئەو نارنجستانەدا- جووت بووە، کە وابیّ هۆکاری بێزاری دکتۆر حاتەم لە نارنجستان ڕەوتێکی لۆژیکی هەیە، بەڵام ئایا ئەم پرسیارە بە زەیندا نایە کە هۆی سەرەکی بێزاری (م.ل)یش لە ساباتی ناو باخەکە هەر لەبەر هۆیەکی لەو بابەتە بێت؟ (م.ل) سەردەمی منداڵی هەستێکی ئۆدیپیانەی سەبارەت بە دایکی بووە، لەلایەکی تریشەوە خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە سابەتەکە بەدەستی ژنەکەی بۆ کوڕەکەیان دروست کراوە، هەروەها ئەو لە هیچ شوێنێکدا باسی چۆنیەتی مردنی ژنەکەی ناکات. وەک ئەوەی لەو مەسەلەیە ڕابکات. ئێستاکە بە سەریەک کردنەوە و لێک گرێدانی تەواوی ئەمانە، ئایا ئەم گومان و پرسیارە لە زەیندا سەوز نابێت کە (م.ل) خۆی ژنەکەی خۆی کوشتبێت ئەویش هەر لەژێر ئەو ساباتەدا؟ دروست بەو هۆیەی کە زەمانێک خۆی خاوەنی ئەو هەستە (ئۆدیپ) بووە سەبارەت بە دایکی و ئێستاش گومانی ئەو پێوەندییە بداتە پاڵ ژنەکەی و کوڕەکەی، چونکە باوک، کوڕ بە بەشێک لە خۆی دەزانێ، یان بەجێگری خۆی دادەنێت، هەر بۆیەش ئەگەر خۆی دەستی دابێتە گوناهێک توانایی ئەنجامدانی ئەو گوناهەش لە کوڕەکەیدا دەبینێتەوە. کە وابیّ ئەم گومانە (پێوەندی ئۆدیپیانەی نێوان ژنەکەی و کوڕەکەی). (م.ل) هان دەدات بۆ کوشتنی کوڕەکەی و شایەدیش ژنەکەی. لەڕاستیدا پێوەندی نێوان کوڕەکەی و دکتۆر حاتەم (شاعیر و فەیلەسووف) شایەد تەنیا بیانوویەک زیاتر نەبووبێت، یان لانی کەم بەشێک بووە لەو هۆکارەی کە بووەتە هۆی کوژرانی. هەروەها گێڕانەوەی چۆنیەتی کوژرانی برا و خوشکەکانی شکۆ بە دەستی باوکیان ئەویش لە زمانی خودی «م.ل»ەوە ئەگەری ئەم گومانە زیاتر دەکات. لەگەڵ تەواوی ئەمانەدا (م.ل) پێش کوشتنی کوڕەکەی لەناو ڕاڕەوی کۆشکەکەدا سەرنجێکی گۆڕی ژنەکەی دەدات و هەر ئەو دیمەنە ئەم گومانە لە زەینیدا زیندوو دەکاتەوە و ئیتر دەبێتە هۆی سوورتربوونی (م.ل) لەسەر بریارەکەی کە کوشتنی کوڕەکەیەتی.

(م.ل) و دکتۆر حاتەم دوو کەسایەتین لە بەرانبەریەکدا، بە کۆمەڵێک وێکچوونی زۆر نزیک و کۆمەڵێکیش جیاوازی زۆر دوورترەوە، واتە لە هەمان کاتدا کە لەکۆمەڵێک شتدا تەواو وەک یەکن، لە هەندێک شتی تردا سەدو هەشتا پلە لەگەڵ یەکدا جیاوازیان هەیە.

پێش هەموو شتێک ئیش و ئەرکی دکتۆر حاتەم و (م.ل) لەمەلەکوتدا، کوشتن و برین، سووتاندن و خوێن ڕشتن، کاولکاری و وێرانییە. تەواوی خولیا و کردەوەیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەیە- ئەوان ئەمە بە ئەرکی خۆیان، یان وەک دیاردەیەکی خۆنەویست تەماشا دەکەن- هەربۆیەشە کە سەرەڕای ئەوە خۆیان بە پیاوکوژێکی ڕاستەقینە نازانن، واتە بۆ ئەو کارەیان بیانوو دێننەوە بەتایبەت دکتۆر حاتەم.

ئەوان هەردووکیان دوو کەسی تێکشکاون وەک یەک، هەم جەستەیان تێک شکاوە هەم ڕوحیان. دکتۆر حاتەم یەختەیە و بەشێکی زۆر گرنگی جەستەی لەکار کەوتووە و سەرەڕای ئەوەش سەرێکی پیر و پەککەوتەی هەیە. (م.ل)یش زۆربەی ئەندامەکانی جەستەی لەدەست داوە. هەر دووانیان گرفتاری بۆشاییەکی فەلسەفین، بە سەعاتەکانی دوانیوەڕۆیانەوە گیرۆدەن و دەناڵن. هەردووکیان دووچاری گرێیەکی فرۆیدین و هەردووکیشیان ئەهلی کتێب و خوێندنەوەن و بە واتایەک خاوەن مەعریفەن.

هەردووکیان دەزانن کە ئەم هەموو ماندووبوون و هاتوچۆیە و تێپەڕکردنی کات و زەمانە جگە لە ئازار هیچ چێژێکی تری نییە و ئامانجەکەشی هەر دەگاتە پووچی و بۆشاییەکی بێهوودە و هەمیشەیی. لە ڕاستیدا هەر یەکیان خۆی «سیزیف»ێکە کە ئاگادارییەکی تەواوی لە چارەنووسی خۆی هەیە. دەزانن کە ئەم هەموو سەرکەوتن و گلۆربوونەوەیە ئەنجامێکی نییە، جگە لە خۆماندووکردنێکی بێ ئەنجام و بێ پایان کە ئاکامەکەی تەنیا ئارەق ڕشتن و خۆ بەفیڕۆدانە.

لەڕاستیدا (م.ل) و دکتۆر حاتەم کەسانێکی نیهیلیستن، نیهیلیسمی ئەوان ڕوخێنەرە، واتە لەگەڵ سەرکێشی ئاوێتەیە. نیهیلیسمێک کە دەیەوێ ئەم جیهانە پووچ و نیهیلیستییە برووخێنێت- لەڕاستیدا پووچی نە لەناو ئینساندایە و نە لەناو جیهاندا، بەڵکو لە ئاوێتەبوونی ئەم دووانەیە کە دێتە بەرهەم- ئەوان لەهەمان کاتیشدا بیر لەبنیادنانەوەی ناکەن، چونکە پێیان وایە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکە دەگۆڕێت نەک ماهیەتی. بەواتایەکی تر لەم جیهانەدا تەنیا چەندییەتی لەکاردایە نەک چۆنیەتی و هەر هەوڵ و تەقەللایەکیش بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی ئەم هاوکێشە بێ ئاکامە. ئەم بۆچوونە لە هەموو شتێکیاندا خۆ دەردەخات.

دکتۆر حاتەم و (م.ل) هەردووکیان خاوەنی دوو کەسایەتین، یان با بڵێین لەنێوان دوو جەمسەردا لەهاتوچۆدان. هەدووکیان خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە شەیتانێک لە دەروونیاندایە کە لەڕواڵەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە. (م.ل) بە قرتاندنی ئەندامەکانی و برینی

لووت و گوێی ڕواڵەتێکی تەواو شەیتانی بەخۆوە گرتووە، دکتۆر حاتەمیش بەو هەیکەلە گەورەیەوە کاتێک بارانییە ڕەشەکە دەکاتە بەر لە هیچ شتێک ناچێ جگە لە شەیتان. (بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە ململانێی نێوان ئەو دوو جەمسەرەی کەسایەتی (م.ل) لەناو زەینی ناو شاریدا دەردەخات).

لەڕوانگەیەکی ترەوە (ڕوانگەی فرۆید) کەسایەتی (م.ل) و دکتۆر حاتەم لەدوو بەشی جیاواز پێکهاتووە واتە لە «من»، یان «Ego» و لە «زات: ئەو» یان «Id». منی ئەوان هەر ئەوکەسەیە کە لەکۆتاییدا حەز دەکات بە لەدایکبوونەوەیەکی نوێ و دەستپێکردنەوەی ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ هەتاو و باخچەدا، بەڵام زاتی ئەوان هەر ئەو شەیتانە سەرکێش و نافەرمانەیە کە لەناخیاندایە و نافەرمانە و لە کۆنترۆڵ و ڕکێفی خۆیان بەدەرە. دکتۆر حاتەم دەڵێ ئەمە ئەرکی منە و چارەیەکم نییە. (م.ل)یش دەڵێ کە لە تەواوی ئەوانەدا ئەوە «من» نەبووم کە ئەو کارانەم کردووە، بەڵکو بە فەرمان و ویستی «ئەو» بووە.

دکتۆر حاتەم و (م.ل) هەردووکیان لەمەرگ دەترسن، ترسی ئەوان لە مەرگ بە ڕادەیەکە کە هیچ چارەیەک بەدی ناکەن، جگە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیدا نەبێت. پێشوازی ئەوان لە مەرگ، مەرگ ویستی، یان مەرگ دۆستی نییە، بەڵکو هەراسە لە مەرگ. دکتۆر حاتەم خۆی لەم بەرەو ڕووبوونەوە ڕاستەوخۆیە بێ بەشە، هەر بۆیەش ئەم دیاردەیە دەکاتە نسیبی ئەوانی تر، هەروەها مەرگێکی دەروونی بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت، بەڵام پێشوازی (م.ل) لە مەرگ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیە.

ئەوان خەریکی کوشتن و بڕینن، کە ئەمەش ئاکامێکی تری ترس لە مەرگە، بەڵام نکۆڵی لەم ڕاستییە دەکەن، هەربۆیەش بە قەرەبووکردنەوەی ئەو ترسە خەریکی کوشتنن و بۆ نکۆڵیش لەو ترسە دەچن بە پێشوازی مەرگەوە. ئەوان هەردووکیان ژنەکانیان لە دەست داوە، هەردووکیان بە دوانیوەڕۆکانەوە دەناڵن، هەردووکیان جۆرێک بێداربوونەوەیان تێدا ڕوودەدات و نیازی دەست پێکردنەوەی ژیانێکی نوێیان هەیە. هەڵبەت ئەم نیازە لە (م.ل)دا ڕاستەوخۆیە، بەڵام لە دکتۆر حاتەمدا تەنیا وەک خولیایەک خۆ دەردەخات. هەردووکیان لەدوای هەستانەوە، قینیان لە سابات و نارنجستانە، چونکە بۆ هەردووکیان وەبیرهێنەرەوەی گوناهە.

دکتۆر حاتەم و (م.ل) تەنیا بڕوایان بەیەک حەقیقەت هەیە کە ئەویش خۆیانن. هەردووکیان هێمایەکن، یان وێنەیەکن لە «ئیرادەی دەسەڵات» و «ئیرادەی زانست».

ئەوان بەردەوام لەدنیای ئاڵۆزی نێوان خەون و واقعیەتدا لە هاتوچۆدان، لەنێوان وەهم و حەقیقەتدا جۆلانێ دەکەن، ئەوان ئەوەندە لە یەکتر نزیکن کە هەر دەڵێی ئەمیان سێبەری ئەوی ترە.

نیگەرانی و دڵەخورپەکانی دکتۆر حاتەم و (م.ل) لەو شێوە نین، کە کەسانی ئاسایی پێوەی دەناڵن. گەورەترین نیگەرانی و ترسی دکتۆر حاتەم ئەوەیە کە (م.ل) بەویستی خۆی و بەبێ ترس بە پێشوازی مەرگەوە دەچێت. ئەمە تەنیا مەسەلەیەکە کە دکتۆر حاتەمی بە چۆکدا هێناوە. لەلایەکی ترەوە تاڵترین ئەزموونی ژیانی (م.ل) ژنە. ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە لێی بێ بەش بووبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ناتوانێ فەرامۆشی بکات، چونکە فەرامۆشی یەکەمین و گەورەترین ئارەزووی ئەوە.

(م.ل) دەیەوێ تۆڵە لە دکتۆر حاتەم بکاتەوە ئەویش نەک لە ڕێیەکی ناسراو و بەرچاوەوە، کە خوێنەر چاوەڕێی دەکات، بەڵکو ئەو دەیەوێ بە دکتۆر حاتەم (کە خودای مەرگە) نیشان بدات کە لە مەرگ هیچ باکێکی نییە و ئیتر لەم ڕێیەوە بەچۆکیدا بێنێت.

دکتۆر حاتەم لە شەهوەتی سێکسی بێ بەشە و هەربۆیەشە حەسرەتی بۆ دەخوات، بەڵام (م.ل) سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی ئەم هێزەیە، کەچی دەیەوێ لەناوی بەرێت و سەرشکێنی بکات. زۆربەی جیاوازییەکانی نێوان دکتۆر حاتەم و (م.ل) هەر لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەوان وا لێ دەکات لە زۆر شوێندا خاوەنی دوو بۆچوون و هەڵوێستی تەواو جیاواز لەیەک بن. ئەم تەوەرە دەکرێ سەرەتایەکی تر بێت بۆ خوێندنەوەی کەسایەتی دکتۆر حاتەم و (م.ل) لە ڕەهەندێکی ترەوە.

مەلەکوت هەم ناوی ڕۆمانەکەیە، هەم ناوی ژنی فەرمانبەرە گەنجەکە و هەم ناوی ژنەکەی پێشووی دکتۆر حاتەم و هەم ناوی (م.ل) کە بەهۆی لەدەستدانی ئەندامەکانییەوە تەنیا ئەم دوو پیتەی بۆ ماوەتەوە، واتە «م» و «ل»، وەک ئەوەی تەنیا ئەم دوو پیتە لە «ملکوت»، بەس بێت بۆ ناونانی ئەو لەسەر ئەم جیهانە، بەڵام لە هەموان گرنگتر مەلەکوتێکە کە تەواوی ئەمانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، مەلەکوتێکی زەینی و ئینتیزاعی، مەلەکوت بەمانا ناوەکی و دەروونییەکەی، بەمانا فەلسەفییەکەی.. مەلەکوتی ئاسمان، یان مەلەکوتی زەوی؟.. ئەمەیە دەغدەغەی سەرەکی (م.ل) و دکتۆر حاتەم. تەواوی ڕووداوەکان بەدەوری مانا و تەئویل و ڕاڤەکردنی ئەم ناوە پڕ نهێنییەدا دەسووڕێنەوە. ئەگەر مەلەکوت لەسەر زەوی بێت کەوابێ شتێکی ئاسایی و بێ

بایەخە و هەربۆیەش جیاوازییەکی نییە لەگەڵ تەواوی دیاردە زەمینییەکانی تردا. ئەگەریش ئاسمانییە کە ئەوە دەستی پێ ڕاناگات و شتێکە نادیار و وەهمی و خەیاڵی کە جگە لە ئاڵۆزی و نیگەرانی، جگە لە گومان و دڵەڕاوکێ دیمەنێکی تر لەناو زەینی مرۆڤدا دروست ناکات. ئەی کەوابێ دڵ بە کام مەلەکوت ببەستێ؟.. ئەمەیە گرێ کوێرەی پڕ نهێنی و پڕ کارەساتی مەلەکوت!

دکتۆر حاتەم و (م.ل) بۆ مەلەکوتێکی تر دەگەڕێن کە بوونی نییە، کە قەت نادۆزرێتەوە، ئەوان بە شوێن ئەم مەلەکوتە نەبووەدان.. نە مەلەکوتی ئاسمان و نە مەلەکوتی زەوی، بەڵکو مەلەکوتێک لە بۆشایی نێوان ئاسمان و زەویدا مەلەکوتێک لەجۆری سێیەم!

* * *

گوناه لە مەلەکوتدا سەرچاوەی هەموو شتەکانە. ئەگەر مەرگ دەوری سەرەکی دەگێڕێ، ئەوە گوناهە کە هانی دەدات، تەواوی ڕووداوەکان لەسەر ژێرخانێکی گوناه هەڵچنراون. مۆتۆڕی بزوێنەری تەواوی کارەساتەکان و مەرگەکان و خوێن ڕشتنەکان گوناهە، تەواوی چارەنووسەکان گوناه دروستیان دەکات. تەواوی ترسەکان و دڵەخورپە و دڵەڕاوکێکان ڕیشەیان لە گوناهدایە. بە کورتی گوناه هەوێنی هەموو وەسوەسە و دەغدەغەکانی مەلەکوتە. ئەویش وەک مەرگ ئامادەییەکی هەمیشەیی و بەردەوامی هەیە، هەروەک مەرگ دیاردەیەکی داسەپاوە. لەدەست هیچیان دەربازبوونێک نییە و بەو جیاوازییەوە کە دروستە مەرگ شتێکی کۆنکرێت و حەتمییە، بەڵام مەرگەکانی ناو مەلەکوت هۆکارەکەیان گوناهە، بەڵکو گوناهیش شتێکە کە ناتوانین لە دەستی ڕاکەین، هەر دەبێ بێن بە تووشییەوە، بەواتایەکی تر گوناهە کە مەرگ بەرهەم دێنێت. ئەوە گوناهە کە مەرگ دەکاتە چارەنووس، جا گوناه چ بە شێوەی ڕاستەقینە و چ بەشێوەی مەجازی، یان ئەزەلی، لەهەر حاڵدا گوناهێکی داسەپاوە. زۆربەی کەسایەتییەکان خۆیان هەست بەو تووش بوونە دەکەن. تەنانەت (م.ل) خۆی بە سەرەوەر و ڕچەشکێنی تەواوی گوناهباران دەزانێت.

ساقی بەهۆی گوناهەوە دەکوژرێت، کوڕەکەی (م.ل) بەهۆی گوناهەوە لەناو دەچێت، شکۆ بەهۆی گوناهەوە زمانی دەبڕدرێت، باقی کەسانی تریش تووشی گوناهێکی ئەزەلی، یان مەجازی، یانیش خۆنەویست دەبن، کە ئەو بارودۆخەیان بۆ پێش دێت. هەڵبەت بەو جیاوازییەوە کە گوناهی ئەزەلی ئەوان لەشێوەی باوی ناو دەقە کۆنەکان نییە، بەڵکو ڕواڵەت و شێوەیەکی ئەمرۆیی هەیە، گوناهێکی مەجازی و مۆدێرنە، گوناهێکە کە خۆیان نازانن چۆن تووشی دێن. تاوانێکە بەبێ ویستی خۆیان.

ئەمجارە ئەگەر لە ڕەهەندێکی ترەوە گوناهی مەلەکوت بخوێنینەوە، یان لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری ئەو دیاردەیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە یەکەم گوناهی یارانی ناو باخ (گوناهی ئەزەلی) گوناهێکی خۆنەویستە. ئەگەر ئادەم بە وشیارییەکی تەواوەوە، واتە بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە، دەستی دایە گوناه، ئەوە خاوەن باخ (ئاغای موەدەت) بەبێ ئیرادە و ویستی خۆی تووشی گوناه دێت، ئادەم بە ئاگاییەکی تەواوەوە گوناهی کرد، هەر بۆیەش بەناچار لە بەهەشت دەرکرا، بەڵام ئاغای موەدەت بێ ئاگا تووشی گوناه دەبێت و لە ڕواڵەتیشدا بە ویستی خۆی باخ بەجێ دێڵێت. واتە گوناهی یەکەمی ئاغای موەدەت تەواو بەپێچەوانەی یەکەمین گوناهی ئادەمەوەیە.

مەبەست ئەوەیە ئەگەر ڕەوتی چوونی ئاغای موەدەت لە باخەوە بۆ شار بە دەرکرانی ئادەم لە بەهەشتەوە بۆ زەوی بشوبهێنین، دەبینین کە دوو دیاردەی تەواو لێک جیاواز و بەپێچەوانەی یەکن. (هەڵبەت دەتوانین ئەم وێک چواندنە بۆ کۆچی (م.ل)یش لە کۆشکەوە بەرەو ئەو ژوورەی کە دکتۆر حاتەم بۆی ئامادە کردووە، بەکاربهێنین، چونکە ئەم سەفەرەش ماهیەتێکی لەو شێوەیەی هەیە کە ئەمە خۆی دیسان بابەتێکی جیاوازە و دەبێ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.)

لە ڕاستیدا ماڵ و پانسیۆنەکەی دکتۆر حاتەم- بەتایبەت ئەو ژوورەی کە بۆ «م.ل»ی ئامادە کردووە- هێما و وێنەیەکە لەدنیای مادی و ئەم گۆی زەوییە و دارودەستەی ئاغای موەدەت و هەروەها (م.ل) نوێنەرایەتی دوو گرووپی مرۆڤی جیاواز دەکەن، کە هەردوو گرووپ بەبێ ویستی خۆیان ڕاپێچی ئەم جیهانە، یان ماڵی دکتۆر حاتەم دەکرێن و هیچ کامیشیان چارەیەکی دیکەیان نییە، جگە لەوەی کە ئەو ڕێیە بگرنە بەر. جیاوازی ئەو دوو گرووپەش تەنیا لە بواری مەعریفەدایە، چونکە (م.ل) خاوەن مەعریفەیە و لەبۆچی و چۆنیەتی هاتنی بۆ ماڵی دکتۆر حاتەم، واتە ئەم جیهانە دەکۆڵێتەوە و بیر دەکاتەوە، هەر ئەمەشە کە ڕەنج و ئازاری دەروونی بۆ دێنێتە بەرهەم. مرۆڤ بۆ ئەوەی کە خۆش بژیت دەبێ بیر لەهیچ نەکاتەوە- نووسراوەکەی سەر ماڵی دکتۆر حاتەم ئاماژەیەکە بەم پرسە، بەڵام دارودەستەی ئاغای موەدەت توانایی بیرکردنەوە لەو (بۆچی و لەبەرچی) و ئەم بابەتەیان نییە. کۆشکی (م.ل) و باخی ئاغای موەدەتیش هێماو وێنەیەکن لە

بەهەشتی مەجازی، یان جیهانی پێش بوون، چونکە مرۆڤ تا پێ نەنێتە ئەم جیهانەوە هەست بە ئازار و ڕەنج ناکات، یان هەر بوونێکی نییە تا هەست بەو دیاردانە بکات. لێرەدا تەنیا شتێک کە ئەو دوو تاقمە بەیەکەوە دەبەستێتەوە چارەنووسی دواجاریانە، یان بە واتەیەکی تر مەرگە، چونکە مرۆڤ لەم جیهانەدا چ خاوەن مەعریفە بێت، یان نەبێت یەک چارەنووسی هەیە کــە ئەویش مەرگە..!

داروودەستەی ئاغای موەددەت هەر کە لەناو باخەوە ڕوو دەکەنە شار، دووچاری سزایەکی داسەپاو و ترسناک دەبنەوە. ئەوان لە ڕاستیدا هیچ گوناهێکی ئەوتۆیان نەکردووە کە سزایەکی لەو شێوە قورسیان بەسەردا بسەپێت. تاوانی ئەوان تەنیا هاتنە بۆ ناو شار، کە هێما و وێنەی مۆدێرنەیە. کەوابێ تەنیا گوناهی ئەوان هاتنە بۆ ناو جیهانی مۆدێرن. ئەوان نازانن بۆ وایان بەسەر دێت، هەڵبەت دەبێ گوناهێکیان کردبێ، بەڵام گوناهی ئەوان گوناهێکی مەجازی و نادیارە. واتە شێوەیەکی عەینی بەخۆوە ناگرێت، بەڵکو ماهیەتێکی زەینی و ناوەکی هەیە. گوناهی ئەوان چارەنووسی مرۆڤی ئەمرۆکەیە، چارەنووسی مرۆڤی مۆدێرنە.

هەروەک گوتمان ئادەم بەخواستی خۆی- بۆ وەدەست هێنانی مەعریفە- تووشی گوناه بوو، بەڵام جنۆکە بەبێ ویست و ئاگای ئاغای موەددەت دەچێتە ناخییەوە. ئەگەر شەیتان ئادەمی هەڵفریواند بۆ ئەنجامدانی گوناه ئەوە شەیتان موەددەت ناچار دەکات گوناه بکات.. ئەمانە هەموو شێوەی مەجازی بوون و بێ ئیرادەیی گوناهی یەکەمی مەلەکوت دەخەنەبەڕوو.

* * *

لە تەواوی مەلەکوتدا، مەعریفە ئاوێتە لەگەڵ گوناهە. واتە مەعریفە گوناهی بەشوێندا دێت. لە هەر شوێنێکدا کەسایەتییەکان دەبنە خاوەن مەعریفە، گوناهێک ئاستەنگیان دەگرێت و سزای ئەو گوناهەش دەچێژن.. دکتۆر حاتەم خۆی هەڵگری مەعریفەیە- ئەویش مەعریفەیەکی پتەو- بۆیە دووچاری ئەو چارەنووسە ڕەشەیە (م.ل) بە هەمان شێوە، ئەو هێمایەکە لە مەعریفەیەکی هەمەلایەنە، هەر بۆیەش زۆرترین سزا و تاوانەکان دەکەونە ئەستۆی ئەو. ئەو هەڵگری زۆرترین باری گوناهە، تەنانەت خۆی بە سەروەر و ڕچەشکێنی تەواوی گوناهکاران دەزانێت. کەسانی ناو باخ ئەگەر خاوەنی مەعریفەیەکی ئەوتۆ نین، ئەوە ژیانێکی ئاسایی و بێ گوناه تێپەڕ دەکەن، بەڵام هەرکە لە مەعریفە نزیک دەبنەوە گیرۆدەی ئەو چارەنووسە ڕەشە و ئەو چەرمەسەری و بەدبەختییە دەبن. کوڕەکەی (م.ل) کاتێک لەڕێی دکتۆر حاتەمەوە دەبێت بە خاوەن مەعریفە بەدەستی باوکی دەکوژرێت. شکۆ کاتێک لە کوژرانی کوڕەکەی (م.ل) ئاگادار دەبێتەوە زمانی لە قورگەوە دەبڕێت، تەنانەت دکتۆر حاتەم خۆی جەخت لەسەر مەسەلەی مەعریفە دەکات، ئەو بەسەر دەرگای پانسیۆنەکەیەوە تابلۆیەکی هەڵواسیوە کە گوایە هەرکەس خاوەن مەعریفەیە نابێ بێتە ژوورەوە. ئەمە خۆی ئاگادارکردنەوەیەکە لەو چارەنووسە ڕەشەی کە مەعریفە تووشی مرۆڤی دەکات. لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو ئەو گوناهی ئەزەلییە بەبیری مرۆڤدا دێننەوە، ئەو گوناهەی کە یەکەم جار بەشەر تووشی هات و بۆ هەمیشە لە ئەستۆی نەبووەوە، واتە گوناهی یەکەمین، گوناهێک لەبەر خاتری وەدەست خستنی مەعریفە!

(م.ل) خۆی دەزانێ کە هەڵگری مەعریفەیە و دەشزانێ کە ئەم خاوەن بوونە لەگەڵ گوناهدا ئاوێتەیە، هەربۆیەش دەیەوێ ئەم تایبەتمەندییە لە خۆی بسڕێتەوە، دەیەوێ ئەم مەعریفەیە فڕێ بدات تەنیا بۆ ئەوەی لەگوناه دوور بکەوێتەوە. ئەو دەیەوێت فەرامۆش بکات. تەواوی هەوڵ و تەقەللای بۆ وەدەست هێنانی ئەم تایبەتمەندییەیە. واتە بۆ دوورخستنەوەی مەعریفە و وەدەستهێنانی فەرامۆشی، تەنانەت ئەگەر بە نرخی لەدەستدانی ئەندامەکانی تەواو بێت، چونکە لای وایە فەرامۆشی پاکی دەکاتەوە و دەیباتەوە بۆ شوێنی یەکەم، بۆ ئەو شوێنەی کە ونی کردووە، بۆ سەردەمی پاکی و بێ خەوشی و بێ تاوانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە هەر هەوڵ و تەقەللایەکی بۆ فەرامۆش کردن بێهوودە و بێ ئاکامە، چونکە مەعریفە شتێک نییە کە لەدەستی ڕابکەیت، شتێکە لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک دەبێت و دەبێ سزای بوونەکەشی بچێژێت.

(م.ل) زمانی شکۆ لە قورگەوە دەردەهێنێت بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە مەعریفە بڵاونەبێتەوە، گوێی خۆی و کوڕەکەی دەبڕێت بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە مەعریفە بڵاونەبێتەوە، یان خۆیان نەبن بە خاوەن مەعریفە. تەواوی ئەمانەش بۆ ڕاکردنە لە حەقیقەت، بۆ ئەوەیە کە ماهییەتی حەقیقەتی بۆ ئاشکرا نەبێت، چونکە حەقیقەت دەقاودەق مەعریفەیە بەمانای ڕاستەقینەی. ئەو خۆی بە شکۆ دەڵێ: «من تۆم نەپلیشاند، من تۆم لاڵ کرد.» واتە (م.ل) نایەوێ حەقیقەت بکوژێ، بەڵکو دەیەوێ بێ دەنگی بکات بۆ ئەوەی لەبیر خۆی بباتەوە و فەرامۆشی بکات. بەواتایەکی تر مەبەستی ئەو کوشتنی حەقیقەت نییە، بەڵکو داپۆشین و شاردنەوەی ئەو دیاردەیە، چونکە

حەقیقەت شتێک نییە لە ناو بچێت.

بەڵام لێرەدا پارادۆکسێک، یان بڵێین هەڵەیەکی بە ئانقەست و سەیر هەیە، کە ئەویش وەزمان هاتنی شکۆیە کاتێک سەفەری ڕۆژئاوا دەست پێدەکەن و شکۆ لە ناو کالیسکە تاریکەکەدا بەرانبەر بە (م.ل) دانیشتووە، ئەو وەزمان دێت و دەڵێ: «م.ل.، تۆ منت پلیشاند.» لەکاتێکدا دەزانین کە شکۆ پێش سەفەری ڕۆژئاوا زمانی لە قورگەوە دەرهاتووە. ئەی کە وایە ئەوە کێیە دێتە زمان. وێدەچێ ئەم پارادۆکسە، یان ئەم ناکۆکییە زمانییە تەنیا لەبەر ئەمە هاتبێت کە (م.ل) بڵێ من حەقیقەت ناکوژم، بەڵکو تەنیا دایدەپۆشم و بێ دەنگی دەکەم، چونکە حەقیقەت تاڵە و پڕ مەترسی، مەعریفە دیاردەیەکە گوناهاوی.

* * *

ژن لە مەلەکوتدا پێگەیەکی هەمیشەیی و هەمەلایەنە و سەیری هەیە و دەبێتە هۆی ڕوودانی زۆر لە ڕووداوەکان. واتە زۆربەی کارەساتەکان ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕیشەیان لە ژندایە. پێوەندی نێوان مەلەکوتی ژن و مەلەکوتی ئاسمان پێوەندییەکی بە ئانقەست و سەیرە کە دەتوانین بڵێین مەلەکوتی ژن دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە مەلەکوتی ئاسمان، بەو مانایە کە ئەگەر ژن نەبوایە کەسەکان بیریان لەئاسمان نەدەکردەوە.

فەرمانبەرە گەنجەکە بەهۆی ژنەوەیە کە خاوەنی ئەو جۆرە ژیانەیە، دکتۆر حاتەم بەهۆی بێ بەشی لە ژنەکە خاوەنی ئەو جۆرە جیهانبینی و بۆچوونەیە و هەوێنی ئاکار و کردەوەکانیشی لەو مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرێت. دایکی (م.ل) کاردانەوەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەری لەژیانی (م.ل)دا هەیە بەجۆرێک کە هەر کردەوە و دژکردەوەیەکی (م.ل) بە زەینییەتی ئەو لە دایکی بەستراوەتەوە.

ئەگەر ژن بووەتە هەوێنی تەواوی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی (م.ل)، ئەوە هەر ژنیشە کە مژدەی ڕزگاری بە ئەو دەدات، چونکە ئەو بە شێوەیەکی زۆر هەستیار هەستی بەژن کردووە. ژن دەبێتە هۆی ڕزگاری و پاکبوونەوەی، هەروەک ئەوەی جارێکی تر لەو ژنە، لە دایک بووبێتەوە. ئەمە لە کاتی وەبیرهاتنەوەی دایکیدا بەجوانی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەم پاکبوونەوەیە تەنیا ڕواڵەتێکی مەجازی هەیە، جگە لە شێوەیەکی خەیاڵی و وەهمی شێوەیەکی ڕاستەقینە بەخۆیەوە ناگرێت، چونکە لە مەلەکوتیشدا- وەک کۆنەهێمای ئادەم و حەوا- ئەوە ژنە دەبێتە هۆی وێران بوون و لەناوچوونی ئادەمیزاد.

بەڵام دەور و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ژن لە مەلەکوتدا پشتگوێ خراوە. دروستە ئەو لە پشت تەواوی ڕووداوەکانەوەیە، بەڵام دەورێکی چالاکی نییە. ئەو خۆی نایەتە گۆ، بەڵکو لەجیاتی قسە دەکەن. زمانی مەلەکوت زمانێکی پیاوانە و تەک ڕەهەندە و تەواوی کەسایەتییەکان بەو زمانە قسە دەکەن، هەربۆیەش ژن لە ڕوانگەیەکی پیاوانەوە پێ دەنێتە ناو ڕووداوەکان. بە دیدێکی پیاوانەوە باسی لێدەکرێت و لە گۆشەنیگای ئەوانەوە هەڵدەسەنگێنرێت، لەبەر ئەو هۆیە، هەرکە دەرفەتی قسەکردنی پێ دەدرێت، ڕەخنە لەو جۆرە دیدە و لەو شێوە ئاخاوتنە و لەو جۆرە زمانە دەگرێت، چونکە دەزانێت زمانەکە زمانێکی پیاوانەیە و ئەو پیاوە کە لە جێی ئەو قسە دەکات. تەنیا لە یەک شوێندایە کە ژن ڕاستەوخۆ دێتە گۆ، ئەویش لە وتووێژی نێوان ساقی و دکتۆر حاتەمدا. ئەو لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ و ڕەخنە لەو زمانە پیاوانەیە دەگرێت کە هەروەک زمانی کتێب وایە و ئیتر لەوێدا لۆژیکی زمانی ڕۆمانەکەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە: «ئێوە هەمیشە وەک کتێبەکان دواون و ئەمشەویش وەک کتێبە باشەکان دەدوێن.»

لەڕاستیدا ئەو سەرەڕای ڕەخنە لەو جۆرە زمانە باوە، لە شوێن و پێگەی خۆشی لە ڕوانگەی ئەو زمانەدا ڕەخنە دەگرێت.

دکتۆر حاتەم لە ژن بێ بەشە، هەر ئەم بێ بەشییە بەدگومانی و بەخیلییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە ژن لە زەینیدا دروست کردووە کە تا سەر ئێسقان ئازاری دەدات. هەروەک چۆن بە ساقی دەڵێت: «ئەگەر تۆ ڕۆژێک تەنانەت هەر بیر لە ئەنجامدانی گوناهیش بکەیتەوە، من کۆتاییم دێت.» هەر ئەم ڕەشبینی و بەدگومانییە لەلای ئەو دەبێتە هۆی ئەوە کە دەست لە ژنی زەوی بشواتەوە و دیمەنێک لە ژنی ئاسمانی لەزەینیدا نەخش ببەستێت. ئەو بۆ گەیشتن بەو ژنە ئاسمانی و خەیاڵییە دەبێ بەتەواوەتی دەست لە ژنی زەوی بشوات و تەنیا ڕێگەش بۆ ئەم مەبەستە لەناوبردنی تەواوی ژنەکانی دەوروبەریەتی، ئەمەیە ڕازی ژن کوشتنی دکتۆر حاتەم.

دیمەنی ژنی ئاسمانی و خەیاڵی لە زەینی (م.ل)یشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی تر، واتە ئەو خاوەنی ئەو ژنە بووە، بەڵام لەدەستی داوە. کە ئەو ژنەش دایکیەتی... دایکی سەرچاوە و هەوێنی هەر جۆرە دیاردەیەکی ژیانی (م.ل) بووە، بەڵام بە لەدەستدانی ئەو هاوکێشەیە، پێکهاتەی ئاسایی ژیانی تێک دەچێت. ئەویش هەڵوەدای دۆزینەوەی دووبارە و سەرلەنوێی ئەو دیمەنەی ژنە، بەڵام بە ئاکامێک ناگات.

ئەگەرچی لە مەلەکوتدا سەرچاوەی تەواوی مەرگەکان گوناهە، ئەوە ژن لە پشت زۆربەی گوناهەکانەوەیە. تەواوی گوناهە بەرچاوەکان ڕیشەیان لەژندایە. دکتۆر حاتەم لەژن بێ بەشە، تاڵترین ئەزموونی تەمەنی (م.ل)یش ژنە کە ئەو دوو کەسە خۆیان خولقێنەری تەواوی مەرگەکان و کارەساتەکانن. دیمەنێک کە دکتۆر حاتەم و (م.ل) لەناو زەینیاندا، لە ژن کێشاویانەتەوە، هاندەری سەرەکییە بۆ تەواوی سەرکێشی و کارەسات و کوشتوبڕەکان.

هۆکاری ژن- ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ- دەبێتە هۆی مەرگی پیاوانی ناو مەلەکوت، چونکە تەنیا یەک کەس چەنەبەری کوشتنی ژنەکان و کەسانی تر دێت کە ئەویش حاتەمە. هۆیەکەشی لەبەر ئەوەیە کە دەستی لە ژن شوشتووە. باقی پیاوانی ناو مەلەکوت وابەستەی ژنن و هەر بۆیەش هەمیشە ڕشتەیەکی پێوەندی لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە کە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی مەرگیان.

لەڕاستیدا یەکێک لە دەغدەغە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانی مەلەکوت ڕاکردنە لە ژنی زەمینی و گەڕانە بە شوێن ژنێکی ئاسمانی و خەیاڵیدا.

* * *

مەلەکوت ڕۆمانێکە سەراسەر لادان، پڕە لەسەرکێشی. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە سەرکێشی هەوێنی ڕۆمانەکەیە. تەواوی کارەسات و کوشتن و برینەکان وێنەیەکی دەقاودەقی سەرکێشین. لەڕاستیدا سەرکێشی ڕەهەندێکی چارەنووسسازە کە کۆتایی بە هەموو شتێک دێنێت. زۆربەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە خاوەنی ئەم سیفەتەن. جگە لە کەسانی ناو باخ (کە دەکرێ هاتنەدەرەوەی ئەوانیش لەناو باخ بەجۆرێک لەسەرکێشی بگرین)، کەسایەتییەکانی تر هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەن. هەر لە (م.ل) و دکتۆر حاتەمەوە بگرە تا دەگاتە شکۆ و دایک و باوکی و ساقی و کوڕەکەی (م.ل).

(م.ل) سەرکێشترین کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەیە. ئەو سەرەڕای ئەو هەموو سووتاندن و کاولکاری و کوشتن و خوێن ڕێژییە، ئەم جارە بەرەو رووی خۆی دەبێتەوە، چونکە سوکنایی نایەت. کوشتن و ئازاردانی ئەوانی تر تێری ناکەن، ئەو هەستە هەڵچووەی دانامرکێننەوە. هەربۆیەش بەردەبێتە گیانی خۆی. سەرکێشی ئەو لە قرتاندنی ئەندامەکانی خۆیدا وێنەیەکی دەقاودەقە لەم وتەیەی ئەلبێر کامو کە: «مرۆڤ تەنیا مەخلوقێکە کە نایەوێ ببێت بە ئەوەی کە هەیە».

ئەگەر سەرکێشی (م.ل) لە سەرووی هەموانەوەیە، ئەوە سەرکێشی دکتۆر حاتەم زاڵترینە، چونکە (م.ل)یش بە دەستی ئەو لەناو دەچێت، بەڵام ترۆپکی سەرکێشی دکتۆر حاتەم لەکوشتنی ساقیدایە، چونکە تا ئەو جێیەی کە دکتۆر حاتەم ئاگادارە، ساقی بە ئەمەگترین و وەفادارترین کەسێک بووە، کە تووشی هاتووە. ئەو لەبەر خاتری دکتۆر حاتەم دەستی لە هەموو شتێک شوشتووە، بەڵام دکتۆر حاتەم لە ئەوپەڕی دڵڕەقی و خوێن ساردیدا دەیکوژێت. دواتر کە خیانەتی ساقی بۆ دەردەکەوێت، سەرکێشی دکتۆر حاتەم دەگاتە دوا ترۆپکی خۆی و بۆیەش بە مردوویی دیسان جارێکی تر ساقی دەخنکێنێتەوە.

لەڕاستیدا، هەر لێرەدا ئەو دوو کەسایەتییە جیاوازی دکتۆر حاتەم کە یەکیان خودی دکتۆر حاتەمە و یەکیشیان شەیتان، بەتەواوی خۆ دەردەخەن (هەروەک خۆی ئاماژەی پێدەکات). لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دکتۆر حاتەم لە سەرکێشیدا زاڵترین کەسایەتی ناو مەلەکوتە، کاولکاری و کوشت و بڕی ئەو تەنیا بۆ ئەوەیە کە بڵێ: «من سەرکێشی دەکەم، کەواتە هەم.»

* * *

«لە دایک بوونێکی دووبارە»، یان «لە دایک بوونەوە» تەوەرێکی تری مەلەکوتە کە لەوێدا بە «هەستانەوە» ناوی لێ دەبرێت.

ئەم دەستەواژەیە یەکەم جار لەلایەن «ویلیام جەیمزی»ی دەروونناسی گەورەی ئەمریکاوە هاتە ئاراوە. ئەو لە کتێبی «جۆرەکانی ئەزموونی ئایینی»دا شێوەکانی ئەم قەیرانە دەروونییە و چۆنیەتی ئەو ئاڵوگۆڕە لەناکاوە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دواتر «ڤیگۆتسکی» دەروونناسی رووسی ئەم تەوەرەی لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا شی کردەوە. بۆ وێنە ئەو لە وتارێکدا بەناوونیشانی «دەروونناسی تراژیدیا» ئەم بابەتە لەهاملێتی شەکسپیردا شرۆڤە دەکات.

لەدایکبوونەوە مەبەست لەئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە کە سەرەتا لە ناهۆشیاری مرۆڤدا پێکدێت و دواتر لە بەشی هۆشیار و ئاگای زەیندا خۆ دەردەخات. دەرکەوتەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە بە شێوەی هەڵوێستی چاوەڕوان نەکراو و بڕیاری کتوپڕ خۆ دەردەخەن. هەروەها دەرکەوتەیەکی تری ئەم قەیرانە، تاقیکردنەوە و هەست بە دیتنی دنیایەکی دیکەیە لەلایەن ئەو کەسەوە، یان باس کردن لە دیاردەگەلێک کە پێوەندییان بە جیهانێکی جیاوازە لەم جیهانە هەیە.

لەڕاستیدا کەسێک کە ئەم حاڵەتەی دووەمی بەسەردادێت (حاڵەتی جیهانێکی دیکە) وێدەچێ

کەسێکی نەخۆش بێت، نەخۆشێکی دەروونی، چونکە پێکهاتەی ئاسایی و سروشتی جیهانی لەلا تێک دەچێت و هەربۆیەش بیر لە ئەگەری هەبوونی جیهانێکی دیکە دەکاتەوە. هەروەها ئەم ئەزموونە دەکرێ حاڵەتێکی عیرفانی بێت کە لەو کەسەدا شکڵ دەگرێت و دواتریش دەرکەوتەکانی بەشێوەی حاڵەتی دەروونی چاوەڕوان نەکراو بەرجەستە دەبنەوە.

هەروەک گوتمان ئەم دیاردەیە زۆرتر لەدوای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی دەروونی، یان ڕوودانی کارەساتێک لەناو ناخی مرۆڤدا، دێتە بەرهەم.

لەدایکبوونەوە لەمەلەکوتدا، بە ڕاشکاوی تەنیا لە (م.ل)دا بەرچاو دەکەوێت. ئەو لە پڕتاو ئەم حاڵەتەی بەسەردا دێت. دەروونی ئاڵوگۆڕ دەبێت و سەرەتا حاڵەتێکی بێ تەفاوەتی سەبارەت بە هەموو شتێک تێیدا شێوە دەگرێت، تەنانەت هیچ کینەیەک سەبارەت بە دکتۆر حاتەم لەدڵیدا نامێنێتەوە. ئەوخۆی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ناکاو ئەو حاڵەتەی بەسەردا هاتووە، بەڵام هەر دوابەدوای ئەوەش دەڵێ کە دوێ شەو خەونێکی خۆشی بینیوە، بەڵام باس لە چۆنیەتی خەونەکە ناکات. لەراستییدا ئەو خەونە یەکێکە لە جۆرەکانی ئەزموونی ئایینی بەر ئاماژەی ویلیام جەیمز. واتە سەرەتای هەستانەوەی (م.ل)، دیتنی ئەو خەونە، یان تەجرەبەکردنی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە. ئاڵوگۆڕێک کە لە ناهۆشیاری (م.ل)دا ڕوودەدات دەبێتە هۆی پێکهاتنی قەیرانێکی دەروونی کە ئاکامەکەی هەستانەوە و لە دایکبوونەوەیەکی نوێیە. لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا (م.ل) بە وردی ڕووداوەکانی ناو زەینی ناهۆشیاری خۆی دەگەڕێتەوە کە ئاماژە بەم حاڵەتەیە. ئەم دیاردەیە تەواوی بۆچوون و هەڵوێستی (م.ل) دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لەناکاو تەواوی بڕیارەکانی ئەو بەلایەکی تردا دەسووڕێن. تەنانەت ئەم قەیرانە کار دەکاتە سەر جیهانبینی ئەو، وادەکات لەدەلاقەیەکی ترەوە سەیری جیهان بکات. دەیەوێ بەشێوەیەکی تر ژیان دەست پێ بکاتەوە و پێ بنێت بەسەر تەواوی ڕابردووی و ئەو شتانەی کە تا ئێستا تێیاندا ژیاوە.

ئەم هەستانەوەی (م.ل) وەک دیاردەیەکی پۆزەتیڤ دێتە بەرچاو، بەڵام کاردانەوەیەکی نێگەتیڤیشی هەیە کە ئەویش زاڵبوونی دکتۆر حاتەمە بەسەر «م.ل»دا، چونکە ئەو تا ئەو کاتە دکتۆر حاتەمی بە چۆکدا هێنابوو، بەڵام هەرکە هەستانەوە لەودا ڕوودەدات، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کەسەکانی تردا نامێنێ و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی شکست و هەرەسهێنانی ئەو بەرانبەر بە دکتۆر حاتەم.

لەڕاستییدا (م.ل) کاتێک باسی جیهانێکی تر و ئەزموونی لەو جۆرە دەکات، وێدەچێ دووچاری ئەزموونێکی عیرفانی بووبێت. هەربۆیەش (م.ل) لەوێدا کەسێکە تەواو میتافیزیکییانە بیر دەکاتەوە. ڕەنگە هۆی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش ڕیشەی لە بێزاربوونی ئەو لەشتە زەمینییەکاندا بێت. ئەم دۆخەی زەینی (م.ل) لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا زۆر بە وردی خۆدەردەخات، چونکە لە بنەڕەتدا ناهۆشیار خۆی ماهییەتێکی میتافیزیکییانەی هەیە. بەواتایەکی تر بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە بە باشترین شێوە ئەم ڕەهەندەی زەینی ناوشیاری (م.ل)دەخاتە ڕوو. مەبەست ڕەهەندی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئەندێشەی ئەودا و ئەزموونی جیهانێکی جیاواز و میتافیزیکییانەیە.. لەوە بەدوا تەواوی ئاکار و کردەوەکانی ئەو، هەستانەوەیە ڕێبەرایەتییان دەکات. واتە قەیرانێکی دەروونی ئەو بەرەو ئەندێشە و بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکییانە ڕێنوێنی دەکات.

بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی «هەستانەوە»، یان «لەدایکبوونەوە» لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، دەبێ سەرەتا ئامادەیی ئەو قەیرانە لە مرۆڤدا دروست ببێت. (م.ل)یش بەهۆی ئەو خەوەوە کە دیویەتی- یان قەیرانی ناو زەینی ناهۆشیاری- ئەو بارودۆخەی بۆ ڕەخساوە. هەستانەوەی (م.ل)، ئاڵوگۆڕی هاملێت بەبیردا دێنێتەوە پاش ئەوەی کە لەگەڵ تارماییەکەدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە. هاملێت دوای ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە هەم لە ڕوحیدا و هەم لە جەستەیدا دووچاری ئاڵوگۆڕ دەبێت. (م.ل)یش دروست ئەو حاڵەتەی بۆ پێش دێت. ئەو لەلایەکەوە دەیەوێ ژیانێکی ئاسایی دەست پێ بکاتەوە تەواو بەپێچەوانەی ژیانی چل ساڵەی ڕابردووی، واتە زەمینەی ئەم جۆرە ژیانە لە ڕوحیدا دەڕەخسێت. لەلایەکی تریشەوە لە قرتاندنی دەستی ڕاستی پاشگەز دەبێتەوە کە ئەمە خۆی جۆرێک ئاڵوگۆڕە کە بەسەر جەستەیدا دێت.

بەدیوێکی تردا، پێش هەموو شتێک مەلەکوت تراژیدیایە، ڕەوتی ڕووداوەکان ڕەوتێکی تراژیدی ئاسایە. تراژیدیای ڕۆچوون و هەرەسهێنانی ئادەمیزاد، چونکە تراژیدیا خۆی جۆرێکە لە ئایین، یان جۆرێکە لە ئەزموونی ئایینی، ئایینی مەرگ! کەسایەتییەکان وەک دۆخێکی کۆنکرێت و نەگۆڕ بڕوایان بەم ئایینە هەیە. دروست هەر ئەم ڕەوتەش لە هاملێتدا دێتە بەرچاو.

هەڵبەت لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی چاوەڕوان نەکراو لەناخی فەرمانبەرە گەنجەکەدا سەر هەڵدەدات کە تەواو بەپێچەوانەی بڕیارەکەی (م. ل)

دەیەوێ ژیانێکی ئاسایی وەک ژیانی فەرمانبەرە لاوەکە بگرێتە بەر، ئەوە فەرمانبەرەکە دروست دەیەوێ چارەنووسێکی وەک «م.ل»ی هەبێت. واتە دەیەوێ ڕاستەوخۆ و بێ سێ و دوو بەرەو ڕووی مەرگ ببێتەوە. ئەو دەیەوێ تەنانەت ئەگەر ئەوەی (م.ل) لە کۆتاییدا ئارەزووی دەکات، پێی ببەخشنەوە، دەستی لێ بەربدات و هەر لە یەکەم دەرفەتدا بەرەو مەرگ بچێت.

دکتۆر حاتەمیش لەو ئالوگۆڕە بێبەری نییە، بەڵام نەک بەو کتوپڕی و حەز و تاسەیەی کە لە (م.ل)دا هەیە. ئەو پێش کوشتنی ساقی باس لە ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی دەکات کە بڕیارە لە ژیانیدا (ژیانی خۆی و ساقی) پێکی بێنێت. ژیانێکی نوێ کە تەواو لەژیانی چەندین ساڵەی پێشووی جیاوازە. ژیانێکی ئاسایی. وێدەچێ ئەم ئیدیعایەی دکتۆر حاتەم تەشەر، یان گاڵتەیەک زیاتر نەبێت، بەڵام هەر ئەمە ئاماژەیەکە بەوە کە زەینی دکتۆر حاتەمیش دەرگیری ئەو حەز و خولیایەیە.

هەڵبەت ئەو جۆرە بڕیارانەی دکتۆر حاتەم و فەرمانبەرەکە دوورن لەو ئەزموونەی (م.ل)، هەر ئەمەش خاڵی جیاوازی نێوان (م.ل) و ئەوانی ترە، بەتایبەت جیاوازیی لەگەڵ دکتۆر حاتەم.

* * *

تەوەرێکی سەرەکی زۆربەی چیرۆکەکانی سادقی، قەیرانی ناسنامەیە. ناسنامەیەکی تاکەکەسی کە کەسایەتییەکان لە دەستیان داوە. ئەوان خاوەنی هیچ ناسنامەیەکی خۆیان نین، بە واتەیەکی تر خۆیان دۆڕاندووە. وێکچوون، یان وەک یەکبوون، نەبوونی سیمایەکی تایبەت، دەرکەوتەکانی ئەو دیاردەیەن.لە ڕاستیدا واقعیەتی ڕۆژانەی کەسەکان و گیرۆدەبوونیان بەژیانێکی بێ ئاکامەوە هەموو هۆکارن بۆ ئەو پرسە. کەسێک کە وێنەی خۆی نەناسێتەوە لەڕاستیدا خۆی ناناسێتەوە، لە واقیعدا خۆی ون کردووە و ناسنامەی خۆی لەبیر چووەتەوە. سادقی بەشوێن ئەوەوە نییە کە هۆکارەکانی ئەم خۆلەبیرکردنە بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەو تەنیا واقیعەکە دەخاتە ڕوو.

فەرامۆش کردنی خود دەردێکی کوشندە و هەمەگیری ناو جیهانی چیرۆکەکانی سادقییە. نەخۆشییەکی کوشندەیە کە دەرمانێکی بۆ دەستنیشان ناکرێت. هەموو ئاگاداری ئەم نەخۆشییەن، هەر بۆیەش هیچ نائاسایی نایەتە بەرچاو و ئیتر کەسیش بیر لە چارەسەرکردنی ناکاتەوە.

بەرچاوترین وێنە بۆ ئەم بێ ناسنامەییە، یان فەرامۆش کردنی ناسنامە، چیرۆکی «گلۆڵەی ئاڵۆز»ە. کە لەودا کابرایەک دەچێ بۆ وەرگرتنەوەی وێنەکانی بۆ ستۆدیۆ، وێنەکانی خۆی ناناسێتەوە. ئەم دەردە تەنانەت کابرای خاوەن ستۆدیۆش دەتەنێتەوە تا کار دەگاتە شوێنێک کە لەناو وێنەی بینا و شتی لەو جۆرەدا بۆ وێنەی کابرا دەگەڕێن. دواتر ئەم قەیرانە ئاڵۆزتر دەبێت و کابرا بۆ وەرگرتنەوەی وێنەکانی ڕوو دەکاتە ستۆدیۆیەکی تر و ئیتر ئەم هەڵخولانە بێ ئاکامە، یان دەورە باتڵ و بێهوودەیە هەروا بەردەوامە و هیچ ئاکامێکی نییە.

مرۆڤ کاتێک ناسنامەی خۆی بدۆڕێنێت ئیتر دەستگرەیەکی تر نامێنێتەوە کە خۆی پێوە هەڵواسێت، هەربۆیەش مەرگ وەک تەنیا ڕێگەچارە بەدی دەکرێت. واتە مەرگ بەرهەمهێن و دروستکەری ناسنامەیەکی تر دەبێت. بەکورتی بێ ناسنامەیی لە چیرۆکەکانی سادقیدا زەمینەساز و ڕێ خۆشکەرە بۆ قەیرانێکی تر کە ئەویش مەرگە! هەروەها لە زۆربەی چیرۆکەکانی سادقیدا تەنزێکی توند بەرچاو دەکەوێت.

تەنزی سادقی تەنزێکە تاڵ و ڕەش، تەنزێک نییە کە تەنیا خوێنەر بخاتە پێکەنین، بەڵکو ئەو لەو ڕێیەوە خوێنەر دەخاتە تێفکرین و ڕامان. ئەو بەو کارە گاڵتە دەکات بە تەواوی شتەکانی جیهان. لەپشت ئەو تەنزە پێکەنیناوییەی سادقییەوە گریانێکی نادیار خۆی حەشار داوە کە خوێنەری چالاک دەتوانێ هەستی پێ بکات. تەنزی سادقی کۆمیدیا نییە، بەڵکو تراژیدیایە، تراژیدیایەکی پێکەنیناوی.

تەنز بە ڕواڵەت مرۆڤ وەپێکەنین دەخات، بەڵام لە پشت ئەم پێکەنینەوە ڕاستییەک هەیە کە پێکەنین لە ناخی مرۆڤدا بنەبڕ دەکات. تەنزی ڕەشیش تەنزێکە کە لەڕێی پێکەنینەوە مرۆڤ لە ڕەشایی و واقیعیەتە کوشندە و ترسێنەرەکان ئاگادار دەکاتەوە. تەنزی سادقی لەو جۆرەیە نەک لە جۆری ئاوەکی و ڕۆژنامەیی کە تەنیا بۆ گاڵتە و سەرقاڵی خوێنەرە.

تەنزی سادقی تەنانەت بیانوویەکە بۆ مەرگ، بۆ ئەوەی مەرگ ئاسایی بێتە بەرچاو. شێوەیەکی کاریکاتۆری و پێکەنیناوییە لەواقیعیەتی ئەو دیاردەیە.

دیمەنی جیهان ئەوەندە بەلای سادقییەوە گاڵتەجاڕانەیە کە لە مەلەکوتدا تەنیا یەک شت بە شتێکی موتڵەق و کۆنکرێت دادەنێ، تەنیا یەک شت هەیە کە دەکرێ یەقینت لێی هەبێت ئەویش کێشی جەستەی تەواوی خەڵکانی دنیا هەمیشە سابت و نەگۆڕە. ئەمەش تەنزێکە کە مەبەستی جگە لە بەگاڵتەگرتنی بارودۆخی جیهان شتێکی تر نییە، بە واتەیەکی تر مەبەستی دەرخستنی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کاریکاتۆری جیهانە.

باس لەسەر مەلەکوت زۆر تەوەری دیکە دەگرێتە خۆی. بەتایبەت کە فارسەکان خۆیان شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنووسیوە، چونکە مەلەکوت لەو ڕۆمانانەیە کە بۆ خوێندنەوە، زۆر تەوەری تر هەڵدەگرێت وەک: نیشانەناسی- خوێندنەوەی دەروونشیکارانە- ڕەهەندی دەروونناسانەی ئەفسانە- کەسایەتیناسی- نیهێلیسم- مەرگ و زۆر بابەتی دیکە کە هەریەکەیان کاری ڕەخنەگرێکی شارەزا و پرۆفیشناڵە.

ئەمانە هەموو بابەتی گرنگن بۆ خوێندنەوەی ڕەهەندەکانی تری مەلەکوت، بەڵام لەم نێوەدا ڕەهەندی نیشانەناسی لە مەلەکوتدا زۆر بەهێزترە لە ڕەهەندەکانی تر. بەتایبەت کە ڕۆمانەکە پڕ لەناو و ژمارە و شوێن و هێما و سەمبۆل و نیشانە و شتی تایبەتە کە نووسەر بە ئانقەست بەکاری هێناون و هەریەکە بۆ گەیاندنی مانا و تەئویلی تایبەت هاتوونەتە ئاراوە.

* * *

بەڵام مەلەکوت لەزمانی نووسەرەوە:

سادقی لەوتوویژێکدا بەم جۆرە باس لە مەلەکوت دەکات: «چیرۆکی مەلەکوت چیرۆکێکی سەمبۆلیکە. هەربۆیەش هەر خوێنەرێک بەپێی دەرک و تێگەیشتنی خۆی، دەتوانێ هەڵسەنگاندنێکی جیاوازی لێی هەبێت،.. خوێنەر هەر لە سەرەتاوە کە دەست دەکات بە خوێندنەوەی مەلەکوت، کەسەکان و ڕووداوەکان دەکاتە هێما و سەمبۆلی شتێک، یان کەسێک... لەمەلەکوتدا هەموو شتەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە تاکو ڕواڵەت و شکڵی ڕاستەقینەی خۆیان دەربخەن.

...

ئەمانە (کەسایەتییەکانی ناو مەلەکوت) هەمیشە دەگەنە ئاستێک لە پووچی کە بەڕاست هەست دەکەن ناتوانن قەناعەت بەخۆیان بێنن. ئەمە شتێک بووە لەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان خۆم و ژیانی خۆمدا هەبووە، سەرچاوەی گرتووە. دەڵێن کاتێک «بۆچی»، «لەبەرچی» بوو بە پرسیار، ئیتر هەموو شتێک کۆتایی دێت، من کەسێکی ئاواهیم، بەکۆمەڵێک نیشانەی پرسیارەوە.

من هەمیشە لەناو ڕۆخی خۆمدا لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا سەرگەردانم. لایەنێک ئەم ئومێدە کە شایەد بکرێت چاکە و عەدالەت دەستەبەر بکەیت، شایەد بکرێت کۆمەڵگایەک دروست بکەیت کە بکرێ لەناویدا بژیت، بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەمانەدا ژیان پووچە، بێ ئامانجە و کۆتایی دێت، بەڵام ڕوون نییە بۆ؟

لەگەڵ ئەمەشدا شایەد بکرێت هەر ئەم بێ ئامانجی و هەر ئەم پووچییە چاکسازی (نەشتەرگەری) بکەیت، بەڵام لایەنەکەی، تریش خۆی سەرنجڕاکێشە».

ئەم دوایین وتەی نووسەر چارەنووسی سیزیف بە یاد دێنێتەوە. سیزیف دەزانێ کە تەواوی ئەم هەوڵ و تەقەللایانە بۆ سەرخستنی بەردەکە شتێکی بێ ئاکام و پووچە، لەولاشەوە لایەنێکی تر هەیە کە دەکرێ هەر ئەوە ببێتە هۆی درێژەدانی ژیان، ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەم هەموو ماندووبوون و تەقەللا بێهوودەیە، لەدرێژایی ڕێدا هەندێک جوانی دێنە بەرچاو کە دەکرێ دڵیان پێ ببەستی. واتە لە بەستێنی ئەو پووچی و بۆشاییە موتڵەقەدا هەندێک جوانی بەرچاو دەکەون کە هەر ئەوانە بەسن بۆ ئەوەی درێژە بەو کارە بەردەوام و هەمیشەیی و بێ ئاکامە بدات..

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە مەلەکوت بە شەو دەست پێدەکات و بە سپێدە کۆتایی دێت.

**پاییزی ٨٥ (٢٠٠٦)**

# هەر بابەتە و ئاوڕێک
# (چاپەمەنی ئەدەبی منداڵان)

**سەدرەدین نوورەدین ئەبوبەکر**

**(٢ – ٢)**

دابەشکردنی تەمەنی منداڵان بە سەر قۆناغەکانی فێربوون:

«هەرچەندە سەردەمی منداڵی بۆخۆی سەردەمێکی سەربەخۆیە، بەڵام قۆناغی خۆیشی هەیە، تایبەتمەندی و توانا و پێداویستی منداڵ لە قۆناغێکی منداڵییەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێن. پسپۆڕانی بواری منداڵناسی، تەمەنی منداڵیان کردووە بە پێوەر و پێوانەی تەقریبی بۆ ئەو قۆناغە جیاوازانە، چوار قۆناغیان دیاری کردووە:

١- قۆناغی یەکەم: (٠-٧ ساڵان).
٢- قۆناغی دووەم: (٦-٨ ساڵان).
٣- قۆناغی سێیەم: (٨-١٢ ساڵان).
٤- قۆناغی چوارەم: (١٢- ١٧ ساڵان)(٢٩).»

١- قۆناغی منداڵانی تەمەن (١-٥) ساڵان(٣٠): بە قۆناغی ڕیالیزمی خەیاڵی سنووردار ناودەبرێت، لەم تەمەنەدا هێشتا کاتی ڕابردوو و داهاتوو لە یادگەی منداڵدا شوێنی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵکو تەنیا ئەو کاتەی تێیدا دەژیەت، ئەو دەبینێت.

لە ژینگە تەسکەکەی خۆیەوە لە کەسانی دەوروبەریەوە، دایک بە پلەی یەکەم، دواتریش باوک و ئەندامانی خێزانەکەی و منداڵانی هاوژووری و کەسانی دایەنگەو باخچەی منداڵانەوە شتی هەمەجۆر فێر دەبێت، «زۆر گرنگە باوک لەم قۆناغەدا ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ بنوێنێت».(٣١)

منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنییەوە شلکە نەمامە، دەڵەمەی نەمەییەوە، مێشکی پەڕەی سپییە و هیچی لەسەر تۆمارنەکراوە، چۆن پەروەردە دەکرێت؟ دایک و باوک و دەوروبەر چ کاریگەرییەکیان لە دروستبوونی کەسایەتییەکەی دەبێ؟

منداڵ لەو تەمەنەدا پتر حەزی لە بزێوی و لاسایی کردنەوە و پرسیار و تاقی کردنەوەی ڕاستەوخۆیە، وردە وردە دەوروبەرەکەی فراوانتر دەبێت و لە قاڵبی کۆمەڵگەکەیدا دەمەیەت، بۆیە لە سەرەتاوە پلە بە پلە وا ڕادەهێندرێت کە ئەویش دەبێتە تاکێکی ناو کۆمەڵگەکەی «لە سنووری کۆمەڵگەدا ئازادی بە منداڵ بدرێت»(٣٢)

لە ڕشتەی مرواری خوالێخۆشبوو (سەجادی)دا کەوتە بەرچاوم: کوڕێک خەتەنە دەکەن، کچێکی منداڵ دەکاتە گرین. دەڵێنە کچۆڵەکە: بۆ دەگریت؟ خۆ تۆیان خەتەنە نەکردووە؟ کچە: ئاخر بۆ منی تیژ دەکەن. ئەمە نوکتەی تەمەنداڕانە بە بۆچوونی هەرزەکاران و بە زمانی منداڵان گوتراوە.

لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەدا، بە زمان و بۆچوونی منداڵی دڵ و دەروون پاک و بێ باک بینراوە:

کوڕێکی چوار ساڵان خەتەنەکراوە، ڕۆژانە کە برینەکەیان بۆ بە هەتوان دەهەنووی، خوشکە دوو ساڵییەکەی، بێجامەکەی دادەکەندو دەیکردە گرین، داوای دەکرد کە هەتووان لە هینەکەی ئەویش بسوون.

کچۆڵەیەکی چوار ساڵان داوای پانتۆڵی کرد، باوکی پێی گوت: کچم پانتۆڵ جلی کوڕانەیە. کچە: باوکە منیش دەبمە کوڕ! ئەوەیە ناخی ڕاستەقینەی منداڵ.

منداڵ لە میانی ویستی خۆی و یاریکردن و زمانی ئاژەڵان و جووڵە و نواندنەوە باشتر پەلکێش دەکرێت، لەم دیدەوە بیرۆکەکان بە ئاسانی لە چاو و گوێ و هەستەکانی دیکەیەوە دەگەنە بیر و هۆشی منداڵ و جێگەی خۆیان دەکەنەوەو دەچەسپێن، سەرنجی منداڵ وردەو هەستی ناسکە و بیری تیژەو بینی کورتە.

٢- کۆمەڵەی تەمەن (٦-٨) ساڵان: قۆناغی ئەندیشەیی.

٣- کۆمەڵەی تەمەن (٩- ١٢) ساڵان: قۆناغی پاڵەوانیەتی.

٤- کۆمەڵەی تەمەن (١٣-١٥) ساڵان: قۆناغی نموونەیی.

دواتر پتر لە بارەی سێ قۆناغی چوونە خوێندنگە دەدوێین.

لە زنجیرەی چیادا کە چیرۆکی منداڵانە چاپ دەکات، دابەشکردنی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵانی بەپێی بەرهەمە چاپکراوەکانی کردۆتە:

١- کۆمەڵەی تەمەن ١-٥ ساڵان، :چیرۆکی ژمارە (دە) «ڕامان ددانی دێشی»، (١٩٩٧).

٢- کۆمەڵەی تەمەن ٥-٩ ساڵان : چیرۆکی ژمارە بیست «ڕامان خەوی لێ ناکەوێ».

٣- کۆمەڵەی تەمەن ٩-١٣ ساڵان: چیرۆکی ژمارە ١٨ «هەستەکان».

ئەم دابەشکردنانە پتر بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو دەگونجان، کە سی دی و کەناڵی ئاسمانی و فیلمی کارتۆنی، بگرە تەلەفزیۆن و نواندنیش نەبوو، یان دەگمەن بوو، بەڵام ئێستا سەردەمێکی ترە. کات و شوێن و کۆمەڵگە، بگرە گرووپەکانی تەمەنیش، لەم بوارەدا ڕۆڵی پێشانیان نەماوە. زنجیرە فیلمی کارتۆنی و فیلمی منداڵانەو سیدی و ڤیدیۆ و ئینتەرنێت و سەتەلایت، زۆر



سنووریان وەلاناوە و جیهانیان بچووک کردۆتەوە.

منداڵ لە تەمەنی٤-٦ ساڵی دەنێردرێتە باخچەی ساوایان. ئەگەر لە تەمەنی شەش ساڵیش بچێتە خوێندنگە، ئەوە لە ساڵانی (٧، ٨، ٩) تەمەنیدا پۆلەکانی (١و٢و٣)ی سەرەتایی دەبڕێت.

کە منداڵێک لە تەمەنی شەش ساڵی دەچێتە خوێندنگە، هەموو منداڵەکان لە ڕۆژی یەکەمی سەرەتای ساڵ لە ١/١ بە یەکەوە لە دایک نەبوونە، تا بە شەش ساڵی پڕ، بێ زیاد و کەم بچنە پۆلی یەکەمی بنچینەیی، هەن بە تەمەنی شەش ساڵی، ئیدیکە هەن بە شەش ساڵی و دە مانگی دەچن. لە هەمان کاتیشدا منداڵ تا کۆتایی پۆلی یەکەم فێری خوێندنەوەو ناسینی سەرجەم پیتەکان نابێت، چ جای خوێندنەوە!.

منداڵ هەیە بە تەمەن حەوت ساڵانە، بەڵام بە بیرو بەهرە لە منداڵی دە ساڵان وریاو زیرەک و باخۆشترە، یان دە ساڵییەک لە حەوت ساڵییەک، کەم تواناو بێ هۆشترە. (زانایان ٦٠٪ توانای فێربوون دەخەنە ئەستۆی هۆکاری بۆماوەیی، ٤٠٪ بە ژینگەیی دەزانن.

کەواتە کاتێک باسی قۆناغەکانی تەمەن دەکرێت، هەر وەک لە باسکردنی چوونە خوێندگە و ڕۆڵی هۆکارەکاندا هاتووە، ئەگەرەکان هەمان شتن و ئەویش دەگرنەوە.

دوو منداڵی هاوتەمەن، ئەگەر لەیەک خێزان و لە یەک ڕەگەز و لە یەک خوێندنگەو یەک ژینگەی سروشتی و یەک کۆمەڵگە بن، هەرگیز توانای بیرو بۆچوونیان ١٠٠٪ وەک یەک نابێت، چ جای هاتنە سەری هۆکارەکانی بۆماوەیی و ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی. کەواتە دابەشکردنی ئاستی هۆشیاری و

تەرخــــانکردنی ئەدەبی منداڵان، بە پێی ســــاڵ و قـۆناغـەکانی تەمـەن، ئەنجامێکی ڕەهای نییـە، بەڵکو ڕێژەیی و نزیک خستنەوەیەکی تێکڕاییە.

ئەگـەر منداڵێک بە شـەش سـاڵی و شـەش مـانگی بچێتە خوێندنگە، ئەوە لە تەمەنی حەوت ساڵی و شەش مانگی دەچێتە پۆلی دووەم، ساڵێک دواتر دەچێتە پۆلی سێیەم و لە تەمەنی نۆ ساڵی و شەش مانگیدا کۆتایی بە پۆلی سێیەم دێنێت و پێ دەنێتە پۆلی چوارەم.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە: گەشەی جەستـەیی بیـرو هۆشی منداڵ کتوپڕ نییە، تا بە ڕۆژ و شەوێک لەیەکدی جـیـابکرێتـەوە،«لە پڕێک نابێــتـە کـوڕێک.» هزری منداڵێک لە دوایین ڕۆژی تەمەنی هەشت ساڵی و ڕۆژی یەکەمی سەرەتایی تەمەنی نۆ ساڵی وەک گۆڕانی ژمارەی ساڵی تەمەن ناگۆڕێت.

ڕەنگە لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی ئێمە، ئەگەر ئەدەبی نووسراوی منداڵان بۆ سێ قۆناغی تەمەن تەرخان بکرێت لەوانەیە نەگونجاو نەبێت:

**یەکـەم:** بۆ منداڵانی تەمـەن ٧-٩ سـاڵان.( کـە لە تەمـەنی شـەش سـاڵان بچێـتـە خـوێندنگە، هەرچەندە ئەمەیان بە پێی کات و شوێن و کۆمەڵگە کەمێک ژێرو ژوورتری تێــدایە) بە پێی بەرنامــەی خــوێندنگە لە پۆلەکانی (١و٢ و ٣)ی بنەڕەتی بە گشتی منداڵ فێری نووسین و خوێندنەوە دەکرێت، لە پۆلی یەکەمدا وشەکانی وانەکانی سووک و بە ژمارە کەمن، بە ئاسانی گۆدەکرێن و بە گـەورەییش دەنووسـرێن. لە پۆلی دووەمـدا، وشـە درێژتر و ڕســتــەو پەڕەگـرافــەکـان زۆرتر و قــەوارەی نووسینیان بچووکتر دەکرێتەوە، لە پۆلی سێیەمدا هەمان گـۆڕانکاری سـاڵی پێشـتـر زیاتر دەکـرێت. ئەم قـۆناغـە پڕیەتی لە بیرکردنەوە و خەیاڵگێڕان.

بۆ پـتـر وردکـرنەوەی ئەم قـۆناغـە، دەڕوانینە کـتـێـبی «ئەلف و بێی نوێ » ، دانانی زاناو پسـپـۆڕ و بلیـمـەتی کورد:خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەمین باڵدار)

هەر لە سـەرەتای دەسـتـپـێـکی کـتـێـبـەکەوە، لاپەڕە بە لاپەڕەو هەفـتـە بە هەفـتـەی خـوێندنی وشـەکـان زۆرتر و درێژتر و لەقـەوارەی نووسـیندا بچـووکـتـر دەبنەوە. ئەگـەر بەراوردێک لە نێوان سـەرەتای کـتـێبـەکە (دار دار ، دار دارا) و کـۆتاییـەکەی: نیگارەکـانی نێـرگـز (ل٧٧-٧٨) (بزن و گورگ)، (کە لە بزنۆکە و گورگۆکەی فـۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە) بکەین، ئەوە جیـاوازییەکە لە مـیـانی تەمەنی سـاڵێکدا بە ڕوونی دەبینین. چیرۆکی (گورگ و بزن)ی لە کـۆتایی سـاڵی یەکـەم و سـەرەتای پۆلی دووەم داناوە. وەک ئەوەی بڵـێت ئەم بابەتە بۆ پۆلی یەکـەم و پۆلی دووەمی بنچینەیی لەبارە. بۆ ئاسانکاریش زۆرینەی چیرۆکەکەی کرتاندووە. تا پتر بۆ ئەم دوو پۆلە بگونجێت، ئەگـینا هێندە درێژەو وشـەی هەمــەجـۆری تێـدایە، بۆ پۆلەکـانی ١- ٦ بنەڕەتی دەسـتـدەدات. هەر بۆیەشە کە تاکـو ئێـسـتـا ، چەندین و چەندین لێـژنەی تایبـەتمەندی بوارەکە بەسەر کتێبەکەدا چوونەتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە گۆڕانکارییـەکی ئەوتۆی تێدا بکەن، کە لە بەرهەمەکەی بەهەشتی لەبارتر بێت.

لە سـەر داوای هەندێک مـامۆسـتـا و سـەرپەرشـتـیـاری قۆناغەکە (بە بیانوی ئەوەی: کەمایەتییە، مامۆستا بە بەر چاوی منداڵانەوە وەک ســەگ بڵـــێـت: وەو وەو) وشـەکـانی (وەو وەو)یان لە وانەی زەردە زەردە وا ڕاوە، لاداوە. دەپرسین: بۆ ئاساییـە، مـامـۆسـتـا بڵێ:«مـیـاو میاو، باع باع، قغ قغ، قـوو ققـوو، قاقبـە قـاقـبە، ویس ویس، جیک جیـک...»!؟ بۆ مەزن و دووربین و دەروون نـاســێـکی وەک «باڵدار»، (وەو وەو)ی بە نـاشــیـــرین نەزانیوە؟

ئەو بە ناخ و دەروونی منداڵی ئەم تـەمـەنەدا ڕۆچووە و زانیـویەتی منداڵ بە بیسـتـنی دەنگی گـیـانداران شـاد دەبێت و حەز بە لاساییان دەکات، تەمەنەکەیشی پڕیەتی لە دڵپـاکی و سادەیی، لە لای منداڵ، وەک کـۆمـەڵگەی سـەردەمـێک و ناوچەیەکی داخراو، جیـاوازی لە نێـوان گیانداران (مریشک و قەلەڕەش، کتک و کسۆک و کەر و کەو)دا نییە.

ئافەرین بۆ ئەو مامۆستا و سەرپەرشتیارە دڵسۆزانەی کـە بە نەرمـونیـانی و پشـوودرێژی، بە دید و شـێـوازی لەبارەوە مێشکی زارۆکان بە شتی سوودبەخش دەئاخنن و بە چاوی نەوەی داهاتوو و جێگرەوەی خۆیان پەروەردەیان دەکەن.

لە نـاوەڕاسـتی شـەسـتـەکـانی سـەدەی ڕابردوو، بەڕێز مـامـۆسـتـای پایەبەرز مـەجـیـد ئاسنگەر، (لە سـەیداوە- هەولێر) بەڕێوەبەری خانەی مامـۆستایان بوو، ئێـمـەیش پاشنیـوەڕۆیان لەهەمـان بینایەدا، لە قۆناغی دواناوەندی دەمـانخـوێند. بەڕێزیان وانەی ئینگلیـزی پێ دەگـوتین، ئەوکات چیرۆکی «شایلۆکە جوو- بازرگانی ڤینیسیا» لە دواناوەندی دەخــوێندرا، بەڕێزیان لەگــەڵ گــوتنەوەی

دەقـەکـە، زۆرباش لاسـایی هەمـوو ئەکـتـەرەکـانی چیرۆکەکەی (بە سەگەکەیشەوە) دەکردەوە، بەم کردارەی چێژێکی خۆش و هۆکارێکی چاکی فێرکردنی دەخستە نێو وانەکەوە. کە تاکو ئێستاش لە یادگەم ماوە، چونکە ئەوەی بەو نواندن و دەمـە لاسکەکـردنەوەیە فـێـربووم، هەرگـیـز بە خـوێندنەوەو وانە گـوتنەوەی ڕووت فـێـری نەبووم.

ئێـسـتـا سـەردەمی نووسـینی چیـرۆک، بە شـێـوازە کلاسیکییـەکەی هەر بۆ خوێندنەوە، یان گێڕانەوەی بەر ئاگردان نەماوە. هەنووکە لە سەرتاسەری جیهاندا، ڕۆڵی پیـشـاندانی چیـرۆکی منداڵان بە وێنە، گـفـتـوگـۆی ڕاستـەوخۆ، نواندن و فـیلم و سی دی... کاریگەر و پڕ سـوود و باوترە. ئەوەی من لە پاییـزی سـاڵی ٢٠٠٨ لە ئیتاڵیا و نەمسا و ئەڵەمانیا و هۆڵەندا بینیم، وەک لە وێنەکـــانیش دەکـــەونە بەرچاو، وێڕای شـــێـــوە کـلاسیکییـەکـانی خـۆمـان، چیـرۆکی منداڵانیـان لەسـەر کاغەزی ڕەق و ئەستوور و قەوارە گەورە و نیمچە دارین چاپکراوە، لە هەمان کـاتیـشـدا بە وێنەی سـەرنجکێش و بزێو ڕازاندرابووەوە، زۆر بابەتی فـێـرکـردنی منداڵان سی دی لەگەڵدایە. پێـویسـتـە ئێـمـەش سوود لە ئەزمـوونی گەلان و تەکنۆلۆژیای سەردەم وەربگرین.

**دووەم:** بۆ کۆمەڵەی ١٠ - ١٢ ساڵان: پۆلی (٤-٦) سەرەتایی، لەم قۆناغـەدا وێڕای فێربوونی خوێندنەوەو بە ڕەوانی و نووسین بە خێرایی، منداڵ فێری خوێندنەوە بۆ تێگەیشتن و گوتنەوەو ڕاڤەکردن و دارشتنیش دەبێت. لە کــۆتایی ئەم قـــۆناغـــەدا هۆش و بالای منداڵ بەرەو قۆناغێکی دیکەی زۆر دیار بالا دەکات.

هەن لەتەمـــەنی (١٠ - ١٢) ســـاڵی بە دواوە بە تەمـــەنی هەرزەیی دادەنێن، لە تەمـــەنی ١٥، ١٦، ١٧ ساڵیش کۆتایی بە قۆناغەکە دێنن.

**سێـیـەم:** مێـردمنداڵان ( هەرزەکاران، نەوجـەوانان) ١٣-١٧ ساڵانە. کە ئیدی پێ دەنێتە قۆناغی جحێڵی و پشت بەخـۆ بەسـتنەوە، لە خـوێندنگەکـانیـشـدا پرۆگرامەکانیان بە شێوەیەکە کەسایەتی خوێندکار پتر مەبییـوە. لە زۆر شتدا بە هاندان و ڕێنماییەکی ئاسایی هەنگاوی باش دەنێت، ڕووەو سـەربەخـۆیی و دەرکـەوتن دەچێت.

بە دەگـمـەن گـۆڤـار و بلاوکـراوەکـانی تایبـەت بە منداڵانمان، ڕەچاوی ئەم قۆناغ و خالانە دەکەن. بە زۆری



بۆ قۆناغی یەکەم دەنووسرێت، ئەویش گەلێک لەگەڵ دوو کـۆمـەڵەکـەی دیکە ناگـونجـێت، یان بۆ کـۆمـەڵەی مـێـردمندالانە، منداڵانی ورد پێک ناکـات. نووسـینی بایەخـدار لەم بوارەدا، ئەوەیە کـە لە بلاوکـراوەیەکی تایبـەتمەند بە کـۆمـەڵەیەکـیـان بوەشـێندرێت، یان بە شێـوازیک دابڕێژرێت کـە لەگـەڵ پتر لە کۆمەڵەیەکـیـان بگونجێت، ئەگینا خەبات و دراوێکی چاک بە خۆڕا لەبار دەچێت.

ئەگـەر بە یەکگرتن و بەراوردێک لە نێـوان گـۆڤـاری منداڵانی خـۆمـان و دەوروبەرمـان و جـیـهـان بکـەین، کـەمـوکـورتییـەکانی خۆمـان باشتـر دەدۆزینەوە، هەوڵی چارەسەرکردنیشی سەرکەوتووتر دەبێت، هەر لە بنەپاڵی خـۆمـانەوە بڕوانینە مـجلة مـاجد الأسبـوعـيـة، ٢٠٠٧ الأمـارات الـعـربـيـة، العـدد ١٥٠١، لە ڕووی قـەوارەو پانتـــایی نووسین و بابـەتی هەمـــەجـــۆر و وێنەکـــان و دیزاینەوە سوودمەند بین.

بە مـەبەسـتی خسـتنە ڕووی بۆچوونەکـان، دەقی چەند چیرۆکێکی ئاست جیاواز، وەک نموونە دەخەینە بەر دیدی بەڕێزان: دەکرێت لە بارەی قـەوارەو ڕوخسـار ناوەڕۆک و بابەتەوە بەراورد بکرێن و بڕیاری دیاریکردنیـــان بۆ قۆناغی گونجاو بدرێت.

**نموونەی یەکەم:**
**خۆشی خۆشاوی دەوێت (٣٣)**

خۆشی، کیژۆڵەیەکی شارنشینە، خرپنەو تێر ئاقڵ و جوان ڕەفتارە.

پاییزێکی درەنگ لەگەڵ دایک و برا بچووکەکەی چوونە ماڵی خاڵیان لە لادێ.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، خۆشی خان لەگەڵ پۆلێک منداڵی خزم و هاوتەمەنانیان، چوونە ناو باخەکانی بەرماڵان، هەناری قەڵشیوی دەنک سوور، بە لکی دارەکانەوە شۆڕ بووبوونەوە. باڵندەی خۆشاواز دەیانچریکاند، سمۆرەی وشتی کلک گڤە، بەسەر کەدی دارانەوە بە دوای یەکدا بازبازێنیان بوو. کیژۆڵەکان، ژێر گەڵێ وەریوەکانی نزیک قەدی دارگوێزەکان گەڕان، هەر یەکەو کۆشێک گوێزیان دۆزییەوە.

شادانی کچەخاڵی خۆشی، بە شادییەوە گوتی: ئەمانە گوێزی سمۆرانن، لە پاییزدا کۆی دەکەنەوەو هەڵیدەگرن، لەزستانی سارد و تووشدا دەیخۆن.

ئێوارەیش لە ماڵەوە، شەوچەرەیان مێوژ و کاکڵە گوێزو شەکرەباوی بوو.

دایەگەورەیان، سرکەی هەناری ترش و دۆشاوی تریی ڕەش و ئاوی زوڵاڵی کانی بۆگرتنەوەو گوتی:

ئەمە خۆشاوی لادێیانە. سرکەو دۆشاو لە پاییزەوە سازدەکەین، لە زستاندا دەیخۆینەوە، سەرو پەرداخیان خواردەوە، چێژی مزرێکی مەزەدار بوو.

خۆشی و شادان هەر یەکەو پەرداخێکی دیکەیشیان نۆشی.

خۆشی گوتییە دایکی: دایە گیان! بچینەوە شاریش من هەر خۆشاوی لادێییانەم دەوێت.

**نموونەی دووەم:**
**دارکونکەرە(٣٤)**

خۆر بە ئاسمانەوە وەک پرتەقاڵێکی نێو کەناری گۆماوێکی شین بوو.

(نمە) خان دەستی (یارۆ)ی برای گرتبوو. بەیەکەوە چوونە ناو باخەکەیان.

شنەیەکی فێنک و بۆنخۆش، شاد و بەدەماخی کردن.

لە نێو لک و چڵی چرپڕی داران، دەنگی باڵندان دەهات.

پشیلەیەکی خرپنی ڕەشبەڵەکیان بینی، خۆی لە نێو گژوگیادا مەڵاس دابوو. بە ئەسپایی، بە ماتە مات، دوو سێ هەنگاو دەچووە پێش و خۆی مات دەکردەوە.

نمە سەری بڵندکرد، بێچووە باڵندەیەک لە کونێکی قەدی دارچنارەکەی بەرامبەری، بە دەمی بەشییەوە، ویسە ویسی بوو.

لەپڕ، فرڕڕ... چک ! تک! باڵندەیەکی ڕەنگین و بزێو، سەر سوور و بەرسنگ زەرد، پشت زەردو سپی و خاڵخاڵ، دەندووک درێژ، وشت و وشیار، لە تەک زارکی کونەکە نیشتەوە.

نمە هاتەوە یادی، داپیرەی دەنگ و ڕەنگ و ئاواز و ڕەفتاری مەلانی دەناسی. پێی گوتبوو: «ئەمەیان باڵندەی دارکونکەرەیە، دەنووک ڕەق و کەللەشەقە، بەڕۆژ ناسرەوێت، هەرخەریکی دەنووک وەشاندن و دارکۆڵینە، بەشەویش لەبەر ئازاری سەرو دەندووکی ناخەوێت.»

باڵندەکە چاوی بەملاو بەولادا گێڕا. کوللەیەکی بۆری مردووو زیکزیکەیەکی سەوزی زیندووی لەنێو دەنووکدا بوو، کوللەکەی خستە نێو دەمە داپچڕاوەکەی نێو هێلانەکەوە.

کوت کوت زیکزیکەکەی دەنووکی لەتوێکڵی دارەکە کوتا، کە بێجووڵەی کرد ئەویشی خستە نێو دەمەکەوە.

بەبازدان و چرنووک گیرکردن و دەندووک وەشاندن، بەدەوری قەدی دارەکەدا سووڕایەوە.

باڵندەکە بە سرکییەوە سێ باز سەرکەوت، دوو باز بەلاری دابەزییەوە.

کوت کوت... خێرا خێرا کەوتە کۆڵینی توێکڵی دارەکە، کرمێکی سپی و قەڵەوی دەرکرد. هاتەوە بەردەمی کونەکە.

سەرو مل و نیوەی سنگی بردە ژوورەوە، هەر جووجەڵە دەم بەشەکەی پێشتری بینییەوە. کرم بەدەندووکەوە سەری کێشایەوە، هەستی ڕاگرت. ڕاما...

دووبارە سەری بەهێلانەکەدا گرتەوە... کچەکەی تێرو پڕو کرە، کوڕەکەیشی بزر و بێ سەروشوێنە.

دارکونکەرەکە بەجریوە جریو: بەر لە ئێستا کاروانێک خواردنم بۆیان هێنا، هەردووکیان دەمیان داپچڕی، یەکەو مێرووم کردە دەنووکیانەوە. گۆڕانییان شنی.

دایکیان لەکوێیە!؟. دایک و کوڕ چییان بەسەرهاتووە؟

(بیری کەوتەوە) کە من بۆ ڕاوە مێروو ڕۆیشتمەوە، دایکییان نێچیر بە دەندووکەوە دەگەڕایەوە!

بەهەستەوە لای لەملاو لەولا کردەوە.

نەختێک لەولاتر، لەژێر پیرە دارتوویەکی پەلوپۆ بڵاو، باڵندەیەکی هاوشێوەی بەجریوە جریوێکی ترسناک و بە فڕینێکی خێرا، بەرز بۆوەو بەپەلەتر دابەزییەوە.

دارکونکەری سەر دارچنارەکە، چریکاندی و بەرەو شوێنی نزم بوونەوەی هاوشێوەی فڕی. بینی کوڕەکەیان کەوتووە و بەپێ ڕۆیشتووە، دایکی بەگریانەوە بەدەوریدا دەخولێتەوە، داوای فریاکەوتن و دەربازکردنی جووجەڵە شەکەتەکەی دەکات.

ئەمە، هەردوو باڵندەی غەمگین و بێ دەسەڵات بینی، خەریکن ڕۆڵەکەیان ببەنەوە نێو هێلانەکەیان .

بێچووەکەیان توانای فڕینی نەبوو، بە ترس و لەرزەوە دەگریا و دەپاڕایەوە جێی نەهێڵن .

باوانی لە شەکەتییان وەستان.

دایکی شینی دابەست.

باوکی بێ چارەی بە ئومێد بڕاوییەوە: بۆ لاساری دەکەیت؟ ڕۆژانە، بەیانی و ئێوارە ئامۆژگاریتان دەکەین: «تاکو باڵنەگرن لەهێلانە دەرنەکەون» ، بەڵام تۆ هەر لاساری دەکەیت !... پێم ناڵێیت ئێستا چی بکەین؟

«باوکەی دڵ توند، بە نابەدڵییەوە هەڵفڕی، بەرزبۆوە، چاوی گێڕا، کتکە خرپنەکەی بینی خۆی دانووساندووە،مگێزی لە بێچووەکەیان خۆش کردووە، خەریکە هێرش بکات، بە بازێک دایکە دەگرێت و هەردووکیان دەخوات، بۆیە بەتیژی دابەزی و چریکاندی و پەلاماری پشیلەکەی دا، ویستی بە دەندووک چاوی بکوڵێت.

گرپە خرپنەش بە تووک گیڤییەوە هەڵستایە سەر هەردوو پەلی دواوەی، کلکی لە شێوەی کوێرەمار جووڵاند، دەمی داپچڕی، کەڵبەی دەرخستن، میاواندی، هەردوو چنگی قژکردنەوەو کردنییە مەتاڵی لووت و چاوی.

لەولایشەوە جووجەڵەکە دەیزیڕاندو داوای فریاکەوتن و ڕزگارکردنی دەکرد.

دایکیشی دەگریاو بە دەوریدا دەسووڕایەوە.

ئەمەو یارۆ، هەردووکیان بەدیاریانەوە حەپەسابوون.

کەبینییان دایکەکەش خۆی ئازا کرد و گەیشتە هاریکاری پیاوەکەی، گەشانەوە.

دوو باڵداری نێر و مێ، بەگوڕ، بێ ترس، لەپاش و لەپێش، بۆ کتکی جوجەڵەخۆر دەچوونە پێش.

خرپنە خەریک بوو ببەزێت، ڕابکات، بەڵام چاوی لە گۆشتی ناسکۆڵەکە بەرنەدەبوو، ویستی بە فرتکەیەک خۆی بگەیەنیتێ و لەبای غارەوە بە قەپێک بیرفێنێت و لەژێر تووتڕکەکان بە کاوەخۆ بیخوات.

ئەمخان زانی دایکەو باوکە بێچووی بێ باڵیان بۆ ناچێتەوە ناو هێلانەکەیانەوە. ئێستاش نەبێت پاش چەند خولەکێکی دیکە، شەو دادێت و خرپنە لرفی دەکات، بۆیە بڕیاری دا بەهانایانەوە بچێت، فریای بێچووەکە بکەوێت، بەڵام بەمەرجێک، ئیدی پەند وەرگرێت و گوێ ڕایەڵ بێت، لەمەودوا بە لاساری و سەرە ڕۆیی، سەرپێچی لە قسەی باوانی نەکات.

لەو چرکەساتەی کە پشیلەکە نیازی بازدانی بوو، ئەمە داربەدەست، هەڵی کوتایە سەری، بە تووڕەیی و دەنگی بەرزەوە تێیڕاخوڕی: ختتە!ختتە! کتکی دڕندە! بێچووی ئەوان بخۆیت، بێچووی تۆش دەخورێتەوە.

* * *

هەرچەندە چیرۆکەکە نەختێک درێژە، وشەی زۆرو درێژیشی تێدایە، بەڵام دەستپێک و خستنەڕوو و کۆتایی: ڕووداوێکی یەک کات و یەک شوێنە، بە بەشداربووانێکی کەم، بۆ یەک مەبەست (لاساری)ی، ئاشکرا، سەرنجی منداڵکێشە.

ئەگەر منداڵەکە هۆشیار بێت، ئەوە دڵسۆزی و هاریکاری یەکدی کردنی دایکەو باوکەیشی لە لا گەڵاڵە دەبێت، چیرۆکەکە پتر بۆ کردنە فیلمی کارتۆن و تەکنۆلۆژیای سەردەم نووسراوە.

## نموونەی سێیەم:

## پلان

دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی سەرەتای مانگی گوڵان. هۆگر تۆپێکی بریسکەداری بەدەستەوە بوو، بەکەیفسازییەوە، بەچووزەڵکاو لۆکەلۆک، بە خۆهەڵدان و شاپ وەشاندن دەڕۆیشت، جارجارە سەیری تۆپەکەی دەکردو بەزەویدا دەدایەوە، کە هەڵدەبەزییەوە، ئەو بە دەستێک دەیگرتەوە.

ناوە ناوە بەدەم گۆرانی گوتنەوە، تۆپەکەی ڕووە و ئاسمان هەڵدەدا و چەند جارێک بەکەللەی لێی دەدا، ئینجا دەیقۆستەوە.

بە دەماخەوە لە دەرگەی ماڵی کەوگری هاوڕێی دا.

دوای چاکوچۆنی، بەگەشانەوەیەکی بێ ئەندازەوە

گوتی:
کاکە کەوگر! بڕوانە ئەم تۆپە نایابە! ئەمە خاڵۆم لە ئەڵەمانیاوە بۆی هێناوم. لەیستۆکی زۆر ژیکەڵەو ژیریشی بۆ هۆزاری خوشکم هێناوە: دایک و کچێکی قژ زەردو چاوشین و گوپن و مۆدەن، بەپیل دەجوولێن، دەڕۆن، برۆ هەڵدەتەکێنن.

کچۆڵەکە دەگری، دایکی ڕایدەژەنێ، بەگۆرانی خۆش ژیری دەکاتەوە، ئەوکات هەردووکیان قا قا پێدەکەنن.

هاتووم، من و تۆ و یارۆ و گارای هاوپۆلمان بەم تۆپە نوێیە، لەم شەقامە بەرینەی بەردەرگەی ئێوە، بەیەکەوە یاری بکەین.

کۆتری خوشکت و نمەخان و گیلاسی خوشکی (گارۆ)ش، بچن لەناو چیمەنی باخەکەمان، لەگەڵ هۆزار و دایک و کچی چاوشین، سواری جۆلانە ببن. چەرەز بکرتێنن، چای بەشیر بخۆنەوە، بە چەپڵەکوتین گۆرانی دایکە چاوشینەکە بلێنەوە... وەی وەی... لێدەو بخۆ!!

کەوگر، بەشادییەوە تۆپەکەی لە هۆگر وەرگرت، سووڕاندی، تێی ڕاما، بەسەرسامییەوە:

بەخوا برا تۆپێکی چاکە، هەرچوار هاوڕێش بەیەکەوە تۆپانێی خۆش دەکەین. غەننەی یارۆ و شووتی بەهێزی گارای دڵگرن.

(بەهێمنییەوە) زۆر سوپاس کاکە هۆگر! ئێمە هاوپۆل و هاوسێ و هاوسۆزی یەکدین، تۆ و خاڵۆت دڵی ئێمەشتان گەش کردەوە، بەڵام کاتەکەمان کاتی وازی نییە، یاریگەو گۆڕەپانی گونجاو شوێنی یارین، نەک کۆڵان و شەقام، ئێستا خەریکبووم وانەکەی مامۆستا ڕاوێژم دەنووسییەوە، بەیانی مامۆستا هۆنراوەی «کار لە کاتی خۆیدا»مان لێ دەپرسێتەوە، ئەرکی وتوویژی ئینگلیزی و ئەزموونی جوگرافیاشمان هەیە، کۆتایی ساڵی خوێندن نزیکە، با بە نمرەی بەرز دەربچین.

چ زوو لەیادت چوو؟! ئەمڕۆ مامۆستا ڕاوێژ چەند کەرەت بایەخی کات و گرنگی پلانی دووپاتکردەوە؟

ئەدی نەیگوت: «کاری لەوەختی، پاشای سەرتەختی... کات لەزێڕ بەهادارترە... کاتی بەفیڕۆدراو بێ کەڵک دەڕوات و ناگەڕێتەوە.

کاتی داهاتوو، نەهاتوو و نادیارە، ئەو چرکەیەی تێیدا دەژین هی خۆتانە، بەخۆڕا بڕوات، گومی بکەیت، دەدۆڕێی؟.»

ئەدی مامۆستا، بە چوار ڕەنگ، لەسەر دەپە سپییەکە، نەینووسی «کات و کاری بێ پلان، وەک هەور و ڕێژنە بارانی چلەی هاوینە» ؟ ماناکەیشی بە درێژی بۆ ڕاڤە نەکردین؟

کاکە هۆگر! باوکیشم ئێوارەی هەینی ڕابردوو، هەمان شتی، گوتی:

«کات بەمفتەدان، کاری بێ کارنامەی دروست و تۆکمە، پێشێلکردنی کات و بەرنامە، مرۆ بێ سەروبەر و بێ دەسکەوت دەکات.»

کەوگر بە موکڕییەوە: کاکە هۆگر! هەنووکە بەپێی پلان، کاتی نووسینەوەم کۆتایی دێت. دەبێ ئەرکی جوگرافیاو ئینگلیزیش ئەنجام بدەم، ئەوکات نۆرەی کاری دەرەوە و ماوەی وازیم دێت. ئێوارەیش سەیری فیلمی سندیبێڵ، پشیلەو مشک دەکەین. دواتر شێو خواردن – «کار لە کاتی خۆیدا» ئەزبەر دەکەم، ماوەیەکیش گەمەو مەشقی کۆمپیووتەرە، ئینجا بە ئاسوودەیی لە کاتی دیاریکراودا دەخەوم، بەیانیش لەکاتی خۆیدا هەڵدەستم.

کەوگر بە جەختکردنەوە: کارنامەی من و کۆتری خوشکم و (نمە) و (یارۆ)ی برای لەیەک دەچن. تێکڕای نمرەکانیشمان نایابن، وێڕای داهاتووی درەوشاوەو ڕێزداری خوێندگە، خۆشەویستی کەسوکار و چاوگەشی گەڕەک و کۆڵانیشین.

هۆگر بە بزێوی و نائارامییەوە: کاکە کەوگر! بە ڕۆژێک چی ڕوودەدات؟ ئێوارە سەیری سندیبێڵ ناکەین، تا درەنگی شەو دەخوێنین، تاکو وانەکان تەواو نەکەین ناخەوین. (بە بێباکییەوە) خۆت دەزانی نمرەکانی من نزمن، لەنیوەیان کەوتووم، یان لەسەر لێوارم، کەچی ناشترسم، تۆیش بە نمرەی زۆرباش و زیرەکی خۆتەوە تۆقیوی.

(بەمۆنی و مووڕییەوە) کەوگر! واز لە دڵڕەقی بێنە، وازییەکەمان تێک مەدە!

(بە نیگەرانی و نیمچە زویرییەوە) دڵمان مەشکێنە، نرخی وەرزش و ڕێزی دۆستایەتیمان مەسووتێنە!...

(بە ڕوو شکێنییەوە) نەویرۆک! تۆ لە مامۆستاو لە ماڵەوە دەترسی! بێ ئەوان ناکارێی ئاویش بخۆیتەوە. بانگی کۆتر بکە، ئەو لە تۆ ئازاترە، پێی بڵێ!... نا... نا.. خۆم بە کۆتری لە کەوگر پیاوتر دەڵێم.

کەوگر: هۆگر گیان ! گوتم ئێمە پەیوەستی پلانی کارو کاتی دیاریکراوین، بەڵێن و کارنامە شکێن نین. وەک دایکم گوتی: «دەبێت داهاتوو ببەینەوە، نەک گەمە

ببەینەوە و دوارۆژ بدۆڕێنین»
بۆ دڵنیایی و ڕێزلێنان و پێزانینت بانگی کۆتر دەکەم.
(سێ چوار هەنگاو بەرەو دەرگای ژوورەوە گەڕایەوە، بەدەنگێکی بەرز: کۆتر! کۆترخان.! )
(هۆگر بە دوای کەوگردا چوو، کە کۆتر دەرگای کردەوە، هۆگر سێ هەنگاو وەپێش کەوگر کەوتبوو، بەبزەوە، تۆپەکەی پیشان دا، ویستی ڕاسپاردەکەی هۆزار و مژدەی بووکەڵە سەیرەکەیش بەکۆتر بڵێت)
کەوگر: کۆتر! هۆگر هاتووە بانگمان دەکات، من لەگەڵ ئەو و هاوڕێیانمان تۆپێن و تۆ و هۆزار و دەستەخوشکانتان بە بووکەشووشەیەکی نوێ و سەیر یاری بکەین.
کۆتر: سوپاسیان دەکەین، بەڵام ئێمە بەپێی پلان هەر کارەو لەکاتی خۆیدا دەکەین. ئەدی کاتژمێرێک لەمەوبەر نەتگوت «ئەمڕۆ مامۆستا ڕاوێژیش وەک باوکم گوتی: کات بەنرخە خۆڕا مەیفەوتێنن» ، هۆگری هاوپۆلت نەیبیست؟ تۆ پلان و کاتنامەی خۆمانی پێبڵێ!
ئەگەر بەرنامەکانیان وەک کارنامەی (نمە) و (یارۆ) لەگەڵ ئەوەی ئێمە گونجا ، خۆشیان ڕێکوپێک و لەبارببوون، ئەوە هەرکاتێک بواری یاری هاوبەشمان هەبوو، دۆستانە یەکدی پێکدەکەین و بەیەکەوە...
ڕێزو سڵاوم بە هۆزارخان ڕابگەیەنە. کۆتر کشایەوە، دەرگاکەی بەڕوویاندا داخست.
هۆگر بە بێنی تەنگ و دەروونی پرکینەوە، چووە دەرەوە. ماوەیەک تەزی. دواتر هەڵچوو. بە گومان و نابەدڵییەوە، بەرەو ماڵی (یارۆ) هەنگاوی گرانی نا ، بەئەسپایی لەدەرگەی دا.
نمەی خوشکی (یارۆ)ش هەمان ڕەفتار و گفتاری کۆتری دووبارە کردەوە.
هۆگر بەپەستییەوە داما ، پیشی خواردەوە.
لەناکاو ڕەنگ و ڕووی هۆگر گەشایەوە.
بەشادییەوە: دۆزیمەوە! ئێ ئێ. هەنووکە زانیم، بۆ ئەوان پلە بەرز و پێشەنگ و لەبەردڵانن!
ئەوان پلانیان هەیەو کات نادۆڕێنن.
ئێمەیش گەمە بەپلان و بە کات دەکەین.
(لەبەر خۆیەوە) چیمان لەوان کەمترە؟
مەرج بێت لەمڕۆوە، هەر لەم خولەکەوە، لا ، لە هەڵەی ڕابردووم بکەمەوەو ، پەندی لێ وەربگرم. بە باوەڕی پتەو و ڕاکردنی پڕ تەوژم و کۆڵنەدانەوە. بە پلان و بە کارنامەی سات و ڕۆژ و ساڵانە، بە کردار و ڕەفتاری شیاو، لە کات و شوێنی خۆیدا، وەپێش پێشەنگەکەیان بکەومەوە.

* * *

لێرەدا چیرۆکەکە پتر پەلوپۆی هاوێشتووە، کات و شوێن و کەسەکان دەگۆڕێن و زۆرتر دەبن، بەڵام لە خستنە ڕووی مەبەست و کردنەوەی گرێچنیەکەیدا ڕەچاوی ئاسانکاری و سەرنجکێشی کراوە .هەروەک لە نموونەی پێشتر ئاماژە کراوە، چیرۆککەلی ئەمڕۆ بە شێوەیەک دەنووسرێن کە شیاوی ئەوەبن بکرێنە فیلمی کارتۆنی و بشخوێندرێنەوە، هەروەها لەگەڵ دوو قۆناغی تەمەنی دیاریکراوی منداڵان و پرۆگرامی خوێندنگەیاندا گەلێک ناکۆک نەبێت.

## نموونەی چوارەم:
## کەنینی تەنیایی

خەندەی خنجیلە، لەسەر سەکۆیەکەی نزیک باخەکەیان، بەتەنیا دانیشتبوو، دەستی ڕاستی خستبووە ژێر چەناگەی.
لەبەرزایی ئاسمانی بان سەرییەوە، ڕەوە قاز و قولنگێ کۆچەری بەڕیز، هێدی هێدی باڵیان دەکوتا. بەگرازە گراز و گۆرانی، بەرەو کوێستان تێدەپەڕین. تا پۆلی باڵندەکان دوورتر دەکەوتنەوە، بچووکتر دەبیندران، کە لە بڕی چاو دەرچوون، لەنێو شینایی ئاسماندا گومبوون.
خەیاڵی خەندەش بوو بە قولینگ و هەڵفڕی. ئاسمانی بێ سنووری تەیکرد.
خەندەخان لە بڵندایییەوە، لە کەلێنی پارچە هەورەکانی ئاسمانەوە، کە (با) جار جارە دەیهەژاندن و دەیگێڕان، دەیڕوانییە گەمییە بار هەڵگرەکانی کەنار دەریاو کەنداوەکان.
زنجیرەی چیاو دۆڵ و دەشتایی و ڕووبارە گەورەو دەریاچەو زەریاکانی دەژمارد.
ناوە ناوە، خەیاڵ و بیرۆکەو دیمەنەکان و مژادو تەنە مژاوییەکانی لە ئاگایی و بێ ئاگاییدا، لێ تێکەڵاو دەبوو، چەند جارێک، لە بانەوە، لە کەلاوڕۆژنەی هەورەکانەوە، دەیڕوانییەوە خڕۆکەی زەوی.
هەرچوار وەرزەی ساڵ (زستان و بەهار و هاوین و پاییز)ی وەک چوار تابلۆی (سپی، سەوز، گەنم ڕەنگ، ئەرخەوانی و خەزان) لە باکوور و ناوەڕاست و باشووری گۆی زەوی، لە یەک کاتدا، لەبەر چاو بوو. لە هەمان

کاتیشدا هەر سێ دۆخی ئاو: هەور (دۆخی گازی)، رووبار و دەریاو زەریاکان (دۆخی شلی)، چیای بەفرینی لە جەمسەری بەستەڵەکی باکووردا دیت، گڕ و دووکەڵی گرکانێکی هەڵچووی بینی، لاپاڵی چیایەک بە بوومەلەرزە ڕۆچووبوو، شەپۆلی تووڕەی ئاوی دەریا، تەپوتۆز و تەپۆڵکەی لمی بیابانەکان نەدەحەجمان.

(خەندە بە نیگەرانییەوە) چاوی لە شارەدێ و ماڵ و خوێندنگە و دایک و باوک و مامۆستا و هاوسێ و هاو پۆل و کەسە جوان و خۆشەویستەکانی گێڕا.

حەزی دەکرد (خانی) برای و نمەو یار و دیاریی دەستەخوشکی، هاودەنگی بن، بەیەکەوە دیمەنە دڵگیرەکان ببینن، تامی ئەم خۆشییە خۆشە بچێژن، بەیەکەوە، پڕ بەدڵ، پێ بکەنن.

لەپڕ، خەندەی تەنیا، پەشۆکا. بەپەرۆشییەوە خێرا خێرا لای کردەوە، ڕاست و چەپ و دواوەی خۆی بەسەرکردەوە! کەس دیارنەبوو! پێشەی دووریشی تا چاو بڕیکات، بێ بارستایی، بێ تارمایی بوو.

چەند کەرەتێکی دیکەیش ئاوڕی بۆ ئەملا و ئەولا دایەوە.

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. بەغەمگینی لەبەرخۆیەوە:

داپیرەم دەیگوت: «پێکەنینی مرۆڤ بەتەنیایی، تێکڕای خۆشی سەرتاپای جیهان لە هەرچوار وەرزی ساڵدا، بێ خۆشەویستی و بێ خۆشەویستان، بزەیەکی بەفرینە، کۆتەڵی خەم و تاپۆی دێوی ڕەشە...»

تارمایی تەنیاییەکی سامدار و خەفەتبار، بوو بە مێردەزمە، دەستی بۆ هەوکی خەندە برد. دووبارە خەندە بینایی بڕییەوە بنبانی ئاسمان و تێی ڕاما.

ئاسمان تاوڵێکی خەڵووزینی پان و بەرین بوو. ڕەشییەکی بریسکەدار، تاریکاییەکی کپ و کڕ، هەر چوار کەناری ڕەشپۆش کردبوو.

ئەستێرە لەنێو تاریکاییەکی خەست، بە سەختی دەیان جریواند. بێ ڕەنگ و بێ بزە بوون.

خەندەخان، رووڕەوی چاوی گۆڕی و سەرەو ژێر ڕامایەوە.

پارچە هەوری سپی گەورە گەورە، پتر لە چیای بەفرین و شاخی سەهۆڵی نێو زەریای بەستەڵەک، کەشتی ناو قووڵایی دەریاکانیان دەکرد.

سێبەری چەندین گەواڵە هەوری چڵکن، نەخشەی کێشوەر و سنووری وڵاتانی لە سەر زەوی دەنواند. پەڵەی دیکەی هەمەجۆر، شێوەی جەنگەڵ و پەیکەری دارو هەڵۆ و وشترمل و تاوسی کلک فش و ئەژدیهای دەم بەش و نەهەنگ و دیناسۆر و مرۆی نیاندرتاڵ و دێوەکانی فیلمە کارتۆنییەکانی دەهێنایەوە یاد.

ترس و تەنیاییەکی تۆقێنەر، خەریک بوو هۆشی هەڵبگوشێ.

ڕوخساری دایە و بابەی هاتەوە بەرچاو، کە پێشتر جارجارە بە کەساسی و ڕووترشییەوە دەیگوت: «من تامی سەختی تەنیاییم چەشتووە، هەر من دەزانم دابڕان لە کەسوکار و دڵخواز و خۆشەویستان چەند تفتوتاڵ و تیژ و هەناوبڕە، تەنیایی سەروسەکوتی گیانکێشە. گیانکێشانە.

شین لەگەڵ گەلی دۆست و دڵگران گەلێک خۆشترە لە کەنینی تەنیایی.

ئایا دەزانن بۆ خۆپەرستان سەرلەبەر نیگەرانن ؟

چونکە ئەوان ئەگەر لەگەڵ خەڵکیشدا بن، دەرگاو دەلاقەی ناخیان داخراوە، کەس ناچێتە دڵیانەوە، هەمیشە بێ یار و یاوەر و تەنیان.

ئاگری تەنیایی دڵ و دەروونی برژاندووین. من لە دوورەوە دەیانناسم: گرژ و مۆن و مووڕەو ڕکن، بیر تاریک و بەرچاو لێڵن، بێ بزەو بێ بەزەیی و بێ بەڵێنن.»

هەر دایەبابەی دەیگوت: «باڵندە دەفڕن، لە بەرزایی ئاسمانەوە دەگەڕێن و دەسووڕێنەوە، گۆرانی بۆ شادی خۆیان و دڵ گەرم کردنی حەزو دۆستان دەچڕن، چاو لە ڕوونی و ڕازاوەیی و شەنگی جیهانی فراوان، لە تاڤگەو کانی و بەهار و پاوان و لێرەوار و باخان دەگێڕن. شوێنێک نادۆزنەوە، شیرین و دڵارامتر لە هێلانەکەی خۆیان، تاکو تێیدا بگیرسێنەوە. ناچار دەگەڕێنەوە، چونکە لەماڵی خۆیان و لە نێو ڕەوەی خۆیان و لە سەر زەوی نەبێت ناحەسێنەوە...»

خەندە: خودا هاوار! هێلانەیەک.! ئارامگەیەک! هاودەنگێک! کەنینی تەنیایی دادم نادات.

دایە گەورەی بەدەنگێکی دایکانەی پڕ سۆزو گەورەییەوە، بە هانایەوە چوو و لە تەنیایی دەرباز کرد، کە بە ئاگای هێنایەوە و بانگی کرد: «خەندۆکە! کچەکەم! ئەمە بۆ وا دۆش داماویت؟ جلەکانیشت نەگۆڕیون. کاتەکە درەنگە، ئێستا بەرخۆلەکان دێنەوە.

* * *

لەم دەقــەدا، ڕەچاوی توانای قــووڵکردنەوەی هزر و وردی لێکدانەوەی بە ســەرهاتی دیار و مــەبەســتی ئاشکراو نا دیار، ڕەوانبــێــژی و تەنکە پەردەپۆشی، دۆزینەوەی ناوک لە نێــو توێکڵ، بەیەکــەوە بەســتنی سەرەداوەکان کراوە.

وەک ئاشکرایە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەقەکە، باسی ئاستەنگی تەنیایی مرۆڤ دەکات، ئینجا تەنیاییەکە بە شوێن و جەستە بێت، یان دابڕان و تەنیـایی بیروهۆش. مـرۆڤ لە ناو کـۆمـەڵگەدا نەژیت، تامی بەختـەوەری و خۆشەویستی ناچێژێت.

لە سـەرکـەوتن و دابەزینی پەیژەکـانی چیـرۆکـەکـە: پێکهـاتەی گـۆی زەوی: زەریا، کێشوەر، چیـاو دەشت و دۆڵ و ڕووبار و دارستـان. دەرکەوتنی ڕۆژ و شەو لە دوو شوێنی جیا لە یەک کاتدا. پەیدابوونی چوار وەرزەی ساڵ لە باکوور و باشووری زەوی. ساردی و تاریکی و تنۆکی و چۆلیی گـەردوونی بێ سنوور، دیارده سروشتییـەکانی وەک گــرکــان و بوومــەلەرزە، ســروشــتی بەدکــار و خۆپەرستان، کە دەروون ئاڵۆز و بیر بۆگەنن، بە ڕوخسار نەخۆش و بە کردار ناسازن... دەکات

ئەمــەیش ڕاهێنانی هەنگاونانە لە قــۆناغی مــێــرد منداڵانیــیـەوە، بەرەو گـەیشتن و جـحـێـڵـی و دۆزینەوەی کەسایەتی بەهێز و پێگەیشتوو.

## ڕێچکە

بیرۆکەکان، بەشێوازێک کە شیاوی فرە چین و فرە توێژ و فرە ناوچە بێت دەربڕاون.

فـرێتی درێژ ڕاچێنراوە، تێـوەرێخی هەمـەڕەنگ و سخ چندراوەو توند کوتراوە.

لەوانەیە تـایبـــــەتمـەندانی بـواری ئـەدبـی منـدڵان بەرهەمـەکـانیـان، قـووڵ و درێژدادڕ و فـرە ڕوو بکەوێـتـە بەرچاو. مـافی خـۆیانە بڵــێن: زۆرینەیان بۆ منداڵانی منداڵ لەبار نین.

وێدەچێت زۆر پابەندی چەندین پێوەری تایبەتی ڕێگرو ڕێچکەی سواو نەبووبن.

وەکـو باوە هێندە ڕەچاوی هەڵبـژاردنی وشـەی سـادەو ڕستـەی ئاوازدار و بیـرۆکـەی زەق و ئامـۆژگـاری ڕووت و ڕاستـەوخـۆ نەکرابێت، گـەلێک لاسایی لە قـاڵبدراوان و ڕاهاتووان نەکـراوەتەوە، کـورت بڕی و جـوان پڕی، ڕەوان دەربڕی، ڕاست و چەپ نەبڕاوە. گـەوگـەوانەیی(٣٥) بە چووزەو نەقـیـزە، گـەلە بەرەو چەقـێنی بێ لەوەڕ و گـەوڕی تەڕو لەڕو گەڕی هەڵنەبڕاوە.

بە نـاسـرکی، بەسـلانی خـۆمـان و ڕامـبـوانی ڕووت و ڕووتپەروەران گوتراوە: ئەگەر گرژو دژو دژڕابن، ئەوە هەر بەزمـانی چاخ و چەرخی ڕۆژ و دەم و سەردەمی ئەوانەوە دەڵێین: «تامی گلۆبالیزمییە، تامی هافی دیموکراسی و ڕیفـۆرم و لیـبـرالی و دیالۆگ و لۆگـۆ و پرەنسـیپ و دۆکیـمـێنتی ئۆریگناڵ و ڕیسـێرکی پیوور و هارمـۆنی و ئایدیای جیهانییە...»

خـۆیان گـوتەنی، ئێـمـەیش سەربەست و ناپەیوەستین، ویستـوومـانە «بوونمان هەبێت»، خوری مـەڕی خـۆمـانە، بەخـڕەکی خـۆمـانە، بۆ ڕیسـی مـافـوور و جـاجم و بەڕەو بەرماڵی کوردەواری بڕێسین.

بەوانەیش کـــە دەگـــاڕێن و بێ ڕاوکـــەی بیـــانـی ناهێلکێن، دەڵێین: با بڕوانـنە «شـــازادە چکۆل»ی (ئەنتـیـوان ئێکزۆپیـری) کە هێشـتـا ئێـمـەمـانان تۆزیمان نەشکاندووە، چونکە لەلای بەڕێز و پایەدارانی بواری نووسـینی کـوردی کە ناوی بیـانیـیـەکی ناودار بکەیتـە «دۆکیومێنت»، ئەوە دەبێتە دوو شەش و قەپات.

بەکـوردی و بەکـورتی فـیلمی کـارتۆنی منداڵان و پیـرەمنداڵان خـراوەتە بەرچاو، بۆ ئەوەی کـە بۆ منداڵانی تەمـەن جیـاجیـاو نەوجەوان و نیـمـچە جحـێـلان، نمایش بکرێت، هەریەکـەو بەپێی ژیری و هۆشیـاری و بۆچوونی خـۆی بۆی بچـێت. ئەگـەریش فـیلمـەکـان دڵگر و پەسند نین، دڵگیـر و پەست مەبن، دڵۆڤان بن «مـانگای بێ دۆ، لەدەرێ خۆ».

**پەراوێزەکان:**

**(٢٩) حەمە کەریم عارف (٢٠٠٨) زارۆکستان، ل٧.**

**(٣٠) چیرۆک و گەشەی منداڵ ، ل ٥.**

**(٣١) جـمـال مـحـمـد شـامی (٢٠٠٥) تربیـة الاولاد تربیـة صحیحة، ص١١.**

**(٣٢) عـومـەر ڕەسـووڵ (١٩٨٥) هونەری وێنەکـێـشـان و پەروەردەی منداڵ.**

**(٣٣) لە ژمارە ١٣١ گۆڤاری هەنگ، ٢٠٠٧، بڵاوبۆتەوە.**

**(٣٤) لە ژمـارە (...) ڕۆژنامـەی خـەبات بڵاوکـراوەتەوە. دەستکاری کراوەتەوە.**

(٣٥) مێشەکەرانە، مێشەگا، کەرمووز.

سەرچاوەکان:

(١) أيمن عبالعزيز جبر (٢٠٠٥) للاذكياء قصص و حكايات للاطفال،عمان، ط ٢ ص ٢٤.

(٢) بيـدبا، (٢٠٠٨) كليلة و دمنة : ترجـمـة عـبـدالله بن المقفع، بيروت، الغلاف، و ص ١٥٢ – ١٥٣.

(٣) جـمـال مـحـمـد شـامي (٢٠٠٥) تربيـة الأولاد تربيـة صحيحة، ص ١١، مكتبة المحمودية، القاهرة.

(٤) كوثر حسين (٢٠٠٧) العربي الصغير، ص ٤٨ ، العدد ١٨٣ مجلة العربي الكويتية.

(٥) مجلة ماجد ، العدد: ١٥٠١، ( ٢٠٠٧) دولة الأمارات العربية المتحدة.

(٦) محمد عطية الأبرشي (١٩٩٩) الأنف العجيب، المكتبة الخضراء للاطفال القاهرة.

(٧) ئەحمەد قادر سەعید (٢٠٠٥) چیرۆک و گەشەی منداڵ، و. رۆشنبیری.زنجیرە (٣٨٥) ، ل ٧٥، سلێمانی.

(٨) بێکەس، دیوانی بێکەس (١٩٨٠) جـووتێک کـۆترو بۆقێک.، چ ٢ ل ١٩٣، چاپخانەی الأدیب، بەغدا.

(٩) جەوهەر مەحموود داراغا (٢٠٠٧). هەزار و یەک شەوە ، سلێمانی.

(١٠) ڕەسـوولی حـەمـزە تۆڤ «داغـسـتـانی من » وەرگـێـرانی عەزیز گەردی. دوو بەرگ.

(١١) زەکی هەناری وەرگێڕان، سەعدی شیرازی گوڵستان.

(١٢) شـــــەرمـین عـــــەبـدوڵڵا ڕوانـدزی ، و: (٢٠٠٨). ڕاسـتگۆیی، زنجـیـرە کـتـێـبی منداڵان، ژ: (٤٨)، ل ١٨ چ ١ هەولێر.

(١٣) عەبدوڵڵا حەمەلاو، و.، (٢٠٠٧) چیـرۆکەکانی بەر لە خەوتن، چ ١ ب ٢: خانەی سمۆرە، ل: ١٠ – ٣٤، ٨٤ – ١٠٨.

(١٤) عـەزیز گـەردی ، وەرگێڕان، چیـرۆکەکانی ئیـزۆپ لەسەر زمانی گیانداران .

(١٥) عومەر ڕەسووڵ (١٩٨٥) هونەری نیگارکێشانی منداڵ و پەروەردەکردنی، بەغدا.

(١٦) محەمەد ساڵح گەلاڵی، و. (٢٠٠٤) کلیلەو دمنە: چ٣ سلێمانی ل١٠٥

(١٧) هەژاری موکریانی (هەژار بۆ کوردستان) چ ٦ ، بلاوگەی هەژار سنندج، ل ٢٥٩

(١٨) ئازاد ، و. قازیێ وەستای، گۆڤاری: سڤۆرە، ژمارە ٩٩ لاپەرە ١٧.

(١٩) ڕێڤـان، و. تەیرێ هودهود، گـۆڤـاری زرێمکۆک، ژ ١٧ (٢٠٠٧) ل ١٢.

(٢٠) ئاوات ئەنوەر، و. ڕێوی و گـورگی برسی، گـۆڤـاری مشکە، ژ ٢٠ (٢٠٠٧) ل ٤

(٢١) غـەریب عـەلی،(٢٠٠٧) «مـەڵ و کـیـسـەڵ» گـۆڤـاری هێلانەی منداڵان، ژ ٩٣ ل ٦-٧ ، ٨-٩، ١٤).

(٢٢) غـەریب عـەلی عـەزیز (٢٠٠٨) هێلانەی منداڵان ژ١٠٢ ل ٣ دەزگای خەبات، هەولێر.

(٢٣) غـەریب عـەلی عـەزیز ئا. «کـەری زێڕین » گـۆڤـاری هێلانەی منداڵان ژ ١٠٢ (٢٠٠٨) ل ٣.

(٢٤) بەرخەکەم. گۆڤار، ژمارە ٧ سالی ٢٠٠٨، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

(٢٥) پەلکە زێڕینە، گۆڤار. بلاوکردنەوەی ڕۆشتبیری یاسایی، ژمارە ٣٨ چ منارە، هەولێر.

(٢٦) پێـشـەنگی منداڵان،گـۆڤـار، پێـشـەنگی منداڵانی کوردستان. ژ ٢٣ (٢٠٠٨) هەولێر.

(٢٧) جگەر گـۆشـەکـان، گـۆڤـار و. ڕۆشنبـیـری، ژ. ١٣٩ (٢٠٠٨) هەولێر.

(٢٨) خەندە، گۆڤار، ژ ٤٥ ( ٢٠٠٨) سلێمانی.

(٢٩) زرێمۆک، گۆڤار، ژمارە: ١٧ (٢٠٠٧)، ل ٨ ، دهۆک.

(٣٠) زرێۆک، گـۆڤـار، دوو هەفـتـەییـە، ژ ٢٣ بارزان – بلێ (٢٠٠٨) هەولێر.

(٣١) ژینوار، گۆڤار، و. ژینگە، ژ٢٠ ( ٢٠٠٨ ) هەولێر.

(٣٢) سەماو باران، گۆڤار، ژ ٤٧,

(٣٣) سڤـۆرە، گۆگار، دەزگای خانی، و. ڕۆشنبـیری ژ. ١١٤ (٢٠٠٨) دهۆک.

(٣٤) کەپر، گۆڤار دەزگای سپیرێز. ژ ٥٦، (٢٠٠٨) دهۆک.

(٣٥) کـۆلارە، گـۆڤـار، درێژە پێـدانی پەرەسـێلکەیە.ژ:٢٤ (٢٠٠٧) سلێمانی.

(٣٦) گـوڵەکـان، گ، سـەنـتـەری لاوان، چەمـچـەمـال ، ژ: ٣١ (٢٠٠٨) چ. ژین/ هەولێر.

(٣٧) گـوڵە گـەنم، گـۆڤـار، سـەنـتـەری خـاتـوو زین، ژ. ٢٥ ( ٢٠٠٧ ) هەولێر.

(٣٨) مـشـکە، گـۆڤـار، دەزگـای ئاراس، ژ. ٣٥ (٢٠٠٩) هەولێر.

(٣٩) منالانی باوەگوڕگوڕ، گ، دەزگای شەفەق، مانگانەیە، ژمارە ٤١ نیسانی ٢٠٠٧ کەرکووک.

(٤٠) مندالانی سـەردەم، گـۆڤـار،دەزگـای سـەردەم، و. ڕۆشنمبیری، ژ:٧، (٢٠٠٧ ل ٣٧) سلێمانی.

(٤١) منداڵانی سـەردەم، گ: ژمـارە ١٧ (٢٠٠٨) ل (١٠، ١١ ، ١٣ ، ٢١) دەزگای سەردەم، سلێمانی.

(٤٢) هەنگ. گـۆڤـار، ژمـارە ١٢٦، ژ. ١٤٧ (٢٠٠٨) و. ڕۆشنبیری، هەولێر.

# هەندێ بیرەوەری ڕۆژنامەگەری و من و ڕامان

مارف خەزنەدار

## بیرەوەری ڕۆژنامەگەری

(١)

ئەوکاتەی لە بەکالۆریای پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەنجی لە هەولێر بۆ قوتابخانەی ئامادەیی دەرچووم، ژیانم لە هەولێر کۆتایی هات و گوێزرامەوە شارانی دیکە. بۆ ماوەی چل ساڵ لە ناوەوەی وڵات لە کەرکووک و کووت و بەغدا پاشان لە وڵاتانی ئەوروپا و باکووری ئەفەریقیا ژیانم بردەسەر. لە هەولێرماڵم نەبوو، ئەگەر بە سەفەر ڕووم بکردایە ئەو شارە دەبووم بە میوانی ماڵی خزمانم.

(٢)

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨ گەڕامەوە هەولێر. ئاگاداریم لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی ئەدەبی و خوێندەواری هەبوو، ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانم دەناسی. داخی گرانم کە پێنج ساڵ لەمەوبەر (عەبدولخالیق مەعرووف) و (محەمەد مەولوود مەم)م بەجێ هێشت بوو ئەم جارەیان کە هاتمەوە نەمابوون، ناچار لەسەر گۆڕەکەیان سڵاوم لێ کردن.

یەکەمین تاقی کردنەوەی ڕۆژنامەگەریم لە دەستەی نووسەران و بەڕێوەبردنی کۆواری «کاروان» بوو. (سەردار میران) و (سیروان بەکر سامی) دەوری گرنگیان لە نزیک بوونەوەم لەم چاپەمەنییەدا هەبوو، وابوو بووم بە ڕاوێژکار و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر. ئەوکاتە (حوسێن ڕەشوانی) مامۆستا و دۆستم بەرپرسی کاروان بوو. ئەگەر ئەم کارە خزمەتی کولتووری کوردی تێدا نەبوایە ڕەنگ هەبوو تکای ئەو برادەرانە قەبووڵ نەکەم. بەم هۆیەوە پێویستە ئەوەش بخەمە ڕوو بۆ کۆبوونەوەکانی کۆوارەکە هەندێ پاداشت (موکافەئە) هەبوو، بەڵام باوەڕ بکەن



محەمەد مەولوود مەم

بەشی کرێی تاکسی نەدەکرد لە هاتوچۆ کردن بۆ نووسینگەی کاروان، ئەوکاتە لە مەڵبەندی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق بوو.

کاروان کۆوارێکی رەنگین بوو. لە رۆژی دامەزراندنییەوە لە هەولێر رووی لەمن نەدەنا بۆی بنووسم. ئەوکاتە من لە بەغدا بووم، پاشان لە ماوەی پێنج ساڵەی ژیانم لە جەزائیر و وڵاتانی دیکەی مەغریبی عەرەبی و وڵاتانی ئەوروپا کاروانم بەدەست دەگەیشت، بەشەوقەوە دەمخوێندەوە. کە لە ساڵی ١٩٨٨ەوە هەولێر بووەوە بە مەڵبەندی ژیانی هەمیشەییم لە رۆژنامە و کۆواری کوردی سلێمانی و بەغداش نزیک بووم. جگە لەوە پێوەندیم بە رۆژنامەگەری بەغداوە هەبوو، ئەوەی بە زمانی عەرەبی، کوردی ئەوێ دەری دەکرد.

لەو رۆژگارەشدا وەکو ئەوانی پێشوو هەندێ سەرئێشەم بۆ پەیدابوو. یەکێک لەوانە (شێرزاد عەبدولڕەحمان) ریپۆرتاجێکی لەگەڵمدا کردبوو، بە زمانی عەرەبی بۆ رۆژنامەی «العراق»، ئەوکاتە ئۆرگانی حزبە کارتۆنییەکە بوو کە دەسەڵاتی بەعس بەناوی «پارتی دیموکراتی کوردستان»ەوە دروستی کردبوو. لە ریپۆرتاجەکەدا لەسەر زمانی من ئەمە هات بوو «کەسانی سیاسی و فەرماندەی سوپا و سەرۆکی دەوڵەتان مێژوو ونیان دەکا، کەچی داهێنەرانی وەکو نووسەر و شاعیر و هونەروەر و زانایان ناویان هەتا هەتایە دەمێنێ...».

ئەمە بووە هۆی ئەوەی سانسۆری بەعس بکەوێتە خۆی، چۆن رۆژنامەی «العراق» رێگەی بە خۆی داوە بیروباوەڕی وا قورس و ناڕاست بڵاو بکاتەوە بەوەی گۆیا مێژوو سیاسییەکی گەورەی وەکو (سەدام حوسێن) دەخاتە پشتگوێ و شاعیرێک و نووسەرێکی زمان نەزان دەبێتە بنێشتە خۆشەی ستایش و پێدا هەڵدان لەسەر لاپەڕەکانیدا.

ئەمە کارێک بوو گێرە شێوێنەکان خەریک بوون داوێک بۆ منی خاوەن قسەکە و بۆ (شێرزاد)ی خاوەن ریپۆرتاجەکە و بۆ رۆژنامەی «العراق» بنێنەوە، کە ئەوەی بڵاوی کردبووەوە. مەسەلەکە گەیشتبووە وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغدا و نووسینگەی قیادەی قەومی حزبی بەعس لە بەغدا. دیار بوو هەندێ کەسی عاقڵیان تێدا بوو، یەکێک لەوانە (عەزمی محەمەد شەفیق ساڵح)ی سکرتێر بوو لە قیادەی قەومی و لە کاتی خۆیدا لەگەڵ من قوتابی بەشی زمانی عەرەبی بوو لە کۆلێژی ئەدەبیات (١٩٥٣-١٩٥٧)، ئەمە بەفریای مەسەلەکە کەوت. بەلایەوە قسەکە ئەم هەموو هەڵڵایە ناهێنێ و ئەوەی من گوتوومە بیروڕایەکی گەلێک بڵاوە و زۆرکەس پێش من گوتوویانە، لەبەر ئەوە نابێ ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە لە نێوەندی رۆشنبیری کوردی و عەرەبی لە عیراقدا، ئیتر مەسەلەکەیان داخست.

(٣)

وەک ئاماژەم بۆ کرد کۆواری «کاروان» لە ساڵی ١٩٨٨ کە من بووم بە راوێژکاری چاپەمەنییەکی دیار و لەبەرچاو، تاکتیک و ستراتیجی روون و ئاشکرا بوو. چوار پێنج لاپەڕەی سەرەتای کۆوارەکە کاربەدەستانی بەعس خۆیان ئامادەیان دەکرد، بە چەشنێک هەندێ جار جۆری کاغەزی ئەم بەشە لەوەی بەشەکانی دیکەی نەدەکرد. بەرانبەر بەوە کۆوارەکە سەربەست بوو، هیچ جۆرە سانسۆرێکی بەسەرەوە نەبوو. دەستەی نووسەران خۆیان سانسۆری خۆیان بوون، هەوڵیان دەدا شتی وا بڵاونەکەنەوە ببێتە هۆی کێشە و گیروگرفت لەنێوان رۆشنبیری کورد و دەسەڵاتی حزبی بەعس، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٨٨-ەوە تا ساڵی راپەڕین ١٩٩١ ژمارەکانی ئەم کۆوارە شاهیدی ئەم بیروڕا و بۆچوونانەی منن، ئیتر ئەم کۆوارە بوو بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پەروەردەکردنی خوێنەر و خوێندەواری کورد و نووسینەوەی هەموو

لایەنێکی ژیانی کورد، بە تایبەتی ژیانی خوێندەواری لە ڕووی ئەدەب و نووسین و داهێنانی هونەری و لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەلایەتییەوە.

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا نووسینم لە کارواندا هەبوو، لەناو نووسینەکانم ئێستا و ئەوساش شانازی بەو وتارەوە دەکەم کە لە بارەی (تۆفیق وەهبی)یەوە نووسیبووم. ئەمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە خوێندەوارانم نزیک ببمەوە، چونکە وشەکانی «کۆنەپەرست» و «بۆرجوازی» و «پیاوی ئینگلیزی»م لە (تۆفیق وەهبی) و گەورە پیاوانی دیکەی کورد دوور دەخستنەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەم کەسانە بێنەوە ناو مێژووی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیری کوردی.

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کاروانەی وتارەکەی تێدا بوو، بۆیان گێڕاینەوە لە سلێمانی زیاتر لە هەزار دانەی دیکەیان لەو ژمارەیە داوا کردووە، چونکە ئەوەی بۆیان چووبوو بە دوو ڕۆژ هەمووی فرۆشرابوو.

زۆر بەختیار بووم بەوەی هاوڕێکانم لەسەرەتادا گلەییان لە من دەکرد کە (تۆفیق وەهبی)م بە مامۆستای خۆم و پیاوچاک داناوە، بەڵام لەپاش ماوەیەک هەموویان ئەوانەی لە پەنجاکاندا بەکردەوەی من ڕازی نەبوون، کەچی لە شەستەکان و حەفتاکاندا ئەوان زیاتر خۆیان لە (تۆفیق وەهبی) نزیک دەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٩١دا کە ڕاپەڕین هەڵسوکەوتی ژیانی کوردی لە هەموو لایەنێکەوە گۆڕی، کۆواری «کاروان» لە هەڕەتی جموجووڵی ڕۆشنبیری بوو. دەسەڵاتی تازە کە وەزیر و جێگری وەزیری بۆ ڕۆشنبیری لە هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی دانا، دەبوو بەسەر هەموو کاروبارێکی ڕۆشنبیری کوردستانی عیراقدا بچێتەوە و گۆڕانی بنچینەیی تێدا بکا.

وەزارەتی تازەی ڕۆشنبیری پاش ڕاپەڕین سوور بوو لەسەر ئەوەی کاروان دابخرێ و ناوی بە کۆتەرەی ئاشێدا بچێ و گوم ببێ، چونکە لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی بەعسی دوابڕاو لەناوەوە بووە! ئەمە کارێکی ناڕەوا بوو، بزر کردنی تەقالیدی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بوو. کۆواری کاروان هی کورد بوو، نەدەبوو دەستی لێ بدرێ، دەبوو وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنیا هەندێ لە ناوەرۆکی بگۆڕێ بۆ ئەوەی ببێ بە وێنەی ڕاستی ڕەنگدانەوەی وەزعی تازەی کورد. بیروڕای کاربەدەستی ڕۆشنبیری ڕەت کرایەوە. دەبوو ناوی کاروان بمێنێ. ئیتر کاربەدەست کە تازە دەستی کردەوە بە چاپ کردنی کۆوارەکە لە ژمارە یەکەوە دەستی پێ کرد، ئەمەش کارێکی ناڕەوا بوو. هەرچۆنێ بێ لەپاش ماوەیەک کە کاروان لە دەست ئەو کەسانە ڕزگاری بوو، گەڕایەوە سەر زنجیرەی ژمارە کۆنەکانی لەسەرەتای دروست بوونییەوە.

وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد پێوەندی من لەگەڵ کاروان لە ماوەی ١٩٨٨- ١٩٩١ بوو. هەندێ نووسینم لە کاتی ڕاپەڕیندا لە نووسینگەی کۆوارەکە هەبوو، لە ژمارە تازەکاندا بڵاوکرانەوە. ئیتر من لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هیچ پێوەندییەکم بەو کۆوارەوە نەماوە.

(٤)

لەگەڵ نیشتەجێ بوونم لە هەولێر لە هاوینی ١٩٨٨ یەکێ لەو هاوڕێ تازانەی یەکتریمان دۆزییەوە (بەدران ئەحمەد حەبیب) بوو. لە نزیکەوە سیاسییەکی پراکتیکی بوو، لە زۆر شتدا لە یەکترییەوە نزیک بووین تەنیا سیاسەت نەبێ، ئەوەی من تیۆری بوو لە ڕێکخراو و حزبایەتییەوە دوور بوو. لەو چەند ساڵانەی پێش ڕاپەڕین بەشداری من و (بەدران) لە داهێنانی ئەدەبی و هونەری لەبەرچاو بوو.

لەدوای ڕاپەڕین هەڵسوکەوت بە جۆرێکی دیکە خۆی نواند، (بەدران) زیاتر کۆششی خۆی لەمەیدانی هونەری ڕۆژنامەگەری بەکاردەهێنا و لە هونەری میعماری پراکتیکی دوور کەوتەوە. (بەدران) دەوری گرنگی لە نزیک کردنەوەی من لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریدا هەبوو. ئەوکاتە خەریکی دەرکردنی «گوڵان» بوو وەک ڕۆژنامەیەک. پێش دەست کردنی بەکار بیروڕای منی وەرگرت، منیش وەکو کەسێکی سەربەخۆ و بێ لایەن بەوە ڕازی بووم هەرەوەزی لەگەڵدا بکەم، بەو مەرجەی سەربەستی تەواوم هەبێ لە دەربڕینی بیروڕا. لەم کارەدا لەوە دڵنیا بووم تەنگوچەڵەمەم بۆ پەیدا نابێ، چونکە (بەدران) بەڵێنی دابوو ڕۆژنامەکە لە سیاسەت دوور نابێ، بەڵام حزبایەتی ناکا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی دڵنیابم تووشی سەرئێشە نابم.

هەر لەم ماوەیەدا ناسیاویم لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی دیکەی کورد پەیدا کرد، ئەمەیان (سەرۆ قادر) بوو، ماوەیەک کاری لە ڕۆژنامەی گوڵان بوو. پاشان کردیان بە کۆوار، لەسەر ئارەزووی ئەو ماوەی چوار ساڵ گۆشەیەکی تایبەتی هەفتانەم هەبوو. پێشان لە ڕۆژنامەکە دەمنووسی، پاشان کە بوو بە کۆواری هەفتانە وتارەکانم تێدا بڵاو دەکردەوە. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا زیاتر لە



تۆفیق وەهبی

دووسەد وتارم نووسی. پاشان سەد و دوو وتاریان بەناوی «دیجلەی هزرم» لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هەولێر بڵاوکرایەوە.
وتارەکانی دیکە کەوتە بەرگی دووەمەوە، ئەمەیان ڕەنگە بەم زوانە لە چاپ دەربچێ.

## من و ڕامان

بە درێژایی ژیانی ڕۆژنامەگەریم نووسینم لە ژمارە یەکەمی هیچ ڕۆژنامە و کۆوارێک بڵاونەکردۆتەوە، بە تایبەتی ئەگەر من خاوەن، یان سەرنووسەری نەبووبم، ئەمە کارێکی ئاساییە، چونکە پێویستە ئەو نووسینەی من لەگەڵ ناوەڕۆکی گشتی چاپەمەنییەکە بگونجێ، لەبەر ئەوە دەبوو چەند ژمارەیەکی بخوێنمەوە ئینجا بۆی بنووسم، بەڵام متمانەم بەوە هەبوو ئەو کۆوارەی بڵاوی دەکەنەوە لەگەڵ هەموو هەڵسوکەوتێکی بیروباوەڕ و خوێندەواری من دەگونجێ، لەبەر ئەوە ڕێگەم بەخۆم دا وەرامی هەندێ پرسیار بدەمەوە و وەکو ڕیپۆرتاجێک لە ژمارە یەکەمی ڕامان لە تەمموزی ١٩٩٦ بڵاوبکرێتەوە. بەم جۆرە بووم بە یەکێک لە نووسەرە نزیکەکانی کورد لە ژمارە یەکەمی کۆوارەکەوە تا ئەو ژمارەیەی ئەم وتارەی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

* * *

لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدەم هەندێ تێبینی تازە بخەمە ڕوو لە بابەت کۆمەڵێک لەو باس و وتارانەی لە «ڕامان»دا بڵاوم کردوونەتەوە. بێ گومان مەبەستم لەم زانیارییانە ڕوون کردنەوەی هەندێ لایەنی وتارەکانە وەکو پەراوێزێک بۆ زیاتر تێگەیشتن لەناوەڕۆکی نووسینەکان، هەروەها دەبن بە تەواوکەری بەشێک لە زانیاری کە پێویست بوو زیاتر لە وتارەکاندا لێیان بدوێم.

## چیرۆک لە کوردستانەوە

ئەم چیرۆکە لە (ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٦) بڵاوکراوەتەوە ئەوەی ڕاستی بێ بیری چیرۆکەکە لە وەرە وری هەمیشەیی مۆنۆلۆجی ناوەوەی ڕۆشنبیری کورد هەڵقولاوە، ئەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لەژێر دروشمی «هەموو شتێک لە پێناوی ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانی نیشتمانی کورد» بوو. کۆمەڵێک چیرۆکم بەم ناوەڕۆکە نووسی. ئەوەی نهێنییە ناوی چیرۆکەکەیە، من دەزانم لەکوێوە هاتووە، بەڵام خوێنەر ئەمە نازانێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە چەند چیرۆکێکی نەتەوە بچووکەکانی ئەوروپا و وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتم خوێندبووەوە، لەوانە «چیرۆک لە لاتڤیاوە»، یان «چیرۆک لە گورجستانەوە» و هی دیکەش.
مەبەستم لەمە ئەوەبوو خوێنەر تێبگەیەنم مێشکی خوێندەواری کورد زیاتر لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەیە کە لە چیرۆکەکەدا دەکەونە بەرگوێ.

## کێشەی پاستیرناک

ئەم باسە لە (ژمارە ١١ی ساڵ ١٩٩٧) بڵاوکراوەتەوە. جگە لەم نووسینە وتار و باسی دیکەشم هەیە لە بابەت ئەم شاعیرە گەورەیەی ڕووسەوە، تەنانەت کتێبێکیشم بەناوی «ئەدەبی ڕووسی و کێشەی (پاستیرناک)، هەولێر ١٩٩٩» بڵاوکردۆتەوە.
مەبەستی سەرەکیم لەو باسەی «ڕامان» ئەوە بوو بە خوێنەری کوردی بگەیەنم کە (پاستیرناک) دژی بیروباوەڕی مارکسیزم نەبوو، هەروەها دوژمنی ئەو ڕژێمەش نەبوو بەناوی کۆمۆنیزمەوە دەستووری دەوڵەتی سۆڤیەت پێڕەوی دەکرد، کەچی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا نەک تەنیا (پاستیرناک)، بەڵکو هەموو ڕۆشنبیرێکی گەورەی لە بابەتی ئەو ئەگەر نەبوایە بە ئەندام و پرۆپاگەندەی بۆ دەسەڵات نەکردایە بە دوژمن حسێبی دەکرد. بەم جۆرە (پاستیرناک) یەکێک بوو لەو

نووسەر و هونەروەرە بێ لایەن و سەربەستانەی کە کەوتنە ناو داوی میلیشیای کەللە ڕەقی هەر کەسێکی لەخۆی نەبێ ڕەفزی دەکا! ئەم نێچیرانەی ناو داوی ڕاوچییە مێشک وشکەکانی ڕژێمی سۆڤیەت تەنیا (پاستیرناک) نەبوو، گەلێ بلیمەت و هەڵکەوتووی تریان تێدا بوو. لەدوای ڕووخانی سۆڤیەت ئەم ڕاستییە کەوتە ڕوو. ئەوانەی بەربەرەکانێ دەکران وەک دوژمنانی ڕژێم، ئەوانە زیاتر دۆستی ڕژێم بوون، کەچی هەندێ لەوانەی دوڵەنگێوی حزب بوون پاش ڕووخان بوون بە دوژمنی کۆمۆنیزم.

### سێ سەرچاوە بنچینەییەکە

ئەم باسە لە (سێ ژمارەی ١٦، ١٧، ١٨ی ١٩٩٧) بڵاوکراوەتەوە. لەسەرەتای پەیدابوونی قۆناغی یەکەمی چاپەمەنی کوردی لە ئەرمەنستانی قەفقاسی ڕووسیا (١٩٢١)، سێ کتێبی بەنرخی تێکستی ئەدەبی میللی کوردی (فۆلکلۆر) لەو ناوچانەدا بڵاوکرانەوە. تێکستەکان شیعر و پەخشان بوون بە ئەلفوبێی لاتینی و سیریلی (سلاڤی، ڕووسی). ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو بۆ پاراستنی ئەدەبی سەرزاری میللی کوردی، پاشان هەندێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، بەڵام ئەوەی گرنگە پاراستنی تێکستەکان بوو بەهۆی تۆمارکردنیانەوە.

مەبەستم لە نووسین لەبارەی ئەو سێ کتێبەوە ئەوە بوو لای خۆمان لە ئەلفوبێی لاتینی و سیریلی-یەوە بگوێزرێنەوە سەر ئەلفوبێی عەرەبی. وەک دیارە چواردە ساڵ بەسەر ئەم وتارە تێپەڕیوە، کەچی هیچ کەسێک و هیچ دەسگایەکی بڵاوکردنەوە هەوڵی نەداوە ئەو تێکستانە لە ئەلفوبێی لاتینییەوە بگوێزێتەوە سەر ئەلفوبێی عەرەبی.

هەرچۆنێ بێ پێویستە ئەم گەنجینەیە وەکو دەسنووسێکی بەنرخ لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردی تەماشا بکرێ. ئەم نووسینەم دووبارە بۆ ئەوەیە خوێندەواری کورد ئەوەی لەبیر نەچێ پێش ئەوەی چواردە ساڵی تریش بەسەر مەسەلەکە تێپەڕ ببێ و ئەو تێکستانە هەروەکو خۆیان بمێننەوە. ئێمەی کورد لە هەر کوێیەک بین ئەم ئەرکە لەسەر شانمانە، بەڵام زیاتریش ڕوو دەکەمە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی دەڤەری بادینان.

### ماتەمنامەی عەلائەدین سەجادی

ئەم وتارە لە (ژمارە ٤٢ی ساڵی ١٩٩٩) بڵاوکراوەتەوە. ئەم نووسینە بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێ زانیارییە، پێوەندی بەمن و (عەلائەدین سەجادی)یەوە هەیە، تێیدا هەندێ زانیاری تازە دەخەمە ڕوو.

لە ساڵی ١٩٨٣ پێش ئەوەی ڕوو بکەمە جەزائیر لە بەغدا زیارەتی (عەلائەدین سەجادی)م کرد. نەمدەزانی ئەمە دوا یەکتری بینین دەبێ. کە مامۆستا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد من لە زانستگای عەننابە مامۆستای ئەدەبی عالەمی بووم. لە بەغداوە ئاگاداریان کردم وتارێک ئامادە بکەم بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی چلەی وەفاتیدا بخوێنرێتەوە.

لەکاتی خوێندنەوەی وتارەکە لەناو دانیشتوان (هاشم عەقراوی) کە گوێی لەوە دەبێ من نووسیومە ئەگەر دەسەڵات بۆ ماوەیەک لە بەغدا لەسەر شەقامی ڕەشید بوەستێ، دەتوانێ لەنێو خەڵکەکەدا چەند کەسێک بۆ وەزیری هەڵبژێرێ، بەڵام ئەگەر بیەوێ بۆ مامۆستایەکی زانستگا بگەڕێ بۆی نادۆزرێتەوە. (هاشم عەقراوی) کۆنەبرادەری قوتابخانەی ناوەندی هەولێر ئەمە بەئیهانە دەزانێ و هۆڵەکە بەجێ دێڵێ.

مەسەلەی ئەم وەزیرییە لەو کاتەدا هاتە پێشەوە کە حکوومەت لە بەغدا (عەلائەدین سەجادی) دەست نیشان کردبوو بۆ ئەوەی بیکا بە ئەمینی عامی ئەوقافی ئەفتۆنۆمی کوردستانی عیراق لە هەولێر، بەمە پێوەندی لەگەڵ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا نەدەما.

(هاشم عەقراوی) تەنیا بەچوونە دەرەوە لە هۆڵی کۆبوونەوەکە نەوەستا، بەڵکو لەدواییدا کە وتارەکانی کۆبوونەوەی چلەکە لە ماتەمنامەیەکدا چاپ کران سانسۆر مەسەلەی وەزیرییەکەی لە وتارەکەمدا لابردبوو، لەبەر ئەوە ناچار بووم دووبارە تێکستەکە وەکو خۆی چاپ بکەمەوە.

### خەونی خودایی

ئەم وتارە لە بابەت «خەونی خودایی» لە کۆمەڵە شیعری (ڕووەکەکانی خوداوەند)ی (سەباح ڕەنجدەر) لە (ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠٠٠) بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەیدرکێنم پەراوێزی وتارەکەیە، کە لە کۆواری «ڕامان»دا بڵاوکرایەوە هەندێ لە دۆستانم پێیان سەیر بوو لە بارەی شاعیرێکی لاوی سەردەم دەنووسم. بە قسەی خۆیان ئەمەیان لەمن نەبینیوە و چاوەڕوان نەکردووە. تاڕادەیەک ڕەنگە قسەکەیان ڕاست بێ، بەڵام



**عەلائەدین سەجادی**

دەمێکە لە بارەی شاعیرانی لاوی سەردەمم نووسیوە، چەندانێک لەمانە قوتابی خۆم بوون.

ئەوی ڕاستی بێ لەم لایەنەوە نووسین لە بارەی شاعیرانی سەردەمم بە ئەرکی خۆم دانەناوە، چونکە ماوەی ئەوە نییە ئەو شیعرەی ڕۆژانە لە هەموو گێتیدا بڵاودەکرێتەوە، نەک تەنیا ئەوەی کوردی دەستی بەسەردا بگرم، لەوکاتەدا ناتوانم لە شیعری کوردیدا «ڕەسەنی داهێنراو» لە «وەرگێڕاوی دزراو» جیا بکەمەوە. ئەمە و تیۆرییەکی دیکەشمان هەیە هەڵسەنگاندنی داهێنانی ئەدەبی و هونەری لە بەرهەمی هەر نووسەر و هونەرمەندێک پێویستە لەکاتێکدا بێ کە گەشتبێتە لووتکەی داهێنان، ئەوکاتە ئەوە گرنگ نییە هاتبێتە خوارەوە و هەتا لە داهێنانی بەرزیش کەوتبێ.

بەم جۆرە ئەو پارچە شیعرەی (سەباح ڕەنجدەر) کەوتە ناو ئەو چەند شیعرەی لاوانی سەردەم نووسیویانە و شیعرەکەم بە دڵ بووە. بێ گومان حەز دەکەم لە بارەی شیعری ئەم لاوانە بنووسم، بەڵام کاتی ئەوەم نییە ئەم هەموو شیعرەی بەرهەمی ڕۆژانە بخوێنمەوە، نەک تەنیا شیعری کوردی، بەڵکو شیعری عەرەبی و زمانانی دیکەی میللەتانی سەر ڕووی زەوی. پاشان من شاعیر بەو شەخسە شیعرنووسە نازانم کە تەنیا تەعبیر لە لایەنێکی مێشک و ئارەزوو و خەیاڵی مرۆڤ بکا لە چوارچێوەی فیکری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی، بەڵکو کێشەی بنچینەیی ئەو «ژیان» و «بوون»ە. هەروەها لەبەر ئەوەی تەرازووی هەڵسەنگاندنی شیعری ئەمڕۆی کوردی «کوردایەتی»یە داهێنانی زۆری تێدا نابێ وەکو دڵداری، بۆیە بەزۆری خۆم لەوە بەدوور گرتووە.

## شیعر

ئەم وتارە لە بابەت شیعرەوەیە لە (ژمارە ٦٧ی ٢٠٠٢) بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش هەوڵێکی دیکەیە لە کۆششە زۆرەکانم لەبابەت شیعرەوە. شیعر دیاردەیەکی جووڵەی هەمیشەییە لە مێشک و دڵ و دەروونی ئادەمیزاد لە ڕۆژی دروست بوونییەوە تا دوارۆژیش زیندووە. لە هەموو ژیانمدا هەوڵم نەداوە تەعریفی شیعر بکەم، بەڵکو تەنیا وەسفم کردووە. لەو حاڵەتەدا لە شاعیر جیام کردۆتەوە بۆ ئەوەی وەکو خوێنەرێک و ڕەخنەگرێک هەڵوێستم هەبێ، چونکە بەرهەمێک (پارچە شیعرێک، یان تابلۆیەکی شێوەکاری) خۆی هەبێ و تەعریفی نەبێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی عەلامەتێکی پرسی گەورە بخەینە سەر زانستی مەنتیق! بۆیە لەو وتارەدا لەناوەرۆکی مێژووی ئەدەب و ڕەخنە چوومەتە دەرەوە. باس لەو «بوون»ە دەکەم شیعری پێ دەڵێن و لە موحازەرەی زانستگا خۆم دەخەمە پەراوێزی باسەکەو تەنیا لە ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعر دەدوێم، بەم جۆرە دەچمە ناو شموولییەتی شیعرەوە، تەعریفی ڕوخسار و ناوەرۆکەکە تەنیا بۆ تێگەیاندنی بەرهەمەکە لە ڕووی پەیکەری حیسسی بینراوەیە.

بۆ بەڵگەی شیعری دوو شاعیری گەورەم دەست نیشان کردووە، (عەبدوڵڵا گۆران) و (حەمە ساڵح دیلان)، چونکە ئەم دوو شاعیرە نموونەی ڕاستەقینەی گۆڕانی شیعری کوردی تازەن. هەردووکیان سیفەتی کلاسیکی کۆنیان پاراست و ڕێگەیان بۆ تازە کردنەوە خۆش کرد، ئەوەی (گۆران) ناوی نابوو شیعری ڕۆمانتیکی، یان شیعری عوسمانی تازە. هەروەها بەرهەمیان بوو بە نموونەی داهێنانی شیعری تازەی کوردی لە گۆشەو لایەنەکانی مەتریاڵی و گیانی ئینسانی تازەی کوردەوە. لە وتارەکەدا وەسفی شیعر وەکو ڕوخسار و ناوەرۆک کراوە بۆ ئەوەی ئەم دروستکراوە بناسرێ.

## مێژووی ئەدەبی کوردی

ئەم وتارە لە (ژمارە ١١٠ی ساڵی ٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە. ناوەرۆکی وتارەکە بریتییە لە زانیارییەک

پێوەندی بە ئامادەکردنی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە هەیە، بەواتایەکی دیکە هەندێ زانیاری لە بابەت مێژووی دانانی ئەم کتێبە حەوت بەرگییە ڕوون دەکاتەوە. جگە لەوە زانیاری دیکەم لەبابەتەوە بە نووسین لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا خستۆتە ڕوو. هەروەها زانیاری تریش لە ئێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و دیوەخانی ڕۆشنبیری مەڵبەندی ڕووناکی لە هەولێر شانۆی ئاڵوگۆڕی بیروڕا بووە لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە.

لەم وتارەشدا ئەوەی ئێستا لەبەردەستم دایە و دەینووسمەوە هەوڵ دەدەم هەندێکی دیکە لەو تێبینیانە لە بابەت ئەو کتێبەوە بخەمەڕوو.

ئێمە کە بەرهەمی ئەدەبی بە داهێنانێکی هونەری دادەنێین پێویستە هەموو ژیانی ئادەمزاد بگرێتەوە. ئەو ژیانەش لە قۆناغێکی دیاری کراودا ناوەرۆکێک زاڵ دەبێ لە داهێنانی ئەدەبیدا. بۆ بەڵگە ئەدەبی کوردی بە تایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەدەی بیستەمدا مەبەستی سەرەکی ڕەنگدانەوەی خەباتی نەتەوە بوو لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. لە دواییدا ئەمە بووە پێوانە بۆ دیاریکردنی پلەی شاعیر، بوو بەهۆی ئەوەی مەقامی گەورەی بدرێتێ. ڕاستییەکەش ئەوەیە لە ڕووی نیشتمانپەروەرییەوە پێویستە ئەو مەقامەی بدرێتێ نەک لە ڕووی جوانکاری شیعرەکانییەوە. ئەمە وەک بڕیارێک بۆ پلەی شاعیرییەت لەلایەک ڕاستە، چونکە شاعیر هەستی بە دروست کردنی ئەم جۆرە بەرهەمە کردووە، لەلایەکی دیکەوە ڕاست نییە، ئەگەر ئەو شاعیرە تەنیا خەریکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بووبێ.

بۆ بەڵگە شاعیرێکی وەکو (کامەران موکری) گومان لە گیانی شاعیرییەتی ناکرێ لەگەڵ ئەوەی درەنگ دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کرد، بەڵام لایەنی جەوهەری کوردایەتی و نیشتمانی زاڵە بەسەر هەموو دیاردەی دیکەی ژیانی ئادەمزاددا، لەبەر ئەوە لای زۆر کەس (کامەران) لە (دیلان) لە ڕووترە. ڕاستییەکەش لەوەدایە (دیلان) لەپلەیەکی شاعیری زۆر بەرزدایە، گەلێ سووچی ژیانی دەورکردۆتەوە تا دەگاتە ئەو مەمکەی چێژ دەبزوێنێ و جوانی دەبەخشێ، بەڵام لە ئیسفەنج دروست کراوە و بە سنگی ئەو کچە قەشەنگەوە نووسێنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس پلەی شاعیرییەتی (کامەران)یان لەلا بەرزترە لەوەی (دیلان).

هەروەها تەماشایەکی (هەردی) بکە لە چوارچێوەی ڕۆمانتیکی تەسک دەسووڕێتەوە و ڕەشبینی دەپژێنێ و لەگەڵ خەباتی چینایەتی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا تێکەڵی دەکا و لە دواییدا دەگەڕێتەوە لای کوردایەتی ناسیۆنالیزمی. داهێنانی لە مەیدانێکی تەسکدایە، بەڵام لە ڕووی ئیستێتیکییەوە بەرزە.

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تا پلەیەک قەوارە و چەندیەتی نووسین لەسەر شاعیرانی کورد مەقامیان دیاری دەکا. زۆر و کەمی شیعر گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە ناوەرۆکە، ئەویشیان ناوەرۆکی تەسک و ناوەرۆکی فراوان، لە ڕووی جوانکارییەوە جیاوازی لەنێوانیاندا نییە. هەوڵم داوە ئەم مەسەلانە تاڕادەیەک لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕوون بکەمەوە.

## جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کورد

ئەم وتارە لە (ژمارە ١٢٦ی ساڵی ٢٠٠٧) بڵاوکراوەتەوە. لەو سەردەمەدا گفتوگۆیەک لەنێوان دوو ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر لە ناوەوە بوو لە بابەت ڕۆژی، یان جەژنی ڕۆژنامەنووسی کوردەوە. یەکێکیان دەیگوت لە ڕۆژی ٢٢ مانگی نیساندایە، ئەوی دیکەیان لەسەر ئەو باوەڕ بوو لە ڕۆژێکی پێشتر، یان پاشتری ئەو ڕۆژەیە! هەر چۆنێ بێ هەر ڕۆژێک لەم سێ ڕۆژە دیاری بکرێ بۆ ئەم مەبەستە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

بۆ ناوبژی کردن بۆ ماوەی مانگێک گەڕامەوە لای ڕۆژگاری مێردمنداڵیم، لەوکاتەی بیرم دەکردەوە خۆم ئامادە بکەم بۆ ئەوەی ببم بە پسپۆڕی زانستی ئەستێرەناسی (ئەسترۆنۆم)ە، مانگێک لەگەڵ نموونەی ماکێتی گۆی زەوی بووم و کۆمەڵێک نەخشەی (خەریتەی) کۆن و تازەی عالەمی، بە تایبەتی ڕووسی و عوسمانی و میسریم لەدەوری خۆم کۆکردەوە، بە مەبەستی ئەوەی لە بابەت «زەمەن»ەوە هەندێ زانیاری بخەمە ڕوو، ئەوەی ڕووداو و کردەوەیەکی نسبییە لە ئەنجامی سووڕانی گۆی زەوی لە دەوری خۆیدا پەیدا دەبێ. خۆریش لەوێنەی شەو و ڕۆژ ڕوونی دەکاتەوە.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم «زەمەن» لە چی نوختەیەک لەسەر ڕووی زەوی دەست پێ دەکا؟ لەهەر کوێیەکی بتەوێ دەتوانی ئەو نوختەیە دیاری بکەی. ئەگەر لەسەر ئەم دەستوورە بڕۆین دەبێ بە ئاژاوە، لەبەر ئەوە بۆ ڕێکخستنی زەمەن لە پێناوی تۆمارکردنی ڕووداو

لەکۆنەوە زانایانی جوگرافیا و ئەستێرەناسی نوختەیەکیان دیاری کردووە بە ناوی هێڵی ڕۆژمێری عالەمی لە ئۆقیانووسی بەفرینی باکوور دەست پێ دەکا، بە تەنگەی (مضیق) بێرینکۆڤ تێدەپەڕێ، لای ڕاستی دوا سووچی ئەلاسکا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، لای چەپی ناوچەی بێرینکۆڤی ڕووسیایە، هێڵەکە بەرەو خوار دەبێتەوە لە ئۆقیانووسی بەفرینی باشوور (ئەنتەرکتیک) کۆتایی پێ دێ. ئەم هێڵە لەبەر ئەوەی بە ئاوەدانی کەم تێپەڕ دەبێ، چونکە دەکەوێتە ناو ئۆقیانووسی باسفیکەوە. بەپێچەوانەی ئەم هێڵەوە نوختەی گرینویچیان دەست نیشان کرد کە کەوتۆتە نزیک لەندەن، چونکە هێڵەکە بە ئاوەدانی زەریای زۆر تێپەڕ دەبێ.

ئێستا بۆ ئێمە ئەم دوو هێڵە هەر کامەیان بەکاربهێنرێن ئەنجام یەکێکە. زەمەن نسبییە، لە هەموو نوختەیەکدا ئەوەی لای ڕۆژهەڵات ئەگەر دووشەموو بێ ئەوەی ڕۆژئاوا سێ شەمووە. ئەوەی یەکەم ئەگەر ٨ی مانگ بێ، ئەوەی دووەم ٩ی مانگە.

بەم پێیە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە قاهیرە دەرچووە و کەتۆتە ڕۆژهەڵاتی گرینویچ ڕۆژی بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی دەکەوێتە بەیانی ڕۆژی ٢٢ی نیسان. خۆ هەر ئەو ڕۆژنامەیە لەوکاتەدا لە شاری ڤلادی ڤوستۆکی ڕووسیا، یان لە کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاوکرابایەوە، ڕۆژی دەرچوونی دەکەوتە پێش، یان پاش ٢٢ی نیسان.

ماوەی ئەو مانگەی نوقمی ناو ئەم مەسەلەیە بووم و لەگەڵ ماکێت و نەخشەکانی گۆی زەوی ژیام، ئەنجام سەرکەوتن بوو. دۆزینەوەی ڕاستی ڕۆژی جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کوردمان بۆ دەست نیشان دەکا، پشوویەکی جاویدانی بوو لەگەڵ کتێب و تۆمارەکان هێندەی سەردەمی منداڵیم ئارامی گیان بوو کە زانستی جوگرافیام خۆش دەویست و هەوڵم دەدا هەندێ لە نهێنییەکانی فیزیکی گەردوون (بوون) بدۆزمەوە.

**دەسنووسە تازە دۆزراوەکەی «مەم و زین»**
**ئەم وتارە لە (ژمارە ١٣٨ی ٢٠٠٨) بڵاوکراوەتەوە**

مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەک بەرهەمێکی شیعری کلاسیکی بەرز لە ئەدەبی کوردیدا لەگەڵ شیعری نالی بێ هاوتایە، لەبەر ئەوە لەم لایەنەوە هەرچی بۆیان بکرێ کەمە.

ئەو وتارەی من لەبارەی چاپی مەم و زین لە ئامادەکردنی (تەحسین دۆسکی) نووسراوە، کارێکی پێویست بوو. دەبوو نێوەندی پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانیاری لە هەموو قۆناغەکانی قوتابخانە و زانستگا ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن کە سەرچاوەی ئەو چاپە کۆنترین دەسنووس نییە، لەویش کۆنتر لەناوەوەیە، زیاد لەمەیش دەبوو لەم وتارەدا هەندێ ڕاستی بۆ خوێندەواری کورد بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی ببێ بە سەرچاوە بۆ ئەو هەڵە زۆرانەی کەوتوونەتە ناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کورد. هەندێ لەم ڕاستییانە ئەمانەن:

١- تا ئێستاش ڕەخنەگر و شارەزایانی ئەدەبی کوردی لێرە و لەنێوەند ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەورووپا لەسەر ئەو هەواڵە هەڵەیە دەژین، گوایا «مەم و زین»ی چاپی ئەستەموولٚ (١٩١٩) تاکە نوسخەی نەماوە و هەمووی لە لایەن کەمالییەکانەوە سووتێنراوە. بە بڵاوکردنەوەی وێنەی بەرگی ئەو کتێبە هیچ گومانێک لەناوەوە نەماوە کە ئەو چاپە بڵاوکراوەتەوە و نوسخەی ماوە.

٢- وا باو بوو کە چاپی (تەحسین دۆسکی) لەسەر دەسنووسێکی هەرە کۆن بووە، لەبەر ئەوە دەبوو ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، چونکە لەویش کۆنتر هەیە، هەروەها ئەو تێکستە چەند جارێک پێشتریش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەوە هەیە ئەوەی (تەحسین) یەکێکە لە «مەم و زین»ە چاکەکان لە ڕووی ئیملا و ڕاست نووسینەوە (ئەرفۆگرافییەوە).

* * *

پێش ڕاپەڕین (١٩٩١) کۆواری «کاروان»ی مانگانە چاکترین کۆوارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گشتی ئەو سەردەمەی هەولێر بوو. لەدوای ڕاپەڕین ئەو دەورەی نەما. لەو ماوەیەدا کۆواری «ڕامان» بوو بە زمانی لێکۆڵینەوە و زانیاری گشتی. زیاتریش لەبەر ئەوەی لە سیاسەتی ڕۆژانە و ئیدیۆلۆجییەتی حزبییەوە دوور کەوتۆتەوە. مەبەست لە قسەکانم لەبابەت چاپەمەنی کوردییەوەیە لە هەولێر. هەرچی سلێمانیشە هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوانیش ژمارەیەک کۆواری مانگانە و وەرزیانەی خۆیان هەیە.

هیوادارم بلێسەی ئەو ڕووناکییەی ڕامان دەیپژێنێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەوقی زیاتر بێ و خەڵکی کورد لە تاریکستانی نەخوێندەواری نەهێڵێ. بەهۆی کۆششی چواردە ساڵەی ڕامان، سڵاو بۆ کۆشش و کردەوەی سەرنووسەر (ئازاد عەبدولواحید) و هەموو کارگەر و نووسەرانی دەنێرم.

# پیترۆس ئەبیلارد: ڕێبازی فەلسەفەی خۆیەتی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

**پێشەکی**

له فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا سەدەی دوازده و سێزده ڕۆڵ و پایەیەکی بەرچاو و سەرنج ڕاکێشیان له مێژووی فەلسەفەدا هەیه. ئەگەرچی ئەو ڕووداوانەی لەو دوو قۆناغەدا سەر ئاوکەوتوون، سروشتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ئایینیان هەیه، بەلام به ئاشکرا کارێکی گەورەیان لەناوەڕۆک و ڕوخساری ئەو فەلسەفەیەدا کردووه که ئەو سەردەمه بەرهەم هێنراوه.

هەرچەنده سەدەی دوازده له داهێنان و بەرهەمدا بڕشت و بەپێزییەکی ئەوتۆی پێوه دیار نەبووه، بەلام ڕێگا خۆشکەر بووه بۆ ئەو فەلسەفه و لاهووتەی له چوارچێوەی کولتوور و شارستانیەتی قۆناغەکەی دیکه که بەدوایدا هاتووه، که سەدەی سێزدەیه. ئەوەندەی بابەتەکه پێوەندی به فەلسەفەی هەردوو قۆناغەکەوه هەیه، دەکرێ ڕووداوه کاریگەره هزر و مێشک وروژێنەرەکان بەو جۆره پۆلێن بکرێن:

**یەکەم**: جەنگی ژێر پەردەی نێوان دەسەلاتی سیاسی و ئایینی (قەیسەر و پاپ)«١» ئایین و دنیا.

**دووەم**: کردنەوەی خوێندنگا و قوتابخانه له کاتدراییەکاندا بۆ پێگەیاندنی ڕابەرانی ئایین و ڕەبەنەکان«٢» (Monche)

**سێیەم**: سەرهەلدانی هەستی نەتەوەیی له چوارچێوەی دەسەلاتی سەرتاپاگیری، دەولەتی نەتەوەیی لێکەوتۆتەوه. ئەوه هەنگاوێک بووه بەرەو یەکگرتنی چەندین ناوچه و دەڤەر لەچوارچێوەی سنووری دەولەتی دیاریکراودا.

**چوارەم**: دوای ئەوەی مەسیحییەکان موسلمانەکانیان لەناوچەی باشووری ئیسپانیا (ئەندەلووس) وەدەرنا، جۆره پێوەندییەک لەگەل جیهانی کولتووری ئیسلام پەیدا بووه که به زمانی عەرەبی نووسرابوو.

**پێنجــەم**: دوای تاڵانکردنی کــۆســتـــەنتـــینۆپل (ئەستەمبووڵی ئێستا) دەروازەی جیهانی فەلسەفە و کولتووری یۆنان کراوەتەوە.

**شــەشــەم**: کــردنەوەی زانکۆ«۳» لە شــاری پاریسی فەرەنسا و چەند دەڤەرێکی ترەوە. پەیدابوونی سەرەتای ئەو بزووتنەوەیەی بە مرۆڤ پەروەر ناوبرا.

**حەوتەم**: دەستــپــێکردنی پرۆســەی وەرگــێــڕانی ئەو بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی نووسرابوون بۆ سەر زمانی فەرمی مەسیحیەت - زمانی لاتینی.

بەپێی سەرچاوەکان لە سەردەمی گریگۆری حەوتەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی سێزدەی زایین کە فەلسەفەی سکولاستی گەیشتە چلەپۆپەی پەرەسەندنی، مێژووی ئەوروپا بریتی بووە لە مێژووی خەباتی نێوان کڵێسەی مەسیحی و شایەکانی ئەوروپا دژی یەکتری لەسەر هێز و دەسەڵات. ئەگەرچی کڵێسە و پاپ پشت ئەستوور بەو بنەما ئایینییەی پشتیان پێ بەستبوو لە زۆر قۆناغ و دەڤەردا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و شا و قەراڵ و میر و بارۆنەکانیان ناچار کردووە لەبەریان دابهێنن، بەڵام ئەو ڕەوشە چاوەڕوان کراوە، بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە، نەیتوانیوە ببێ بە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم لاوازبوون و بەرەو لەناوچوونی چینی فیودالیزم (دەرەبەگایەتی)، بە تایبەتی لە وڵاتی ئیتاڵیا و چەند دەڤەرێکی تر.

ئەو گۆڕانە هێمن و لەسەرخۆیە ئەگەرچی کاتێکی دوورودرێژ و کۆششی لە سنوور بەدەری خواستووە، دەستپێکی دامەزراندنی ئەو شارستانیەتە بووە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا گەیشتۆتە لوتکە.

لەلایەکی دیکەوە کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگا لە کاتیدراڵییەکاندا، کە لە حوجرەی مزگەوتەکان چووە، ئەگەرچی بۆ مەبەستی تایبەتی کڵێسە و ئایینەکە بووە، مەبەستی پێگەیاندنی کادیری ئایینی کە لە چوارچێوەی دەزگا و دامەزراوەکانی کڵێسە و ئایینەکەدا چالاک و دەستبەکاربن، ئەوە لەو خوێندنگایانەدا چەندین بیرمەند و لاهووتی و فەیلەسووف پێگەیشتوون کە بنەمای ئەو ڕێبازە فەلسەفەییە جەنجاڵئامێزەیان داناوە کە بە فەلسەفەی سکولاستی ناوبراوە و تۆوی هەموو ئەو نەمامانەی تێدابووە کە شین بوون و لەدواییدا هاتوونەتە بەر و چەندین ڕێبازی هەمەچەشنەی لاهووت و فەلسەفە و سیاسەت و ئابووریيان..تاد، لێکەوتۆتەوە. ئەو بیرمەندانە بێ چەندوچۆن هەموویان چەند فەیلەسووفێک بوون لە باوەشی ئایین و دەزگاکانیانیدا گۆش کراون.

ئەو هەڵمەتەی بەناوی خاچپەرستانەوە کرایە سەر ئیسرائیلی ئێستا گوایە بۆ دەرهێنانەوەی شاری «ئۆرشەلایم» پایتەختی (قیبلە)ی ئایینی مووسا و عیسایییەکان کە بە توندی لەلایەن سەڵاحەدینی ئەیوبییەوە دەستی لێ وەشێنرا ڕاستە ئامانجە سەرەکییەکەی ئایینی بووە، بەڵام لەدواییدا زۆر شت و لایەنی تری لێکەوتۆتەوە ئاسۆی جیهاندید و ڕوانینی لاهووتی و سیاسەتمەدار و نووسەر و ئەدیب و فەیلەسووفەکانی فراوان و بەرچاو ڕوونتر کردووە. ئەگەر سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدرێت کە بەر لە هەڵمەتەکە و لەسەردەمی هەڵمەتەکە و لەدوای ناکامییەکەیەوە نووسراون، چەندین لایەنی جۆر بەجۆری ئەنجامەکانی ئەو چالاکییە بەرجەستە و تۆماردەکەن.

لەنێو خاچپەرستان (Kreuzzuge) نوێنەری هەموو ئەو میللەتانەی ئەوروپا کە کرابوون بە مەسیحی تێدابووە. ڕاستە مەسیحیەت کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتییە و خۆی لە شاری ئۆرشەلایمی قیبلەی جوولەکەدا سەری هەڵداوە، بەڵام باری کردووە و بە کۆچ و کۆچبارەوە ڕووی لە ئەوروپا کردووە. لەوێ کولتووری بە پێزی میللەتانی پێش بڵاوبوونەوەکەی بە تەواوەتی بە بیانووی گومڕاییەوە لەناوبردووە و شتێکی تری بەسەردا سەپاندوون و بەناوی ڕەبناسییەوە جیهاندیدێکی تێکەڵاو لە چەند کولتوورێکی جیاواز پێکهاتوو هەر لە کولتووری ڕۆژهەڵات بە جوولەکەوە تاوەکو فەلسەفەی دوای قۆناغی هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنیا بەسەردا سەپاندوون.
دوای دەرکردنی عەرەبەکان لەو بەشەی ئیسپانیا کە ئەوسا بە ئەندەلووس ناوبراوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ کولتووری بە عەرەبی نووسراوی گەلانی موسڵمان کردووە. بابەتێکی گرنگی ئەو پێوەندییە. بزووتنەوەی سەرتاپاگیری وەرگێڕان بووە لە زمانی عەرەبییەوە، ئەم وەرگێڕانە لە دوو لاوە وەک ئەنجام بەروبوومی هەبووە و بە بڕشت بووە:

**یەکەم**: ئاسۆیەکی فراوانتر لەبەردەم جیهاندیدەکەیاندا ئاواڵەبوو. بۆیان دەرکەوت کە میللەتانی تر هەن ئایین و کولتووری خۆیانیان هەیە و بڕوایان بە بنەماکانی ئایینی مەسیحی نییە و هیچ دواکەوتوو نین، بگرە کولتوورێکی بەپێزتر و بە بڕشتتریان لە مەسیحیەت هەیە. کولتووری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و باکووری ئەفەریقیا. ئەم ئاگاداربوونە پردی پێوەندی و

تێکەڵاوبوونی نێوان شارستانیەتە جۆر بەجۆرەکانی هەڵبەستووە. دەکرێ لایەنەکەی تری ئەم بابەتە لەبەرچاو بگیرێ!

**دووەم**: بزووتنەوەیەکی چوستوچالاکی وەرگێڕان دەستی پێکردووە، هەر لە بەرهەمە پزیشکییەکانەوە تاوەکو ئەستێرەناسی و لاهووت و کاروباری ئایینی و فەلسەفە. فەلسەفەی فەیلەسووفەکانی ئیسلام و فەلسەفەی ئەرستۆتالیس بە تایبەتی ئەو شرۆڤانەی فەیلەسووفی ئەندەلووسی ئیبن ڕوشد کردبوونی، کراون بە لاتینی. لە ئەنجامی شارەزابوونی فەیلەسووفە مەسیحییەکان لە ڕێگای زمانی عەرەبی، کە زمانی لاتینی ڕۆژهەڵات بووە، بایەخ دراوە بە فێربوونی زمانی یۆنانی و وەرگێڕانی نووسراوە یۆنانییەکان بۆ زمانی لاتینی و بڵاوبوونەوەیان لە زانکۆ و مەڵبەندە ئایینییەکاندا. تۆماسی ئەکوین کە ڕابەرێکی ڕێبازی ئەرستۆتالیسی ڕوشدییە، ئەنجامێکی گرنگی ئەو بزاڤە سەرتاپاگیرە بە برشت و پێزە بووە.

## فەلسەفەی زانكۆكان

لە کۆتایی سەدەی دوازدەدا گۆڕانێکی سەرنجڕاکێش بەسەر ڕەوشی خوێندنگاو ڕێکخراوەکانی فێرکردن و وانەگوتنەوەدا هاتووە. جۆرە چاوکرانەوەیەکی خوێندکار و مامۆستا و ئازادی قوتابخانەکان هەست پێ کراوە. کڵێسە و داوودەزگاکانی ئایین ترسی ئەوە دایگرتوون جڵەوی قوتابخانە و خوێندنگاکانیان لەدەست دەربچێت. گۆڕینی مامۆستاکانیش ئەوەندەی تر ڕەوشەکەی بەرەو شێواندن بردووە. لەو قوتابخانانەدا و بەهۆی پتر بوونی ژمارەی خوێندەوار و خوێندکار و قوتابی هەوای جۆرە ئازادی و سەربەخۆییەک کەوتۆتە کەللەی قوتابی و مامۆستا و دەرچووانی ئەو دەزگایانە. بەپێی سەرچاوەکان چەندین کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراو دامەزراون و ئەو ڕێکخراوانە لە قوتابی و مامۆستا و دەرچووانی ئەو خوێندنگایانە پێکهاتوون. لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەکەدا ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە لەگەڵ کارمەندانی شارەوانی شارەکان ڕێک کەوتوون و داوای ماف و دەسکەوتی دیاریکراوی گونجاو بەپێی ڕەوشی ئەو سەردەمەیان کردووە.

بەم پێیە ئەو قوتابخانانە وردە وردە جۆرە پێوەندی و گرێبەستێک لەنێوانیاندا بەدەرکەوتووە و لە کۆی هەموویاندا دەزگایەکی سەرپەرشتکاری بەڕێوەبردن پەیدابووە پێی وتراوە زانکۆ، واتە کۆی زانستگاکان کە بەلاتینی وشەی Universitat بەکارهێنراوە. ئەو دەزگایە بەپێچەوانەی ئەو مەبەستەی دەسەڵاتی کڵێسە و سیاسی بۆی دانابوو چاوەڕێی دەکرد کەسانێکی تێدا پێگەیشتوون و هەڵکەوتوون لە شەوەزەنگی سەردەمەکەدا سەرگەرمی هەڵکردنی مۆمی تاریکی ڕەوێن بوون. ئەو زانکۆیانە بریتی بوون لە زانکۆی پاریس، ئۆکسفۆرد، کامبریج، مونتپیلیر، تولوس، پادوا، نیاپل، سالامانکا«٤»....تاد ئەم زانکۆیانە ئەگەرچی توانایەکی سنووردارییان هەبووە، بەڵام هەمیشە سەرگەرمی ئەوەبوون جۆرە سەربەخۆییەک (ئۆتۆنۆمی) خۆیان بە دەست بهێنن و دووربن لە دەست تێوەردانی دەرەکی.

بەهۆی ئەوەوە قوتابی و خوێندکاران لە وڵات و نەتەوەی جیاوازەوە هاتوون و ئامانجی خوێندن و زمانی لاتینی کۆی کردوونەتەوە وردە وردە جۆرە گرووپ و ڕێکخراوی هەمەچەشنەی خوێندکار و قوتابیان پەیدابوون، سەرەڕای ئەو هونەرە ئازادانەی کە لەوێدا خوێنراون (ڕێزمان، وتار، دیالێکتیک- مەنتیق و فەلسەفە- ژمێرە، ئەندازە، ئەستێرەناسی و موزیک) کتێبخانەی تایبەتی دامەزرێنراون و دەستنووسی گرنگ و زانستی سەردەمەکە کۆکراونەتەوە و هەڵگیراوە.

سەرەڕای ڕۆڵی گرینگ و سەرەکی دامەزراندنی ئەو زانکۆیانە (کۆی ئەو قوتابخانە و خوێندنگایانە) خاڵێکی دیکە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەسەندنی فەلسەفە و زانستی ئەو سەردەمەدا گێڕاوە: پرۆسەی بە پێزی وەرگێڕان، کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە شۆڕشی زانستی سەردەمەکە ناوبراوە«٥».

بەهۆی ئەو دوو ڕووداوەوە، هەڵمەتی خاچپەرستان قیبلەی مووسایی و عیساییەکان «ئۆرشەلایم» لە دەست عەرەبە موسڵمانەکان Sara Zenen دەربهێننەوە. «ئەگەر و گریمانە لە پرۆسەی زانستیدا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام ناکرێ مێشک و هزر و بیر و هۆشی مرۆڤ لە ئەگەر کردن و گریمانە قەدەغە بکرێن، بۆیە دەڵێین: ئەگەر سەلاحەدین مەسیحیەکانی لە ناونەبردبایە و جارێکی ترس ئۆرشەلایم (قودسی) لێ نەستاندبانەوە و عەرەبەکانی نەهێنابایەوە بۆ ئیسرائیل- ئەو بەشەی بە فەڵەستین ناودەبرێ- و ئەگەر هەر سەلاحەدین بە تۆبزی و کوتەک وڵاتی گەورە و بە ملیۆن خەڵکی میسری لە شیعەوە نەکردبایەوە بە سوننی مەزهەب، دەبوو ڕەوشی

رۆژهەڵات ئەوکاتە و ئێستا چۆن بایە؟» هەر چۆنێک بێت ئەو رۆڵەی سەلاحەدین دژی مەسیحییەکان و بۆ سوود و قازانجی نەتەوەی عەرەب گێراویەتی شتێکە نە لە دەست عەرەب هاتووە و نە هیوا و ئاواتیشیان بۆ خواستووە.

لەلایەکی ترەوە گەڕانەوەی مەسیحییەکان بۆ باشووری ئیسپانیا (ئەندەلووس) و بەدەرنانی عەرەبەکان بەرەو مەراکیش و وڵاتانی تری باکووری ئەفەریقیا پێوەندییەکی تری ڕاستەوخۆی لەنێوان هەردوو کولتووری مەسیحی و ئیسلامدا دروست کردووە. لەوەوە بزووتنەوەی وەرگێران و شارەزابوون لە کولتووری فەلسەفە و زانست و پزیشکی و ئەستێرەناسی.. تاد. گەلانی ئیسلام و جوولەکە ڕێگای بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی کەلەپووری یۆنانی پێش مەسیحیەت و بەرپابوونی کولتوورێکی نوێ کەوتۆتەوە. لەم ڕەوشە نوێیەدا، کە کولتووری فەلسەفە و زانستی ئیسلام و جوولەکە بە زمانی لاتینی لەبەردەستدابوون، بەرهەمەکانی ئەرستۆتالیس بەتایبەتی میتافیزیک و ئاکار و فیزیک کراون بە لاتینی؛

– جۆرە گۆڕانێک هاتۆتە ئاراوە بریتی بووە لە بایەخدان بە مرۆڤ.

– فەیلەسووف و لاهووتی پیتروس ئەبیلارد (١٠٧٩-١١٤٢ز)، داهێنەری ڕێبازی خۆیەتی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو لایەنە نەبووە کە سەرنجی مێژوونووسانی فەلسەفەی ئەو قۆناغەی سەدەکانی ناوەڕاستیان ڕاکێشاوە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت، لە سێبەری دەسەڵاتی سەرتاپاگیری مەسیحیەتدا کە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای بەرانبەر بە ڕابردوو و سەردەم و دوارۆژی مرۆڤ هەیە باسی گۆڕانێک- بزاڤێک بەناوی ڕێبازی مرۆڤ پەروەری humanism بکرێت؟

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفەیی مرۆڤ دۆستی، بەواتای سەدەکانی ناوەڕاست، لە سێبەری مەسیحیەتدا کە ژیانی سەرزەوی مرۆڤ بە هەند دانانێ، چەندین هۆکاری دیار و شاردراوەی هەبووە دەرفەتی ئەو گۆڕانەیان داوە و ڕێگایان بۆ سەدەی دوازدە و سێزدەی سەدەکانی ناوەڕاست خۆش کردووە کە بنەمای ئەو بزاڤەیان دانا کە بە ڕاپەڕین ناوبراوە، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوە بەسەدان ساڵی گەرەک بووە تاوەکو بە تەواوەتی خەتوخاڵی داوە و گەیشتۆتە ئەنجام:

**یەکەم**: دروست بوونی شار و باژێری گەورە و مەزن و گۆڕانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

**دووەم**: پەرەسەندنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بوو بە مایەی دەرکەوتنی پیشەی جۆر بەجۆر و ئەم پیشە جیاوازانە چینێک و توێژێکیان داهێناوە گۆڕانی بەرچاویان لە ژیانی ئابووریدا کردووە، ئەم گۆڕانە پریشکەکەی ئاگری لە پاوانی کڵێسە بەرداوە، چینی خاوەن پیشەکان شان بە شانی کارمەندانی داو و دەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە جۆر بەجۆرەکانی تری کۆمەڵگا، تارادەیەک یەکیان گرتووە و لە بەرانبەر کاربەدەستە گەورەکانی شارەوانی و دەوڵەت بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا کاریان کردووە و تێکۆشاون. هەروەها ئەو جۆرە گۆڕانە بابەتی ئەرک و فرمانی هێناوەتە ئاراوە کە لە ئەنجامدا:

**سێیەم**: ژیانی دنیا بەهەند دابنرێ و لەبری ئەوەی بەهۆی جۆرە کۆششێکی ناوەندی و بڕوا و ئیمانەوە هەوڵی پاککردنەوە و مشتومالّ کردنی نەفس و گیان بدرێت کە گوایە لەدوای مردن لێپرسینەوەیان لەسەرە هەوڵ دراوە ژیانی ڕۆژانە باشتر بکرێت و بایەخ بەلایەنی هزر و ژیری مرۆڤ بدرێت لێرەوە پەنابردراوەتە بەر مەنتیقی ئەرستۆتالیس بۆ تەواوەتی کردنی ئەو بەڵگە و بنەمایانەی لە چالاکی هزر و ژیریدا پەنایان براوەتەبەر.

**چوارەم**: وەک ئەنجامێکی پەیدابوونی پیشە و بازرگانی و دابەشکردنی ئیش و کار و بایەخدان بە کاروباری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگا کرانەوەی کۆی قوتابخانە و خوێندنگاو زانکۆ ڕۆڵی ئابووری پەروەردە و خوێندن پتر بایەخی پەیداکردووە، بگرە پێ خوێندن بووە بە پیشە و کاری چینێکی خوێندەوار کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە. لەلایەکی ترەوە دەزگاکانی کڵێسە و دامەزراوە ئایینییەکانیش لەلای خۆیانەوە هەستیان پێ کردووە کە چۆن دامودەزگاکانی شار و شارەوانی و دەوڵەت پێویستیان بە کەسانی خوێندەوار و شارەزا و پسپۆڕ هەیە، ئەوە ئەوانیش وەک چەند دامەزراوێکی ڕوحی- ئایینی پێویستیان بە کەسانێک هەیە کە پەروەردەی ئایینی کرابن. لێرەوە ڕۆڵی خوێندن و زانکۆ و کاتیدراکان پتر و گرنگتر بووە و لەو دامەزراوە پەروەردەییانەوە کەسانێک پێگەیشتوون ئەگەر پەروەردەکەشیان لە چوارچێوەی لاهووتی ئایینەکەدا بووبێ بە پێزترین بەرهەمی فەلسەفە

و زانستیان بەرهەم هێناوە. پیترۆس ئەبیلارد ڕابەرێکی لاهووت و فەلسەفەی ئەو قۆناغە بووە کە لە خوێندنگاکانی کڵێسەوە پێگەیشتووە:

ئەبیلارد بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن ڕووی لە شاری پاریسی مەڵبەندی فەلسەفە و زانست و لاهووتی ئەو سەردەمە کردووە. لەوێدا بە تایبەتی لە زانکۆکەیدا کەشوهەوایەکی زانستی، بەواتای ئەو سەردەمە، لە ئارادابووە و بەناوبانگترین لاهووتی و فەلسەفەی قۆناغەکە وانەیان تێدا گوتۆتەوە.

## فەلسەفەی ئەبیلارد

ئەبیلارد لە زۆربەی لقەکانی فەلسەفەدا، لاهووتی و فەیلەسووفەدا بە بەرهەم بەشداری پەرەپێدانی جیهاندیدیکی کردووە کە دەکرێ بەجیهاندیدی فەلسەفە- لاهووتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست ناوببرێت.

لە زانکۆی پاریس دابونەریتێکی خوێندنی لاهووت و فەلسەفە هەبووە کە جگە لە دوو بابەتی مەنتیقی مامۆستای یەکەم ئەرستۆتالیس «کاتیگۆریاس – چەمکەکان– و پێری هرمینیاس» ئەو فەلسەفەیە خوێنراوە کە لە ئۆگوستینی پاکەوە تاوەکو سانت ئەنسلم ڕێچکەی بەستووە، ئەگەرچی ئەو فەلسەفەیەی ئەو سەردەمە لەژێر ناوی دیالیکتیکدا نووسراوە و خوێنراوە پتر بەلای لاهووت و میتافیزیک و ڕامانی ڕووتدا چووە ئەوە ئەبیلارد لە گۆڕەپانی مەنتیقدا سوارچاک بووە«٧» . لە چوارچێوەی گشتی فەلسەفەکەیدا بابەتی لاهووت، ئاکار، کێشەی هەمەکییەکان (چەمکە گشتییەکان)، ئاکار و ڕێبازی مرۆڤ پەروەریی مەسیحییەت سەرنج ڕادەکێشن. ئەبیلارد پشت ئەستوور بە مەنتیقی مامۆستای یەکەم کۆششی کردووە مەنتیق کە ئەو بە لاتینی نووسیویەتی بە ئامرازێک، خزمەتی بابەتەکانی لاهووتی پێ بکرێت. کتێبی «بەڵێ و نەء» Sic et Non ئەو شاکارەیە کە نەمری بۆ خاوەنەکەی تۆمار کردووە. تێیدا بەڵگە بۆ پشت ڕاستکردنەوە و بۆ پووچەڵکردنەوەی چەند بابەتێکی گرنگی فەلسەفە و لاهووت دەهێنێتەوە. بەلایەوە دیالیکتیک (فەلسەفە و مەنتیق) لەگەڵ نووسراوە پیرۆزەکان تاکە ڕێگای گەیشتنە ڕاستین. لە پاوانی بە پێزی تیۆری زانیندا شان بە شانی مەنتیق خامە ڕەنگینەکەی بە پێز و بە بڕشت بووە. جگە لە توانای ڕەخنەگری کە سەرکەوتووانە بەکاری هێناوە توانایەکی سەرنجڕاکێشی شیکردنەوەی بابەتی پێکهاتەکانی زمانی هەبووە. هەروەها مامۆستایەکی بەناوبانگی فەلسەفەی سەردەمی خۆی بووە. هەوڵیداوە قسە لەو بابەتە بکات کە پێشتر فورفوریوس Porphyrius ئینجا دواتر بوئیتیوس لەبارەیەوە پرسیاریان کردووە:

ئایا ڕەگەز و جۆرەکان Gattung,, Art بوونی ڕاستەقینەن، یان تەنیا چەند وێنە و چەمکێکی ناوەڕۆکی هزر و بیرن؟.

فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە دارستانێکی جەنگەڵ ئاسا دەچێ، هەرچی هەیە و نییە بگرە دژەکانیشی پێکەوە کۆکردۆتەوە. ئەوی پێوەندی بە بابەتی مەنتیق و بەکارهێنانیەوە هەیە لەگەڵ ئەو لافەی فەلسەفەی لاهووتی مەسیحی لێیداوە گوایە مەسیحیەت وەک ئەوسا لە ئارادابووە، ئایینێکی سەرووسروشتی ترانسندێنتی و پشت بە موعجیزە دەبەستێ، بە هیچ جۆرێک نەڕەوان و نە پاساو دەدرێن: دەکرێ کێشەکە بەم پێیە پوخت بکرێتەوە:

**یەکەم**: پەنابردنە بەر مەنتیق و دوورخستنەوەی مەنتیق وەک یەک بە سوود و قازانجی ئایینی مەسیحی تەواو نابن.

– پەنابردنە بەر مەنتیق بۆ توێژینەوە و پشت ڕاست کردنەوەی دۆگمەکانی ئیمانی مەسیحیەت لەخۆیدا جۆرە ئەگەر و گومانێک لە دروستی و ڕاستی ئەو ئیمانە و بنەماکانی نیشان دەدات. ئەگینا بۆ دەبێ پەنا ببرێتە بەر مەنتیق، لەکاتێکدا مەنتیق وەک ئامرازێکی ژیر هیچ پێوەندی بە بابەتێکی سەروو سروشتییەوە نییە کە سنووری هەموو ژیرێک ببەزێنێ.

– دوورخستنەوەی مەنتیق لە مەیدانی توێژینەوەی بابەتەکانی ئایین داننانە بەوەی کە هیچ بنەمایەکی ئایین بە ژیر و مەنتیق ساغ ناکرێتەوە، بابەتێک بە ژیر پشت ڕاست نەکرێتەوە چ بایەخێکی بۆ مرۆڤی خاوەن ژیر دەبێت، یان:

– داننانە بەوەی کە دوو جۆرە ڕاستی هەیە، ڕاستی ژیر و مەنتیق و ڕاستی بڕواو ئیمان. ئەم داننانە دیسانەوە گومان و ئەگەر دەربارەی بڕیار و دان پێدانانەکە دەورووژێنێتەوە:

پشت بە چ پێودانگێک بەستراوە و چ پێوەرێک بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بدرێت کە دوو جۆرە ڕاستی (هەقیقەت) هەیە؟! ئەو بڕیاردەرە مرۆڤە، یان نا؟

ئەگەر مرۆڤ بێت بێ گومان لەو بڕیارەیدا پشتی بەژێر و مەنتیق بەستووە، بەڵام ئەم دووانە هیچ کاتێک ئەو ئامرازە نین بتوانن بەبێ بەرپاکردنی کێشەی میتافیزیکی، سنووری خۆیان ببەزێنن و دەربارەی بابەتێکی سەروو خۆیان، سەروو سروشتی ترانسندێنتی بڕیار بدەن. خۆ ئەگەر بڕیاردەرەکە مرۆڤ نەبێت، ئەوە بابەتەکە لە سنووری توانای بڕکردنی مرۆڤ دەچێتە دەرەوە و بایەخ و بەهایەکی ڕاستەقینە (واقیعی) نابێت.

**دووەم**: کڵێسە لاف لێدەدات کە ئەو ئایینە مەسیحییە، ئایینێکی سەرووسروشتی ئاسمانی ترانسندێنتیە هەموو سنوورێکی ئاسایی ژیان و مرۆڤ و سروشت دەبەزێنێ. ئەم بڕیارە لەخۆیدا کێشە خوڵقێنەرە. دەبێ بە چ پێودانگ و پێوانەیەک بە چ ژیر و مەنتیقێک بابەتێکی سەرووسروشتی بکرێ و بگونجێ. لە کۆمەڵگایەکی سروشتی ئاساییدا جێبەجێ بکرێت و تۆبزی لە ئەندامانی کۆمەڵگاکە (ئەوروپا) بکرێت و بڕوا بەو بابەتە بهێنن کە هەموو سنوور و ڕادەیەکی مرۆڤییانە دەبەزێنێ؟! بەڵگەی ڕەوایی ئەو پرسیارە دڵ کرمێ بووە ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرەیە کە بەسەر مەسیحیەت و داوودەزگاکانیدا هاتووە.

## مەنتیق

ئەوی سەرنجڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئایینی مەسیحیش بە فەتوا فەلسەفەی تۆمەتبار کردووە، کەچی فەیلەسووف و لاهووتییەکی مەسیحی لە سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێ ئەگەر مەنتیقی نەخوێندبێ، یان بابەتێکی لەسەر مەنتیق نەنووسیبێ! دوور نییە تێکست و دەقە ئایینییەکان کە دەبوو بۆ کەسانی ڕەش و ڕووت و سادە توێ توێ بکرێن و لێک بدرێنەوە، هاندەری ئەو پەنابردنە بەر مەنتیقە بووبێ. لاهووت و زمانی لاهووت و شرۆڤەکردنی هۆکاری پەیدابوونی جۆرە مەنتیقێکی زمان بوون، بۆیە بە ئاشکرا لەلای ئەبیلارد ئەو کۆشش و مەنتیقی زمانە دەبینرێ، ئەگەرچی سوود لە بابەتەکانی مەنتیقی ئەرستۆتالیس وەرگیراوە، بەڵام ئاراستەکە لەم قۆناغەدا بە بارێکی دیکەدا بووە. ئەرستۆتالیس بەپێی سەردەمی خۆی کە ئایین و بابەتەکانی ئەو ڕۆڵەیان لە ژیانی کولتووریدا نەبووە، پەنای بردۆتە بەر زمانی زانستە ئیمپیرییەکان و هەوڵی داوە بنەمایەک، دەروازەیەک، تەکنیکێک دابنێ زانستەکان پشتی پێ ببەستن و مێشک لەکاتی تاووتوو کردنی بابەتەکاندا لە هەڵە بە دوور بگرێ. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئایین و لاهووت و شەرع بە بەشە جۆر بەجۆرەکانیانەوە ئەو بابەتە بوون پێویستیان بەو تەکنیک و دەروازە و بنەمایە هەبووە، بۆیە مەنتیقەکە تاڕادەیەکی زۆر ناوەرۆکە بەپێزەکەی زەوت کراوە و پتر بەلای ڕوخسارەکیدا براوە، کراوە بە ئامرازێکی وشکی بێ گیان. کتێبی ئیساغۆجی Is-agoge فەرفۆریۆس کە لە حوجرەکانی کوردستاندا دەخوێنرێ نموونەیەکە ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکاتەوە و کاتی خۆشی لە کڵێسەی مەسیحیدا خوێنراوە. لەم کایەیەدا چەندین تیۆری فۆرماڵی زمان و بەڵگە هێنانەوە و پێوانە (قیاس) کە لە کاروباری لاهووت و شەرعی مەسیحیدا سوودیان لێ وەرگیراوە، داهێنراون. وەک دەرکەوتووە ئەو کۆششانەی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ بەکارهێنانی ماتماتیک (بیرکاری) لە زانستی سروشتیدا سوودیان لەو بەدیهێنانەی سەدەکانی ناوەڕاست وەرگرتووە. ئەو ئامرازەی بۆ شرۆڤەکردنی کتێبی ئاسمانی مەسیحییەکان بەکاردەهێنرا لە مەنتیقی زمانەوە کەوتبۆوە. ئەبیلارد هەوڵیداوە ئەو مەنتیقەی زمانە لە مەیدانی لاهووتدا بەکاربهێنێ، بۆیە بەلایەوە گرینگ نەبووە کە شیکردنەوەی مەنتیقی لە شیکردنەوەی گراماتیکی- ڕێزمان- ڕستە و دەستەواژەکان لەیەکتری جیا نەکرێنەوە، بەڵام لەو باوەڕەدا بووە کە شیکردنەوەی مەنتیقی بابەتێکی سەربەخۆیە و لە هەندێ کایە و بواردا لە شیکردنەوەی ڕێزمانیانە گرنگتر و باڵا دەستتر و بایەخدارترە، بگرە بە لایەوە مەنتیق بابەتێکی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم بووە، ناوەرۆک و میتۆد و ڕوخساری تایبەتی هەبووە و لە پێناوی مەبەست و ئامانجی دیار و دەستنیشانکراو بەکاربراوە. ئەو مەبەستە لە جیاکردنەوە و هەڵاواردنی بەڵگەو بڕیار (حوکمی) دروست لە هی نادروست بەولاوە نییە«٨»، چونکە زانست خۆی ئەو لایەنەیە کە بەڵگە Argument دەهێنێتەوە و دایدەهێنێ، مەنتیق دەبێ ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان و پێویست دەکات بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستی دیاریکراو پشت ئەستوور بە بڕکردنە، یان بڕ نەکردنە ڕوخسارەکییەکەیان تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی دروستی و نادروستییان کامەیە بڕ دەکات و کامەیان بڕ ناکات و ناشێ بەکاربهێنرێ، جیا بکرێتەوە. ئەم ئەرکە دیاری کراوە مەنتیق لە بابەتەکانی تر جیا دەکاتەوە بە تایبەتی بابەتی ئاکار و زانستی سروشت (فیزیک). بەپێی

سەرچاوەکان ئەبیلارد شارەزایی لەشاکاری پیری هیرمینیاس و قیاسی ئەرستۆتالیس هەبووە، بەڵام بەو جۆرەی بۆتیئۆس شرۆڤەی کردوون و لێکی داونەتەوە.

هێما و نیشان و ئەنجامگیری بەشی دیار و بەرچاون لە بابەتی مەنتیقی ئەبیلارددا. بەلای ئەو ڕابەرەی مەسیحی دوو جۆرە مۆدێلی هێما و نیشان و سیمبۆل لەئارادان:

**یەکەم**: چەمک هەموو ئەوانە ناگەیەنێ کە دەلالەتیان لێ دەکات، بەڵکو تەنیا هەر ئەوانە دەگەیەنێ کە بەپێی پێناسەکەیان بە وردی نیشانیان دەدات و ناویان دەهێنێ، کە دەگوترێ زیندەوەر animal مەبەست لە جەوهەرێکە کە زیندووییە، هەستی هەیە و ڕەنگی سپییە. نیشانە لێرەدا مەبەستە، یان ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییانەیە کە دەدرێتە پاڵ بنە کە هی گرووپێکی دیاریکراون یان تاکەکانن، یان هی شتەکانن.

**دووەم**: دەلالەتی بێگەردی سەرتاپاگیر«٩» ex-tensionell. سیمبۆل و نیشانی وشەیەک وەک هەموو ئەو گرووپە کە وشەکە نیشانی دەدات وایە Denotata (بە عەرەبی وشەی «ئەل ماسەدەق»ی بۆ دانراوە). کە مرۆڤ دەبێژێ «زیندەوەر» هەموو جەوهەرە زیندووەکان نیشان دەدرێن، کە دەڵێین سپی هەموو بابەتە سپییەکان بە سیمبۆل نیشان دەدرێن. هەموو ئەو وشانە کە تەنیا هەر لەگەڵ دەربڕە چەمکییەکاندا دێنەوە لەناو بەولاوە نین.

ئەگەر دەلالەت تەنیا هەر سیما و نیشان و سیمبۆل بێت، ئەوە دەلالەتی چەمکە هەمەکی و کردارەکان بە تەواوەتی دەستنیشان ناکرێت. ئەوان ناوەرۆکێک پێکدەهێنن، بەڵام لەخۆیاندا شت نین.

ئەوی ڕاست بێ ئەبیلاردی فەرەنسایی کە بە تەواوەتی کۆنترۆڵی بەسەر زمانی لاتینیدا هەبووە کە زمانی ئایین و زانست و فەلسەفە و لاهووت بووە، بەوپەڕی وردەکارییەوە بابەتەکانی مەنتیقی زمانی تاووتوو کردووە، بەڵام لەبەر بێ توانایی زمانی کوردی، ئەوەی پێوەندی بە چەمک و ئیدیۆم و مۆرفیم و دینۆنات و ڤێربوونەوە هەیە، وا بە ئاسانی ناکرێ ئەو بابەتە بە کوردی قسەی لێ بکرێت.

ئەبیلارد زۆرجار لەبەرهەمی مەنتیقییەکەیدا سنوور دەبەزێنێ و باسی زانین و کێشەی هەمەکییەکان دەکات. بەلایەوە کاری زانین لە ناوەرۆکی زانین جیاوازە و دەبێ هەلومەرجەکانی ڕاستی (هەقیقەت) لە ڕاستییە تاکەکان جیا بکرێنەوە.

بەلایەوە دوو جۆرە تیۆری (کردار- بار) هەیە و دەکرێ لێک جیابکرێنەوە:

**یەکەم**: تیۆری گرتنەوە inhaerentia ئەم وشە لاتینییە ئەگەرچی ئەو سەردەمە بۆ مەبەستی تایبەتی مەنتیقی زمان بەکارهاتووە، دەکرێ بوترێ واتای گرتنەخۆ، تێدابوون، لە سروشتی بنەڕەتی شت خۆیدایە دەداتە دەست. لێرەدا وا سەرنجی کردار-بار دەدرێ کە هەموو شتەکان بگرێتەخۆ. ئەمەش ناوەرۆکەکەی دەگرێتەوە. ئەو کۆپۆلەیەی Kopula لە ڕستەکەدا هەیە (مەبەست لە -is-ی ئینگلیزییە) ئەوە دەردەبڕێ کە ئەو ناوەرۆکە لە (بکەردا) خۆی وەک فۆرم نیشان دەدات. بکەر بنە بە سەرتاپاگیر دادەنرێ لەوەدا کە کردار- بار هەموو، یان هەندێکی تاکەکانی گرووپی بکەر- بنە دەردەبڕێ.

**دووەم**: تیۆری هاوشوناسی: لەم تیۆرییەدا بنە و بار هەردووکیان مەدلوولەکەیان.. بەشێوەیەکی سەرتاپاگیرانە extensionell دادەنرێن و تێیان دەگەیشترێ. لێرەدا ڕستەیەک ڕاست دەبێ کە ئەگەر لە کۆپۆلەیەکی ناترانستیڤدا بنە و بار هەمان شت بگەیەنن. بنە و بار فورمێک ناگەیەنن و دەرنابڕن، بەڵکو تاکێکی کونکرێتی دیار و دەست نیشان کراو دەگەیەنن«١٠»

## کێشەی هەمەکییەکان

کێشەی هەمەکییەکان بابەتی چەمک و کاتیگۆرییە گشتییەکان دەگرێتەوە و دەکرێ لەو پرسیارەدا دابڕێژدرێ:

- ئایا ئەو چەمک و کاتیگۆرییە گشتییانە، بۆ نموونە، مرۆڤ، ئەسپ، دادپەروەری، بوونی سەربەخۆیان هەیە، یان تەنیا چەند ناوێکن و پێوەندییان بە تاکەکانەوە چییە و چۆنە؟! وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بە ساکاری داڕێژراوە و خراوەتە بەر چاو خاوەنەکەی دەخاتە نێو خانەیەک لەو خانانەی بەهۆی ئەو بابەتە و توێ توێ کردنەوە پەیدابوون.

ئەبیلارد کە وەک خوێندکاری ئایینی سەردەمی خۆی لە خوێندنگاکانی شاری پاریسدا خوێندوویەتی، دوو لاهووتی سەرگەرمی وانە گوتنەوە بوون:

**یەکەم**: ڕێیازی ڕۆسیلین (١٠٥٠ - ١١٢٠ز) Ros-celin کە بە نۆمینالیست بەناوبانگ بووە.

**دووەم**: ڤیلهێلمی چامپێو (١٠٧٠ - ١١٢١ز) Champeaux کە بە ڕێئالیست، بەواتای سەردەمی خۆی، ناوی دەرکردووە و ناسراوە«١١».

جگە لەو دوو ڕێبازە بابەتی دیالێکتیک کە لە جیاتی وشەی فەلسەفە بەکارهاتووە و لە برەودا بووە و کارێکی گەورەی لە ئەبیلارد کردووە. ڤیلهێلم چامپیۆ کۆششی کردووە کە هەبوونی ڕاستەقینەی هەمەکییەکان بە دوو ڕێگا پشت ڕاست بکاتەوە. ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە هەمەکییەکان، چەمکە گشتییەکان بوونی ڕێئالیستیان لەنێو شتەکاندا هەیە:

**یەکەم**: هەمەکی (کوللی) شتێکە، یان ڕاستەقینەیەکە کە لە شتە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی جەوهەری هەمان شت خۆیەتی.

**دووەم**: هەمەکی شتێکە کە لەتاکە جیاوازەکاندا نەک بە شێوەیەکی جەوهەرییانە، بەڵکو تەنیا لابەلایی In-different وەک یەکە«١٢».

چامپیۆ کە بە پێی بۆچوونی سەدەکانی ناوەڕاست بەڕێئالیست ناوبراوە، چونکە لەو بارەدا بووە کە چەمکەکانی جۆرەکانی بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە و بگرە جەوهەرێکی ڕاستەقینە دەدەبڕن. بە قسەی ئەو بێ کە مرۆڤ دەڵێ: سوکرات مرۆڤێکە ئەوە لەو سوکراتەدا کە لە بەرچاوە تەنیا مرۆڤێتی وەک چەمکێکی جۆر بوونی ڕاستەقینەی هەیە. سوکراتیەت لێرەدا کە سوکرات هەبوون و بوونە، بوونە تایبەتییەکە، داڕشتنی تاکی جەوهەری هەمەکی «مرۆڤ» لە کەسەکەدا شتێکی لاوەکییە، ڕواڵەتییە«١٣» و هیچ بایەخێکی نییە. کە مرۆڤ دەڵێ گوڵ، ئەگەر تاکە گوڵێکیش لە جیهاندا نەمێنێ، ئەوە ئەو گوڵە لێرەدا جەوهەرێکی هەمەکییە و بوونی ڕاستەقینەی هەیە و ئەو بوونەی پەکی لەسەر بوونی تاکە گوڵەکان نەکەوتووە! مرۆڤایەتی کە چەمکێکی گشتییە، جۆرێکی هەمەکییە، جەوهەرێکە هەر هەیە و هەر دەبێ، تەنانەت ئەگەر تاکە مرۆڤێک لە بوون و جیهاندا نەمێنێ.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە پەرگیرە ڕۆسیلین بەوە بە نۆمینالیست ناوبراوە، چونکە هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە ئەو جۆرە هەمەکییانە، ئەو چەمکە هەمەکییە گشتییانە لەناو بەولاوە شتێکی تر نین! ئەگەرچی ڕێئالیستەکان هەستیان بەجیاوازی نێوان شتە تاکەکان کردووە، پێیان لێناوە کە ئەو جیاوازییە هەیە، بوونەکەشی لە فۆرم و ڕوخساری ئەندامان و پێکهاتەی چین و گرووپی شتەکانەوە پەیدابووە و کەوتۆتەوە، بەڵام جەوهەرە هەمەکییە گشتییەکە خۆی یەکەیەکە لە خۆیدا هەیە و جیاوازیش لەو فۆرمە ناوبراوەی تاکەکانەوە کەوتۆتەوە. ئەگەر فۆرم و ڕوخسارەکە جیاواز بن، ئەوە جەوهەرەکە لەخۆیدا یەکەیەکی یەکڕەنگە. ئەم بۆچوونە ئەگەرچی لەلایەن نۆمینالیستەکانەوە پەسند ناکرێت، بەڵام بنەمایەکی لاهووتی، ئایینی، فەلسەفەیی پشت ڕاست دەکاتەوە کە دواتر قسەی لێ دەکەین. خۆی پوختەی ئەو کێشەیە دەکرێ لە پرسیارێکدا خەست و چڕ بکرێتەوە و وەڵامەکەش لە سۆنگەی ئەو فەیلەسووف و لاهووتییەوە کە دەیداتەوە کێشەکە تاڕادەیەکی بەرچاو بەلایەکدا دەخات: ئایا بڕوا، ڕەب، گیان، بەهەشت، دۆزەخ، زیندووبوونەوە، دادپەروەری، بەهرەی ڕەببانی، وەحی، بوونێکی ڕاستەقینە دەردەبڕن و ناوەڕۆکێکی ڕێئالیستی ڕاستەقینەیان هەیە، یان چەند وشەیەکن بەهۆی زمانەوە هەست و نەستی مرۆڤ حەپەساوی ڕاماوی نیگەران دەردەبڕن؟.

هەرچۆنێک بێت پرسیار و وەڵام و گازندە و پاساودان کێشەکە لەسەردەمێکی دیاریکراودا گەرموگوڕی خۆی هەبووە، ئەو ڕەوشەی دەربڕیوە کە ئەو سەردەمە مرۆڤی بیرمەند بە لاهووتی و فەیلەسووفەوە بە ئیماندار و بێ ئیمانەوە گیرۆدەی بوون و بەدەستییەوە ناڵاندوویانە. هەمـوو بوونێکی تاک جەوهەر و سروشت و بوون و کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی لەو بوونە تاکەدا هەیە و یەکەیەکە لە یەکێکی دیکەدا نییە، ڕوخسار و کەرەسەی بوون، فۆرم و مادده کەسایەتی تاکییەکەیان لەیەکتری جیادەکاتەوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەپێی توانای توێژینەوە و بیرکردنەوە کە لەبەردەست مرۆڤدان و بەپێی ئەو پێودانگ و ئامراز و پێوەرانەی بۆ چالاکی فەلسەفە کردن دایهێناون ڕاستە و پاساو دەدرێت. ئەم بۆچوونە ئەنجامێکە لە سروشتی پێکهاتەی مرۆڤ خۆیەوە کەوتۆتەوە. ئەگەر سروشتی پێکهاتەی مرۆڤ جۆرێکی دیکە بایە دوور نەبووە ئەو بۆچوونەی جۆرێکی تر بایە.

ئەو هەڵوێستەی چامپیۆ هەتا بڵێی زیرەکی تێدایە و بەوپەڕی تواناوە سوودی لە بەکارهێنانی زمانی لاتینی، زمانی ئایین و فەلسەفە و لاهووتی ئەوسا وەرگرتووە، بەڵام ئەو کۆششە تەنیا دەخرێتە خانەی پاساودانی جیهاندیدێکی گیانی ڕوحی ئایینی کە لە سەرەوە بەسەر کۆمەڵگادا سەپێنراوە. ئەو گۆڕانانەی لە دواییدا بەسەر ئەو جیهاندیدەدا هێنرا لە ئەورووپا لەوە بەولاوە نییە کە سروشتە ترانسندێنتییە سەروو سروشتییە بەکۆمەڵگا بیانییەکەی مەسیحیەت کاڵ بکرێتەوە.

ئەو پرسیارەی دەربارەی ئەو بابەتەی فەلسەفەی

سەدەکانی ناوەڕاست بەبیردا دێت ئەگەر هاتو تایبەتمەندی هەمەکی و گشتی بە هەموو شێوەکانییەوە لە شت زەوت بکرێت، دەکرێت ئەو خەسلەتە بە وشە و ناوەکان بدرێت؟! ئینجا بۆچی ناوێک خۆی دەکرێ لە چەند تاکێک بنرێت؟!. ئەگەر ئەم لایەنەی ئاریێ، یان ناریێ بکرێت، ئەگەرچی کێشەکە بە تەواوەتی بەلایەکدا ناخات، ئەگەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی زمان ئۆباڵی ئەم کێشە و بابەتەی بخرێتە ئەستۆ، چۆن هەبوونی بۆچوونی هەمەکی (گشتی) لێک دەدرێتەوە؟!. ئایا دەکرێ بگوترێ ئەو چەمکە هەمەکییانە بە زمان ئەو بۆچوونە گشتییانە دەردەبڕن کە لە مێشک و ناخی مرۆڤدا هەن؟! ئەگەر لەنێو تاکەکانی یەک گرووپدا جیاوازی هەبێ کە بەهۆیەوە جەوهەر و فۆرمی تایبەتی خۆیانی پێ پشت ڕاست بکەنەوە، دەبێ، یان ئایا ئەو لێکچوونەی لەنێوانیاندا هەیە و ناکرێ ببێ«١٤» بەمایە و هۆکاری ئەو بۆچوونە هەمەکییەی مرۆڤ لە بارەیەوە هەیەتی؟!. ئەگەرچی ئەم پرسیارانە لەسەرەتاوە مەبەست و وەڵامەکانیان تاڕادەیەک دیار و دەستنیشان دەکەن، ئەوە وردە وردە لە جیهاندیدی ئەبیلارد نزیکمان دەکەنەوە. بە پێچەوانەی چامپێو ڕابەری لایەنەکەی تری ئەم بابەتە کێشە ئامێزە یۆهانس ڕۆسیلینوس کە بە نۆمینالیست ناسراوە بە جۆرێکی تر وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە.

ڕۆسیلینوس (١٠٥٠ - ١١٢٠ز) هەموو جۆرە بوونێکی ڕاستەقینەی لە هەمەکییەکان زەوت کردووە، بەلایەوە هەڵکەوت (واقیع) تەنیا هەر لەشمەکی تاک و تاکەکان پێکهاتووە. چەمکە هەمەکییە گشتییەکان تەنیا لەلایەن ئەندێشەی مرۆڤەوە داهێنراون، ئەو چەمکە هەمەکییە گشتییانە چەند ناوونیشان و هێمایەکن بەهۆیانەوە مرۆڤ شمەکە تاکە لە یەکچووەکان و وەک یەکەکان بەپێی نیشان و خەسلەتە هاوبەش و ناوکۆییەکەیان پێکەوە کۆدەکاتەوە. شتێک نییە پێی بگوترێ سپێتی ئەوی هەیە شمەکی تاکی سپییە(١٥). مرۆڤایەتی نییە ئەوی هەیە مرۆڤی تاکە، تاکە مرۆڤی وەک دانا و توانا و زانا هەیە. ئەو جیهاندیدەی ڕۆسیلینوس کە فەلسەفە و لاهووتی تێکەڵ بە یەکتری کردووە، بۆتە مایەی تووڕە بوونی کڵێسە و دەزگاکانی ئەوسای ئایینی مەسیحی کوفر و لەڕێ لادانیان خستۆتە پارسەنگییەوە و داوایان لێ کردووە لەو بۆچوونەی پاشگەز بێتەوە. ئەگەر بێتو بۆچوونە نۆمینالیستییەکەی ئەو لاهووتییە بەسەر بنەمای سێ ڕەنگی «باوک، ڕۆڵە، گیانی پاکدا جێبەجێ بکرێت، دەبێ بنەمای سێ ڕەنگی کە بنەمایەکی سەرەکی عەقیدە و ئیمانی مەسیحیەتە، لەلایەکەوە بە ناوێکی بێ ناوەڕۆک دابنرێ و لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئەم سێ ڕەنگییە کە سێ خەسلەت و تایبەتمەندی ڕەبی مەسیحن بە سێ ڕەبی تاک دابنرێن، ئەمەش بەلای کڵێسەوە پەسند نییە.

ئەبیلارد لە بەرهەمەکانیدا کۆششی کردووە ڕێگای سێیەم بگرێتەبەر، نە ڕێئالیستی و نە نومێنالیستی بە واتای سەدەکانی ناوەڕاست.

ئەوی پێوەندی بە ڕەگەز و جۆرەکانەوە هەیە، بەلای ئەبیلاردەوە دەکرێ لە چەند پرسیارێکدا کۆبکرێنەوە:

ئایا ئەو ڕەگەز و جۆرانە بە ڕاستی هەن و بوونیان هەیە، یان تەنیا پشت بە بۆچوونەکانمان دەبەستن؟ ئایا ئەو هەمەکییانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، یان هەر لە ناخ و مێشکی بکەر- بنەی بیرکەرەوەدا هەن؟! ئەگەر وا دابنرێ هەن و بوونیان هەیە ئایا ئەو بوونە بوونێکی لەشییە، یان نالەشییە؟ ئایا ئەوان لەو شتانەی بە هەستەکان پەیان پێ دەبردرێ جیا و دابڕاون، یان لەنێو ئەواندان و لەواندا دەردەکەوێ«١٦» ؟ ئایا هەمەکییەکان سەر بە وشەکانن، یان سەر بە شمەکەکانن؟ ئەگەر سەر بە شمەکەکان بن و ئەو شمەکانە نەمێنن هەمەکییەکان لە ئارادا دەمێنن، یان«١٧» نا؟

بەلای ئەبیلاردەوە هەمەکییەکان شت نین، بەڵکو وشەن، ئەم وشانە خۆیان ڕووداوێکی فیزیکی نین، بەڵکو بابەتەکە بریتییە لە وشە وەک واتا و دەلالەت. شتەکان، شمەکەکان لە یەکتری دەچن، لەو لەیەک چوونە هەمەکییەکان دروست دەبن، بەڵام خەسلەت و تایبەتمەندی ئەو لەیەکچوونە لە دوو شتی وەک یەک و لە یەکچوودا خۆی نابێ بەشت«١٨» . لێرەدا ئەبیلارد بابەتەکە لە پاوانی میتافیزیک دێنێتە دەرێ و دەیخاتە نێو چوارچێوەی مەنتیقەوە. لە کاتێکدا فرفۆریۆس و بۆئیتیۆس بابەتی هەمەکییەکانیان بە بوونی چەند جەوهەرێکی هەمەکییەوە بەند کردووە کە ئەمەش لەخۆیدا سروشتی میتافیزیکی بە کێشەکە دەبەخشێ، بەلای ئەبیلاردەوە بە پێچەوانەوە بابەتەکە لە چوارچێوەی مەنتیق ناچێتە دەرەوە، چونکە ئەم چەمکانە چەند جەوهەرێکی هەمەکییانە نین کە لە تاکە شمەکەکاندا هەبن، بەڵکو دەبێ مرۆڤ قسەکردن و ئاخافتن لە بارەی شمەکە هەمەکییەکان لە قسەکردن لە بارەی وشە

هەمەکییە گشتییەکان جیا بکاتەوە. مرۆڤایەتی وشەیە نەک جەوهەر، ئەوی هەیە مرۆڤی تاکە دانا و توانا و زانایە، نەک مرۆڤایەتی! ئەو ڕاستەقینەیە و بەڕاستی هەیە تاکەکانن. ئەوی بەڕاستیش دەزانرێ و پەی پێدەبردرێ شتی تاکە نەک هەمەکی- گشتی. چەمکە گشتییەکان لە بۆچوون بەولاوە شتێکی دیکە نین. بۆ نموونە مرۆڤ بۆچوونێکی دیاریکراون دەربارەی باڵندەیەک هەیە، کاتێک مرۆڤ لە نزیکەوە لەو باڵندە ورد دەبێتەوە و تەماشای دەکات بۆی دەردەکەوێ ئەو بۆچوونە چەندە کاڵ و ناتەواوە، هەمان شت چەمکە گشتییە- هەمەکییەکانیش دەگرێتەوە«١٩» و زانینیان بە تەواوەتی نابێ، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەگوترێ ئەمانە لە چەند وشەیەکی واتا و دەلالەت بەولاوە نین. ڕاستە لە مەنتیقدا چەمکە گشتییەکان دەکرێن بە بابەتی لێکۆڵینەوە، بەڵام لە بارەی ئەم بابەتەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە کە خۆی لەپاوانی تیۆری زانیندا چوزەرەی کردووە، بەڵام مەنتیق ناتوانێ دەستبەرداری ببێ: ئەو چەمکە گشتییانە چۆن پەیدا بوون، لەکوێوە هاتوون چۆن مرۆڤ پێیان گەیشتووە؟

ئایا دەکرێ بڵێین هێزی ئەندێشە کە توانای ئەبستراکت کردنی هەیە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی زمان مایەی وروژاندن و هێنانەکایەوەی ئەو بابەتە کێشە ئامێزەن؟ وەڵامەکە بە هەر لایەکدا بێت پاساوی بوونی ئەو بابەتە دەداتەوە. مرۆڤ کاتێک سەرنجی شمەکەکان دەدات پەی بە شتی تاک دەبات و هەست بە بوونی جۆرە لەیەکچوونێکی نێوان شتە جیاوازەکان دەکات و ئەو لە یەکچوونەی شمەکە جۆراوجۆرەکان سەرنج ڕادەکێشێ و جۆرە بۆچوونێک دەخاتەوە.

### کێشەی ئاکار

نووسین دەربارەی بابەتی ئاکار بە تایبەتی لەسەردەمێکدا ئایینێکی تۆتالیتێری سەرتاپاگیری وەک مەسیحیەت کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردبێ وا سووک و ئاسان نییە.

مەسیحیەت وەک هەر ئایینێکی گەردوونی کە لافی ئاسمانی لێبدات، خۆی بە دەمڕاست و بە دانەری بنەماکانی ئەو چوارچێوانە داناوە کە تێیاندا ڕێوشوێنەکانی کرداری پەسندی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دادەڕێژرێن. کڵێسە و دامودەزگاکانی خۆیان بە نوێنەری ئەو ئایینە لەسەر زەوی داناوە، بۆیە هەر لە سەرەتای جێگیربوونی ئەو ئایینەوە وەک نوێنەر و دەمڕاست لەسەر زەوی ڕاستەوخۆ پێی لەسەر ئەو بنەمایانە دا گرتووە و تۆبزی لە مرۆڤ کردووە پابەندیان بن و پەیڕەویان بکەن: مەسیحیەت وای بردۆتە مێشکی لایەنگیرانییەوە کە مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت و سەر بە هەر نەتەوە و وڵاتێکی دنیایی بێ، پێویستی بە پاک بوونەوە -Er losung هەیە و ئەم پاکبوونەوەیە تەنیا ئەو ئایینە دەستبەرداری دەبێت. دامەزراندنی مەملکەتی ڕەب لەسەر زەوی ڕاستییەکە مەسیحیەت مزگێنییەکەی بە مەسیحییەکان داوە. دەرکەوتنەوەی جارێکی دیکە یەسووعی مەسیح (عیسای مریەم) پێوەندی نێوان ڕەب و مرۆڤ وەک ڕاستییەک دەگۆڕێ.

دوای ئەوەی مەسیحیەت کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگا و دەوڵەتی کردووە، پەنای بردۆتە بەر ئەو ئامرازەی فەلسەفەی یۆنان دای هێنابوو بۆ ئەوەی ئەو ڕێوشوێنە ئاکارییانە بەهۆی ئەو چەمکە فەلسەفەییانەوە بەتوانا و پتەو بکات لەبەرانبەر ژیانی ڕوحی- ژیانی ژیری ئەنتیکدا وەک سیستم و ڕێبازێکی زانین و بگرە فەلسەفە لە چاو دانایی کلاسیکی یۆنان خۆی بسەپێنێ. هەروەها پشت بە هەندێ چەمک و بابەتی مەنتیق بەستراوە بۆ ئەوەی بۆچوونە بنەڕەتییەکانی بڕوا و ئیمانی مەسیحیەت بەپێی توانا پاساو بدرێنەوە«٢٠». هەروەها لە مەیدانی سیاسەت و دەسەڵاتدار هەوڵی داوە دەسەڵاتە گیانییە ڕوحییەکەی بەسەر هێزی دنیا بشکێ و هەرچی ئەگەر و گومان دەربارەی پەیامی کڵێسە هەیە بڕەوێنرێتەوە و ساغ بکرێتەوە و لەناخدا جێگیر بکرێت کە کڵێسە ئەرکێکی ڕەببانی لەسەر زەوی پێ سپێردراوە، ناوەڕۆکی ڕەهاو بابەتیی ڕێئالیستیانەی پەیامی کڵێسە لە هەموو جۆرە دڵ کرمێ بوونێک بە دوور بگیرێ، ئەمە ئەو ئامانجە بووە کە ئایینی مەسیحی بەهۆی کڵێسە و داوودەزگاکانییەوە، لە چوارچێوەی ئەو هەموو وەرچەرخان و باری گۆڕین و گۆڕانەی بەسەر ژیانی ناوەکی و دەرەکیدا هاتووە، بەدرێژایی سەدان ساڵ بەبێ ئەوەی دەستی گۆڕان بیگاتێ بیپارێزێ و دەرێژەی پێبدات.

گەیشتن بەو ئامانجە هەروا شتێکی سووک و ئاسان نەبووە، چونکە دەبوو لە دوو بەرەدا کە تێیدا کۆشاوە هەر نەبێ لە یەکێکیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەگەرچی زۆری لەسەر کەوتبێ:

**یەکەم:** کۆمەڵگا بە جۆرێک بگۆڕێ، کولتوورە بۆماوەکەی کۆمەڵگا بە جۆرێک بشێوێنێ، هەردووک لا

بە ناچاری ئامادەبن جیهاندیدەکەی کڵێسە کە ئەوپەڕی بیـانی (سـەرووسـروشـتی بووە). پەسند بکەن و وەری بگرن.

**دووەم:** بەناچاری گـۆڕین بەسـەر پێکهـاتەی خـۆیدا بهـێنێ بە جـۆرێک کـە لەگـەڵ سـروشـتی کـۆمـەڵگای ژێر ڕکێفی خۆیدا بگونجێ.

ئەگـەرچی مـەسـیـحـیـەت لە دوو لاوە بیـانی بووە، لەلایەکەوە ئایینێکی ڕۆژهەڵاتی بووە و کۆچی کردووە بۆ ئەورووپایەکی زەوی و ئاسمان لە ڕۆژهەڵات جیاواز، لە لایەکی ترەوە خـۆی و پشت ئەسـتـوور بە ناوەڕۆک و پەیامەکەی لافی سەرووسروشتی ترانسندێنتی لێداوە، ئەم ڕەوشـەش بە تەواوەتی لەگـەڵ هەلومـەرجی سـروشت ئاسـای کـۆمـەڵگادا وا بە ئاسـانی نایەتەوە، ئەوە مەسیحیەت ناچار بووە لەکەلی شەیتان بێتە خوارێ و سـوود لە هەردوو ڕێتـێـچـوونەکـە وەربگرێت، بۆیە لەلایەکەوە نەک هەر خۆی گۆڕیوە، بەڵکو گۆڕانی ئەوتۆ بەسـەر ناوەڕۆک و ڕوخسـاریدا هاتووە ڕەنگبێ ئەگـەر یەسووعی مەسیح لە کونێکەوە بەدی کردبایە حاشای لێ دەکـرد. لە ئەنجـامی ئەم حـاڵەدا حـاڵی دووەمـیـش کەوتۆتەوە، ئەویش گونجان و هاتنەوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپادا. دابەش بوونی مەسـیـحـیـەت بە دوو ڕێبـازی (مەزهەبی) سەرەکی کاتۆلیک و پرۆتستانت جیاوازی و فرە ڕەنگی و زیندوویی کۆمەڵگاکان ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە. هەر کۆمەڵگایە کارەکتەر و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و هەیەتی، بۆیە ئەو دابەشـبـوون و گـۆڕانەی کاروباری ئایینەکەیان سەپاندووە و بە جێبەجێ کردنیان داوە. ئەگەر ئەو ڕۆڵەش لەبەرچاو بگیـرێ کە کـولتووری بەپێزی ئەنتیکی ئەو میللەتانەی کران بە مەسیحی لە کایەی هزر و فەلسەفە و لاهووتدا، بە تایبەتی لە بابەتی ئاکـاردا، ئەو پێشکەوتنە کـە ئەگـەر هەندەکیش بووبێ پاساو دەدرێ.

لاهووتی و فـەیلەسـووفـانی مـەسـیحی ئەو سەردەمە، ئەگـەرچی لە بنەڕەتدا پابەندی ئـایینەکـە بوون، بەڵام بایەخی زانین و شـارەزا بوونیـان لە کـولتـووری ئەنتـیک هەر لەبەرچاو بووە، بۆیە گـەیشـتـوونەتە ئەو ڕادەیەی بپرسن:

ئایا مـرۆڤ بەهێـز و توانای تایبـەتی خـۆی، بەبێ یارمەتی کلێسە و بنەما ئایینییەکانی، بەبێ یارمەتی بەهرەی ڕەببانی لە ژیانی ئاکاریدا چی لەدەست دێت و چ توانایەکی هەیە«٢١»؟

ئەو پرسیارە لەلایەن ئەبیلاردەوە کراوە و ئەنجامەکەشی دانانی بنەمای نیمچە ڕێوشوێنێکی ئاکاری ئامانجەکی و کرداری نیاز و مراز بووە. ئەو لافەی مەسیحیەت لێیداوە گوایە ڕاستەوخۆ پشت بە کردار و بەهرەی ڕەب دەبەستێ نەیتوانیوە ببێتە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم کەسانێکی وەک ئەبیلارد کە هێز و توانای ژیرەکی و مەنتیقی مرۆڤ پشـتگوێ بخـەن. ئەو لەوە ئاگـادار بووە کـە ئەو لافـەی مەسیحیەت لێیداوە گوایە ئەو باشترین ڕێوشوێنی ئاکار دەخـاتە بەرچاو و دەداتە دەست مـرۆڤ، پشت ڕاست ناکرێتەوە، چونکە ئەگەر بشێ باسی ڕوح و گیانی ڕەب بکرێت کە ژێری گەردوونییە، ئەو گیانە هەمیشە و بەر لە هاتنی مـەسـیـحـیـەت ڕێ نیـشـانـدەری مـرۆڤ بووە هەر لەسـەردەمی ئەفـلاتوونەوە تاوەکـو پەیامـبـەری ئایینی مـووسـا، بۆیە دەکـرێ ڕۆڵ و بایەخی ئەبیـلارد لەوەوە بکەوێتـەوە کـە کـۆشـشی کـردووە هاوکـاتی و ڕۆڵی سـەرووسـروشـتی و ئاینی لەژیانی سـروشـتی و ئاکـاری بەدوور بگرێ. ئەم ئەرکـە ئەوپەڕی گـرنگە ئەگـەر مـرۆڤ بچێـتە ژێر بارێەوە چەند بنەمایەک پێویست دەکـات کە دەبێ پێیان لەسەر دابگیرێ و پاساو بدرێن:

**یەکەم:** کـارێک، کـردەوەیەک، ڕەفـتـارێک دەکـرێ بە ئاکاری ناوببرێ، یان خەسڵەتێکی ئاکارییانەی، ئارێ، نارێ، لەبار و نالەبار بدرێتـە پاڵ کـە لە خـواسـتـێکی (ئیـرادەیەکی) ئازادەوە کـەوتـبـۆوە و بکەرەکـەی بەوپەڕی زانینەوە کردبێتی، ئەگەرنا هەموو جۆرە ئۆباڵ کێشان و چوونە ژێر بارێەوە لە سنووری ڕەوا دەچێـتـە دەرەوە و دەچێـتـە ناو بازنەی ناعـەدالەتیـیـەوە. دەبێ چ دادپەروەرێک بەلایەوە ڕەوا بێت، مـرۆڤـێک بە تۆبزی کـارێکی پێ کـرابێ، یان لە چارەی نووسـرابێ بیکات و لەسەری سزا بدرێت؟

**دووەم:** دەبێ ئەو کەسە ئازاد بێت و خاوەن ویژدانێکی سەربەست بێت ئەو جارە کارەکەی سروشتی ئاکارییانەی دەبێ.

**سێیەم:** ئەنجامی کارەکە نەک مەبەستی بکەر دەچێتە نێـو خـانەی ئاکـارەوە. بەهاو بایەخی کـار و کـردەوەی ئاکـارەکی Sittlich بەهۆی ئەنجـامی دەرەکی کـارەکـەوە هەڵدەسـەنگێنرێ و بڕیاری لەسـەر دەدرێت. تەنانەت قسەیەک هەیە بریتییە لەوەی کە ((کردەوە مرۆڤ دەکوژێ نەک نیاز و مەبەست))«٢٢»

ئەگەرچی ئەم قسەیە دەچێتە نێو خانەی قانوون و دادگا و بنەمـاکـانی سـزادانەوە، بەڵام بە تەواوەتی لەگـەڵ

بنەماكانی كرداری ئاكارەكیدا دێتەوە، بەڵام ناكرێ ئەو لایەنەش بە هەند نەگیرێ كە جیاكردنەوەی كردار لە خواست بە هەردووك لادا ئەنجامی سەخت و گرنگی لێ دەكەوێتەوە.

دادوەر فرمانی تیربارانكردن بەسەر بكوژێكدا دەدات. سەربازێك فرمانی بۆ دەردەچێ تاوانبارەكە گوللەباران بكات. ئایا ئەو دادوەر و سەربازە بكوژن، یان نا؟

ئەو خاڵانە تارادەیەك لەگەڵ بۆچوون و جیهاندیدی ئەبیلارددا نایەنەوە. ئەو وەك مرۆڤێكی لاهووتی كە بە شیری ئایینی مەسیحی لە كڵێسە و دێر و كاتیدرالییەكاندا گۆش كراوە بەشێوەیەكی بەرچاو لە چوارچێوەی دەوروبەر و جیهاندیدی كڵێسەدا چالاك بووە ئەگەر لە هەندێ خاڵی هەندەكیدا تایبەتمەندییەكی خۆی ساغ كردبێتەوە، بۆیە ئەو لەو باوەڕەدا بووە لاری لەوەدا نییە كە نیازی چاكە بنەمای چاكەكارییە، بەڵام كردارێك، ڕەفتارێك بە چاكەكاری دانانرێ، چونكە لەخۆیدا شتێكی چاك و باشی تێدایە، بەڵكو لەبەر ئەوە بە چاكەكاری دادەنرێت كە لە نیازێكی چاك و باشەوە كەوتۆتەوە، ئەوەیە بۆچوونی ئەبیلارد كە ئاكارەكەی بە ئاكاری نیاز دادەنرێت.

پێوەندی نێوان كردار و كارەكتەری ئاكارەكی ئەگەرچی لەم سەردەمەماندا بەلایەكی تری دوور لە فەلسەفە هەنگاو دەنێ، ئەوە لەسەدەكانی ناوەڕاستدا بابەتێكی گرینگی لاهووت و فەلسەفە بووە. ئەبیلارد لەو سۆنگەیەوە هەوڵی داوە بەدكاری لە گوناح جیا بكاتەوە.

خەتاو بەدكاری Laster ئارەزوو و مەیلێكی بەدو خراپە، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ شتێك پەسند بكات كە شایەنی ئەو پەسند كردنە نەبێت.

گوناح Sunda لەوە پێكدێت شتێك ڕەوا بكرێت كە لە خۆیدا شایەنی ڕەوا و پەسندكردن«٢٣» نەبێت، بۆیە گوناح لە كاری پەسندكردنەكەدا دەبێت، بەڵام بەدكاری، یان ئارەزووكردنی كاری گوناح و بەد لەخۆیدا گوناح نییە، چونكە خەتایەكە لەوەدایە مرۆڤ وا لێدەكات ئارەزووی كاری بەدی هەبێت.

لە بەرهەمی «تۆ خۆت بناسە» قسە لە بابەتەكانی ئاكار دەكات بەپێی سەردەمی خۆی. لەو بەرهەمەدا بە تەواوەتی ڕێبازی ئامانجەكی لە ئاكاردا دەردەكەوێ«٢٤». كردارەكان ئەگەر بە تەنیا بۆ خۆیان سەرنج بدرێن لە سۆنگەی ئاكارەوە جیاوازن و وەك یەك نین. نیاز، ئامانج ئەو كردارانە دەخاتە خانە و نەزمی ئاكارەوە و دەبێتە مایەی ئەوەی چەوت، یان ڕاست و دروست بن. بەدكاری لە گوناح جیاوازترە كاتێك كردارێك بە گوناح، یان بە بەدكاری دادەنرێت ئەگەرهاتو مرۆڤ بەدكارییەكی ڕەوا كرد، یان ئەگەر ئەو لە كارێك خود ناری نەكات، كە نەدەبوو بیكات. ناوەرۆكی ئەو بەرهەمە ئەگەرچی بە ئاكار ناسراوە، بەڵام لەم سەردەمەدا زۆربەی خاڵەكانی ناخرێنە نێو بابەتی ئاكارەوە. دانانی بنەمای ئاكاری ویژدان و ئامانجەكی داهێنانێكی ئەبیلارد بووە.

### لاهووت

ئەگەرچی ئەبیلارد گومانكار نەبووە و ئەو ڕەوشە لەگەڵ بنەماكانی بڕوا و ئیمانی مەسیحیەتدا نەگونجاوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەكان لەو باوەڕەدابووە كە گومان و ئەگەر باش و پێویستن، چونكە بەهۆی گومانكردنەوە مرۆڤ دەست بە گەڕان و پشكنین و لێكۆڵینەوە دەكات و بەهۆی گەڕان و لێكۆڵینەوەشەوە بەڕاستی و ڕاستەقینە دەگات.

ئەبیلارد كە ڕابەرێكی دیالێكتیكی سەردەمی خۆی بووە كۆششی كردووە سوود لە ژیر و مەنتیقی ئەرستۆتالیس وەربگرێ بۆ پشت ڕاست كردنەوەی بابەتەكانی لاهووت، بۆیە لە جیاتی ئەوەی وەك لاهووتییەكانی سەردەمی خۆی سەربەخۆیی لاهووت پشت ڕاست بكاتەوە. هەوڵی داوە ساغی بكاتەوە كە لاهووت پێویستی بە یارمەتی ژیر هەیە و ئەنجامەكەشی گەیشتن بە ئامانجی داهێنانی لاهووتی دیالێكتیكی بووە. لاهووتێك نەتوانێ دەستبەرداری مەنتیقی مامۆستای یەكەم ئەرستۆتالیس ببێ.

چەند جارێك ئەبیلارد گازندە كراوە و تۆمەتی لادان لە بنەماكانی ئایین و ڕێوشوێنی كڵێسەی خراوەتە پارسەنگەوە . گوایە ویستوویەتی لە چوارچێوەی لاهووتدا دەربارەی ڕەب و یەكتایی سێ ڕەنگی «ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاك» و بەهرەی ڕەببانی و پاكبوونەوە لە گوناح Erlosung شتی نوێ و تازە بڵێ و ئەوی كڵێسە لەسەری ڕۆیشتووە و دەڕوات ببەزێنێ. ئەو گازندەیە وەك سەرچاوەكان باسیان كردووە دروست نەبوون، چونكە ئەبیلارد مرۆڤێكی ڕۆشنگەری لایەنگیری ژیر بووە (Rationalist) لە ڕوانگەیەكی مرۆڤ پەروەرانەوە لە ئایینی ڕوانیوە. لە بەرهەمە لاهووتییە فەلسەفەییەكانیدا خودی مرۆڤی كردووە بە سەرپشك و لە سۆنگەی فەلسەفەوە ویستوویەتی بنەما و دۆگمەكانی ئایین لێك

بداتەوە. بۆ نموونە کە باسی سێ ڕەنگی (باوک، ڕۆڵە و گیانی پاکی) کردووە وتوویەتی:

(باوک) ڕەب هێز و توانا و خواست و دەسەلاتە، ڕۆڵە دانایی و بلیمەتییە، گیانی پاکیش چاکەکارییە«٢٦»، ئەو سێ وشەیە بە بۆچوونی ئەبیلارد نابێ بەواتا تایبەتییەکەیان وەربگیرێن، بەڵکو دەبێ بۆ باسکردنی ئەوپەڕی چاکەکاری و هێز و دەسەلات و توانا (قودرەت) و دانایی و خۆشەویستی بەکاربهێنرێن.

بیروبۆچوونەکانی ئەبیلارد بەگشتی لەلایەن لایەنگیرانی کلێسەوە پەسند نەبووە و ئەویان بە لایەنگیری فەلسەفەی ئەفلاتوون داناوە. ئەبیلارد وای بۆ چووە کە ڕەب بەپێی ئەو سروشتەی هەیەتی لەتوانایدا نەبووە لەوە بەولاوە کە لە هەرە کۆنەوە کردوویەتی شتێکی دیکە بکات. هەروەها گومانی لە ئۆباڵکێشان کردووە و پرسیویەتی ئاخۆ دەبێ ڕەب لەم سۆنگەوە ستایش بکرێت، یان گازندە؟ بەلای ئەبیلاردەوە، ئەگەر مرۆڤ لەخۆیدا لەتوانایدا نەبێ و نەتوانێ چاکە بکات، بەهۆی ئازادی خواستیەوە بەبێ بەهرەی ڕەبیانی نەتوانێ بەهرەمەندبێ، دەبێ بۆچی سزا بدرێت ئەگەر گوناهباریش«٢٧» بێت؟! ئەم پرسیارە ئەو بنەمایەی بۆ ئەبیلارد خۆش کردووە کە ڕێبازی ژیرەکی لەسەر بنیادبنێ.

ژیانی ئەبیلارد و ئەوەی لە کلێسە بەهۆی خۆشەویستی کچێکەوە بەسەری هاتووە لە بیروبۆچوونەکانی پتر سەرنج ڕادەکێشێ. بەپێی سەرچاوەکان ئەبیلارد حەزی لە کچێک کردووە ناوی هیلویز (Heloise) بووە بەبێ مارەیی کوڕێکی لێبووە. کاتێک لە کلێسە ئەمە ئاشکرابووە، مامی ئەو کچە کە پیاوێکی گەورەی ئایینی و کاربەدەستێکی دەستڕۆیشتووی کلێسە بووە شەوێکی بەدەرفەت زانیوە و پەلاماری ئەبیلاردی داوە و لە پیاوەتی کردووە، بەپێی سەرچاوەکان خەساندوویەتی«٢٨». لەو ڕۆژەوە ئەبیلارد بووە بە ڕەبەن و کچەکەش لەدێرێک بە ڕەبەنی ژیانی خۆی بەسەر بردووە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Russell, Bertrand., Philosophie des Abend landes. Europaberlag. Munchen. Wein 2000. S.447.**
**2- Copleston, F.C., Geschichte der Philosophie. Munchen 1976. S.86.**
**3- Schupp, Franz., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd. 2. Meiner Hamburg 2003 S.314.ff.**
**4- Schupp, Franz., Ebenda. S.184.**
**5- Disse, Jorg., Kleine Geschichte der abend Land is chen Metaphyisk. Primus Verlag Darmstadt 2001. S.139.**
**6- Copleston, F.C., Ebenda. S.87.**
**7- Gilson, E., und Bohne, Phil., Christliche Philosophie Bd.I. Paderboren 1954. S. 337-338.**
**8- Schupp, Franz., Ebenda. S.184.**
**9- pinborg, Jan., Logik und Semantik im Mittelalter. Holzboog. 1972. S.51.ff.**
**10- Pinborg, Jan., Ebenda. S.53-54.**
**11- Gilson, E., und Bohne, Phil., Ebenda. 339.**
**12- Gilson, E., und Bohne, Phil., Ebenda. 341-342.**
**13- Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.275.**
**14- Gilson, E., und Bohne, Phil., Ebenda. S.343.**
**15- Storig, Hans Joachim, Ebenda. 276.**
**16- Schupp, Franz., Ebenda. S.186.**
**17- Gilson, E., und Bohne, Phil., Ebenda. S.340- 341.**
**18- Russell, Bertrand., Ebenda. S.448.**
**19- Hirsch berger, Johannes., Geschichte der Pholosophie. Bd.I. Kommet. Koln 1980. S.413.**
**20- Jodl, Feiedrich., Geschichte der Ethik. Bd.I. Phadon- Essen.. S.151.**
**21- Jodl, Feiedrich., Ebenda. S.153.**
**22- Hirsch berger, Johannes., Ebenda. S.415.**
**23- Gilson, E., und Bohne, Phil., Ebenda. S.356 ff.**
**24- Copleston, F.C., Ebenda. S.84.**
**25- Flasch, Kurt., Einfubrung in die Philosophie des mitelalters. WB. Darmstadt 1994. S.83.**
**26- Flasch, Kurt., Ebenda. S.88.**
**27- Flasch, Kurt., Ebenda. S.91.**
**28- Gilson, E., und Bohne, Phil., Ebenda. S.352.**

# گەڕانەوەی هێمن دەگەڵ سۆزی ناڵەی جودایی

ئەحمەدی قازی
(مەهاباد)

گەڕانەوەکەی هێمن، هەرچەند تا ڕادەیەکی زۆر هەمان دەروونمایەی نیشتمانپەروەری تێدا بەرچاوە، بەڵام لە باری زبان و بۆچوون و ڕوانگەوە، جیاوازی دەگەڵ سەفەری گەڕانەوەی (هەژار و هێدی) هەیە. ئەم دوو بەرێزە لە بنەڕەتدا هەڵگری پەیامێکی تایبەتن، ئەویش پەیامی مەڵبەندی خەبات و شۆڕشە بۆ موکریان لە دوو زەمانی جیاوازدا.

(هێمن) سەفەری خۆی لە مەیخانەوە دەست پێدەکا و پێش ئەوەی وەڕێ بکەوێ بارودۆخی مەیخانەمان بۆ باس دەکا. مەیگێڕ کە هەڵسووڕێنەری کاروباری مەیخانەیە و کیژێکی نازدارە زۆرتر ڕووی خۆشی دەلای دەسەڵاتداران، بەختەوەران، بێ خەمان و خاوەن زێڕ و زۆرەکانە و لە بەشخوراوان و بێ ئەنوایان و چارەڕەشان لالووتە و پێیان ڕاناگا. لە ڕوانگەی باری کۆمەڵایەتییەوە دەتوانین بێژین هێمن مەبەستی لە مەیخانە و مەیگێڕ و دانیشتووەکانی، هەمان کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیەتی کە دەوڵەمەند و ساماندراری دەسەڵاتدار و ملهوڕ لەوێدا پاڵیان لێ داوەتەوە و سەرگەرمی ڕابواردن و خواردنەوە و زەوت کردنی هەموو مافێک بۆ خۆیانن. هێمن کە نوێنەری چینی هەژار و بێ ئەنوای ئەو مەیخانە، یان ئەو کۆمەڵگایەیە و دەسەڵاتی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی نییە، بە سکاڵاوە ئامۆژگاری مەیگێڕ دەکا کە «ڕوو دەلای ئەوکا» و هێندە هێز و توانا و لەوەندی و لەباری بۆ خزمەت کردن بە زۆردارانی ملهوڕ تەرخان نەکا.

شێوەی بەیان، یان ئاوازی هێمن ئارام و عاریفانە و پڕ لە پاڕانەوەیە. بەپێچەوانەی هەژار و هێدی، باسی خەبات و ڕاپەڕین و پەلامار و پێشمەرگە لە ئارادا نییە، باسی شانازی و حەماسە و سەربەرزی و ڕابردووی خوێناوی دەگەڵ مەیگێڕ ناکا. زبانی بەیان کردن پیرانە و

هیـوا بڕاوانە و لە هەمـان کـاتدا، بەڵام زبان و بەیانێکی کاریگەر و شیکارانەیە:

**ساقییا وا بادەوە، وا بادەوە**
**ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە**
**موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن**
**زۆربەیان شاد و بە کەیف و بێ خەمن**
**ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە**
**لێی حەرام بێ ئەوکەسەی دەردی کەمە**
**بۆ کەسێکە مەی، دڵی پڕ بێ لە داخ**
**بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ**
**ئەو کەسەی بێ کەس نییە و خانەخەراب**
**دەک بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب**
**ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم**
**شانی دانەخزا لە بن باری ستەم**
**ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد**
**تیخی زۆرداری برینداری نەکرد**
**ئەو کەسەی نەیدیوە هاتی دوژمنی**
**تیری یەخسیری لە ئەستۆ داڕنی**
**بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ**
**شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ**

شـاعـیـر لەوەش قـوولـتـر تێـوە دەچێ و پاش ئەوەی مەیگێڕ لە خزمەتکردنی سامـانداران و ملهوڕانی چینە دەسـەڵاتدارەکـان قـەدەغـە دەکـا، تەنانەت شـەراب بۆ ئەو کەسـانەش کـە دەسەڵاتدار نین و کـاریان چەوساندنەوە و خوێنمژی نییە و تەنیا بەختەوەرییەکی ڕێژەییان هەیە، بە حەرام دەزانێ.

**ئەو کوڕەی دۆی داوەتێ دەستی دەنێ**
**بێتە ئێرە چۆنە هەیدێی ناکەنێ؟!**
**ئەوکەسەی پەنجۆڵە بگوشێ جار و بار**
**ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار**
**ئەو کەسەی بڕژێ خوناوەی گەردنێ**
**کفرە یەک قەترە شەرابی گەردەنێ.**

لە بەراوردکردنی شێوەی بەیان و ناوەڕۆکی شیعرەکانی (ناڵەی جـودایی)دا دەگـەڵ «بەرەو مـوکـریان» ، یان «کاروانی خەیاڵ»دا ناڕاستەوخۆ ئەو بیرە بە مێشکماندا تێدەپەڕێ کە زبانی هێمن زبانی بەرەی چەپی سیـاسی ڕۆژهەڵاتە کە تێشکاو و داماوە و بێجگە لە پاڕانەوە و نەرمی نواندن و خۆ ڕێکخستن ڕێگایەکی دیکە شک نابا، کەچی شاعیرانی بەرەو موکریان و کاروانی خەیاڵ بەخـەبات و شـۆڕش و پێـشـمـەرگـە پشت ئەسـتـوورن و شەختەی ناهومێدی کەسیرەی نەکردوون.

بەم جـۆرە شـاعـیـری ناڵەی جـودایی لە چەند کـۆپلە شـیـعـری دیکەدا سـاقی دەکـاتە بەرگـۆی (مـخـاطب) ئامـۆژگـارییـەکانی خۆی و هەر جارە بە بابەتێکی تازەوە دەگەڵی دەدوێ، بەڵام جـار دەگەڵ جار بە ورەی نزمـترەوە تا پلەی پاڕانەوە، ئەم وتووێژە ئەنجام دەدا.

**ساقییا وا وەرگەڕێ وا وەرگەڕێ!**
**ڕوو لە لای من کە مەچۆ بۆ سەرپەڕێ**
**لەنگەرێ بگرە مەبە وا بەرزە فڕ**
**بێنە بۆ من، بێنە بۆ من جامی پڕ**
**مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ**
**بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ**
**بۆ منی با بردەڵەی گردەنشین**
**بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین**

پاش ئەوەی چەند جـار ئەم وتووێژە دووپات دەکـاتەوە، ئەوجار لە ساقی داوا دەکا بە بادە سـەرمەستی کـا تا بۆ گەڕانەوەیەکی دوور ئامادە بێ و بتوانێ ئەو ڕێگا دوورە ببڕێ و بگاتەوە مەکۆی خۆشەویستی و ژیانی ڕابردووی جارانی.

**وا وەرە دەی وا وەرە نیزیک بە لێم**
**بدەیە مەی بدەیە مەی تا دەڵێم**
**«مست مستم» ساقیا دستم بگیر!**
**تا نیفتادم ز پا دستم بگیر!**

بەم جۆرە دەچێتە هەواری مەولانای ڕۆمی و بۆ جودایی و دووری لە یاران و زێد و خۆشەویستان دەناڵێنێ.

**گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز**
**تا بناڵێنم وەکو بلوێر بە سۆز**
**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**
**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**
**شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە**
**بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە**
**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**
**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**

لێرەدا ڕاوەسـتـان و سـەرنجـدانێک پێـویسـتـە. هێـمن

بەدوای چیدا وێڵە؟ ئایا ئەو هەموو شیوەن و ناڵەیە لە دووری زێد و خزم و کەسوکارانەوە سەرچاوەی گرتووە، یان دەردی هێمن قووڵتر و ئینسانیترە؟ بەڕای من هێمن لەدوو ڕوانگەوە دەڕوانێتە دنیا و عەوداڵی دوو بیرۆکەی گرنگە. یەکەم دەردی ئینسان دۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانییە کە لە باری سیاسییەوە لەو سەردەمەدا خۆی لەبیرۆکەی سۆسیالیزم و مرۆڤ دۆستیدا دەدیتەوە و دووەمیان بیرۆکەی ڕزگاری نەتەوەی کوردە کە بە باری سیاسیدا دەکەوێتە چوارچێوەی بیری ناسیونالیستی. کەوابوو دەتوانین بە ڕاشکاوی بێژین (هێمن) ناسیونال سۆسیالیستێکی کوردە و ئەو مەبەستەشی بە «ناڵەی جودایی» بۆ هەمیشە بردۆتە پلەی «هەرمان» و کردوویەتییە بابەتێکی هەتاهەتایی.

ئەوجار هێندێک باسی دوورە وەتەنی و هەڵبڕاوی دەکا و دەگەڕێتەوە دنیای خەیاڵ ورووژێنی فۆلکلۆر و دەگەڵ لاسە شۆڕ و سیامەند و برایمۆک و چەنای چەن کەسی لەم چەشنە خۆی هەڵدەسەنگێنێ و گوڕوتین وەردەگرێ و بەهیوا و ئومێد و وورەی تازەوە هەنگاو هەڵدەگرێ:

**ڕێگە دەبڕم کوانێ هەنگاوم شلە**
**ڕاستە بێ هێزم، دەکەم ئەمما ملە**
**هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت**
**دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت**
**دێم بەرەو زوورگ و تەلان و کەندولەند**
**دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند**
**دێم دەبینم نیشتمان و زێدەکەم**
**دێم دەبینم خزم و کاک و دێدەکەم**

لەو هاتنەوە و دیدار تازەکردنەوەیەدا چیدی کاری بە شەراب و سەرخۆشی نامێنێ. ئەوجا بە دیداری یار و کەسوکار و زێد و مەوتەن و سەرمەستە و پێمان دەڵێ:

**دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب**
**ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب**
**دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی**
**هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی**
**دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیروهۆش**
**گەر گلاشم کوردەواری و ئێوە خۆش**

مەسنەوی «ناڵەی جودایی» لەسەریەک ١٠٧ فەردە و ساڵی ١٩٧٤ «١٣٥٢ هەتاوی» بڵاوکراوەتەوە. یەکەم جار ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٨ز) بە دەسنووسی د. محەمەد سادقی شەرەفکەندی لە پاریسەوە گەیشتە دەستم و پاش گەڕانەوەی هێمن لە ساڵی ١٣٥٧دا (١٩٧٨ز)، وردە وردە ئاسەوارەکانی لە ئێران و عیراق بڵاونەکرانەوە و ئەم مەسنەوییە وەک شاکارێکی شیعری کوردی کەوتە بەردەستی ڕووناکبیران و بوو بە نوقڵی مەجلیس و کۆڕوکۆبوونەوەی شاعیران و ئەهلی قەڵەمی کورد. تا ئێستا ئەم شیعرە و باقی ئاسەوارەکانی مامۆستا هێمن چەند جار لە چاپ دراونەتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرەی پێویستە شی کردنەوە و لێکدانەوەی قووڵ و بابەتی لەسەر ئەم ئاسەوارە نەکراوە و هیوادارم ئەم نامیلکەیە سەرەتایەک بێ بۆ ئەم مەبەستە و توانیبێتی وەک یەکەم هەنگاو هێندێ لە ئامانجەکانی نووسەری وەدی هێنابێ.

ئەم وتارە بەرهەمی سەفەرێکی فەرهەنگییە بۆ هەولێر، بە بۆنەی ڕێزگرتن لە شاعیری بەناوبانگ مامۆستا خالیدی حیسامی (هێدی) کە لە مانگی خەزەلوەری ساڵی ١٣٧٨دا، تەنیا ئەو بەشەی کە پێوەندی بە هێدییەوە هەیە بە نووسراوی پێشکەش بە کۆڕەکە کرا. باسی هەژار و بەرەو موکریان و هێمن و ناڵەی جودایی زۆر بەکورتی و سەرزارەکی باس کرا و چون ماوەی دیاریکراو زۆر کورت بوو، نەمتوانی بە قووڵایی باسەکەدا ڕۆبچم و بەراوردکارییەکی تێروتەسەل لەسەر ئەم سێ گەڕانەوەیە ئەنجام بدەم. باسەکە سەرنجی دانیشتوانی ڕاکێشا و زۆر لە بەشدارانی بەڕێز داوایان لێکردم، بە کورتیش بێ، ئەم بەراوردکارییە بە نووسین ئامادە بکەم و لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا بڵاوی بکەمەوە. لەسەر داخوازی خۆشەویستان بە پەلە ئەم وتارەم ئامادە کرد و چاوەڕوانم ئۆگرانی شیعر و ئەدەبی کورد وێڕای دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆیان، بە وردی بەسەر باسەکەدا بچنەوە و پەرەی پێ بدەن.

# نێوان دەقی

ئەحمەد چاک
(بۆکان)

فـۆرمـالیـسـتـەکـان لەسـەر بابەتی شـیـعـر خـاڵێکی گـرینگیـان هێنایە ئاراوە کـە توانی کـێـشـەی سـەرەکی پێوەندییـەکانی نێوان دەقی – تناص بێنێتە گۆڕێ. ئەو پێوەندییە ناوەکییانە دەقەکان (چ سەر بە دۆخێک بن و چ سـەر بە مـێـژوو) ئەمـڕۆ بە پەیڕەوی لە باخـتین لەژێر سەردێری (پێوەندی نێوان دەقی) ناودێر کراون. ئەم باسە بە وتاری (هونەر وەکو جوانکاری) شیکلۆفسکی دەستی پێ کـرد. لەو وتارەدا ڕوون کـراوەتەوە کـە هەرچی ئێـمـە لەگەڵ دەورانێک زیاتر ئاشنا دەبین دڵنیاییەکی زیاترمان دەست دەکـەوێ کـە ئەو وێنانەی شـاعـیـرێک بەکـاری هێناون و (بەڕای ئێـمـە بەرهەمی ژیانی تاکـە کـەسی ئەون) دەکـرێ بڵـێین بێ هیچ ئاڵوگـۆڕێک لە شـیـعـری شاعیرانی تری خواستۆتەوە. داهێنانی شاعیر نەک لە کێشانەوەی وێنەکان، بەڵکو لە زمانێکدا دەدۆزێتەوە کە ئەوان بەکاری دێنن. شـێـوازی شـاعـیـر لەسـەر بنەمـای شـێـوەی دەربڕین، جـوانکاری وێژەیی و بەکـارهێنانی تایبەتی زمان لێک جوێ دەکرێنەوە. ئاڵوگۆڕی وێنەگەری لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی شیعردا گرینگ نییە، بەڵکو ئەوەی جێی سەرنجە لەکارکردنی زمانە. لە تێگەیشتنی نێـوان دەقـیـدا لێکچـوونە جـوانیناسـیـیـەکـان و شێـوەی دەربڕین و هاوسێـتی زمـانی گـرینگە، نەک وێکچـوونی هەوێن و وێنە. بەرهەمی هونەری لە بەرهەمـەکـانی پێش خـۆی و لە پێـوەندی لەگـەڵ ئەواندا بەدی دێ. فـۆرمی بەرهەمی هونەری بەهۆی پێوەندی لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی لەپێش ئەودا بوون پێناسە دەکرێ. ئامانجی فۆرمی تازە ئەوە نییە کـە نێوەرۆکێکی تازە دەربڕی، بەڵکو فۆرمی تازە دێت هەتا جـێنشـینی فـۆرمی کـۆن بکرێ کـە ئیـتـر بایـەخ و وزەی جـــوانـنـاسـی خـــۆی لـە دەست داوە. شـیـکلۆفـسکی ئەو بڕیارەی «فـیـردیناند برۆنتـیـیـەر»

دووباره دەکـــاتـەوە کـــە دەڵێ: «لەنێـــو هەمـــوو شوێندانەرییەکانی هونەریدا، لە کارتێکەری دەقێک لە دەقێکی دیکەدا گرینگترینە.»

بابەتی«وتووێژ» بەلای فۆرمالیستەکانەوە زۆر گرینگ بوو، ئەوان تاک گـوتار «تک گـفـتـار»یان بە فـۆرمی دەسـپـێکەر دەزانی و چیـرۆکـیـان بە لاسایی کـردنەوەی هونەری تاک گـوتار دەزانی. وتاری ونیـۆگـرادۆف لەژێر سەردێری «بیردۆزی ئەدەبی» و هەروەها گـوتاری بوریس ئاخێن بام لەمەڕ چیرۆکێکی گۆگۆل بە وەها چەمکێکەوە دەست پێکراون، ئەوان ئاماژەیان بە بنچینەی چیـرۆکی فـرە دەنگ نەکـردووە. باختین جیـاوازی ئاشکرای «تاک گوتار و وتوێژی» ناسی و شرۆڤەی کرد. بە هەمان شێوە کە بنەمای وتار لە بەکارهێنانی تاکەکەسیدا بە ئامانج دەگـا «ئامانجی ئاخاوتن» هەمـوو فـۆرمـێکی دەربڕینی هونەریش جۆرێکی وتاری ئەدەبی بە ئامانجی وتووێژە.

«ژولیـا کریسـتـۆڤا» توانی چەمکی ئاخاوتن فـرە پەرە پێبدا و وتی: «هەر بەرهەمـێکی ئەدەبی ئاخاوتنێکە لە تەک بەرهەمەکانی تر» پێشتر باختین ئاماژەی کردبوو کە ئێـمـە پـێـویسـتـمـان بە زانسـتـێکە بەناوی «ئەوپەڕی زمـانەوانی» و ئـامـانجـیـشـی ناسـینی لیکۆڕی وتووێژ لە زمـاندایە. ئەو زانسـتـە پێـوەندییـەکی پتـەوی لە تەک شـێـوەی خـوێندنەوە بە یارمـەتی دەقـەکـانی تر هەیە. هەروەها دۆزینەوەی شێوەی «نێوان دەقی». شیعرەکانی مـالارمێ دەکـرێ بلـێین لە وتووێژێکی بەردەوام لەگـەڵ دەقەکانی پێش خۆیاندان. ڕەنگە بوترێ دژکردەوەیەکن لە دژی شێوەی دەربڕینی پێشوو. بارت لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەلالەتی دەق نەک بۆ ڕاستەقینە، بەڵکو بۆ دەقەکانی تر دەگـەڕێتـەوە. ژێرار ژینێت لە کـتـێـبی (الواح بازنوشـتنی)دا ئەو پێوەندییـانەی کـە دەق دەبەنە ئاسـتی بەرز و لە تێگەیشـتنی مـانای دەقدا ڕۆڵیـان هەیە، بەو جۆرە پۆلێنبەندی دەکا. «ئەو پێوەندییانە دەلالەتەکـانی مـــانـای دەق ڕوون دەکـــەنەوە، بەر لەوەش دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی مانای دەقەکە»:

(١) نێـــوان دەقی: هەر ئەو بابەتەیە کـــە ژولیـــا کریستۆڤا بە پێوەندی نێوان دەقی ناودێری کردووە، واتە بەکـارهێنانی ئاگـایانەی دەقـێک لە دەقـێکی تردا. چ تەواو چ ناتەواو. هەر کـــات لە بواری مـــانـاناسی و شێوازناسییـەوە دەقێک بە شوێن دەقێکی تردا هاتبێ، ئەوە لەگەڵ پێوەندی نێوان دەقی بەرەو ڕووین. ڕیفاتێـر دەڵێ: «نێـــوان دەقی ســـاز و کـــارێکی تایبـــەتە لە خـــوێندنەوەی دەقـــێکی ئەدەبی. تەنیـــا نێـــوان دەقی بەدیهـێنەری دەلالەتی مـانایـیـە. ئەمـە لە کـاتێکدایە کـە خوێندنەوەی دێر بە دێر و وشە بە وشە (بەبێ سەرنجدان بە چەمکی نێـــوان دەقی) چ لە دەقی ئەدەبیـــدا و چ لە دەقێکی تردا تەنیا مانا دەخولقێنێ.»

(٢) پیـــرامــتنی (پێش دەقی): ئەو پێـــوەندییـــانە هێندێک لێـــڵن و بە ئاســـانی نادۆزرێنەوە. شـــێـــوەی پێشکەش کـردنی دەقی ئەدەبی لە پەیکەری کتـێبدا بە هەمـوو تایبـەتمەندییـەکـانییـەوە. بە وتەی ژینێت: «پێش دەق» ئەو شـتـەی پێش نووسـینی دەق وەکـو گـەڵاڵەی یەکـەمی دەق بیـچم دەگـرێ، دەکـرێ لەنێـوان دەسـتـەی دووەمی ئەو پێوەندییەی جێ بکەینەوە.

(٣) فرامتنی (ئەوپەڕ دەقی): ئەو پێوەندییانەیە کە تەفـسـیـری و ڕاڤـەیین، دەقـێک بە دەقـێکی ترەوە گـرێ دەدەنەوە ژینێت دەڵێ: «دەتوانین باشـتـرین بیـچـمی ئەو پێـوەندییـانە ناو بنێین «تەفـسیـری ڕەخنەگـرانە»». هەر لە بنەڕەتیـشـدا (مێژووی نووسینی ڕەخنە) بۆ خۆی جۆرێک پێـوەندی ئەوپەڕ دەقـیـیـە. بۆ نموونە هیـگڵ لە «دیاردە ناسی ڕوح»دا لە کـتـێـبێکی برازای ڕامـۆ بەشێـوەیەکی تەفـسـیـری کـەڵکی وەرگـرتووە، یان لە دەسـپـێکی بەناوبانگی ئەو کـتـێـبـەدا چەند ڕاڤـەیەکی شلینگی هێناوەتە بەرباس.

(٤) فزون متنی (زێدە دەقی): بە مانای شێوازی ئەو دەقـەیە کـە باسی لێـوە دەکـرێ بە مـانای تایبـەتی کـە دەکەوێتە پێناسە ژانرە ئەدەبییەکان.

(٥) پێوەندی پێش دەق و پاش دەق: پێوەندییەکە کە ناتوانرێ بە ڕاڤـەیی و شـرۆڤـەیی بزانین. لە زمـان گـێـڕانەوەش نیـیـە، بەڵکو بە جـۆرێک دووپاتە کـەرەوەی پێش دەقە.

بابەتی سـەرەکی کـتـێبی (الواح بازنوشـتنی) ژینێت پاش دەقـە. «دەقـێکی نـامـۆ دێتـە ناو دەقـەکـەوە» ئەو بڕیارەی کریستۆڤا لە یەکەم هەنگاودا ئامانجی سەرنجدان بە گـەوهەری زمـانە و لە پلەی دواییـدا بە سـەرنجدان بە دەقی ئەدەبی دەزانرێ. هەر دەقـێک خـاوەنی مـانای بێ ئەژمارە. لە قبووڵ کردنی ئەو خاڵە کە دەق خاوەنی مانای جـۆراوجـۆر و تەنانەت دژ بە یەکـیـشـە، دەگـەینە ئەو ڕاستییە کە دەبێ ئەو مانایانە لە ڕێگەی پێوەندی نێوان دەقییەوە تاووتوو بکرێن. هەر جۆرە پۆلێنبەندی کردنێک

له حوكمی ناسینی ئۆرگان و بنەمای پەیڤە، واتە كاتێک دەوترێ «ئەو دەقە تراژیكە» لە ڕاستیدا پێوەندییە نێوان دەقییەكانمان بەر تەسک كردۆتەوە و ئەو ڕادەیەمان بۆ ناسین بە پێویست زانیوە. لێرەدا ئەو دەقە لەگەڵ ئەو دەقانە هەڵدەسەنگێنین كە لەژێر سەردێری تراژیكدا پۆلێنبەندی كراون و لە ڕێسای پەیڤێک كەڵک وەردەگرین كە پێشتر هاوتای پەیڤی تراژیكمان دانابوو. تەنانەت لەو هێمایانەش كەڵک وەردەگرین، یان ئەو ئێلێمانە ئەو پەڕ دەقییانە كە خاوەنی لایەنی خەموپەژارە بن.

دەق بریتییە لە كۆمەڵێک «دال»، یان بە وتە «گرماس»یە كە گەلێ مانایی. ئەو یەكانە سۆنگەی تێگەیشتن لە پێوەندییە نێوان دەقییەكانەوە دەبنە بابەتگەی مانایی. كریستۆڤا و باختین پێیان وایە ئەو پێوەندییانە لە یەكەم هەنگاودا لە ژانری بەرهەمی ئەدەبی و دواتر لە پەیڤدا كە هەم دژوارتر و هەم ناڕوونترە دەزێنەوە، بەڵام هۆیەكی گرینگی تریش هەیە كە خوێنەرە، ڕۆلان بارت لە كتێبی S/Zدا دەنووسێ: «من (خوێنەر)ی بابەتێكی گەوج نیم كە بەرانبەری دەق ڕاوەستابم.. ئەو (منە)ی كە لەگەڵ دەق ڕووبەڕوو دەبێتەوە خۆی كۆیەكە لە دەقگەلێكی تر. ئەو گشتێكە لە هێماگەلی بێ ئەژمار كە ڕەچەڵەكیان بزر بووە. هەردەقێک لە سۆنگەی ئەو دەقانەی پێشتر موتاڵامان كردووە، مانا دەبەخشێ و بەو ڕەمزانەی پێشتر ناسیومانە دەبەسرێتەوە، نێوان دەقی سەرنجی ئێمە بۆ لای ئەو دەقانە ڕادەكێشێ كە پێشتر خوێندراونەتەوە. ئاشكرایە دەقێک كە زووتر خوێندراوەتەوە مەبەستە نەک ئەوانەی زووتر نووسراون».

لەسەر ڕێو شوێنی نێوان دەقی هەر دەقێكدا تەنیا بەهۆی ئەو دەقانەی كە پێشتر خوێندراونەتەوە مانا دەبەخشێ. لە لایەكی تر كاتێک جەخت لەسەر ئەو زانستە بەرەییە دەكەین، ناچارین دەقە بەرەییەكان وەكو بەدیهێنەرانی ڕەمزگەلی جۆراجۆر بزانین كە ئاسۆی دەلالەتی دەق دیاری دەكەن.

كەوابوو نێوان دەقی بەرلەوەی تەنیا ناوێک بێ بۆ تێگەیشتن لە پێوەندی بەرهەمێک لەگەڵ بەرهەمەكانی تر. ڕووناک كەرەوە و دیاریكەری لە ئارادابوونی هەر بەرهەمێكی هونەرییە لە هەرێمی كولتووردا، ئەو پێوەندییانە لە حوكمی ئەڵقەی پێوەندی پاژەكانی پەیڤن.

كۆمەڵە زانستێكە كە ڕێگە دەدا بە دەق هەتا مانای هەبێ. كاتێک بیر لەمانای جۆراجۆری دەقێک دەكەینەوە لە ڕاستیدا لە جیاتی كردەوەی نێوان زەینی كردەوەی نێوان دەقی دێتە گۆڕێ. ئەو كردەوەیە بە ئاشكرایی پێناسەیەكی نوێ لەدەق دێنێتە ئاراوە. لایەنی مانایی دەق هەرچییەک بێ، بە هەلومەرجی ئەو وەكو كردەیەكی دەلالەتگەر پێش گریمانەی پەیڤ گەلێكی تری لە خۆیدا حەشارداوە، دەق هەر لە هەوەڵەوە هەرێمی دەستەڵاتی پەیڤ گەلێكی ترە كە فەزایەكی تایبەت بەسەر دەقدا دەسەپێنێ.

بلووم لە كتێبی «دڵەڕاوكێی شوێن وەرگرتن»دا لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاڤەكار لەگەڵ دەقی ئەدەبییەوە دەست پێ دەكا و نیشان دەدا كە مانای دەق لە پەراوێزی خوێندنەوەی دەقدایە نەک نووسینی دەقەكە. شیعرێک كە دەخوێندرێتەوە لە زەینی ئێمەدا كورت نابێتەوە، بەڵكو دەبێتە شتێكی نوێ، یان شیعرێكی نوێ. زەینی خوێنەر، یان بیسەر ئافەرێنەرە و مانای نوێ بەدی دێنن. شیعر و دەقی ئەدەبی تەنیا بەوێنە و بۆچوون و شتی دیاریكراو نابەسترێتەوە، بەڵكو ڕاڤەی هەر دەقێک وابەستەی دەقگەلێكی ترە. بلووم دەنووسێ: «مانای شیعر تەنیا دەتوانێ شیعرێكی تر بێ». لەو ڕووەوە هەر شیعرێک كە بە ڕواڵەت سەربەخۆیە لە ئاكامدا بە شیعرەكانی تر دەبەسرێتەوە، چونكە لە بنچینەدا خەیاڵپەروەری بەبێ شوێن وەرگرتن و پێوانە نامومكینە، تەنانەت ئەو بیرمەندانەش كە لە خەیاڵی خۆیاندا لە شوێن پەنجەی دیتران ڕەها بوون (وەكو: گۆتە، نیتشە، مان، بلیک، ڕۆسۆ، هۆگۆ و...) لە بەرهەمەكانیاندا دڵەڕاوكێیەكی قووڵ لە ترسی شوێن وەرگرتن دەبینرێ. ئەوان تێدەكۆشان هەموو جۆرە دڵەڕاوكێیەک لە شوێن وەرگرتن لە بەرهەمەكانیاندا بشارنەوە. سەرەڕای ئەو هەوڵ و تێكۆشانەش هەمووی (بە هەمان دڵەڕاوكێشەوە) دیسان لە بەرهەمەكانیاندا مۆركی دیتران دەبینین (هەر یەكە لە ڕابردووان كە بە ڕواڵەت لە یاد چوونەوە لە پڕ دەبنە درنجێک لە خەیاڵدا) دڵەڕاوكێی شوێن وەرگرتن، دڵەڕاوكێی سەرەكی بیرۆكەی مۆدێرنە: «هەر شیعرێک، بەرهەمی تێكەڵچوونێكی تایبەتە، ڕابردووان دەڵێن وەكو من بە، بەڵام من مەبە» بلووم دەنووسێ: «شیعر لە وشەكان چێ كراوە نەک لە شتەكان، وشەكان دەگەڕێنەوە سەر وشەكانی تر و

ئەوانیش هەر کام بە گوێرەی خۆیان بۆ وشە گەلێکی تر دەگەڕێنەوە، ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێ هەتا دەگەینە ئاستی زمانی ئەدەبی، کەوابوو دەتوانین بڵێین هەر شیعرێک بەینا شیعرێکە و هەر جۆرە خوێندنەوەیەک بەینا خوێندنەوەیەک.» پابەند بوونی زمانی شاعیر بە زمانی شاعیران و مانای شیعر بە مانای شیعران و خوێندنەوەی شیعر بۆ خوێندنەوەی شیعرەکان ڕوونی دەکاتەوە کە کردەوەگەلی زمانی ڕابردوو، شاعیری ئەوڕۆ دروست دەکەن.

هەلومەرجی شاعیر لە دیالێکتیکی (پێوەندی بەر لە دابڕان) لە شاعیرانی پێشوودا دیاری دەکرێ بلووم لە جێیەکی تردا دەنووسێ: «مەگەر دەتوانی پەروەردە بکەی و بیربکەیتەوە و تەنانەت بخوێنییەوە و مانای نەریت نەزانی؟ ناتوانرێ بەبێ لاسایی کردنەوە بنووسرێ و پەروەردە بکرێ و بیر بکرێتەوە و تەنانەت بشخوێندرێتەوە بەبێ نووسین و پەروەردەکردن و بیرکردنەوەی خوێندنەوەی کەسێکی تر، کەوابوو پێوەندی من و کار (بەرهەم)ی کەسێکی تر نەریتە».

هەلومەرجی شاعیر دەیهێنێتە گۆڕەپانی تێکۆشان و ململانێ، بلووم دەڵێ: «دەقێکی شاعیرانە، بە واتای کۆبوونەوەی ڕێژەیەک لە نیشانەکانی سەر لاپەڕەیەک نییە، بەڵکو ململانێیەکی دەروونی بەگوڕزە کە لەودا وزەکانی سەربەخۆ، بۆ تەنیا شکڵی سەرکەوتن، واتە سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر لەبیر چوونەوە تەقەللا دەکەن.»

شیعر دیاردەیەکە دەچێتە ئەوپەڕی دەقەکەی خۆی. بلووم لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئێمە ئەگەر شیعرێک بخوێنینەوە و پێوەندی ئەو و ڕابردوومان لەبەرچاو نەبێ و هەوڵ بدەین بەو کارە لە ڕابردوو چاو بپۆشین، تەنیا خوێندنەوەیەکی پەتیمان بۆی هەبووە. مێژووی شیعری دوای شەکسپیر مێژووی ئەو شیعرانەن کە تەنیا بەشێوەیەکی پەتی خوێندراونەتەوە. هەرچەند گرینگایەتی ئەو خاڵە زۆر کەم زانراوە. بنەماشکێنی لە حوکمی دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی شیعرە. نە بە مانای دۆزینەوەی لێکچوونە ڕواڵەتییەکان، بەڵکو بە مانای دۆزینەوەی (پێوەندی شاراوە) لە سۆنگەی دڵەڕاوکێی شاعیر: لە کتێبی «دڵەڕاوکێی شوێن وەرگرتن»دا دەمویست بڵێم کە شیعر دەقاودەق ئەو شتەیە کە لەسەر ئەو لاپەڕەیەی دەیخوێنینەوە نەنووسراوە.»

هەر شیعرێکی نوێ لە حوکمی بەرەنگاری تازەلاوێکە لە دژی دەسەڵاتی باوکی، کە هەمان شوێن وەرگرتن لە شاعیرانی پێشوو، یان دەسەڵاتی یەکجاری و بەرەنگارانە خوازی زمانی ئەدەبی. مێرمنداڵێک لە سۆزی دابڕان لە نەریت و نەبوونی بەردەوامیدا دەسووتێ. زۆرجار هەوڵ دەدا بە هەڵوەدا بوون لەماڵی باوکی لە سەرپێی خۆی ڕاوەستێ، بەڵام تەنانەت ئەگەر تۆزێکیش لە تۆرەمەی خۆی بگا، هێشتا پابەندی باوکێتی. دیستۆیڤسکی ڕاستی دەکرد کە دەیوت: «تووک لێ کردنی باوک مۆرکی بنەماڵەیە»، بەڵام بەڕاستی دابڕان لە نەریت و ڕەچەڵەک تایبەتمەندی مێرمنداڵە. کیرکەگارد وتوویەتی: «ئەو کەسەی دەیەوێ کارێک بکا کارستان بەر لە هەموو شتێک دەبێ باوکێک بۆ خۆی بخوڵقێنێ.» بلووم بە دووبارە کردنەوەی ئەو وتەیەی کیرکەگارد دڵەڕاوکێی شوێن وەرگرتن بە ئاگایی بە پێویست زانینی ئافراندنی ئەو ڕەچەڵەکە دەزانێ و ئەو وتەیەی نیتشە دەخاتە ڕوو کە دەڵێ: «کاتێک کە باوکێکی باش لە ئارادا نییە دەبێ بیخوڵقێنی.»، هەر دەقێک مۆرکی ئەو دابڕان و دڵەڕاوکێیەی کە سۆزی ویستنی ڕەگەزنامەی پێوە دیارە و بە کورتی: «لە هەناوی هەر شاعیرێکدا دەکرێ و دەبێ شاعیرێکی تر بدۆزینەوە.»


**سەرچاوەکان:**

**١- ساختار و تأویل متن، بابەک احمدی، نشر مرکز.**

**٢- نظریه ادبی، تری ایگلتون، ترجمه عباس مخبر، نشر مرکز.**

**٣- راهنمای نظریه ادبی معاصر، رامان سلدن، ترجمه عباس مخبر، نشر طرح نو.**

**٤- نشانه شناسی کاربردی، فرزان سجودی، نشر قصه.**

**٥- نقد ادبی، سیروس شمیسا، نشر فردوس.**

# چەند لایەنێکی سینتاکسی ڕۆژنامەڤانی

کاوە عەبدولکەریم شێروانی

**(تەنانەت پاشاکانیش کڕنووش بۆ ڕێزمان دەبەن)**
**ج. ب. مۆلێر**

ڕۆژنامەڤانی بە هەموو شێوەکانییەوە هۆکارە سینتاکسییەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکان بەکاردێنێ، ئەم بەکارهێنانە هەندێ جار دەگاتە ڕادەی مۆنۆپۆڵکردن. لە باسێکی ئەوهادا ناکرێ هەموو لایەنەکانی ڕستەسازی لە هەموو شێوەکانی میدیادا باس بکرێن، بۆیە ئێمە جەخت دەکەینەسەر لایەنە بنچینەییەکانی سینتاکس لە ڕۆژنامەڤانیدا. بە تایبەتی لە ناوەرۆکی ڕۆژنامەکاندا. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ناسینەوەی هەندێ لایەنی سینتاکس لە نووسینی مانشێت و هەواڵدا.

مۆنۆپۆلکردنی سینتاکس بە مەبەستی خزمەتکردنی دەقە ڕۆژنامەوانییەکان شایانی گرنگی پێدان و لێکۆڵینەوەیە. سینتاکس بوارێکی باش بۆ ڕۆژنامەنووس و ئیدیتۆرەکان دەڕەخسێنێ کە بتوانن یاری بە ڕستەکان بکەن و دەستیان کراوە بێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕستانەی مەبەست دەپێکن. بەکارهێنانی هۆکارە سینتاکسییە جیاجیاکان پرۆسەی لێک تێگەیشتن خێراتر دەکات و پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر پتەوتر دەکات. بەکارهێنانی یەک شێواز و یەک جۆر ڕستە و دووبارە بوونەوە و دەبارەبوونەوەی ڕستەکان لەنێو یەک دەقدا خوێنەر تووشی بێزاری دەکات.

نۆرلەند(١) دەڵێ «هەڵبژاردنی ڕستەی جیاواز دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کاردانەوەی جیاواز لەلایەن خوێنەر و بیسەرەوە».

ئەم لایەنەی سینتاکسی زمانی ڕۆژنامەوانی لەکوردیدا تا ئێستا بەپێی پێویست گرنگی پێ نەدراوە،، بۆیە دەبینین لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا ڕستەی کاڵوکرچ دووبارە

و چەند بارە دەبنەوە و خوێنەریش هەر زوو لە خوێندنەوەی دەقە ڕۆژنامەوانییەکان بێزار دەبێت. هەواڵ کە گرنگترین توخمی ڕۆژنامەوانییە پشت بە ڕستەسازی دەبەستێت، کەواتە ئیدیتۆرەکان، ئەوانەی دەقەکانی هەواڵ دەنووسنەوە و پێیدا دەچنەوە پێویستیان بە شارەزاییەکی باشی زانستی ڕستە، یان ڕستەسازی (سینتاکس) هەیە. ئەو ڕستەیەی کە مانشێتی پێ دەنووسرێ جیاوازە لەو ڕستەیەی کە لیدی (یەکەم پەرەگرافی هەواڵ)ی پێدەنووسرێت، هەروەها ئەو ڕستەیەی لیدیشی پێدەنووسرێ زۆر لەو ڕستەیە جیاوازە کە دوا پەرەگرافی هەواڵی پێدەنووسرێ.

هەموو زمانەکان لە هەندێ سیما و ستراکچەری بنەڕەتیدا وێک دەچن، ڕستە لە زمانی کوردیدا هەروەک لە زۆربەی زمانەکانی تریشدا لە فرێز پێک دێت، فرێزیش لە وشە. سینتاکس لە پێکهاتەی فرێزەکان و ڕستەکان دەکۆڵێتەوە، چۆن وشەکان یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی فرێزەکان و پاشان چۆن ئەم فرێزانە ڕستە پێک دێنن. هەروەک فاسۆلد(٢) دەڵێ: «بۆ ئەوەی لە ستراکچەری ڕستە تێ بگەین، دەبێ بزانین چۆن وشەکان فرێز بنیاد دەنێن، هەروەها چۆن فرێزەکان فرێزی گەورەتر و ڕستە پێک دێنن».

بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا دوو لایەن بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا زمان مۆنۆپۆڵ دەکەن: سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسان، یان بە مانایەکی تر سیاسەت و ڕۆژنامەڤانی. سیاسییەکان ڕستەکانی وتارەکانیان بەشێوەیەک هەڵدەبژێرن کە بە چەند شێوەیەک تەفسیر بکرێن، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستیدا بەو شێوەیە تەفسیر بکرێ کە خۆیان دەیانەوێ. ڕۆژنامەنووسانی لایەنداریش بەشێوەیەک ڕستەکان هەڵدەبژێرن کە لە خزمەتی لایەنەکەی خۆیان بێ. لە کاتێکدا کە زۆربەی کاید و نامیلکەکانی تایبەت بە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەوانی و میثاقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەوانی جەخت لەسەر ڕاستی و بابەتی و دەستپاکی و بێ لایەنی دەکەنەوە(٣)، بەلام لە زۆربەی ولاتاندا سیاسییەکان توانیویانە ڕۆژنامەنووسان بەکاربێنن، لە ڕووی زمانەوانییەوە بەکارهێنانی یەک ئاوەڵناو لە پێداهەڵدانی کەسێک، یان حزبێک، یان دەزگایەک بە لایەنگری دادەنرێت. ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە زۆر لێک جیاوازن:

(١) پێشمەرگە بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات.

(٢) پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن.

ئاشکرایە لە ڕستەی دووەمدا دوو ئاوەڵناو زیادکراون «گیان لەسەر دەست» و «پیرۆز»، هەر کەسێک بیخوێنێتەوە تێدەگات کە نووسەری ڕستەی دووەم لایەنگری پێشمەرگە و خاکی کوردستانە.

کە سیاسییەکان بۆیان دەرکەوت میدیا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری لە کۆمەڵگادا هەیە ڕاوێژکاری تایبەتیان بۆ خۆیان دانا، کە لە زمان و زمانەوانییدا شارەزا بن، بۆ ئەوەی لێدوانی کاریگەرانە بدەن و تێیدا یاری بە وشە و فرێز و ڕستەکان بکەن و مەبەستێکی دیاریکراو بپێکن. ئادریان بێرد(٤) دەڵێ: بەم دواییانە پارتە سیاسییەکان ڕاشکاوانە شارەزایانی بواری پێوەندییە گشتییەکان و زمانەوانی بەکاردێنن بۆ ئەوەی هەواڵەکان بەمیدیاکانی ڕابگەیەنن و ڕووداوەکان بە ڕستە و پێکهاتەی گونجاو وێنە بکێشن». کەواتە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تری میدیاش بە ئاسانی و بە ئامادەیی و بەبێ هیچ ماندوو بوونێک هەواڵەکانیان دەست دەکەوێت و سیاسیەکانیش بەبێ بەرانبەر و بێ پارە خەرج کردن دەتوانن ڕیکلام بۆ خۆیان بکەن، بۆیە دەبینین لە زۆربەی کات و شوێنەکاندا پێوەندییەکی باش لەنێوان سیاسەت و ڕۆژنامەوانیدا هەیە.

بۆ دۆزینەوەی ڕایەڵەکانی مۆنۆپۆڵکردنی سینتاکس لە میدیاکاندا، بە تایبەتیش لە ڕۆژنامەدا لە خوارەوە چەند لایەنێکی سینتاکسی زمانی ڕۆژنامەوانی تاووتوو دەکەین:

١- فرێز لە ڕۆژنامەوانیدا:

فرێز لە وشەیەک، یان کۆمەڵە وشەیەک پێکهاتووە، کە پێکەوە وەکو یەکەیەک کار دەکەن و ئەرکیان هەیە(٥). بۆ نموونە فرێزی «سەرۆک کۆمار» لە دوو وشە پێکدێت کە هەر دووکیان ناون بەبێ هیچ ئامرازێکی پێکبەستنەوە، یان ئیزافە بەیەکەوە گرێ دراون. لە زۆربەی ڕۆژنامە عەرەبییەکانی عیراق، کاتێ ناوی سەرۆک کۆمار دێت دەنووسن:

(٣) سەرۆک کۆماری عیراق.

بەلام لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا دەنووسرێت:

(٤) سەرۆک کۆماری عیراقی فیدراڵ.

ئەمــەش مــانا و دەلالەت و لێکدانەوەی خـۆی هەیە. زۆربەی هەرە زۆری عـەرەبە شۆڤـینییـەکان تا ئێسـتاش ناتوانن ئەوە قەبووڵ بکەن کە عیراقی ئەمڕۆ عیراقێکی فـیدراڵییـە و بەلایەنی کـەمـەوە هەرێمـێکی جـیا هەیە بەناوی هەرێمی کوردستـان. لە هەمـان کاتدا، کوردیش، هەر نەبێ لە ڕێی ڕۆژنامــەوانییــەوە، هەوڵ دەدات کــە بەبیـری هەمــووانی بێنێتــەوە کـە عــیــراق ولاتێکی فیدراڵییە و وشەی (فیدراڵ) زیاد دەکات.

زمانی کوردی بۆ پێکبەستنەوەی وشەکـانی یەک فرێز ئیزافەی «ی» بەکاردێنێت وەک لە نموونەی سەرەوە (٤) هاتووە «عـیـراقی فـیـدراڵ» ئەم «ی» نێـوان دوو وشەکـە پێی دەگوترێت ئیزافە. لەم نموونەی خوارەوەدا سێ «ی» ئیزافە هەیە:

(٥) سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار
(کوردستانی نوێ، ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٥).

لەکــــوردیدا، هەروەک لە زۆربەی زمــــانەکــــانی تری دنیـاش، دەکرێ پێنج جۆر فرێزی سەرەکی دیاری بکرێن: فـرێزی ناوی، فـرێزی کـاری، فـرێزی ئاوەڵناوی، فـرێزی ئاوەڵفرمانی و فرێزی پێوەندی.

١-١ فرێزی ناوی:

فرێزی ناوی فرێزێکە کە سەرباسێکی (head) ناوی هەیە، دەکـرێ بکەر بێ، یان بەرکـار. بە زۆری شـوێنی بکەر بە فـرێزی ناوی پڕ دەکـرێتـەوە، بەڵام ئەمەش مـەرج نییە. پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعروف(٦) دەڵێ. شوێنە سینتاکسییـەکان دەکرێ بە زیاتر لە یەک بەشی ئاخاوتن پڕ بکرێنەوە» بۆ نموونە دەکـرێ شـوێنی بکەر لە کـوردیدا جگە لەناو بە ئاوەڵـناویش پڕ بکرێتــەوە، هەروەک لەم نموونەیەی خــــوارەوە وەدەردەکــــەوێت کــــە ئەمــــە لەڕۆژنامەوانیدا بەکارهاتووە:

(٦) گەورە دەبێ خزمەتی گەلەکەی بکات.
(خەبات، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤).

لە نموونەی (٦)ی سـەرەوە «گـەورە» ئاوەڵنـاوە، بەڵام شوێنی بکەری گرتووە کـە بە زۆری ئەم شـوێنە بە فـرێزی ناوی پڕ دەکرێتەوە.

فرێزی ناوی لە ڕۆژنامەوانیدا زۆر سوودی لێبینراوە و بە بەربڵاوی بەکاردێت:

(٧) جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق.

(٨) سێ هونەرمـەندی کـورد. (خەبات، ٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٣)

مـانشـێتە کوردییـەکان زۆر جاران ڕستـەی تەواو نین، بەڵکو تەنیا فرێزێکی ناوین، ئەمەش شتێکی ئاسابیە و لەگـەڵ بنەمـای سـەرەکی زمـانی ڕۆژنامـەوانیـدا یەک دەگـرێتـەوە کـە کـورتـبـڕی و سـادەییـە. ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە، هەروەک مایکل سوان(٧) پێی وایە کە لە ئینگلیزیشدا ئەم حاڵەتە هەیە و مانشێتەکان هەمیـشـە ڕستـەی تەواو نین و زۆرجاران تەنیا فـرێزێکی ناوین. بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە کوردیدا لە ڕۆژنامەوانیدا بەکارهاتووە:

(٩) خەڵاتی یەکەمی سینەما
(کوردستانی نوێ، ٢٢ی حوزەیران ٢٠٠٢).

١-٢ فرێزی کاری:

فرێزی کاری فرێزێکە کە سەرباسەکەی کارە. پرۆفیسۆر وریا عــومــەر ئەمین(٨) پێی وایە کــە زۆربەی فــرێزە کـارییـەکـانی کوردی لە ڕەگی کـارێک و ڕاناوێک پێک هاتوون، وەک «ســەردانم کــرد»، «ســەردانی کــرد»، «سـەردانت کـرد». ڕاناوەکە لە کـەس و ژمـارەدا لەگـەڵ ڕەگەکە هاوتایە، فرێزی کـاریش بەشێوەیەکی بەربڵاو لە دەقە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەکاردەهێنرێن، وەک:

(١٠) شــــانديکی ســــوێدی ســــەردانی زانکۆی سەلاحەدینی کرد.
(خەبات، ١٣ی تشیرینی دووەمی ٢٠٠٤).

لەم ڕسـتـەیەی سـەرەوەدا (١٠) «سـەردانی زانکۆی سـەلاحـەدینی کـرد» فـرێزێکی کـارییـە، کـارەکـە (سەردانی... کرد) بووە بە دوو بەش. کەرتکردنی فرێزی کـاری بۆ دوو بەش لە ڕۆژنامـەوانیـدا زۆر بەکـاردێت، ئەمـەش تایبـەتمەندییـەکی زمـانی کـوردییـە پێـویسـتـە ڕۆژنامـەنووسـان بە ئاگـاییـەوە بەکـاری بێنن، لە هەندێ حاڵەتدا ڕۆژنامـەنووسـان ناتوانن کـۆنتـڕۆڵی بکەن. بۆ نموونە ئەم دوو ڕستـەیەی خـوارەوە هەردووکیـان ڕاستن، بەڵام دووەمیان (١٢) زۆر سروشتی تر و کوردانە ترە:

(١١) سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان دەربارەی کەرتی نیشتەجێبوون ڕاپۆرتێک دەداتە حکوومەتی کوردستان.

(١٢) سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ڕاپۆرتێک دەربارەی کەرتی نیشتەجێبوون دەداتە حکوومەتی کوردستان.
(خەبات، ٢٠٠٨/١٢/٤)

١-٣ فرێزی ئاوەڵناوی
ژمارەیەکی زۆر لە شێوە جیاوازەکانی فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕۆژنامەڤانی کوردیدا بەکاردەهێنرێن.
فرێزی ئاوەڵناوی ئەو فرێزەیە کە سەرباسەکەی ئاوەڵناوە. دەکرێ ئەو ئاوەڵناوانەی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەکاردێن لەم جۆرانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١-٣-١ ئاوەڵناوی نیشانە، یان پێشناو (Attributive Adjechiues) ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە، هەروەک دێڤید کریستاڵ(٩) دەڵێ: لە ڕێزمانی وەسفیدا لەپێش ناودا دێن. لە کوردیدا زۆرجاران لە جیاتی «گوڵی سوور» «گوڵە سوور» و پیاوی کەر «کەرە پیاو» بەکاردێت. لە کوردیدا ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە بە زۆری وشەی لێکدراو دروست دەکەن، چونکە دەتوانن ئامرازی ناسین، یان پێچەوانەکەی وەربگرن، «گوڵە سوورەکە» یان «کەرە پیاوەکە».
لە ڕۆژنامەکانیشدا هەندێ جار بەکاردێن، وەکو ئەم نموونەیەی خوارەوە:

(١٣) گەورە بەرپرس (کوردستانی نوێ ٢٠٠٣/٩/٩).

١-٣-٢ ئاوەڵناوی پاش ناو (Predicative Adjective)
بە پێچەوانەی جۆری یەکەم، ئەم جۆرە ئاوەڵناوە لەپاش ناودێت. لە کوردیدا بە زۆری ئاوەڵناو لەپێش ناودێت هەروەک مامۆستا سەلام ناوخۆش(١٠) دەڵێ: ئاوەڵناوەکە بە ئیزافە بە ناوەکە دەبەسترێتەوە. بۆ نموونە.

(١٤) شەهید مەجیدی قسەخۆش
(کوردستانی نوێ، ٢٠٠٤/٤/١٣)

١-٣-٣ ئاوەڵناوی پاشکۆ (Pastpositive Adjective)
ئەم جۆرە ئاوەڵناوە لە کوردیدا شتێکی ناوازە نییە، چونکە لە کوردیدا زۆر ئاساییە کە ئاوەڵناو پاشکۆی ناو بێت و ڕیزبەندی وشەکان ناگۆڕێت.

(١٥) گەرما ئەمریکای هەژاند
(کوردستانی نوێ، ٢٠٠٦/٩/٦).

لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئاوەڵناو لە هەر سێ شوێنی کە لە سەرەوە باس کران دەردەکەوێت. سەرەڕای ئەمانە ئاوەڵناوی ناوی و دەبڵ ئاوەڵناوی پێش ناویش هەن.

١-٣-٤ ئاوەڵناوی ناوی (Nominal Adjective)
لەم جۆرە فرێزەدا ناوێک، لە شوێنی ئاوەڵناو، ناوێکی تر ڕوون دەکاتەوە، سەلام ناوخۆش ئاماژە بە مەکارۆس و مەکینری دەکات و ئاوەڵناوی ناوی بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات: ناوی پاشکۆ و ناوی خاوەندارێتی. وەک لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا هەردوو جۆر پیشان دراون:

(١٦) ئەفسەرێکی سوپا.
(١٧) سوپای ئەمریکا.

ئاشکرایە کە فرێزی (١٦) لە دوو ناو پێکهاتووە بە «ی»ی ئیزافە بە یەکەوە بەستراونەتەوە و جگە لە ئامرازی نەناسین(ێک)، بەڵام نموونەی (١٧) «ی»یەکە ئامرازی خاوەندارێتییە.

١-٣-٥ دەبڵ ئاوەڵناوی پێش ناو (Double Attoibutive Adjective)
لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا هەندێ جار دوو ئاوەڵناو بەدوای یەکدا لەپێش ناوێک دێن. هەروەک ئەم نموونەیەی خوارەوە پیشانی دەدات.

(١٨) حەوت گرانترین یاریزان
(کوردستانی نوێ، ٢٠٠٦/٩/٦)

ڕێکخستن و ڕیزکردنی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا زۆر جاران کێشە بۆ ڕۆژنامەنووس و ئیدیتۆرەکان دروست دەکات، چونکە زۆرجاران لە ڕستەیەکدا چەندین ئاوەڵناو هەن، هەندێکیان لەپێش ناو و هەندێکی تریان لەپاش ناو دێن.

بەشێوەیەکی گشتی لە دەقە ڕۆژنامەوانییەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ئاوەڵناو زۆر بەکاردەهێنرێت، بە مانایەکی تر، ئاوەڵناوەکان ڕووبەرێکی بەرفراوان لە میدیای کوردیدا داگیر دەکەن. ئەمەش کارێکی دروست نییە و کاردەکاتە زۆر سەر بێلایەنی و بابەتیبوونی دەقەکان، چونکە ئاوەڵناوەکان زۆر بە ئاسانی بە هەست و سۆزی نووسەرەکان بارگاوی دەبن. ئەگەر هەر دەقێکی ڕۆژنامەڤانی کوردی شی بکەینەوە دەبینین پڕە لە پێ لێ هەڵبڕین و دانەدەم و زیادەڕۆیی، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیادە ڕۆییانەی ئاوەڵناوەکان. بۆ نموونە، ئەگەر سەرۆک کۆمار کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، پێویست ناکات بڵێین:

(١٩) سەرۆک کۆماری زانا و بلیمەت کارەکانی خۆی زۆر بە جوانی ئەنجام دەدات.

دیارە لە ڕستەی ژمارە (١٩) هەردوو وشەی «زانا» و «بلیمەت» زیادەن و لایەنگریی نووسەر بۆ سەرۆک کۆمار دەردەخەن، هەروەها هەردوو وشەی «زۆر» و «بەجوانی»یش زیادەن، بەڵام ئاوەڵناو نین، بەڵکو ئاوەڵفرمانن کە لەمەودوا باسی دەکەین.

٢- فرێزی ئاوەڵفرمانی لە ڕۆژنامەڤانیدا

جگە لە چەمکی ئاوەڵفرمان زمانەوانانی کورد زۆرجار وشەی «ئاوەڵکار»یش بەکاردێنن، چونکە ئەم وشانە لەگەڵ کار (فرمان) بەیەکەوە دێن، بە مانایەکی تر ئاوەڵفرمان هاوڕێی فرمانە، یان هاوڕێی کارە لە ڕستەدا. د. هەمزە گۆران دەڵێ: لە کوردیدا زۆرجار ئاوەڵگوزارەش بۆ فرێزی ئاوەڵفرمانی(١١) بەکاردێت.

ئاوەڵفرمان لە ڕستەدا توخمی ئارەزوومەندانەن (Optional) بەو مانایەی کە دەکرێ لابرێن و ئەم لابردنەش لە ڕووی سینتاکسەوە کار لە ڕاست و دروستی ڕستەکە نەکات، بەڵام لە ڕۆژنامەڤانیدا بەتایبەتی لە هەواڵەکاندا ئاوەڵفرمانەکان توخمی پێویستن و ئەگەر لابرێن کار لە مانای ڕستەکە دەکەن و زانیاری تەواو لە مەڕ ڕووداوەکان بەبێ ئاوەڵفرمانەکان ناگەتە خوێنەر، یان بیسەر. ئاوەڵفرمانەکان سێ ئەرکی سەرەکییان هەیە، ئاماژە بەکات و شوێن و چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکەن. ناکرێ هەواڵ هەبێ ئاماژە بەم سێ زانیارییە نەکات، بە تایبەتی کات و شوێن کە دوو توخمی سەرەکی هەواڵن. هەر هەواڵێک کات و شوێنی ڕووداو دیاری نەکات زۆری بەهای خۆی لەدەست دەدات، چونکە کەی و لەکوێ و هەروەها چۆنیش پرسیاری سەرەکین و ناکرێ لە هەواڵ نووسیندا پشتگوێ بخرێن، ئەم هەواڵەی خوارەوە وەڵامی هەر سێ پرسیار دەداتەوە:

(٢٠) دوای چەند ڕۆژێک کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێران، دوێنێ د. بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیراقی فیدراڵ کۆتایی بە سەردانەکەی هێنا و گەڕایەوە عیراق. (خەبات، ٢٠٠٤/٦/٣).

ئەم هەواڵە نەک تەنیا سێ پرسیارەکەی سەرەوە کەی و لەکوێ و چۆن، بەڵکو پرسیارەکانی کێ و چیش وەڵام دەداتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

کەی: دوێنێ

لەکوێ: لە ئێران

چۆن: دوای چەند ڕۆژێک کۆبوونەوە و دیدار.

کێ: د. بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراقی فیدراڵ.

چی: کۆتایی بەسەردانەکەی هێنا و گەڕایەوە بەغدا.

ئەم دەقەی خوارەوەش کە دوو ئاوەڵفرمانی تێدایە، بەهۆی ئاوەڵفرمانەکانەوە وەڵامی هەردوو پرسیاری کەی و لەکوێ دراوەتەوە.

(٢١) بەرەبەیانی دوێنێ لە شاری بەغدا هەڵمەتێکی ئەمنی فراوان بۆ پاراستنی شارەکە دەستی پێکرد. (کوردستانی نوێ، ٢٠٠٦/٦/١٥).

٣- فرێزی پرێپۆزیشن (Perpositional Phrase)

ئەم جۆرە فرێزە بە لایەنی کەمەوە ئامرازێک و ناوێکی تێدایە. لە ڕۆژنامەوانیدا ئەم ئامرازانە، بە تایبەتی (لە) بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و کات بەکارێن، هەربۆیە زۆرجاران لەگەڵ ئاوەڵفرمان تێکەڵ دەبن و ئەرکی ئەوان ئەنجام دەدەن.

(٢٢) له ڕۆژی شەممە لە گەلەری میدیا...
(کوردستانی نوێ، ١٦/٥/٢٠٠٥)

ئەم نموونەیەی سەرەوە (٢٢) دوو فرێزی پرێپۆزیشینی تێدایە کە بە ئامرازی (لە) دەست پێدەکەن «لە ڕۆژی شەممە» ئاماژە بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەکات، «لە گەلەری میدیا» ئاماژە بە شوێنەکە دەکات.


٤- پێک بەستنەوە و خستنە ناویەکی فرێزەکان لە ڕۆژنامەوانیدا

Phrase Embedding and Cordinating in) (Tournalism

ئاخێوەر و نووسەرانی هەموو زمانەکان دەتوانن ژمارەیەکی لەبن نەهاتووی فرێز بەدوای یەکدا ڕیز بکەن، ئەمە لە سینتاکسدا پێی دەگوترێ خستنە ناو یەک (embedding). ئەکمەژیان(١٢) دەڵێ: دەکرێ فرێزێکی ناوی فرێزێکی ئامرازی تێدابێ، ئەویش فرێزێکی تری ناوی تێدابێ و هەروەها...

(٢٣) جەعفەر ئەملوسەوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق..

ئەم نموونەیەی سەرەوە (٢٣) ڕستەیەکی تەواو نییە، بەڵکو تەنیا فرێزێکە چەند فرێزێکی تری بۆ خراوەتە ناو فرێزی سەرەکی کە بریتییە لە «جەعفەر ئەملوسەوی، فرێزەکەی تر، کە ئەویش دوو فرێزی تێدایە، خراوەتە سەر فرێزی یەکەم کە فرێزە سەرەکییەکەیە. ئەم فرێزە درێژە دەکرێ بەم دایەگرامەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوە.




جگە لە پرۆسەی خستنەسەریەک، لە ڕۆژنامەڤانیدا پرۆسەی پێکەوەبەستنی فرێزەکان بەهۆی ئامرازی پێوەندییەوە زۆر بەربڵاوە.

(٢٤) یەکبوونی هەردوو ئیدارەی کوردستان و چەسپاندنی مافی کورد..
(خەبات، ٩/٥/٢٠٠٦)

(٢٥) کچەکانی بۆش و کیری
(خەبات، ٣/٩/٢٠٠٤)

لەکاتی پێکەوە بەستنی دوو فرێز دەبێ هەردووکیان هاوتابن؛ نابێ یەکێکیان فرێزی ناوی بێت و ئەوی تریان کاری بێت. زۆرجاران، لەبێ ئاگایی نووسەری دەقە ڕۆژنامەوانییەکان، لێڵی لەماناندا پەیدا دەبێ، بۆ نموونە، نموونەی ژمارە (٢٥) زۆر ڕوون نییە، خوێنەر نازانێ مەبەست لەم فرێز کچەکانی بۆش و کچەکانی کیرییە، یان کچەکانی کیری لەگەڵدا نییە. ئەگەر مەبەست ئەوەی یەکەمیانە وا چاکترە بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێ، هەرچەندە دووبارەبوونەوەی تێدایە، بەڵام ڕوونترە:

(٢٦) کچەکانی بۆش و کچەکانی کیری

٥- ڕستە لە ڕۆژنامەڤانیدا

هەروەک چۆن ناسینەوە و دیاریکردنی جۆر و سنوورەکانی فرێز بۆ ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ئەم بوارە کارێکی پێویستە و بە سوودە، دیاریکردنی جۆر و سنوورەکانی ڕستەش زۆر پێویستە. لە کوردیدا ڕستەکان زۆر جۆریان هەیە، شاڕستەن، یان پاڕستەن، سادەن، یان ئاڵۆزن، سنووردارن، یان بێ سنوور.

زۆربەی زمانەوانانی کورد پێیان وایە ڕستەی بێ سنوور (ئەو ڕستانەی کە دەمکاتەکەیان دیار نییە) لە کوردیدا نییە، پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعرووف پێی وایە لە کوردیدا ڕستە هەمیشە سنوورداره، چ شاڕستە بێ چ پاڕستە، چونکە هەموو ڕستەکان کاری سنوورداریان تێدایە کە دەمکاتەکەیان دیارە، بەڵام هەندێ پێیان وایە کە کاتێک ڕستەی کاری دەکرێتە ناوی، لەم کاتەدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی بێ سنوور (Non- finite)، هەروەک لەم نموونەدا دیارە:

(٢٧) فیلمی فرمێسکی بێخاڵ نمایش کرا
(٢٨) نمایشکردنی فیلمی فرمێسکی بێخاڵ.

(خەبات، ٢٠٠٥/٢/١١)
لەبەر ئەوەی لە ڕستەی (٢٧)دا فرمانەکەی سنووردارە ڕستەکەش سنووردارە، ڕووداوەکە لەکاتێکی دیاریکراودا ڕوویداوە کە ڕابردووە، بەڵام ڕستەی (٢٨) ڕستەیەکی ناوییە (ئەگەر ڕستەی ناوی لەکوردیدا هەبێ) فرمانی تێدا نییە، کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دیار نییە.
هەبوونی فرمان لەناو ڕستەدا دەبێتە هۆی سنوورداری ڕستەکە، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوەی هەواڵی ڕۆژنامەوانی زیاتر ببێتە جێگەی باوەڕی خوێنەر، چونکە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دیاری دەکات. زانیاری دەربارەی کات و شوێن بنەمایەکی گرنگی هەواڵە، چونکە هەردوو پرسیاری (کەی) و (لەکوێ) وەڵام دەداتەوە. ئەگەر نەشکرێ لە مانشێتدا کات و شوێن دیاری بکرێ خۆ دەکرێ لە لیددا ئەم زانیارییانە دەستەبەر بکرێن، هەروەک ئەم نموونەیەی خوارەوە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە:
(٢٩) دوێنێ لە شاری مووسڵ ١٣ هاووڵاتی برینداربوون.
(کوردستانی نوێ، ٢٠٠٥/٤/٢٠)
ئەو فرێزانەی کە زانیارییان دەربارەی کات و شوێن تێدایە لەناو ڕستەدا شوێنێکی دیاریکراویان نییە، دەکرێ بەپێی پێویست و مەبەستی نووسەر شوێنیان بگۆڕدرێ، بۆ نموونە نموونەی (٢٩) دەکرێ بەم شێوازانەی خوارەوە بنووسرێنەوە:
(٣٠) لە شاری مووسڵ دوێنێ ١٣ هاووڵاتی برینداربوون.
(٣١) ١٣ هاووڵاتی دوێنێ لە شاری مووسڵ بریندار بوون.
لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا زۆر گرنگە کە ڕستە فرمانی تێدابێ و فرمانەکەش بکەوێتە کۆتایی ڕستەوە. لە ڕستەی کوردیدا بەدەگمەن ئاوەڵفرمانیش لەدوای فرمانەوە دێت، هەرچەندە حاڵەتی وا لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەبینرێت، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە لەنگ و نەگونجاون، بۆ نموونە:
(٣٢)؟ لەشاری مووسڵ ١٣ هاووڵاتی برینداربوون دوێنێ.
ئەم نیشانەی پرسیارە (؟) مانای وایە کە ئەم ڕستەیەی سەرەوە (٣٢) لەنگ و نەگونجاوە، چونکە ئاوەڵفرمانی، دوێنێ، لە پاش فرمانی برینداربوون هاتووە. سەرەڕای ئەمەش ناتوانین بڵێین کە ئەم ڕستەیە هەڵەیە.


٦- جۆرەکانی ڕستە لە ڕۆژنامەوانیدا:
لە کوردیدا ڕستە لە ڕووی پێکهاتەوە، بەشێوەیەکی کلاسیکی، بۆ چوار جۆری سەرەکی دابەش کراوە: ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو، ڕستەی داڕژاو، ڕستەی لێکدراوی- داڕژاو، هەرچەندە زۆرێک لە زمانزانان باسی چوارەمین جۆر ناکەن.
د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(١٣) ڕستەی کوردی بەشێوازێکی تر پۆلێن دەکات بۆ دوو جۆری سەرەکی، سادە و ناسادە.

٦-١ ڕستەی سادە:
ڕستەی سادە لەکوردیدا بکەرێک و فرمانێکی تێدایە. لە ڕۆژنامەوانیدا زۆرجاران بکەرەکە لە وشەیەک زیاتری تێدایە و هەروەها فرمانەکەش بەهەمان شێوە زیاتر لە وشەیەکی تێدایە، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە هێشتا بە سادە دادەنرێن. کەواتە زۆری ژمارەی وشە و فرێزەکان کار لە ڕستەی سادە ناکەن و نایگۆڕن بۆ ڕستەی ئاڵۆز، یان تێکەڵاو، بۆ نموونە:
(٣٣) لە یادی ڕۆژی جیهانی منداڵاندا سەنتەری ڕۆشنبیری خەلیفان کاتژمێر شەشی ئێمرۆ ئێوارە کۆڕێک بەناوونیشانی مۆسیقا و کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی منداڵ بۆ مامۆستای هونەرمەند زرار ڕواندوزی لە باخچەی سەنتەردا ساز دەکات.
(خەبات، ٢٠٠٦/٦/٨)
ئەم ڕستەیەی سەرەوە (٣٣)، بە بۆچوونی زۆرێک لە زمانزانان هێشتا سادەیە، چونکە تەنیا یەک بکەر و یەک فرمانی تێدایە. توخمە سەرەکییەکانی ئەم ڕستەیە دەکرێ لە ڕستەیەکی کورتدا کورت بکرێنەوە:
(٣٤) سەنتەر کۆڕێک ساز دەکات.
ئەگەر ڕۆژنامەنووس بتوانێ توخمە سەرەکییەکانی هەر ڕستەیەکی سادە بدۆزێتەوە، کارەکەی زۆر ئاسان دەبێت و سەری لێ ناشێوێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانێ کە بوونی وشە و فرێزەکانی تر لەناو ڕستەکەدا زۆر پێویستن و هەریەکەیان ئەرک و مانای تایبەتی خۆیان هەیە و لە هەواڵی ڕۆژنامەوانیدا لەوانەیە نەکرێ لابرێن.
هەندێ جار لەکوردیدا ڕستە تەنیا لەیەک وشە

پێکدێت. بکەر و فرمان و کات و دەمکاتەکەی بەهۆی مۆرفیمی تایبەتییەوە بە وشەکەوە دەلکێنرێن. ئەم جۆرە وشانە کاری ڕستەیەکی سادە ئەنجام دەدەن. ئەمەش خاسیەتێکی جیاکەرەوەی زمانی کوردییە و لەزمانی تری دەوروبەرمانی جیادەکاتەوە. لەوانەیە ئەم جۆرە ڕستانە لە نووسیندا زۆر سوودیان لێ نەبینرێ، بەڵام لە گفتوگۆدا زۆر بە سوودن، چونکە لە ئاخاوتندا ئاواز و بەرزی و نزمی دەنگ و ستریس کاریگەریی تایبەتیان هەیە و مانای ڕستەکان دەگۆڕن. بۆ نموونە:

(٣٥) هاتی؟

ئەم ڕستەیە پێکهاتەیەکی شاراوەی هەیە، لە ئاخاوتندا بەهۆی ئاوازە و بەرزی و نزمی دەنگ، گوێگر دەتوانێ بڕیار بدات ئایا پرسیارە، یان ڕستەیەکی ئاساییە، لە نووسینیشدا بەهۆی نیشانەی پرسیارەوە دەردەکەوێ کە پرسیارە، یان نا. بۆ پیشاندانی پێکهاتە شاراوەکەی ئەم ڕستەیە وا چاکترە کە بە وێنە ڕوونی بکەینەوە:




ئەگەر بە پێکهاتەیەکی ئاشکرا هەمان ڕستەی ژمارە (٣٥) بنووسینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

(٣٦) ئایا تۆ هاتی؟

٦-٢ ڕستەی لێکدراو

هەروەک پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعرووف و هەروەها د. عەبدوڵڵا حوسێنیش باسیان کردووە، ڕستەی لێکدراو لە کوردیدا زۆر جۆر و شێوەی هەیە، هەندێکیان بەهۆی ئامرازەکانی «و»، ئینجا، ئەوسا، ئەوها، هەروەها، پاشگری (یش) دروست دەکرێن، ئەم ئامرازانە دوو ڕستە، یان زیاتری هاوتای یەک بەیەکەوە دەبەستنەوە:

(٣٧) هێلین لەخەو هەڵسا و دەموچاوی شووشت و چوو بۆ قوتابخانە.

ئەم ڕستە لێکدراوە لە سێ ڕستەی سادە پێکهاتووە کە بەهۆی ئامرازی بەیەکبەستنەوەی «و» پێکەوە گرێدراون، ڕستەکانیش بریتین لە:

(٢٨) أ- هێلین لەخەو هەڵسا..
ب- هێلین دەموچاوی شووشت.
ج- هێلین چوو بۆ قوتابخانە.

جۆرێکی تری ڕستەی لێکدراو دوو ڕستەی پێچەوانەی یەکتر لێک دەدات، کە ڕستەی دووەم پێچەوانەی ڕستەی یەکەمە. ئەگەر ڕستەی یەکەم پۆزەتیڤ بێ، ڕستەی دووەم نێگەتیڤ دەبێ. ئامرازەکانی وەک: بەڵام، ئەگەرچی، هەرچەندە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ڕستانە بەکاردێن، هەروەک ئەم نموونەیە ڕوونی دەکاتەوە:

(٣٩) ئەگەرچی کورد هەموو مافەکانی وەدەست نەهێناوە، بەڵام کوردستان تاڕادەیەک ئازادە.

لەم ڕستەیەدا دوو ئامرازی پێک بەستن بەکارهاتووە، «ئەگەرچی» و «بەڵام» دەکرێ ئامرازەکانی وەک «هەرچەندە» و «لەگەڵ ئەوەشدا» لە جێگەی «ئەگەرچی» بەکار بهێنرێن.

لە کوردیدا زۆرجاران ئامرازی «یا«ن»…. یا«ن» بۆ پێکبەستنەوەی دوو ڕستە بەکاردەهێنرێت:

(٤٠) یا کاری ڕۆژنامەوانی بکە، یان سیاسەت.

هەندێ جار لەکوردیدا دوو ڕستەی نێگەتیڤ، بە ئامرازی «نا... نا» پێکەوە دەبەسترێنەوە:

(٤١) نە کاری سیاسی بکە و نە ڕۆژنامەوانی.

لەبەر ئەوەی ڕستەی لێکدراو ڕستەیەکی درێژە، زۆر کەم لە مانشێتدا بەکاردەهێنرێت، چونکە مانشێت دەبێ کورت و چڕ و پڕ بێ، هەرچەندە ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەوانیدا لە مانشێتی لاوەکی بەکاردەهێنرێت. ئامرازەکانی پێوەندی و بەیەکەوە بەستن بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆژنامەوانیدا زۆر سوودی لێ بینراوە، دەستی ڕۆژنامەنووسانی واڵا کردووە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان بتوانن چەند ڕستەیەک لێک بدەن.

٦-٣ ڕستەی داڕژاو:

لە کوردیدا ڕستەی داڕژاو ڕستەیەکی سەربەخۆ و ڕستەیەک، یان زیاتر لاوەکی پێکدێت، کە ئەمەی دووەمیان پشت بە ئەوەی یەکەمیان دەبەستێ. شاڵی و هاوکارانی (١٩٩٢)(١٤) سیماکانی ڕستەی داڕژاو لەکوردیدا لەم خاڵانەی خوارەوە کۆ دەکەنەوە:

١- ڕستەی داڕژاو لەکوردیدا لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکدێت کە بە ئامرازێکی پێوەندی بەیەکەوە بەستراون.

٢- ڕستە سەرەکی و سەربەخۆکە پێی دەگوترێت «شا ڕستە»، ئەوانی تر پێیان دەگوترێ «پاڕستە» کە پشت بە شاڕستە دەبەستن.

٣- بە زۆری ئامرازەکە لەپێش پاڕستەکەوە دێت.

٤- ژمارەی پارستەکان پشت بە ژمارەی فرمانەکان دەبەستن.

بۆ بە یەکبەستنەوەی ڕستەکانی نێو ڕستەی دارِژاو ئامرازەکانی: (کە)، ئەگەر، مەگەر، چونکە، تا، هەرچەندە، تاد، بەکاردەهێنرێن، هەروەک ئەم نموونەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە:

(٤٢) پرۆگرامی خۆراکی جیهانی ئاشکرای کرد کە ٢٥٪ی منداڵانی عیراق تووشی بەدخۆراکی بوون.
(خەبات، ٤/٥/٢٠٠٦)

هەندێ جار ئامرازەکانی پرسیار، (کام، کێ) بۆ پێکڤەبەستنی ڕستەکانی نێو ڕستەی دارِژاو بەکاردێن:

(٤٣) هەموو خەڵک دەزانێ کێ لە هەڵبژاردنەکانی دەباتەوە.

(٤٤) دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە کام لیست لە هەڵبژاردنەکاندا دەیباتەوە.

زۆر گرنگە کە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر و ئیدیتۆرەکان شارەزاییان لە بواری ڕستەسازیدا هەبێ، جۆرەکانی ڕستە لێک جیابکەنەوە، بەکارهێنانەکانی ڕستەی دارێژراو بزانن و ئامرازەکانی پێکبەستنەوە لەیەکتر جیا بکەنەوە، بەداخەوە زۆرجار لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەم ئامرازانە بەهەڵە بەکاردێن، یان زۆر جاران لەجیاتی ڕستەی دارێژراو ڕستەی لێکدراو بەکاردێت، یان لەمانشێتدا ڕستەی دارێژراو بەکاردێت، کە ئەمەی دوایی لەگەڵ گرنگترین بنەمای مانشێت نووسیندا یەک ناگرێتەوە کە کورتی و چڕوپڕییە (block language)، بەتایبەتی مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکان کە دەبێ زۆر کورت و پڕ مانا بێت.

٤-٦ ڕستەی لێکدراوی-دارِژاو

پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕستەیە زۆر ئاڵۆز و بەکێشەیە بۆ نووسەرانی بواری ڕۆژنامەوانی و بۆ خوێنەرانیش، چونکە بەلایەنی کەمەوە سێ ڕستە لەخۆ دەگرێت: ڕستەیەکی سەربەخۆ و دوو ڕستە، یان زیاتری پاشکۆ (پارستە). ئەم جۆرە ڕستانە هەندێ جار ئەوەندە درێژن کە سەر لە خوێنەریش دەشێوێنن. ئارنۆڵد(١٥) (١٩٩٦) دەڵێ:

«ئەگەر زۆر بە وردی نەنووسرێن، ڕستەی لێکدراو-دارِژاو ئەوەندە درێژن، خوێنەر ناتوانێ بەدوایاندا بچێ».

(٤٥) قەمەرەدین محەمەد کە پیاوێکی تەمەن ٧٥ ساڵە و لەمالیزیا دەژی لەو ڕۆژانەدا ژنی ٥٣یەمینی مارە کرد. (خەبات ١٣/١١/٢٠٠٤).

ئەم ڕستەیە سێ ڕستەی لەخۆ گرتووە بەم شێوەیە:

(٤٦) قەمەرەدین محەمەد پیاوێکی تەمەن ٧٥ ساڵە.
قەمەرەدین محەمەد لەمالیزیا دەژی.
قەمەرەدین محەمەد لەم ڕۆژانەدا ژنی ٥٣یەمینی مارە کرد.

**سەرچاوەکان:**


**1- Norland, M. (2003). Linguistic Manipulation. Lulea University of Technology.**
**2- Fasold, R.W. and Connor- Linton, J. (2006) An Introduction to Language and Linguistics New York: Combridge University Press.**
**3- Reuters Foundation Reporters Handbook 2006.**
**4- Beard, Adrian. (2000). The language of Politics. London: Routledge.**
**5- Crystal, D. (1992). An Encyalopedic Dictionary of language and languages. Oxford: Black well.**
**6- Fattah, m.m. (1997). A Gencrative Grammar of kurdish. Unpublished Doctoral Dissertation, Holand: Amsterdam University.**
**7- Swan, m. (1997) Practical Englisch. Usage (2nd Ed.) Oxford: Oxford University press.**
**٨- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤). چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**
**9- Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. (5th Ed.) Oxford: Blakwell Publishing.**
**10- Bokir, S.N. (1995). A Contrastive Study of Adjectival Sequence in English and Kurdish. Unpublished MA thesis, Hawler: Salahaddin University.**
**11- Goran, H.O.M. (1997). A Contrastive Study of Manner Adverbials in Standard English and Standard Kurdish. Unpublished MA Thesis, Hawler: Salahaddin University.**
**12- Akmajan, A. etal. (2001). Lingnistics: An Introduction to Lnguage and Communication. (5th Ed.). Combridge: Massachuset Institute Technology.**
**١٣- ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠٠٤. پوختەیەکی کوردی ڕستەسازی کوردی. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.**
**١٤- شاڵی و هاوکارانی (١٩٩٢)، زمان و ئەدەبی کوردی. ئەستەنبوڵ.**
**15- Arnold, G. T (1996). Media Writer's Handbook. Boston: Marshal University Press.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**کتێبی: ئاواز و گۆرانی، نووسینی (حامید گەوهەری) (۱)**

* لە لاپەڕە (٦)ی ئەو کتێبەدا هاتووە: شانامەی (ئەبو مەنسوور) کە خۆی لە ناو چووە و تەنیا سەرەتاکەی بە دەستەوە ماوە، یەکەم کتێبە کە بە زمانی (فارسی نوێ)یە و سالی (٣٤٦)ی کۆچی بەرامبەر بە (٩٦٧)ی زایین نووسراوە. هەر لەو لاپەڕەیەدا هاتووە: کۆنترین بەڵگەی نووسراوی کوردیش چوارینەکانی (بابا تاهیری هەمەدانی)یە، دیارە بابا تاهیر سالی (٩٣٥)ی زایین لە دایک بووە و سالی (١٠١٠)ی زایین کۆچی دوایی کردووە، واتە لە ماوەی ژیانیدا لە نێوان ئەو دوو سالە دایناوە. هەر لەو لاپەڕەیەدا هاتووە: نەپرژانی نووسەرانی کورد بۆ لێکۆڵینەوەی سەردەمەکانی کۆن، بۆ لێدوان لە هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی و کەسایەتی هونەری هونەرمەندەکانمان، بۆتە هۆی کوێربوونەوە و مردنی یا بە تالانچوونی گەلێک لە بەرهەمی هونەری ئاواز و گۆرانی نەتەوەی کوردمان، لە لایەن ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانەی کە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانیان لە نێوخۆدا دابەش کردووە و لە ئاکامدا تەمیان بە سەر مێژووی زۆربەی گۆرانییە ڕەسەنەکانماندا کێشاوە. زەبر و زەنگی دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان لە لایەک و ترس لە بیری ڕێبەرەکانی ئایینی لە لایەکی ترەوە، نەیانهێشتووە شاعیرەکان و نووسەرەکانی پێشووی کورد، خۆ بە نووسینی بەسەرهاتی هونەری ئاواز و گۆرانی نەتەوەی کورد ماندوو بکەن و نەهێڵن، ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانییەکانمان بمرن یا لە ناو بچن.

* لە لاپەڕە (٨)شدا هاتووە: هەروەکو دەزانین کوردەکان و فارسەکان (تیرەی ماد و پارس)، بە هۆی هاونەژادی ودراوسێبوونی مێژووییەوە گەلێک خوو و ڕەوشتی فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ئابووری هاوبەشیان بووە.

* لە لاپەڕە (٩)شدا هاتووە: تەمەنی مرۆڤ بە پێی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسان بۆ (یەک ملیۆن) ساڵ بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە، هەرچەندە مرۆڤ نزیک بە (٥ ـ ٧) هەزار ساڵێکە دەستی بە نووسینەوەی مێژووی خۆی و شتی تری لەم بابەتە کردووە.

* لە لاپەڕە (١٠)شدا هاتووە: هەر بە پێی زانایانی مرۆڤناس: (سۆمەرییەکان) یەکەم مرۆڤی خاوەن شارستانیەت بوونە، کە شوێنەواری مێژووییان لە دوای خۆدا بە جێ هێشتووە، ئەوان توانیویانە بۆ یەکەم جار لە جیهاندا (شیعر) و (بەرهەمی ئەدەبی) بنووسن و گۆرانی بڵێین و موزیکیش بژەنن! (مادەکان)ی تیرەی (ئاری) کە کوردەکانی ئەمڕۆ بنەچە و نەژادی ئەوانن، نزیک بە دوو هەزار ساڵ پێش زایین، لە بناری چیاکانی (زاگرۆس)، لە جێی کوردستانی ئەمڕۆ ژیاون و هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانیاندا هاوکات لەگەڵ (بابلییەکان) و (ئاشوورییەکان) و (پارسەکان) و (هیندییەکان) و (میسرییەکان) و (یۆنانییەکان) و (ڕۆمەکان) و (چینییەکان)، خاوەنی فەرهەنگی دەنگ و ئاواز و گۆرانی تایبەت بە خۆیان بوونە.

* لە لاپەڕە (١٣)شدا هاتووە: ئایینەکان هەر لە سەرەتاوە بۆ (تەبلیغات – ئاگادارکردن) و ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ئایینەکان، لە هونەری ئاواز و گۆرانی کەڵکیان وەرگرتووە، کۆکردنەوەی هونەری ئاواز و گۆرانی لە چوارچێوەی (کڵێسا) و (مزگەوت) و (تەکیە) و (خانەقا)، بە توندی ڕێگری لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەو هونەرە گرتووە و نەیانهێشتووە ئەم هونەرە وەک ئامرازێکی فەرهەنگ و کۆمەڵایەتی بچێتە پێشەوە!

* لە لاپەڕە (١٦)شدا هاتووە: (بارام)ی پێنجەم لە سەدەی پێنجی زاییندا داوای لە (شەنگڵ پاشای هیند) کرد، ژمارەیەک گۆرانیبێژ و موزیکژەن و سەماکار بنێرێتە (ئێران)، کە پێیان دەگوتن: (کابلی) یان (کۆلی)! ئەوانە تایفەیەکی ڕەشماڵ نشینی کۆچەرن، کە ئێستاش ماون و لە نێوان شارەکانی (ئابادان، ئەهواز، ئیلام، کرماشان)دا هاتوچۆ دەکەن، ئەوانە پاشماوەی ئەوانەن کە بارام پاشای پێنجەم لە هیندەوە بۆ ئێرانی هێنان!

* لە لاپەڕە (١٨)دا هاتووە: لەسەر دیوارە بەردکارییەکانی ڕووبەڕووی شاری (سەحنە)، نەخشی بزماری ژمارەیەک گۆرانیبێژی ژن و موزیکژەن دەبینرێ، کە ژنەکان هاوکات لە گەڵ موزیکژەنەکان چەپڵە لێدەدەن. لە پشت سەری ژنەکان ریزیک موزیکژەن کە ئامێری: چەنگ، زوڕنا، دەف، عوود، دەژەنن، لەلای پاشا کە بە هۆی چەتری شایانەوە دەناسرێتەوە، سێ (شەیپوور) ژەن، دوو (دەهۆڵ) و (تەپڵ) کوتێک دەبینرێ و لە نێوان ئەواندا سێ کەسی تر هەن، لەوە دەچێ (گۆرانیبێژ)بن، ئەوانە هەمووی بەڵگەن کە لە سەردەمی (ساسانی)دا هونەری ئاواز و گۆرانی نەتەوەکانی جێگیری ئێران، چەندە پەلوپۆی دەرکردووە و بەرەوگەشەکردن چووە، لە نێو جەماوەر و کاربەدەستاندا برەوی بووە. سەحنە شارێکی کۆنی کوردستانە لە نزیک کرماشان بەرەو (ئەسەدئاوا)ی (هەمەدان ـ هەگمەتەنا) کە لە سەرەتادا پایتەختی (مادەکان) بووە، لە سەردەمی (خوسرەوپەرویز) باسی پیاوێکی دەنگخۆش بە ناوی (نیکسا) دەکەن، مەزنترین موزیژەنی دەوری ساسانی (باربوود) بووە، (نیکسا، باربوود، سەرکەش، بامشاز، ڕامتین، سەرکب، ئازادە)، گۆرانیبێژ وچەنگژەنی تایبەتی خوسرەو پەرویز بوون. هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ئێران و شکانی (یەزدگورد) و کۆتایی هاتن بە زنجیرەی ساسانییەکان، هونەری ئاواز و گۆرانی نەتەوەکانی جێگیری ئێرانی ڕاوەستاند!

* لە لاپەڕە (٢٣)دا هاتووە: نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زایین (٦٠٠ – ٦٥٠) هێشتا تەواونەبوو،



لەشکری ئیسلام گەیشتە ناو جەرگی ئیمپراتۆری ساسان و هەڵیتەکاند، بڵاوبوونەوەی لەشکری ئیسلام لە هەرێمەکانی ساسانیدا هەموو لایەنەکانی ژیانی (ماددی) و (ڕوحی) خەڵکی لە نێوخۆدا کۆکردەوە، ئاییینی (زەردەشت - زەرتووشت) و (مەسیح)ی، لەو بەشەدا لە نێو برد و ئاییینی ئیسلامی لە جێ دانا، زمانی (ئاڤێستا) کە نزیک بە (١٣) سەدە بوو قسەی پێدەکرا، کۆکرایەوە و زمانی (عەرەبی) کردە زمانی ڕەسمی لە ئێران بە شێوەیەک کە نزیکەی دوو سەدە زمانی عەرەبی وەک زمانی ڕەسمی نەتەوەکانی کورد و فارس مایەوە! بە پێی شەریعەتی ئیسلام هونەری ئاواز و گۆرانی یاساغ کرا! ئیسلام ئەم هونەرەی لە خەڵک (حەرام) کرد. لە ئاکامدا بازاڕی ئەو هونەرە لە باو کەوت، هونەرمەندەکان ڕوویان لە شیعر و قورئان خوێندن کرد. لە سەردەمی دەسەڵاتی (ئەمەوی)دا ئەو توندوتیژییە نەما و لە ئاکامدا گۆرانیبێژ و موزیکژەنانی عەرەب و کورد و ئێرانی ئەمنییەتێکی تازەیان پەیداکرد و لە نێوان ژمارەیەک لە هونەرمەند و ئامێرەکانی موزیکی ئێرانی و عەرەبدا وەک: عوود، چەنگ، تەمبوور.. لەو هەرێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێوەندی پەیدا بوو، شایانی باسە کە هونەری گۆرانی و ئاواز لە شەڕی (کەربەلا) و کوژرانی (حوسەینی ئیمامی عەلی) بە دەستی (یەزید)، جیهانی ئیسلام بەسەر دوو گرووپ دابەش بوو، ئەم هونەری گۆرانی و موزیکە لای لایەنگرانی حوسەینی کوڕی عەلی، واتە لای شیعەکان، تا ئەمڕۆش بە حەرام سەیر دەکرێت! شایانی باسە یەزید یەکەم کەس بوو، هونەری گۆرانی و موزیکی ئازاد کرد، هەروەها لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا هەتا لە (مەککە)، موزیکی نوێی عەرەب ئەویش بە شوێن هەڵگرتنی موزیکی ئێران (دیارە مەبەست لە موزیکی هەموو نەتەوەکانی جێگیری ئێرانە)، لە (حیجاز) و لە (مەدینە) دەستی پێکرد! تەنانەت (وەلیدی کوڕی یەزید)، دەنگی خۆش بووە و ناوی دەرکردووە، یەزید و وەلیدی کوڕی زۆر ڕێزی موزیکژەن و گۆرانیبێژانیان لەبەرچاو بووە..

* لە لاپەڕە (٢٥)دا هاتووە: موزیکی ئێران بۆ یەکەم جار بەهۆی موزیککار (سائیبی کوڕی خاسەر) و گۆرانیبێژ (نەشیت) لە سەدەی یەکی کۆچیدا بەرانبەر حەوتی زایین لە مەدینە بڵاوکرایەوە و کوڕی (سەریج) و بابی (عیباد مەعبەد) و (جەمیلە عیزەت ئەلمیلا) بە هۆی دوو کەسەوە فێری هونەری ئاواز و گۆرانی بوون و ناوبانگیان دەرکرد، لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبباسییەکانیشدا کە لە بەغدا نیشتەجێ بوون، ئاواز و گۆرانی فارسی و کوردی و عەرەبی گەشەی کرد! تێکەڵاویی هونەری ئاواز و گۆرانی لە نێوان خەڵکی ئەو هەرێمەی جیهاندا لە فارس و عەرەب و کورد، ڕەسمی بوونی زمانی عەرەبی و نووسینی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی بە زمانی عەرەبی، ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەسەڵاتدارانی عەرەب و فارس بەسەر ئامێرەکانی موزیکیاندا هێنا، ئەوانی هانداوە کە خۆیان بە خاوەنی ئەو کۆمەڵە ئامێرانەی موزیک: دەف، تەپڵ، دەهۆڵ، زوڕنا، دووزەلە، تەمبوور... بزانن، کە لە کۆنەوە بە دەست کوردەکانەوە بووە!

* لە لاپەڕە (٢٦)دا هاتووە: لە نێوان ساڵەکانی (١٠٧٧ - ١١٦٦)ی زاییندا، تەریقەتی دەروێشی (قادری) لەلایەن شێخ (عەبدولقادری گەیلانی)یەوە دامەزرا، (محەمەد ئیبراهیم بوخاری)ش، لە ساڵەکانی (١٣١٧)ی زاییندا، تەریقەتی سۆفیگەری (نەقشبەندی) دامەزراند. لایەنگرانی ئەو دوو تەریقەتەش هەرکام بەش بە حاڵی خۆی بە شێوەیەک دەستیان بەسەر هونەری ئاواز و گۆرانی داگرت، کە وەک نەمامێکی نوێ خەریک بوو لەو هەرێمەی جیهاندا هەڵبدات و گەشە بکات، ئەو هونەرەیان لە (تەکیە) و (خانەقا)کاندا، کۆکردەوە. خەڵکی کورد لەم بابەتەوە زیانێکی ئەوەندە قورسی لێکەوت، کە ئێستاش نەیتوانیوە لە بەرانبەریدا خۆی ڕاست بکاتەوە! دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی ئیسلام لە ئێراندا بە دەست (مەغۆل)ەکان، زمانی نوێی کوردی و فارسی بووژانەوە و هونەری ئاواز و گۆرانی شێوەی سرووشتی خۆیان گرتەوەبەر.

لە لاپەڕە (٢٨)دا هاتووە: سەردەمی (سەفەوی): شکانی تورکومانەکانی (ئاق قۆینلوو) بە دەستی شا (سمایلی سەفەوی - شا سمایلی کوڕی حەیدەر)، دامەزرێنەری حکوومەتی شیعەگەری لە ئێران، لە شەڕی (چاڵدێران)، ساڵی (١٥١٤)ی زایین، کە لەگەڵ ئیمپراتۆریی عوسمانی دابوو، بە هۆی سەرکەوتنی لەو شەڕەدا ناوبانگی دەرکرد. ئەم شەڕە بوو بەهۆی لەتکردنی خاکی کوردستان بۆ دوو لەتەوە، لەو ساڵەوە سێ بەشی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و دیارە چارەگەکەی دیکەی کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەفەوی،

ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی هونەری گۆرانی و موزیک لە نێو نەتەوەکانی جێگیربووی وڵاتی ئێران بە نەتەوەی کوردیشەوە، ئەو شایە هونەری گۆرانی و موزیکی لە نەتەوەکانی نێو جیۆگرافیای ئێران حەرام کرد! ئایینی شیعەگەری کە ئایینی کەمینە بوو، بە تۆبزی بەسەر زۆرینەی داسەپاند. قزڵباشەکانی سەفەوی بێ شەرمانە هێرشیان دەکردە سەر ماڵی خەڵک و ئامێرەکانی موزیکیان لێ دەشکاندن! شایانی باسە بەو پێیەی ئەو شایەی سەفەوی وەک شوێنەکانی دی دەسەڵاتی بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا نەشکا، بۆیە بەرادەی خەڵکانی تری دانیشتووی ئێران، ناوچەی کوردستان لە سەردەمی شا ئیسماعیل زەبری پێ نەکەوت.

* لە لاپەڕە (٢٩)دا هاتووە: دوای دابەشبوونی خاکی کوردستان لە ساڵی (١٥١٤) ی زاییندا دەرەبەگایەتی کورد لە نێوان میرەکانی سەفەوی و عوسمانیدا هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی کرد و خۆی لە بیری تەسکی ئایینی کێشایەوە، کە دەسەڵاتدارێتی عەرەب و فارس بە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بە سەریاندا سەپاندبوو، کەوتە بیری سەربەخۆیی کوردستان، ئاڵاهەڵگری ئەو بیرە (میرخانی برادۆست – خانی لەپ زێڕین) بوو، کە بە گژ شا (عەباسی سەفەوی) زاڵم و خوێنڕێژ داهات و گوتی: ئەگەر ئەو شایە.... منیش میرم! لە ئەنجامدا ڕاپەڕینی (قەڵای دم دم) لە ساڵی (١٦٠٨)ی زایین، سەری هەڵدا و بە کارەساتی شەهیدبوونی میرخانی برادۆست لە ساڵی (١٦٢٩)ی زایین بە دەستی بنەماڵەی سەفەوی کۆتایی پێهات. بە بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو ژمارەیەک مەلا و دەرەبەگ و ڕووناکبیری کورد، هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییش وەک لایەنەکانی دیکەی ژیان، کەوتە ناو قۆناغێکی نوێی ترەوە، بەیتی (قەڵای دم دم) و (مەم و زین) و (لاس و خەزاڵ)، بەر لەوەی کۆ بکرێنەوە و لەسەر کاغەز تۆمار بکرێن، بۆ ماوەیەکی زۆر، زار بە زار و سینگ بە سینگ هاتن و بە دەیان (لاوک) و (حەیران) و (هۆرە)ی ڕەنگاوڕەنگیان لێ ساز بوو، تا سەرەنجام (نادر شای ئەفشار) ساڵی (١٧٤٦)ی زایین، کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەشی ئیمپراتۆریی سەفەوی هێنا.

* لە لاپەڕە (٣٢)دا هاتووە: دامەزراندنی میرنشینەکانی وەک: بۆتان، هەکاری، بادینان، سۆران، بابان، لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و میرنشینەکانی: ئەردەڵان، موکری، لە ئێران لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، واتە (١٨٠٠)ی زایین و بەسەرەوە، بوونە هۆی گەشەکردنی ئەم هونەرەی ئاواز و گۆرانی کوردی. لەو سەردەمەدا بوو، (خوانندە) لە ناوچەی (سلێمانی) و گۆرانیبێژ و خۆشخوان لە ناوچەی (موکریان) بەکارهاتن. ئیتر لەوساوە ئاغا و دەرەبەگی کورد بە پێی توانایان خۆشخوانی تایبەتیان ڕاگرت! تا لە دیوەخانەکانیان چیرۆک و گۆرانی و بەیت و لاوک .... یان بۆ بڵێن.

* لە لاپەڕە (٣٣)دا هاتووە: لەو سەردەمەدا بوو کە شایەری گەڕۆکیش پەیدا بوون، ئەوان پاییزان یانی ئەوکاتەی کە خەڵک لە کاری مەزرا و جووت و گا دەبوونەوە، بە گوندەکاندا دەگەڕان و لە دیوەخانی ماڵی ئاغاکاندا کۆدەبوونەوە و کۆڕی بەزمیان بۆ دەگێڕان، خەڵاتیان لێ وەردەگرتن، لە شارەکان بە زستانان بە تایبەتی شەوانی ڕەمەزانان دەچوونە چایخانەکان و بەیت و حەیران و حیکایەتیان بۆ خەڵکی دەگوت و تا نزیک بەیانی واتە (پارشێو)، دەمانەوە و پارەیان لە خاوەن چایخانەکان وەردەگرت، لە گوندەکانیش ئەوکارە لە مزگەوتەکان بەڕێوەدەچوو.

تێکەڵاوی کوردەکانی ناوچەی (موکریان) لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکانی (سلێمانی) و (هەولێر) و (کۆیە)..... کە ناوچەیەکی بازرگانی و ڕۆشنبیری و کاروان ڕێی نێوان ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان و هەردوو بەشی ئێران و عوسمانی بووە، بۆتە هۆی پەروەردەبوونی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی شارەکانی سلێمانی و کۆیە نەخشی بەرچاویان لە گەشەپێدانی ئەم هونەرە ڕەسەن و ناسکەی کورد هەبووە!

* لە لاپەڕە (٣٤)دا هاتووە: موزیکی ئێران: (دیارە مەبەست لە موزیکی هەموو نەتەوەکانی جێگیری ئێرانە بە کوردیشەوە)، هەرچەندە تا دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەی زایین، واتە کۆتایی ساڵەکانی (١٨٠٠)، تەنیا شێوەی (عەمەلی) بووە، واتە مرۆڤە ناشارەزاکان ئەم هونەرە ناسک و جوانەیان لە دەست گرتبوو! لە دەوری سوڵتان ( محەمەدی شای قاجار) دوو مامۆستای لێزان: ( زۆهرە) و (مینا) یەکەمیان خانمە هونەرمەندێکی (ئەرمەن) و ئەوی تر خانمە هونەرمەندێکی (جوولەکە) بوو. ئەو دوو خانمە هونەرمەندە (٥٠) قوتابییان بە کردەوە فێری گۆرانی و موزیک کرد، لەسەردەمی (نەسرەدین شای قاجار)یش، بۆ یەکەم جار فێرگەی (دار ئەلفنون)، دامەزرا، ساڵی (١٨٦٨)ی زایین، ئاڵفرد

ژان باپتیست لومر) زاوای دکتۆری تایبەتی شا بۆ فێرکردنی (تیوری مۆزیک) بۆ سەربازەکان، لە (فەرەنسا)وە بۆ ئێران هات و گرووپێکی فێری موزیک کرد، لە تیپ یا گرووپی (جووق)دا سوودیان لێ وەرگیرا!

* لە لاپەڕە (٣٦)دا بە هەڵە نووسراوە: عەبەی چایچی و پووتێ خەڵکی ناوچەی سلێمانین! کەچی لە ڕاستیدا ئەو دوو هونەرمەندە مەقامزان و دەنگخۆشە خەڵکی ناوچەی کۆیەن. هەر لەو لاپەڕەیەشدا هاتووە: (مەنیج حەیران) و (زولەیخا چوختی)، دوو ژنی بێ باکی شاری (مەهاباد) بوون، دەفیان لێداوە و گۆرانییان گوتووە! تەنانەت شاییان گێڕاوە، بە گوتەی مامۆستا (هێمن موکریانی): هیچ لای پیاوەکانی ئاوەڵیان نەدەمانەوە!

* لە لاپەڕە (٤٠)دا ئەم جارەش بە هەڵە نووسراوە: لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و عیراق، ڕەوتی فەرهەنگ و کولتووری کورد، ڕەنگێکی دیکەی هەبوو، یەکەم تیپی موزیکی کوردی لە ساڵی (١٩٢٦) لە شاری (سلێمانی) دامەزراوە! دوای ئەوە ناوی بەشداربووانی بە حساب ئەو تیپەی موزیکی نووسیوە! هەرچەندە بە کەسەکان بۆت دەردەکەوێ کە ئەو ناوانە بەشدارانی خوولێکی موزیکن، نەک ( ئەندامانی تیپێکی موزیک)، کە لە سەردەستی هونەرمەند (عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا ١٨٩٨-١٩٧٥) کە لە گەڕەکی (قەڵات)ی شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە، لە سلێمانی ساڵی (١٩٢٦) کە ئەوکاتە لەوێ ئەفسەری سوپا بووە، چۆتە لای بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی کە ئەوکاتە (مستەفا مەزهەر) بووە، مۆڵەتی کردنەوەی خولێکی موزیک فێربوونی بۆ قوتابییان لێ وەرگرتووە، دواتر دەیان قوتابی فێری ژەنینی ئامێرەکانی موزیکی (فوو ویست) کردووە. یەکێک لە قوتابییەکانی شەهید ( شاکر فەتاح) بووە. (٢) بەشداربووانی ئەو خولەی موزیک بریتی بوون لە:


(١) شاکر فەتاح. لە سەر ئامێری (کلارینێت).
(٢) ڕەحیم عەبدولکەریم. لە سەر ئامێری (کلارینێت).
(٣) ساڵە عەلی. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(٤) جەمال مەجید سولەیمان. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(٥) عەلی قەفتان. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(٦) عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(٧) فەهمی قەفتان. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(٨) کەمالی دەشتی ئەفەندی. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(٩) حوسێنی میرزا ساڵە. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(١٠) پترۆس ئەسکەندەر. لە سەر ئامێری (ترۆمپێت).
(١١) تۆفیقە ڕەش. لەسەر ئامێری ( بۆری).
(١٢) مەجیدەڕەش بەکر. لەسەر ئامێری ( هۆڕن).
(١٣) ئەحمەد میرزا عارف. لەسەر ئامێری ( هۆڕن).
(١٤) جەلال مەجید سەلیم ئاغا. لە سەر ئامێری (دەهۆڵ).
(١٥) فوئاد ساڵە قەفتان. لە سەر ئامێری ( تەپڵ).
(١٦) شەوکەت ئەسکەندەر. لە سەر ئامێری ( دەف).
(١٧) عەلی عارف ئاغا. لە سەر ئامێری ( دەف).
(١٨) جەلال حەمدی. لە سەر ئامێری ( بلوێر).(٣)

* لە لاپەڕە (٤٢)دا هاتووە: هونەرمەندان (پەرویزی نازری) و (فەرەیدوونی حافزی) لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣١ - ١٩٤١) گرووپی موزیکی قوتابخانەی ناوەندی (شەیپوور)یان، لە (کرماشان) دارشتووە، هونەرمەندی موزیکژەنی ئامێرەکانی (تار) و (کەمان)، (نایب مەهدی خان)، ناسراو بە (مەهدی موزیک) لە شاری کرماشان لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣٧ - ١٩٤٣)دا قوتابخانەی موزیکی لە شاری (کرماشان) کردەوە. شایانی باسە (تیپی موزیکی مەولەوی)، لە ساڵی (١٩٥٥) لە شاری سلێمانی بە سەرپەرشتی هونەرمەندی نەمر (قادر دیلان) و ئەندامێتی چەندان موزیکژەنی ترەوە دامەزرا.

**(١) کتێبی (ئاواز و گۆرانی، کورتەیەک لە مێژووی ئاواز و گۆرانی کوردی)، نووسینی (حامید گەوهەری)، ساڵی (١٩٩٤)، لە (ستۆکهۆڵم) بە چاپ گەییوە.**
**(٢) بڕوانە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٢٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) لاپەڕە (١٤٨ - ١٥٠).**
**(٣) نووسەری ئەم کتێبە ئەو زانیاریانەی سەرەوەی دەربارەی ئەو خوولەی موزیک لە کتێبی: سلێمانی. بەرگی دووەم. لە نووسین و کۆکردنەوەی: ئەکرەمی مەحمودی ساڵحە ڕەش، وەرگرتووە.**

# شیکاگۆ: عیشق و کراک و سێکس و جینۆساید

**هاشم سەڕاج**




ڕۆمانی شیکاگۆ لە نووسینی «عەلا ئەسوانی» و وەرگێڕانی «سەباح ئیسماعیل»ە، پرۆسەی نووسین لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگەی شێوازی گێڕانەوە و دیالۆگ و بەکاربردنی جێناوی یەکەمین کەس و سێیەمین کەسەوە کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر دەورووژێنێت و کردەی نووسین بەش لە دوای بەش درێژە بە ڕووداوەکان دەدات و زۆرجاریش کارەکتەرەکان بەوپەڕی ئازادییەوە ناخی خۆیان هەڵدەڕێژن و لە حەز و ئارەزووەکانیان دەدوێن، بەڵام ژمارەی کارەکتەرەکان هێندە زۆرن ئەگەر خوێنەر بە شێنەیی لەگەڵ ڕووداوەکان نەڕوات ڕەنگە پێویستی بەوە هەبێت دووبارە بۆ ناوی کەسایەتییەکان بگەڕێتەوە، دکتۆر عەلا ئەسوانی لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە ئاماژە بە کۆمەڵێک داتا و زانیاری مێژوویی دەدات کە بەشێوەیەکی هونەری کاریان لەسەر کراوە، ئەم دیاردەیەش واتە بەکاربردنی زانیاری مێژوویی و کارکردن لەسەر داتا پەراوێز خراوەکان و ئاوێتەکردنیان بە جیهانی تێکست، دیاردە و شێوازێکە لای کۆمەڵێک ڕۆماننووس پراکتیزەکراوە، لەوانە «ئەمین مەعلووف» و «ئۆرهان پامووک»..تاد. بەرلەوەی لە جیهانی شیکاگۆ بدوێم هەست دەکەم لەکۆتاییدا چارەنووسی زۆربەی کەسایەتییە نیگەرانەکان لە چارەنووسی کەسایەتییەکانی ڕۆمانی «شەیتانەکان»ی دستۆیڤسکی نزیکە، واتە مانەندی «ستافرۆژین و شاتۆف...تاد کۆتاییان بە مەرگ و مەرگەسات و خۆکوشتن و لێکدابڕان دێت، وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەیدا سەبارەت بە ڕۆمانی شیکاگۆ دەڵێت «خاڵی بەهێزی ڕۆمانەکە لەوەدایە سنووری تابۆکانی سێکس و ئایین و سیاسەتی بەزاندووە و بوێرانە باس لە چەپێنراوەکانی ناخی یەکە بە یەکەی کارکتەرەکانی دەکات» شیکاگۆ دوای ڕووداوی ١١ی سپتێمبەری ٢٠٠١ نووسراوە، لەلایەکی دیکەوە «شیکاگۆ» وشەیەکی گنۆکییە کە یەکێکە لەو زمانانەی کە هیندییە سوورەکان پێی دەدوێن.. وەک لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا هاتووە

شیکاگۆ لە زمانی گنۆکیدا مانای «بۆنی تیژ» دەگەیەنێت، ئەو شوێنەی ئێستا شاری شیکاگۆی لەسەر بنیاد نراوە لە بنەڕەتدا کێڵگەیەکی پانوپۆڕ بووە و هیندییە سوورەکان خلیسکە پیازیان تێدا دەچاند کە بۆنە تیژەکەی بووە هۆی ئەو ناولێنانە، تێکست بەر لەوەی لە جینۆسایدی هیندییە سوورەکان بدوێت بە زمانێکی ئاسایی ژیان و هۆگری هیندییە سوورەکان دەخاتە ڕوو کە چۆن لە کێڵگەی پیاز و کەناری دەریاچەی میشیگاندا دەگوزەران و مەڕومالاتیان بەخێو دەکرد و بە ئارامی و دڵنیایی دەژیان، لە ساڵی ١٦٧٣دا کاتێک ئەو کیشوەرە لەلایەن چەند گەڕیدە و چەتە و کەشیشێکەوە دۆزرایەوە، ئیتر داگیرکەرە سپی پێستەکان شەڕێکی لەناوبەری تۆقێنەریان بەرپاکرد و لەو جەنگەدا (٥) تا (١٢) ملیۆنیان لە هیندییە سوورەکان جینۆساید کرد و دەستیان بەسەر زەویوزارەکانیاندا گرت.

ئەگەرچی ڕۆمانی شیکاگۆ لە بنەڕەتدا هەڵگری بنیادێکی ئیرۆتیکییە، بەڵام لە کانگای نووسین و لە بنیادی قووڵدا بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت و زەبروزەنگ و ستەمی دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی بە تایبەتی وڵاتی میسر، دەخاتە ڕوو، هاوکات ماسکی دیاردە دزێو و نادادپەروەرییەکانی کۆمەڵگەی ئەمەریکی ئاشکرا دەکات و لە چەرمەسەرییەکانی هەژاری و بێکاری و دیاردەی کوشتن و دزی و ئەتککردن و بەنگکێشان...تاد. دەدوێت، پاشان زانیاری گەلێک لە بارەی «هیستۆلۆژی» ، یان زانستی ئەتەمناسی دەخاتە ڕوو، شەیمای کچە گەورەی مامۆستا محەمەدی حامد و خوشکی عەلیا و نەدا، شەیما محەمەدی مامۆستای یاریدەدەری کۆلێژی پزیشکی.. کچێکی لەچک لەسەری نەریتپارێز..ئەی [چی ئەم کیژە دەشتەکییەی لە تەنتاوە بۆ ئەمەریکا هێنا ؟].. شەیما بڕوای تەواوی بەوە هەبوو، کە مردووەکان لەگەڵماندا دەژین، وەلێ ئێمە نایانبینین،... کردەوەی نووسین لە تێکستی شیکاگۆدا لە ڕێگەی جێناوی یەکەمین کەس و تەکنیکی فلاش باکەوە دەچێتە نێو دڵ و دەروونی کەسایەتییەکان و لایەنی نائاگایی و حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانیان کەشف دەکات، [شەیما جلەکانی داکەندن و بە ڕووتی لەسەر لێواری بانیۆکە دانیشت مووی زیادەی بەگیانییەوە نەهێشت، چێژ و لەزەتی لەو ئازارە تیژتێپەڕە و.. هەڵگرتنی تووکی پێستی دەبینی.. پاشان دیشداشەیەکی قەستۆری نەخشێنراو بە وردە گوڵی لەبەر کرد، قاپقاپێکی پانی چوار قایشی لەپێ کردبوو.. کاسێتێکی گۆرانی «ئایا بەگومانی» کازم ساهیری خستە نەوارەکە،) شەیما لە مویەقە «مسەقەعەی ئەسکەندەرانی» لێدەنا و لەگەڵ کاسێتەکە گۆرانییەکەی کازم ساهیری دەگوتەوە و هەر جارێک یەک گوڵەبیبەری دەکردە ڕۆنەکەوە، بەڵام شەیما لەناو ئەپارتمانەکەدا لەناکاو هێرشێکی دەکرێتە سەر لەلایەن [چەند زەلامێکی کەتە.. کە بەزمانی ئینگلیزی دەیانشیڕاند.. هەموو هێزی کۆکردەوە، تا پاڵ بەو پیاوە نەناسراوەوە بنێ.. دەستی بە قیژە و هاواری یەک لەدوای یەک کرد..] کەچی کۆتایی ڕۆمانەکە چیتر ئاماژە بە دیمەنی دەستدرێژکارییەکە نادرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە زانکۆی «ئەلینۆی» گەورەترین زانکۆی وڵاتە یەکگرتووەکانە،.. کە کۆلێژە پزیشکییەکان لەخۆ دەگرێت.. بەشێک لە کارەکتەرانی ئەم ڕۆمانە وەک مامۆستای زانکۆ، یان وەک قوتابی سەر بە مەڵبەندی پزیشکی ئەم زانکۆیەن، بە تایبەتی بەشی هیستۆلۆژی، یان ئەو زانستەی کە لە شانە زیندووەکان دەکۆڵێتەوە، مامۆستاکان «دکتۆر بێڵ فریدمان» سەرۆکی بەشە، ڕەئفەت سابت و محەمەد سەلاح هەردوو مامۆستا ئەمەریکییە بە بنەچە میسرییەکان، گراهام مامۆستای ئامار، جۆرج مایکڵ، دنیس بیکەر بە تەمەنترین مامۆستا، ئەم مامۆستایانە بڕیار لەسەر وەرگرتنی قوتابییە میسرییەکان دەدەن لە کۆلێژ و زانکۆی ناوبراودا.. قوتابییەکان بریتین لەم ناوانەی خوارەوە کە هەندێک دەیانەوێ ماستەر بخوێنن هەندێکیش دکتۆرا: تارق حەسیب، شەیما محەمەدی، ئەحمەد دەنانە، ناجی عەبدولسەمەد،...تاد. تادێت ڕووداو و پێوەندییە ئەڤینییەکان لە فەزای کراوەی ڕۆمانی شیکاگۆدا بەرجەستە دەکرێن و کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆراوجۆر وەردەگرن.

تارق حەسیبی خوێندکاری زانکۆی

ئەلینۆی، ڕۆژانە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تاکو سێی پاش نیوەڕۆ، لەنێوان هۆڵەکانی وانە خوێندن و تاقیگەکان و کتێبخانەدا هاتوچۆیەتی، تارق لە ئەپارتمانەکەیدا چێشتی حەفتەیەک بۆ خۆی ئامادە دەکات و حەزی لە زۆرانبازیی ئازاد و فەنتازیایە، کاتێک سیدی زۆرانبازی دەخاتە کۆمپیووتەرەکەیەوە لەگەڵ یارییەکەدا هاوار دەکات و دەقیژێنێت وەک ئەوەی خۆی بەشداری زۆرانبازییەکەی کردبێت، پاشان سیدییەکی پۆرنۆ دەخاتە سەری و چێژ لە سینەو مەمک و پرۆسە سێکسییەکان وەردەگرێت و دەخرۆشێت و یەکسەر غار دەداتە گەرماوەکەوە، تا ئاگرە سێکسییەکەی دادەمرکێنێ، پاشان دەسنوێژ هەڵدەگرێ و نوێژی شێوان و شەفاعەت و ویتر دەکات. هاوکات تارق لە ژیانی ڕۆژانەیدا دژایەتی کچی جوان و شۆخوشەنگ دەکات،یان بەشێوەیەکی تر ئەگەر بە جوانی کچێک سەرسام بێت بەشێوەیەکی دڕندانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکات، بەڵام بەهۆی ئاگر کەوتنەوەیەکی بچووکەوە جۆرێک لە عیشق و سەودایی لەنێوان تارق و شەیما دروست دەبێت، تێکستی شیکاگۆ لە ڕێگەی عیشقەوە دەرگا داخراوەکانی ماڵە چەپێنراوەکانی جیهانی سێکس دەخاتە سەر گازەرای پشت و چرکەکانی ژیانی شەیما و تارق لە فیردەوسێکی ئاڵ دەکات کە تێیدا گەمەی جەستە بەهۆی دەستبازی و لەشبازییەوە دەگاتە دوایین لووتکەکانی ئۆرگازم.. پێکڤە بڕیار دەدەن هێڵی سوور نەبەزێنن، کەچی دواجار شەیما بە هەڵەیەک سکی پڕ دەبێت و لە سەنتەرێکی شیکاگۆ لەباری دەبات، بەڵام تارق دوای کارەساتەکەش دەسبەرداری نابێت، کەرنەڤاڵی دووەمی عیشق و سێکس لە ئەنجامی ئەو پێوەندییە سەیر و خەتەرناکەی نێوان «جیف»ی شێوەکاری گەنج و «سارە»ی کچە ناز پەروەردەکەی دکتۆر ڕەئفەت سابت دروست دەبێت، لەوێ لەو کەرنەڤاڵە وەنەوشەییەدا عیشق و سێکس، بە تەقسێکی ئیرۆتیکی ئاوێزانی چرکە حەشیشییەکانی «کراک» دەکرێن، [کراک جۆرە بەنگێکە لەکۆکایین دروست دەکرێت] و ڕوح لە ڕێگەی نەشوە و گەمە چێژ بەخش و ترسناکەکانی جەستەوە ڕوو لە مەرگی ڕاستەقینە دەکات، جیفی موعتاد بە کراک مانەندی خۆی سارەی شۆخوشەنگ بەرەو دنیای ئاڵوودەیی ڕادەماڵێت، سەیر ئەوەیە دکتۆر ڕەئفەت بەچاوی خۆی ڕووبەڕووی دیمەنە سێکساوەییەکە دەبێتەوە، ڕۆمانی شیکاگۆ لە بنەڕەتدا هەڵگری بنیادێکی ئیرۆتیکییە و تا دێ سەرجەم ڕێساکانی دابونەریت و مۆراڵە سەپێنراوەکان تێکدەشکێنێت، تێکست لە بنیادی قووڵدا بڕوای بە ئازادییەکی ڕەها هەیە و دەیەوێ چەمکی سێکس چوون توخمی ئاو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هاوکات توخمی جوانی جەستە بەسەرەکیترین لایەنی بزوێنەری تەقسە ئیرۆتیکییەکان دادەنرێت، بۆیە ئەم تەقسە سێکسییە لەنێوان «ناجی عەبدولسەمەد» و «دۆنا»ی سۆزانیدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە «دۆنا» جوانییەکانی جەستەی لە دەستداوە و خاوەندی سێ منداڵە و مێردەکەی وازی لێ هێناوە. لە لایەکی دیکەوە دەتوانم بڵێم «دۆنا» هەمان کەسایەتی «سۆنیا»ی ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی «دستۆیڤسکی»یە لە برسان و لەپێناو بەخێوکردنی منداڵەکانیدا کاری لەشفرۆشی ئەنجام دەدات، کەچی ناجی عەبدولسەمەدی سەرکێشترین و شۆڕشگێڕترین کەسایەتی تێکستی شیکاگۆ ناتوانێت سێکس لەگەڵ جەستەیەک ئەنجام بدات نەک هەر جوانییەکانی لە دەستدا بێت، بەڵکو وەک لەشێکی قێزەون سەیری دەکات و دوای شەڕ و شۆڕێکی زۆر بێ ئەوەی سێکسی لەگەڵ بکات، یان پاش لێدانەکە (١٠٠) دۆلاری دەداتێ، ئەی ئەو تەقسە ئیرۆتیکییەی نێوان ناجی عەبدولسەمەد و «وێندی» کچە جوولەکە، وێندی بارستاییەکە لە عیشق و لەنجە و مۆسیقا و سەما و گۆرانی، یان پارچە ئاوازێکی سپییە لە مووەشەحاتی ئەندەلووسی وێندی و ناجی جۆرەها تەقسی ئیرۆتیکی ئەنجام دەدەن و لەوێ عیشق و سێکس دەبنە بەشێک لە جوانییەکانی ڕوحی گەردوون، کەچی دوایین جار کێشە سیاسییەکە تەقسە ئیرۆتیکییەکە لە خشتە دەبات و ناجی گومان لەوێندی دەکات و وا هەست دەکات ئەو وێنە و زانیارییەکانی بە «سەفوەت شاکر»ی بەرپرسی هەواڵگری باڵیۆزخانەی

میسری لە شیکاگۆ گەیاندووە، چونکە سەفوەت شاکر خەتەرناکترین بەرپرسی دەسەڵاتی باڵیۆزخانەی میسرە لە شیکاگۆ، هاوکات مرۆڤێکی بێ مۆراڵی چاو باشقاڵە- لە تەک ئەویش «ئەحمەد عەبدولحەفیز دەنانە»ی سەرۆکی قوتابیان مرۆڤێکی ڕژد و پوولەکی و خۆپەرستە، دەنانە لە سەرەتاوە «مەروە»ی کچە خانەدانی میسری کە هاوسەریەتی دەچەوسێنێتەوە، دەنانە هەمیشە داوای پارە لە باوکی مەروە دەکات لە بانکە ئەهلییەکانی شیکاگۆ کۆی دەکاتەوە، دەنانە بێ مۆڕاڵییەکەی دەگاتە ئەو ڕادەیە لەبەر بەرژەوەندی خۆی کە قوتابییەکی فاشیلی زانکۆیە داوا لە مەروەی هاوسەری بکات بێتە سکرتێرەی سەفوەت شاکر، سەفوەت هەوڵ دەدات پرۆسەی سێکسی لەگەڵ مەروە ئەنجام بدات، کەچی مەروە بۆ بەیانی شیکاگۆ جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە میسر و لەوێوە داوای تەڵاقنامە لە دەنانە دەکات، ڕۆمانی شیکاگۆ وێرای بنیادە ئیرۆتیکییەکەی کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕووداو و بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە دکتۆر ڕەئفەتی کوڕی مەحموود پاشای سابت، کاتی خۆی جەمال عەبدولناسر کارگەکانی شووشەی باوکی خۆماڵی کرد، ڕەئفەت خۆی بە ئەمریکییەکی تەواو دەزانێت و لەگەڵ «میشێل»ی هاوسەری بەختەوەرە و بەهیچ شێوەیەک بە عەرەبی نادوێ و پێشی وایە [مافی وڵاتە یەکگرتووەکانە نەهێڵێت هیچ عەرەبێک پێ بنێتە سەر زەوییەکەی، تا لەوە دڵنیا نەبێت ئەو کەسە چەندە شارستانییە و کوشتن بە فەرزێکی ئاینیی دانانێت] ڕەئفەت دەمێکە ڕەگەزنامەی ئەمەریکی وەرگرتووە و ئاگاداری تازەترین ئامێری ئەمەریکییە لە ئوتۆمبیلی تازەی کادیلاکەوە تا تازەترین مۆدێلی مۆبایل..

دکتۆر ڕەئفەت کولتووری خۆرهەڵاتی ڕەت دەکاتەوە، نەخاسمە کولتووری میسری، بەڵام ڕەئفەت لە گەوهەردا نەیتوانیوە ئەم گۆڕانکارییە کولتوورییە ئەنجام بدات، چونکە بەشێک لەم گۆڕانکارییە پێوەندی بە ڕوح و مۆراڵ و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەیە، ڕەئفەت ئەو دەمەی لە دەرەوەی پەنجەرەی ژوورەکەوە کە چاوی بە سارە دەکەوێت، کراک هەڵدەمژێ و زنجیری پانتۆڵەکەی جیف دەکاتەوە، هەرچی کولتووری ئەمەریکی هەیە هەر هەمووی بیر دەچێتەوە و دەبێتە هەمان مرۆڤی میسری و خۆرهەڵاتی جاران و هەوڵ دەدات کچە نازدارەکەی لەو بارە نالەبارە دەرباز بکات، بەڵام تازە کار لەکاریێ ترازاوە،، یان دکتۆر «مەحەمەد سەڵاح»ی مامۆستای زانکۆ دوای ئەو هەموو ژیانەی لەگەڵ «کریس»ی هاوسەری بەتایبەتی دوای لە دەستدانی هێزە سێکسییەکەی بیر لە «زەینەب ڕەزوان»ی کۆنە یاری دەکاتەوە و ژمارەی تەلەفۆنەکەی دەدۆزێتەوە و شەوانە پێوەندی پێوە دەکات و تا گەردی بەیانی لەگەڵیدا دەدوێت، هاوکات دکتۆر سەڵاح دەبێتە پارچەیەک لە ڕوحی خۆرهەڵاتی و هەمیشە لەگەڵ گۆڕانییە دێرینەکانی میسریدا دەژی و جلوبەرگە کۆنەکانی لەنێو جانتاکەی دەردێنێ و لەبەریان دەکات، زۆربەی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی ڕۆمانی شیکاگۆ خەڵکانێکی سەوداسەر و نیگەران و نامۆ و موغتەریبن، هەروەها «کریس»ی هاوسەری سەڵاح بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری دەستکردی سێکسی دەگاتە دوایین لووتکەی چێژەکانی ئۆرگازم، بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی [خالی جی] لە «زێ»ی ئافرەت و دروستکردنی ئەم جۆرە ئامێرە پێشکەوتووە لەلایەن پزیشکان، وا لە ئافرەت دەکات لە ڕووی سێکسییەوە پێویستی بە پیاو نەبێت، بەم جۆرە «کریس» حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی تاک لایەنە ئەنجام دەدات و لە دکتۆر سەڵاحی مێردی دادەبڕێت و دکتۆریش دەبێتە پارچەیەک لە نۆستالژیا و هەمیشە لەگەڵ چرکە خۆشەکانی ڕابردوودا دەژێت، هەروەها پێوەندی نێوان «گراهام»ی پیر و «کارۆڵ»ی شۆخوشەنگ و «مارک»ی کوڕە چکۆلەی کارۆل.. گراهام بە ڕادەی پەرستن شەیدای کارۆلە، کەچی دوای ئەوەی مەمک و سینەی دەداتە دەست پیاوانی ڕیکلام گراهام لێی دادەبڕێ، یان دوای ئەوەی «تیدی» بە نەشئەکانی حەشیش جوانەمەرگ دەبێت «کاترین»ی دایکی هەموو ژیانی بۆ چارەسەر کردنی ئاڵوودەبوانی تلیاک و کراک تەرخان دەکات، ڕۆمانی شیکاگۆ جیهانێکە تێیدا کەسایەتییە جۆراوجۆر نیگەرانەکان هەریەک بەشێوەیەک سەردەنێتەوە، یان شەڕەکەی ناجی

عەبدولسەمەد لەگەڵ قوتابییە جووەکان، چونکە تانەوتەشەر لە عەرەب دەدەن، یان خەسڵەت و بیرکردنەوە سەیر و سەمەرەکانی «جۆرج مایکڵ»ی دەمارگیر و ڕاسیزم، یان شەڕی نێوان «کەرەم دۆس»ی قپتی و ناجی عەبدولسەمەد، ڕۆمانی شیکاگۆ لە ڕێگەی کەسایەتی «کەرەم عەبدولمەلاک دۆس»ەوە باس لە چەوساندنەوەی قپتییەکانی میسر دەکات، کە دەسەڵاتی میسر بە چەندین جۆر شێوە بەربەرەکانییان دەکات و ستەم و نادادپەروەرییان بەرانبەر دەنوێنێت، بەڵام شیکاگۆ وەک دید و گۆشەنیگا لە ڕوانگەیەکی فراوانی ئینسانی و بەگیانێکی لێبووردەیی لە کێشەکان دەڕوانێت، دوای ئەوەی دکتۆر عەبدولفەتاح بلبەعی بواری کەرەم دۆسی قپتی نادات لە کۆلێژی پزیشکی میسریدا بەشی نەشتەرگەری تەواو بکات، کەرەم دۆس ناچار دەبێت بچێتە ئەمریکا و لەوێ دەبێتە نەشتەرگەرێکی بەنێوبانگ و پاشان هەر خۆی لە ئەمریکا سەرکەوتووترین نەشتەرگەرییەک بۆ ئەو پیاوە ئەنجام دەدات و لەمردنی ڕاستەقینە ڕزگاری دەکات، واتە لەو عەبدولفەتاح بلبەعییەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک قپتییەک بەربەرەکانیی دەکرد، تێکستی شیکاگۆ لە دیدێکی پۆست مۆدێرنەوە لە جیهان و چارەنووسی مرۆڤ دەڕوانێت و هەوڵدەدات سەرلەبەری ئاستەنگ و لەمپەرە ئایدیالۆژییەکان تێک بشکێنێت و لەو بڕوایەشدایە تاکی پێشکەوتوو و زەین کراوە دەتوانێت لە هەر کات و شوێنێک لەگەڵ ئەوی دی بژیت، بەڵام کێشەی سەرەکی کۆمەڵگە پەیوەستە بە دەسەڵات و حوکمڕانی و ئەو یاسا و ڕێسا دەسکرد و جێگرانەی کە ڕوحی مرۆڤایەتییان لێکدی دابڕیوە، واتە مرۆڤی کراوە حەزی بە پێکەوە ژیانە، حەزی لە کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگ و کولتووری هەمەجۆرە، حەزی بە عیشق و دۆستایەتی و ڕوحی لێبوردەییە، بەڵام دەسەڵات هەمیشە دژی یەکسانی و دادپەروەرییە، تێکستی شیکاگۆ لەمیان چەمکەکانی عیشق و کراک و سێکس و جینۆسایدی هیندییە سوورەکانەوە بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت، بۆ نموونە «دنیس بیکەر»ی زانا هێمای ڕاستگۆیی و دادپەروەرییە، بۆیە کۆمەڵێک خاڵی سەختەکاری لە تێزی دکتۆراکەی «دەنانە»دا دەدۆزێتەوە و لێناگەڕێت بە ناهەق دکتۆرایەکی پڕ لە فرتوفێڵ و ساختەکاری وەربگرێت، یان ئەو پێوەندییە دادپەروەری ئامێزەی لەنێوان ناجی عەبدولسەمەد و دکتۆر کەرەم دۆس و گراهامدا دروست دەبێت و گەرەکیانە لەگەڵ سەردانەکەی سەرەک کۆماری میسر بۆ شیکاگۆ بەیاننامەیەک دژی دەسەڵاتی میسر و سەرۆک کۆمار بخوێننەوە، کەچی دواجار دکتۆر سەلاح کە بۆ ئەم کارە دیاری کراوە پاشگەز دەبێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەریەک لە کەسایەتییەکان بەشێوەیەک سەردەنێنەوە.

بۆ نموونە دکتۆر سەلاح خۆی دەکوژێ، «سارە» بەهۆی بەکاربردنی کراکەوە دەمرێت، (مەروە) لە دەنانە دادەبڕێت، «گراهام» واز لە خۆشەویستی «کارۆڵ» دێنێت، لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانی شیکاگۆ لە جیهانی چەپێنراوی «خود»دا چێژی ئازادکردنی حەز و ئارەزووە کەبت کراوەکان دەخاتەڕوو، پێی وایە مرۆڤ لە ڕووی پەیڕەوکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانەوە بوونەوەرێکی دووفاقییە و حەقیقەتە ڕاستەقینەکانی خۆی بەکۆمەڵێک دەمامکی ترادیسیۆنی داپۆشیوە، بەڵام ئەو دەمەی ئازادییە تاکەکەسییەکانی خۆی پراکتیزە دەکات هەست بە خۆشی و بەختەوەری دەکات، جوانترین نموونەیش لەم ڕۆمانەدا ژیانی پڕ چێژ و خۆشەویستی «شەیما محەمەدی» و «تارق حەسیب»ە کە لە ڕێگەی گەمەی جەستە و کردە سێکسییەکانەوە گەشە دەکەن و هێدی هێدی هێزی ڕوحی دەروونییان پێدەگات و دید و گۆشەنیگایان بەرانبەر بە ژینگە و دەوروبەر و جیهان و مرۆڤ دەگۆڕێت، تارق بەر لەم پێوەندییە ئەڤینییە کە مرۆڤێکی لاساری قسە ڕەق بوو، شەیماش کچێکی لەچک لەسەری نەریتپارێز، هەریەک لەوانەیش بە جودا تەنیا لە گەرماوی ئەپارتمانەکەیاندا ئازادی تەواوی خۆیان پەیڕەو دەکرد و دواتریش ئەرکی ئایینییان جێبەجێ دەکرد، کەچی دوای عیشق و ئاشنابوون، بەوپەڕی ئازادییەوە عیشق و سێکسیان ئەنجام دەدا و چێژیان لەشتگەل و جوانییەکانی جیهان وەردەگرت، لەلایەکی دیکەوە

تێکستی شیکاگۆ بابەتێکی باوکسالاری دەورووژێنێت هەندێ لە کارەکتەرەکان پێیان وایە ئافرەت بوونەوەرێکی مازۆشییە و لەڕێگەی ئازارەوە چێژ و لەزەت وەردەگرێت [چێژ و ئازار لای ئافرەت بە ڕادەیەک پێکەوە گرێ دراو و تێکەڵن، کاتێک ئەو لە لووتکەی لەزەتدایە چۆن یەکێک بەتوندی دارکاری بکات ئاوا هاوار دەکات، بۆیە گەلێک جار کە ژن گلەیی لە سێکس دەکات، ئەوە لە ڕاستیدا لەخۆشییایەتی، دەنا نە جارێکیان ڕای برادەرێکی خۆی گوێ لێ بوو، زۆربەی بەدڵ بوو، ڕایەکەشی ئەوە بوو، حەزی شاراوەی هەر ئافرەتێک ئەوەی کە بە زۆر سواری ببیت، ئافرەت هەر ئەمەی دەوێ، ئەگەرچی پێچەوانەکەشی دەربخا] هەروەها ناجی عەبدولسەمەد وەک کارەکتەرێکی سەرچڵ، دەستی شیعر نووسینیشی هەیە، سەرەتا لە میسر چەند کتێبێکی شیعری چاپ کردووە، بەڵام لە شیکاگۆ ناتوانێت شیعر بنووسێت، تەنیا ئەو ماوەیەی لەگەڵ [وێندی] کە پێکڤە ئیرۆتیک دەکەن و هەست بە هەستێکی ئاڵۆزی ئێستێتیکی دەکات و هەوڵ دەدات فەزایەک بۆ نووسینی تێکستێکی نوێی شیعری فەراهەم بکات، دواجار دەتوانێت شیعرێکی نوێ بنووسێت، چونکە ناجی هاوسەنگی دەروونی و دڵنیایی خۆی لە کردەی نووسیندا دەدۆزێتەوە، [هۆنراوە تاقە شتە هاوسەنگیم بۆ دەگێڕێتەوە]، بەڵام ئەو نیگەرانە و هەمیشە زەینی دەڕوا و ناتوانێت هەست و بیرۆکە شیعرییەکانی بخاتە سەر کاغەز، لێرەدا ئاماژەیەک بۆ حاڵەتی لە دەستدانی هێزی شیعری و دەسبەرداری ئیلهامی نووسین دەدات و دەڵێت [لە دنیادا لەو شاعیرە کلۆڵتر نییە کە ئیلهامی لەدەست دابێ: هەمینگوای مەزنترین ڕۆماننووسی سەردەمەکەی خۆی بوو، کاتێک لە نووسین وەستا خۆی کوشت] هەڵبەتە هەمان هاوکێشەی ئیلهامی بەسەر دنیای نووسینی «ڕامبۆ»شدا پراکتیزە دەکرێت، من پێم وایە ئەوانەی لە «حەبەشە» بەدوای تێکستەکانی «ڕامبۆ»دا دەگەڕێن لە وەهم زیاتر چیتر نادۆزنەوە، چونکە سەرهەڵگرتنی ڕامبۆ لە سۆنگەی دەسبەرداری ئیلهامی شیعرییەوە بوو! لەکۆتاییدا دەڵێم ڕۆمانی شیکاگۆ تێکستێکی کراوەیە و دەکرێ لە چەندین ڕووەوە خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، چونکە دەقێکە لە ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرنەوە لە بوونی مرۆڤ و گەمە جۆراوجۆرەکانی زەمەن دەڕوانێت، بەڵام بەرلەوەی کۆتایی بەم خوێندنەوەیە بێنم بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەدوایین چرکە نوستالژییەکانی دکتۆر محەمەد سەلاح بدەم کە دوای گوێگرتنی لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسووم [دەفتەری تەلەفۆنی دەکردەوە و پێوەندی بە ناسیاو و برادەرە کۆنەکانییەوە دەکرد، سەرپاکی نمرەی تەلەفۆنەکانی قاهیرە گۆڕابوون.. ئەو ژمارانەی بە ٣ دەستیان پێ دەکرد بوو بوونە ٣٥، یان ٧٩.. گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەو کەسەی ئەم دەیناسێت شوێنەکەی گۆڕیوە.. دوایی بۆی دەردەکەوێت خاوەنەکەی مردووە..] ئەم دیمەنە پێوەندی پێوە گرتنە تەلەفۆنییە هەمان دیمەنی کارەکتەری ڕۆمانی «ڕۆژێکی کشومات لە تەنجە»دای «تاهر بن جەللوون»م بیردەخاتەوە بەر لە چەند ساڵێک خوێندنەوەیەکم بۆ ڕۆمانی ناوبراو کردووە و لە گۆڤاری «ڕامان»دا بڵاوکراوەتەوە.

کارەکتەرەکەی «تەنجە» لە هەمان حاڵەتی شەکەتی و نوستالژیدایە و شەو دەفتەری نمرەی تەلەفۆنی برادەرە کۆنەکانی دەکاتەوە و زۆر بە شەیدایی دەیەوێ پێوەندییان لەگەڵ بکات، کەچی هەست دەکات زۆربەی برادەرەکانی لە ژیاندا نەماون، بۆیە ناچار دەبێ یەک یەک نمرەی برادەرە مردووەکانی بکوژێنێتەوە و زەربیان بەسەردا بهێنێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: شیکاگۆ- ڕۆمان.**

**نووسینی: عەلا ئەسوانی.**

**وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل.**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ژمارە (٨٤٧).**

**چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.**

# ڕەخنەی بنیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن

**باهۆز عەبدوڵڵا مستەفا**

ئەم کتێبە نامەی دکتۆرای (عەلی تاهیر حوسێن)ە و لە پێنج بەش و ٢٤١ لاپەڕە پێکهاتووە، بە دیزاینێکی جوان لە ساڵی ٢٠٠٨ لە سلێمانی لە چاپخانەی سەردەم چاپی کردووە.

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و لە چوارچێوەی یاساکانی نامە نووسین نووسراوە، نووسەر زۆر بە جوانی و بە ڕێکوپێکی باسی مێژووی بنیادگەری کردووە کە لە سەرەتاوە چۆن ئەم میتۆدە دروست بووە، هەروەها چۆن پێناسەکراوە و لەژێر کاریگەری کامە قوتابخانە و بیرمەندا ئەم بیرۆکەیە سەری هەڵداوە، بەپێی سەرچاوەکانی مێژوویی بنیادگەری دەگەڕێنتەوە بۆ سەرەتای بەکارهێنانی وشەی بنیادگەری (Structure) لە زمانی فەڕەنسی و لاتینی لە سەدەی حەڤدە کە ماناکانی بەرهەم هێنان و بنیادنانی گەیاندووە و دواییش وردە وردە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و زۆربەی بوارەکانی گرتۆتەوە، ئینجا دێت پێناسەکانی بنیاد لە فەرهەنگەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و فەڕەنسی و ئینگلیزی دەردەهێنێت و دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی وشەکە و کۆمەڵێک واتای جیاوازی نیشان داوین وەک (سەرجەم بەشەکان و لەتەکان و پارچەکان لەگەڵ یەکتری، بەم پێیە سەرجەمی پێوەندییەکانی بەرهەمێکە) یان ئەو پێناسەیەی گۆڵدمان: بنیاد واتە سیستەم، لە هەر سیستەمێکدا، هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراوەن، بەشێوەیەک، کە کاری هەر بەشێک بە سەرجەم بەشەکانی سیستەمەکەوە بەستراوەتەوە، هیچ بەشێک ناتوانێت لە دەرەوەی بەشەکانی دیکەی سیستەمەکە هەبێت، بەو پێیە ناتوانرێت سەرجەم سیستەمەکە بناسرێت، بەپێی ناسینی بەشەکانی تری. هەروەها (جان بیاجە) دەڵێت: هەموو بنیادێک دەبێت ئەم سێ توخمەی تێدا بێت، یەکەم هەمەلایەنی، دووەم گۆڕانکاری، سێیەم ڕێکخستنی خودی. هەروەها گەلێک پێناسەی تری تێدایە وەک پێناسەی شتراوس و زەکریا ئیبراهیم و لالاند و بارت و ئیکۆ و...تاد. پاشان باس لە ڕوانگە



فەلسەفییەکان و میتۆد دەکات بەرانبەر بنیادگەری و دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، هەروەها بەردەوامبوونی لە کولتووری ئیسلامیدا و تا دەگاتە ڕێنیسانس، میتۆدیش لە چوارچێوەی پێناسەکەی ئەرستۆ ماوەتەوە کە دەڵێت: ڕێگە و هۆیەکە پەنای بۆ دەبرێت، تا بگەیتە ئەنجامێکی دیاریکراو، هەروەها پابەندبوونی میتۆد بە سنووری عەقڵەوە بە تایبەتی لەسەردەمی (دیکارت) و جیاوازییەکانی لەگەڵ فەلسەفە باس دەکات.

لە بەشی دووەمدا باس لەسەرچاوەکانی بنیادگەری دەکات و بە درێژی باسی شۆڕشی زمانەوانی دی سۆسێر دەکات، وەک دامەزرێنەری بناغەی زانستی زمانەوانی بە پشت بەستن بەو کتێبەی کە دوای مردنی سۆسێر لەلایەن قوتابییەکانی بلاوکرایەوە بەناوی (کورسێ لە بارەی زمانی گشتییەوە) جگە لە ژیانی، باسی توێژینەوە و بیروبۆچوونەکانی سۆسێر دەکات وەک دابەشکردنی لێکۆڵینەوەی زمان بەسەر دوو لق:

**لقی یەکەم**: لایەنی وەسفی کە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت: ١-کات، ٢-شوێن، ٣-چین، واتە دەبێ لێکۆڵەر لە کاتێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراو و چینێکی دیاریکراو لە زمان بکۆڵێتەوە.

**لقی دووەم**: کە لایەنی مێژووییە/ لەو گۆڕانکاریانە دەکۆڵێتەوە کە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەسەر زماندا دێت، هەروەها باسی لایەنێکی تری گرنگی سۆسێر دەکات، ئەویش جیاکردنەوەی سێ بەشی زمانە: زمان و بان و گوتنە.

هەر لە هەمان بەشدا باسی قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووسی دەکات لەنێوان ساڵانی ١٩١٥ و ١٩٣٢، هەروەها پێشەنگ و دامەزرێنەرەکانی وەک (یاکوبسن و شکلۆفسکی و تۆماشفسکی و بروب و تینیانوف..تاد) لەناو ئەمانەش کاریگەری (یاکوبسن) نیشان دەدا و گرێمانەکەی دەخاتە ڕوو، کە شەش هۆکاری پێوەندییە، ئەویش پەیامنێری پەیام و وەرگرەکەی و خودی پەیام و بوارێک کە پەیام لەودا شێوە دەگرێ، یان دەنێردرێ و ئەو ڕەمزانەی کە پەیام بەوان دەردەبردرێ و ڕاگەیاندنێک کە پەیامەکەی پێ دەنێردرێ. ئینجا ئەرکەکانی زمان لەلای یاکوبسن کە: ئەرکی عاتیفی و ئەرکی گەڕانەوە و ئەرکی ئەدەبی و ئەرکی هاندەری و ئەرکی ئەوپەڕی زمانی و ئەرکی هاودڵییە بە جوانی ڕوون دەکاتەوە.

دوا قوتابخانە دێتە سەر قوتابخانەی پراک، کە ئەو بە ئەڵقەی زمانەوانی پراگ ناوی هێناوە، بە هەمان شێوە و ستایل باسی دروست بوون و دامەزرێنەر و کارەکانیان دەکات لەنێوان ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣٨دا و کاریگەری دی سۆسێر و فۆرمالیستە ڕووسەکان بەسەریانەوە، هەروەها بە دووروودرێژی و بە وردی باسی پێوەندییەکان و جیاوازییەکانی قوتابخانە زمانەوانییەکان و بیرمەند و زمانناسەکان دەکات. لەکۆتایی بەشی دووەمدا چەند لاپەڕەیەکی بۆ ڕەخنەی نوێ تەرخان کردووە، کە باس لە مێژووی دەرکەوتن و هۆکاری سەرهەڵدانی دەکات، بە تایبەتی لە ئەمریکا و ئینگلتەرا دەرکەوت بۆ ڕزگاربوون لە دیدوبۆچوونەکانی ڕۆمانسییەکان بۆ ئەدەب کە جەختکردن بووە لەسەر خودی کەس، ئەمان دەیانویست بۆ سەر بەرهەمی ئەدەبی بگوازنەوە.

لە بەشی سێیەمدا دێتە سەر پرینسیپ و بنەماکانی بنیادگەری، کە چەقی نووسینی نامەکەیە. لێرەدا هێڵە گشتییەکانی بنیادگەری دیاری دەکات وەک:

**یەکەم**: بنیادگەری دژ بەو میتۆدانەیە کە ئەدەب لە ڕوانگەی هۆکاری دەرەکی و ژینگە دەبینن.

**دووەم**: گەوهەری ڕەخنەی بنیادگەری شیکردنەوەیە، نەک هەڵسەنگاندن.

**سێیەم**: فۆرمی دەقی ئەدەبی لە دەقەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی دێت.

**چوارەم**: بنیادگەری بڕوای بە ئیلهام نییە.

**پێنجەم**: دۆزینەوەی قووڵترین ئاستی دەق.

**شەشەم**: سەربەخۆیی ئەدەب.

**حەوتەم**: بڕوایان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و خودی ئەدەب نییە، زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەی زمانەوانی سەربەخۆ دەکەنەوە.

**هەشتەم**: کار لەسەر لایەنی وەسفی زمان دەکەن، نەک مێژوویی.

**نۆیەم**: باوەڕیان وایە خوێنەر نووسەری ڕاستەقینەی دەقە.

**دەیەم**: بۆ دەرخستنی دەق پەنا بۆ لێکچوون و هاوسەنگی و هاوسێتی و هاوبەرانبەر و پێچەوانە دەبەن، هەروەها ئاستەکانی دەق و ڕیزبەندی

لای بنیادگەرەکان، کە (ئاستی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگی و گوتن و ڕەمزی و سیمانتیک)ییە. دوای ئەمە و لە هەمان بەشدا باسی بنیادگەری پێکهاتوویی دەکات، کە سەرچاوەی بنیادگەری لەوەوە هاتووە، کە کۆمەڵێک بیرمەند و ڕەخنەگرانی مارکسیزم ویستیان نزیکایەتییەک لەنێوانی تێزەکانی بنیادگەری بەشێوە فۆرمالیستەکەی لەگەڵ بنەماکانی هزر و دیالێکتیکی مارکسیدا دروست بکەن، ئەوانەش (جۆرج لۆکاش و بیروبوردیو و گۆڵدمان) بوون. پاشان پوختەی میتۆدی ڕەخنەی بنیادگەری پێکهاتوو بە چوار خاڵ دەخاتە ڕوو. هەروەها لە هەمان بەشدا باسی هاونشینی و جێنشینی دەکات و جارێکی تر بۆچوونەکانی سۆسێر لەم بارەیەوە نیشان دەدات، کە پێی وایە کەرستەکانی زمان دوو پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، یەکەم: هەڵبژاردن. دووەم تێکەڵبوون. هەڵبژاردن لەسەر بنەماکانی بەرابەری، وێکچوون، جیاوازی، هاوواتابوون، دژیەکبوون ساز دەبێت. هەروەها باس لە پێوەندی ئاسۆیی و ستوونی دەکات، کە لە ئاسۆیی ئەو پێوەندییە و لەنێوان وشەکانی ڕستەیەکدا دروست دەبن، لە ئەنجامی ئەوەی لەسەر هێڵێک بەدوای یەکتریدا دێن، هەریەکەیان کاریگەری لە کەرستەکەی دوای، یان پێش خۆی دەکات، ستوونیش ئەو پێوەندییەیە کە لەنێوان ئەو شتانەدا دروست دەبێ، کە لە شوێنێکی ڕستەکەدا دەتوانن لە جێی یەکتر بێن، بێ ئەوەی ڕێزمان و سیمانتیکی ڕستەکە تێک بچێت. هەموو ئەمانەی بە نموونە بەشێوەیەکی گەیەنەر خستۆتە ڕوو.

لەکۆتایی ئەم بەشەشدا ڕەخنەگرتن لە بنیادگەری و لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئەم میتۆدەی لەلایەن توێژینەوەرەکان بە خاڵ دەست نیشان کردووە.

لە بەشی پێنجەمدا کە دوا بەشی ئەم کتێبەیە، تەرخان کراوە بۆ بنیادگەری لە بواری پراکتیکیدا و دەنگدانەوەی لای عەرەبەکان بەگشتی و دیاریکردنی سەرەتای ڕەخنەی بنیادگەری لە مەغریب و میسر و ئوردن و سوریا و عیراق، نیوەی بەشی پێنجەمیشی بۆ بنیادگەری لەنێو کورد و کاریگەری لەنێو ڕەخنەگرانی کورد، کە دیارە زۆر دەگمەنە و تا ساڵی ١٩٩٠ تەنیا نموونەیەک هەبووە ئەویش مەریوان وریا قانیع لە بارەی شیعرێکی گۆران و شیعرێکی محەمەد عومەر عوسمان، یان بە عەرەبی لەلایەن عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، ئینجا د. عەلی بەخۆشی لەسەر شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و قوبادی جەلیزادە بە میتۆدی بنیادگەری دەقەکانی شی کردوونەتەوە، واتا و دیوە شاراوەکانی دەقەکانیانی دەرخستووە.

لەپێش کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەی لە لاپەڕەیەکدا دەرخستووە.

هەر لە پێشەکییەکەشدا باسی کێشە و گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوە و نامە نووسین دەکات، بە تایبەتی کارەکەی خۆی لە نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی و بە زەحمەت تێگەیشتنی زاراوەکان و ماندووبوونێکی زیاد لە پێویست ڕووبەڕووی نووسەری کورد دەبێتەوە لە ئەکادیمیا و دەرەوەی ئەکادیمیدا، هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەی خۆشیمان پێ دەڵێت.

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# هیومانیزم – L’Humanisme

دەستەواژەی هیومانیزم لە ئەدەب و فەرهەنگی جیهانی جێگایەکی تایبەتی هەیە، دەشێ لەناو هەموو کولتوور و ئەدەبیاتی میللەتان بەجۆر و شێوازی تایبەت بە خۆیان بدۆزرێتەوە. ئەم زاراوەیە لەناو فەرهەنگی کوردی زۆر نوێیە، تەنیا لەم چەند ساڵانەی دوایی کەمێ سەرنجی دراوەتێ. بەرانبەرەکەی بەعەرەبی (الأنسانیة، یان الأنسانویة، یان الأنساني..تاد) دادەنرێ، دەشێ ئێمە بەرانبەرەکەی بە کوردی بە زۆر شێوە وەرگێڕین وەک: مرۆیی، مرۆڤدۆستی، مرۆڤپەروەری، مرۆڤایەتی، ئادەمیزادانە...تاد، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە ئەو مانا ئاڵۆز و خەستەی لەهیومانیزمدا هەیە ناگەیەنێ، وەک شێوازێکی دیاریکراوی بیرکردنەوەی فەلسەفی، ڕێبازێکی فەلسەفی، شێوازێکی هونەری و ئەدەبی، کە دەشێ لە زەمینەی فەلسەفیاتدا هیومانیزم وەک ڕوانینێک هەبێ، بۆیە هەروەکو لە گەلێک زاراوەی دیکە، ئەم کارەمان کردووە و بۆ ئەوەی خۆمان دووچاری وەرگێڕانی سەقەت نەکەین، پێمان باشتر و گونجاوترە هیومانیزم وەک خۆی دابنێینەوە.

دەستەواژەی هیومانیزم- L’Humanisme کە بە فرەنسییەکەی بە ئومانیزم گۆ دەکرێ، لە زمانی لاتینی و ئیتاڵی و فرەنسی، هەمووی لە وشەی مرۆ، مرۆڤ- Homme-ەوە هاتووە، ئەمەش زیاتر بەو مانایە دێ کە وەرگرتن و بەدەست هێنانی کولتووری کۆن- Antique، هەنگاوێکی بەرایی و سەرەکییە لە فێربوون و پرۆسەی تەواو (کامل) بوونی مرۆڤ، هەڵبەت لە ڕێگای فێربوونی حیکمەت و ئەقڵ بۆ زۆر بواری بوون و ژیانی مرۆڤ. ئەم لایەنە وەک نرخێک لەخۆیدا لە زۆر بوار ڕەنگدەداتەوە، لەلای ڕابلێ- Rabelais لە پێداگۆژی- Pedagogie، لەلای مۆنتێن- Montaigne لە سیاسەت و ئایین و هونەر. لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا بەگشتی و فەرهەنگی فرەنسی بەتایبەتی، ئەم دوو نووسەرەی سەرەوە وەک دوو هیومانیستی گەورە ناسراون، لە نووسینەکانیان ئەم لایەنە وەک ڕێباز و ڕوانینی فەلسەفی هەستی پێدەکرێ.

مەبەست لەهیومانیزم وەک بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی کۆنی کلاسیکی، هەڵبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و کار و بەرهەمەکانی. مێژووی سەرهەڵدانی هیومانیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئیتاڵیا و زانا و پسپۆڕە- Erudite ئیتاڵییەکان، بە تایبەتی دوای ڕووخانی کۆنستانتینۆپل- Constantinople (=ئەستەنبۆل) کە زۆرێک لەو زانا و پسپۆڕانەی بواری

جیاجیا بەخۆیان و دەستنووسەکانیان ڕوویان لە ئیتالیا کرد، پاشان سەرهەڵدانی چاپخانە کە وایکرد بە ئاسانی سەرچاوەکان بڵاوبکرێنەوە، هەروەها کێشەکانی بواری فێرکردن کە وایانکرد مرۆڤ بەدوای شێواز و میتۆدی دیکەی نوێدا بگەڕێ، بەدوای ناوەرۆک و نوێبوونەوەی دیکەدا بگەڕێ.

هیومانیزم واتە گەڕانی بەردەوام بەدوای نرخ و بەهاکانی سەردەمی کۆن- Valeurs de L'Anti-quite، لە زمانی لاتینی هیومانیتاس-Humanitas بە مانای کولتوور دێ، ئەمەش لەگەڵ ڕوانین و ئیرادەی هیومانیستەکان تێکدەکاتەوە کە ئامانجیان وەرگرتن و قووڵکردنەوە و گەشەپێدانی کولتوور بووە، بێ گومان لە ڕێگای خوێندنەوە و تۆژینەوە لە کۆنەکان، کۆنەکانی یۆنانی و لاتینی، ئەم لایەنەش لەلای ڕابلێ-Rabelais وەک دۆزینەوەیەکی تازە بووە کە پێشنیاری حیکمەتێکی نوێی کردووە.

زۆر لە هیومانیستەکان بێ ئەوەی لە ناوەندی دانیشگا و زانکۆکانەوە هاتبن، ئەو زمانناسانە بوون کە تێکستە کۆنەکانیان چاپ دەکردەوە و وەریان دەگێڕان، وەک لۆفێڤری ئێتاپل-Lefevre d'Etaple کە وەرگێڕی تەورات بوو، وەک گیۆم بودێ- G.Bude و ئەمیۆ- Amyot کە نووسینەکانی پلۆتارک-ی لە یۆنانی کۆن وەرگێڕاوە، کە تا ئەمڕۆش برەوی خۆی بزر نەکردووە. بێجگە لەمە تێرمی ئومانیستا- Umanista-ی ئیتالی بە مانای پرۆفیسۆری ڕێزمان و ڕەوانبیژی دێ.

بەگشتی هیومانیزم ناواخنێکی سیاسی کۆمەڵایەتی کولتووری پێشنیار دەکا، ئەمەش لەسەر وردەکاری دیکە دەوەستێ، لەمەش تازەترین بوار، یان شێوازی ڕوانین بریتییە لە فێربوون- Redagogie.

لە ڕوانگەی هیومانیزم، زانینی مرۆڤ دەبێ بە فێرکردنی منداڵ دەست پێ بکا. هەموو بیرکردنەوەیەکی پێداگۆژی دەبێ بە پێی ئامانجێک بڕوا، ئەمەش تەواوبوونی (کامل) بوونی مرۆڤە لە ڕێگای وەرگرتنی کولتوورێک.

لە ڕوانگەی ڕابلێ فێربوون دەشێ بەهۆی یاداشت کردنیشەوە جێبەجێ بکرێ، بەڵام یاداشت کردن زیاتر وەک پشتگیرییەک دێتە بەرچاو، نەک وەک فێربوونێکی قووڵ و خەست، لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی ڕابلێ وەرگرتنی زانین و زانیاری دەبێ کە لە ڕێگای بیرکردنەوە بگاتە ئامانج، ئەمەش دەبێ بەشێوەیەک بێ مرۆڤ بگەیەنێتە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی ناوەرۆک و بنیادنانی ئەقڵێکی ڕەخنەگرانە لەلای تاکەکەس.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هیومانیستەکان زیاتر گرینگی ڕاستەوخۆ بە خوێندنەوەی تێکستە کۆنەکان دەدەن و بەسەرچاوەی ڕاستەوخۆی حیکمەت و فەلسەفەی دادەنێن. دامەزراندنی (کۆلێژی خوێنەرە شاهانەکان- College des Lecteures Royaux) کە تێیدا زمانی لاتینی و یۆنانی و عیبری دەخوێندرێ گرینگی زۆریان بەم شێوازەی خوێندنەوە دەدا. هەروەها لایەنی وەرزش و تەندروستیشیان پشتگوێ نەدەخست، ئەگەرچی لەسەردەکانی ناوەڕاست ئەم دوو لایەنە باویان نەبوو. گرینگی زۆریان بە زانست و ڕێساو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەدا. لە ڕووی شێوازی فێرکردندا، هیومانیستەکان شێوازی تاکەکسییان پەیڕەو دەکرد، لە فێرکردنی قوتابیان باوەڕیان بە بەکارهێنانی شێوازی نەرم و ناسک هەبوو.

هەرچی دەربارەی ڕێکخستن و ئۆرگانیزاسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانە، بوونی کۆمەڵێکی ئایدیالی (بێ نموونە) یەکێ لە بابەتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی هیومانیستەکان بوو. زۆر لە نووسەران و فەیلەسووفانی هیومانیست باسیان لە کۆمەڵی ئایدیالی کردووە و مەرجەکانی بوونیان دیاری کردووە، بەڵام هەردەم وەک بابەتێکی خەیاڵی ماوەتەوە. بۆ نموونە ناوونیشانی کتێبی ئوتۆپیا، یان یۆتۆپیا-Utopia لە نووسینی تۆماس مۆر- T.More، نەخشەدانانێکە بۆ کۆمەڵی ئایدیالی. نووسەر سترەکتورێکی تەواو پوختەی دارشتووە، بەڵام ئەم کۆمەڵەیە هەردەم کۆمەڵێکی خەیاڵییە. بەگشتی هیومانیستەکان لە ڕوانگەیان بۆ کۆمەڵ پشت بە چلۆنایەتی جۆری مرۆڤ دەبەستن بۆ چاککردنی کۆمەڵ. هەر ئەمەشە باوەڕیان دەداتێ بڕوایان بە مرۆڤ بێ و بەرەو ڕیفۆرم بچن. بە چەشنێکی دیکە دەشێ بڵێین ئەو کۆمەڵەی هیومانیستەکان دەیانەوێ بنیادی بنێین بەجۆرێک بەکۆمەڵێکی ئەریستۆکراتی لە قەڵەم دەدرێ. کەواتە ناشێ ئەم جۆرە کۆمەڵە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرهەڵبدا، بۆیە هەردەم لەسەر ئاستی خەیاڵ و ئێستێتیک دەمێنێتەوە، بەڵام هیومانیستەکان لە

مەسەلەی پێداگۆژی- فێرکردن و فێربوون، لەم ڕوانینەی سەرەوە پێشکەوتووترن، چونکە بواری پەیڕەوکردنی زۆرتر تێدایە و زۆرتر مرۆڤخوازانەیە. هیومانیستەکان پشتگیری لە سەفەرکردن و گەڕان دەکەن و بە یەکێ لە سەرچاوە گرینگەکانی دادەنێن بۆ جۆربەجۆری مرۆڤ و جۆر بەجۆر بوونی ڕوانینی مرۆڤ و دەوڵەمەندکردنی. ئەوان دژی جەنگ و داگیرکردنن، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین مۆنتێن دژی جەنگەکانی داگیرکردنی ئەمریکا بوو کە تێیاندا دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ڕووبەڕووی توندوتیژی و لەناوبردن هاتنەوە.

لە ڕووی ئاینییەوە هیومانیستەکان باوەڕیان بە ئاینی کریستیانی هەیە، بەڵام ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیان بەرانبەر بە کڵێسا و دەسەڵاتی ئاینی ڕەسمی هەیە، ئەوان پێیان باشترە بۆ هەموو ڕوانین و باوەڕێکی ئاینی پیرۆز و ناپیرۆز بۆ سەرچاوە بگەڕێنەوە، واتە بۆ تێکستە کۆنەکان، نەک پشت بەستن بەو لێکدانەوانەی کڵێسا بۆ ئەم تێکستانە دەیکا، ئەوان بۆ پیشاندانی باوەڕی ئاینییان ڕاستەوخۆ پشت بە خوێندنەوەی خۆیان بۆ تەورات و ئینجیل دەبەستن، نەک ئەو خوێندنەوەی کڵێسا بۆ ئەمانە دەیکا.

هیومانیستەکان لە ڕەخنە و ڕوانینیان بۆ ئاین بەگشتی هێشتا زیاتریش دەڕۆن، ئەوان باوەڕیان بە مرۆڤ هەیە، بەپێچەوانەی کڵێسا، دەڵێن نابێ بەهیچ شێوەیەک مرۆڤ بەرانبەر بەخودا خۆی بچووک بکاتەوە، بە پێچەوانەی کریستیانەکانەوە، ئەوان پشت بەمرۆڤ دەبەستن وەک کردگارێک، بوونەوەرێک کە دەشێ پێش بکەوێ، هەڵبەت بە ئەقڵ و بەزانین و زانیاری، بە توانا مرۆییەکانی خۆی و دەتوانێ نەیاری خۆی لەناوبەرێ و چارەنووسی لەدەستی خۆی بێ. لەم ڕووەوە لەگەڵ کڵێسادا ناکۆکن، چونکە کڵێسا مرۆڤێکی دەوێ کڕنووش بۆ خودا بەرێ.

لەڕووی هونەرییەوە، هیومانیستەکان زۆر هونەرپەروەر بوونە، لەم ڕووەوە، ئیتاڵیا کاریگەری لە هەموو ئەورووپا دەکا، بەتایبەتی کاریگەری زۆر لەفەرەنسا دەکا ئەم کاریگەرییە ئەمڕۆ لەبواری هونەری لە زۆر شوێنی جیهان هەستی پێ دەکرێ.

هونەر بەگشتی، هونەری شێوەکاری، شیعر لە ڕوانگەی هیومانیستەکان بەدوو لایەن دەبەسترێتەوە، کە مرۆڤ و بەسەردەمی کۆنە. دەبینین لە زووێکەوە لەشی مرۆڤ بەو شێوەیەی کە هەیە، نەک بەشێوەیەکی ئایدیالی، گرینگی پێدراوە، بەتایبەتی بەهونەری پەیکەرتاشی. لەلایەن هونەرمەندانی وەک لیۆنارد دۆڤنچی-Leonard de Vinci و ئەوانی تر. دوڤنچی یەکەم کەسێک بوو کە ئەناتۆمی لەشی مرۆڤی کردووە. ئەمەش بێ گومان نەک بۆ ئەوەی لەشی مرۆڤ بە ئایدیالی بکا، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕوانینێکی واقیعیمان بۆی هەبێ. بەگشتی ئەم نزیکییە لە واقیع لەلای هونەرمەندی ئەڵمانی ئەلبێرت دورەر A. Durer و میکێل ئانژ-Michel- Ange- و هی تریش هەیە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**




# مانشێت هونەر و پەیامە

عەبدوڵڵا زەنگنە



هەر بڵاوکراوەیەک، چ گۆڤار و چ ڕۆژنامە، دەبێ کەسێتی خۆی هەبێ، هەیانە سەر بە گۆبەندن و هەشیانە زۆر هێمن و لەسەرخۆن. شێواز و ناوەرۆکی هەر بڵاوکراوەیەکیش، مرۆڤ ئاسا، دەبێ لە یەک جیا نەکرێنەوە و هاوتەریب بن، چونکە هەر لایەکیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەیان بێ، بڵاوکراوەکەی پێ لاسەنگ و ناشیرین دەبێ.

یەک لە ئامرازە گرنگەکانی زەقکردنەوەی کەسێتی کاری ڕۆژنامەنووسیش هونەری (مانشێت)ـە، وەکو دەروازەیەکە خوێنەر و ناوەرۆکی هەر بڵاوکراوەیەک دەناسێنێ، بەم پێیە، بەبێ زێدەڕۆیی دەڵێم: (مانشێت) دەبێ (پەیام)ی ڕۆژنامە بێ، دیارە لەم حاڵەتەشدا هەر (مانشێت)ـە و دەرگا بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامە دەکاتەوە و میوانداری سەر خوانی ناوەرۆکی بابەتەکانیان دەکات و پێوەندی نێوان خوێنەر و ڕۆژنامە توندوتۆڵتر دەکات. وەکو زۆر جاریش لە نووسینەکانمدا ئاماژەم پێی داوە ئەوەی ئەمڕۆ وەکو (هەواڵ) بڵاودەکرێتەوە بەیانی دەبێتە (مێژوو)، بەم پێوەرەش (مانشێت) و (هەواڵ)ەکانی هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کەمتر سەروەرییان بەر دەکەوێ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە زۆربەیان لایەنی زاتیی بەسەر هەواڵەکانیاندا زاڵە، چونکە تاکو ئەمڕۆکە ڕۆژنامەنووسانی کورد شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر (پەیام)ی کارەکەی خۆیان نییە، بۆیە بەردەوام پێش خۆیان حوکم لەسەر ڕووداوەکان دەدەن. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەوانانی کورد لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە تووشی جۆرێک لە جۆرەکانی تەنگژەی ڕۆژنامەنووسی بوونە و ڕەوایی و ناڕەواییان لەلا تێکەڵ بووە، خۆ ئەگەر (مانشێت) بۆ جوانکردنی ڕۆژنامە بێت، ئەوە دەڵێین هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمڕۆ سەروەری کارەکانیان لەدەست داوە و بەرەو ئاقارێک هەنگاویان ناوە.. کە ڕەنگە لە قووڵاییەکانی ڕۆشنبیری و هزر دوورمان بخەنەوە و لە کەنارێک گیرمان بکەن کە ناسنامە نەتەوایەتییەکەمان بشێوێنێت و ڕەوشێکی بێ متمانەیی و بێ ئومێدی بۆ خەڵکی کوردستان بخولقێنێت و زیانی گەورە بە دوێنێ و ئەمڕۆ و ئایندەمان بگەیەنێت.